


# کۆتایی سایکس پیکۆ

**هزری بونیاتنان**

کتێبی (٢)

**له بڵاوکراوەکانی گۆڤاری گوڵان**

**کوردستان ٢٠١٤**

هزری بونیاتنان
کتێبی (٢)
لە بڵاوکراوەکانی گۆڤاری گوڵان

**خاوەن ئیمتیاز:**
شەوکەت شێخ یەزدین
**سەرنووسەر:**
فەرهاد محەمەد

**ناوی کتێب:** کۆتایی سایکس پیکۆ
**هاوکاران:** هێمن غەنی
قانع کاکەیی
بەهمەن جەبار
بەهائەدین جەلال
**زمانەوان:** تاریق کارێزی
**بەرگ و دیزاین:** لوقمان رەشیدی
**چاپخانە:** موکریانی

لە بەڕێوبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی (٦٢)
ساڵی (٢٠١٤)ی پێی دراوە.

# پێڕست


وتەیەک ........................................................................................ ٥
دیپلۆماسیەت لە پەیوەندی بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە ١٥
پێگەی هەرێمی کوردستان - عیراق لە سیاسەتی جیهانیدا ٦١
بۆچی باشووری سوودان سەربەخۆ بوو، کوردیش بە فیدرالی رازییە؟ ١١١
رێچکەی رۆشنگەری چۆن سوود لە کات وەردەگرین؟ ١٥٧
ئاستەنگ و دەرفەت لە دنیای جیهانگیریدا ٢٠٧
چۆن پارتی سیاسی دیموکراسی بنیات دەنێت؟ ٢٤٩
ئافرەتان چۆن دەبن بە سیاسەتمەدار؟ ٢٨٣
سەرکردایەتی و بەرپرسیاریەتی لەئاسایشی ئینتەرنێت و کۆمپیووتەردا ٣٤٧

# وتەیەک

کتێبی دووەم لە زنجیرە کتێبی (هزری بونیاتنان) بە ناوی (کۆتایی سایکس بیکۆ)یە. هەڵبژاردنی ئەم ناونیشانەش پەیوەستە بە ناوەرۆکی یەکێک لەو موحازەرانەی کە لەم کتێبەدا بڵاو کراونەتەوە بە ناونیشانی (دیپلۆماتیەت و دیپلۆماتیەت لە پەیوەند بە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە)یە. ئەم موحازەرەیە کە لە لایەن باڵیۆز (دینس رۆس)ەوە لە زانکۆی شیکاگۆ پێشکەش بە قوتابیانی پەیوەندیی نێودەوڵەتی کراوە، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە چ گۆڕانکارییەکی گەورە لە دیپلۆماتیەت و سیاسەتی نێودەوڵەتی لە ساڵانی ٢٠١١– ٢٠١٣دا هاتووەتە ئاراوە، بەو جۆر و ئاستەی ئەگەر هەتا ساڵی ٢٠٠٨یش باس لە هەڵوەشاندنەوەی نەخشەی (سایکس بیکۆ) بکرایە، ئەوا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئەم بابەتەی سەرلەبەر رەت دەکردەوە، بەڵام ئێستا گۆڕانکاری بە جۆرێکە و ئاڵۆزی و پەشێوی گەیشتووەتە ئاستێک، ئەگەر باسی هەڵوەشانەوەی (سایکس بیکۆ)ش بکرێت، ئەوا وەک

باڵیـۆز رۆس ئاماژەی پێ کردووە، بـێ لۆژیک نییە، بەڵکوو کاتی ئەوە هاتووە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاســت، بگەڕێینەوە بۆ ئەو نەخشەیەی لۆرانسی عەرەب لە ساڵی ١٩١٩دا پێشکەش بە کۆنگرەی ئاشتیی ڤێرسای کرد و پێیدا بچینەوە.

کەواتە ئەم ئاماژەیە، نیشانەیەکە بۆ نزیک بوونەوەی کۆتایی هاتنی نەخشەکەی سایکس بیکۆ، ئەمەش خۆبەخۆ مژدەیە بۆ نزیـک بوونەوەی دەرکەوتنی ئەو دەوڵەتەی کوردســتان، کە لە نەخشــەی کۆنگرەی ئاشتیی ڤێرســای ئاماژەی پێ کراوە. هەڵبەت لایەنێکی دیکەی ئەم کتێبە خوێندنەوەی واقیعی ئێستای هەرێمی کوردســتانە لە نێو سیاســەتی ناڕۆشــن و نایەقینی نێودەوڵەتیــدا، ئەمەش بــەو مانایەی سیاســەتی نێودەوڵەتی لەم کاتەدا، سیاسەتی روون و راشکاو نییە. بۆ خوێندنەوەی ئەم لایەنەش موحازەرەیەکی (د. شێرزاد نەجاڕ)مان کردووە بــە کــوردی، کە پــار لە ســیمنیارێکی زانســتی لــە زانکۆی ســەلاحەددین- هەولێردا پێشکەشی کرد، ئەو سیمینارەش لە لایــەن مەکتەبی پەیوەندییەکانــی دەرەوەی پارتی دیموکراتی کوردســتانەوە رێک خرا بــوو. بایەخی ئەم موحازەرەیەی د. نەجاڕ لەوەدایە، لە نێو ئەم سیاســەتە ناڕۆشــن و نایەقینەی ئێســتای نێودەوڵەتیــدا، روونی دەکاتەوە کە پێویســتە کورد بتوانێت رێی خۆی بدۆزێتەوە.

ئەم ئاراستەیە لە ناخی خۆیدا ئەو پرسیارەش دەورووژێنێت: تا کەی کورد بە فیدرالی رازی دەبێت؟ وەڵامی ئەم پرســیارە موحازەرەیەکی پرۆفیسۆر (براندن ئۆلێری)یە، کە لە زانکۆی لەندەن پێشکەشــی کرد، تێیدا دەپرســێت: «بۆچی باشووری ســوودان سەرسەختانە داوای سەربەخۆیی کرد، بەڵام کورد بــە فیدرالی رازین؟) پرۆفیســۆر ئۆلێری لــەم موحازەرەیەدا شــێوەیەک لە بەراوردکاری لە نێوان هەرێمی کوردســتان لە

عێراق و باشووری سوودان دەخاتە روو، چەندین خاڵی هاوبەش لە نێوان هەرێمی کوردستان و باشووری سوودان دەخاتە پێش چاو، ئەمەش ئەو مانایە دەبەخشێت کە کورد دەتوانێت کراسی فیدرالی لەبەری خۆی فڕێ بدات و بەرەو دەوڵەتی سەربەخۆ هەنگاو هەڵێنێت.
کەواتە ئاماژەکان بۆ کۆتایی هاتنی نەخشەی سایکس بیکۆ، سەرەتای دەرکەوتنی دەوڵەتی کوردستانە. بۆ ئەم دەرکەوتنەش سیاسەتی نێودەوڵەتی، لەگەڵ ئەوەی ناڕۆشن و نایەقینە، بەلاّم لە هەناوی ئەم گۆرانکاریانەدا ئەوە دەخوێندرێتەوە، کە جیهان ناتوانێت دەوڵەتێکی هاوچەرخی دیموکرات رەت بکاتەوە. هەنگاوی یەکەمیش بۆ بونیاتی ئەم دەوڵەتە هاوچەرخە، لە باشووری کوردستانەوە دەست پێ دەکات. ئەمەش بەو سیفەتەی ئەم بەشە ئەزموونێکی دەوڵەتداریی لە ماوەی چارەکە سەدەی رابردوودا پەیدا کردووە. سەلماندوویەتی دەتوانێت لەم جیهانە هاوچەرخەدا دەوڵەتێکی دیموکراتی سەرکەتوو بێت. بۆیە ئەم کتێبە بایەخی بەوە داوە، کە پێویستە حوکمڕانی و دەوڵەتداری لە سەدەی بیست و یەکەمدا چۆن بێت؟ بۆ ئەمەش موحازەرەیەکی (تۆنی بلێر) سەرۆک وەزیرانی پێشووتری بەریتانیامان کردووە بە کوردی، کە بە ناونیشانی (هەل و ئاستەنگی بەردەم حوکمڕانی لە سەدەی بیست و یەکدا). تۆنی بلێر، کە سەرۆکی حزبی کرێکارانی بەریتانیایە، حزبەکەی چوار جار لە سەر یەک هەڵبژاردنی دۆڕاندووە، چوار جار لە سەر یەکیش هەڵبژاردنی بردووەتەوە. ئەمەش مانای ئەوەیە حزبی کرێکارانی بەریتانیا خاوەن ئەزموونێکی گەورە و گرنگی شکست و سەرکەوتنی حوکمڕانییە لە سەدەی بیست و یەکدا. بۆ ئەمەش بلێر لەو موحازەرەیەدا ئەزموونی خۆی لە ١٠ وانەدا چڕ کردووەتەوە. لەم دە وانەیەدا بلێر جەخت لەوە دەکاتەوە، چی دیکە نموونەی

ئەزموونی حوکمڕانیی سەرکەتوو لە جیهاندا تەنیا سیستەمی حوکمڕانیی لیبرال دیموکرات نییە، لەبەر ئەوەی سـەنگافوورا کـە ئـەو موحازەرەیەی تێدا پێشـکەش کـردووە، یەکێکە لە نموونە سەرکەوتووەکانی حوکمڕانی لە جیهاندا. ئێستاش، کە سەردەمی شۆڕشی تەکنەلۆژیا و ئینتەرنێتە، ئەوا مەعریفەی حوکمڕانـی لە هەموو لایەکەوە دێت، ناشـتواندرێت خۆی لێ لا بدرێت. بۆیە گرنگە شـێوازی حوکمڕانیی سەدەی بیست و یەک، سـوود وەرگرتن بێت لە مەعریفەی حوکمڕانیی هەموو جیهان نەک تەنیا مەعریفەی حوکمڕانیی ڕۆژئاوا.

ئەم ئاراسـتەیەی (بلێر) بەرەو ئەوەمان دەبات بپرسـین: ئایا ئێسـتا قۆناخی ڕۆشـنگەری بە هاوتای قۆناخی ڕۆشنگەریی سـەدەی هەژدەمی ئەوروپا، لە ئاسیاوە دەستی پێ کردووە؟ ئایـا وەک (ماکـس ڤیبـەر) کـە هەسـتانەوە و بووژانەوەی سەرمایەداریی ئەوروپا بە ئایینزای کریستیانی پرۆتستانتەوە گرێ دەدات، دەکرێ بپرسین ئایا لایەنی ئایینی لە ڕۆژهەڵاتی ئاسیادا پەیوەندیی بەم هەستانەوەیەی ئێستای ئاسیاوە هەیە؟

بـۆ وەڵامی ئەم پرسـیارەش موحازەرەیەکـی پایەدار (دالای لامـا) ڕێبـەری ئایینیـی بوودییەکانمان کـردووە بە کوردی. ئەمـەش بـەو حیسـابەی ئەمە کۆنتریـن ئایینی نائاسـمانیی ئاسیایە، ئایینەکانی دیکەی نائاسمانیی ڕۆژهەڵاتی ئاسیاش لە بوودیزمەوە سەرچاوەیان گرتووە. پایەدار دالای لاما گەرانەوە بـۆ ئایینی بوودی بە سـەرەتای دەسـتپێکی ڕۆشـنگەری لە ئاسیا لە قەڵەم دەدات، هەروەها لەم موحازەرەیەدا دالای لاما ئەوەمـان پێ دەڵێت، کە ئایینی نائاسـمانیی بوودا و ئایینانی دیکەی نائاسمانیی هیندستان و وڵاتانی دیکەی ئاسیا، سیفەتی ئەوەیان تێدایە کە هەم لەگەڵ ئایینانی ئاسـمانیی ئیسـلام و یەهوودی و کریستیان لیبوردە بن و بواری پێکەوە کار کردن بهێننـە ئـاراوە، هەمیش گـەرم و گوڕیی کار کـردن بە پێی

ئایینی بوودا و هاوشـــێوەکانی، بوارێکی باشـــە بۆ دەسپێکی ڕۆشـــنگەری. لـــەم حاڵەتـــەدا گەڕانـــەوە بۆ مێژووی ئاســـیا، هەوڵدانـــە بۆ تەواوکاری لە پاڵ مێژووی ئەوروپادا، ئەو دوو مۆدێلـــە ڕۆشـــنگەرییە پێکـــەوە ڕێی ناوەند بـــۆ حوکمڕانی لە سەدەی بیست و یەکەمدا دیاری دەکەن.

لـــە نێو هەموو ئەم گۆڕانکارییەدا، کورد بە قۆناخێکی تایبەتدا تێدەپەڕێت، کە ئەویش قۆناخی بونیاتنانی نەتەوەیە. بەو مانایە چۆن بە کارلێکی نێوان کەلتوور و فەرهەنگ و مێژووی گەلی کوردســـتان و ســـوود وەرگرتن لە هەموو ئـــەو مەعریفانەی لە هەموو لایەکی دونیاوە ســـیمای حوکمڕانیی جیهان دیاری دەکەن، لەم پرۆســـە گرنگەدا ســـەرکەتوو بێت؟ ڕاشکاوانەتر (ئەدۆنیس) گوتەنی، چۆن کورد لە سەر شانۆی شارستانیەتی جیهان ئەزموونێکی حوکمڕانی پێشـــکەش دەکات؟ بەوەی لە سەر شـــانۆکەدا جێگەی بێتەوە، لەم ڕاوانگەیەوە (ئەدۆنیس) جەخـــت لەوە دەکاتـــەوە، نەتەوەی عەرەب کـــە ناتوانێت ئەو نموونەیە پێشکەش بکات، ئێستا لە سەر شانۆی شارستانیەتی جیهانـــدا هیچی پێ نییە پێشکەشـــی جیهانی بکات. بۆیە بوون و نەبوونـــی وەک یەکـــە. ئیدی قۆناخـــی بونیاتنانی نەتەوە بۆ ئەم ســـەردەمەی گەلی کوردســـتان لە هەر چوار پارچەکە بە گشـــتی و لە باشـــووری کوردســـتان بە تایبەتـــی، لە قۆناخی دواتر گرنگترە کە قۆناخی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانە. بۆ پشت ڕاست کردنەوەی ئەم بۆچوونەش، دیارە ئەزموونی هەرێمی کوردســـتان، وێڕای ســـەرنج و تێبینیمان، ئێســـتا لە سەر ئاستی جیهان و بە بەراورد لەگەڵ ئەزموونی دەوڵەتانی پۆســـت کۆمۆنیســـت و ئەمریکای لاتین، هەروەها دەوڵەتانی ئەفریقـــاش، وەک یەکێـــک لـــە ئەزموونە ســـەرکەوتووەکانی پرۆســـەی بونیاتنانـــی نەتەوەیی وڵاتانی دوای شـــەڕ ســـەیر دەکرێـــت، بـــەڵام ئـــەم ســـەیر کردنـــەی جیهان بـــۆ هەرێمی

کوردســـتان، نابێـت بۆ ئێمە جێگـــەی ڕەزامەندیی تەواو بێت، بـــەو مانایەی هەنگاوی دیکە هەڵنەنێین، بە شـێوەیەک کە بە ڕەخنەی توند و بابەتیانە، واقیعی ئێستای حوکمڕانیی هەرێمی کوردســـتان نەخوێنینەوە. لەمەش زیاتر، پێویستە بەو جۆرە هەنـگاو بـــەرەو ئاییندە هەڵنێین، کە بە جیهـــان بڵێن کەلتوور و فەرهەنـــگ و مێژووی گەلی کوردســـتان بە کارلێک لەگەڵ شۆڕشـــی تەکنەلۆژیا و ئینتەرنێت و بە ســـوود وەرگرتن لە کۆی سەرچاوەی توانای مرۆیی کوردستان بە نێر و مێیەوە، دەتوانێت نموونەیەکی شایســـتەتر پێشکەشی جیهان بکات، لە سەر بنەمای ئەم پرۆسە نموونەییەش هەنگاو بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ هەڵدەگرێت.

لـــە پرۆســـەی بونیاتنانـــی نەتـــەوەدا، بە مانای پرۆســـەی بە دیموکرتیـــزە کردن و بە دامەزراو کردنـــی دام و دەزگاکانی دەوڵەت، حزبی سیاســـی ڕۆڵێکـــی یەکجار کاریگەر دەگێڕێت. بۆیـــە بۆ ئەم لایەنە باســـێکی پرۆفیســـۆر (ئینگرید ڤان بیزن) پرۆفیســـۆری زانســـتی بـــەراوردکاری لـــە زانکـــۆی لیدن لە هۆڵەندامان هەڵبژاردووە، بە ناونیشانی (چۆن پارتی سیاسیی دیموکـــرات لە جیهانی هاوچەرخـــدا بونیات دەنێیت؟) گرنگیی ئـــەم توێژینەوەیە لەوەدایە، جەخت لە ســـەر ئـــەوە دەکاتەوە کـــە دیموکراتی بە بێ پارتی سیاســـی بونیـــات نانرێت، بەڵام کێشـــەی پارتگەلی سیاسیی ســـەدەی بیست و یەکەم ئەوەیە، ناتوانن ئەو دیموکراتییـــەی بەرهەمی دەهێنن بیپارێزن، بۆیە گرنگە لەم لایەنەوە پارتی سیاســـی ئەو لایەنە نەرێنییە لەبەر چاو بگرێ، کە هەڕەشـــە لـــە دیموکراتی دەکات. زیاد لەمەش هۆکارێکـــی دیکـــە بـــۆ ســـەرکەوتنی پرۆســـەی دیموکراتـــی، ســـوود وەرگرتنی تەواوە لە توانای ئافرەتان وەک لە ســـەدا پەنجـــای ســـەرچاوەی دەرامەتـــی مرۆیی هـــەر نەتەوەیەک. بۆیە بە تەنیا بە ســـوود وەرگرتن لە توانای لە ســـەدا پەنجا

ناتواندرێت هاوشـــانی ئەو گۆڕانکاریانە بڕۆین، کە جیهان لە سـەدەی بیسـت و یەکەمدا بە خۆیەوە دەبینێت، هەمووشیان گۆڕانکاریی (گـەورە و خێرا و بەردەوامن). ئەم گۆڕانکارییە گەورە و خێرا و بەردەوامە، جۆرێک لە ئاستەنگی بۆ سەدەی بیسـت و یەکەم بەرهـەم هیناوە، کە جیـاوازی لە نێوان ژن و پیـاو یـان مێ و نێردا ناکات، بۆیـە ئەگەر هەر نەتەوەیەک بیەوێـت هاوشـانی گۆڕانکارییەکانی ئەم سـەردەمە هەنگاو هەڵێنێت و رووبەڕووی ئاسـتەنگەکان ببێتەوە، دەبێت سوود لە سەدا سەدی دەرامەتە مرۆییەکەی وەربگرێت، بە ئەقڵیەتی لە سەدا سـەدی ئەو دەرامەتە مرۆییەوە سیاسەت دابڕێژێت و پلانـی سـتراتیژی بـۆ نەتەوەکـەی گەڵاڵە بـکات. کەواتە بەشـداری کردنی ئافرەتان لە سـەدەی بیست و یەکدا، وەک پێداویستییەک بۆ ئاییندەی نەتەوە، سنووری کاری رێکخراوی ناحکوومی، هەروەها بەشداری کردنی ئاساییانەی ئافرەت لە حکوومەت و پەرلەمان دەبەزێنێت. داوامان لێ دەکات، دەبێت خانمـی سیاسـەتمەدار هەبێت و ئەقڵی ئافرەت لە پرۆسـەی بریارسازی و لە پرۆسەی تێگەیشتن لە ئاسایشی نیشتیمانی و دابین کردنی ئاشـتی و ئاسایشی کۆمەڵایەتی بەشدار بێت. ئەم حاڵەتەی فێرمان دەکات بەو راسـتییە ئاشنا بین، لە هەر وڵاتێکدا رێژەی بەشداری کردنی ئافرەت لە پرۆسەی سیاسی و دارشتنی سیاسەتی وڵاتدا بەرز بێت، ئەوا ئەو وڵاتە، وەک دەوڵەتانی ئەسـکەندەنافی لە باکووری ئەوروپا، لە پێشەوەی ئەو دەوڵەتانەن کە حوکمڕانیی باش پیادە دەکەن. بۆ ئەمەش کۆڕێکی زانکۆی (سـیمۆن)مان لە ویلایەتی (ماساتۆچس) بە ناونیشـانی (ئافرەتان چۆن دەبنە سیاسەتمەدار؟) کردووە بە کـوردی، تێیدا کۆمەڵێک خانمی سـەرکردە و سیاسـەتمەدار ئەزموونی خۆیان دەخەنە روو.

لـە سـەروو هەمـوو ئـەم لایەنانـەی ئاماژەمان پـێ کردن،

حوکمڕانی لە سەر ئاستی جیهاندا بەرەو حوکمڕانی و حکوومەتی ئەلکترۆنی هەنگاو هەڵدەنێت، ئەم جۆرە حوکمڕانییە ئەلکترۆنییەش ئاستەنگێکی ڕووبەڕووی هەموو حکوومەتەکانی جیهان کردووەتەوە، ئەویش هەڕەشەی ئاسایشی ئینتەرنێت و کۆمپیووتەرە، کە بە ئاسانی تەنیا کەسێک دەتوانێت بە فلاش میمۆرییەک ئاسایشی ئەو حکوومەتە بخاتە مەترسییەوە. ڕووبەڕوو بوونەوەی ئەم مەترسییەش لەوانەیە بۆ دەوڵەتانی پێشکەوتوو کە سوپایەک لە ئەندازیاری (ئای تی)یان هەیە، لە سەرووی مەزندەی ئەقڵەوە جێگەی مەترسی بێت، ئەوا بۆ ئێمەی کوردستانی، کە هەنگاو بەرەو حکوومەتی ئەلکترۆنی هەڵدەنێین، هێشتا ئەو سوپایەمان لە ئەندازیارانی (ئای تی) بەو ئاستە بۆ دروست نەبووە، کە بتوانن لە نێو ئەم شەڕە گەورەیەی ئاسایشی ئینتەرنێت و کۆمپیووتەردا خۆیان بەرگری بکەن و ئاسایشی نیشتیمانیمان بپارێزن، ئەوا لە ئێستاوە دەبێت لە پێشینەی بەرنامەی حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا بێت، کار بۆ دروست کردنی ئەم سوپایەی ئەندازیارانی (ئای تی) بکات، کە بتوانن ئاسایشی نیشتیمانیمان لە فەزای کۆمپیووتەر و ئینتەرنێتدا بپارێزن. ئەمەش نەک تەنیا ئەندازیارانی قۆناخی یەکەمی خوێندنی زانکۆ، بەڵکوو دەبێت لەم سوپا تازەیەدا، ئەندازیارانی خوێندی باڵاش ژمارەیان زۆر بێت، لێهاتووش بن بۆ ئەوەی لە نێو ئەم ژینگە تازەیەدا بەرگری لە ئاسایشی کوردستان بکەن. بۆ ئەم لایەنە و ئاشنا بوونی زیاتر بەم مەترسییە، توێژینەوەیەکی پرۆفیسۆر (ملیسا) بەڕێوەبەری ئاسایشی فەزای ئینتەرنێت و کۆمپیووتەر لە ئاژانسی هەواڵگریی ئەمریکا بە ناونیشانی (سەرکردایەتی و بەرپرسیاریەتی لە جیهانی ئاسایشی کۆمپیووتەر و ئینتەرنێت) کردوومانە بە کوردی، ئەمەش لە پێناوی ئەوەی ئاشنا بین

بەوەی، ئەم مەترسییەی ئێستا چەند گەورەیە.
ئـــەم خســـتنە رووەی ناوەرۆکی ئەم کتێبـــە، ئاماژە کردنە بۆ پێکەوە گرێدانەوە و کارلێکی نێوان ئەو بابەتانەی، کە ناونیشانی (کۆتایی سایکس بیکۆ)مان بۆ هەڵبژادووە. بە دیوێکی دیکەدا، دەمانەوێت بە خوێنەری ئـــەم کتێبە بڵێین: ئەگەر گەورەترین کۆســـپ لە بـــەردەم نەتەوەکەمان نەخشـــەی ســـایکس بیکۆ بێت، ئەوا دوای نەمانی ئەو نەخشـــەیە، کە ئێســـتا سیماکانی خەریکە دەردەکەون، قۆناخێکی تازە لە بەردەم نەتەوەکەمان دەســـت پێ دەکات، ئەویش قۆناخی بونیاتنانەوەی نەتەوەیە. واتـــە پیشـــاندانی ئیـــرادەی نەتەوەکەمـــان وەک نەتەوەیەکی ســـەرکەتوو لە جیهاندا، بۆ ئەوەی جیهان بەو جۆرە سەیری بکات، کە شایستەی دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆیە.





فەرهاد محەمەد
٢٠١٤/٣/٢٣
هەولێر



# دیپلۆماسیەت لە پەیوەندی
# بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە

دەنیس رۆس

بەڕێـز دەنیـس ڕۆس «Dennis Ross» شـارەزای بـواری سـۆڤیەت و سیاسـەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە. لە سەردەمی سەرۆک (جۆرج دەبلیو ئێچ بوش)دا وەک بەڕێوبەری ستافی پلاندانانی سیاسـەت لە وەزارەتـی دەرەوەدا کاری کردووە، لە سـەردەمی سـەرۆک (بیل کلینتۆن)دا ڕێکخـەری تایبەتی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت بوو، یاریدەدەری تایبەتی سـەرۆک (ئۆباما)یـە. ئێسـتاش وەک ڕاوێژکار لە پەیمانگای واشـنتندا کار دەکات. لـە دەسـتکەوتە زۆر و زەوەندەکانـی، هاوکاری کردنی ئاوێتە کردنی ئەڵمانیا لە (ناتۆ)دا و هاوکاری کردن و گفتوگۆ کردن لە نێوان ئیسرائیل و فەلەستینیدا.

باڵیۆز «Ross» پێنج کتێبی نووسـیوە، دواترینیان بە ناوی «STATE CRAFT»ـە.

بەبۆنـەی دەرچوونـی ئـەم کتێبـەوە، بەشـی پەیوەندیـی نێودەوڵەتـی لە زانکۆی شـیکاگۆ کۆڕێکیان بۆ باڵیۆز دەنیس ڕۆس ڕێک خسـت سـەبارەت بە گرنگDی دیپلۆماسـیەت و

دیپلۆماسـیەت لـە پەیوەندی بـە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاسـتەوە. ئەمەش دەقـی ئەو موحازەرەیەیە کە لەو کۆڕەدا پێشـکەش کراوە.

یەکەم ڕێسای دیپلۆماسیەت، یاخود پیشەی دەوڵەتداری، کە من کتێبێکم لەبارەی دەوڵەتدارییەوە نووسیوە، ئەوەیە کە باشترە هەڵسەنگاندنێکی باش بکەیت، پێش ئەوەی بزانیت ئامانجەکانت چین؟ تۆ بە ڕاستی دەبێت توانای ئەوەت هەبێت هەڵسەنگاندنێک بۆ بارودۆخەکە بکەیت، کاتێک لە ئێستادا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەڕوانیت، ئەوا رەوشێکە تا ڕادەیەکی زۆر مایەی دڵسارد کردنەوەیە. بۆ ساتێک بیر لەمە بکەرەوە، من لەگەڵ هەموو ئیدارە جیاوازەکاندا کارم کردووە، لەگەڵ هەر یەکێک لەو ئیدارانەدا ئێمە کێشەی گەورەمان لەگەڵ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەبووە، بەڵام دەبێت ئەوەتان پێ بڵێم، ئەگەر ئێمە تەنیا کێشەی میسرمان لەم ئیدارەیەدا (ئیدارەی ئۆباما) هەبوایە، ئەوا ئەمە بۆ خۆی بەس بوو، ئەگەر تەنیا کێشەی سووریامان هەبوایە، ئەوا ئەمە بۆ خۆی بەس بوو، ئەگەر تەنیا کێشەی ئێرانمان هەبوایە، ئەوا ئەمە بۆی خۆی بەس بوو، ئەگەر تەنیا کێشەی ئیسرائیل و

فەلەستینمان هەبوایە، ئەوا بۆی خۆی بەس بوو، بەڵام دەبێت ئیدارەی ئۆباما مامەڵە لەگەڵ هەموویاندا بکات. کەواتە کاتێک بیر لە دیپلۆماسیەت دەکەینەوە، ئەوا دەبێت سەرەتا بپرسین ئایـا بە ڕاسـتی چـی ڕوو دەدات؟ من بیرم لــەوە دەکردەوە چـۆن ئەمەتـان بـۆ ڕوون بکەمــەوە و چۆن دایبڕێـژم؟ بۆ ئــەوەی ئێوە لەوە تێبگەن کە چـی ڕوو دەدات. بیرم کردەوە کە بەم شـێوەیە باسی بکەم، بەڵام ئەمە پێویستی بەوە هەیە ئێوە لــە خەیاڵی خۆتاندا هەندێ توانای وێنا کردنتان هەبێت، لەبــەر ئــەوەی من چیرۆکێکی بچووکتان بـۆ باس دەکەم. لە سـالی ۲۰۰۷ و ۲۰۰۸دا لــە لایەن (ڤانێتی فێـر)ەوە داوام لێ کرا، کە هەڵســەنگاندن بۆ نەخشــەی (تی ئـی لۆرانس) بکەم، کە لە ســاڵی ۱۹۱۹دا بۆ کۆنفرانســی ئاشــتی لە پاریس هێنا بــووی. (تــی لۆرانس) بە لۆرانســی عەرەب ناســرا بوو، ئەو نەخشــەیەکی بـۆ کۆنفرانســی ئاشــتی هێنا بــوو، تێیدا جێ دەست و سەرنجی خۆی بۆ ڕێککەوتنی سایکس بیکۆ دەست نیشــان کرد بــوو. من نازانم چەند لە ئێــوە ئەم ڕێککەوتنەی بیســتووە، کــە فەرەنســی و بەریتانییــەکان دوای یەکەمیــن جیهانە جەنگ نەخشــەیەکیان دروســت کرد؟ تاکە ئامانجیان خزمــەت کردن بوو بــە بەرژەوەندیــی کۆلۆنیالانەی خۆیان، تەنانــەت دوای کۆتایــی هاتنــی جەنگەکــەش. لــە بنەڕەتــدا لۆرانسیش، من نازانم چەند لە ئێوە فیلمی لۆرانسی عەرەبتان بینیــوە یان بیســتووە؟ ئەو بـۆ ئەوە لەوێ بــوو عەرەب (لە عوســمانی) هەڵگەڕێنــەوە و بچنــە پــاڵ بەریتانیا و شــەڕی تورک بکەن، کە بەڵێنی جۆرێک لە ئاییندەی ســەربەخۆی بە عەرەبەکان دا. لۆرانس نەخشــەیەکی دروست کرد، بەڵام ئەم نەخشــەیە بـۆ هێنانــە دیــی بەرژەوەندیــی کۆلۆنیالانــەی فەرەنساو بەریتانیا نەبوو، بەڵکوو نەخشەیەک بوو کە هەوڵی دروســت کردنی دەوڵەتی نوێی دەدا لە سەر بنەمای لۆجیک،

لۆجیکەکـــەش بریتی بوو لە تایەفە و خێڵ و خزمایەتی. لەبەر ئەوەی ناســـنامەی تایەفی و ناســـنامەی خێڵەکی و ناسنامەی خزمایەتیـــی بـــەدی کـــرد بوو بۆ دروســـت کردنـــی دەوڵەت. لێـــرەدا مـــن دەمەوێـــت ســـایکۆلۆژیای خەیاڵی وێنـــا کردنی خۆتان بەکار بهێنن. من بە شێوەیەکی زارەکی نەخشەیەکتان بـــۆ دادەڕێژم، ئەگـــەر بزانن ئێران لە کوێیـــە؟ ئینجا کەنداوی فـــارس بـــەرەو ڕۆژئاوا بەرەو کەنداوی عـــەرەب، ئەوا من لە ڕۆژهەڵاتـــەوە بەرەو ڕۆژئاوا دەســـت پێ دەکەم بۆ وەســـف کردنی نەخشـــەکەی. ئەوەی ئەو کردی ئەوە بوو کە بەشێکی باکووری ئێســـتای ئێران و عێراق، هەروەها تورکیای دابڕی بوو بۆ دروســـت کردنی دەوڵەتێکی کـــوردی. لەو ناوچەیەی لـــە عێراقـــەوە بـــەرەو خوارتـــر، بـــەرەو کەنـــاری ڕۆژئاوای کەنـــداوی فارس، واتە عێـــراق و کوێت و بەحرێن و ئیماراتی کـــردە دەوڵەتێکـــی شـــیعە، لـــە ناوەڕاســـتی عێراقـــدا بـــەرەو ناوەڕاســـتی سعوودیەی کردە دەوڵەتێکی سوننە. لە ناوچەی حیجازدا کە هەردوو شـــاری مەککـــە و مەدینەی لێیە، بەرەو ناوەڕاستی ئەردەن و بە دەوری بەندەری عەقەبەدا. دووبارە ئەگەر فیلمی لۆرانســـی عەرەبتان بینی بێ، کاتێک کە دەســـت بە ســـەر عەقەبەدا دەگرێت، هەموو ئەو خێڵانە ڕێک دەخات، هەمـــوو ئەو خێڵانـــە پەیوەندییـــان بە یەکەوە هەبـــووە. خێڵ هەبوو بە ناوی بەنی ســـەدر، هەموو ئەو خێڵانە پەیوەندییان بـــە یەکەوە هەبووە، کە لە ئەردەنەوە درێژ دەبوونەوە بەرەو حیجـــاز بە دەورەی عەقەبە و بەرەو ســـینا، ئەمەشـــی کردە دەوڵەتێکی ســـەربەخۆ. لە فەلەســـتیندا، بەشـــێکی فەلەستینی کردە دەوڵەتێکی جوو، لە لوبنان، لە چیای لوبنان: «Mount Lebanon»دا، کە هەموویان کریســـتیان بـــوون، دەوڵەتێکی دیکەی ســـەربەخۆی دروســـت کرد، هەروەها لەو ناوچەیەی دواتـــر دەبێتـــە ســـووریا، دەوڵەتێکـــی دیکەی دروســـت کرد،

کەواتــە ئەمــە نەخشــەکەی ئەو بــوو. من لە ســاڵی ٢٠٠٨دا داوای ئــەوەم لێ کــرا، ئایا هیــچ لۆجیکێک لەم نەخشــەیەدا دەبینــی؟ ئایــا دەکرێــت بــە ســەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســتدا جێبەجێ بکرێت؟ ئەمە لە ساڵی ٢٠٠٨دا. وەڵامەکەی من ئەوە بــوو، ئێســتا دووبــارە عێــراق دەردەکەوێتــەوە، کاتــی ئەنجومەنەکانی سەحوە بوو، کە ئەمریکا هێزەکانی زیاد کرد. پێــم گوتن وەڵامــی کورتی من ئەوەیە، لــەوە تێدەگەم بۆچی لۆرانــس ئەم کارەی کــردووە، بەڵام دەبێت ئەوەتان پێ بڵێم، کە نەخشــەکە گونجاو نییە بۆ ئەو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســتەی ئێســتا بەدیی دەکەین. ئەو دەوڵەتانەی لەوێدا هەن سنووری خۆیان هەیە، کەســیش ئەو سنوورانە ناگۆڕێت. ئەگەر ئێستا داوای ئەمــەم لــێ بکــەن، ئایــا پێتــان وایە وەڵامــی من چی دەبێــت؟ ئەگەر ئێســتا داوای ئەمەم لێ بکەن ئەوا وەڵامەکەم ئــەوە دەبێت، کــە لۆجیکیکــی زۆری تێدایە، مــن ئەمە دەڵێم لەبەر ئەوەی، ئێســتا باوەڕم وا نییە ئەو ســووریایەی هەیە، یان ئەو ســووریایەی لە سەر نەخشەدا هەیە، بمێنێت، یان بە لای کەمــەوە دەتوانــم پێتان بڵێم، ئەگەرێکــی ڕوون هەیە کە ســووریا نەمێنێت. ئێمە تا ماوەیەک ئەمە نازانین، بەڵام ئێستا ســووریا وەک وڵات نییە. کەواتە خاڵی یەکەم لە بیرکردنەوە دەربــارەی دیپلۆماســی ئەوەیــە، کــە ئەمە ئــەو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســتە نییــە کــە ئێمە پێشــتر پێی ئاشــنا بوویــن. ئەمە ڕۆژهەڵاتێکی ناوەڕاســتە کە لە گۆڕاندایە، ڕەنگە نەخشەکەی بگۆڕێــت و ڕەنگە کاراکتەرەکەشــی بگۆڕێــت، ماوەیەکی پێ دەچێت پێش ئەوەی بزانین دەقاودەق چی ڕوو دەدات. خاڵی دووەم، دووبارە من ئەمــە دەخەمە چوارچێوەیەکەوە، لەبەر ئــەوەی ئەگــەر دەتەوێــت کاری دیپلۆماســی بکەیــت، ئــەوا پێویستە پێش ئەوەی لەوە تێبگەیت کە تۆ مامەڵە لەگەڵ چیدا دەکەیــت؟ پێش ئــەوەی ئامانجەکانت دابڕێژیــت، ئەوا دەبێت

سـەرەتا هەڵسـەنگاندن بکەیـت. کەواتـە لە مامەڵـە کردنتدا لەگەڵ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاسـت، تۆ ڕۆژهەڵاتێکی ناوەڕاسـتت هەیـە کـە جیاوازە لـەوەی پێشـتر پێی ئاشـنا بووین. چەند کەس لە ئێوە دەسـتەواژەی « بەهاری عەرەب»ی بیستووە؟ چەند کەس لە ئێوە پێی وایە ئەمە دەستەواژەیەکی گونجاوە؟ مـن ئـەم پرسـیارانە بۆ ئـەوە دەکـەم، چونکە پێـم وا نییە دەسـتەواژەی بەهاری عەرەب دەستەواژەیەکی گونجاو بێت، هـۆکاری ئـەوەی بـە گونجـاوی نازانـم ئـەوە بـوو، ئـەم دەسـتەواژەیە وەک، سروشـتی بەهار، ئەوە لە خۆ دەگرێت، کـە ئاڵوگۆڕێکی خێرا ڕوو بدات، بە خێرایی گوڵ و گوڵزار و خونچـە و هەموو ئەو شـتانە لەگەڵ خۆیـدا بهێنێت، هەموو شـتێک باش دەبێت، ئینجا لە پڕێکدا دیموکراسی دێتە ئاراوە، بـەڵام لە چ شـوێنێکدا دیموکراسـی بەو شـێوەیە دێتە دی؟ لێـرەدا تـۆ ناوچەیەکـت هەیە، کە خەسـڵەتی ئـەم ناوچەیە باڵادەسـت بوونـی ڕژێمـی خۆسـەپێن بـووە، کەلتـووری سیاسـیی ڕێککەوتن و لێبوردەیی نەبووە، دامەزراوەگەلێکی مێژوویی نەبوون کە لە پێناو هێنانە دیی دیموکراسـیدا بنیات نـرا بن. کەواتە ئایدیای ئـەوەی بەهاری عەرەب ئەوە لە خۆ دەگرێـت، کـە ئێمە لـە خۆسـەپێنییەوە بەرەو دیموکراسـی هەنگاو هەڵدەنێین، ئەمە هەمیشـە وەهمێک بووە. ئەمە مانای ئـەوە نییـە گۆڕانکاریی قـووڵ ڕووی نـەداوە، بـەڵام ئەمە بەهـاری عـەرەب نییـە، ئەمە بێـدار بوونـەوەی عەرەبە. بۆ ئەوانـەی حـەز بە مێـژوو دەکەن، لە سـاڵی ١٩٣٨دا کتێبێک بڵاو بـووەوە بە ناوی (بێـدار بوونەوەی عـەرەب) لە لایەن (جـۆرج ئەنتۆنییەس)ـەوە، بـەڵام بێدار بوونـەوەی عەرەب نەبـوو، کتێبێکـی دیکـە لـە سـاڵی ١٩٧٠دا لە لایـەن (جۆب کیمشـی)یەوە نووسـرا، بە ناوی (دووەمین بێدار بوونەوەی عـەرەب)، بـەڵام بێدار بوونەوەیـەک لە ئارادا نەبوو. ئێسـتا

بێـدار بوونەوەیــەک هەیــە، بــەڵام بێــدار بوونەوەیەکــی کۆمەڵایەتییــە، لەبــەر ئــەوەی ئەو بێــدار بوونەوەیە هێشــتا کاریگەریی لە سەر ڕژێمەیلی پاشایەتی، کە ڕوونی دەکەمەوە بۆچــی؟ نەبــووە، بــەڵام بێــدار بوونــەوەی عــەرەب بەرجەستەکەری چییە؟ بەرجەستەکەری ئەو ڕاستیەیە کە لە بەشێکی زۆری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و لە هەموو ڕژێمەیلی غەیرە پاشــایەتیدا، ئەگەر لە هەندێ قوناغدا ڕەنگە ڕژێمەیلی پاشــایەتیش نەتوانــن خۆیانی لــێ بپارێزن، بــۆ یەکەم جارە خەڵکەکە خۆیان دەبن بە هاووڵاتی نەک گوێڕایەڵ، بەڵام ئایا جیاوازیــی نێــوان ئەم دووانە چییە؟ هاووڵاتــی باوەڕی وایە دەتوانێــت داواکاری بکات، گوێڕایــەڵ ڕژێمەکە داواکاریی بە ســەردا دەســەپێنێت. هاووڵاتی باوەڕی وایە خاوەنی دەنگی خۆیەتــی، بەڵام گوێڕایەڵ تەنیا گــوێ دەگرێت و ڕژێمەکەش خاوەنــی دەنگــە. هاووڵاتی خــاوەن ئەگەر و ئومێــدە، بەڵام گوێڕایەڵ خاوەنی ئەگەر و ئومێدەکە کە لە لایەن ڕژێمەکەوە بــۆی دیــاری کــراوە. هاووڵاتــی بــاوەڕی وایــە دەتوانێــت بەرپرسیارێتی بخوڵقێنێت، بەڵام گوێڕایەڵ هەمیشە لە بەردەم ڕژێمدا بەرپرســیارە. بیر لە جیاوازییەکان بکەنەوە، هۆکاری ئــەوەی دەڵێیــن بێــدار بوونەوەی عــەرەب گرنگــە، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بۆ یەکەم جارە خەڵک وەک هاووڵاتی خۆیان دەبینــن. هــۆکاری ئــەوەی ئــەم بێــدار بوونەوەیــە درێــژە دەکێشێت، بۆ ئەوەیە کە دامەزراوەگەلێک نین بەرپرسیارێتی بخوڵقێنــن. بیــر لەوە بکەنــەوە ئەمە بە مانای چــی دێت؟ بە مانای ئەوە دێت خەڵکی چاوەڕوانیی هەیە، دەتوانن داواکاری بکەن و دەنگی خۆیان هەبێت. میسر بە نموونە وەربگرن، بۆ ماوەی چل ســاڵ خەڵــک خاوەنی دەنگ نەبــوون، بەڵام ئایا ڕێگــە دەدەیــت دەنگت لە ناو بچێــت و نەمێنێت و ببیتەوە بە کەســێکی خامۆش؟ مەحاڵە، کەواتە جێی سەرســوڕمان نییە

که ئیخوان موسلمین و ئیسلامیستان باڵادەست بوون. ئەگەر ئەمــە وەک خاڵــی ســەرەتا وەربگرین، ئەمە هــۆکاری خۆی هەبــوو، ئایــا پاســاوی حوســنی موبــارەک بــۆ مانــەوە لە دەســەڵاتدا چــی بوو؟ ئەوە بــوو کە دەیەویت لە دەســەڵاتدا بمێنێتەوە. هەموو هەڵبژاردنەکان هەڵبژاردنی ســاختە بوون، ئەو ڕوون کردنەوەیەکی نەبوو بۆ ئەو کارانەی بۆ میســری دەکــردن، ئــەو فیرعەونێکــی نوێ بــوو، ئەو کەسانەشــی لە دەوری بــوون، دەیانویســت لێــی ســوودمەند بــن، هیــچ شەرعیەتێک لە حوکمڕانییەکەیدا نەبوو. کەواتە کامە بوو ئەو تاکە دامەزراوەیەی ئەو نەیتوانی دەســتی بە سەردا بگرێت؟ مزگەوت بوو. ئایا لە چ شــوێنێکدا ترسی قسە کردنت نەبوو؟ لە مزگەوت. ئایا لە چ شــوێنێکدا توانای بەرهەڵســتی کردنی ڕژێمەکــەت هەبوو؟ لە مزگەوت. ئایا لە چ شــوێنێکدا ئازادیی ڕێکخستنت هەبوو؟ لە مزگەوت. ئیخوان موسلمین بۆ ماوەی ٨٠ ساڵ تۆڕێکیان دروست کرد. لە هەر شوێنێکدا کە بواری کار کردنیــان پێ درا بێت لە کۆمەڵگەدا، ئەوا ئەگەرچی وەک پارت قەدەغە کرا بوون، بەڵام وەک تاکە کەس قەدەغە نەکرا بوون، کە زاڵ بوون بە ســەر زۆر لە سەندیکاکانی پیشەییدا. ســەرۆکی پێشــوو مورســی ئەندازیــار بــوو، لــە (USA) لە کالیفۆرنیــادا خوێندبووی. ئیخوان باڵادەســت بوو بە ســەر ســەندیکای ئەندازیاران و ســەندیکای پزیشکان و سەندیکای پارێزەرانــدا، ئیخــوان تۆڕێکــی لە نێــو کۆمەڵگەی میســردا دروست کرد. نیوەی خەڵکی میسر ڕۆژانە بە دوو دۆلار یان کەمتر ژیان بەســەر دەبەن. چ سەرســوڕمانێکی تێدایە کە بە وڵاتەکــەدا بــڵاو بــوو بێتنــەوە؟ بــە تایبەتی لــە ناوچەکانی گوندنشــیندا. ئــەوان ناســنامەیەکیان دروســت کــرد، بوونە بەرجەســتەکەری دادپەروەریــی کۆمەڵایەتی. ئــەوا تۆڕێکی بنکەی تەندروســتییان دروســت کرد، کاتێک بوومەلەرزە لە

قاهیــرەی دا، کــێ بــوو خــواردن و بەتانیی دابــەش دەکرد؟ ڕژێمەکە نەبــوو، بەڵکووو ئیخوان موســلمین بوو. کەواتە چ سەرســوڕمانێکی تێدایــە کاتێــک هەڵبــژاردن بکرێــت و تاقە گرووپێکی ڕێکخراو کە هەبێت ئیخوان موســلمینە؟ هەروەها ســەلەفییەکانیش کە لەوان نەریتپارێزترن. کەواتە ئەوان ڕێک خــراو بــوون، ئەجێندای خۆیــان هەبوو، ناســنامەی خۆیان هەبــوو، بــەڵام ئۆپۆزســیۆن، ئۆپۆزســیۆنی عەلمانــی، بــە تەواوەتــی دابــەش ببــوون، بەرنامەیان نەبوو، ناســنامەیان نەبوو، ئەجێنداشــیان نەبوو. کەواتە جێی سەرســوڕمان نییە کــە لە هەڵبژاردندا زۆر کارا نەبــوون. کاتێک من لە ئیدارەی ئۆبامــادا کارم دەکــرد، هەوڵمــان دا قەناعــەت بــە ســکاف: «SCAF» بهێنین، واتە ئەنجومەنی باڵای ســەربازی، کە دوای موبــارەک حوکمڕانیــی دەکــرد، هەوڵمــان دا قەناعەتیان پێ بهێنین کە ڕاســتەوخۆ هەڵبژاردن نەکــەن، بەڵکوو جەخت لە ســەر داڕشــتنی دەســتوورێک بکەنەوە، کە هەمووان لە خۆ بگرێــت، خۆ ئەگــەر هەڵبژاردنیش دەکەن، ئــەوا هەڵبژاردنی پەرلەمانــی مەکەن و هی ســەرۆکایەتی بکەن. بەو شــێوەیە دەرفــەت و توانایــەک نادەن بــە تەنیا گرووپێــک کە هەموو تواناکانــی گرووپێکی ڕێکخراوی هەیە، بــەڵام ئەوان گوێیان نەگــرت. ئیدی جێــی سەرســوڕمان نییە ئیخوان موســلمین بــراوە بــوون. ئەو کاتەی من پرســیاری ئەوەم لــێ کرا، ئایا ئەمــە بە مانــای ئەوە دێــت ئایندە بــۆ ئیخوان موســلمینە؟ وەڵامــی من ئەوە بــوو مەحاڵە، هۆکارەکەش ئەوەیە ئێســتا خەڵکــی خۆیان وەک هاووڵاتی دەبینن، وەک هاووڵاتییش بیر دەکەنەوە، ئەمە بە مانای ئەوە دێت ئیخوان لە دەسەڵاتدان و چــی دی لــە ئۆپۆزســیۆندا نین. لــە ئۆپۆزســیۆندا دەتوانن ڕاســتگۆییەک بۆ خۆیان دروست بکەن، نەک بە هۆی ئەوەی خزمەتێک بە ســەرجەم کۆمەڵگە بکەن، بەڵکوو بەوەی کار و

خزمەتێک پێشــکەش بە چینێک یان بەشــێکی کۆمەڵگە بکەن، یــان کارێکی ڕەمــزی بکەن، بەڵام ئێســتا لە پڕێکــدا خۆیان بینیوە کە دەبێت خزمەت پێشــکەش بکەن، ئەویش خزمەتێکی ســادە نا، بەڵکوو دەبێت بە شــێوەیەک کار بکــەن هەمووان بەشــداری بکــەن، دەبێت پیشــانی بــدەن کە لــە ڕاپەڕاندنی کارەکانــدا کاران، بــەڵام ئیخــوان موســلمین دەقــاودەق پێچەوانــەی ئەم کارەیــان کرد. ئەوان جەختیان کردە ســەر کۆنترۆڵ کردن، نەک حوکمڕانی. ئایا مورســی چیی کرد؟ لە بنەڕەتدا مورســی خۆی لە پێداچوونەوەی دادوەری پاراست، مورســی مەرســوومێکی دەرکرد کە بڕیارەکانی قابیلی ئەوە نەبــن تانــەی دادوەرییــان لێ بدرێــت، بواری بــەوە دا تەنیا ئیسلامییەکان دەســتوور دابڕێژن، بە پەلە ڕاپرسییەکی کرد، دژ بە خواســتی ئۆپۆزسیۆن، بۆ ئەوەی نەتوانن هیچ شتێکی لەبــارەوە بکەن. ژمارەی ئەو ڕۆژنامەنووســانەی لە ماوەی ساڵێکی حوکمڕانیی مورسیدا دادگایی کران، هێندەی ژمارەی ئــەو ڕۆژنامەنووســانە بــوون کــە لــە ماوەی ســی ســاڵی حوکمڕانیــی موبارەکدا دادگایی کران. هیچ شــتێکی نەکرد بۆ چارەســەر کردنــی ڕەوشــی ئابــووری. کەواتە چــۆن جێی سەرســوڕمان دەبێت کە کاردانەوەی جەماوەری ڕوو بدات؟ ئێســتاش پرســیار دەکرێت، ئایا کودەتــا ڕووی داوە؟ ئەگەر مــن پارێزەر بوومایە، کــە پارێزەر نیم، ئەوا بە شــێوەیەکی دیاری کراو وەڵامەکەم دەدایەوە، بەڵام دەتوانم شــتێک بڵێم، بیر لەوە بکەنەوە کە لە میسر ڕووی دا، لە ٣٠ی حوزەیراندا بزووتنــەوەی تەمــڕوود (واتــە یاخــی بــوون)، کەوتە ڕێک خســتنی هەڵمەتێک بۆ کــۆ کردنەوەی واژۆ بۆ دیاری کردنی ڕۆژێــک بــۆ لادانی ســەرۆک لە ڕێی ئــەو هەڵمەتــەوە. ئەو یاداشــتی کۆ کردنەوەی واژۆیە لە سەرتاســەری وڵاتدا بڵاو کرایەوە و ٢٢ ملیۆن واژۆی لە ســەر بوو. من ئێســتا باســم

کرد نیوەی وڵاتەکە ڕۆژانە بە دوو دۆلار ژیان دەبەنە سـەر، دانیشتووانی ئەو وڵاتەش ٨٥ ملیۆن کەسە، کەواتە ٢٢ ملیۆن واژۆ بـە مانـای ئـەوە دێت زیاتـر لە یەک لە سـەر چواری دانیشـتووان یاداشـتێکیان ئیمزا کردووە، مەزەندەکان دەڵێن لـە ٣٠ی حوزەیرانـدا ١٤ ملیۆن کەس هاتنە سـەر جادە. بیر لـەوە بکەنـەوە ئەگـەر ئەوە لێـرە ڕوو بدات، ئێمـە تەنانەت ناتوانیـن وێنای ئەو ژمارەیە بکەین. ئەمە بە مانای ئەوە دێت کـە کاردانەوەیەکـی جەمـاوەری دژ بە حکوومـەت هەبوو، بەڵام ئایا سـوپا سـوودی لەمە وەرگرت؟ بەڵێ سـوودی لێ وەرگـرت. تـۆ کاردانەوەیەکـی جەماوەریـت هەیـە، تـۆ جوڵانەوەیەکـت هەیە کە هاوشـانە بە شۆڕشـی دووەم، ئایا ئێسـتا میسـر بەرەو کوێ ملی ڕێی گرتووە؟ زۆر زەحمەتە پێشـبینی بکەین، بەڵام دەبێت ئـەوە بڵێم کە ئەو وانەیە چییە کـە دەبێت ئەم حکوومەتە کاتییـە فێری بێت؟ دەبێت ئەوەش بڵێم کاتێک سەیری ئەندامانی ئەم حکوومەتە کاتییە دەکەیت، ئـەوا خـاوەن راسـتگۆییەکی زۆرن، ئـەوە ڕاسـتە کـە لـە کابینەکـەدا ٣٤ کـەس هـەن، ١١ لـەو ٣٤ کەسـە پێشـتر لە حکوومەتەکەی موبارەکەدا بەرپرس بوون، ئیخوان موسلمین حەز دەکات بڵێت ئەمە کودەتایە و بڵێت ئەمە دەوڵەتی قووڵە هەڵگەڕاوەتـەوە، ئەمە هەڵگەڕانـەوەی جەماوەری نییە، بەڵام مـن دەڵێم ١١ کەسـیان لە ڕژێمی پێشـوودا بەرپرس بوون، بـەڵام ئەوانی دیکە خاوەنی راسـتگۆییەکی زۆرن. سـەرۆک وەزیـران، کە ئابووریناسـە، جێگـری سـەرۆک وەزیران و وەزیری دارایی نزیکەی ١٨ سـاڵ لە بانکی جیهانیدا خزمەتی کـردووە، واتە کەسـایەتیگەلێکی خاوەن راسـتگۆیی بەرزن. مەسـەلەی سـەرەکی بـۆ ئـەوان ئەوەیـە جەخت لە سـەر حوکمڕانـی بکەنەوە، نـەک کۆنترۆڵ کردن. ئێسـتا دۆخێکی جەمسەرگیری دروسـت بووە، ڕەنگە ئەوەتان خوێندبێتەوە،

که ئێمه و هێزەیلی ئەورووپی له هەوڵداین بۆ گەیشتن به ڕێککەوتنێک له نێوان سوپا و ئیخوان موسلمیندا، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو. ئێستاش سوپا و حکوومەتی کاتی که به سەرۆکایەتیی کەسێکی مەدەنییە، ئێستاش ئەو حکوومەتی کاتییە دەڵێت گۆڕەپانەکە پاک دەکەینەوە، ئەمەش ئەوە له خۆ دەگرێت ئەگەر ڕوو بدات، خوێنڕشتنێکی زۆری لێ دەکەوێتەوە، هەروەها ئەوەش له خۆ دەگرێت، بۆ ماوەیەکی دیکەش بارودۆخەکە پەشێوی باڵی به سەردا دەکێشێت. کەواته وانەکە ئەوەیە حوکمڕانی بکەین نەک کۆنترۆڵ کردن. من وێنەکەم بۆ ئێوە ڕەنگاند، کەواته ئێستا ئێمه چی بکەین؟ من ڕامگەیاند هەوڵی میانگیریمان دا بۆ گەیشتن به ڕێککەوتنێک، ئەمەش مایەی تێگەیشتنە، بەڵام گەیشتن به ڕێککەوتن له نێوان دوو ڕکابەر، دوو دوژمندا، زەحمەتە، که به چاوی یەکتر سڕینەوە له یەکدی دەڕوانن، هەروەها بەدی هێنانی ڕێککەوتن زەحمەتە، له کاتێکدا به شێوەیەک له شێوەکان دەست ڕۆیشتوویەکی سنووردارمان هەیە. ئێمه ١,٥ ملیار دۆلار وەک هاوکاری دابین دەکەین، ئەمەش دەست ڕۆیشتوییمان دەداتێ، بەڵام دەستبەجێ سعوودیە و کوێت و ئیمارات بەڵێنی ١٢ ملیار دۆلاریان داوە، که بەشی زۆری دابین کراوە، کەواته ئەوان دەتوانن له بایەخی ئەو هاوکارییەی ئێمه پێشکەشی دەکەین، کەم بکەنەوە، بەڵام ئایا ئەمه به مانای ئەوە دێت ئێمه دەست ڕۆیشتوییمان نەماوە؟ ئێمه دەست ڕۆیشتوییمان ماوە. یەکەم، ئەوان هاوکاریی ئێمه قبووڵ دەکەن، لەبەر ئەوەی ئەمه ئاماژەیه بەوەی ئەوان له جیهانی دەرەوەدا قبووڵ کراون، هەموو ئەو پارانەی کەنداو دابینی دەکەن بەس نین، ڕاسته یارمەتیی میسر دەدەن بۆ ئەوەی لەم قۆناغه دەربازی بێت و ڕەوشێکی باشیان بۆ دروست دەکات، بەڵام ئەمه بەس نییە،

چونکە ئەوان پێویستیان بە پارەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، بە پارەی دامەزراوگەلی نێودەوڵەتیی دارایی هەیە، کە ئێمە تێیاندا کاریگەریی گەورەمان هەیە. ئەوان پێویستیان بەمەیە و پێویستیان بە پارەی یەکێتیی ئەورووپا دەبێت، هەروەها پێویستیان بە شەرعیەتی دەرەکی هەیە، کە قبووڵ کردن لە خۆ بگرێت. سوپا پەیوەندیی لەگەڵ ئێمەدا هەیە. یەکێک لە دەرەنجامەکانی هاوکارییەکانی ئێمە لە ماوەی سێ ساڵدا ئەوەیە، ئێمە بە ڕاستی پەیوەندییەکی پتەومان لەگەڵ سوپای میسردا دروست کردووە، کە دامەزراوەیەکی سەقامگیرە، کەواتە ئێمە هەندێ دەست ڕۆیشتوویمان هەیە، دەست ڕۆیشتوویەکی ڕاستەقینەمان هەیە، بەڵام سنووردارە، ئەمە لەبەر ئەوە نییە کە ئەو پارەیەی کەنداو دابینی دەکات لە بایەخی پارەی دابین کراوی ئێمە کەم دەکاتەوە، بەڵکوو لەبەر ئەوەیە میسری هەستێکی بەهێزی شانازی کردنی نەتەوەییان هەیە، تێڕوانینێک هەبوو پێش ٣٠ی حوزەیران، کە ئێمە پشتیوانی لە ئیخوان موسلمین دەکەین، ئێستاش ئەگەر یارمەتییەکە ببڕین، ئەوا کاردانەوەیەکی ناسیۆنالیستی لە دژی خۆمان دروست دەکەین، چونکە ئەو کاتە ڕایدەگەیەنن، ئایا دەیانەوێت خۆیان بە سەرماندا بسەپێنن؟ هەستی بەرهەڵستی کردنی ئەوانەی دەیانەوێت خۆیان بە سەریاندا بسەپێنن، لە نێو میسریدا مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە. لە ساڵی ١٩٦٥دا کاتێک (ناسر) ڕێی بە قوتابیانی ئەفریقی دا کتێبخانەی USIS لە قاهیرە بسووتێنن و هیچی لە بارەیەوە نەکرد، باڵیۆزی ئێمەش ڕایگەیاند، کە یارمەتییەکانمان دەبڕین ئەگەر هەندێ ڕاست کردنەوەی دیاری کراو نەکەن، ناسریش وەڵامی دایەوە: ئێمە هەموو ئاوی دەریای سپیی ناوەڕاست، دەریای سوور دەخۆینەوە وشکیان دەکەین. دەتوانم بڵێم ئەگەر ئێستا ئێمە ئەم کارە

بکەیـن، ئـەوا سـوپا هەمـان شـت لەگـەڵ ئێمـە دەکات و پشـتیوانیی جەماوەریشـیان دەبێت. لەبەر ئـەوەی باوەڕیان وایـە ئێمـە دەمانەوێـت دژ بە ئیـرادەی جەمـاوەر مەرجی خۆمانیان بە سـەردا بسـەپێنین. کەواتە چی بکەین؟ سەرەتا من لەگەڵ ئەوەدا نیم یارمەتیی سـەربازی ببڕین، چونکە پێم وایـە هێشـتا دەتوانین بە کاری بهێنین بـۆ کاریگەر بوون بە سـەر ڕەفتاری سـوپاوە. من ناڵێم نابێت لە هیچ کاتێک و لە سـایەی هیـچ هەلومەرجێکـدا بیبڕیـن، بـەڵام ئەمـە کاتێکی گونجـاو نییـە بـۆ ئـەو کارە. دووەم دەبێـت لـە هەمـوو گفتوگۆکانماندا جەخت لە سەر چەند شتێک بکەینەوە، ئەوەی پێشـتر ئاماژەم پێ کرد، جەخت لە سەر کارایی و حوکمڕانی و بەشـداری پێ کردنی هەموان بکرێت، ئاسانە بڵێین جەخت لە سـەر بەشـداری پێ کردنی هەموان بکەیتەوە. کاتێک (بیڵ بێرنـز) جێگری وەزیری دەرەوە و (کاترین ئاشـتۆن) هەوڵی ئـەوە دەدەن میانگیری بکەن بۆ هێنانـە دیی ڕێککەوتنێک لە نێـوان دوو دوژمنـدا. ئەوان هـەوڵ دەدەن سـوپا ڕازی بێ مورسـی و سـەرکردەکانی دیکەی ئیخوان موسـلمین ئازاد بکەن، بەڵام ئەگەری ئەوە نییە سوپا ئەم کارە بکات. ئیخوان موسـلمینیش ئەگەر باوەڕیان وا بێـت جیهانی دەرەوە زیاتر هاوکارییان دەکـەن، ئەوا پتر پێداگیری دەکەن. کەواتە کاری ڕاسـت و دروسـت کە بیکەین بریتییە لە جەخت کردنەوە لە سـەر کارایی و حوکمڕانی و بەشـداری پێ کردنی هەموان. مەبەسـتم لـە بەشـداری پـێ کردنـی هەموانیـش ئەوەیـە دەسـتوورێکی نوێ بنووسـرێتەوە، کار بۆ ئـەوەش بکرێت سـەرجەم چینەکانـی کۆمەڵگـە بـۆ بەشـداری کـردن تێیدا بانگهێشـت بکرێن، لە نێویاندا ئەو کەسـانەی ئیسـلامین، کە نوێنەرایەتیـی نزیکـەی لە سـەدا ٢٠ی دانیشـتووان دەکەن. ئەوان هێزێکی کۆمەڵایەتین کە ناتوانیت فەرامۆشـیان بکەیت

و نکوولٚییـــان لــیٚ بکەیــت و بیانســـڕیتەوە. ئەگـــەر بتەوێــت ســـەرکوتیان بکەیت، ئەوا ڕەنگە ناچاریان بکەیت کاری نهێنی و ژێرزەمینــی بکـــەن. من نالٚیم کارێکی ئاســـان دەبێت ئەگەر مەبەست بێت بەشدارییان پیٚ بکرێت، بەلاٚم پێویستە دەرفەتی بەشــداری کردنیــان پــیٚ بدرێــت. ئەگـــەر خۆیــان بڕیــاری دوورەپەرێزییــان دا، بــا ئــەو کارە بکەن، با ئــەوە بژاردەی ئـــەوان بێــت، بەلاٚم با هەمیشـــە دەرگایـــان بـــۆ والاٚ بێت. بۆ ئـــەوەی ڕوونتـــر بێت کە ئەگەرێکیـــان لـــە بەردەمدایە، بەلاٚم کـــەس ئەم کارە لە بری ئەوان ناکات. بۆ ئەوەی ڕوونتر بێت کە جیهانی دەرەوە پێداگیری ناکات یان شـــتێک ناســـەپێنێت، ئـــەوەی لـــیٚ بخوێندرێتەوە کە ئیخوان موســـلمین پشـــتیوانی بەردەوامـــی دەرەکیی دەبێت، ئەوا زیاتر خۆیان لەگەلٚ واقیعە نوێیەکـــەدا دەگونجێنـــن. ئەمە بە خێرایی و ئەمە بە ســـادەیی ڕوو نـــادات، بـــەلاٚم جەخت کردنەوە لە ســـەر بەشـــداری پیٚ کردنـــی هەمـــوان، هەروەهـــا لە ســـەر کارایيش، مەســـەلەی ســـەرەکین. یەکێک لە خالٚە هەســـتیارەکان ئەوەیە، ئەگەر ئەم حکوومەتە نوێیەی میســـر، ئەگەر ســـوپای میسر دەیانەوێت لەســـەر ئاستی نێودەولٚەتیدا راستگۆییەک بۆ خۆیان دروست بکـــەن، ئـــەوا دەبێت دوو شـــت بکەن، زۆر لە ئێـــوە ڕەنگە بە بیری بێت کە ڕێکخراوگەلی ناحکوومی کە لە میسردا کاریان دەکـــرد و ٤٣ ئەندامـــی ئـــەو ڕێکخراوانـــە، وەک (پەیمانـــگای ناســـیۆنال دیموکـــرات)، وەک (ئـــای ئـــار ئـــای)، (پەیمانـــگای ئەنتەرناســـیۆنال ریپبەلیـــک)، ئەم ڕێکخراوانە لە میســـردا بۆ ئـــەوە کاریان دەکـــرد، کە کاری پەروەردەیـــی بکەن لەبارەی ئـــەوەی چۆن پارتی سیاســـی دروســـت دەکرێـــت، ٤٣ ئەندام دەستگیر و دادگایی کران و تاوانبار دەرچوون. لە سەردەمی حوکمڕانیی ئەنجومەنی بالاٚی سەربازیدا دەستگیر کران و لە ســـەردەمی مورسیدا تاوانبار دەرچوون. یەکێک لە ئاماژەکان

که بیسەلمێنێت سوپا ڕاست دەکات و حکوومەتە کاتییەکەش دەسەڵاتی ڕاستەقینەی پێ دراوە، ئەوەیە هەموو ئەو حوکمانە هەڵبوەشێندرێنەوە و ڕێگا بە دارشتنی یاسای نوێ بدەن، کە بوار بە دامەزراوەی مەدەنی بدات بەرەو پێش بچن و ڕێکخراوی ناحکوومی کاری خۆیان بکەن. ئەمە گرنگییەکی ڕەمزیی دەبێت و لە سەر ئاستی نێودەوڵەتیدا یارمەتییان دەدات و پیشانی دەدات، کە ئەوان لە بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی مەدەنیدا سەرڕاستن، تا کۆمەڵگەی مەدەنیت نەبێت، ناتوانیت دیموکراسی بنیات بنێیت، ئەگەر ئەمە بکەن ئەوا راستگۆییان زیاتر دەبێت. دەبێت ئێمە بەم ئاراستەیەدا گوشار بکەین و (سیسی)ش سەرۆکی سوپا ئەم کارە قبووڵ دەکات، ئێمە دەتوانین لەم ڕووەوە دەست ڕۆیشتوویی خۆمان بەکار بهێنین بۆ ئەوەی کۆمەڵگەی مەدەنی بنیات بنێن، پێداگیری لە سەر ئەوە بکەین، چاودێری نێودەوڵەتی چاودێریی هەڵبژاردنەکان بکەن، تاکوو دڵنیا بین لەوەی هەڵبژاردنەکان، هەڵبژاردنی ئازاد و دادپەروەرانەن، کردنەوەی دەرگای بەشداری پێ کردن و کرانەوەی نوێ و دارشتنی یاسای نوێ و پیشاندانی لێبوردەیی بۆ گرووپەیلی ناحکوومی و جەخت کردنەوە لە سەر کارایی، پێویستە دیپلۆماسیەتی ئێمە لە ئاستی میسردا لە سەر ئەم بنەمایانە بێت. دەبێت لەو ڕاستییە تێبگەین کە هیچ یەکێک لەمانە ئاراستەیەکی ئاسان وەرناگرن، بەڵکوو ئاراستەیەکی دژوار و پەشێو دەگرنە بەر، بەڵام ئێمە ئەمانەمان نەنووسیوە، میسری نووسیویانن. ئێمە بەرژەوەندیمان هەیە لەوەی لە میسر ڕوو دەدات، کاتێک خەڵکی پرسیاری ئەوەم لێ دەکەن: میزاجی شەقامی عەرەب چۆنە؟ وەڵامی من ئەوەیە ئایا میزاجی شەقامی میسر چۆنە؟ چونکە ئەو شەقامەی میسر هەمیشە لە ناوچەکەدا سەرکردە بووە، ئەوە مامۆستایانی

میسرن بە ناوچەکەدا بڵاو دەبنەوە، ئەوە فیلمی سینەمایی میسرە بە سەر کەلتووردا زاڵ بووە. کەواتە ئەوەی لە میسر ڕوو دەدات کاریگەریی دەبێت بە سەر ناوچەکەوە. ئێمە ناتوانین شتێکیان بە سەردا بسەپێنن، بەڵام ئێمە بەرژەوەندیمان تێیدا هەیە، ئێمە ناتوانین ڕووداوەکانی دابڕێژین، بەڵام دەتوانین کاریگەر بین بە سەریانەوە، بە لای کەمەوە لە پەراوێزدا، کەواتە دەبێت جەخت لە سەر ئەو بنەمایانە بکەینەوە کە باسم کردن، کەواتە ئەمە میسرە و ئەوەش جۆری ئەو دیپلۆماسیەتەیە کە دەبێت لە بەرانبەریدا پیادە بکرێت.

ئێستا با هەوڵ بدەین لە سووریا تێبگەین، ئەمەش کێشەیەکی قورسە، ئۆپۆزسیۆنی بەشار ئەسەد بە خۆپیشاندانێکی سەدا سەد ئاشتیانە دەستیان پێ کرد، سەدا سەد ناڕەزاییەکی ئاشتیانە بوو، بەڵام کاردانەوەکەی (بەشار) توند و دڵڕەقانە بوو بۆ سەرکوت کردنیان، ئەو ناڕەزاییەکی ئاشتیانەی، کە داوای ڕامالینی ڕژێمەکەی نەدەکرد، گۆڕی. ناڕەزاییەک کە داوای چاکسازیی دەکرد، ئەویش بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە کەسێکە چاکسازی دەکات، گۆڕی بۆ شەڕی ناوخۆیی و کردیە ناکۆکییەکی تایەفەگەری. ئەو وا تێگەیشت کە ئەگەر شەڕێکی تایەفەگەری دروست نەکات، ڕەنگە ڕزگاری نەبێت، ئەو کەسێکی عەلەوییە، عەلەویەتیش سەر بە مەزهەبی شیعەیە. نزیکەی لە سەدا ١٢ی دانیشتووانی سووریا پێک دەهێنن. لە بنەڕەتدا ئەو (بەشار ئەسەد) دەڵێت ڕزگار بوونی عەلەوییەکان بەندە بە ڕزگار بوونی ئەوەوە. ئەو کردی بە شەڕێکی تایەفەگەری کە ڕەهەندێکی ترسناکی هەیە. ئەو مەزەندانەی، خۆپارێزن، پێیان وایە ١٠٠ هەزار کەس لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا کوژراون، هەندێ مەزەندەی دیکە بە ٢٥٠ هەزار کەسی

دەخەملێنــن. مەزەندەكانی خۆپارێز پێیان وایە ٤ بۆ ٦ ملیۆن كــەس ئاوارەن، لــە كاتێكدا دانیشــتووانی وڵاتەكە ٢٠ ملیۆن كەســە. مەزەندەكانی دیكەش كــە ژمارەیەكی بەرزتر لە خۆ دەگــرن، پێیــان وایە نیــوەی دانیشــتووان ئــاوارەن، ئیتر لە ناوخــۆدا بــن یــان لــە دەرەوە. لــە سیاســەتی دەرەوەدا نەریتێكمان هەیە، هەمیشــە دوو قوتابخانەی فیكریمان هەیە، قوتابخانەی ئایدیالی كە پێی وایە پێویســتە دەست تێوەردانی ئەمریكا لە ســەر بنەمای بەهاكان و مەیل و خواستی مرۆیی بێت، بە كارەســاتێكی تەواوی لە قەڵەم دەدەن كاتێك ئەمریكا لە ئاســت ڕواندادا هیچی نەكرد. پێیان وایە كارێكی باشــمان كــرد دەســت تێوەردانمــان لە بۆســنیادا كرد، بــەڵام درەنگ وەخت بــوو، باوەڕیان وایە كاتێك لە ســەر بنەمای بەهاكان ڕەفتار دەكەین، ئەوا سیاسەتێكی باشتری دەرەكیمان دەبێت. دەبێت ئەمەش ســەرقافڵەی دەســت تێوەردان بێت. هەروەها قوتابخانــەی واقیعــی هەیە، پێی وایە تەنیــا كاتی گونجاو بۆ دەست تێوەردان ئەوەیە كاتێ ڕاستەوخۆ هێزت لە مەترسیدا بێــت، یاخــود بەرژەوەندیت ڕووبەڕووی ئاســتەنگ ببێتەوە، وەك نەوت یان راســتگۆییت. واتــە بەرژەوەندیی بەرچاو كە كاریگەریــی هەیە لە ســەر پێگــەی ئەمریكا لــە جیهاندا، یان لەسەر سەلامەتیی ئابووریمان و شتی لەم شێوەیە. نابێت لە حاڵەتی مرۆییدا دەســت تێوەردانی ســەربازی بكرێت، لەبەر ئەوەی بارەكە بە باشــی بەڕێــوە ناچێ و تێچوویەكی زۆری دەبێــت، وامان لێ دەكات نەتوانین دەســت تێــوەردان بكەین كاتێك پێویســتە دەست تێوەردان بكەین. هۆكاری ئەوەی من باســی ئــەم دوو قوتابخانە فیكرییەم كــرد ئەوەیە، لە ڕووی تیۆرییــەوە ئەم دوو قوتابخانەیە لە پرســی ســووریادا یەك دەگرنەوە، ســووریا كارەساتێكی ئەخلاقییە (moral disaster)، مــن ئێســتا باســی ژمــارەی كــوژراوان و باســی ژمارەی

ئاوارەکانم کرد، بەڵام ئەمە کارەساتێکی ستراتیژیشە (strategic disaster)، لەبەر ئەوەی تەواوی ناوچەکەی دەوروبەری خۆی ناسەقامگیر دەکات. من پێشتر لە چاوپێکەوتنێکی ئەم بەیانییەدا باسم لەوە کرد، کە ڕێساکانی (لاس فیگاس) بە سەر سووریادا جێبەجێ نابن، ئەوەی لە سووریادا ڕوو دەدات هەر لە سووریادا نامێنێتەوە، بەڵکوو پەل دەکێشێت بۆ دەوروبەر. ئەگەر لە ژمارەی کوژراوانی ئێستای عێراق بڕوانی بە بەراورد بە ساڵی ٢٠٠٨، سێ هەزار کوژراوی مەدەنی لە مانگی ڕابردوودا هەبوون، ئەمە لە ساڵی ٢٠٠٦ و ٢٠٠٧دا نەبوو، بەڵام یەکێک لە هۆکارەکان سووریایە، لە بنەڕەتدا ئیسلامی و جیهادی لە عێراقەوە دەچنە سووریا، هەروەها میلیشیای توندڕەوی شیعەش هەن، کە لە لایەن ئێرانەوە پارە و چەکیان پێ دەدرێت و لە عێراقەوە دەچنە سووریا. ئەمە ئەگەر باسی حزبوڵا نەکەین کە دەچنە سووریاوە. مالیکی سەرۆک وەزیرانی عێراق، باوەڕی وایە سوننە هیچ شتێک ناکەن لەبەر ئەوەی بنکەیەک لە سووریادا بەدی دەکەن، ئێمە دەزانین مالیکیش ترسی هەبووە و باوەڕی بە تیوریی پیلانگێڕی هەبووە و بەشداریی بە لایەنەکانی دیکە نەکردووە، کە هەموو ئەمانە خەسڵەتی زۆر خراپن، ئێستاش پاساوی بە دەستەوەیە، لەبەر ئەوە لە ڕووی سیاسییەوە هیچ شتێک ناکات. سوننەکانیش تا ماوەیەکی کەم پێش ئێستا باسیان لەوە دەکرد و جەختیان لە سەر ئەوە دەکرد، کە با ببینین ئایا بەشێکی کێکە سیاسییەکە و بەشێکی کێکە ئابوورییەکەمان دەست دەکەوێت؟ پابەند بوون بە پەنا نەبردنە بەر توند و تیژی، ئێستا دۆخەکە بەم شێوەیە نییە، کاتێک مەلاکانی سەرکردەی سوننە تا دوو مانگ پێش ئێستا جەختیان لە سەر گرنگیی پەنا نەبردنە بەر توند و تیژی دەکردەوە، لە سەر ئەوەی

هەرگیــز هێرش نەکەنە ســەر ســوپای عێراق، بــەڵام کاتێک ســوپای عێراق هێرشــی کردە ســەر کامپەکانی ســوننە کە ناڕەزایــی و خۆپیشــاندانیان تێــدا دەکــرد، پەنجــا کەســیان کوشــت، ئێستا ئەوانیش هەڵوێســتی خۆیان گۆڕیوە. ئەمە بە تەواوەتی ئاکامی پەرەســەندنەکانی ســووریایە. کەواتە ئەمە لەوێــدا ڕوو دەدات. هەروەهــا لە لوبنــان دۆخەکە لە کەف و کوڵدایــە و ٦٠٠ هــەزار ئــاوارەی ســووریا لــە ئەردەنن، کە دەکاتە زیاتر لە ســەدا ١٠ی دانیشــتووانی ئــەردەن. ئەردەن ناتوانێت بەرگەی ئەمە بگرێت، ئیســرائیل سنوورێکی ئارامی هەیــە لەگەڵ ســووریا لــە بەرزاییەکانی جۆلان، ئێســتا ئەو ســنوورە داخــراوە، لەبــەر ئــەوەی ڕۆژانــە ڕووداوی تێدا دەقەومێ، کە تەقە لە ئیسرائیل دەکرێت. ئەوەی لە سووریادا ڕوو دەدات، لەوێدا نامێنێتەوە، کەواتە ئەمە تەنیا کارەساتێکی ئەخلاقــی نییە، هەروەها کارەســاتێکی ستراتیژیشــە. کەواتە چــی بکەیــن؟ یەکەمین بنەمــای دیپلۆماســیەت ئەوەیە کە لە بنەڕەتدا دەبێت لە هەڵسەنگاندنی هەلومەرجەکەوە دەست پێ بکەیــت. مــن باســی ئاکامەکانم بــۆ کردن، هەروەهــا دەبێت ئامانجەکانــت دیــاری بکەیــت، ئایــا ئامانجەکانــی ئێمــە لــە سووریادا چین؟ ئێســتا پێدەچێت ئامانجی ئێمە لە سووریادا خــۆ لادان (avoidance) بێــت، بــەڵام خــۆ لادان بــۆی هەیــە ئامانجێکی شەرعی بێت، بە مەرجێک بتوانیت بە سەر دۆخی ســووریادا زاڵ بێــت. من ناڵێــم لــە ڕووی ئەخلاقییەوە خۆ لادان کارێکــی پەســندە، لەبــەر ئــەوەی زیــان و قوربانیــی مرۆییانەی زۆر بەرزە، بەڵام لە ڕوانگەیەکی ستراتیژییەوە و لە دیدگای واقیعبینییەوە، ئەوا ئامانجگەلێکی قابیلی تێگەیشتن دەبن. کێشــەی ئــەم ئامانجــە، ئامانجــی خــۆ لادان، ئەوەیە ســەرکەوتوو نییە، ڕاستە ئێمە خۆمان لا داوە لەوەی دەست تێوەردان بکەین، بەڵام شەڕەکە دەپەڕێتەوە و بە ناوچەکەشدا

بڵاو دەبێتەوە، ناوچەکەش ناسەقامگیر دەکات. کەواتە ترسی مــن ئەوەیە خۆ لادان ئامانجێک نەبێت قابیلی بەردەوام بوون بێــت. حاڵی حازر ئیدارەکــە بڕیاری داوە هــاوکاری (چەکی کوشــندە) پێشکەش بە ئۆپۆزســیۆن بکات. هێشتا ڕوون نییە ئایا دەســتی پێ کردووە، بەڵام ئەوە ڕوونە کە هاوکارییەکی بچــووک دەبێت، ئایــا ئەمە خزمەت بــە چ ئامانجێک دەکات؟ خزمەت بە هیچ ئامانجێک ناکات من بتوانم دەســت نیشــانی بکــەم. دەکرێــت ئێمــە دوو ئامانجمان لە ســووریادا هەبێت، یەکەمیان هاوســەنگیی هێز لە ســەر ئەرزی واقیع بگۆڕین تا ئەو ڕادەیەی دەکەوێتە قۆناغێک، کە چارەســەری سیاســیی تێیــدا ببێتە شــتێکی مومکیــن. ئامانجــی دووەم گرتنە خۆیە (containment). ئینجا هیچ یەکێک لەم دوو ئامانجە، ئەگەر تۆ کاری سیاســی دەکەیــت، هیچ یەکێــک لــەم دوو ئامانجە بە خۆڕایی بەدەســت نایەن، گۆڕینی هاوسەنگیی هێز پێویستی بە دەست تێوەردانی ئەمریکا نییە، بەڵام پێویستی بەوە هەیە ئەمریــکا جڵــەوی هەوڵەکانی هــاوکاری بگرێتە دەســت. ئایا ئێســتا هەوڵەکانی هاوکاری چۆن بەڕێــوە دەچن؟ با ببینین، ســعوودیە پــارە و چەک بۆ ئــەو لایەنانە دەنێرێــت، بۆ ئەو کەسانەی کە خۆی هەڵیان دەبژێرێت. قەتەر پارە و چەک بۆ ئــەو لایەنانە دەنێرێت کە خۆی هەڵیان دەبژێرێت. ئیمارات بە زۆری پــارە و ڕەنگــە هەنــدێ چەکیــش بــۆ ئــەو لایەنانــە دەنێرێــت، کە خۆی هەڵیان دەبژێرێت. تورکیاش یان چەک و پــارە دەنێرێت، یاخود بە لای کەمــەوە ڕێگە بە جموجۆڵ، بە زۆری جموجۆڵــی گرووپەیلــی جیهــادی دەدات، کــە تاکــە ئامانجیشــی ئەوەیە شکســتی بەشار ئەســەد ببینێت. بۆچی ســعوودی و ئیماراتی ئەم هەوڵە سەختانە دەدەن؟ دەقاودەق لەبــەر ئــەوەی پێیان وایە ئەمە وەک بەشــێک لــە ناکۆکی و شــەڕ لەگــەڵ ئێرانــدا دەبینــن، ئەوانیــش دەیانەوێــت ئێران

بدۆڕێــت، بەڵام هیچ یەکێک لەم هەوڵانە هەوڵی هەماهەنگ و پێکــەوە گونجاو نیــن. ئەگــەر دەمانەوێت هاوســەنگیی هێز بگۆڕیــن، ئەوا پێویســتمان بەوە نییە هێزی ئەمریکا دەســت تێوەردان بــکات، بەڵام دەبێت جڵــەوی هەوڵەکانی هاوکاری بگرینە دەســت. ئەگەر هاوکاری (چەکی کوشــندە) پێشکەش دەکەین، دەبێت ئامانجێکمان هەبێت. گۆڕینی هاوسەنگیی هێز دوو توخم لە خۆ دەگرێت، گۆڕینی هاوسەنگیی هێز لە نێوان ئۆپۆزســیۆن و ڕژێمــدا، گۆڕینــی هاوســەنگیی هێــز لە نێو ئۆپۆزســیۆندا، لەبەر ئەوەی ئێســتا جیهادییانی ئیســلامی بە ســەر ئۆپۆزســیۆندا باڵادەســتن، بۆچــی ئەمە وایــە؟ لەبەر ئــەوەی مەزەندەی ئەوە بکەن، کێ چەک و پارەی بەدەســت دەگات؟ ئەوان بە دەســتیان دەگات. کاتێک من ئەوە دەبیستم کــە ئــەوان کاراتریــن و باشــترین شــەڕکەرن، ئەمــە جێی سەرســوڕمان نییــە، لەبەر ئــەوەی ئەوان چــەک و پارەیان بەدەست دەگات. کەواتە جێی سەرسوڕمان نییە کە کاراترین شــەڕکەر بن. من چاوم بە پیاوێکی گەنج کەوت، کە هاتبووە دەرەوەی وڵات و مــن لــە دەرەوەی وڵات بینیــم و دواتــر گەڕایەوە بۆ وڵات. کەســێکی تەمەن سی ساڵ و بەشێک بوو لەوەی پێی دەگوترێت ئەنجومەنەکانی شۆڕشــگێڕی وڵاتەکە، گوتی ئەگەر ئەســەد شکســتی هێنا و جیهادی ســەرکەوتوو بوون، ئەوا ئێمە شۆڕشــەکەمان لەدەســت داوە، چونکە ئێمە شــەڕ دەکەین بۆ بنیاتنانی سووریایەک کە تایەفەگەر نەبێت، هەموانیــش بەشــداریی تێدا بکــەن، نەک لەبەر ئــەوەی ئێوە دەتانەوێــت وا بێــت، بەڵکوو لەبەر ئەوەی ئێمــە دەمانەوێت، چونکە ئەمە چارەنووســی ئێمەیە، بەڵام گوتی ئایا پێویســتە شــەڕ لەگەڵ کێدا بکەین؟ پرســیارێکی باشــە. کەواتە ئەگەر بمانەوێــت هاوســەنگیی هێز بگۆڕین کە ئامانجەکە شکســت هێنانــی ئەســەد بێت، ئەگەر ئەمەش مومکیــن نەبوو، ئەوا بە

لای کەمـــەوە پاڵنەرێک بۆ عەلەوییـــەکان بخوڵقێنین کە پێیان ڕابگەیەنیـــن، دەبێـــت بیر لـــە ڕێگایەکی سیاســـی بکەینەوە بۆ دەرباز بوون. کەواتە دەبێت گەرم و گوڕ بیر لەمە بکەیتەوە. دەبێت ئەو لایەنانەی ئۆپۆزسـیۆن دەســت نیشان بکەیت کە ئامادەیـت هاوکارییـان بکەیـت. ئێمـە لـە پێشـکەش کردنی هاوکاریـی مرۆییـدا، ئەوانـە دەسـت نیشـان دەکەیـن کـە دەیاندەینێ، کەواتە دەکرێت هەمان کار لەوێدا بکرێت، جڵەوی هەموو هەوڵەکان بگرە دەست. سەرۆک ئۆباما قسەی لەگەڵ سـەرکردەکان و هەمـوو ئـەو وڵاتانـەدا کرد کـە هاوکاری پێشکەش دەکەن، لە نێویاندا فەرەنسا و بەریتانیا، پێیان بڵێین بڕوانن ئێمە هاوکاری پێشکەش دەکەین، بەڵام دەبێت هەموو هاوکارییەکـە بـە کەناڵێکدا بڕوات، ئەگەر پـارە و هاوکاریی مرۆییـە ئـەوا دەبێـت بە کەناڵێکـدا بڕوات، ئەگەر مەشـق و ڕاهێنانـە، ئـەوا ئـەم کارە دەکەیـن، بەڵام بە شـێوەیەک کە تـەواوکاری بێت، ئەگەر چەکیشـە، ئەوا چەکـە گونجاوەکان دەسـت نیشـان دەکەیـن کـە پێشکەشـیان دەکەیـن، ئـەو کەسـانەش دەست نیشـان دەکەین کە پێیان دەدەین و ئینجا تاقـی کردنەوەیەک دەکەیـن، ئەگەر ئەو کەسـانەی چەکیان وەرگرتووە و بەو شێوەیە بەکاریان نەهێنا، کە ڕێز لە پابەند بوونەکانـی خۆیـان بگرن لە ئاسـت ئێمـەدا و ئەگەر چی تر مایەی پشت پێ بەستن نەبوون، ئەوا چی تر چەکی زیاتریان نەدەینێ، یان چەکی باشـتریان نەدەینێ. ئەمە بە مانای ئەوە دێـت ئامـرازی خـۆت بـۆ هێنانـە دیـی ئامانجـەکان بەکار دەهێنیـت، بەڵام دەبێت ئامانجەکانت ڕوون بن. کەواتە ئەگەر ئێمـە ئامـادە نەبین ئەمە بـەکار بهێنین، کـە ڕەنگە ئامادەش نەبیـن، ئـەوا دەبێت ئامانجـی جیاوازمان هەبێـت. خۆ لادان ئامانجێکـی سـەرکەوتوو نییـە، دەبێت گرتنەخـۆ ئامانجێکی جیـاواز بێت، بەڵام ئایا گرتنەخـۆ لە ڕووی کردارەکییەوە بە

مانــای چی دێت؟ ئێســتا ســووریا دابــەش بووە، ئێســتا تا ڕادەیەکی گــەورە ئۆپۆزســیۆن ئۆپۆزســیۆنێکی هەرێمی و لۆکاڵــە، کارێکــی باش لەگــەڵ ئەمــەدا بکــە، وەبەرهێنان لە ناوچــەی دیاری کراو، لەگــەڵ گرووپگەلێکی دیــاری کراودا بکــەن، ئەو گرووپانەی لە دیدگای ئێمەوە شایســتەی ئەوەن، کارێک بکە سعوودیە پارەیان بۆ بنێرێت، ئەوانیش خوازیاری ئەم کارەن، لەبەر ئەوەی پێویســتت بە گرتنەخۆی ئەم شەڕە هەیــە، چونکە ئەگەر ئــەم گرتنەخۆیە نەکەیــت، ئەوا ئەردەن ڕزگاری نابێــت، چونکــە ئــەردەن پەرژینێکــی پارێــزەرە بۆ وڵاتانی کەنداو، بە دڵنیاییەوە بۆ سعوودیە، کەواتە پەرژینێک لە ســووریادا دروســت بکە، دەبێت ئەمــەش کاریگەر بێت و ببێتــە هۆی ئــەوەی چی دی خەڵک ســووریا جــێ نەهێڵێت، کەواتــە پێویســتت بە دروســت کردنی ناوچەیەکــی ئارام و ســەلامەت هەیە، ئەمەش بۆی هەیە دروست کردنی ناوچەی دژەفڕیــن لە خۆ بگرێت. من پێشــنیاری ئەوە دەکەم ناوچەی دژەفڕین دروســت بکرێت، کە خەرجــی و تێچوویەکی کەمی دەبێت. من دەزانم (جۆن مەککین) داوای ناوچەیەکی فراوانی دژەفڕین دەکات، بەڵام ســوپای ئێمە زۆر دوودڵە لەوەی ئەم کارە بکات. ڕێگایەک هەیــە کە خەرجییەکی کەمتری دەوێت، ئێمە نۆ مووشــەکی پاتریۆتمان لە ســەر سنووری تورکیا و ســووریا هەیــە، مەودایــان دەگاتــە ٥٠ میــل، دەکرێــت ڕاییبگەیەنیــت، هــەر فڕۆکەیــەک و هــەر هەلیکۆپتەرێــک لــە مــەودای ٥٠ میلــدا لە نزیک ســنوور بســووڕێتەوە، ئەوا وا دادەندرێــت نیــازی دوژمنکارانەی هەیە. کەواتــە ناچار نیت هیــچ فڕۆکەیەک بــە ئاســمانی ســووریادا بســووڕێنیتەوە، دەتوانیت هەمان کار لە ســەر سنووری ئەردەن و سووریادا بکەیــت، بۆ مــەودای ٥٠ میل. کەواتە دەتوانین بەم شــێوەیە پەرژین و ســنوورێکی سەلامەت لە نزیکی سنووردا دروست

بکەیــن، ئێســتا ئێمــە پاتریۆتمــان لــە ئەردەندا دانــاوە، بەو شــێوەیە تۆ ســتراتیژیەتی گرتنەخۆ دروســت دەکەیت. ئەمە هەرزان لە ســەر ئێمە ڕاناوەســتێت و کارێکی ئاسانیش نییە، بــەڵام من پێتــان دەڵێــم ئەگەر ئەم شــەڕە پەل بکێشــێت و هەڕەشــە لە ئەردەن بکات، ئێمە ناچــار دەبین هێزی زەمینی بەکار بهێنین بۆ پاراســتنی ئەردەن. کەواتە من پێم باشــترە ئامانجێکــی ڕوونترمان هەبێــت، یەکێک لــەو دوو ئامانجەی ڕوونم کردنەوە، ئینجا بەدواداچوونی بۆ بکەین و لە ســەری بەردەوام بین، کە ئێستا ئێمە ئامانجی خۆ لادانمان هەیە، ئەو کاتــە دەتوانیــن بەرگــری لە ئامانجــی خــۆ لادان بکەین، کە کاریگەریــی شــەڕەکە نەپەڕێتەوە و پــەل نەهاوێت، بەڵام لە ڕووی کردارەکییەوە زۆر ڕوونە، کە ئەمە حاڵەتەکە نییە.

**ئێران**

ســەبارەت بە ئێرانیــش، حەســەن ڕووحانــی هەڵبژاردنی بردەوە، ئەوەی وای کرد ئەم هەڵبژاردنە جێی بایەخ و گرنگی پێدان بێت، ئەوە نەبوو کە هەڵبژاردنێکی کراوە بوو، لە ئێراندا هەڵبژاردن دەکرێت، ئەمەش جێی بایەخ پێدانە، بەڵام ئەنجومەنی بەرژەوەندیی رژێم بڕیار دەدات، کە چ پاڵێوراوێک پەسندە و ئەو پاڵێوراوانەش دوور دەخاتەوە کە پەسند نین. بەو شێوەیە ژمــارەی پاڵێوراوان بۆ شــەش کەس کەم کرایــەوە. ئەوەی جێی بایەخە ئەوەیە، ئەگەرچی پرۆسەی دەست نیشان کردن و هەڵبــژاردن هەیە بۆ لادانی هەر کەســێک کە بەرەو رووی رژێمەکــە دەبێتەوە، بەڵام هەر کاتێک لــە ئێراندا هەڵبژاردنی ســەرۆکایەتی بکرێــت، خەڵکــی دەنگ لــە دژی دامەزراوەکە «رژێمەکــە» دەدەن، هەموو جارێک. بگەڕێنەوە بۆ ســاڵانی نەوەتەکان کە یەک بۆ دوو هەڵبژاردن هەبوو، تەنانەت کاتێک ئەحمــەدی نــەژاد ســەرکەوتوو بــوو، ئەنتــی رژێمەکە بوو، پاڵێوراوێکی پۆپۆلیســتی بوو. لە ســاڵی ٢٠٠٩دا مووسەوی

سـەرکەوتوو بوو، ئێستاش ڕووحانی، بەڵام بۆچی ڕووحانی پاڵێوراوێکـی ئەنتـی ڕژێمەکەیـە؟ چونکـە ڕووحانـی دژی سیاسەتی ئێران وەستایەوە، دژ بەو سیاسەتەی بەرهەمەکەی گۆشـەگیر کردنی ئێران بوو، ئەو دژی سزاکانی سەپێنراوی سەر ئێران بوو، ڕاشیگەیاند کە کار لە دژیان دەکات و هەڵیان دەگرێت، لەبەر ئەوەی دۆخی ئابووریی ئێران لە پەشێویدایە، کاتێک هەڵبژێردرا بۆی دەرکەوت زۆر خراپترە لەوەی بیری لێ دەکردەوە. لە وتاری مەراسـیمی بوون بە سـەرۆکدا، بە ڕوونی ڕایگەیاند کە کار بۆ کۆتایی هێنان بە سزاکان، یاخود بـە لای کەمـەوە هەوڵـی هەڵگرتنی سـزاکان دەدات، کار بۆ کۆتایـی هێنان بە گۆشـەگیریی نێودەوڵەتیی ئێـران دەکات. سـزاکان کاریگەریـی قووڵیـان هەبوو، ئامانجی سـزاکانیش گوشـار خسـتنە سـەر ئێران بوو، بۆ ئەوەی پێی ڕابگەیەنن کـە بەردەوام بوون لـە بەرنامەی ئەتۆمی بێ بـاج نییە. لەو ڕووەوە سزاکان سەرکەوتوو بوون، هەڵبژاردنی ڕووحانیش بەڵگـەی ئەمەیە. لەبەر ئـەوەی ڕووحانـی دژی ئەوانە بوو. بـۆ ئەو کەسـانەش کە دەڵێـن وەک نیشـاندانی نیازپاکی با سـزاکان هەڵگرین، ئەوا ئەمە ڕاکێشانی بەرەکەیە لە ژێر پێی ئـەم پیاوە، ئەو دەبێت بڵێت من کۆتایی بەم سـزایانە دەهێنم و بـە ڕابەری بـاڵاش بڵێت، کە کۆتایی بەم سـزایانە دەهێنم و بـە هـۆی گۆڕینی بەرنامەکەشـەوە من ئـەم کارە دەکەم، واتە دەسـتی لـێ هەڵناگرم، بەڵام دەیگـۆڕم. خۆ ئەگەر ئێمە لە پڕێکدا سـزاکان سووک بکەین، ئەوا ئێمە پێی ڕادەگەیەنین کە پێویسـت ناکات هیچ کارێک بکەین و قسـە جوانەکانی تۆ بەسـن، بەڵام ئەمانە بەس نین، چونکە بەرنامە ئەتۆمییەکە لە ڕەوتی خۆی بەردەوامە، هەموو وشە جوانەکانی، کار کردنی یـەک سـەنتەرفیوژنیان نەگۆڕیوە. کێشـەکە ئەوەیە ئێران لە بەرنامەی چەکـی ئەتۆمیی خۆیدا دوو ڕێگای گرتووەتە بەر،

نەک تەنیا لە پیتاندنی یۆرانیۆم بەردەوامە، بەڵکوو لە دروست کردنی کارگەری ئاوی قورس بۆ جیاکردنەوەی پلۆتۆنیوم لە یۆرانیۆمیش بەردەوامە. ئەمەش بۆ دروست کردنی چەکی ئەتۆمی دوو ڕێی جیاواز دەخاتە بەردەم ئێرانەوە، کەواتە بەرنامە ئەتۆمییەکە لە ڕەوتی خۆی بەردەوامە. ڕاستییەکەش ئەوەیە ئەگەر تا ڕادەیەک بەم زووانە دیپلۆماسیەت سەرکەوتوو نەبێت، ئەوا ئەگەری بەکار هێنانی هێز زیاتر دەبێت. دوو هۆکاریش بۆ ئەمە هەیە. هۆکاری یەکەم ئەوەیە سەرۆک ئۆباما ئامانجی ڕێگرتن (prevention)ی هەڵبژاردووە، نەک گرتنەخۆ. ئەگەر ئامانجەکەی لە ئاست بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئێراندا گرتنەخۆ بوایە، ئەوا بە بەرنامەی ئەتۆمیی ئێران ڕازی دەبوو، بەڵام دواتر هەوڵی گرتنەخۆی بەرهەمەکەی دەدات، ئەو ئەم ئامانجەی نەگرتە ئەستۆ، بەڵام ئەو ئامانجی ڕێگەگرتنی گرتە ئەستۆ، چەند هۆکارێکیش هەیە بۆ ئەوەی ئەم کارەی نەکرد، چونکە قەناعەتی وا بوو ئامانجی گرتنەخۆ سەرکەوتوو نابێت، چونکە ئەو کاتە سعوودیەش دەبووە وڵاتێکی ئەتۆمی، ئەو کاتە ڕۆژهەڵاتێکی ناوەڕاستت دەبوو کە چەکی ئەتۆمیی هەیە. ئەمەش نەک تەنیا بە مانای کۆتایی هاتنی ڕێککەوتنی قەدەغە کردنی چەکی ناووکی دەهات، بەڵکوو ڕەنگە بە مانای شەڕێکی ناووکی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بهاتایە. گرتنەخۆ ڕێ لەم ناگرێت، لەبەر ئەوەی بڕیاری دا ڕێگرتنی بکاتە ئامانج. ڕێگرتن بە مانای ئەوە دێت ناتوانن چەکی ناووکیان هەبێت، بەڵام بەرنامە ئەتۆمییەکە بەردەوام دەبێت تا دەگاتە قۆناغێکی دیاری کراو، کە خەڵکی جیاواز هەڵسەنگاندنی جیاوازی بۆ دەکەن. ئێرانییەکانش لە پێگەیەکدا دەبن کە دەتوانن زۆر بە خێرایی بجووڵێن پێش ئەوەی ئێمە جووڵەکەیان دەست نیشانی بکەین و شتێکی لەبارەوە بکەین، تاکوو چەکێک بەرهەم دەهێنن و دەیخەنە بەردەم جیهانەوە.

ئەو کاتە لە ڕووی تیۆرییەوە ئێمە ئامانجی ڕێگرتنمان دەبێت، بــەڵام ناتوانیــن جێبەجێی بکەیــن. من دەڵێم ئەوە لە ســاڵی داهاتوودا ڕوو دەدات. کەواتە ئەگەر تۆ ســەرۆک ئۆباما بیت و ئــەم بابەتەت لە بەردەمدا بێت، من لە ناو ئیدارەکەدا بووم، من بەشــێک بووم لەو مشــتومڕەی لە بــەردەم ئەودا دەکرا، ئەو کەسێک نییە بڕیاری خۆی بسەپێنێت، ئەو کەسێکە دوای گوێ گرتن لە بۆچوونی هەردوو لا بڕیار دەدات، کە هەردوو هەڵوێســتەکەش بەڵگەی بەهێزیان هەیــە، ئینجا بڕیار دەدات. بڕیارەکەش ئەوەیە، ئەگەر دیپلۆماســیەت شکستی هێنا، ئەوا ئەگــەری بەکار هێنانی هێز زیاتــر دەبێت، ئەمە هۆکارێکە بۆ ئــەوەی ئەگەری بەکار هێنانی هێــز زیاتر بێت، لەبەر ئەوەی دەگەینــە خاڵێک کە دڵنیا نین هێشــتا دەتوانین ئامانجەکانمان بهێنینــە دی. هــۆکاری دووەم ئەوەیــە دەگەینــە خاڵێــک کە ئیســرائیل بــەو دەرەنجامــە دەگات کە بژاردەی ســەربازی لەدەســت دەدات، ئەویــش بــە لەبەر چاو گرتنــی قووڵایی و سروشت و زۆری و کاراکتەری بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئێران. مــن لە ماوەی ســی ســاڵی ڕابــردوودا کارم لەگــەڵ هەموو ســەرۆک وەزیرانێکــی ئیســرائیلدا کــردووە، هیچ ســەرۆک وەزیرانێکی ئیســرائیل نییە کە من بیناســم و هەڕەشــەیەکی هەبــوون (وجــوود) لــە ئێرانەوە بــەدی نەکات و دەســت لە بژاردەی سەربازی لە لایەن ئیسرائیلەوە هەڵگرێت بۆ مامەڵە کــردن لەگەڵیدا. کەواتە لەبەر هۆکارێک یان دوو هۆکار، هێز قابیلی بەکارهێنان دەبێت ئەگەر دیپلۆماســیەت شکستی هێنا، هەروەهــا چوارچێوەیەکــی زەمەنیــش دەبێت کــە تێیدا ئەمە دەبێتــە ئەگەر. پێم وایە ئەو چوارچێوە زەمەنییە، شــەش بۆ نۆ مانگی داهاتوو دەبێت، هەروەها ڕەنگە ئەمە، چوارچێوەی زەمەنــی، بۆ ڕووحانیش گونجاو بێت، نەک لەبەر ئەوەی ئەم چوارچێوە زەمەنییەی دەوێت، بەڵکوو لەبەر ئەوەی ئەگەر لە

مێژووی هەر سەرۆکێکی ئێران بڕوانیت، کە بە شێوەیەکی حەتمی لەگەڵ ڕابەڕی باڵادا دووچاری گرژی دەبێت. هەموو سەرۆکێکی ئێران لە کۆتاییدا لەگەڵ ڕابەری باڵادا تووشی گرژی دەبێت، لەبەر ئەوەی باوەڕ بکەن یان نا، ئەوان وەک سەرۆک هەوڵ دەدەن شتێک بکەن. لەساڵی یەکەمدا هەندێ بواری مانۆڕ کردنیان هەیە، بە تێپەڕ بوونی کات ئەم بوارە کەمتر دەبێتەوە، من مەزەندەی ئەوە دەکەم، ڕابەری باڵا بوار بە ڕووحانی دەدات براوە بێت، لەبەر ئەوەی یەکەمیان ئەو لە دۆخی ئابووری تێگەیشت و نیگەرانە لە ناڕەزایی سیاسی لە وڵاتەکەدا، دووەمیان دەرفەتێک بەم پیاوە دەدات بۆ ئەوەی بزانێت دەتوانێت چی بکات؟ ڕەنگە بە ڕێککەوتنێک بگەڕێتەوە، کە ڕابەری باڵا لەگەڵیدا هاوڕا نەبێت، ڕەنگە ڕووحانی بکاتە پاساوێک بۆ قبووڵ کردنی ڕێککەوتنێک. ئەوەتان لە بیر بێت، ئێران مێژوویەکی هەیە، لەم ڕووەوە کاتێک بیەوێت هەندێ هەمواری دیاری کراو بکات، کاتێک خومەینی کۆتایی بە شەڕەکەی لەگەڵ عێراقدا هێنا، بەو شێوەیە وەسفی کرد کە وەک خواردنەوەی پەرداخێک ژەهر وایە. ئەو نەیدەویست ئەم کارە بکات، بەڵام باجەکەی زۆر گران بوو. ڕەنگە ئێستاش خامنەیی بوار بە ڕووحانی بدات بڕوات گفتوگۆ بکات و کۆتایی بەمە بهێنێت، بەڵام مەسەلەی سەرەکی لە بەجێ گەیاندنی ئەم کارە ئەوەیە، ئێمە ڕێگاچارەی هەنگاو بە هەنگاومان لە گفتوگۆکانماندا لەگەڵ ئێران گرتووەتە بەر، ئێمە پێمان وا بوو کە زۆر سەختە لەگەڵیاندا بگەینە ڕێککەوتنێکی تەواو لەبارەی بەرنامە ئەتۆمییەکەوە. ئێمە باوەڕمان وا بوو، مەبەستم لە ئێمە پێنج ئەندامە هەمیشەییەکەی ئەنجومەنی ئاسایش لەگەڵ ئەڵمانیادا، کە لەم ڕووەوە گفتوگۆ لەگەڵ ئێراندا دەکەن، کە با ڕێگاچارەی بنیاتنانی متمانە لەگەڵ ئێراندا بگرینە بەر، ئێمە هەنگاوێک بنێین و ئەوانیش دواتر هەنگاوێک بنێن، ئەوان

ڕێژەی پیتاندنی یۆرانیۆم لە سـەدا بیستدا بهێڵنەوە و ئێمەش هەنگاوێـک بنێین لە بەرانبەردا، کێشـەکە ئەوەیە ئێمە داوای هەر هەنگاوێک لە ئێران دەکەین ئەوان بە بازدانێک سـەیری دەکـەن، هـەر هەنگاوێکی ئێمەش بە هەنـگاوی زۆر بچووک دادەنێـن. لە یەکێک لـە قۆناغەکاندا گوتیان: ئێمە ئەڵماسـتان دەدەینێ و ئێوەش شـکولاتە، من بەرگری لە ئێران ناکەم، تا دەگەینە خاڵێک کە هەردوو لا دەتوانن هەڵوێستی خۆیان ڕوون بکەنەوە و مشتومڕ بکەن، ئێمە زیاتریان پێ نابەخشین، لەبەر ئەوەی ئەوان کاراکتـەری بەرنامەکەیان ناگۆڕن و هەنگاوی سـنووردار دەنێن، بەڵام پێیان وایـە هەنگاوی گەورە دەنێن. پێـم وایە ئەگەر بمانەوێت دیپلۆماسـیەت سـەرکەوتوو بێت، ئـەوا بە ڕەچاو کردنی ئەو چوارچێـوە زەمەنییە، کە باوەڕم وایە سـەرکەوتوو دەبێت، بۆ خسـتنە ڕووی پێشـنیارێک بۆ کۆتایی هێنان بە کێشە ئەتۆمییەکە، ئەمە جۆرە ڕێککەوتنێکی گەورە نییە بۆ یەکلایی کردنەوەی هەموو کێشـەکان، بەڵکوو ئەمە شـتێکی جیاوازە، لێرەدا من دەگەڕێمەوە بۆ جەوهەری دیپلۆماسیەت، ئایا جەوهەری دیپلۆماسیەت چییە؟ من کەسێکم بەشێکی زۆری ژیانم لە گفتوگۆدا بردووەتە سەر، مەسەلەی سەرەکی بۆ سەرکەوتنی گفتوگۆ بریتییە لە:

یەکـەم، بیانوو بڕین، هەمیشـە لایەنانی جیـاواز بیانوویان هەیە بۆ ئەوەی نەتوانن چەند شتێکی دیاری کراو بکەن.

خاڵـی دووەم: بریتییـە لـە پێدانـی ڕوون کردنـەوە، مـن نەبوومەتە بەشـێک لە هیچ گفتوگۆیەک، کە ئەگەر بتویستایە بگەیتـە ڕێککەوتنێـک، ئـەوا هیـچ لایەنێک نەبوو پێویسـتی بـەوە نەبێت ڕوون کردنـەوە بدات، لەبـارەی ئەوەی بۆچی ڕێککەوتنەکە بۆ ئەوان باشـە؟ کەواتە دەبێت بیانوو ببڕیت و ڕوون کردنەوەش بدەیت.

لە حاڵەتی ئێراندا ئەوان هەمیشـە بیانوویەکی بەردەوامیان

هەیە لە گفتوگۆدا، بیانووەکەشیان ئەوەیە دەڵێن ئێمە نازانین ئێـوە ئامادەن چ جـۆرە بەرنامەیەکی ئەتۆمـی قبووڵ بکەن؟ بـەڵام ئەگـەر تۆ هەنـگاو بە هەنـگاو کار بکەیت، ئـەوا ئەم وەڵامەیان نادەیتەوە. پێویسـتە ئێمە پێشنیارێک بخەینە سەر مێز کە راستگۆیی تێدا هەبێت، بواریان پێ بدەین بەرنامەیەکی ئاشـتیانەی ئەتۆمییان هەبێت، ئەمە ئەوەیـە کە ئەوان دەڵێن دەمانەوێت، ئەمە مانای بیانوو بڕینە، ئەوان دەڵێن بەرنامەیەکی مەدەنیانەی ئەتۆمییان دەوێت، پێشـنیارێک بخەرە سـەر مێز کە راسـتگۆیی تێدا بێت، بۆ ئەوەی ببنە خاوەن بەرنامەیەکی مەدەنیـی ئەتۆمـی، کە ئەوەندە کۆت و بەندی لە سـەر بێت، زەحمـەت بێت بۆیان لـە بەرنامەیەکی مەدەنیـی ئەتۆمییەوە بەرەو دروست کردنی چەکی ئەتۆمی کار بکەن. ئەو کۆت و بەندانەش دەبێت بە شێوەیەک بن، بتوانیت لێیان دڵنیا بین بۆ ئەوەی نەتوانن فرت و فێڵ بکەن، ئەمە بیانووەکەیان دەبڕێت. هەروەها ئەمە ڕوون کردنەوەیەکیان دەداتێ. ڕابەری گشـتی چەنـد فتوایەکی دەرکـردووە، کە تێیاندا باسـی ئەوەی کرد، بـوون بە خاوەنی چەکەی ئەتۆم گوناهە، هەندێ کەس دەڵێن ئەمە بەسـە، بەڵام کێشـەکە ئەوەیە ئـەو دەتوانێت فتوایەکی نوێ دەربکات و بڵێیت هێزگەلی لووتبەرز دەیانەوێت ئیرادەی خۆیـان بـە سـەرماندا بسـەپێنن، ئێمـەش پێویسـتمان بەم جـۆرە بەرگرییـە دەبێت، بەڵام ئەگەر بیەوێـت فتواکە ڕوون کردنەوەیەکـی پێ دەدات، ئەگەر ئـەوان دەڵێن بەرنامەیەکی مەدەنیانەی ئەتۆمییان دەوێت، ئەوا پێیان دەدەین، بەو شێوەیە ئێمە بیانووەکانیان دەبڕیـن، ئەویش ڕوون کردنەوەیەکی بە دەمەوە دەبێت، بەڵام ئەگەر ئێمە پێشنیارێک بخەینە سەر مێز کە راستگۆییانە بێت، راستگۆیی لە ڕوانگەی ئێمەوە نا بە تەنیا، بەڵکـوو دەبێت لە ڕووی نێودەوڵەتییەوە راسـتگۆیی هەبێت، کەچـی ئەوان ڕەتیان کردەوە. ئەوا تـۆ ڕێڕەوەکە دەگۆڕیت،

چونکــە تــۆ دەیانخەیتــە دۆخێکەوە کە پەردەیان لە ســەر لا دەدەیــت، واتــە ئەوە ئاشــکرا دەکەیت کە ڕەنگــە ئەوان بڵێن بەرنامەیەکی مەدەنیانەی ئەتۆمییان دەوێت، بەڵام لە ڕاستیدا چەکــی ئەتۆمییان دەوێت. ئەگەر ئێمە ڕەوتی دیپلۆماســیەت بەرەو پێشــنیارێک ببەین، کە کۆتایی بە گەمەکە بهێنێت، ئەوا دەکرێت بەوە دەست پێ بکەین، کە ئەم پێشنیارە لە دانیشتنی تایبەتــدا بخەینە ڕوو. من دەڵێــم ئەمە بە لای کەمەوە یەکێکە لە ڕێوشوێنەکان.

شــتێکی دیکە کە پێویستە بیڵێم ئەوەیە، من باسی پێنج کۆ یەکــم کرد، بەڵام ئەگەر ڕێککەوتنێک بکرێت، ئەوا دەرەنجامی ڕێککەوتنێکــی دووقۆڵــی دەبێت. هەر لە ســەرەتاوە ئیدارەی ئۆبامــا ڕێککەوتنی دووقولێی ویســتووە، بــەڵام ئێرانییەکان ئامادە نەبوون بۆ ئەم کارە، ئەگەر گوێ لە قسەکانی ڕووحانی بگریت، ئەوا ناڕاستەوخۆ ڕایدەگەیەنێت، کە کراوەیە بە ڕووی گفتوگۆی دووقۆڵیدا. ئەو کەسێکی کردووە بە وەزیری دەرەوە، کە لە ئەمریکا باڵیۆز بووە، باش شارەزای ئەمریکایە، کەسێک دەزانێــت چۆن هەڵســوکەوت بــکات و چۆنیــش کار بکات؟ ئاشــکرایە ئەمــە ئاماژەیەکە لــە لایەن ئەوەوە، کــە دەیەوێت ڕێی دیپلۆماســیەت بگرێتە بــەر، بەڵام دەبێت ئــەم ئاماژەیە لەگــەڵ بەرنامەکــەدا، کــە واقیعێکــی بەرچــاوە، بگونجێنێت، بــەڵام ئەگــەر ڕێککەوتنێک بێتــە ئاراوە، ئــەوا دەبێت لە ڕێی گفتوگــۆی دووقۆڵییەوە بێت، تەنانەت ئەگەر لە سەرەتاشــدا بــە نهێنی بێــت. کاتێکیش ئەو گفتوگۆ دووقۆڵییە دەســتی پێ کرد، مەرج نییە وادەی کۆتایی دابنێیت، من وا ناڵێم. من دەڵێم لەبــەر چەند هۆکارێک بەرەو کۆتایی گەمەکە بچن، یەکەمیان پەیوەندیی بە بیانووەکانەوە هەیە، هەروەها ئەوە دەسەلمێنین کە ڕاســتگۆین، کاتێک دەڵێین ئەو دەرفەتەی بە دیپلۆماسیەت دەدرێت سنووردارە، هەر کاتێک ڕێگاچارەی هەنگاو بە هەنگاو

دەگریتــە بەر، ئەوا ئاماژەی دژ بە یەک دەنێریت، چونکە هەر کاتێک دەڵێین دەرفەتی دیپلۆماسیەت بەرەو داخران دەچێت و ئێمەش هەنگاو بە هەنگاو کار دەکەین، ئەوا پەیامێک دەنێرین کــە نەخێر دەرفەتی دیپلۆماســیەت بۆ هەتــا هەتایە کراوەیە. نابێت ئێرانییەکانیش بەم شــێوەیە بیــر بکەنەوە، بەڵام ئەگەر ڕووحانی دەیەوێت سزاکان هەڵبگیرێن، کە ئاشکرایە دەیەوێت ســزاکان هەڵبگیرێــت، ئەوا کێشــەی ڕێگاچــارەی هەنگاو بە هەنگاو ئەوەیە، کە ئەو ســزا ســەرەکیانەی ئەوان دەیانەوێت هەڵبگیرێن، بریتین لە ســزای ســەر بانکــی ناوەندی، چونکە ئەمە فرۆشتنی نەوت بۆ ئەوان قورس دەکات. ئەوان لە ساڵی ٢٠٠٩دا ڕۆژانە ٢,٥ ملیۆن بەرمیلیان دەفرۆشت، ئێستا ئەوان تەنیــا یەک ملیــۆن بەرمیل نەوت دەفرۆشــن، تەنانەت ئەگەر نرخەکەشــی گران بوو بێت، ئەوا لەدەســت دانێکی گەورەی داهاتە. ئەمەش هەموو چیرۆکەکە نییە، ئەوان لە ساڵی ٢٠٠٩دا توانای بەرهــەم هێنانیان ٤,١ ملیۆن بەرمیل بوو لە ڕۆژێکدا، ئەمــەش بــۆ ٢,٥ ملیۆن بەرمیــل لە ڕۆژێکدا دابــەزی، لەبەر ئەوەی ناتوانن نەوت بفرۆشن، لەبەر ئەوەی ژێرخانی کەرتی نەوتیان بە تەواوەتی داتەپیوە، پێویستیان بەوە هەیە لە سەر ئاســتێکی بەربڵاو تەکنەلۆجیا و ســەرمایەی تێدا بخەنە گەڕ، بەڵام سزاکان ڕێگری لەمە دەکەن، کەواتە ناچارن کێڵگەکانی نــەوت دابخەن، کاتێک دەبینــن داهاتەکە بە تێپەڕ بوونی کات کەم دەبێتەوە، داهاتی نەوتیش سەرچاوەی سەرەکیی داهاتی حکوومەتــە، ئەوا خۆیان لە دۆخێکدا دەبیننەوە کە کێشــەیان هەیــە. هەر ئەمەش هــۆکاری ئەوەیە کە ڕووحانی بۆ دەرباز بوونێــک دەگەڕێــت، بــەڵام دەبێــت ئێمە ئــەم ئەگــەرە تاقی بکەینــەوە، من نازانم ســەرکەوتوو دەبێت یان نا؟ بەڵام تاکە ڕێگــە بۆ تاقی کردنــەوەی ئەم ئەگەرە، بــژاردەی هەنگاو بە هەنگاو نییە، بەڵکوو پێشنیاری کۆتاییهێنەر بە گەمەکەیە.

**کۆباس**

ئــەوەی مــن باســم کــرد ئەوەیــە، وێنەیەکــی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستم بۆ ئێوە ڕەنگ کرد کە جیاوازە، ئەمە ڕۆژهەڵاتێکی جیاوازی ناوەڕاســتە و ئێمە نازانیــن بە تێپەڕ بوونی کات چ شێوەیەک وەردەگرێت؟ دەست ڕۆیشتوویی ئێمە تا ڕادەیەک ســنووردار دەبێت، بــەڵام دەبێت ئامانجەکانمــان ڕوون بن، لــە هەر شــوێنێکدا کــە تەرکیز لەســەر ئەوە دەکەیــن، ئاخۆ دیپلۆماســیەتی ئێمە لە ئاستیدا چۆن بێت؟ تەنیا لەبەر ئەوەی ئەمــە هەلومەرجێکی گــۆڕاو و نەزانــراوە، زۆریش دژوارە، ئەمــە بە مانای ئــەوە نایەت کە مەودایەک بۆ دیپلۆماســیەت نییــە. جەوهەری دەوڵەتداری ئەوەیــە بزانیت مەوداکە چییە؟ تەنانەت ئەگەر ئامانجەکانیشت بەو شێوەیە نەبوون کە ئێستا بەدی بهێندرێن، ئەوا تەرکیز لە ســەر گۆڕینی هەلومەرجەکە بکەیــت، بۆ ئەوەی ئــەو ئامانجانەی ئێســتا ناتوانیت بەدییان بهێنیت، بە تێپەڕ بوونی کات بەدەست بهێندرێن.

**پرسیار و وەڵام:**

**تــا چ ڕاددەیــەک گرنگە کــە حەز بەو کەســانە بکەیت کە گفتوگۆیان لەگەڵدا دەکەیت؟*

-ئەمــە پرســیارێکە بە ڕاســتی جێــی بایەخ پێدانە. پرســی ســەرەکی لە گفتوگــۆ کردنێکــی کارادا بریتییە لــە بنیاتنانی پەیوەندیــی متمانــە، مــن ئەمە دەڵێــم لەبەر ئــەوەی هەموو گفتوگۆیــەک گەمەی تێدایە، کاتێک گفتوگۆکان دەگەنە خاڵێک کــە ناچاریت متمانە و باوەڕ بوونی پێویســت بخوڵقێنیت، بە شــێوەیەک کاتێک دەڵێن: من ئــەم کارە یان ئەو کارە دەکەم، لایەنــی بەرانبــەر بــاوەڕت پــێ بــکات و وا نەزانێــت گەمە کردنــە، بەڵام ئایــا متمانە و باوەڕ بوون پێویســتیان بەوەیە بەرانبەرەکــەت خۆش بوێت؟ لە ڕاســتیدا ئەمانە پێویســتیان

بەوەیە ڕێز لە بەرانبەرەکەت بگریت، ناچار نین ببنە دۆستێکی زۆر باش بۆ یەکتری، ئەگەرچی ئاسانترە ببنە دۆست. لە هەر گفتوگۆیەکـدا من لـە کۆتاییدا پەیوەندیـی زۆر نزیکم لەگەڵ ئەو کەسانەدا دەبەسـت کە کارم لەگەڵدا دەکردن. مەسەلەی سەرەکی بۆ دروست کردنی ڕاستگۆیی و متمانە ئەوەیە، ئەو کارانـە بکەیت کە بۆ تۆ سـەختن، لەبەر ئەوەی باوەڕت وایە ئەمە گرنگە بۆ لایەنی بەرانبەر، کاتێک ئەم کارە دەکەیت ئەوا کارێک ناکەیت بە تەنیا بۆ ئەوەی لایەنی بەرانبەر ئاسـوودە بێت، بەڵکوو تۆ ڕاستگۆیی خۆشت دروست دەکەیت.

*ئایا سـوپای ئەمریـکا دەتوانێـت زیانێکـی کاریگـەر بە بەرنامـەی ئەتۆمیی ئێران بگەیەنێت؟ ئـەدی بۆچوونت چییە لەبارەی سوپای ئیسرائیلەوە، کە هەمان زیان بگەیەنێت؟

-وەڵامەکـە بەڵێیـە بۆ هەردوو سـوپاکە، بـەڵام با هەندێ بۆچـوون بخەینـە ڕوو، هیـچ کەسـێک ناتوانێـت بەرنامەی ئەتۆمیی ئێران لەناو ببات، دووبارەی دەکەمەوە هیچ کەسێک ناتوانێـت بەرنامـەی ئەتۆمیـی ئێـران لەناو ببـات. هۆکاری ئەوەی هیچ کەسـێک ناتوانێت بەرنامەی ئەتۆمیی ئێران لەناو ببات بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە کەس ناتوانێت زانیاری و توانا ئەندازەییەکە لەناو ببات. ئێمە دەتوانین هەموو دامەزراوەکان تێک بشکێنین، ئیسرائیل دەتوانێت زۆربەی دامەزراوەکان تێک بشـکێنێت. یەک دامەزراوە هەیە کە ئیسـرائیل ناتوانێت تێکی بشـکێنێت، دەتوانـن پەکـی بخەن و مەرج نییە بـە تەواوەتی تێکی بشـکێنن، ئەویش دامەزراوەیەکە بە ناوی فۆردۆ، کە لە شاری پیرۆزی قومەوە نزیکە، لە نێو چیادا دروست کراوە و دامەزراوەی پیتاندنی یۆرانیۆمە. ژمارەی سـەنتەرفیوژنەکان زۆر نین، بە بەراورد بە سەرجەم بەرنامەکە، بەڵام ئیسرائیل ناتوانێت لە ڕێی بۆردوومانەوە ئەم دامەزراوەیە تێک بشکێنێت، بـەڵام ئێمە ئەم توانایەمان هەیـە و بۆمبێکمان هەیە بە ناوی

massive ordinance penetrator، کــە کێشــەکەی ٣٠ هــەزارە پاوەنــە و پێی دەگوترێت mop، تەنیا فڕۆکەی (بی ٥٢) و (بی ٢) دەتوانــن هەڵیگرن. ئەمە بۆ هیچ کەســێکی دیکە دروســت نەکــراوە. ئێرانییەکان هەســت بە گوشــاری ئابووری دەکەن کــە لە ســەریانە. ئێســتا باوەڕیان وا نییە ئێمــە هێز لە دژی ئەوان بەکار دەهێنین، بەڵام دەبێت باوەڕیان وا بێت ئێمە هێز بەکار دەهێنین، ئەگەر بمانەوێت لە کۆتاییدا بگەینە ڕێککەوتن. کەواتە یەکێک لە بیرۆکە نانەریتییەکانی من ئەوەیە، کە لەبەر ئــەوەی من توانای مووشــەکی (مۆب)م بینیــوە، ئەوا دەبێت وێنەی ئەم توانایە بگرین و لە سەر یوتیوبی دابنێین.

*ئایــا بێــدار بوونەوەی عــەرەب بە بــێ ئینتەرنێت ڕووی دەدا؟

–نەخێــر، بێدار بوونەوەی عــەرەب بە بێ ئینتەرنێت ڕووی نەدەدا، ئەگەرچی محەمەد بوعەزیزی کە میوەفرۆشــێک بوو لە توونس، ئەو کەســێک نەبوو لەســەر ئینتەرنێت بێت، بەڵام نەوەیەکی تەواو هەن کە لە سەر ئینتەرنێتن. ئەوەی ئینتەرنێت کردوویەتــی و ئەوەی سۆشــیال میدیــا کردوویەتی، بڕواننە تویتەر و فەیســبوک، کە هەموو ئەوانــە ئامرازی جیاوازن و بۆ پەیوەندی کردن بەکار دەهێندرێن، ئەمانە توانای ئەوەیان دروســت کردووە خــۆت بە ئەوانــی دیکە بــەراورد بکەیت، ئەمەش مەســەلەی ســەرەکییە لەم پرســەدا، کــە نەوەیەکی تەواوت هەیە، لە بنەڕەتدا منداڵن، کە لە بارودۆخی خۆیان و بەوەی ئەمە چ ڕەوشــێکی قبووڵ نەکراو بوو، بە ئاگا بوون. هەروەهــا ئەمە چ دۆخێکی بێ ســوود و بــێ ئومێد بوو، کە ئەوان ئامادە نەبوون لەگەڵیدا بژین. ئەمەش بووە چەخماخە. کاتێک دایک و باوکانیان ئامادە نین بچنە ســەر شــەقام، ئەوا هانیان دەدەن کە هەمان کار بکەن.

*ئەگـەر بـە تویتەر نامەیەک بـۆ (CHQ@)*، بنێریت، پێت وایە بێدار بوونەوەی عەرەب دەرفەتگەلێک دەرەخسـێنێت بۆ چارەسەر کردنی ناکۆکیی ئیسرائیل و فەلەستینی؟

-دژیەکییـەک لێرەدا هەیـە، بۆ ماوەیەک بێـدار بوونەوەی عـەرەب کاریگەرییەکی قـووڵ و ترسـێنەری وەک یەکی بە سەر ئیسرائیلی و فەلەستینییەوە هەبوو. سەرەتا ئەگەر تۆ لە جێی ئیسرائیل بیت و لە دەوروبەری خۆت بڕوانیت، دەبینیت ئیخوان موسـلمین لە میسردا دەسەڵات دەگرنە دەست، سینا، کە لە هەندێ ڕووەوە ناوچەیەک بوو کەس تێیدا باڵادەسـت نەبووە، بووە بنکەی جیهادییەکان و تا چەند مانگێکیش هەر وا بوو، بەڵام ئێستا سوپای میسر هێرش دەکاتە سەریان. دواتر لـەوە دەڕوانیت کە لـە سـووریادا ڕوو دەدات، کە هەروەک ئـەوە وایە تەواوی دەوروبەرت هـەرەس بهێنێت. زۆر کەس دەڵێـن ئایا کاتی ئـەوە هاتووە سەرکێشـی بکەین و خۆمان ئاشـکرا بکەیـن؟ ئەگەر ئەبوو مازن بیت و سـەیری میسـر بکەیت کە ئیخوان موسـلمین دەسـەڵاتیان هەیە، حەماسیش ئیخوان موسـلمینی فەلەستینە، چونکە بەشێکە لە هەمان ئەو ڕێکخراوە، واش دەردەکەوێت کە ئایندە بۆ ئیسلامی سیاسییە و منیـش هـەر هەنگاوێک بنێـم ئەوا ڕەتی دەکەنـەوە، جا وا دەردەکەوێـت کە ئەوان لـە ئاییندەدا لە ڕووی سیاسـییەوە دەست ڕۆیشتوو دەبن، کەواتە کاریگەریی ترسێنەری هەبوو، بـەڵام ئەمە دژیەکییەکی تێدایە، ئەم دژیەکییەش دوو توخمی هەیـە، تەواوی ناوچەکە تەرکیزیان لە سـەر هەموو شـتێکە، ئەم پرسـە نەبێت. کەواتە ئەمە پانتاییەکی سیاسـی دروست دەکات، کەس سەرنج لە تۆ نادات، ئەگەر کەسیش سەرنج لە تۆ نەدات، ئەوا ئەمە پانتاییەکت بۆ دروست دەکات کە شتێک بکەیت، ئەمە توخمی یەکەمی دژیەکییەکەیە. توخمی دووەمی ئەوەیە، کە پێ ناچێت ئایندە بۆ ئیسلامی سیاسی بێت، حەماس

گورزێکــی زۆر کاریگەری بەر کەوتــووە، نەک لەبەر ئەوەی ئیخوان موسلمین دەسەڵاتیان لە میسر لەدەست داوە، بەڵکوو لەبــەر ئەوەی بەشــێکی زۆری کۆمەڵگەی میســر، ئەگەر تۆ ڕۆژنامەکانی میسر بخوێنیتەوە، هەموو ئەو تیۆرییانە دەبینیت لەبــارەی ڕۆڵی حەماس لە شۆڕشــی بنەڕەتیدا و دەرکردنی مورســی لــە زیندان و کوشــتنی ئەندامانی ســوپا و پۆلیس. نیشانشــکێنانی حەماس لە لایەن ئیخوان موســلمینەوە بەکار هێندراون، ڕۆژنامەکانی میســر پڕن لەم بابەتانە، کە بوونەتە بەشــێک لــە حیکایەتێکی نویٚ لــەو وڵاتەدا. کەواتــە لە لایەن میســرەوە حەماس هێرشی دەکرێتە سەر، ســوپا تونێلەکان دادەخات، بە شێوەیەک پێشتر وێنەی نەبووە. ئێستا سەرقاڵی گوشینی غەززەیە، کەواتە لەوێوە هێرشیان دەکرێتە سەر، لە ســووریا جیا دەبنەوە بە هۆی ئەو شــەڕەی لەوێدا هەیە. لە ئێران جیابوونەوە و ئێســتاش دەیانەوێت دۆخەکە لەگەڵیاندا ئاســایی بکەنــەوە، چونکــە هەمــوو ســەرچاوەکانی دارایی لەدەست دەدەن، کەواتە ئەوان لاواز بوون، ئەمەش پانتاییەک بە ئەبوو مازن دەدات. بە لای ئیسرائیلیانەوە، ئێستا ئەگەرچی ئاشتی لەگەڵ فەلەستینیاندا نییە، بەڵام سەقامگیری هەیە، دوا شــتێک کە تۆ بتەوێت لە دەســتی بدەیت ئەو سەقامگیرییەیە. کەواتە ئێســتا یەکگرتنەوەیەکی ســتراتیژیانەی بەرژەوەندی هەیە، نــەک لەبەر هەوڵەکانی وەزیری دەرەوە (جۆن کێری)، کــە پێم وایە تا ئێســتا هەوڵی تەواو کاریگــەر بوون، بەڵکوو لەبەر ئەوەی ڕێڕەوێک هەیە کە هەردوو لا هۆکارێکیان هەیە بــۆ ئەوەی، بە لای کەمەوە، قســە لەگەڵ یەکــدا بکەن، بەڵام ئایــا ئەمە بەســە بۆ ئــەوەی ڕێککەوتنێکی لــیٚ بەرهەم بێت؟
مــن نازانم، بەڵام مــن ئەمە دەڵێم، یەکێک لــە نیگەرانییەکانی من ئەوەیە، لە ماوەی بیســت ســاڵی ڕێککەوتنی ئۆسلۆدا، کە بیٚ باوەڕییەکی تەواوی لە ئاســت یەکدا، لە لای ڕای گشــتیی

ئیسرائیل و فەلەستین دروست کردووە. بڕواننە ڕاپرسییەکان کـە لـە ماوەی چەنـد سـاڵی ڕابـردوودا بـەردەوام کراون، دەبینیت زۆربەی ئیسـرائیلییەکان و زۆربەی فەلەستینییەکان باوەڕیـان بەو چارەسـەرە هەیە، کـە هەبوونی دوو دەوڵەت لەخۆ دەگرێت، بەڵام هەردوو لایان بە هەمان ژمارە باوەڕیان وایە هەرگیز ڕوو نـادات. هۆکارەکەش ئەوەیە هەر لایەکیان باوەڕیان وا نییە کە لایەنەکەی دیکە پابەندە بە چارەسـەری دوو دەوڵەتییەوە. فەلەسـتینی لە ئیسرائیل دەڕوانن و دەڵێن، ئەگەر باوەڕی بە چارەسەری دوو دەوڵەت هەیە بۆچی لە نێو دەوڵەتی ئێمەدا بینا و ئاوەدانی دروست دەکەن؟ بۆچی هەموو لایەکـی ژیانی ئێمەی کۆنترۆڵ کردووە؟ ئەگەر ئیسـرائیلیش بیـت، ئەوا ئەو پرسـیارە دەکەیت، بۆچی فەلەسـتینی هەموو شـتێک لەبارەی ئێمـەوە دەڵێن، کە بەردەوام ئەو قسـانەش ڕەنگدانـەوەی ڕق و داماڵینی شـەرعیەتە؟ بۆچی دەیانەوێت لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی شەرعیەت لە ئێمە دابماڵن؟ کەواتە هەردوو لا بەو شـێوەیە لـە یەکتر دەڕوانن، کـە قەناعەتیان وایـە لایەنەکەی دیکە باوەڕی بە چارەسـەری دوو دەوڵەت نییە، کاتێک ئیسرائیلی لە چارەسەری دوو دەوڵەت دەڕوانن، دەڵێـن ئەمە بـە مانای دەوڵەتێکـی دوو نەتەوەیی دێت، نەک ئیسـرائیل دەوڵەتێکـی جـوو بێـت، فەلەسـتینیش کاتێـک لە ئیسـرائیل دەڕوانن دەڵێن، باوەڕیان بە دروسـت کردنی دوو دەوڵـەت نییە. کەواتە ئەوەی من پێشـنیارم کـردووە، کە بە نهێنی پێشنیارم کرد و بە ئاشکرا لەبارەیەوە نووسیم، ئەوەیە لە پـاڵ ئەجێندای گفتوگۆی ڕەسـمیدا، دەبێت ئـەم جارەیان شتێکی جیاواز بکەین، واتە دەبێت ئەو بێ باوەڕییە بنەڕەتییە لای هەردوو لا نەهێڵین، کە هەر یەکەیان بە گومانن لە پابەند بوونی لایەنەکەی دیکە بە چارەسەری دوو دەوڵەتەوە. من لە وتارێکدا لە (نیویۆرک تایمز)دا باسم لە پێشنیارەکەم کردووە،

که شــەش خاڵ هەیە ئیســرائیلی بیری لێ بکەنەوە و بیگرنە بەر، شــەش خاڵــی دیکەش فەلەســتینی لەبەر چــاوی بگرن و جێبەجێــی بکەن. چــوار خاڵی دیکەش هــەن، کە هەنگاوی هاوبەش هەڵێنن بــۆ هێنانە دییان. من داوا لە هیچ لایەنێکیان ناکەم هەنگاوی یەکلایەنە بگرنە بەر، لەبەر ئەوەی لە بنەڕەتدا هەنگاوی یەکلایەنــە یەکلایەنایەتــی (unilateralism) بەرهەم دەهێنێــت، بەڵکــوو دەبێــت هەنــگاوی دوولایەنــە بێــت و بە هەماهەنگیش بێت. من باسی هەر ١٦ خاڵەکە ناکەم، ئەگەرچی دەتوانم باســیان بکەم، بەڵام با لەبارەی هــەر لایەنێکیانەوە، نموونەیەکتان بدەمێ. ئەگەر فەلەستینی گومانیان هەیە لەوەی ئیســرائیل بە چارەســەری دوو دەوڵەتییــەوە پابەند بێت، کە تەنیا یەکەکان (یەکەی نیشــتەجێ بــوون: settlement blocks) بنیات بنێ، یەکەکانیش تەنیا ئەوانەی ڕۆژئاوای بەربەســتەکە دەگرێتــەوە، ئەمانــە یەکــەی نیشــتەجێ کردنــن. ئاشــکرایە کۆمەڵگەی نیشــتەجێ کردن لە ڕۆژهەڵاتی بەربەستەکەشــدا هەیە، بەڵام ئەو بەربەســتەی ئیسرائیل لەبەر هۆکاری ئەمنی دروســتی کردووە، نزیکەی لە سەدا هەشتی کەناری ڕۆژئاوا دەگرێتەوە، واتە لە سەدا ٩٢ی ناگرێتەوە و دەستی لە بنیاتنانی کۆمەڵگــە لەو ٩٢٪ــە هەڵگرتووە، تەنیا یەکــەکان بنیات بنێ، ئەمە پەیامێکی ڕاســتەوخۆ دەنێرێــت، لەبەر ئەوەی پەیامەکە ئــەوە دەبێت، ئێمە تەنیا لەو بەشــەدا کاری بنیاتنان دەکەین، کە باوەڕمان وایە بەشــێک دەبێت لە دەوڵەتی خۆمان. باشــە ئەگەر لەبارەی قەبارەی بلۆکەکەوە هاوڕا نین، ئەوا گفتوگۆی لەبارەوە دەکەین، بەڵام ئێســتا بە ڕوونی ڕایدەگەیەنین، ئێمە تەنیا لە ناو وڵاتەکەی خۆماندا کاری بنیاتنان دەکەین، ئێمە بە چارەســەری دوو دەوڵەتــەوە پابەندین، تەنیا لە چوارچێوەی بلۆکەکــەی خۆماندا کاری بنیاتنان دەکەین، نەک لە پانتایی لە سەدا ٩٢ـەکەی دەرەوەی بلۆکەکە، ئەمە نموونەیەک.

نموونەیەکـی دیکە ئەوەیە، ناوچەی (سـی) تەنیا لە سـەدا شەسـتی کەناری ڕۆژئـاوا پێک دەهێنێت. مـن لەبارەی زۆر شـتەوە گفتوگـۆم کـردووە و هاوکاریـی گفتوگۆکانیشـم کـردووە، کـە ڕێککەوتنێکی کاتی کرا بـەوەی ناوچەی (A و B و C)ی دروسـت کـرد، کاتێک یاداشـتی (white river)مان ئیمزا کرد، ئێمە لە سـەدا شەستی کەناری خۆرئاوامان وەک ناوچەی C دەسـت نیشـان کرد، تەنیا ١٢٠ هەزار فەلەستینی لە ناوچەی سـیدا دەژین، بەڵام ئەمە لە سەدا ٦٠ی خاکەکەی پێک دەهێنێت. ناوچەیەکە تێیدا ئیسـرائیل هەموو دەسـەڵاتی ئەمنی و مەدەنیی بە دەسـتەوەیە، ناوچەی A فەلەستنییەکان هەمـوو دەسـەڵاتێکی ئەمنـی و مەدەنییـان بە دەسـتەوەیە، کـە لە سـەدا ١٨ی خاکەکەیە، ناوچەی B دەسـەڵاتی ئەمنی و مەدەنیـی تەواویـان هەیە و لە سـەدا ٢١,٧ـە، ناوچەی C باقیەکـەی دیکەیەتی. دەبینین من بەشـێکی زۆر ژیانم لە کار کردن لە سـەر ئەمە بردووەتە سـەر. کەواتـە لە ناوچەی C ئەم ناوچەیە بە ڕووی چالاکیی ئابووریانەی فەلەستینییەکاندا بکەرەوە، ئەوان تەنیا ڕێگای چالاکیی دابڕاو و بچووکیان پێ دەدرێـت، بەڵام دەرگا بە ڕووی چالاکیی ئابووریدا بکەرەوە. ئەمە دوو پەیام دەنێرێت، یەکەمیان ئەوەیە ئێمە ڕاسـتگۆین، کاتێک دەڵێین ئێمـە نامەوێت کۆنترۆڵتان بکەین و نامانەوێت داگیرتـان بکەیـن. پەیامـی دووەم ئەوەیـە ئەمـە لـە ڕووی ئابوورییەوە لە بەرژەوەندیـی ئەواندایە، کەواتە دوو هەنگاو یەکەمیـان تەنیـا بلۆکێک بنیـات بنێ و ئامـادەی کردنەوەی ناوچـەی C بە. دوو هەنگاویش لە لایەن فەلەسـتینییەکانەوە، یەکەمیـان ئەوەیـە ئامادە بە وڵاتی ئیسـرائیل بخەیتە سـەر نەخشە، زۆر زەحمەتە قەناعەت بە هەر ئیسرائیلییەک بکەیت کە فەلەستینی پابەندن بە چارەسەری دوو دەوڵەتەوە، ئەگەر وڵاتی ئیسـرائیل لە سەر هیچ نەخشەیەکی فەلەستینی نەبێت.

هەنــگاوی دووەم ئەوەیە بکەوە باس کردنی دوو دەوڵەت بۆ دوو نەتــەوە. دەبێت ئەمە بڵێم، دوو دەوڵەت بۆ دوو نەتەوە، من ناڵێم ئێســتا بڵێ دەوڵەتێکی جوو، بەڵام بڵێ دوو دەوڵەت بــۆ دوو نەتەوە، بڵێ: بەڵێ دوو بزووتنەوەی ناسیۆنالیســتی و دوو ناســنامەی ناسیۆنالیستی هەیە، دوو دەوڵەت بۆ دوو نەتەوە. ئەگەر فەلەستینی ئامادە بن تەنیا ئەم دوو هەنگاو بنێن و ئەگەر ئیسرائیلییش ئامادە بن تەنیا ئەو دوو هەنگاوە بنێن، هەنگاوەکانیش هەماهەنگ بکرێن، ئەوا ڕاستەوخۆ پەیامێک بۆ ڕای گشتیی هەردوو لا دەنێریت، پێیان دەڵێیت بڕوانن ڕەنگە ئەم مەسەلەیە شایستەی ئەوە بێت پێیدا بچینەوە. ئەوەی من لەبارەیەوە نیگەرانم ئەوەیە، ئەگەر گفتوگۆ دەســت پێ بکەن و لە ســەر ئەرزی واقیع هیچ نەگۆڕێت و پەیامە گشــتییەکە نەگۆڕێت و کاری لەم شــێوەیە نەکەیت، من نیگەرانم لەوەی هیــچ شــتێک لەبارەی ئەم بــێ باوەڕییــەوە ناگۆڕێت و زۆر زەحمەتــە دوو ســەرکردە ببنیت کە هەنگاوی گــەورە بنێن، کاتێک بێ باوەڕی لە قووڵایی قەناعەتیاندا بێت.

---

* CHQ@: ئــەم ســێ پیتــە هیمایە بــۆ دامــەزراوەی Chautauqu کــە بــۆ یەکەمین جــار بــۆ ڕێکخراوێکی قازانــج نەویســتی تایبەت بە خوێندنی گەنجان دامەزراوە و هەتا ســەرەتاکانی ســەدەی بیستەمیش بە جەماوەرترین دامەزراوەی قازانج نەویست بووە لە ئەمریکا، لەسەر بنەمای ئەم ریکخراوە دەیان دامەزراوەی دیکە دامەزراون کە بایەخ بە بەها مرۆییەکانی مرۆڤ دەدەن، ئێستاش لە ڕێی تویتەرەوە کاتێک نامە لە سەر پرسیک بۆ ئەم دامەزراوە دەنێریت ئەم دامەزراوانە ئەم پرسە دەوروووژێنن و ڕای گشتیی لەسەر دروست دەکەن (گوڵان).



# پێگەی هەرێمی کوردستان – عیراق لە سیاسەتی جیهانیدا

## دۆخی نایەقین و نارۆشنی سیاسەتی ئێستای نێودەوڵەتی

دکتۆر شێرزاد نەجار

دکتۆر شێرزاد نەجارِ ماستەری لە دیپلۆماسیەت و پەیوەندیی نێودەوڵەتی- ئەکادیمیای دیپلۆماسیەت- ڤیەننا وەرگرتووە، هەروەها دکتۆرای فەلسەفەی لە زانستی سیاسەت- زانکۆی ڤیەننا- نەمسا وەرگرتووە، ئێستاش پرۆفیسۆری یاریدەدەری سیاسەتی دەرەکیی لە بەشی زانستەکانی سیاسەت- کۆلیژی یاسا و رامیاری- زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر- هەرێمی کوردستان- عیراق.

دکتۆر شێرزاد نەجارِ ئەم باسەی لە رۆژی ٢٠١٢/٥/١٩ وەک موحازەرە پێشکەشی سیمینارێکی زانستی کردووە کە لە لایەن نووسینگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە لە هۆڵی مەڵبەندی رۆشنبیری و کۆمەڵایەتیی زانکۆی سەلاحەدین بەڕێوە چوو، لەبەر گرنگیی ناوەرۆکی ئەم بابەتە، دوای ئەوەی مۆڵەتمان لە نووسەری بابەتەکە وەرگرت، وەرمانگێڕایە سەر زمانی کوردی و لەم کتێبە بڵاوی دەکەینەوە.

**بەرایی**

لەوەتـــەی کۆتایـــی هەشـــتاکانی ســـەدەی بیســـتەمەوە، گۆڕانکاریی دینامیکیی بەردەوام لە ســـێکتەر و هەیکەلبەندیی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتـــی world community هاتووەتە ئاراوە، لـــە ئاکامـــدا گۆڕانکاریی ریشـــەیی لـــە بنەماکانی سیســـتەمی نێودەوڵەتـــی world system لـــێ کەوتـــەوە. هـــەرەس هێنانی دیـــواری بەرلیـــن ١٩٨٩ و یەکێتیی ســـۆڤیەت ١٩٩٠ دەرفەت بوون بۆ بانگەشە کردن بەوەی پێویستە سیستەمێکی تازەی جیهان دابمەزرێت، کـــە لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییانەدا بگونجێت. بۆیە (جۆرج بوشـــی باوک) ســـەرۆکی پێشووتری ئەمریکا لە نیســـانی ١٩٩٠دا داوای دامەزراندنی ئەو سیستەمە تازەیەی کرد، کە بە (سیســـتەمی تازەی جیهانی: New World Order)[١] ناوی برد، ئەو سیســـتەمەش پشت بە دوو کۆڵەگەی بنەڕەتی دەبەســـتێت: پرەنســـیپەکانی مافـــی مرۆڤ و پرەنســـیپەکانی دیموکراســـی[٢] لە نێوجەرگـــەی ئەو جووڵانـــەوە دینامیکییەدا

دەوڵــەت (وەک تاکە کاراکتەر لــە پەیوەندیی نێودەوڵەتیدا) و بــۆ یەکەم جاریش لەوەتــەی دامەزراندنــی وەک دەوڵەتێکی نیشــتیمانیnation–state [٣] لە ئاکامی پەیماننامەی (وســتفالیا: Westphalia)ی ســاڵی ١٦٤٨، رووبەڕووی ئاستەنگێکی بەهێز بــووەوە، لە لایەن یەکەکانی دیکــەی کۆمەڵگەی مەدەنییەوە، کــە رووبەرێکــی فراوانیــان لــە گۆڕەپانــی پەیوەندییەکانی نێودەوڵەتیــدا گرتووەتــەوە. لــەو یەکانــەش: رێکخراوەکانی حکوومیی نێودەوڵەتی، رێکخراوەکانی ناحکوومیی نێودەوڵەتی، یەکەکانی کەمتر لە دەوڵەت sub–national، یەکەکانی گەورەتر لە دەوڵەت: supranational ئەو یەکانە دەکرێ لە چوارچێوەی زانراوەیەکی دیاری کراوی زانســتیدا کــۆ بکرێنەوە، ئەویش (کاراکتەرانــی بــێ دەوڵــەت Non-State Actors)، بەڵام لە پاڵ ئەو زاراوەیەدا زاراوەیەکی دیکە لە زانســتی سیاسەتدا هاتە ئاراوە بۆ گوزارشــت کــردن لە دۆخێکی تــازەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، ئەو زاراوەیەش بریتییە لە (کاراکتەرانی دژواری بــێ دەوڵــەت: Violent Non-State Actors) یــان (کاراکتەرانی خــاوەن ناســنامەی جیــاواز: Identitary Actors)[٤] رۆڵــی ئەم جۆرەی کاراکتەرانەش زۆر زیادی کردووە بە شــێوەیەک کە توێژەر(جولــی حەریق:Herrick )[٥] رۆڵی ئەوانی بەوە لە قەڵەم دا، کــە بــە هەمان گرنگیــی رۆڵی دەوڵەتانــە[٦]. ئەمەش مانای وایە کە لەبەر چاو گرتنەکانی نەریتیی سیاسەتی نێودەوڵەتی، بریتییە لە بەرکارییەک لە نێوان دوو دەوڵەت یان زیاتر، یانیش بەرکارییەکی سیاسەتی دەرەوەی دوو دەوڵەتە یان زیاتر، کە بــە تەواوی چاک و گونجاو نییە بۆ لێکدانەوەی دینامیکی، کە لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا هاتووەتە دی، تەنانەت توێژەرانی زانســتی پەیوەندییەکانــی نێودەوڵەتــی و لــە بــەردەم ئــەم حاڵەتەدا، ناچار بوون زاراوەیەکی تازەی زیاتر گشتگیر بێننە ئاراوە، کــە دەکرێ هەموو کارلێکەکانــی کۆمەڵگەی مەدەنی

لەخــۆ بگرێــت، ئەویش زاراوەی (سیاســەتی جیهانی: World Politics )یــە، کە دەتواندرێت بــەوە دیاری بکرێت کە بریتییە لە دیراســە کردنی پەیوەندیی سیاســیی سەراپای سیستەمی نێودەوڵەتی (سیســتەمی جیهانــی: World System) نەک تەنیا پەیوەندییەکانی نێوان گەمەکارانی تاک (واتە تەنیا دەوڵەتان)، ئــەم ئاراســتەیەش بوار دەڕەخســێنێت بۆ ئــەوەی زیاتر لە سروشــتی تازەی سیاســەتی نێودەوڵەتی و دەرەنجامەکەی بڕوانیــن، بەوەی کە ئــەو پەیوەندییانە وەکوو جاران نەماون کە پەیوەندیگەلێکی نائاڵۆز و دیار بوون.

ئــەو پەیوەندییانە لە کۆمەڵگەی هاوچەرخــی نێودەوڵەتیدا، لە ئاکامی سروشــتی ئاڵۆزی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیی پەشێو، ئاڵۆزتــر بــوون، بۆیە نابێ زەینمان تەنیا بــۆ ئەوە بچێت، کە دەوڵــەت و حکوومــەت تەنیــا گەمــەکارن، بەڵکوو پێویســتە ئاگادار بین لەوەی کە گەمەکاری تازەش هەن هاتوونەتە ئەو مەیدانەوە، بوونەتە لایەن و توخمی تازەی کاریگەر و شوێن پێیــان لە تۆڕی ئەو کارلێکانــەدا کردووەتەوە. ئەو گەمەکارە تازانەش (یان توخم و لایەنە تازانەی پەیوەندیی نێودەوڵەتی) دەتوانــن لە نــاو دەوڵەتــدا بن (تــاک، کۆمپانیا، دامــەزراوە، قــەوارەی لاوەکی) یان لە دەرەوەی دەوڵەتدا بن (توخمەکانی سیســتەمی نێودەوڵەتــی) ئەوانە دەکرێ بــە (کاراکتەری بێ دەوڵەت) ناویان بەرین.

**کاراکتەری بێ دەوڵەت**

یەکــەم شــت کە بــە بیرماندا دێت ئــەو پرســیارەیە: چۆن دەکرێ (کاراکتەری بێ دەوڵەت) دیاری بکرێت؟ دەشــتوانرێ ئەو دیاری کردنە بەو شێوەیە ئاسان بێت؟

هــەر گرووپێــک یــان ڕێکخراوێــک یــان قەوارەیــەک، کە ئۆتۆنۆمیــی هەبێــت Autonomy و ئــازادی و هێــز و توانای پێ ببەخشــێت بــۆ وەدی هێنانی ئامانجەکانــی و ئەنجامدانی

سـەرپێچی لە ئاسـت هەر پرسێک لە بوارێکی دیاری کراودا، بە بـەراورد لەگـەڵ کاراکتەر یـان هـەر گەمەکارێکی دیکە، بـەڵام ئەو چوارچێوە ئاسـانە بۆ دیـاری کردنی (کاراکتەری بێ دەوڵەت) زنجیرەیەک ئاستەنگ رووبەڕووی دەبێتەوە، کە پەیوەسـتن بە دیاری کردنی ئەو (کاراکتەرانەی بێ دەوڵەت) ن. لێـرەدا دەتوانـدرێ جیاوازی لە نێوان ئـەو دوو جۆرەی کاراکتەراندا بکرێ.[٧]

*کاراکتەرانـی نەریتیـی بێ دەوڵـەت: کـە رێکخراوەکانی حکوومیـی نێودەوڵەتی و ناحکوومـی، کۆمپانیای فرەڕەگەز، هەندێ لە تاکەکان دەگرێتەوە.

*کاراکتەرانـی تازەی بێ دەوڵەت: بۆ دیاری کردنی ئەوانە، پێویستە چەندین خەسڵەت و سیمایان تێدا بێت لەوانە:

١-بێ لایەنی لە حکوومەتەکان

٢-هەبوونی داهاتی تایبەت بە خۆی

٣- ناسنامەیەکی جیاواز

٤- دانانی سیاسـەتی (دەرەوە)ی تایبەت بە خۆی، جودا لە سیاسـەتی دەوڵەتان، کە پێوەی پەیوەست دەبێت. لە بەردەم ئەم نەخشـەیەی کاراکتەرانی بێ دەوڵەتدا، ئەم پرسیارە دێتە پێشەوە:

ئـەو رۆڵـە چییە کـە ئـەوان لـە سیاسـەتی نێودەوڵەتیدا، دواتریـش لە سیاسـەتی جیهانیـدا دەیگێڕن؟ ئایـا ئەوانە لە بنەڕەتدا شەرعیەتیان هەیە تاکوو وەک گەمەکاری پەیوەندیی نێودەوڵەتی هەڵسوکەوت بکەن؟

کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتی بـە روونی دەزانێـت کە زەحمەتە رۆڵـی ئەوانە لـە کارلێکی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا پشـتگوێ بخرێت، پاشـان لـە بەدی هێنانی ئاسـایش و سـەقامگیریی نێودەوڵەتیـدا. بـەو واتایە بێـت ئەوان شـەرعیەتێکی دیاری کراویان بەدەسـت هێنـاوە، بەو ناوەی کـە لایەنی گرنگن لە

پرۆســەکانی بنیاتنانــەوەی دەوڵەت و ئاشــتی و نەهێشــتنی ململانێییەکانــدا[8]. لێرەدا دەکرێ بپرســین: ئایا ئەو گەمەکارانە دەبنە گەمەکاری نەگۆڕ لە کارلێکەکانی نێودەوڵەتیدا؟

لــەو هەلومەرجــەی کــە پەیوەندیی نێودەوڵەتــی و خودی کۆمەڵگــەی نێودەوڵەتی پێیدا تێپــەڕ دەبن، ئەویش بریتییە لە (دۆخی نایەقین)، ئەوا پێشبینی کردنی ئایینده کارێکی سەخت دەبێت، دواتر دەبێتە کێشــەیەکی جەوهەری کە رووبەڕووی توێــژەران لە پەیوەندیی نێودەوڵەتــی دەبێتەوە، بەڵام لەگەڵ داننــان بەو کێشــە و گرفتانەش، (کاراکتەرانــی بێ دەوڵەت) دروســت بوون تــا بمێنن، بەتایبەتیــش کاراکتەرانی تازە، کە دەتوانن لەگــەڵ گۆڕانکارییەکانی ناوچەکــەدا خۆ بگونجێنن، بەڵام پرســیارێکی دیکە دێتە پێشەوە سەبارەت بە سنووری خۆگونجانــدن، کــە خەســڵەتی کاراکتەری بــێ دەوڵەت لەو قەوارانە دادەماڵێت.[9] لەگەڵ ئەوەشدا ئەو کاراکتەرانە تا ئێستا لە دۆخی گەشەســەندن و توانای مرۆییدان، کە دەکرێ ببێتە داینەمــۆی دارِشــتنی رۆڵیان بــە شــێوەیەکی ورد و رێک و پێک.[10]

## دۆخی نایەقین

زۆر لــە زانا و توێژەرانی پەیوەندیی نێودەوڵەتی، هەبوونی حاڵەتــی نایەقینیــان لــە پەیوەندیــی نێودەوڵەتیــدا دووپــات کردووەتەوە، بۆیە یەکەم پرسیار کە رووبەڕوومان دەبێتەوە ئەوەیە: مەبەســتمان لە مانــای دۆخی (نایەقین) لە پەیوەندیی نێودەوڵەتی چییە؟

دۆخی (نایەقین) ئەو حاڵەتەیە کە واتای کێشــە و پرسگەلی زۆر لە جیهانی سیاســەتدا دەگەیەنێــت، دەوڵەتان (هەروەها کاراکتەرانــی بێ دەوڵــەت) ناتوانن مامەڵەیــان لەگەڵدا بکەن، لەبەر ئەوەی نایانناســن و نایانبینن. کەواتە دۆخێکی نایەقین خۆی بە ســەر ئەو رەوشــەدا دەســەپێنێ، بەڵام دەپرســین:

نایەقیـن دەربارەی چـی؟ وەڵام: نایەقین دەربـارەی ئاکامی ئـەو بارودۆخـەی کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتی و لـە پەیوەندیی نێودەوڵەتیـدا، بـەڵام چـۆن دەکرێ ئـەو بارودۆخـە دیاری بکرێت؟ ئەو گۆڕانکارییانەی لەوەتەی هەشـتاکانی سـەدەی رابـردووەوە لـە کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتیدا روویـان دا، زۆر بـە قووڵی کاریگەرییان بۆ ئەم پرسـە هەبوو: پشـت بە چی ببەستین بۆ پێوانی دۆخی سەقامگیریی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و پەیوەندیی نێودەوڵەتی؟

خوێندنەوەی بارودۆخی سەردەمیانەی نێودەوڵەتی ئەمەمان بۆ روون دەکاتەوە:

*تـەرازووی هێـزی سـەربازی، وەکـوو جاران، بـە تاکە ئامـرازی گۆڕانکاریـی هەژمار ناکرێت کـە توانای هەبێت لە رووی کاریگەرییەوە بۆ سەر پرسی سەقامگیری.

*دەوڵـەت وەک تاکـە کاراکتـەری کاریگـەری پەیوەندیی نێودەوڵەتـی لە قەڵـەم نادرێت، بەڵکوو چەندیـن کاراکتەری بـێ دەوڵەتیـش هاتوونەتـە ئـاراوە، ئەمەش مانـای وایە کە ئـەو دەوڵەتانە پێکهاتەیـان یەکگرتوو نییـە، بەڵکوو لە چەند هەیکەلبەندییەکی لاوەکی و دینامیکیی ئاڵۆز پێک دێن.

*پەیدا بوونی کتوپڕی دینامیکیی ئاڵۆز لە ئاکامی شۆڕشی میللییەوە، کە پێشتر توێژەران بایەخیان پێ نەدەدا.[11]

ئـەم پەرەسـەندنانە دۆخێکـی (نایەقین)یان هێنایـە ئاراوە، کـە دواتـر دۆخێکـی هـەرەس هێنانـی لـە نـاکاو و خێرای سیسـتەمەکانی حوکمی لە دەوڵەتانی عەرەب بە دوای خۆیدا هێنا، بەڵام پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە: ئایا ئەگەری ئەوە هەیە ئـەم دۆخە بگوازرێتەوە بـۆ ناوچەکانی دیکـەی جیهان؟ کە دەبێتـە هۆی فـراوان بوونی رووبەری (دۆخـی نایەقین)، بە تایبەتیـش ئەگـەر (لاوازی)ی سـنووری نێودەوڵەتی رەچاو بکەین، بە هۆی دیاردەی جیهانگیرییەوە؟[12] ئەگەر گریمان ئەو

دیاردەیە بگوازرێتەوە بۆ شوێنی دیکە، ئەوا ئەو گواستنەوەیە چەندین گرفت دەخاتە بەردەم زلهێزانی جیهان و دەوڵەتانی گەورە، بێجگە لەمە پرسیارەکە بریتییە لە: ئایا ئەو شەپۆلەی (شۆڕش) ئەنجامگەلی پێچەوانەی گەورە شۆڕشەکانی جیهانی لێ دەکەوێتەوە؟ لە رووی ئەوەی کە دەبێتە هۆی گۆڕانکاریی (زۆردارانە) بە (زۆرداری)یەکی دیکە؟[١٣] ئایا دۆخی نایەقین پەیوەستە بە ناوچەیەکی دیاری کراو یان دیاردەیەکی گشتییەوە؟ ئایا رەنگدانەوەی ئەوەی کە دەگوترێت کۆمەڵگەی مەدەنی سیستەم ناناسێت، بەڵکوو ئەو کۆمەڵگەیە پەیوەستە بە دۆخی ئاژاوە یان دۆخی ناسیستەمەوەdisorder؟[١٤]

لە زانستی پەیوەندیی نێودەوڵەتیدا چەندین تیۆریی گرنگ سەریان هەڵدا، کە باس لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و کاراکتەرانی سیستەمی نێودەوڵەتی دەکەن، هەروەها دیاردە بنچینەییەکانی پەیوەست بە ململانێی نێودەوڵەتی و شەڕ و ئاشتی و پرۆسەکانی تەواوکاری و یەکانگیری و جیهانگیری و تیرۆر. لەم چوارچێوەیەدا ژمارەیەک لە توێژەران لە لێکۆڵینەوەکانیاندا سەبارەت بە پەیوەندیی نێودەوڵەتی، زیاتر پەرژاونەتە سەر دۆخی نایەقین[١٥]، هاوکات دووپاتی دەکەنەوە کە سیمای سەرەکیی جیهانی ئەمڕۆ بریتییە لە دۆخی نایەقین، هەروەها کێشەیەک لە پێشبینی کردنی ئاییندەش لە ئارادایە[١٦]، تەنانەت کۆنگرێسی ئەمریکاش گرنگیی بەم دۆخە داوە. بۆ ئەم مەبەستەش ئەنجومەنی پەیوەندییەکانی دەرەوە لە ٢٠١١/١/٩دا کۆنگرەیەکی دەربارەی چۆنێتیی مامەڵە کردنی ئەمریکا لەگەڵ (جیهانی نایەقین) ساز کرد، بە مەبەستی پێشکەش کردنی راسپاردە بۆ داڕشتنی سیاسەتی دەرەوەی تایبەت بە مامەڵە کردن لەگەڵ ئەم دۆخەدا.[١٧]

کەواتە (دۆخی نایەقین) بریتییە لە دۆخی بێ توانایی لە پێشبینی کردنی ئاییندە، ئەو توانایە گرنگترین توانایە کە

پێویســـتە لـــە لای دەوڵەت هەبێت، تاكـــوو بتوانێت كارلێك لە پەیوەندییەكانـــی نێودەوڵەتـــی بكات[١٨]، كەواتە ئـــەو دۆخە بە كاریگەریی چەندین فاكتەر هاتووەتە ئاراوە:

١- نەبوونـــی زانیاریی پێویســـت دەربـــارەی رەهەندەكانی پرس یان كێشە یان هەڵوێست.

٢- دیـــار نەبوونـــی كاراكتـــەران و سروشـــتی پەیوەندییەكانیان.

٣- دیـــار نەبوونـــی دینامیكـــەكان كە رەفتـــاری كاراكتەران دەست دەنیشان دەكەن.

٤- نەبوونی توانـــای بەدواداچوونی ئەو گۆڕانكارییانەی لە كێشە یان هەڵوێستەكەدا رووی داوە.[١٩]

بـــەڵام ئـــەم پرســـیارە دێتـــە پێشـــەوە: ئایا ئەمـــە دۆخێكی بەردەوامـــی كاتییە یان هەمیشـــەییە؟ هەندێ لـــە چاودێرانی پەیوەندییەكانـــی دەرەوە هەوڵیان داوە رێســـای دیاری كراو دابنێن، لە پێناو زانینی رێژەوی پەرەپێدانی دۆخی (نایەقین) و لەو بەشدارییانەش دانانی تیۆریی (ئاشتیی دیموكراسی)یە[٢٠]، بەڵام بە شێوەیەكی گشتی لێكۆڵینەوەكانی زانستی پەیوەندیی نێودەوڵەتـــی بریتییە لە لێكۆڵینەوەكانـــی دۆخی نایەقین وەك ئـــەوەی لە واقیعدا هەیە نەك وەك ئـــەوەی لە ئاییندەدا چۆن دەبێت.[٢١]

بەم شـــێوەیە دۆخی نایەقین بووەتە كێشـــەیەك كە زانستی پەیوەندیی نێودەوڵەتی بایەخی پێ دەدات و لەبەر رۆشنایی ئەو بایەخ پێدانەش، چوار ئاستی ئەو دۆخە دیاری دەكرێن:[٢٢]

*هەڵوێست و كێشە و گرفتی دیاری كراو.

*بوونی چەندین سیناریۆی ئەلتەرناتیڤ بۆ ئاییندە.

*ئەگـــەری جووڵەی دەوڵەت بەرەو جێبەجێ كردنی یەكێك لەو سیناریۆ چاوەڕوان كراوانە.

*بوونی حاڵەتێكی بەرزی ناڕوونی، كە دەوری ئەو دۆخەی

داوه بــەو هۆیەوە ناکرێ پێشــبینیی هیــچ ڕووداوێک بکرێت تەنیا بە ڕێژەیەکی کەم نەبێت.

لە بەرانبەر ئەمەشــدا دوو گۆڕانکەر ئەم دۆخەی (نایەقین) بەهێز دەکەن کە بریتین لە:[٢٣]

١-شۆڕشی زانیاری کە جیهانی بۆ گوندێکی بچووک گۆڕی، بەڵام زۆر ئاڵۆزە بە شێوەیەک زۆر زەحمەتە پەی پێ ببەیت یان لێی تێ بگەن.

٢-زۆر بــڵاو بوونــەوەی هێز لــە جیهاندا و گواســتنەوەی لــە دەوڵەتانەوە بۆ کاراکتەرانی بــێ دەوڵەت، ئەمەش جیهان کەمتر سیستماتیک دەکات، بەڵام خێراتری دەکات.

وەک پوختەیــەک دەڵێین، جیهان لە پاڵ لێککەوتی ڕێکخراو، دووچــاری شــەپۆلێکی لێککەوتی نارێکخراو بــووەوە، کە لە چوارچێــوەی دۆخی (نایەقین)دایــە، یانیش بە لایەنی کەمەوە لێیــەوە نزیکە، بۆیە دەپرســین: پێگەی هەرێمی کوردســتانی عیراق لەناو جەرگەی ئەو لێککەوتی ڕێکخراو و نارێکخراوەدا چییە؟ نەخاسمە کە بەشێکە لە کاراکتەرانی بێ دەوڵەت.

**پێگەی هەرێمی کوردستانی عیراق**

**وەک کاراکتەری بێ دەوڵەت لە سیاسەتی جیهانیدا**

لــە پێناو دیاری کردنــی پێگەی هەرێمی کوردســتان وەک کاراکتەرێکــی بێ دەوڵەت لە سیاســەتی جیهانیدا، پێویســتە بایەخ بە ڕەوشــی دەستووریی هەرێم بدرێت لە ناو دەوڵەتی عیراقــدا وەک دەوڵەتێکی فیدرال، بۆیە پێویســتە پوختەیەکی چڕ و خێرا دەربارەی دەوڵەتی فیدرال و پاشــخانی مێژوویی دامەزراندنی هەرێم بخەینە ڕوو.

ســیمای جەوهەریی دەوڵەتی فیدرال بریتییە لە دیاردەیەکی دوولایەنەی دەســەڵاتی سیاســی و یاســادانان[٢٤]، لە نێو ئەو دەوڵەتەدا دەســەڵاتێکی ناوەندی هەیە کە کاروباری دەوڵەت بەڕێوە دەبات لە پسپۆڕییە دیاری کراوەکاندا، بەڵام پسپۆڕیی

گرنگـن: (کاروباری دەرەوە، بەرگری، دارایی و پەروەردە) و ئەم پســپۆڕیانەی کە لە دەســتووری فیدرالیدا دیاری کراون، لــە سەرتاســەری دەوڵەتــی فیدرالــدا، بێ جیــاوازی پەیڕەو دەکرێــن[٢٥]، لــە هەمــوو فیدرالییەکانــدا دەســەڵاتی فیدرالــی گرنگییەکــەی لەوەدایە، کە پەیوەندیی دەرەکی ڕێک دەخات و لە ئەستۆیان دەگرێت، بەڵام چوارچێوە و ئاستی ئەو پرسانە دیــاری نەکراون، بــە گوێرەی سروشــتی فیدرالییە جێبەجێ کراوەکــە جیــاوازە، لەگەڵ مانــەوەی بوارەکان لــە زۆربەی فیدرالییەکاندا. ئەو وڵاتانەی کە لە فیدرالی پێک دێن، بەشێکی دیاری کراوی دەســەڵاتیان لە بــواری پەیوەندیی دەرەکی بە دەستەوە دەمێنێت.[٢٦]

دەستوری فیدرالی ئەم حوکم و ماددانەی تێدایە:

*چۆنێتیی دابەش کردنی پســپۆڕی و دەســەڵات لە بواری پەیوەندیــی دەرەکــی بــە ســەر دامەزراوەکانــی دەوڵەتــی فیدرالدا.[٢٧]

* کــۆت و بەنــد کردنــی پیــادە کردنــی ئەم پســپۆڕی و دەسەڵاتانە لە لایەن دەسەڵاتدارانی ویلایەتەکان.

ئەم ماددانەش ئەو کاروبارانە ڕێک دەخەن:

*بەڕێوە بردنی پەیوەندی لەگەڵ دەوڵەتان و ڕێکخراوەکانی نێودەوڵەتیدا.

* مۆر کردنی پەیماننامــە و ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتی و پەسند کردن و جێبەجێ کردنیان.

* ڕێکخستنی کاری دەزگاکان لە هەردوو بواری دیپلۆماسی و کونسوڵخانەدا.[٢٨]

## پاشـــخانی مێژوویـــی دامەزراندنـــی هەرێمی کوردســـتان-عیراق

دوای شەڕی کوێت لە ساڵی ١٩٩١دا و دەرکردنی هێزەکانی عیـراق لەو وڵاتە بە زەبری هێـزی هاوپەیمانان، لە زۆربەی ناوچەکانـی عیراقـدا راپەڕینی میللی بەرپا بـوو، لەوانەش لە ناوچەی کوردی کە توانرا سەربازگە و ئیدارەکانی حکوومەت کۆنتـرۆڵ بکرێـن، بەڵام لەگـەڵ ئەو گۆڕانکارییەی بە سـەر رووداوەکانـدا هات، حکوومەتی عیـراق توانیی جارێکی دیکە دەسەڵاتی بە سەر ناوچەکانی باشووری عیراقدا بسەپێنێتەوە، بەڵام لە ناوچەی کوردیدا تەنیا توانیی شـارە سـەرەکییەکان کۆنتـرۆڵ بکاتەوە، کەچی ناوچەکانی دەرەوەی ئەو شـارانە هــەر لــە ژێر کۆنترۆڵــی هێزەکانی کورددا مانــەوە، لە ٢٣ی تشرینی یەکەمی ١٩٩١دا، حکوومەتی عیراق لە ناکاو بڕیاری دا ئیدارەکانی لە ناوچەکە بکشێنێتەوە. ئەوەش بووە هۆی پەیدا بوونی بۆشـایی ئیداری و یاسایی، دواتر بەرەی کوردستانی بەڕێـوە بردنـی کاروبـاری ناوچەکەی گرتە ئەسـتۆ[٢٩]، واتە سـەپاندنی دەســەڵاتی دیفاکتۆ (ئەمری واقیـع):de facto، کە دوای ماوەیـەک بڕیـار درا هەڵبژاردنـی یەکـەم پەرلەمانـی کوردی بەڕێوە بچێت.

ئــەم هەڵبژاردنــە لە ١٩ی مایســی ١٩٩٢دا بەڕێوە چوو، لە ئەنجامــدا پەرلەمانێکی ناوخۆیی هاتە کایــەوە و حکوومەتی هەرێمیــش لە ٥ی تەمموزی ١٩٩٢ دامەزرا. لە ٤ی تشــرینی دووەمــی ١٩٩٢ پەرلەمانــی کوردی بڕیاری دا، کە شـێوەی پەیوەندی لەگەڵ ناوەند بە شـێوازێکی تازە بێت کە شێوازی فیدرالییە.

دوای گۆڕانــکاری لە سیســتەمی سیاســیی عیــراق لە ٩ی نیســانی ٢٠٠٣دا، عیراق بە پێی بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایش ژمارە ١٤٨٣ لە ٢٢ی ئایاری ٢٠٠٣دا، کەوتە ژێر دەســەڵاتی

داگیرکردنەوە. دواتر یاسای بەڕێوە بردنی دەوڵەت بۆ قۆناغی ڕاگواستە لە ٨ی ئاداری ٢٠٠٤دا دەرچوو، کە لە شێوەی یاسای باڵا بوو لە عیراقدا[٣٠]، ئەم یاسایە ڕەوشی ئەو کاتەی ناوچەی کوردی بە هەرێمێکی فیدراڵ ناساند[٣١]، ددانی پێدا نا، ئەم بڕیارەش لە دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ی کۆماری عیراقدا دووپات کرایەوە[٣٢].

شێوەی دەوڵەتی عیراق، بە پێی یاسای بەڕێوە بردنی دەوڵەت بۆ قۆناغی ڕاگواستە ٢٠٠٤، لە دەوڵەتێکی سادەوە بۆ دەوڵەتێکی فیدراڵ گۆڕا[٣٣]، بۆیە وا پێویستی دەکرد کە دەسەڵاتی حکوومەتی فیدراڵ و دەسەڵاتی هەرێمەکان دەست نیشان بکرێن. دەستووری ٢٠٠٥ی کۆماری عیراق ئەو دەسەڵاتانەی لە دەروازەی چوارەمی (ماددەکانی ١٠٩ تا ١١٥) ڕێک خست، ئەو دەسەڵاتانەش سێ جۆرن:

*دەسەڵاتی تایبەت بە حکوومەتی فیدراڵ (ماددەکانی ١٠٩ تا ١١٣).

*دەسەڵاتی هاوبەش لە نێوان حکوومەتی فیدراڵ و هەرێمەکان (ماددەی ١١٤).

*دەسەڵاتی هەرێمەکان، هەروەها ئەو پارێزگایانەی گرێدراوی هەرێم نین (ماددەی ١١٥).

لەم لێکۆڵینەوەیەدا، ئەوەی بە لامانەوە گرنگە، پێگەی نێودەوڵەتیی عیراقە لە چوارچێوەی سیاسەتی دەرەوە، ئایا دەکرێ لە میانی عیراقدا پێگەی هەرێمی کوردستانی عیراق لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا دیار بکرێت؟ دەستوورەکە لە ماددەی ١١٠دا دووپاتی کردووەتەوە، کە سیاسەتی دەرەوە و نوێنەرایەتی کردنی دیپلۆماسی و پەیماننامە و سیاسەتی ئابووری و بازرگانیی دەرەوە، تەنیا لە دەسەڵاتی فیدراڵدا دەبن.[٣٤]

بارودۆخی نێودەوڵەتیی عیراق کەوتە ژێر کاریگەریی

پاشــماوەکانی رژێمی پێشووەوە. دواتر عیراق بە تەواوی لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دابڕا بوو، هەروەها گەمارۆی ئابووریی بە سەردا سەپێندرا بوو، لە ئەنجامی سزای ئابووری کە نەتەوە یەکگرتووەکان بە سەریدا سەپاند بووی. لەبەر ئەوەی سوپای عیــراق لە ئابی ١٩٩٠دا چووە نێو خاکی دەوڵەتی کوێتەوە و داگیــری کــرد. بۆیە دەبوو عیراق پێگــەی نێودەوڵەتیی خۆی بەدەســت بێنێتــەوە، وەک دەوڵەتێکی ئاشــتیخواز و هاوکار، بەڵام ئەم ئەرکە زۆر ســەخت بــوو، لەبەر ئەوەی پەیوەندیی عیراق لەگەڵ دەوڵەتانی دیکە نەگەڕا بووەوە دۆخی ئاســایی خــۆی، بــە تایبەتیش دەوڵەتانی دراوســێ، بۆیە تا ئێســتاش عیــراق نەیتوانیــوە پێگــەی نێودەوڵەتیی خۆی بچەســپێنێت، لەبــەر هەندێ فاکتــەری نێودەوڵەتی و ئیقلیمی و ناوخۆیی[٣٥]، بۆیە پێگەی عیراق لە سیاســەتی نێودەوڵەتیدا ئەوەندە پەسند و خوازراو نییە، پێویستیی بە هەوڵی چڕترە بۆ بنیاتنانەوەی پێگەیەکــی بەهێز کــە بەرژەوەندیی باڵای عیراق بەدی بێنێت. لــە بەردەم ئەم حاڵەتەدا چی لە هەرێمی کوردســتانی عیراق پێویستە تاکوو پێگەیەکی نێودەوڵەتی بۆ خۆی وەدی بێنێت؟ ئایا دەتوانێ ئەم پێگەیە بەدەست بێنێت؟

شــا رێســا لە دەوڵەتــی فیدرالــدا بریتییە لــەوەی، کە پێگە نێودەوڵەتییەکەی، لە ئەرکەکانی حکوومەتی فیدراڵە، دەوڵەتی فیدرالیــش بە تەنیا خــۆی خاوەن کەســایەتیی نێودەوڵەتییە، لە کاتێکدا هەرێم و کانتۆنەکان وەک کەســایەتیی یاســایی و نێودەوڵەتی ددانیان پێدا ناندرێت، بەڵکوو هەروەک پرۆفیسۆر (شــافیعی محەمەد بەشــیر) دووپاتی دەکاتەوە، کە بەخشینی مــاف بــە هەرێــم و کانتۆن یــان ویلایــەت بۆ مــۆر کردنی رێککەوتننامەی ناسیاســی، مافی کەســایەتیی نێودەوڵەتییان پێ نابەخشێت[٣٦].

لەبــەر ئــەوە ئەرکێکی ســەخت و قورس بوو بــۆ هەرێمی

کوردستانی عیراق کە ئەو جۆرە کەسایەتییە بەدەست بێنێت، بەڵام زەحمەتەکە کەمتر بوو لەوەی پێگەیەکی نێودەوڵەتی بۆ خۆی مسـۆگەر بکات، بۆیە ئەم پرسیارە دێتە پێشەوە: چۆن هەرێمێکی فیدرالیی دەتوانێت پێگەیەکی نێودەوڵەتی بەدەست بێنێت، بـێ ئەوەی کەسـایەتییەکی نێودەوڵەتیـی هەبێت؟ بە زمانێکی دی، ئایا پێگەی نێودەوڵەتی مەرجە بۆ بەدەست هێنانی کەسایەتیی نێودەوڵەتی؟ یان ئایا دەکرێ هەرێمێک پێگەیەکی نێودەوڵەتیـی هەبێت بە چاوپۆشـین لەوەی کە کەسـایەتیی نێودەوڵەتیـی هەبێـت؟ هەرێم لـە رەوشـێکی نائارامدا بوو، چونکە بە هیوای ئەوە بوو پەیوەندیی ئیقلیمی و نێودەوڵەتیی خۆی بەهێز بکات، بەڵام لە بەردەم دوو بەربەستدا بوو:

بەربەسـتی دەسـتووری: دەسـتووری ٢٠٠٥ی عیـراق دەسـەڵاتی بە حکوومەتـی فیدرال داوە نەخشـە و جێبەجێ کردنی سیاسەتی دەرەوە پیادە بکات، بە شێوەیەک هەرێمەکان بۆیان نییە بەشداری لەو بوارە گرنگەی دەوڵەتدا بکەن[٣٧].

بەربەستی نێودەوڵەتی: پەیوەستە بە پرەنسیپەکانی یاسای نێودەوڵەتـی کە ئـەوە دووپات دەکەنەوە، کـە دەوڵەت (نەک بەشێک لە دەوڵەت) مافی کەسایەتیی دەوڵەتیی هەیە[٣٨].

لە بەردەم ئەو بەربەسـتانەدا چۆن هەرێمی کوردسـتان لە پێناو بنیاتنانی (پێگەیەکی نێودەوڵەتی) بۆ خۆی هەڵسوکەوت دەکات؟

دوابـەدوای راپەڕینەکـەی سـاڵی ١٩٩١ی گەلـی کـورد و پێکهێنانی پەرلەمان و حکوومەتی ناوخۆیی کورد، وەزارەتێک بە ناوی (وەزارەتی یارمەتیی مرۆڤایەتی و هاوکاری) دامەزرا، کە دەبوو ئەرکی بنیاتنان و بەهێز کردنی پەیوەندیی دەرەکی و نوێنەرایەتی کردنی هەرێمی لە دەرەوە لە ئەسـتۆ بگرتایە، ئەویـش لەبەر چەنـد هۆیەک، لەوانە هەرێمی کوردسـتان و دەزگاکانی سیاسـیی ئەو، بە بێ هیچ پشـتیوانییەکی یاسایی

ناوخۆیـــی و نێودەوڵەتی دەســـەڵاتیان پیادە دەکـــرد، چونکە هیچ یاســـا یان بڕیارێکی نێودەوڵەتی سەبارەت بە دەسەڵاتی سیاســـی لە هەرێم لـــە لایـــەن دەســـتەیەکی نێودەوڵەتییەوە، وەک نەتـــەوە یەکگرتووەکان دەرنەچوو. لە ناوخۆشـــدا هیچ پشـــتیوانییەکی یاســـایی نەبـــوو، هەرچەنـــدە فیدرالـــی بڕیار درا بـــوو، وەک شـــێوازێکی سیســـتەمی حوکمڕانـــی لە لایەن پەرلەمانـــی کوردســـتانەوە بڕیـــاری پـــێ دەرچوو بـــوو[٣٩]، لە ســـەر ئەو بنەمایـــەی کە ئاماژەمان پێ کـــرد، دەبوو هەرێمی کوردســـتانی عیراق بە دوای رێیەک یان ئامرازێکدا بگەڕابایە بۆ بنیاتنانی پێگەیەکی نێودەوڵەتی، بەڵام چۆن؟

**١-یاسای رێکخستنی ناوخۆیی**

١-١- وەزارەتی یارمەتیی مرۆڤایەتی و هاوکاری

هەروەک ئاماژەمان پێ کرد، پێکهێنانی وەزارەتێکی تایبەت کە ئەرکی رێکخســـتنی پەیوەندی بێت لەگەڵ دەرەوەدا، مانای وایـــە دەزگایەکی تایبەتی حکوومی هەیـــە هەماهەنگی دەکات و کاروبـــاری هەرێـــم لەگەڵ دەرەوەدا رێـــک دەخات، بە پێی یاســـای (وەزارەتی یارمەتیـــی مرۆڤایەتی و هاوکاری) ژمارە ٢٠ی ســـاڵی ١٩٩٣، کـــە لـــە پەرلەمانی هەرێمی کوردســـتانی عیراقەوە دەرچووە، ئەرکەکانـــی وەزارەتەکەش پەیوەندییان بەم خاڵانەوە هەیە:

*پەیوەنـــدی کردن بـــە رێکخراوی مرۆیی یان سیاســـی و دەزگاکانی راگەیاندن.

*کار کردن بۆ دابین کردنی پشـــتیوانیی دارایی و واتایی و سیاسی بۆ هەرێم.

*دابین کردنی کورسیی خوێندن لە وڵاتانی دۆستدا.

*هەماهەنگـــی کـــردن لە نێـــوان رێکخراوەکانـــی جیهانی و ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم.

*رێکخســـتنی پەیوەنـــدی لەگـــەڵ رەوەندی کوردســـتانی و

ڕێکخراوەکانیان لە دەرەوەی هەرێم بە مەبەستی هاوکاری.

*ڕێکخستنی چوونە دەرەوە لە هەرێم و هاتنە ناوەوەی.

*کردنەوەی نووسینگەی نوێنەرایەتیی هەرێم لە دەرەوە بە ڕەزامەندیی سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران و سەرپەرشتی کردنیان.

١-٢- فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە لە ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم:

کابینەی پێنجەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ٢٠٠٦/٥/٧دا وەزارەتی یارمەتیی مرۆڤایەتی و هاوکاریی تێدا نەبوو، بۆیە دیار نەبوو کێ پەیوەندییەکانی دەرەوەی هەرێم بەڕێوە دەبات، بەڵام بە پێکهێنانی فەرمانگەیەکی تایبەت بە پەیوەندییەکانی دەرەوە لە ئەنجومەنی وەزیراندا بە پێی مادده (٢٢)ی پەیڕەوی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانی عیراق ژمارە(١)ی ساڵی ٢٠٠٦، ڕوون بووەوە کە ئەم پەیوەندییانە ڕاستەوخۆ لە لایەن سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیرانەوە بەڕێوە دەچن، هەروەها فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەش بوو بە فەرمانگەیەکی تایبەتمەند، کە کاروباری پەیوەست بە پەیوەندییەکانی دەرەوە لە ئەستۆ دەگرێت[٤٠]، بۆیە بە پێی فەرمانێک کە لە ٢٠٠٨/١٢/٢٤دا لە سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمەوە دەرچووە (کە پشتی بە بڕگە ٤ی ماددەی ١٢١ی دەستووری ٢٠٠٥ی کۆماری عیراق بەستووە)، کاروباری ئەم فەرمانگەیە ڕێک خرا[٤١].

**٢-چوارچێوەی نێودەوڵەتی**

٢-١-نەتەوە یەکگرتووەکان:

بڕیاری ٦٨٨ی ساڵی ١٩٩١

دوابەدوای ڕاپەڕینی ئاداری ١٩٩١ی گەلی کورد، دۆزی کورد چووە قۆناغێکی تازە و هەستیارەوە، کێشەیەک هاتە

ئـاراوە، کــە پەیوەندیــی بە ئاســایش و ئاشــتیی جیهانییەوە هەیە، دواتر رەهەندێکی نێودەوڵەتیی بە بەردا برا، ســیماکانی لەگــەڵ بڕیارێکی نێودەوڵەتیدا وەدەر کەوتن، ئەویش بڕیاری ئەنجومەنــی ئاســایش بــوو بە ژمــارە ٦٨٨ لە ٥ی نیســانی ١٩٩١دا، کە بە ئاشــکرا ئاماژەی بۆ سەرکوت کردنی خەڵکی ســڤیل دەکــرد، ئەو ناوچانەشــی گرتــەوە کــە کوردیان لێ نیشــتەجێیە (بۆ یەکەمین جــارە بڕیارێکی نێودەوڵەتی بێت و ئاماژە بە کارەســاتی کورد لە عیراقدا بکات). ئەو ســەرکوت کردنــە بــووە هــۆی ئــەوەی ئاوارەیەکی زۆر بڕژێنە ســەر ســنووری نێودەوڵەتی، ئەمەش هەڕەشە بوو بۆ سەر ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی.

ئەنجومەنەکە داوای لە عیراق کرد یەکسەر ئەو مەترسییەی ســەر ئاسایش و ئاشــتیی نێودەوڵەتییە لابەرێت و سەرکوت کردن رابگرێت و کار بکات بۆ دەســت پێ کردنی دانوستانی کــراوە، بــە لەبەر چاو گرتنی مافی مرۆڤ و مافی سیاســیی هەمــوو هاووڵاتیانــی عیــراق. هەروەها یەکســەر ڕێگە بدات ڕێکخراوی مرۆیی نێودەوڵەتی بگەنە ئەو شــوێنانە و کۆمەک بدەنــە هەموو ئەوانــەی لە عیراق پێویســتیان بــە هاوکاری هەیە[٤٢].

لە ســەر بنەمای ئەو بڕیارە یەکەم پەیوەندی بۆ دەسەڵاتی دیفاکتۆ: ئەمری واقیع de facto لە ناوچەی کوردنشیندا لەگەڵ ڕێکخراو و دەزگاکانی نێودەوڵەتی دەستی پێ کرد، کە دواتر بــە هــۆی دامەزراندنی پەرلەمانــی کوردســتان و پێکهێنانی یەکەمین کابینەی حکوومەتی هەرێمی کوردســتان لە عیراق، زیاتر توند و تۆڵتر بوو[٤٣].

### بڕیاری ٩٨٦ی ساڵی ١٩٩٥

لــە ئاکامــی تێکچوونــی بارودۆخــی مرۆیی لە عیــراق بە هۆی ســەپاندنی سزای ســەختی ئابوورییەوە، کە بە بڕیاری

٦٦١ی ئەنجومەنی ئاسـایش لە ٦ی ئابی ١٩٩٠دا بە سـەریدا سـەپێندرا، هەروەها پێکهێنانی لیژنەی سزاکان(لیژنەی ٦٦١) بۆ سەرپەرشـتی کردنی ئـەم بڕیارە، ئەنجومەنی ئاسـایش چاوی بە رەوشەکەدا خشاندەوە بە پێی بڕیاری ٦٦٦ لە ١٣ی ئەیلوولـی ١٩٩٠دا، کـە دواتر بڕیار درا لە روانگەی سـووک کردنـی مەینەتیـی مرۆییەوە خۆراک بە دانیشـتوانی سـڤیل بدرێت.

ئەم دۆخە هەر بەردەوام بوو، رەوشی مرۆییش لە عیراقدا تا دەهات خراپتر دەبوو (لە هەمان کاتدا هەرێمی کوردستانی عیراقیـش بەدەسـت سـزای نێودەوڵەتی و گەمارۆی سـەر حکوومەتـی ناوەندەوە دەیناڵاند)، بۆیە ئەنجومەنی ئاسـایش بڕیاری ٩٨٦ی لە ١٤ی نیسـانی ١٩٩٥دا دەرکرد (ئەم بڕیارە بـە بەرنامـەی نەوت بەرانبـەر بە خۆراک ناسـرا)[٤٤]، کە بەم پێیـە رێ بـە دەوڵەتـان درا بۆ مەبەسـتی مرۆیـی، نەوت و بەرهەمەکانـی نەوت لە عیراقەوە هـاوردە بکەن، کە بۆ هەر سێ مانگ لە یەک بلیۆن دۆلار تێپەڕ نەکات. داوا لە سکرتێری نەتەوە یەکگرتووەکانیش کرا، حیسـابێک بۆ بەرزەفت کردنی مەبەسـتەکانی ئەم بڕیارە بکاتەوە، هاوکات هەر سـێ مانگ جارێک ١٣٠ تا ١٥٠ ملیۆن دۆلار بۆ بەرنامەی مرۆیی نەتەوە یەکگرتووەکان تەرخان بکات، کە بە هاوبەشـیی ئاژانسـەکان لە دهۆک و هەولێر و سـلێمانی بەڕێوە دەچێت. ئەمەش بەو مانایـەی رێـژەی ١٣٪ بۆ ١٥٪ی پوختەی پـارەی بەرنامەکە بۆ ئەو سـێ پارێزگایە تەرخان بکرێت، کە بە تەواوی لە ژێر دەسەڵاتی حکوومەتی هەرێمی کوردستاندان، بە شێوەیەک کە ئەو بڕە پارەیە راستەوخۆ لە لایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بـە هەماهەنگی لەگـەڵ حکوومەتی هەرێم خـەرج بکرێت، بۆ ئەمـەش نەتـەوە یەکگرتـووەکان راسـتەوخۆ هەماهەنگی و دانوسـتانی لەگەڵ ئیدارەی ئەو پارێزگایانە، هەروەها لەگەڵ

حکوومەتی بەغدا دەست پێ کرد[٤٥].

ئـەو بەرنامەیە تا ٢٠٠٣ بەردەوام بـوو، دواتر ئەنجومەنی ئاسـایش بڕیاری ژمـارە ١٤٨٣ی لە ٢٢ی نیسـانی ٢٠٠٣دا دەرکرد، رۆژی ٢١ی تشـرینی دووەمـی ٢٠٠٣ی وەک کۆتا رۆژی ئـەم بڕیارە دەسـت نیشـان کرد. لە میانـی جێبەجێ کردنـی ئـەو بەرنامەیەدا دەرفـەت بۆ حکوومەتـی هەرێمی کوردسـتان هەڵکەوت تا لەگەڵ نەتـەوە یەکگرتووەکاندا کار بـکات، وەک حکوومەتێکی ناوخۆیی مامەڵـەی لەگەڵدا بکات، لەم رووەوە لیژنەیەکی باڵا پێکهات کە نوێنەرانی حکوومەتی هەرێم و نەتەوە یەکگرتووەکانی تێدا بوو بۆ دەسـت نیشـان کردنی پێداویستی مرۆیی لە هەرێمی کوردستاندا.

٢-٢-دەوڵەتان

چەنـد دەوڵەتێـک رۆڵێکـی گرنگیـان لـە خسـتنە ڕووی هەرێمی کوردسـتان لە سەر شـانۆی سیاسەتی نێودەوڵەتی گێڕا، لەوانە ویلایەتە یەکگرتووەکان و فەرەنسـا و بەریتانیا. ویلایەتـە یەکگرتووەکانـی ئەمریـکا وەک دیفاکتـۆ مامەڵەی لەگەڵ هەرێمی کوردسـتاندا کرد، بە شێوەیەک کە پەیوەندیی تەواوی لەگەڵ حکوومەتی هەرێمدا بەتین کرد و چالاکییەکانی بەم ئاراستەیەدا چڕتر کردەوە، لەوانە:

*سـەردانێکی گرنگـی شـاندی بـاڵای کـورد (هـەردوو سـەرۆک مەسـعوود بارزانی و جەلال تاڵەبانی) بۆ واشـنتن لـە ١٩٩٢/٧/٢٩دا، شـاندەکەش لـە نیویـۆرک بـە یاوەریـی ئۆپۆزسیۆنی عیراق لەگەڵ (جێمس بێکەر) وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لە ١٩٩٢/٨/٨دا کۆبوونەوە.

*لـە ١٩٩٣/٥/٥دا لەگـەڵ (لی هاملتۆن) سـەرۆکی لیژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی کۆنگرێسی ئەمریکا کۆبووەوە، کە پشـتیوانیی خـۆی بۆ خەباتی گەلـی کورد لە پێنـاو ئازادیدا دووپات کردەوە[٤٦].

*دەست تێوەردانی واشنتن لە پێناو کۆتایی هێنان بە ململانێی چەکداریی نێوان (پارتی دیموکراتی کوردســتان) و (یەکێتیی نیشــتیمانیی کوردســتان) کە لە ســاڵی ١٩٩٤ ســەری هەڵدا، لــەم رووەوە چەندین جار پەیوەندی کــرا و دواتر لە رۆژی ١٧ی ئەیلوولــی ١٩٩٨دا، بە چاودێریــی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا، گەیشتنە رێککەوتننامەیەکی ئاشت بوونەوە و ئاشتی لە واشنتن.

ئەمــەش بەڵگەی بایــەخ پێدانــی ئەمریکایە بــە پەرەپێدانی بارودۆخــی هەرێمی کوردســتان و کار کردنی بەردەوام بۆ کۆتایی هێنان بە کێشــەکانی لە پێناو یەکخســتنی سیاســەتی هەرێــم. ئــەم پەیوەندییــە دوای رووخانی رژێمی پێشــووی عیــراق لــە ٢٠٠٣/٤/٩دا زیاتر پەرەی ســەند، چەندین شــاند و کەســایەتیی ئەمریکــی ســەردانی کوردســتانیان کرد، لەو چالاکییانەش:

*ســەردانی وەزیری بەرگریــی ئەمریکا بە یاوەریی گەورە بەرپرسانی وەزارەت لە ٢٠٠٣/٧/٢٠دا.

*لــە ٢٠٠٥/١٠/٢٥دا (جــۆرج بــوش) ســەرۆکی ئەمریــکا لە کۆشــکی ســپی پێشــوازیی لە رێزدار مەســعوود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان کرد.

*ســەردانی جێگری ســەرۆکی ئەمریکا بە ســەرۆکایەتیی شاندێکی فەرمی بۆ هەرێمی کوردستان لە ٢٠٠٨/٣/١٨دا، کە لایەن سەرۆکی هەرێمەوە پێشوازییان لێ کرا.

نموونــەی ئــەو پەیوەندییانە روونی دەکەنــەوە، کە هەرێم پێگەیەکی هەیە و سەرنجی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای راکێشاوە، ئەویش لە هەوڵی ئەوەدایە کە پێگەیەکی گرنگی لە چوارچێوەی سیاسەت و ئەگەرەکانی هەرێمدا هەبێت.

بەریتانیاش لەم بــوارەدا لە پاش نەبووە، بەڵکوو بایەخێکی بەرچاوی بە پەرەســەندنی کاروباری هەرێمی کوردستان دا

بوو. لەم ڕووەوە چالاکیی هەبوو لە پێناو بنیاتنانی بناغەیەکی بەتینی پەیوەندی لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا.

مێـژووی پەیوەندیی بەریتانیا لەگەڵ کـوردی عیراق کۆنە و بـۆ سـەردەمی داگیر کردنـی عیراق لە لایـەن بەریتانیاوە دەگەڕێتـەوە، کـە ئەوکاتـە هەوڵێکـی زۆری دا بـۆ یەکلایی کردنـەوەی کێشـەی ویلایەتـی مووسـڵ بـۆ عیـراق. ئـەو بایەخدانەش کاریگەریی ڕاستەوخۆی بە پەرەسەندنی ڕووداو و سیاسـەتەوە هەبوو لە عیراق و ناوچەکەدا، بەڵام ڕاپەڕینی ١٩٩١ خاڵی وەرچەرخانی ئەو پەیوەندیانە بوو، بە شێوەیەک کە بەریتانیا بەم ئاستە گرنگییەکی زۆر بە هەرێمی کوردستان و ڕووداوەکان دەدات. بایەخدانـی بەریتانیـا دوای ڕووخانی ڕژێم لە ٩ی نیسانی ٢٠٠٣ زیاتر بوو[٤٧]، کاتێ چەندین شاندی فەرمی و نافەرمیی ئەو وڵاتە بەردەوام ڕوویان لە هەرێم کرد و بە پێچەوانەوەش، ئەمەش هەندێ لەو چالاکیيانەیە:

*لە ١٧ی شـوباتی ٢٠٠٣دا لە لەندەن (تۆنی بلێر) سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا پێشوازیی لە سەرۆکی حکوومەتی هەرێم کرد.

*لە ٢٤ی نیسانی ٢٠٠٨دا، دەڤید میلیباند وەزیری دەرەوەی بەریتانیـا گەیشـتە هەرێـم و لە لایـەن سـەرۆکی هەرێم و سەرۆکی وەزیرانەوە پێشوازی کرا[٤٨].

فەرەنسـاش یەکێـک بـوو لـەو دەوڵەتانـەی بایەخیان بە پەرەسـەندنی ڕووداوەکانی کوردسـتان دا، بە شێوەیەک کە ڕێکخراوی (فرانس لیبرتی)[٤٩] گرنگییەکی بەرچاوی بە کولتوور و ناسنامەی کورد دا و ئەم چالاکییانەی بۆ بەڕێوە برد:

*سـیمینارێک دەربارەی (ناسـنامەی کولتووریی کورد) لە ١٤-١٥/١٠/١٩٨٩دا.

*کۆنگرەیەک دەربارەی (دۆزی کورد) لە ساڵی ١٩٩٢دا.

ئەم گرنگی پێدانە بە شـێوەیەکی فراوانتـر دوای ڕاپەڕینی

١٩٩١ بــەردەوام بــوو، فەرەنســاش دەســت پێشــخەر بوو لــە دەرکردنــی بڕیــاری ٦٨٨ی ئەنجومەنــی ئاسایشــدا، لەو چالاکییانەی کە بۆ بەتین کردنی پەیوەندییەکان نواندی:

*پێشــوازی کردنی بەڕێز (هۆلاند) ســەرۆکی فەرەنســا لە بەڕێز مەسعوود بارزانی لە حوزەیرانی ٢٠١٣دا.

*پێشوازی کردنی بەڕێز فرانسوا میتران سەرۆکی فەرەنسا لــە هەردوو ســەرکردە، بەڕێزان مەســعوود بازانی و جەلال تاڵەبانی لە ١٩ی مایسی ١٩٩٣دا.[50]

*کردنەوەی کونسوڵخانەی فەرەنسا لە هەولێر لە ڕێکەوتی ١ی حوزەیرانــی ٢٠٠٨ لــە لایەن بێرنارد کۆشــنەر وەزیری دەرەوەی فەرەنساوە.[51]

*کردنەوەی مەڵبەندی ڕۆشنبیریی فەرەنسا لە هەولێر.

*کردنەوەی پەیمانگەی فەرەنســی بۆ ڕۆژهەڵاتی نزیک لە هەولێر لە ڕێکەوتی ٢٠١٢دا.

*ســیمینارێک لــە پەرلەمانــی فەرەنســا لــە ٢٠١٣/٢/٢٣دا سەبارەت بە پەیمانگەی کوردی لە پاریس، هەروەها دەربارەی پەرەسەندنی دۆزی کورد.

*یاداشتی هاوکاریی نێوان کۆماری فەرەنسا و حکوومەتی هەرێمی کوردستانی عیراق لە ١٥ی حوزەیرانی ٢٠١٠دا. ئەو یاداشتە لە سەر ئەو بنەمایە واژۆ کرا:

حکوومەتــی فەرەنســا و حکوومەتی هەرێمی کوردســتانی عیراق ئەم یاداشــتە واژۆ دەکەن، لە چوارچێوەی پەیوەندیی تــازەی نێوان حکوومەتــی کۆماری فەرەنســا و حکوومەتی عیراقــی فیدرالــدا، هــەر بــە پێــی ئــەو ڕێککەوتننامەیەی بە هاوبەشــی لە نێــوان هــەردوو لا لــە ڕۆژی ٢٠٠٩/١١/١٥دا لــە بواری ڕۆشــنبیری و زانســتی و تەکنیکــی و هاوکاریی گەشــەپێداندا واژۆ کــرا، هەروەهــا بــە پێی ئــەو مەرجانەی دەســتووری عیراق دایناون، کە ماف بــە هەرێمەکان دەدات

بەرنامــەی هاوکاریی دەرەوە پیادە بکەن، لە رووی جێبەجێ کردنی بەرنامەکانی هاوکاریی دەرەوە لە بواری رۆشــنبیری و پەروەردەیــی و ئابــووری و پەرەپێدانــی کۆمەڵایەتیــدا، هیواداریــن ئەم پەیوەندییانە لە بواری بازرگانی و ئابووری و رۆشنبیرییش هەر پەرە بستێنن.

*یەکــەم: پەرەپێدانــی هاوکاریــی ئابــووری و بازرگانی و بووژاندنەوەی ژێرخان.[٥٢]

*دووەم: هاوکاریی کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری و ئاڵوگۆڕی پەروەردەیی.[٥٣]

*ســێیەم: هاوکاریی فەرمی و دابین کردنی شــارەزایی بۆ حکوومەتی هەرێم.[٥٤]

## هەوڵەکانــی بنیاتنانــی پێگەیەکــی نێودەوڵەتی بــۆ هەرێمی کوردستانی عیراق لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا:

### دۆخی نایەقین !

بە گوێرەی ئەوەی پێشوو، هەوڵێکی چڕوپڕ درا بۆ بەدەست هێنانــی پێگەیەکــی نێودەوڵەتــی بــۆ هەرێمــی کوردســتانی عیراق لە گۆڕەپانی سیاســەتی نێودەوڵەتــی و لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیــدا. ئەم ئەرکەش ئاســان نەبوو، تا ئێســتاش زۆر زەحمەتە و پڕیەتی لە ئاســتەنگ و بەربەســت، بەڵام تواندرا هەندێ پێشکەوتن لەم رووەوە بێتە دی. حکوومەتی هەرێمی کوردســتان لــەم بارەیەوە زیاتر پەرژایە ســەر چەند هۆکار و ئامرازێــک بۆ پەرەپێدانــی پەیوەندییەکان لەگــەڵ لایەنانی جیاجیــای نێودەوڵەتــی (واتــە لەگــەڵ یەکــەی دەوڵەتــی و نادەوڵەتیدا).

گرنگترین ئەو ئامراز و ڕێگایانەش:

*نەوت

*وەبەرهێنان

*پەیوەندیی کولتووری
*پەیوەندیی دەرەوە

**١-نەوت:**

٥٥ عیراق لە رووی یەدەگی نەوتی دۆزراوەوە، بە گرنگترین دەوڵەت دادەندرێت. بە پێی داتای ورد کە جێی متمانەیە، یەدەگی نەوتـــی عیراق دەگاتە ١١٥ ملیار بەرمیل[٥٦]، لە کاتێکدا یەدەگی دووپات کراوەی نەوت لە هەرێمدا ئێســـتا دەگاتە نزیکەی ٢٥ ملیار بەرمیل[٥٧]، هەرێمی کوردســـتان تەنانەت بەو بڕە نەوتە، پێگەیەکی گرنکی لە نێو ئەو وڵاتانەدا هەیە کە یەدەگی نەوتیان هەیە، ئەمەش بووەتە خاڵی راکێشان سەبارەت بە دەوڵەتانی پێشکەوتووی پیشەســازی و کۆمپانیاکانی زەبەلاحی بواری نەوت[٥٨]، چونکە نزیکەی ٥٠ کۆمپانیای نەوت گرێبەســتی کار کردنیان لە کێڵگەکانی نەوتی هەرێمدا هەیە.[٥٩]

**٢-وەبەرهێنان:**

یاســای وەبەرهێنــان ژمــارە (٤)ی ســاڵی ٢٠٠٦ پرســی وەبەرهێنــان لــە هەرێم رێــک دەخات. بەم پێیەش دەســتەی وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان دامەزرا، چەندین هەنگاوی گرنگــی بــۆ راکێشــانی وەبەرهێنــەران هاویشــت، کۆمەڵێک دەرفەتی وەبەرهێنانی لە هەرێمدا خســتە ڕوو، بۆیە چەندین پرۆژەی نیشتەجێ بوون و هوتێل و وێستگەی وزەی کارەبا و پرۆژەی دیکەی پیشەسازی لە هەرێم جێبەجێ کران. گۆڤارێکی ئابووریی جیهانی تایبەت بە کاروباری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، گۆڤــاری (مید)، دووپاتی کردووەتەوە کــە لە نیوەی یەکەمی ســاڵی ٢٠١٢دا وەبەرهێنانی بیانی لە کوردســتاندا بەرزترین ئاســتی بە خۆیــەوە دیوە، کە گەیشــتووەتە ٣،٤ ملیار دۆلار. هەروەها ژمارەی کۆمپانیــاکان روو لە زیاد بوونە، ئەوانەی ئارەزووی وەبەرهێنان دەکەن لە هەرێمی کوردســتاندا، وەک

دەستپێکی چالاکییەکانیان لە سەرتاسەری عیراقدا هەوڵی بۆ دەدەن. گۆڤارەکە روونی کردەوە کە یاسای وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان کلیلێک بوو بۆ هاندانی وەبەرهێنەران، چونکە یاسایەکی هەرە لیبراڵە لە ناوچەکەدا، هاوکات لەبەر ئەوەی بۆ ماوەی دە ساڵ کۆمپانیای بیانی لە باج دەبەخشێت. ئەو گۆڤارە ئاماژەی بەوەش کردووە، کە قەبارەی وەبەرهێنان لە ساڵی ٢٠٠٦ـەوە تا ٢٠١٢ گەیشتووەتە ٢١ ملیار دۆلار. دەستەی وەبەرهێنانیش لە هەرێمدا لە بەیاننامەیەکی رۆژی ٢٩ی ئایاری ٢٠١٢دا دووپاتی کردەوە، کە قەبارەی وەبەرهێنانی بیانی و ناوخۆیی لە هەرێمی کوردستاندا بە گشتی لەوەتەی یەکی ئابی ٢٠٠٦ـەوە تا کۆتایی مانگی ئایاری ٢٠١٢ گەیشتووەتە نزیکەی ٢٠ ملیار دۆلار.[٦٠]

**٣-پەیوەندیی کولتووری:**

یەکەم شت کە بە بیردا دێت ئەوەیە: ئایا فاکتەری رۆشنبیری (کولتووری) رۆڵی لە پەیوەندیی نێودەوڵەتیدا هەیە و بەشداری لە پەرەپێدانی پەیوەندیی گەیاندنی نێوان یەکەکانی نێودەوڵەتیدا دەکات؟ (مارسیل میرل) پرۆفیسۆری فەرەنسایی پێی وایە، سێ ئاراستەی سەرەکی هەوڵ دەدەن رۆڵی رۆشنبیری لە پەیوەندیی نێودەوڵەتیدا دیاری بکەن:

١-ئەو ئاراستەیەی پێدانی رۆڵی سەربەخۆ بە رۆشنبیری لە پەیوەندیی نێوان دەوڵەتاندا رەت دەکاتەوە، چونکە رۆشنبیری رەنگدانەوەی ململانێی کایەکانی دیکەیە.[٦١]

٢-ئاراستەی دووەم پێی وایە رۆشنبیری رۆڵی گرنگی لە پەیوەندیی نێودەوڵەتیدا هەیە، بەڵام بە فاکتەرێکی یەکلاییکەرەوەی لە قەڵەم نادات.[٦٢]

٣-ئاراستەی سێیەم پێی وایە، رۆشنبیری کاریگەریی گرنگی لە پەیوەندیی نێودەوڵەتیدا هەیە، لەم رووەوە پشت بە را و بۆچوونی (هیگل: ١٧٧٠- ١٨٣٠) فەیلەسووفی ناوداری

ئەڵمان دەبەستێت، کە وای دەبینێت تەنیا رۆحە بەها بە گەلان دەبەخشێت.[٦٣]

وا دیارە هەرێمی کوردستـــان ئاراستەی دووەمی هەڵبژارد لـــە پەیوەندییەکانی لەگـــەڵ دەرەوەدا، فاکتەری رۆشـــنبیریی وەک فاکتەرێکـــی بەهێـــز کردنی ئەم پەیوەندیانـــە لەقەڵەم دا. لـــەم رووەوە حکوومەتی هەرێم هانی زانکۆکانی هەرێمی دا، تاکوو هاوکاری لەگەڵ زانکۆ و پەیمانگاکانی وڵاتاندا بکەن، تا پێگـــەی هەرێم لەو جۆرە پەیوەندیانەدا بەهێز بکەن، کە وەک دەروازەیەکـــە بۆ بنیاتنانی پەیوەنـــدی لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەی زانکۆکانیـــان پەیوەندییان لەگەڵ زانکۆکانـــی هەرێمدا هەیە[٦٤]. بۆیە زانکۆکانی هەرێم چەندین رێککەوتننامە و یاداشتنامەیان لەگەڵ زانکۆکانـــی جیهاندا، بە تایبەتیش بەریتانی و ئەمریکی واژۆ کرد، کە تائێســـتا ژمارەیان گەیشـــتووەتە زیاتر لە ١٠٠ زانکۆ، هەروەها بەشـــدارییان لە کۆڕ و ســـیمیناری زانستیی جیهانیـــدا کـــردووە. لەوەتەی ســـێ ســـاڵە حکوومەتی هەرێم بەرنامەیەکی فراوانی بۆ پەرەپێدانی تواناسازی راگەیاندووە. بەم پێیە سەدان قوتابیی بۆ تەواو کردنی خوێندنی باڵا رەوانەی زانکۆ ئاســـت بەرزەکانـــی دەرەوە کردووە، کـــە چوار هەزار قوتابـــی دەبن. ئێســـتاش زیاتر لە ٢٠٠٠ قوتابـــی بۆ خوێندن پەیوەندییـــان بە زانکۆکانـــی بەیتانیا و ئەمریـــکا و ئەڵمانیا و فەرەنسا و دەوڵەتانی دراوسێوە کردووە.

ئەم سیاســـەتە کە پشت بە فاکتەری رۆشنبیری دەبەستێت، ئەوەی ســـەلماند کە سیاسەتێکی ســـەرکەوتووە بۆ بنیاتنانی تێگەیشـــتنێکی جیهانـــی ســـەبارەت بـــە پێگەی هەرێـــم لە نێو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا. ئەو سیاســـەتەش ئەوەی لێکەوتەوە، کە دەوڵەتان پەیوەندیی دیپلۆماســـی لەگەڵ عیراقدا ببەســـتن، لە هەمان کاتیشـــدا لە رووی رۆشـــنبیرییەوە لەگەڵ هەرێمی کوردســـتاندا پەیوەندیی خۆیان بەهێزتر بکەن، لەم بارەیەوە

زۆر لــه وڵاتــان مەڵبەنــدی رۆشــنبیری و قوتابخانەیــان له هەرێمدا کردەوە، لەوانەش فەرەنسا و ئەڵمانیا.[65]

**٤-پەیوەندیی دەرەوە:**

پەیوەندیی دەرەوەی هەرێم بە شێوەیەکی کتوپڕ و لە ناکاو نەبوو، کە دوای رووخانی ســەدام لــە ٢٠٠٣دا و راگەیاندنی عیــراق وەک دەوڵەتێکــی فیدرالــی و ســەلماندنی قــەوارەی هەرێمی کوردســتان، بەڵکوو پەیوەندیی هەرێمی کوردستان درێژکــراوەی پەیوەندییەکانی بزاڤــی رزگاریخوازیی کوردە لــە بەرپا بوونی شۆڕشــی ئەیلوولەوە لــە ١٩٦١دا لە عیراق. پەیوەندیی سنووردار لەگەڵ هەندێ لە سەرکردەی دەوڵەتانی عەرەبدا هەبوو (بە تایبەتیش سەرۆک جەمال عەبدولناسر)٦٦، هەروەها ســەبارەت بە پەیوەندی لەگــەڵ زلهێزانی ئەو کاتە (یەکێتیــی ســۆڤیەت و ویلایەتــە یەکگرتووەکانــی ئەمریکا)، بەڵام بەو ئاســتە نەبوو کە کاریگەریی بۆ سەر وەدی هێنانی ئامانجەکانــی شــۆڕش هەبــوو بێــت، بەڵکوو بریتــی بوو لە پەیوەندییەکی ســادە کە لە پرســی مرۆیی تێپەڕی نەدەکرد. لەگەڵ ئەوەشدا پەرەســەندنی رووداوەکانی ناوخۆ لە عیراق (کودەتــای ســەربازی و گۆڕینی سیســتەمی حوکم) رۆڵیان هەبوو لە ڕاکێشانی سەرنج بە لای شۆڕشی کورد و هەوڵدان بــۆ زیاتر پەیوەندی کردن بە ســەرکردەکانی شۆڕشــەوە[67]. ســەبارەت بە ئەمریــکا زۆر بە درەنگ وەختــەوە پەیوەندیی لەگەڵ شۆڕشی کورددا بەست، بە تایبەتیش لە ساڵی ١٩٧٢ لە سەردەمی سەردانی (ریچارد نیکسۆن) سەرۆکی پێشووتری ئەمریــکا بۆ تاران و دواتر دەرکردنی رێنمایی بۆ پشــتیوانی کردن لە شــۆڕش، بەڵام بەهێزتریــن پەیوەندی لەگەڵ ئێراندا زۆر کۆنترە کە لە ١٩٦٢ـەوە دەستی پێ کردووە.[68]

ئەم کولتوورەی پەیوەندی ســوودی بۆ حکوومەتی هەرێم هەبوو، کە بتوانێت پەیوەندی لەگەڵ دەرەوەدا دوای پێکهێنانی

له ١٩٩٢دا، پەرە پێ بدات، بەڵام باری دەستووریی هەرێم زۆر روون نەبــوو، چونکە رژێمی پێشــوو ددانی بەو فیدرالیەتەدا نەدەنــا، بۆیە بۆ دەوڵەتان ئاســان نەبوو مامەڵــە لەگەڵ ئەو حاڵەتە نائاســاییەدا بکــەن. لەبەر ئــەوە مامەڵەکە لەگەڵ ئەم واقیعــەدا بــوو، ئیــدی شــاندی دەوڵەتــان و رێکخراوەکانی نێودەوڵەتــی بەردەوام ســەردانی هەرێمیان کرد، ســوودیان لــە هەردوو بڕیــارە گرنگەکەی ئەنجومەنی ئاســایش ژمارە ٦٨٨ و٩٨٦ وەرگرت، لە روانگەی مرۆییەوە مامەڵەیان لەگەڵ هەرێمــدا دەکــرد[٦٩]. ئەم مامەڵەیــەش زیاتر لەگــەڵ جێبەجێ کردنــی بڕیــاری ٩٨٦دا چەســپا، کاتــێ ١٣٪ی بەرنامــەی نــەوت بەرانبەر بــە خۆراک بۆ هەرێم تەرخــان کرا، بەمەش چالاکییەکانی رێکخراوگەلی نێودەوڵەتی، بە تایبەتیش نەتەوە یەکگرتووەکان پەرەی سەند.

دوای رووخانــی رژێــم لــە ٢٠٠٣دا، هەروەهــا دەرچوونی یاســای بەڕێوە بردنی دەوڵەت بۆ قۆناغی راگواستە لە ساڵی ٢٠٠٤دا، پاشان دەستووری عیراق لە ساڵی ٢٠٠٥دا، ددان بە باری یاســایی و دەســتووریی هەرێمدا نرا، وەک هەرێمێکی فیــدرال لــە دەوڵەتی عیراقــی فیدرالــدا. بۆیــە مامەڵە کردن لەگەڵ هەرێم شــێوەی یاسایی وەرگرت. دواتر چالاکییەکانی رێکخراو و دەوڵەتان زیادی کرد، چەندین شاندیش لە ویلایەتە یەکگرتووەکان و بەریتانیا و فەرەنســا و ئەڵمانیا و ئیســپانیا و چەند دەوڵەتێکی عەرەبی و دراوســێوە، روویان لە هەرێم کرد. ئەم کرانەوەیە بــووە هۆی کردنەوەی ٢٧ نوێنەرایەتیی دیپلۆماســیی دەوڵەتانــی جیاجیا لە هەرێمی کوردســتان[٧٠] و زیاد بوونی هاتنی شاندەکانیان بۆ هەرێم.[٧١]

کەواتــە بەم ســتراتیژە، هەرێــم هەوڵی دا پێگەیــەک لە نێو سیاســەتی جیهانیــدا بنیــات بنێــت و ببێتە خاڵی راکێشــانی بەرژەوەندیی دەوڵەتان، بەڵام پرســیارەکە لەوەدایە: ئایا ئەو

پێگەیە سەقامگیرە و ئاییندەی روونی هەیە، یاخود ناجێگیرە و پشت بە (نایەقین) دەبەستێت؟

سیاسەت سروشتێکی دینامیکیی هەیە، دواتر لە بارێکی دیاری کراودا جێگیر نییە، بەڵکوو بەردەوام لە گۆڕاندایە، لەم سۆنگەیەوە دەکرێ بگوترێت، پێگەی ئێستای هەرێم لە هاوکێشەکانی سیاسیی جیهانیدا ناکرێ گۆڕانکاریی بە سەردا نەیەت، بەڵکوو پێویستە بڕیاربەدەستانی هەرێم ئەم راستییە لەبەر چاوی خۆیان دابنێن، هەوڵ بدەن لەگەڵ هەر گۆڕانکارییەکدا هەماهەنگی بکەن. دیارە ئەمەش پەیوەستە بە لێهاتوویی سیستەمی سیاسی و کارگێڕی و پێشبینی کردنی داهاتووەوە. لە سەر ئەو بنەمایە دەکرێ بگەینە ئەو ئەنجامەی کە هەرێمی کوردستان (پێگەیەکی دیاری کراو)ی لە سیاسەتی جیهانیدا هەیە، کە سەرچاوەکەی ئابوورییە و پەیوەستە بەو یەدەگە زۆەی نەوت کە لە هەرێمدا هەیە، بەڵام وەک پێگەیەکی ناجێگیر پێویستی بە کارامەیی هەیە، تاکوو بەردەوام بێت. سەقامگیریی ئەو پێگەیەش پەیوەندیی بە پەرەپێدانی رووداوەکانی جیهانەوە هەیە، بە تایبەتیش ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست. ئەمەش مانای وایە کە هاوکێشەی سیاسیی پێگەی هەرێمی کوردستان چەندین لایەنی دیکەی هەیە، کە تاکە زلهێز لە جیهاندا دەگرێتەوە، بە گوێرەی گوزارشتی زانای ناوداری سیاسەت هنتنگتون Huntington ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و دەوڵەتانی دیکەی مەزن وەک رووسیا، فەرەنسا، بەریتانیا، ئەڵمانیا، وێڕای دەوڵەتانی ئیقلیمی وەک تورکیا و ئێران و سعوودیەش دەگەڕێتەوە، بەڵام نابێت کاریگەریی پەرەسەندنی رەوشی ناوخۆی عیراقیش بۆ سەر پێگەی هەرێم پشتگوێ بخرێت، (کە هەرێمێکی فیدراڵە لە ناو دەوڵەتی عیراقی فیدراڵدا). ئەو فاکتەرانە رۆڵی گرنگیان هەیە لەوەی کە پێگەی هەرێم سەقامگیر یان ناسەقامگیر بێت،

دواتر گۆڕینی ڕەوشــی هەرێم بۆ ڕەوشــێک کــە بە (دۆخی نایەقیــن) ناوی بەریــن. ئەو دۆخە زیاتر قــووڵ دەبێتەوە بە هۆی دۆخی ناسەقامگیری ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە، کە بە قۆناغی گۆڕانکاریی ریشــەییدا تێ دەپەڕێت، کە ناکرێ هەرێمی کوردســتان لێی دوور بێــت، چونکە کاریگەریی ئەم پرۆســەی گۆڕانکارییە شــوێنەواری بە سەر پێگەی هەرێمدا جێ دێڵێت، بۆیە پێویستە هەرێم پارێزگاری لە ڕۆڵی خۆی لە نێو ئەو هاوکێشــە سیاسییەی ناوچەکەدا بکات، دواتر پێگەی خۆی لە سیاسەتی ئیقلیمی و جیهانیدا بەهێز بکات.

---

پەراوێز:

١-لە کۆبوونەوەی کۆمەڵەی گشــتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ٢٥ی ئەیلوولی ١٩٨٩دا، جۆرج بوش ســەرۆکی پێشــووتری ئەمریکا باســی لــە دەرفەتێکی مێژوویی کرد، بە کۆتایــی هێنانی ململانێی ڕۆژهەڵات-ڕۆژئاوا، ئێســتاش بیرۆکەی هێز سەری هەڵداوە و نکووڵیی لێ ناکرێ، undeniable force بــەڵام ئەمــە بیرۆکــەی ئازادییــە، ئەمــڕۆش ســاتی ئازادییــە، ئازادی مانای ئازادیی هاووڵاتیانە لە هەڵبژاردنی سیســتەمی سیاسیی خۆیان. لە نیسانی ١٩٩٠دا سەرۆک بوش لە بەردەم قوتابیاندا لــە ئەکادیمیــای ســەربازیی ئەمریکادا لــە ویلایەتی نیویۆرک، باســی سیســتەمی تازەی جیهانی کرد و سیماکانیشــی خەریکــە دەردەکەون. دوای ئەوەی ســوپای عیراق چووە نێو کوێتەوە، لە بەردەم کۆنگرێسی ئەمریکا لە ١٩٩١/٩/١١دا دیسانەوە باسی سەرهەڵدانی سیستەمی تازەی جیهــان کرد. لە ١٩٩١/١٠/١یشــدا لە بەردەم کۆمەڵەی گشــتیی نەتەوە یەکگرتووەکان دووبارەی کردەوە، ڕایگەیاند کە ئەم سیستەمە تازەیەی جیهان دەبێتە خاڵێکی سەرەکی لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکادا.

٢-ئەمــە مانــای وا نییــە کــە بنەماکانی سیســتەمی نەریتیــی جیهان هەرەســی هێنــاوە و کۆتایی هاتووە، بەڵکوو ئــەم بنەمایانە ماونەتەوە، بــەڵام لاواز بــوون و هەنــدێ گــۆڕاون، بــۆ نموونە: (١-هاوســەنگیی هێــز، ٢-دابین کردنی وزە، ٣-دەوڵــەت وەک تاکە کارا لە چوارچێوەی پەیوەندیی نێودەوڵەتیدا).

٣-چەمکــی (دەوڵەتــی نیشــتیمانی) یەکێکە لە چەمکــە بنەڕەتییەکانی

زانســتی سیاسەت، کە بە زانستی دەوڵەت ناسراوە. بڕوانە: د. حەسەن ســەعب، زانستی سیاســەت، چ ٦، دار العلم للملايين، بەیرووت، ١٩٧٩.
ئــەم چەمکە هەر وەک هەندێ توێژەر لە زانســتی سیاســەت دووپاتی دەکەنەوە، لەســەر دوو لە سەر سێی یەکەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پیــادە ناکرێــت، ئەگــەر چەند دەوڵەتێکــی ئەندام لــە UN وەربگرین کە ژمارەیــان ١٩٣ دەوڵەتــە، وەک پێوانەیــەک بــۆ جێبەجــێ کردنــی ئەم دەرەنجامــە دەردەکەوێت، کە ١٢٨ دەوڵەتیان مەرجی تەواوی دەوڵەتی نیشتیمانییان تێدا نییە.

4- Thomas Risse (ed.)، Governance without a State? Policies and Politics in Areas of Limited Statehood، (Columbia: Columbia University Press،2011)

Luc Sindjoun،» Transformation of International Relations : Between Change and Continuity: An Introduction»، in: International Political Science Review،Vol. 22، July 2001،p.225

بە گواســتنەوە لــە: (ايمــان أحمد رجــب، « التداخل: أنمــاط وأدوار، الفاعلين من غير الدول فى المنطقة العربية»، دراسة منشورة فى مجلة « السياسة الدولية»، العدد ١٨٥، القاهرة، يوليو ٢٠١١، ص ٨٨-٩٢.

٥-توێژەر لە زانستی سیاسەت- زانکۆی ئەمریکا لە قاهیرە.

6)Julie C. Herick،» Non-State Actors: A Comparative Analysis of Change and Development within Hamas and Hezbollah»، in: Bahget Korany (ed.)، The Changing Middle East: A New Look at Regional Dynamics، (Cairo: AUC Press، 2010)، pp. 167-172

٦-هەمان سەرچاوە، ل ٨٨

٧-بۆ وردەکاری بڕوانە: (ایمان رجب، هەمان سەرچاوە، ل ٨٩)

8) Claude Buderlin، Andrew Clapham، Keith Kraus and Mohammad-Mahmoud Ould Mohamedou،» Transnational and Non-State Actors: Issues and Challenges-Concept Note» March 2007،Program on Humanitarian Policy and Conflict Research Harvard University، and Graduate Institute of International Studies (Geneva)، and the Rad Cliffe Institute for advanced Study at Harvard University،pp 1-3

بە گواستنەوە لە، ایمان رجب، هەمان سەرچاوە، ل ٨٩

٩-هەمان سەرچاوە، ل ٩١

١٠-شایانی باسە، دووەمین کۆنگرەی عەرەبی- تورکی بۆ زانستەیلی کۆمەڵایەتـی لـە ١٧-٢٠١٢/٣/١٩ لـە قاهیـرە بەسـترا، بە ناونیشـانی (کاراکتەرانـی بـێ دەوڵـەت و گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتـی و ئابووری لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاسـتدا)، کۆنگرەکەش باسـی لە رۆڵی کاراکتەرانی بێ دەوڵـەت و ئایا رۆڵیان تەواوکارە یـان ئەلتەرناتیڤە، کرد. بڕوانە: راندا موسی، المؤتمر العربي التركي اليانى للعلوم الاجتماعيه، مجله «السياسه الدوليه»، العدد ١٨٩، يوليو ٢٠١، ص ١٧٥.

١١-نووسەر نادیارە، اتجاهات نظرية فى تحليل السياسة الدوليه (ملحق مجلة السياسـة الدولية، العدد ١٨٥، يوليو ٢٠١١)، ص ٣-٥ (الاشارة هنا الى ص٣).

١٢-دەربـارەی جیهانگیری، بڕوانە: فرانک جـی. لچنەر و جون بولی (تحريـر)، العولمـة: الطوفـان أم الانقـاذ؟ الجوانب الثقافية والسياسـية والاقتصاديـة، ترجمـة: فاضل جتكـر، المنظمة العربيـة للترجمة ومركز دراسـات الوحده العربية، ط ١، بيروت، اذار/مارس ٢٠٠٤ (على الاخص الصفحات من ٣٤٥ الى٤٢٢).

١٣-نووسەر، سەرچاوەی پێشوو، ل٣.

١٤-سەرچاوەی پێشتر، ل ٤.

١٥-بۆ نموونە:

JushuanCooper Ramo، The Age of Unthinkable، (N.Y.: Little. Brown and Company،2009)

١٦-نووسەر، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤

١٧-هەمان سەرچاوەی سەرەوە، ل ٥

١٨-جێـی خۆیەتـی لێـرەدا ئاماژە بـەوە بکەین، کە زانـای ناوداری سیاسەت (هارۆلد لاسویل: LASSWEEL) دووپاتی دەکاتەوە، کە گرنگیی سیاسـەت بریتی نییە لە توانای چارەسەر کردنی کێشەیەک یان زیاتر، بەڵکوو دابین کردنی توانایە تاکوو پێشـبینیی ئەوە بکات لە ئاییندەدا چ کێشەیەک دێتە پێشەوە و کار بۆ نەهێشتنی دەکات.

بڕوانـە: Harold Lasswell، Politics: Who Gets What، When، How،1936

١٩-ايمـان أحمد رجب، «الاقتراب من حالة عدم اليقين»، دراسـە فی: اتجاهات نظرية في تحليل السياسة الدولية (ملحق مجلة السياسة الدولية، العدد ١٨٥، يوليو ٢٠١١، ص ٦- ٢١ (الاشارة هنا الى ص١١).

٢٠-دەربارەی تیۆریی ئاشتیی دیموکراسی بڕوانە:

د. أنــور محمد فــرج، نظرية الواقعية فى العلاقات الدولية، الســليمانية، ٢٠٠٧، ص ٢٩٧ – ٣٠٢.

٢١-رجب، سەرچاوەی پێشوو، ل ٧

٢٢-هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٨

٢٣-هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١١

٢٤-د. منذر الشــاوي، القانون الدستوري، الجزء الاول، الناشر العاتك لصناعة الكتاب، القاهره، توزيع المكتبة القانونية بغداد، بغداد، ط٢، ٢٠٠٧، ص ٢٥١

٢٥-بەڵام لە پاڵ ئەو دەســەڵاتە فیدرالییەشــدا، لە هەر ویلایەتێک یان هەرێمێــک کە دەوڵەتی فیدرالییان لێ پێک دێت، دەســەڵاتێکی ناوخۆیی هەیە، کە کاروباری ناوخۆی ویلایەتەکە بەڕێوە دەبات بە پێی دەستووری ناوخۆ، کە بناغەکەی لە روحیەتی دەستووری فیدراڵەوە وەرگرتووە، بە شێوەیەک کە رێگە بە هیچ ناکۆکییەک لەگەڵ خۆیدا نادات.

٢٦-روبــرت بــوی و کارل فردریــک (تحرير)، دراســات فــي الدولة الاتحاديــة، ترجمة وليد الخالدي وبرهان دجاني، الدار الشــرقية للطباعة والنشــر ومؤسســة فرانكلين للطباعة والنشر، بيروت- نيويورك، ١٩٦٦، ص ٤١٣

٢٧-ماددەی ٣٢ لە یاســای بنەڕەتیی ســاڵی ١٩٤٩ی ئەڵمانیا بە دەق دەڵێت:

پەیوەندییەکانی دەرەوە:

١-سەرپەرشــتی کردنی پەیوەندییــەکان لەگەڵ دەوڵەتانــی بیانی بە فیدراڵ.

٢-بەر لە واژۆ کردنی هەر پەیوەندییەک بە شێوەیەکی تایبەتی، رەنگە پەیوەست بێت بە هەلومەرجی یەکێک لە ویلایەتەکانی فیدراڵ.

٣-لــەو دەســتوورەی کــە ویلایەتەکانی فیــدراڵ تێیدا بەرپرســن لە دەرکردنی یاسا، دەکرێ بە رەزامەندیی حکوومەتی فیدراڵ رێککەوتننامە لەگەڵ وڵاتانی دەرەوەدا مۆر بکەن.

یاســای بنەڕەتیی کۆماری ئەڵمانیای فیدراڵ، دەزگای فردریک ئیبرت، بەرلیــن، تەممــوزی ٢٠٠٢، ل ٣١ و لــە ماددەکانــی ٥٤ و ٥٥ و ٥٦ی دەستووری ساڵی ٢٠٠٠ی سویسرادا هاتووە:

بەشی دووەم: پسپۆرییەکان

یەکەم: پەیوەندییەکانی دەرەوە

ماددەی ٥٤: کاروباری دەرەوە

١-فيدرال تايبەتمەندە بە كاروبارى دەرەوە.

٢-فيدرال كار بۆ پاراستنى سەربەخۆيى سويسرا و دابين كردنى خۆشگوزەرانى دەكات، هەروەها بە تايبەتيش بەشدارى لە يارمەتيدانى گەلانى نەدار و بەرەو ڕووبوونەوەى هەژارى دەكات و كار بۆ ڕێزگرتن لە مافى مرۆڤ و چەسپاندنى ديموكراسى و ئاشتيى نێوان گەلان دەكات.

٣-فيدرال ڕێز لە پسپۆريى هەرێمەكان دەگرێت و پارێزگارى لە بەرژەوەندييەكانيان دەكات.

ماددەى ٥٥: بەشداريى هەرێمەكان لەو بڕيارانەى پەيوەستن بە كاروبارى دەرەوە:

١-كانتۆنەكان بەشدارى لە گەڵاڵە كردنى بڕيارەكانى پەيوەست بە كاروبارى دەرەوە دەكەن كە تايبەتن بە بەرژەوەنديى هەستەوەرەوە.

٢-فيدرال لە كاتى گونجاودا هۆشدارى دەداتە هەرێمەكان و بە وردى راى خۆيانى پێ رادەگەيەنێ.

٣-گرنگيى بەشدارى كردنى هەرێمەكان لە بڕياردان زێدەتر دەبێت ئەگەر هاتوو كارەكە پەيوەست بوو بە پسپۆڕييەكانيانەوە.

ماددەى ٥٦: پەيوەنديى نێوان هەرێمەكان و دەوڵەتانى ديكە:

١-هەرێمەكان بۆيان هەيە لە بوارەكانى پسپۆڕيى خۆياندا، پەيماننامە لەگەڵ دەوڵەتانى ديكەدا واژۆ بكەن.

٢-نابێت ئەو پەيماننامانە لەگەڵ ماف و بەرژەوەنديى فيدرال و هەرێمەكانى ديكەدا ناكۆك بن.

٣-هەرێمەكان بۆيان هەيە راستەوخۆ مامەڵە لەگەڵ لايەنانى بيانيى لە ئاستى خۆياندا بكەن .

دستور الاتحاد السويسرى (بتأريخ ١٩٩٩/٤/١٨ المعمول به منذ ٢٠٠٠/١/١)، ترجمة: د. محمود الجندي ود. سامي الديب.

٢٨-هەمان سەرچاوە و هەمان لاپەڕە.

٢٩-بەرەى كوردستانى: كۆمەڵە پارتێكى سياسيى كوردە كە سەركردايەتيى راپەڕينەكەى ئادارى ١٩٩١يان لە ناوچەى كوردى (باشوورى كوردستان)دا كرد، وەك دەسەڵاتيش بەڕێوەيان برد.

٣٠-لە ماددەى ٣ى ياساى بەڕێوە بردنى دەوڵەت بۆ قۆناغى راگواستەدا هاتووە:

(ئەم ياسايە بە باڵاترين ياساى وڵات دەژمێدرێت و لە سەرتاسەرى عيراقدا بە بێ جياوازى جێبەجێ دەكرێت).

٣١-ماددەی ٥٣ی یاسـاى سـاڵی ٢٠٠٤ی بەڕێوە بردنی دەوڵەت بۆ قۆناغی راگواستە بە دەق دەڵێت:

أ)ددان بـە حکوومەتـی هەرێمـی کوردسـتاندا دەندرێت بـەو ناوەی حکوومەتـی فەرمیی ئـەو خاکەیە کە لە لایـەن حکوومەتی ناوبراوەوە لـە ٩ی ئاداری ٢٠٠٣ـەوە بەڕێوە دەچن، کـە کەوتووەتە پارێزگاکانی دهۆک و هەولێر و سـلێمانی و کەرکـووک و دیالە و نەینەوا. زاراوەی (حکوومەتی هەرێمی کوردسـتان) کە لەم یاسـایەدا هاتووە، پەرلەمانی کوردسـتان و ئەنجومەنی وەزیرانی کوردستان و دەسەڵاتی دادوەریی هەرێمی کوردستان دەگرێتەوە.

تێبینـی دەکرێ کە ماددەی (٤)ی یاسـای بەڕێـوە بردنی دەوڵەت بۆ قۆناغی راگواستە جەختی کردووەتەوە سەر ئەوەی کە سیستەمی حوکم لە عیراقدا کۆماری فیدرالییە، هەروەها دەسەڵاتیش لە نێوان حکوومەتی فیـدرال و حکوومەتـی هەرێمـەکان بەڕێوە دەچێت. مـاددەی (١١٦)ی دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ی کۆماری عیراقیش دەڵێت: سیستەمی فیدرال لـە کۆماری عیراقدا لە پایتەخت و هەرێم و پارێزگاکانی ناسـەنترال و کارگێڕیـی خۆجێیـی پێک دێت، ئەمەش بەڵگەیە لەسـەر ئەوەی کە ئەم زاراوەیەی لە عیراقدا بۆ ناساندنی ویلایەت یان کانتۆنی فیدرالی بەکار هاتووە، بریتییە لە زاراوەی هەرێم.

٣٢-مـاددەی ١١٧ی دەسـتووری ٢٠٠٥ی کۆمـاری عیـراق بە دەق دەڵێت:

یەکەم: ئەم دەستوورە، لە کاتی جێبەجێ کردنیدا، هەرێمی کوردستان و دەسەڵاتەکەی ئێستای بە (هەرێمێکی فیدرال) دادەنێت.

٣٣-ماددەی ١ی دەستووری ٢٠٠٥ی کۆماری عیراق بە دەق دەڵێت:

کۆماری عیراق یەک دەوڵەتی فیدرالی سەربەخۆ و خاوەن سەروەریی تەواوە، سیستەمی حوکمەکەشی پەرلەمانیی دیموکراسییە.

٣٤-بڕگەی(١)ی ماددەی (١١٠) لە دەستووری ٢٠٠٥ی عیراق بە دەق دەڵێت:

مـاددەی (١١٠): دەسـەڵاتی فیـدرال بـە تایبـەت ئەو پسـپۆڕییانەی دەبێت:

یەکـەم: کێشـانی نەخشـەی سیاسـەتی دەرەوە و نوێنەرایەتیـی دیپلۆماسـی، وتوێژ کردن سـەبارەت بە پەیماننامـە و رێککەوتننامەی نێودەوڵەتی، سیاسـەتی قەرزکاری و ئیمزا کردن و کێشـانی نەخشەی سیاسەتی ئابووری و بازرگانی و بازرگانیی سیادیی دەرەوە.

٣٥-عیراق هیواخوازە کە بڕیاری ئەنجومەنی ئاسـایش ژمارە ٢١٠٧ لە ٢٧ی حوزەیرانی ٢٠١٣دا تایبەت بە دەرهێنانی عیراق لە حوکمەکانی بەندی حەوتەمی بەڵگەنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان، لە گواستنەوەی بۆ بەندی شەشەم پیادە بکرێت. (ڕۆژنامەی (الصباح) ژمارە ٢٨٥٧ لە ٢٩ی حوزەیرانی ٢٠١٣).

٣٦-بە پێنووسی: د. معمر مهدي صالح الكبيسي، توزيع الاختصاصات الدسـتورية فـي الدولـة الفيدراليـة: دراسـه مقارنة، منشـورات الحلبي الحقوقية، بيروت، ط ١، ٢٠١٠، ص ٢٤٨.

٣٧-بێجگـە لـەوەی لە بڕگەی (چـوارەم)ی مـاددەی (١٢١)دا هاتووە، بە دەق دەڵێت: دەکرێ نوێنەرایەتیی هەرێم و پارێزگاکان لە باڵیۆزخانەکانی عیراقـدا هەبن بۆ چاودێری کردنی بەرژەوەندیی ئابووری و گەشـەپێدان و ڕۆشنبیری.

٣٨-دەربارەی وەرگرتنی کەسـایەتیی نێودەوڵەتی پرۆفیسۆر دکتۆر محەمەد مەجزووب دەنووسێت:

ئەو کەسـایەتییە نێودەوڵەتییە بە دوو شـت دەسـت نیشان دەکرێت: توانای ئاشـکرا کردنی ویستی خودی تایبەت لە هاوکێشەی پەیوەندیی نێودەوڵەتـی، توانـای پیـادە کردنی چەنـد پسـپۆڕییەکی نێودەوڵەتی، دەوڵەتیش کەسی یەکەمە لە یاسای گشتیی دەوڵەتدا، ئێستاش دەوڵەت بە چاکترین ڕێکخسـتنی سیاسی لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دادەندرێت. (الدكتـور محمـد المجـذوب، القانـون الدولي العـام، منشـورات الحلبي الحقوقية، بيروت، ٢٠٠٣، ص ١٣٩).

پرۆفیسـۆر بیار- مـاری دوبوی دەربارەی کەسـایەتیی نێودەوڵەتی دەنووسێت:

لـە نێـوان کەسـایەتییەکانی یاسـای نێودەوڵەتی، تا ئێسـتا دەوڵەت پێگەیەکـی بەرچـاوی هەیە، چونکە تاکە کەسـە کە سـەروەریی هەیە، چونکـە دەوڵـەت و سـەروەری لە یەکدی جیـا نابنـەوە. زیاتر دەڵێت: کەسـایەتیی نێودەوڵەتیـی دەوڵەت مانای دوو شـت دەگەیەنێت: یەکەم لەبەر ئەوەی جەستەی هەیە، کە جیاوازە لە هەموو پێکهاتەکانی دیکەی پێکهێنـەری، بە شـێوەیەکی زۆر تایبەت لەبارەی ئـەو دەزگایانەی کە کرداری دەسـەڵاتی گشـتی بە نێویاندا پەخش دەبن. دووەم: ئەو کەسە واتاییـەی پشـتیوانیی یاسـایی هەیە، کە بنەمای سیسـتەمی یاسـایی نێودەوڵەتیـی هەیە. (بیار- ماری دوبـوی، القانون الدولي العام، ترجمة: د. محمد عرب صاصيلا ود. سـليم حداد: المؤسسـة الجامعية للدراسات

والنشر والتوزيع، بيروت، ط ١، ٢٠٠٨، ص ٤١وص ٧٤).
٣٩- قارمـــان ممند فـــرج، التكييف القانوني للعلاقـــات الخارجية لاقليم كوردســـتان- العـــراق: دراســـة تحليلية، مركـــز ابحاث القانـــون المقارن، سلسله رقم ١٨، اربيل، ٢٠١٠، ص ١٠٨- ١٠٩.
٤٠-ماددەی (١٨) لە سیستەمی سەرەوە بە دەق دەڵێت:
ماددەی هەژدەم:
فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە: فەرمانبەرێک بە پلەیەکی تایبەت خـــاوەن بڕوانامـــەی زانکۆ لە بواری پســـپۆڕیدا ســـەرۆکایەتیی دەکات کـــە راســـتەوخۆ بە ســـەرۆکی ئەنجومەنـــی وەزیـــران و جێگرەکەیەوە بەســـتراوەتەوە و ئەرکـــی بەڕێـــوە بردنـــی کاروبـــاری پەیوەســـت بـــە پەیوەندییەکانی دەرەوە لە ئەستۆ دەگرێت.
٤١-بەپێی ئەو فەرمانەی ســـەرەوە فەرمانگـــەی ناوبراو ئەم ئەرکانە رادەپەڕێنێت:
١-بەهێز کردنی پێگەی حکوومەتی هەرێم لە دەرەوەدا، لە بوارەکانی کۆمەڵایەتی، رۆشـــنبیری، سیاســـی، و ئابووری و گەشەپێداندا، ئەمەش بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی دەرەوەی عیراقی فیدرالدا.
٢-سەرپەرشـــتی کردنی نووسینگەکانی حکوومەتی هەرێم لە وڵاتانی دەرەوە و کار کردن بۆ بەهێز کردنی پەیوەندییەکانی هەرێم لەگەڵ ئەو وڵاتانە بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی دەرەوەی عیراقی فیدرالدا.
٣-رێکخســـتنی کاری نوێنەرایەتییەکانـــی دەوڵەتانی بیانی لە هەرێمی کوردســـتان و کار کـــردن بـــۆ پەرەپێدانـــی پەیوەندیـــی دووقۆڵـــی بـــە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی دەرەوەی عیراقی فیدرالدا.
٤-سەرپەرشـــتی کردنی ســـەردانی شـــاندی بیانی بۆ هەرێم و دابین کردنی پێداویســـتی نیشتەجێ بوونیان و رێکخستنی بەرنامە و خشتەی کارەکانیـــان بـــە هەماهەنگـــی لەگـــەڵ لایەنانـــی تایبەتمەنـــدی هەرێم و حکوومەتی فیدرالدا.
٥-پەسند کردنی بڕوانامە و بەڵێننامەی نیشتەجێبووان و هاووڵاتیانی هەرێم لە دەرەوەدا.
٦-دڵنیایی لە گەیاندنی پەیامی حکوومەتی هەرێم بۆ دەوڵەتان.
٧-هەماهەنگـــی کردن لەگەڵ ئاژانســـەکانی نەتـــەوە یەکگرتووەکان و رێکخراوەکانی نێودەوڵەتی کە لە هەرێمدا کار دەکەن.
٨-هاوکاری و هەماهەنگی کـــردن لەگەڵ کۆمپانیاکانی نێودەوڵەتی و وەبەرهێنەرانـــی بیانی لە پێناو هاندانی چالاکیی ئابووری و وەبەرهێنان

له هەرێمدا.

٩-رێکخستنی پەیوەندیی حکوومەتی هەرێم لەگەڵ وەزارەتی دەرەوەی فیدرال بۆ دابین کردنی بەشداری کردنی هەرێم لە نێو دەوڵەتاندا.

٤٢-بڕیاری ٦٨٨ی ساڵی ١٩٩١ لە ماڵپەڕی نەتەوە یەکگرتووەکاندا دەست دەکەوێت. (www.un.org).

٤٣-بەلام دەوڵەتانی رۆژئاوا و ویلایەتە یەکگرتووەکان لەگەڵ حکوومەتی دیفاکتۆ لە هەرێمی کوردستانی عیراقدا، لەم رووەوە چەندین شاندی ئەو وڵاتانە لە سەر ئاستی باڵا سەردانی هەرێمیان کرد.

٤٤-د. هانز کریستۆڤ (رێکخەری نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری مرۆیی لە عیراق دەست لە کار کێشانەوەی خۆی لە ١٩٩٨ەوە بۆ ٢٠٠٠ هەڵپەسارد) باس لەو بڕیارە دەکات و دەڵێت: هیچ کاتێک نەتەوە یەکگرتووەکان وەک ئەم جارە بەرنامەیەکی ئاوا سیاسی و ئاڵۆز و مرۆیی لە ئەستۆ نەگرتووە. (د. هانز کریستوف فون سبونیک، تشریح العراق: عقوبات التدمیر الشامل التی سبقت الغزو، ترجمة حسن حسن وعمر الایوبي، مرکز دراسات الوحدة العربیة، بیروت، ط١، تموز ٢٠٠٥، ص ٢٨).

٤٥-هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٠

٤٦-فرج، سەرچاوەی پێشوو، ل ٩١

٤٧-جاریس ستانسفیلد مامۆستای زانکۆی ئاسیکسی بەریتانیا دەنووسێت:

لەگەڵ هاتنی ٢٠٠٣ ناوچەی کوردی شێوە بەردەوام بوونی خۆی لە دیدی دەوڵەتان سەلماند (تەنانەت لە ئەنقەرەش)، تا بەریتانیا ئامۆژگاریی رەوەند و هاووڵاتیانی خۆی کرد بە جیاوازی لە سەفەر کردن بۆ عیراق و بۆ کوردستان، ئەمەش جۆرە ددان پێدانانێکە بەوەی کە کوردستان بە شێوەیەکی جیاواز لە عیراق مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت.

جاریث ستانسفیلد، «التوصل الی توازن خطر: السیاسة الکردیة فی عراق مابعد صدام»، دراسه منشورة فی: فالح عبدالجبار وهشام داود (محررا الکتاب)، الاثنیة والدولة: الاکراد فی العراق وایران وترکیا، ترجمه: عبدالاله النعیمي، معهد الدراسات الاستراتیجیة، بغداد- بیروت، ط ١،٢٠٠٦، ص ٤٢١-٤٥١ (الاشاره هنا الی ص ٤٣٢).

٤٨-لە کاتی سەردانەکەیدا وەزیری دەرەوەی بەریتانیا رایگەیاند: وا پێویست دەکات کە گەڕامەوە وڵاتەکەی خۆم باسی سەقامگیریی بارودۆخی هەرێمی کوردستان بۆ بزنسکار و سەرمایەداران بکەم.

هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٦

٤٩–ئەو ڕێکخراوەیە کە دانیال میتران هاوســەری سەرۆکی فەرەنسا فرانسوا میتران دایمەزراند.

٥٠–بەم بۆنەیەوە ســەرۆک میتران قســەی لەگەڵ هەردوو سەرۆک کرد و گوتی: ئێوە نەتەوەیەکی زیندوون و بە زمانی منەوە بە گەلەکەتان رابگەیەنــن کە ئێوە رۆڵی زۆرتان هەیە، لە پێشــەوەی ئەوانیش گەل و حکوومەتی فەرەنسا، فرج، سەرچاوەی پێشوو ل ٩١

٥١–وەزیر(کۆشــنێر) ئاشــنایی کۆنی بە کوردســتان هەیە، لە کاتی ســەختدا و لە میانی ڕێکخراوی پزیشکانی جیهانەوە سەردانی هەرێمی کوردســتانی کرد، هەر لە ڕاپەڕینەکەی ســاڵی ١٩٩١ەوە پشتیوانیی لە کــورد کردووە. لە ســەروبەندی کردنەوەی کونســوڵخانەی فەرەنســا (کۆشــنێر) ڕایگەیاند: ئێوەی کورد ڕۆڵــی گەورەتان دەبێت لە بنیاتنانی عێراقی تازەدا، فەرەنساش ئارەزوومەندە بۆ ئاوەدان کردنەوەی عێراق و بــەدی هێنانی ئاشــت بوونەوە. (فرج، ســەرچاوەی پێشــوو، ل ٢٠٩، هەروەها ل ١٤٥ و١٤٧).

٥٢–ئەم بڕگەیە ئەم بابەتانە دەگرێتەوە:

*حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بە پێی ئەو سیاسەتەی بۆ هاندانی وەبەرهێنانی بیانی و پرۆژەکانی بازرگانی و ئاســانکاری داڕیشــتووە، هەوڵ دەدات دەرفەت بڕەخســێنێت بۆ بەشــداری کردنی کۆمپانیاکانی فەرەنسا لە بواری ئاوەدان کردنەوەی هەرێمی کوردستان.

*ڕەچــاو کردنــی ئەزموونــی دەوڵەمەند و پەیڕەو کردنی باشــترین بەرنامەی کار و توانای تەکنیکی لە بواری کشتوکاڵدا، بۆیە کۆمپانیاکانی فەرەنسا داوا کراون کە بەشداری لەم پرۆژانەدا بکەن، بۆ نموونە:

أ–وەبەرهێنانــی کەرتــی تایبەت لە بواری سیســتەمی گواســتنەوەی خــۆراک و تەکنەلۆژیای ئاودێری و کۆگا کردن و بەخێو کردنی ماڵات و چاندنی دانەوێڵە.

ب–ڕاهێنانی کرێکار و خاوەن کێڵگەکان.

ج–هەڵسەنگاندنی شارەزا و ڕاوێژکاران لە بواری کشتوکاڵدا.

د–بەشــداری کردن لــە پرۆگرامەکانی زانکۆ لە بــواری پەروەردە و توێژینەوەی کشتوکاڵدا.

*لەبەر ئەوەی هەرێمی کوردســتان لە پرۆسەی پەرەپێدان و گەڕان بە دوای نەوتدا بەردەوامە، بۆیە کۆماری فەرەنســا و کۆمپانیاکانی ئەو وڵاتــە، کە لە بواری وزەدا پســپۆرن، داوایان لێ کراوە بەشــداری لەو

جۆرە پرۆژانەدا بکەن، بە تایبەتیش لەم لایەنانەدا:
أ-دانانی پاڵاوگە لە نزیک زێی گەورە.
ب-فراوان کردنی پاڵاوگەکانی نەوت.
ج-دامەزراندنی کۆلیژ یان زانکۆی ئاست بەرز لە هەولێر بە بەشداریی هەردوو کەرتی گشتی و تایبەت بۆ گەڕان و پشکنین لە بواری نەوت و غاز و جیۆلۆجیادا.
*هەردوو لا، کە یاداشتنامەکەیان واژۆ کردووە، خۆبەخشانە قایل بوون کە بەشداری لە ئاوەدان کردنەوە و پەرەپێدانی کوردستاندا بکەن، بۆیە کۆماری فەرەنسا و کۆمپانیاکانی ئەو وڵاتە، داوایان لێ کراوە بەشداری لە پرۆژەکانی ئێستا و داهاتوودا بکەن، لەوانە:
أ-دانانی پلان و جێبەجێ کردنی بەرنامەکانی ئاسنەڕێ لە هەولێر و دهۆک و سلێمانی و ناوچەکانی سەر بەو شارانە.
ب-بنیاتنانی وێستگەی پاس و تەکسی لە هەولێر و سلێمانی و دهۆک و ناوچەکانی سەر بەو شارانە.
ج-هاوردە کردنی پاسی نموونەیی و تازە لە رێی کەرتی تایبەت و گشتییەوە.
*هەردوو لا وەک هەست کردن بە گرنگیی سەرچاوەکانی ئاو لە هەرێمی کوردستان و سەرتاسەری عیراقدا، هەوڵ دەدەن پرۆژەی بەرچاو لەم بوارانەدا جێبەجێ بکەن:
أ-دامەزراندن یان تازە کردنەوەی دەزگاکانی چارەسەر کردنی ئاو.
ب-ناساندنی تەکنیکی ئاودێری و راهێنانی پیشەیی.
ج-راهێنانی شارەزایان لە بواری بەڕێوە بردنی تەکنیکیانەی ئاو.
د-بەڕێوە بردنی سەرچاوەکانی ئاو بە شێوەی تەواوکارانە.
*رەچاو کردنی ناوبانگی جیهانی لە بواری سیستەمی تەندروستی و پرۆگرامی پزیشکیی فەرەنسا و کۆمپانیاکانی پزیشکی و دەرمان. بەشداریش لەم بوارانەدا دەکەن:
أ-راهێنان و پەرەپێدانی تواناکان.
ب-دروست کردنی نەخۆشخانە و بنکەی تەندروستی.
ج-دابین کردن یان فرۆشتنی ئامێر و پێداویستی پزیشکی و راهێنانی پیشەیی.
د-فێرکردن و کردنەوەی خولی راهێنان و شیاندنی بەهرەدارانی نێو قوتابیانی کۆلیژەکانی پزیشکی. هەروەها کار کردنی کۆمپانیاکانی دەرمانی فەرەنسایی لە هەرێمی کوردستان و دامەزراندنی کارگەیەک

بۆ بەرهەم هێنانی دەرمان لە هەرێمی کوردستاندا.
*هەردوو لا هەوڵ دەدەن سوود لە بواری تەکنەلۆژیا و خزمەتگوزاریی فڕۆکەوانــی وەربگرن، بــە رەچاو کردنی هەبوونــی دوو فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی لە هەرێمی کوردستاندا.
*هــەردوو لا هەوڵــی هاوکاریی یەکدی دەدەن لــە بواری تەکنەلۆژیا و خزمەتگوزاریــی فڕۆکەوانییــەوە، بــە رەچاو کردنــی هەبوونی دوو فڕۆکەخانە و کردنەوەی فڕۆکەخانەی تازەی هەولێر و سوود وەرگرتن لە شــارەزایی حکوومەت و کۆمپانیاکانی فەرەنســا، بەشداریشیان بەم شێوەیە دەبێت:
أ-ناردنی بارگە و دەســت پێ کردنی گەشــتی ئاسمانیی بازرگانی بۆ هەرێمی کوردستانی عیراق.
ب-راهێنان و کردنەوەی خول بۆ تازە کردنەوەی زانیاریی تایبەت بە کارگێڕیی فڕۆکەوانی و تەکنەلۆژیای گەشتی ئاسمانی.
٥٣-ئەم بڕگەیە ئەم بابەتانە لەخۆ دەگرێت:
*هەردوو لا هەوڵ دەدەن میکانیزمێک بۆ بەشــداری کردنی فەرەنسا لــە بــەرز کردنەوەی کوالیتیــی خوێندنی بــاڵا لە هەرێمی کوردســتان بدۆزنەوە:
أ-پێشــکەش کردنــی پشــتگیریی تەکنیکــی و ئەکادیمی بــۆ زانکۆ و پەیمانگاکانی کوردســتان لە بواری (کشتوکاڵ و بازرگانی و شوێنەوار و کۆمەڵناسی و زمانی فەرەنسیدا).
ب-هاتن و بەشداری کردنی زانکۆکانی فەرەنسا لە رووی شیاندن و راهێنانی کادیرانی لاو لە بواری پەروەردە و خوێندنی باڵادا.
ج-جێبەجی کردنی تەواوی بەرنامەی ئێستای کورسییەکانی خوێندن کە بە هاوبەش خەرجیی بۆ دابندرێت، لەگەڵ کردنەوەی خولی راهێنانی کورت لە لایەن کۆمەڵێک پرۆفیســۆر و توێژەرانی فەرەنساوە لە زانکۆ و پەیمانگاکانی کوردستاندا.
*هەردوو لا هەوڵ دەدەن میکانیزمێک بدۆزنەوە بۆ بەشداری کردنی فەرەنســا لە بەرز کردنەوەی ئاســتی پــەروەردە لە هــەردوو قۆناغی بنەڕەتی و ئامادەیی لە هەرێم لەم بوارانەدا:
أ-راهێنان لە پێناو بنیاتنان و پەرەپێدانی توانای مامۆستا و بەڕێوەبەر و کادیران لە نێو قوتابخانەدا.
ب-پشــتگیری کردنــی بــەردەوام لــە زمانی فەرەنســی لــە هەرێمی کوردستان، کە لە لایەن قوتابخانەی فەرەنسییەوە بەڕێوە دەبرێن.

ج-بەشداری کردن و ئاڵوگۆڕ کردنی وانەکانی خوێندن و پرۆگرامی تازە بۆ بەرز کردنەوەی ئاستی توانستی پەروەردەیی.
*هەردوو لا هەوڵ دەدەن بۆ دابین کردنی ئاڵوگۆڕی رۆشنبیری و هەماهەنگیی هاوبەش، لەم رووەوە:
أ-گرێدانی کۆڕ و سیمینار و گوتنەوەی موحازەرە لە فەرەنسا و هەرێمی کوردستان بۆ ئاشنا بوون بە کولتوور و زمانی هەردوو گەل.
ب-ئاڵوگۆڕکردنی شارەزایی لە بواری رۆشنبیریدا، بە تایبەتی شارەزایانی رۆشنبیریی کوردی بۆ دەزگاکانی رۆشنبیریی فەرەنسی و شارەزایانی فەرەنسیش بۆ پەرەپێدانی پەیمانگەکانی کوردی لە هەردوو بواری پەروەردەیی و راهێناندا.
*حکوومەتی فەرەنسا هەوڵ دەدات بۆ پشتیوانی کردن لە دامەزراوەکانی حکوومەتی هەرێم لە بواری شوێنەوار و چاک کردنەوەی شوێنەوارەکان:
أ-دامەزراندنی مەڵبەندەکانی توێژینەوەی پەیوەست بە زانستی شوێنەوار و زانستەیلی مرۆیی و کۆمەڵایەتی لە قەڵای هەولێردا، بە بەشداری و هەماهەنگیی نێوان هەردوو حکوومەتی فەرەنسا و عیراق و بە پشتیوانیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان.
ب-بەرنامەکانی خوێندن، بە پشتیوانیی هاوبەش لە لایەن حکوومەتی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی فەرەنساوە بۆ شیاندنی پیشەیی و قوتابیان لە هەرێمی کوردستان و راهێنانیان لەبارەی کنە و پشکنین لە شوێنەوارەکاندا.
ج-پشتیوانی کردنی حکوومەتی فەرەنسا لە بەشەکانی زانستی شوێنەوار لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان لە رێی موحازەر و ئاڵوگۆڕ کردنی پسپۆرییەوە.
د-پێشکەش کردنی یارمەتیی هاوبەش و چالاکیی تایبەت بە شوێنەوار چ لە قەڵای هەولێر یان لە رووی پشکنین لە ناوچەکانی دیکەی هەرێمی کوردستاندا.
*هەردوو لا هەوڵ دەدەن بۆ گەڕان بە دوای ئەو شێوازانەی کە مافی مرۆڤ دەستەبەر دەکەن، بە تایبەتیش مافی منداڵ و ئافرەت و بەرز کردنەوەی ئاستی هۆشیاریی تایبەت بە مافی مرۆڤ.
أ-حکوومەتی فەرەنسا موحازەرەی خوێندن ئامادە دەکات لە پێناو دەستەبەر کردنی چاکترین پرۆگرام لە بواری مافی مرۆڤ و یەکسانیی

نێوان هەردوو ڕەگەز.
ب-ئامادە کردن و دابین کردنی موحازەرەی تایبەت بە توند و تیژی دژی ئافرەت و سەروەریی یاسا و پاراستنی ئافرەت.
ج-پیشەییانی فەرەنسی هەموو ئەرکێکی تایبەت بە شرۆڤە کردنی کەم و کوڕی و میکانیزمەکانی ئاسانکاری بۆ پاراستنی مافەکانی ئافرەت لە ئەستۆ دەگرن.
د-پێشکەش کردنی کۆمەک و یارمەتی لە لایەن حکوومەتی فەرەنساوە بۆ هەڵمەتەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە پێناو بەرز کردنەوەی ئاستی هۆشیاریی تایبەت بە مافەکانی ئافرەت.
*حکوومەتی فەرەنسا هەوڵ دەدات میکانیزم بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی بە باشترین شێوە دەزگاکانی بەرپرسیار و ئازاد و کاریگەر لە میدیا بنیات بنێت، بەم شێوەیە:
أ-کردنەوەی خولی ڕاهێنان و شیاندن و دابین کردنی پێداویستەکان لە لایەن دەزگاکانی ڕاگەیاندنی فەرەنسایی، بە پشتیوانیی هەردوو حکوومەتی فەرەنسا و هەرێمی کوردستان.
ب-دەزگاکانی ڕاگەیاندنی فەرەنسی پشتیوانی لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی هەرێمی کوردستان بکەن، بە ئاراستە کردنی داوەتنامە بۆ ئەوەی لە نزیکەوە بە چۆنێتیی دەرکردنی ڕۆژنامە و ئامادە کردنی بەرنامەکانی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن لە فەرەنسا ئاشنا بن.
٥٤-ئەم بڕگەیە بریتی بوو لە:
*حکوومەتی فەرەنسا بە هەماهەنگی لەگەڵ حکوومەتی هەرێمی کوردستان هەوڵ دەدات بۆ دانانی میکانیزمێک لە پێناو تەرخان کردنی بەرنامەگەلێک لە بواری هاوکاری کردنی بەرنامەی پەرەپێدانی توانا و کارامەییەکان.
*حکوومەتی فەرەنسا هەوڵ دەدات بۆ دۆزینەوەی دەرفەت لە پێناو پشتیوانی کردن و یارمەتیدانی هەردوو وەزارەتی دارایی و پلان دانانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ دیاری کردنی ئەو بوارانەی زۆر پێویستن بە کردنەوەی خولی ڕاهێنان و شیاندن بۆ بەرپرسانی هەرێم لەم بوارانە:
أ-پشتیوانیی حکوومەتی فەرەنسا بۆ هەردوو وەزارەتی دارایی و پلان دانانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ دیاری کردنی ئەو بوارانەی پێویستن بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتەکانی پەیوەندیدار.
ب-کردنەوەی خولی ڕاهێنان بۆ بەرپرسانی وەزارەتی پلان دانان چ

له فەرەنسا یان لە هەرێمی کوردستان دەربارەی کارگێڕی و پرۆسەی ئامادە کردنی بودجە و ئامار و پەرەپێدانی تواناسازی.

ج-هەوڵدانــی هاوبــەش بۆ دیــاری کردنی ئەو شــێوازانەی کە زیاتر کاریگــەری دەکەنــە ســەر حکوومەتــی فەرەنســا تاکــوو یارمەتیــی هەرێمــی کوردســتان بدات لــە بوارەکانی پەیوەســت بــە دەزگاکان و شارەزاییەکان.

٥٥-شــایانی باســە ناکۆکییەکی تونــد لە نێوان بەغــدا و حکوومەتی هەرێمدا هەیە ســەبارەت بە بەکار هێنانی ســامانی نەوت لە هەرێم بە پێی (ماددەی ١١٢، بڕگەی دووەم)، لە ئەنجامی ئەو ناکۆکییەش یاسای نەوت و غازی فیدرالدا دەرنەچووە، بۆیە یاسای نەوت و غاز لە هەرێم بە ژمارە ٢٢ی ساڵی ٢٠٠٧ دەرچوو.

بۆ ئاشــنا بوون بە لایەنە یاســاییەکە کە پێچەوانەیە و ماف بە هەرێم دەدات کێڵگەکانی نەوتی بەکار بهێنێت بڕوانە:

James Crowford‹The Authority of Kurdistan Regional Government over Oil and Gas under the Constitution of Iraq‹ available at:

www.krg.org

٥٦-بەڕێزحوسێن شەهرستانی جێگری سەرۆک وەزیرانی عیراق بۆ کاروباری وزە لە ســاڵی ٢٠١٠دا رایگەیاند، کە یەدەگی نەوت لە عیراق دەگاتە ١٤٣ ملیار بەرمیل (ئەمە یەدەگی هەرێمی کوردستان ناگرێتەوە)، بەم شێوەیە عیراق دەبێتە سێیەم دەوڵەت لە جیهاندا لە رووی یەدەگی نەوتەوە، دوای ســعوودیە (٢٦٤ ملیار بەرمیل) و (ڤەنزویلا ٢١١ ملیار بەرمیــل)، لە کاتێکدا بڕی خەملێندراو دەگاتــە ١١٢-١١٥ ملیار بەرمیل. لــە ئامارێکــی (بریتش پیترولیۆم)دا وا دیــارە، یەدەگی نەوت لە عیراقدا لە کۆتایی ٢٠١٢دا گەیشــتە (١٤٣,١ ملیار برمیل) بڕوانە: /wwwbp.com statisticalreview

ســەبارەت بە هەرێمی کوردســتانیش، وەزیری سامانی سروشت لە ١١ی تەممــوزی ٢٠١٣دا رایگەیاند، کــە یەدەگی نەوت لە هەرێمدا (٤٥) ملیار بەرمیلە، بڕوانە:

www.middle-east-online.com/iraq/?id=98333

www.ar.wikipedia.org

www.iraqieconomistsnet/ar

٥٧-ئــەم خەمڵاندنــەی یــەدەگ ناوچەکانــی کێشــە لە ســەر (ناوچە کوردســتانییەکانی دەرەوەی هەرێــم) ناگرێتــەوە، کە مــاددەی ١٤٠ ی

دەســتوور ئامــاژەی پێ کردوون، بۆیە لە حاڵەتــی یەکلایی کردنەوەی ئەو کێشەیە چاوەڕوان دەکرێت بگاتە زیاتر لە ٤٥ ملیار بەرمیل.

٥٨–ئەگەر گریمان یەدەگی هەرێم گەیشتە ٢٥ ملیار بەرمیل، ئەو کاتە هەرێــم (ئەگەر وامــان دانا کە هەرێم یەکەیەکــی نێودەوڵەتی و خاوەن سەربەخۆییە)، ئەو کاتە بە پلەی (٩) دێت لە ناو ١٧ دەوڵەتدا (عیراق لە پلەی ٣دایە) بڕوانە:

www.eia.doe.govemeu/cabs/topworldtables1_2.html

٥٩–لــەو کۆمپانیا جیهانیانە، (ئەکســۆن مۆبیــل)ی ئەمریکی، (بریتش پترۆلیۆم)ی بەریتانی، (توتال)ی فەرەنسی، (کازبرۆم)ی رووسی.

٦٠–ئاژانسی (أصوات العراق) لە ٢٠١٢/٩/٢دا.

٦١–ئەم ئاراســتەیە لای مارکسییەکان دیارە، ئەوانەی وای دەبینن کە رۆشــنبیری رەگەزێکی ســەرخانە کە ژێرخان کۆنترۆڵــی کردووە. (د. عبدالمجیــد العبدلي، قانون العلاقات الدولیة، دار الاقواس للنشــر، تونس، ط ١، ١٩٩٤، ص ١١٦–١١٧.)

٦٢–هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٧– ١١٨.

٦٣–هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٨.

٦٤–تــا ســاڵی ١٩٩١ تەنیا زانکۆی ســەلاحەدین لــە هەرێمدا هەبوو، دوای کشــانەوەی ئیــدارەی حکوومەتــی عیــراق لە تشــرینی دووەمی ١٩٩٢دا، زانکۆی تازە دامەزرا، لەوانە زانکۆی ســلێمانی کە لە بنەڕەتدا لە ١٩٦٨دا دامەزرا بوو، دواتر بە بڕیاری حکوومەتی عیراق لە ١٩٨٢دا هەڵوەشایەوە، هەروەها زانکۆی دهۆک، تا ژمارەیان گەیشتە ١٢ زانکۆی حکوومی و ١٠ زانکۆی تایبەت.

٦٥–دیپلۆماتێکــی ئەڵمانــی دووپاتــی کردووەتــەوە کــە ئەڵمانیــا بەرنامەیەکی پەروەردەیی هەیە بە ناوی (بەرنامەی هاوکاریی ئاییندەیی) بــۆ دامەزراندنی قوتابخانە، کە بە زمانــی ئەڵمانی تێیاندا دەخوێندرێت. (فرج، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤٦).

٦٦–نوێنەرێکــی شۆڕشــی کورد لــە قاهیرە هەبوو بێجگە لە بەشــی کوردی لە رادیۆی قاهیرە.

٦٧–بــۆ نموونــە یەکێتیی ســۆڤیەت گرنگیی بە شۆڕشــی کــورد دا، دوای گۆڕینی سیســتەمی حوکم لە عیراق لە ساڵی ١٩٦٣دا، دوابەدوای رووخاندنی حوکمی عەبدولکەریم قاسم و وەرگرتنی دەسەلات لە لایەن حیزبی بەعسەوە، کاتێ پشتگیریی لە داوایەکی مەنگۆلیا کرد لە تەمموزی ١٩٦٣دا، کــە پێشــکەش بە نەتــەوە یەکگرتووەکانی کرد ســەبارەت بە

گفتوگـۆ کـردن لەبارەی دۆزی کورد لە عیراقدا، بـۆ وردەکاریی زیاتر بڕوانە: (مسـعود البارزاني، البارزاني والحركـة التحررية الكردية، ج ٣: ١٩٦١- ١٩٧٥، مطبعة وزارة التربية، اربيل، ٢٠٠٢، ص ٣٧٤).

٦٨-بۆ وردەکاریی زیاتر دەربارەی ئەم پەیوەندییانە بڕوانە: (البارزانی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٦٢ – ٣٨٢).

٦٩-بـە پێی بڕیاری ٦٨٨ یارمەتیی مرۆیی ئەمریکی گەیشـتە هەرێم، کۆنگرێسی ئەمریکاش ٤٣ ملیۆن دۆلاری بۆ ئەم مەبەستە تەرخان کرد. (فرج، سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٠).

٧٠-رۆژنامەی الشرق الاوسط لە ٢٠١٣/٣/١٩دا

٧١- نموونەی ئەم حاڵەتە: سـەردانی سـەرۆک مەسـعوود بارزانی بۆ رووسـیای فیـدرال لە ئاداری ٢٠١٣دا و سـەردانێکی بۆ فەرەنسـا لە حوزەیرانی ٢٠١٣دا، سـەردانی کۆمیسـیاری کاروبـاری دەرەوەی یەکێتیی ئەوروپا (کاترین ئاشتون) بۆ هەرێم لە ٢٠١٣دا.




# بۆچی باشووری سوودان سەربەخۆ بوو، کوردیش بە فیدرالی رازییە؟

برندان ئۆلێری

پرۆفیسـۆر برانـدن ئۆلێری زانایەکـی ئیرلەندییە لە بواری زانسـتی سیاسەتداو زانستی سیاسەتە لە زانکۆی پەنسلڤانیا، پێشـتریش پرۆفیسۆری زانستی سیاسـەت بووە لە زانکۆی لەندەن بۆ زانسـتی ئابووری و سیاسـی، لە ٢٠٠٩-٢٠١٠دا، راوێژکاری باڵا بووە لە نەتەوە یەکگرتووەکاندا، بواری کاری زانستیانەی پرۆفیسـۆر ئۆلێری کار کردنە لە سەر تەنگژەی نەتەوەیـی، بـە تایبەتیـش تەنگـژەی (ئیرلەندا، کوردسـتان، سوودان) چەندین کتێبیشی لەسەر ئەم پرسانە داناوە.

پرۆفیسـۆر ئۆلێـری لە سـاڵی ٢٠٠٤-٢٠٠٥دا یەکێک بووە لە راوێژکارانی دەسـتووریی نێودەوڵەتی کە راوێژکاریی بۆ حکوومەتی هەرێمی کوردستان کردووە، سەبارەت بە چۆنیەتی دارشـتنی دەستوری عێراق لە سـاڵی ٢٠٠٥دا، لەسەر پرسی سـوودانیش دیارە پرۆفیسۆر ئۆلێری ماوەی حەوت ساڵ لە سـوودان بووە و لە سـاڵانی ٢٠٠٩- ٢٠١٠دا کە راوێژکاری نەتـەوە یەکگرتـووەکان بووە، لـە ئامـۆژگای چاتام هاوس

کاری لـە سـەر چۆنیەتی وتوێژەکان کردووە، سـەبارەت بە چۆنیەتی دابەشکردنی دەسەڵات لە نێوان باکوور و باشووری سـوودان، ئەم دووپرسە (کوردستان و باشووری سوودان) کە دوو پرسن لە لایەن پرۆفیسۆر ئۆلێرییەوە کاریان لە سەر کراوە، ئەو پرسـیارەی لا دروسـت کـردووە (بۆچی خەڵکی باشووری سوودان سەرسەختانە داوای سەربەخۆیی دەکەن و کـورد بە فیدرالیـزم رازییە؟) پرۆفیسسـۆر ئۆلێری دوای سـەربەخۆ بوونی باشووری سوودان، لە موحازەرەیەکدا لە زانکـۆی لەندەن بۆ زانسـتی ئابووری و سیاسـەت، وەڵامی ئەم پرسـیارە دەداتەوە. ئێمەش دەقی ئـەو موحازەرەیەمان کردووە بە کوردی.

*بۆچـــی ســـوودان دابەش بوو، ڕەنگــە عێراقیش هەر وەک خۆی بمێنێتەوە؟

– هۆکاری ئەوەی ئەم پرسیارە بۆ لە من دەکرێت زۆر ڕوونە، بــۆ ئەوانەی کە نازانن، من لە ســاڵی ١٩٦٩ـەوە تاکوو ١٩٧٦ لە ســوودان بــووم، چونکە باوکم لەم ماوەیــەدا لە خەرتووم لــە بەرنامــەی پەرەپێدانی ســەر بــە نەتــەوە یەکگرتوەکاندا کاری دەکــرد. لــە دەرەنجامدا مەیلێکی بەرهەڵســتی نەکراوم بــۆ سیاســەت و دەرەنجامەکانی سیاســەت لە ســوودان‌دا بۆ دروست بوو. بە دڵنیاییەوە لە ساڵی ٢٠٠٩ و ٢٠١٠دا، نەتەوە یەکگرتــوەکان منی بە تیمی چاتام هــاوس (Chatham House) بەخشی، کە بڕیار بوو لە پەرەپێدانی گفتوگۆ لە نێوان باشوور و باکووری سوودان‌دا هاوکار بێت. هەڵبەت دوو دەرەنجامیش لە ئان و ســاتی ڕوودان‌دا بوون، یان جیابوونەوە یاخود نوێ کردنەوەی هاوسەرییەکەیان. ئێوەش هەمووتان دەرەنجامەکە دەزانن. دیسان من لە پرۆسەی ئاشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان

لــه دارفــووردا، لــه قەتەر بەشــدار بــووم. ئــەم ئەزموونانه ســەربارى ئەزموونم لەگەڵ کورددا، پرســیارێکیان له هزرى مندا دروســت کرد، لوغزێکیان لا دروست کردم، که ڕوون و ڕاســتەوخۆ بوو: بۆچى کورد به چەشــنى خەڵکى باشوورى ســوودان سەرســەختانه جوداخواز نەبوون؟ ئەمه له کاتێکدا هەردوو لا هۆکارى باشــیان هەبوو بۆ جیابوونەوە، هەروەک دواتر دێمه سەریان و باسیان دەکەم. من حەز دەکەم باسى به کردەنى بەشــدارى کردنى خۆم بکەم لەو هەموو چالاکییانەدا و هۆشــدارییەکتان بدەمێ. ئەگەر حەزت له ناکۆکى بوو، ئەوا یەکێــک له دەرەنجامه زلەکانــى ئەوەیه لاوازت دەکات، ئەگەر حەزت به گفتوگۆى دابەش کردنى دەسەڵات و دانوستاندن و کار لێ کــردن هەیه، ئەوا ئەمەیان قەڵەوت دەکات. ئەمه وەک ئــاگادار کردنەوەیەک، کەواته دابەش کردنى دەســەڵات باجى خــۆى هەیه. ئەوەى دەمەوێت بیکەم ئەوەیه، باس له عێراق و ســوودان بکەم. ئەو دوو وڵاتەى که بــه زۆرى پێک بەراورد ناکرێــن، بەڵام له مێژووى خۆیاندا شــەش هێڵــى هاوتەریبى سەرنج ڕاکێشیان هەیه، که لەو لوغزەدا که من دەست نیشانم کــرد بەشــدارن، بەڵام بــه زۆرى خەڵکى عێراق و ســوودان بەرهەڵستیى ئەم شەش هێڵه هاوتەریبه دەکەن، کاتێک گوێیان لەوە دەبێت که ئەم بەراورد کردنه له نێوان هەردوو وڵاتەکەدا دەکرێت، ئەوا ئەمه ڕەت دەکەنەوە ئۆباڵەکەش دەخەنه ئەستۆى وڵاتانــى دیکەوە، که هانى تونــد و تیژییەکى دڕندانەیان داوە، دەشڵێن: ئەمه چ پەیوەندییەکى به هەر وڵاتێکى دیکەوە هەیه؟ بــەڵام دواتر قەناعەتیان له لا دروســت دەبێــت، لەبەر ئەوەى من زۆر قســه دەکەم و ئەوانیش خۆیان به دەســتەوە دەدەن، وێڕاى ئەوە شەش هێڵى هاوتەریبى گرنگ و ڕوون و ئاشکرا له نێوانى ئەم دوو وڵاتەدا هەن، که هیوادارم جێى ســەرنجى ئێوەش بێت.

یەکەمیان: هەردوو وڵات دروست کراوی دەستی بەریتانیان، لەو میراتەی دوای عوسمانییەکان مابووەوە (British Creation out of Ottoman legacies). ئاشـــکرایە بەریتانیا هەردوو وڵاتی داگیــر کــرد، بەڵام لـــە ســـەردەمانێکی مێژوویـــی هەندێک لە یەکـدی جیـاوازدا، ئەمەش بە شـێوەیەکی گشـتی لە ڕەوتی گرتنە دەسـتی دەسەڵاتدا، لە لایەن بەریتانیاوە، بە فراوانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاسـتدا. ڕەنگـە وا دەربکەوێت کە جیاوازیی گرنگ هەبێت لە نێوان هەردوو وڵاتدا لە ڕووی ئەو ڕاستییەوە، کە هەردووکیان ژێردەسـتەی ئیمپراتۆریەتی بەریتانیا بوون. سـوودان وڵاتێک بوو، لە لایەن بەریتانیا و میسرەوە، بە لای کەمــەوە لــە ڕواڵەتدا، بە هاوبەشـی حوکمڕانـی دەکرا، بەڵام پێم وایــە ئەمە جیا کردنەوەیە و جیـاوازی نییە (Distinction without a Difference)، لەبــەر ئــەوەی هەمیشــە حوکمڕانـی گشـتیی(General Governor) سوودان کەسێک بەریتانی بووە، هەمیشــە بەرپرسـی کانتۆنەکان (District Officer) کەسـێکی بەریتانـی بووە، بەڵام میسـری تەنها سـوپای پیادەیان دابین دەکـرد. کەواتــە گومانی تێـدا نییە، هــەردوو وڵات نموونەی حوکمڕانیی بەریتانی بوون لە خاکی عوسمانیدا. نەک هەر ئەوە، بەڵکوو هەردووکیان نموونەیەکی ئاشـکرای ئەو ئەفسانەیەن کە تێیدا سـێ پێکهاتە دەبن بە یەکێـک، بەڵام ئەم جارەیان لە سـەر دەسـتی بەریتانییەکان. ئێمە هەموومان دەزانین عێراق لــە بنەڕەتدا لە سـێ یەکـە پێک هات بوو، ویلایەتی مووسـڵ کە ئێسـتا زۆربەی خاکـی هەرێمی کوردسـتانی عێراق پێک دەهێنێت، ویلایەتی بەسـرا لە باشـوور و ویلایەتی بەغداش. ئەم سـێ ویلایەتە لە لایەن بەریتانیاوە لە نێوان سـاڵی ١٩١٦ و سـاڵی ١٩٢٦دا بـۆ پێـک هێنانـی دەوڵەتی عێـراق، پێکەوە کۆ کرانەوە. سـوودانیش، کە کەمتر بەم شـێوەیە ناسـراوە، بەرهەمی ئاوێتە کردنی سـێ قەوارە بوو، باکووری سوودان

کــە لــە ڕووی مێژووییەوە بە ســەڵتەنەتی فەنج ناســرا بوو، دواتر بووە شــوێنی یەکەم دەوڵەتی مەهدی لە مێژووی نوێدا و لەگەڵ باشووری سووداندا ئاوێتە کرا، کە لە ژێر دەسەڵاتی تورکیــادا بــوو، دواتــر کەوتە ژێــر دەســەڵاتی داگیرکەریی بەریتانیاوە، لە سایەی دەسەڵاتی جەنەراڵ کیچنەردا. دارفوور، ئەویــش لە ســاڵی ١٩١٦دا لە ئەنجامــی بڕیارێکــی ناژییرانە بــە ڕاگەیاندنی شــەڕ لە دژی ئەڵمان چووە پاڵ ســوودانەوە، کــە بووە هــۆی خێراتر کردنی داگیرکاریــی بەریتانیا. کەواتە ســوودان، بە چەشــنی عێراق، بەرهەمی سێ قەوارەیە، کە لە ســایەی حوکمڕانیی بەریتانیادا پێکەوە کــۆ کرانەوە. بۆیە بە ڕادەیەکی باشــی قەناعەتــەوە دەتوانین بڵێیــن، کە لەرزۆکیی خــاک (Territorial Fragility) کــە هەر لە ســەرەتاوە هەردوو وڵاتەکەی لە سەر بنیات نرا، شتێکی ڕاستە. ئەمە لە باشووری ســوودان، لــە کوردســتاندا ڕوونــە، هەروەهــا لــە کەیســی دارفووریشــدا. هەردوو ناوی دارفوور و کوردستان، شتێکت لەبارەی ناســنامەی ئیتنیی چەســپێندراویانەوە (Entrenched Ethnic Identity) پــێ دەڵێن، دارفوور خاکی دارفوورەکانە کە گرووپی ئیتنیی باڵادەستیان لە سەڵتەنەتی فووردا پێک دەهێنا، ئەو سەڵتەنەتە لە نێوان ١٨٩٨ و ١٩٦١دا هەبوو. پێشتریش لە ســاڵی ١٧٠٢ـەوە بۆ ماوەی دوو سەدە هەبوو. کوردستان کە زاراوەیەکی فارسییە، خاکی کوردانە. کەواتە هەردوو قەوارەکە بەرهەمی یەکگرتنی سێ یەکەن لەسەر دەستی بەریتانییەکان، هەردوو قەوارەکە لە ســەرەتای ســاڵی ١٩٢٠دا هاتنە ئاراوە، هەردووکیشیان لە ئەنجامی ناوردیی بەریتانییەکانەوە ناو نران. بە دڵنیاییەوە بە باشووری عێراق دەگوترا عێراق، جیاکارییەک لە لایەن جوگرافیناســانی عەرەبــەوە لە نێوان عێراقی عەرەب و ناوچــەی جزیرە دەکــرا، کە ناوچەی بیابانــی دەوروبەری بەغدای دەگرتــەوە. کەواتە عێراق ناوی بەشــێکی دەوڵەتەکە

بــوو کرا بە ناوی هەموو دەوڵەتەکە. ئامانجی بەریتانیاش لەم دووبــارە ناو لێنانە بریتی بوو لــە هاندانی عەرەبی عێراق دژ بە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی. دیار بوو ناسنامە ئیتنییەکەی، لە ڕووی مێژووییــەوە، هەر وەک دواتریش ڕوون بووەوە، هیچ پەیوەندییەکی بە کوردەوە نەبوو. بە پێچەوانەوە سوودان ناوی قەوارەیەکــی فراوانتــر بوو لەو وڵاتەی کــە بەریتانیا ناوی نا سوودان. ئەو ناوە بوو کە جوگرافیناسانی عەرەب بە تەواوی ئــەو ناوچەیەیان دەگوت کە ڕاســتەوخۆ دەکەوتە پشــتێنەی ســەب ســارای ئەفریقاوە لە خوار بیابانەوە. فەرەنســییەکان نــاوی ســوودانیان بۆ مالی بــەکار هێنــا، بەریتانییــەکان بۆ دەوڵەتە نوێیەکە بەکاریان هێنا. ئامانجی بنەڕەتییش بریتی بوو لە دروســت کردنی ناســنامەیەکی گەلەکۆمی دژ بە میسر، بۆ ڕێگرتن لە ناسنامەیەکی ئاوێتە بووی نێوان سوودانی بەعەرەب کراو و میسرییەکاندا. دەرەنجام ئەم ناوانە، عێراق و سوودان و ناســنامەی دەســتەجەمعی، کە لە بەشــێکیدا بەریتانییەکان پەرەیان پێ دا، نیمچە ســەرکەوتنێکی بەدەست هێنا، بەڵام بە ڕادەیەکی گەورە ئەو سەرکەوتنە سنووردار بوو سەبارەت بە دانیشتووانی بەعەرەب کراو. لە کۆتاییدا باکووری و باشووری ناوی ســوودانیان قبووڵ کرد، لە سەرەتادا باکوورییەکان ئەم ناوەیان بە ســووکایەتی بۆ خۆیــان دەزانی، بەڵام لە کۆتاییدا قبووڵیان کرد. باشوورییەکانی سوودانیش کە لە سەروبەندی جیابوونەوەدا بوون، ئێستاش کە جیا بوونەتەوە هەر نازناوی ســوودانیان بــەکار هێنا. هەردوو لایان (باکوور و باشــوور) دەســتیان بــە ناوەکــەوە گــرت و مشــتومڕیان بــوو، کە کێ شایســتەی ئەوەیــە ناوەکە بۆی خۆی ببــات، بەڵام ڕوونە کە ســوودان وەک دەوڵەتە بنەڕەتییەکە و باشــووری ســوودان دوای جیابوونــەوە وەک دەوڵەتێکــی جیابووەوە، دەبێت ئەوە قبووڵ بکەن، کە لە ســایەی یاســای نێودەوڵەتیدا، ســوودان

شایستەی ناوەکەیەتی.

لــە حاڵەتــی عێراقدا، کورد بــەراورد بە خەڵکــی عێراق لە ڕووی قبــووڵ کردنی ناســنامەی نەتەوەیــی عێراقەوە بەدەر بــوون(Exceptional)، بــە ڕادەیەکی گەورە عەرەبی شــیعە لە بۆتەی ناسنامەی کۆبەکۆی عێراقیدا توانەوە، بەڵام ناسنامەیەک کــە چەقەکەی لــە عێراقدا بێت، نــەک لە جیهانــی بەرفراوانی عەرەبدا. ئەوان خۆیان بە فارس لە قەڵەم نەدا، وەک شــیعەی دراوســێیان لە ڕۆژهەڵاتدا، بەڵام لە هەمان کاتدا نەیانویســت تێڕوانینــی پــان عەرەبیــان هەبێــت (Pan-Arabism Vision)، بــە پێچەوانەوە عەرەبی ســوننە کە لــە زۆر ڕووی گرنگەوە دەوڵەتەکەیان دامەزراند، لە هەموو لایەک بە پەرۆشــتر بوون لە باوەش کردنەوە بۆ ناســنامەی عێراق، لە کاتێکدا، هەروەک ئاماژەم پێ کرد، بەشــی ئەوان لە وڵاتەکەدا هەرگیز بە عێراق بانگ نەدەکرا، کەواتە ئەوە سەرەتا بوو.

هێڵــی هاوتەریبــی دووەم: کە دەمەوێت لە نێــوان هەردوو دەوڵەتدا بیکێشــم ئەوەیە، جەخت لەســەر ئــەوە بکەمەوە کە هەردووکیان هێمان بۆ سنووری باشوور و باکوور لە جیهانی عەرەب یان بەعەرەب کراودا. واتە ســنوورێکیان بەخشــی بە خەڵکانێــک کە خەســڵەتێکی ئیتنی و ئایینیە تــەواو جیاوازیان هەبوو. لە ســنووری نێوان باکوور و باشــووری ســوودان‌دا، ئاشــکرا بوو کە باشوور پتر کریستیان و ئەفریقی بوون نەک عەرەب یان بەعەرەب کراو. لە حاڵەتی عێراقیشدا کاتێک بەرەو باکــوور دەڕۆیت، بــەرەو هەرێمی کوردســتان، ئەوا دەگەیتە پشــتێنەیەک کە مــن پێــی دەڵێــم (MICRO–NATIONALITIES) تورکمــان، کە لە بەشــێکیدا بە تورکیاوە گــرێ دەدرێنەوە، لە بەشێکی دیکەشدا بە تورکمانی دێرینەوە، سێ لقی کریستیانیش: کلدان و ئاشووری و ئاشووریی ئەرتۆدۆکس، کە هەر یەکێک لەمانــە خۆیان بە نەتەوە دەزانــن. هەروەها کەمینەیەکی جێی

سەرنجیش هەیە، کە لە سەرجەم بەشەکەی دیکەی جیهاندا بە باشی نەناسراوە، کە ئێزدین، هەروەها هەندێ مەندایییش هەن. ئەمانە لە ناوچەی «ناکۆکی (ناوچەی ململانێ)دا، وەک ئەوەی لە عێراقدا بەم وەسفە ناسراوە» دەژین و نیشتەجێن. لە ڕاستیدا پێویستە ناوچەی ناکۆکیی سوودانیش ناوێکی لێ بندرێت. لەبەر ئەوەی ناوچەی تێکەڵن و ئاماژەن بە هێڵی جیاکەرەوەی نێوان باکوور و باشوور. ئەگەر لە ناوچەی ناکۆکی لە عێراق و زانیاریی پەیوەست بە دەنگدەرانەوە لە ساڵی ٢٠١١ەوە بڕوانیت، کە باشترین ڕێککەوتە بەکاری بهێنیت، لەبەر ئەوەی پێم وایە لەسەر ئاستی لۆکاڵدا زانیاریی باشت پێ دەدات. ئەوا ئاشکرایە کە ئەو ناوچانەی لەم نەخشەیەدان تەواو پشتیوان بە کورد و کوردستانن(Strongly Pro-Kurdish and Kurdistan)، هەر لەبەر ئەمەیە کە زانیاریی پەیوەست بە دەنگدەرانمان لەم ناوچەیەدا بەکار هێناوە، ئەو پشتێنە سەوزەی لە نەخشەکەدا هەیە، ئاماژەیە بە ئینتیمایەکی بەهێزی کوردی (Strong Kurdish Affiliation)، کە تێیدا بە لای کەمەوە لە سەدا ٦٢ یان زیاتر پشتیوانیی پارتەکانی کوردستان دەکەن، دەیانەوێت ببنە بەشێک لە هەرێمی کوردستان و لە هەندێ حاڵەتدا دەیانەوێت ببنە بەشێک لە کوردستانی سەربەخۆ. ناوچە تاریکەکە، سێیەرەکە، بە پێچەوانەوە دانیشتووانەکەی کورد نین و پێکەوە دەتوانن زۆرینەیەکی بەکۆمەڵ پێک بهێنن. بە لای کەمەوە لە هەڵبژاردنەکاندا کەمتر لە سەدا ٤٠ی خەڵکی ئەو دەوروبەرە پشتیوانیی کوردستانی کرد. کەواتە لە هەردوو حاڵەتەکەدا تۆ لە جەوهەردا دەوڵەتێکی بەعەرەب کراو یان دەوڵەتێکی عەرەبیت هەیە، کە ناوچەی جێ ناکۆکیی هەیە، ئەمەش ئەگەری دروست بوونی قەوارەیەکی دیکە، یان قەوارەیەکی جوداخواز هەیە، کە سەر بە گرووپێکی تەواو جیاوازیی ئێتنین. لە هەردوو حاڵەتەکەشدا تۆ بژاردەیەکی عەرەبی سوننەی

نادڵنیــات هەیــە(Insecure Arab Elite)، کــە ئۆباڵەکــە دەخەنە ئەستۆی بەریتانییەکانەوە، کە ئەمە لە بەشێکیدا ڕاستە، بەوەی ڕێگرییان لێ کردوون لە چونیەک کردن: تواندنەوە: ئەســمیلە کردنی(Assimilation) کوردســتان یان باشــووری ســوودان لــە نێو ناســنامەی دەســتەجەمعیی دەوڵەتەکەدا. لــە حاڵەتی سووداندا بەریتانییەکان بە جیا لە باکووری سوودان ئیدارەی باشــووریان کرد، نزیکەی ساڵی ١٩٢٢ خرایە ژێر حوکمڕانیی سیســتەمی هەرێمەکەوە، ڕێگرییان کرد لە بە ئیسلامی کردن: ئیسلاماندنی (Islamization) یان بەعەرەب کردنی(Arabization) باشوور. پارێزگارییان لە شــێوازێکی حوکمڕانیی ناڕاستەخۆ کــرد، بەڵام ڕوون بوو کە ڕێگرییان کرد لە ئەگەری چونیەک بوونی خۆبەخشانە یان ناچاریانەی نێوان باشوور و باکوور. دەکرێت شێوازێکی هاوشێوە دەست نیشان بکرێت لە پەیوەند بە کوردســتانەوە، کــە ئەویش ناڕاســتەوخۆ حوکمڕانی کرا، ئیدارەی عەرەب لە سایەی منداتی بەریتانیادا، لە نێوان ساڵانی ١٩٢٠ و ١٩٣٢دا ئامادەبوونێکی زۆری نەبوو لە کوردســتاندا، بەڵکوو ئیدارەیەکی ســەربەخۆی هەبوو. لە ڕاستیدا لە هەندێ حاڵەتــدا بەریتانییــەکان چینێکــی ئەشــرافزادەیان دروســت کــرد، کە لــە بری ئــەوان ئەرکەکانیان رادەپەڕانــد. کەواتە لە هەردوو حاڵەتەکەدا ئێمە بژاردەیەکی ســوننەی باڵادەســتمان هەیــە، ڕووبەڕووی خەڵکانێک، دانیشــتووانێکی تەواو جیاواز بوونــەوە، کــە ڕێگرییــان لێ کــراوە لەوەی هەر ئاســتێک لە کۆنترۆڵی کەلتوورییان هەبێت بە ســەریانەوە لە ســەردەمی کۆلۆنیالیدا، تەنیا دوای بەدەست هێنانی سەربەخۆیی دەرفەتی ئەوەیــان بۆ ڕەخســا لە ڕووی کولتوورییەوە باڵادەســت بن. کەواتــە لە هەردوو حاڵەتەکــەدا بژاردەیەکی تووڕە، بەڵام، لە کۆتاییــدا، لە هەوڵەکانیاندا ســەرکەوتوو بوون بۆ هێنانە دیی ئامانجەکانیــان، کە بریتــی بوو لە ســەنترال کردنی عێراق و

ســوودان، بە شـێوەیەک کــە دڵنیا بــن لەوەی دانیشــتووانی پەیوەندیدار بە عەرەبی قســە بکەن، لە ڕووی کولتوورەوە بە دەوڵەتە نوێیەکەوە گرێ بدرێن، بەڵام لە هەردوو حاڵەتەکەدا، پرۆژەی دروســت کردنی ســوودانێکی یەکگرتوو لە ســایەی حوکمڕانییەکی عەرەبی و ئیسلامیدا، هەورەها پرۆژەی ئەوەی عێـراق ببێتــە وڵاتێـک دانیشــتووانی بە عەرەبی قســە بکەن، هەردووکیان ڕووبەڕووی بەرهەڵســتیی بەردەوام بوونەوە و چارەنووسیان بە شکست گەیشت.

هێڵــی هاوتەریبی ســێیەم: کــە دەمەوێت لە نێــوان هەردوو حاڵەتەکــەدا بیکێشــم بریتییــە لــەوەی، تــا ســاڵی ٢٠٠٥، کە ڕێکەوتێکــی زۆر گرنگە، هەردوو وڵاتەکــە بژاردەیەک تێیاندا باڵادەســت بوو، کە ســەر بە بەشـێکی وڵاتەکەیــان بوون. لە ســاڵی ٢٠٠٢دا دەتتوانــی لــە ســەر شــەقامەکانی خەرتووم کتێبێـک بە ناوی کتێبــی ڕەشــەوە (Black Book) بکڕیت، کە لــە لایــەن بزووتنــەوەی داد و یەکســانییەوە نووســرا بوو، بزووتنەوەیەکی ڕادیکاڵی ئیســلامی بوو، لە پارتی حوکمڕانی ســوودان، پارتــی کۆنگرە، جیــا بووەوە. ئەوان ســەرچاوەی ڕەسمیی سوودانیان بەکار دەهێنا بۆ دیکۆمێنت کردنی ئەوەی هەمــوو کەســێک دەیزانی، کە ســوودان لە دوای ســەربەخۆ بوونەوە ســێ خێڵــی ڕێز لێ گیراوی باکوورەوە بە ســەریدا باڵادەســت بوون (شــەگیە، جاهیلیە، دەناکران).ئــەوان لە نێو خۆیاندا، کە کەمتر لە سەدا پێنجی دانیشتووانی سوودان پێک دەهێنن، ســەرۆکی سوودان و ســەرۆک وەزیران و زۆربەی پۆســتەکانی کابینــەی حکوومەتیــان کۆنترۆڵ کرد، بە ســەر پۆســتەکانی ئەفسەرانی سوپا و بە سەر پرۆژە گشتییەکان و کەرتی تایبەتدا باڵادەســت بوون. تاکوو ساڵی ٢٠٠٥ سوودان بــە تەواوی لە ژێر هەژموون و باڵادەســتیی ئــەم بژاردانەدا بوو، لەو ســاڵەدا بە شێوەیەکی ڕەسمی، بە هەندێ لە دابەش

کردنی دەسەڵات لەگەڵ باشووردا، دوای ماوەیەکی دوور و درێژ، بە بەشداری پێ کردنی هەندێ لە دانیشتووانی شوێنانی دیکەی باکووری سوودانیش ڕازی بوون. ئەمە بە شێوەیەکی سەرنج ڕاکێش لەگەڵ ئەوەی لە عێراقدا ڕووی دا، هاوشێوەیە. کاتێک عەرەبی سوننە باڵادەست بوون بە سەر دەوڵەتی تازەی سەربەخۆدا، کاتێک ئەفسەرانی خانەوادەگەلی ئەشراف لە نێو عوسمانییەکاندا، لەگەڵ بەریتانییەکاندا هاتن بۆ باڵادەست بوون بە سەر بەغدادا. تاکوو ڕووخاندنی پاشایەتی لە عێراقدا لە ساڵی ١٩٥٨دا، عەرەبی سوننە پێشتر ئەفسەرانی خانەوادەی ئەشراف بوون، کابینەی حکوومەت و سوپایان کۆنترۆڵ کرد بوو، پرۆژەگەلی گشتیی سەرەکیشیان کۆنترۆڵ کرد بوو، بە ڕادەیەکی کەمتر، لەبەر ئەوەی هەندێ شیعەی بورژواش هەبوون، بە سەر کەرتی تایبەتدا باڵادەست بوون. گەورەترین گۆڕانکاری لە عێراقدا لە سایەی بەعسدا ڕووی دا، کاتێک ئاڵوگۆڕێک ڕووی دا، دەکرێت بە شێوەیەکی کاریگەر و ورد وا ڕاڤە بکرێت، کە ئاڵوگۆڕێک بوو عەرەبی سوننە لە عێراقدا دەسەڵاتیان گرتە دەست، چونکە ئەوەی ڕووی دا ئەوە بوو، ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕشی بەعس بە زۆری لە لایەن ئامۆزاکانی ئەلبەکر و سەدام حوسێنەوە کۆنترۆڵ کرا بوون. لە پازدە ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕشدا، چواردەیان لە ساڵی ١٩٧٨دا، ساڵێک پێش ئەوەی سەدام حوسێن ببێتە سەرۆک، عەرەبی سوننە بوون. ئەو تاقە ئەندامەی ما بووەوە بریتی بوو لە کوردێکی بەعەرەب کراو، کە باوەڕم وایە دایکی عەرەبی سوننە بوو، لە هەرێمی کوردستانیش نەژیا بوو. کەواتە لە هەردوو حاڵەتەکەدا ئاستێک لە چڕ بوونەوەی ناوچەیی و ئیتنی و ئایینیانەی دەسەڵات هەبوو. پەیوەندیی سەدام حوسێن بە ئەلبەکرەوە ئەوەندە گەرم و گوڕ بوو، کە لە ڕاستیدا سەدام

ئەلبەکری لە دەسەڵات دوور خستەوە، بەڵام نەیکوشت، ئەگەر لــە ئەندامانی بــژاردەی بەعس بڕوانیت، ئــەوا هەموویان یان زۆربەیان خزمی یەکێک لەو کەسە دیاری کراوە بوون.

هێڵی هاوتەریبی چــوارەم: بریتییە لەوەی هەردوو وڵاتەکە، لە ســەربەخۆییەوە تاکوو ساڵی ٢٠٠٥، بە شێوەیەکی سەرنج ڕاکێــش ڕەوتێکی سیاســیی هاوشــێوەیان هەیــە. ئەمەش بە تایبەتــی لــە دوای شۆڕشــی میســرەوە دەرکــەوت، کە لەو کاتەدا کاریگەرییەکی بەربڵاوی لە جیهانی عەرەبدا هەبوو، بە چەشنی ئەوەی ئێستا شۆڕشی میسر ڕەنگە هەمان کاریگەریی هەبێت. هەردوو وڵاتەکە لە سیاســەتی دەرەوەیاندا ئاراستەی پان عەرەبیزیــان گرتە بــەر (Pan-Arabist)، هەردوو لایان لە مامەڵە کردن لەگەڵ ناکۆکیی ئیســرائیل- فەلەســتیندا خەتێکی هاوشــێوەیان گرتە بــەر، کە ئەویش لایەنگیری بۆ ئیســرائیل نەبــوو. هەردووکیــان ڕەنگدانەوەی دەســەڵاتی بزووتنەوەی ئەفســەرانی ئــازاد بوون (حركــة الضباط الأحــرار)، هەردوو وڵاتەکە دوای ســاڵی ١٩٥٨ لە عێراق و لە دوای ســاڵی ١٩٦٨ لە ســوودان، لە لایەن بزووتنەوەی ئەفســەرانی ئازادەوە، کە مۆدێلی ئەفسەرانی ئازادی ناسریان لەبەر چاو بوو، دەسەڵات لە ڕێی کودەتاوە گیرایە دەســت. جەنەراڵ عەبدولکەریم قاسم و عەقید محەمەد نومەیری سەرباز بوون، هەمان خەسڵەتیان هەبوو. بە شــێوەیەکی ســەرنج ڕاکێــش هەردووکیان هەمان سیاســەتیان گرتە بــەر و پیادە کــرد، هەردووکیان ڕژێمێکی سۆشیالیســتیان دامەزرانــد کــە تەنیــا پارتێــک بە ســەریدا باڵادەســت بوو، یاخود بــە لای کەمەوە ســەرکەوتووانە ئەم کارەیــان کرد، بە لای کەمــەوە لە عێراقدا. دواتر هەردووکیان هەنگاویان بەرەو بەتایبەت کردن (تایبەتاندن)ێک لە فۆرمێکی گەندەڵدا، هەڵێنا. هەردوو وڵاتەکە عەلمانی بوون و دواتر بوونە ئیســلامی، لە حاڵەتی نومەیریدا بە شێوەیەکی سەرنج ڕاکێش

لە ماوەی سەرۆکایەتیی خۆیدا ئەم کارەی کرد. لە ڕاستیدا ئەو سەردەمەی کە هەنگاو هەڵگرتنی سوودانی بەرەو جێبەجێ کردنی یاسای شەریعەت ڕاگەیاند، دەقاودەق هەمان ئەو کاتە بوو کە ئۆتۆنۆمیی لە باشووری سوودان سەندەوە. پێ دەچێت ئێستا ئەو سەردەمە لە بیر کرا بێت، کە بزووتنەوەی ئەفسەرانی ئازاد سیاسەتی دەوڵەتی سۆشیالیستیان پیادە دەکرد، بەڵام هەردوو دەوڵەتەکە لە ڕووی ئەم ئەزموونەوە هاوبەشن. هەروەها لە ڕاستیدا هەردوو دەوڵەتەکە دەوڵەتی خاوەن نەوت بوون. (Petro-State). هەندێ کەسیش پێیان وایە ئەمە فاکتەری سەرەکییە لە بوونی ئاستێکی بەرزی خۆسەپاندن و گەندەڵی و لە ڕاستیدا دوژمنایەتیی ئیتنی، کە لە هەردوو دەوڵەتەکەدا هەیە، بەڵام پێم وا نییە بتوانین ئەو تیۆرییە گشتییە بەکار بهێنین کە پەیوەستە بە نەفرەتی سەرچاوەکانەوە (General Resource Curse Thesis) بۆ لێکدانەوەی سیاسەتی هەر یەکێک لەم دوو وڵاتە. پێم وایە مێژوو بەرچاو ڕوونکەرەوەیەکی باشترە بۆ تێگەیشتن لەوەی لەم دوو وڵاتەدا ڕووی دا. توێژینەوەیەک لە لایەن دکتۆر (پۆل کیلیۆ)وە کراوە، کە لە ئۆکسفۆرد چەندین ساڵ پێش ئێستا ئابووریی پێ دەگوتمەوە. لە بیرمە ئەو کەسێکی تەنزانی (خەڵکی تەنزانیا) بوو، ئابووریناسێک بوو لە بواری پەرەپێداندا. ئەو کاتە من قوتابییەکی گەنج بووم، مشتومڕی کیلیۆ ئەوە بوو، کە ئەگەر دەوڵەتێکت هەبێت و سەرچاوەیەکی زۆری سروشتیی هەبێت، ئەوا کەم تا زۆر چارەنووسی نووسراوی تۆ ئەوەیە دووچاری ناکۆکی ببیتەوە. من پێم وا نییە ئەمە بە سەر هیچ یەکێک لەم دوو دەوڵەتەدا جێبەجێ بێت، چونکە یاخی بوون بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ هەبوو، پێش ئەوەی درک بە دەوڵەمەندییان لە ڕووی نەوتەوە بکرێت. یەکەم یاخی بوون لە سوودانda لە ساڵی ١٩٥٥دا بوو، واتە ساڵێک پێش سەربەخۆ

بوونی بە شـێوەیەکی ڕەسـمی، ئەویش کاتێـک (ئەرکیتۆریا) هەڵگەڕانـەوە، بەهۆی ئەگەری بـڵاو کردنەوەیان لە باکووری سـوودانىدا، لە کاتێکدا یەکەی عەرەبی لە باشووری سوودانىدا بڵاوەیـان پێ بکرێت. لە حاڵەتی کوردسـتاندا، ئـەوا کورد لە سـاڵانی بیسـتەکانی سـەدەی ڕابردوودا یاخی ببـوون، واتە پێش دۆزینەوە و کەڵک وەرگرتن لە نەوتی کەرکووک و پێش درک کردن بە ئاسـتی ئەو سامانی نەوتەی لە عێراقدا هەبوو. ئەوە ڕاسـتە کە بوونی ئەم دوو دەوڵەتـە بە دەوڵەتی نەوتی (Petro–State))، بـووە هۆی ئەوەی بتوانن پەرە بە سـوپایەکی زۆر بەهێـز بدەن، کـە وای لێ کردن بتوانـن یاخیبوون تێک بشـکێنن و خۆیان دووچاری سەرکێشـیی سـەربازی بکەن. بـەڵام پێـم وا نییە بکرێ ڕیشـەی ئەو ناکۆکییانـە بۆ بوونی دەوڵەتـی نەوتی (Petro-State)، بگەڕێتەوە. ئەوەی گرنگ بوو ئـەوە بوو، کاتێک دەوڵەتەکە بـووە دەوڵەتێکی نەوتی (Petro-State)، ئـەوا جەختـی تـەواوی گۆڕی بۆ سـەر کەرکووک و ناوچەکانی جێ ناکۆک لە عێراقدا، هەروەها جەختی سەرەکیی، لە سـوودان، گۆڕی بۆ سـەر ناوچەی ئەبیێ، کە ناوچەیەکی جێ ناکۆکیی سـوودانە. ئەم ناوچەیـە تێکەڵەیەک لە گرووپی ئیتنی و ئایینیی تێدا نیشتەجێن، کە من ئاماژەم پێ کرد، نزیک بوو لە سـنووری ئـەو ناکۆکییەی لە باشـووری سـوودانىدا هەبوو، نزیک و هاوشـێوە بوو لەگەڵ هەرێمی کوردسـتان لە باکووردا، بەڵام دۆزینەوەی نەوتێکی زۆر لەو ناوچانەدا، وای لە حکوومەتـی ناوەند کرد کە پاڵنەرێکی زۆر بەهێزی هەبێت بۆ کۆنترۆڵ کردنی ئەو ناوچانە، بۆ هاندانی ناکۆکیی ئیتنی لەو ناوچانەدا. لە کۆتاییشدا لە پرۆسەیەکی بەربڵاوی ڕاگواستنی ئیتنـی تێوەگلان. کەواتە لێرەدا ڕیشـەی ئـەوەی ڕووی دا لە پەیوەند بە نەفرەتی دەرامەتـەوە (Resource Curse)، دەکرێت وەک هۆکارێک بۆ شی کردنەوەی ڕەفتاری حکوومەتی ناوەند

بەکار بهێندرێت، نەک وەک هۆکارێک بۆ لێکدانەوەی ڕەفتاری کەمینەکان. هەروەک ئاماژەم پێ کرد، هەردوو دەوڵەت پەرەیان بە سوپایەکی بەهێز دا.

بۆ ئەوانەی لە زانستی سیاسەتدا بایەخ بە یونیفۆرمتی (Uniformity) دەدەن، ئەوا دەرەنجامێکی گەورەی دیکەم هەیە کە باسی بکەم. بوونی سمێڵ خەسڵەتێکی نەگۆڕی دیکتاتۆرەکانە لە سوودان، تەنانەت کەسێکی سەربازیی ساختەش، چونکە سەدام هەرگیز کەسێکی سەربازی نەبوو، مەیلی ئەوەی هەبوو سمێڵ دابنێت، بەڵام ئەو ڕێسا زێڕینەی دەبێت لەم حاڵەتانەدا سەرنجی لێ بدەین ئەوەیە، کە ئەگەرێکی کەم هەیە کودەتا لە لایەن لیوا/فیدمارشاڵەوە (Field Marshal) بکرێت، کودەتا لە لایەن کۆلۆنێلەکانەوە و ئەوانەی لە خوار چینی جەنەراڵەوەن، دەکرێت. کەواتە ئەگەر بەم زووانە کودەتا لە خەرتووم یان لە بەغدا ڕوو بدات، ئەوا لە لایەن کۆلۆنێلەکانەوە یان ئەو کەسانەوە دەکرێت کە خەریکە دەبنە کۆلۆنێڵ. بۆ ماوەیەکی بێ ئەندازە دوور و درێژ سوپا بەسەر سیاسەتی ئەم دوو وڵاتەدا زاڵ بوو، کە ئەمەش هۆکاری زاڵ بوو لە داڕشتنی بودجە و لە داڕشتنی سیاسەتی دەرەوەشدا. هەروەها پەیوەندیی ناوخۆیی لەگەڵ گرووپگەلی کەمینەشدا. بە دڵنیاییەوە ئەمە لە بەشێکیدا پەیوەستە بەو مەرکەزیەتە زۆر توندەی لە هەردوو وڵاتدا هەبوو. ئەگەر ئێستا سوودان بەراورد بکەین بەو سوودانەی کە من لە سەردەمی هەرزەکاریدا بینیومە، ئەوا لە کۆی ٣٩ ملیۆن کەس ٥ ملیۆنیان لەو سێ گەڕەکەدا دەژین کە پێیان دەگوترێت خەرتوومی باکوور و خەرتووم و خەرتوومی باشوور. مەزەندەی ئەوە کراوە کە لە ڕووبەری سێ سەد کیلۆمەتری سووداندا نیوەی دانیشتووانی باکووری سوودانی تێدا نیشتەجێیە. لە حاڵەتی عێراقدا، ئەوا چڕیی دانیشتووانی بەغدا زۆر جێی سەرنجە، کە نزیکەی

شەش ملیۆن کەسی تێدا نیشتەجێیە لە کۆی سی ملیۆن کەس. واتە نزیکەی یەک لە سەر چواری دانیشتووان لەو ناوچەیەدا دەژیـن کە دەکرێت پێی بگوترێت ناوچـەی بەرفراوانی بەغدا (The Greater Baghdad Area).

کەواتـە ڕایەڵـی پەیوەندیـی نێـوان هەمـوو ئـەو گۆڕاوانە ئاشـکرایە، کەمینەیەکی ئیتنی هەیە، بەشـێکی ئـەو کەمینەیە جڵـەوی دەوڵەتی بـە دەسـتەوەیە، پرۆژەیەکـی بەردەوامی یەکڕەنـگ کردنی کەمینەکانیـش هەیە، هەروەهـا دەوڵەتێکی نەوتیت (Petro-State) هەیە، کە بە هۆیەوە سوپایەکی زۆر بەهێز دروسـت دەکرێت. هەروەها پایتەختێکت هەیە کە بە ئاوارەی ناوخۆیی دەورە دراوە، بە هۆی ئەو ناکۆکییە ناوخۆییەوە کە سوپا بەرپای کردووە، هەڵاتوون. ئەمەش وێنەیەکی پرشنگدار نییـە. لە کۆتاییدا هەردوو وڵاتەکە بـە ئەندازەیەکی گەورە لە ئاسـت ڕکابەرانی ئیتنی و ئایدیۆلۆژییاندا سەرکوتکار بوون، ڕەنگە وەک پێویسـت ئاسـت و مەودای ئەو شەڕانە نەزاندرا بێت، شەڕی (ئەلئەمیلیە) و حکوومەتی خەرتووم و یاخیبووانی (بزووتنەوەی میللی بۆ ڕزگار کردنی سوودان) لە دوای ساڵی ١٩٨٣ـەوە مەزەندەکان باس لەوە دەکەن، کە پتر لە دوو ملیۆن کەس ڕەنگە کوژرا بن، نەک تەنیا بە هۆی شەڕی ڕاستەوخۆ (Direct Combat) و زیانـی لاوەکییەوە (Collateral Damage)، بەڵکوو بە هۆی ئەو برسێتییەشەوە کە لە ئەنجامی ستراتیژی بەرەنـگار بوونـەوەی یاخیبـوون (Counter-Insurgency Strategies) لـە لایەن حکوومەتەوە، هەروەها هەندێ ڕەفتاری یاخیبووانەوە، دروسـت بوو. لـە ناوچەی دارفووردا لە نێوان ساڵانی ١٩٦٣ و ١٩٩٣دا شەڕی سی ساڵە هەبوو، کە شەڕێکە لـە ڕۆژئاوادا کەمتر باس کراوە، شـەڕێکی پڕ لە ئاڵۆزی بوو کە قەزافیشی تێوە گلا بوو، بەڵام بێ ئەندازە سەخت و دژوار بـوو. زۆر زەحمەتە بە زمانی فەرەنسـی یـان ئینگلیزی هەر

مەزەندەیــەک بدۆزیتــەوە لەبــارەی ڕێــژەی کوژراوەکانەوە، بــەڵام ئاشــکرایە ژمارەیەکی زۆر بووە. لە ســاڵی ٢٠٠٣ـەوە دارفوور گۆڕەپانێک بووە، راڤە و لێکدانەوەی دژ بە یەک هەیە لەبــارەی ئەوەی لەوێدا ڕوو دەدات، یەکێــک لە لێکدانەوەکان ئەوەیە، هەمیشــە خەرتووم هەڵسوکەوتێکی دیاری کراوی لە ئاست باشوور گرتووەتە بەر، ئەوەش بریتی بوو لە دروست کردنی میلیشیا لە نێو خێڵگەلێکی دیاری کراودا، زیاتر خێڵانی بەعــەرەب کراو، ئنجا بــەکار هێنانیــان دژی خێڵانی ئەفریقی یــان بــە لای کەمــەوە بەعــەرەب کراوەکانــی ناوچەکــە، کە تێکەڵەیەکیان لە ســتراتیژی توندی بەرەنگار بوونەوەی یاخی بــوون (Counter-Insurgency Strategies Vicious) و هێرشــی کۆمەڵکوژانــە (Genocidal Assaults) جێبەجــێ کردووە، ئەمە لێکدانــەوەی داواکاری گشــتیی دادگای تاوانــی نێودەوڵەتییە. لێکدانــەوەی حکوومەتــی خەرتوومیــش ئەوەیە، ئەو شــەڕی تیرۆر دەکات (Terrorist War)، کە لە بەشێکیدا لە لایەن لیبیاوە پاڵپشــتی دەکرێــت، کە هەنــدێ بەڵگەش هەیە لــەم ڕووەوە. هەروەهــا ناکۆکییەکــەش، کــە خەرتــووم وەک دێرینتریــن جــۆری ناکۆکــی لە مێژووی مرۆڤایەتیدا باســی دەکات (The Oldest Kinds of Conflict in Human History)، ناکۆکیی نێوان (دەشــتەکی: بەدوو: رەوەند) و نیشتەجێبووانە (Nomads and Settled peoples). هەندێ ڕاستیش لەمەدا هەیە، بەڵام پێم وایە بەڵگەکانی دیکە لە بەرژەوەندیی دادگای تاوانی نێودەوڵەتیدان. کەواتە ســوودان لە ماوەی سی ساڵی ڕابردوودا مێژوویەکی نــاوازەی هەبــووە، لــە ڕووی شــەڕی ناوخۆیــی(Internal Wars)، زنجیرەیــەک لە ڕاگواســتن (Series of Expulsions) و تاوانــی بەربڵاوی جەنــگ (large Scale War Crimes) و کاری کۆمەڵکوژانــە (Genocidal Acts)، ئەگەر ســەیری جوگرافیای ســوودان بکەین، ئەوا شــوێنێک نەماوە لە باکووری سوودان

کــە کاریگــەر نەبوو بێت بــە کاری یاخیبووان یــان بە کاری بەرەنگار بوونــەوەی یاخیبووانەوە. ئەگەرێکی تەواو هەیە کە ناکۆکی لــە دارفوور ســەر هەڵبداتەوە، ئەگەرچــی ئومێدیش هەیە بەو ڕێککەوتنە ئاشــتەواییەی لــەم دواییەدا لە دارفوور مۆر کرا، هەروەها ناوچەی ئەبیێ هەیە کە دەکەوێتە باکووری باشــووری سوودانەوە، کە بە شــێوەیەکی یاسایی ددانی پێدا نرا، بەڵام لە ڕووی ئیتنییەوە بەشێکە لە ناکۆکییەکەی باکوور، کــە لە لایەن بەریتانیاوە لە ســاڵی ١٩٥٥دا کرایە بەشــێک لە باکوور، ئەویش لە ســەر خواســتی خەڵکەکەی.. کە ترســیان لە هێرشــەکانی ناسریی عەرەب هەبوو. لە ڕاستیدا لە ماوەی ســەربەخۆییدا ســوودان گۆڕەپانی چەندین شــەڕ بــووە. لە عێراقیشــدا وێنەیەکی هاوشــێوەی ســەرنج ڕاکێــش دەبینین. کوردســتان لە ساڵانی بیســتەکان و سییەکاندا یاخی بووبوو، هەروەهــا یاخی بوونی بە ســەرکردایەتیی بارزانی لە ســاڵی ١٩٤٤ و ١٩٤٥ بوو، دووبارە لە ســاڵی ١٩٦١ بە دواوە. یاخی بوونــی کــورد دژی ڕژێمی عێراق لە ســاڵی ١٩٨٧ و ١٩٨٨دا لە لایەن ڕژێمەکەی ســەدامەوە گەیشتە شاڵاوی جینۆساید و ئەنفال لە دژی کورد، کە بە پێی مەزەندەی حکوومەتی هەرێمی کوردســتان چوار هەزار گوند وێران کران، پتر لە ١٨٠ هەزار کەسیش لە ئەنجامی دەستگیر کردن و زیندانی کردن و برسی کردنەوە کوژران یــان مردن، بەڵام کورد تەنیا کەس نەبوون کە لە لایەن عێراقی ســەردەمی ســەدامەوە سەرکوت کرا بن، چونکە زۆرینەی دانیشتووان، کە شیعەن، ئەوانیش دووچاری سەرکوتکارییەکی چڕ بوونەوە. لە ساڵی ١٩٩١دا و لە کۆتایی یەکەمیــن جەنگی کەنداودا، دوای ئەوەی جۆرج بوشــی باوک داوای لە خەڵکی عێراق کرد دژی ســەدام ڕاپەرن، شــیعە ئەم کارەیان کرد هەروەها کوردیش، بەڵام ئەمریکا خۆی بە دوور گرت و سەدامیش دەستی دایە سەرکوتکارییەکی بەربڵاو، کە

نزیکەی ٣٠٠ هەزار عەرەبی شیعە مردن. ڕەنگە ٣٠٠ هەزاری دیکەش لە شالاوی دژ بە هۆرەکاندا مرد بن، کە لە باشووری عێراقدا و لە کۆتایی نەوەدەکاندا لە عێراق ڕووی دا.

ڕژێمەکەی سەدام بە پێچەوانەی ڕژێمەکەی سوودان، پەنای بۆ هەڵگیرساندنی شەڕ برد، ئەوەش لە بەشێکیدا، وەک ڕێگایەک بۆ چارەسەر کردنی کێشەی ناوخۆیی، سەدام شەڕی لەگەڵ ئێراندا کرد و کویێتی داگیر کرد. ئەمە هەرگیز لە لایەن سوودانەوە نەکراوە، چونکە ئەو لە سایەی هیچ ڕژێمێکدا پەنای نەبردە بەر جەنگێکی ڕاستەوخۆ دژی وڵاتێکی دیکە، ئەگەرچی هەوڵی تیرۆر کردنی سەرۆکی دەوڵەتێکی دیکە لە ناو پایتەختی وڵاتێکی دیکەدا درا، بە لای کەمەوە هاوکاریی پێشکەش بە بزووتنەوەی یاخیبووانی چوار دەوڵەتی دراوسێی کردووە، کە سەرجەم دراوسێکانی نۆ دەوڵەتن. هەردوو وڵاتەکەش بەرنامەیەکی چڕی بەرەنگار بوونەوەی یاخیبوونیان پیادە کرد، کە نزیک دەبێتەوە لە کردەوەی کۆمەڵکوژی: جینۆساید (Extensive Counter-Insurgency Program)، کەواتە لە ڕەوت و ئاراستەی سیاسییاندا مێژوویەکی دزێوی هاوبەشیان(Gruesome common History) هەیە.

هێڵی هاوتەریبی پێنجەم: هەردوو وڵاتەکە بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر لە ڕووی جیۆپۆلەتیکەوە لە پێگەیەکی نادڵنیادان (Remarkably Geopolitically insecure) و ئەندازەیەکی گەورەی نادڵنیاییشیان لە دەوروبەری خۆیاندا دروست کردووە، من پێشتر ئاماژەم پێ کرد، کە پشتیوانیی دەرەکی بۆ یاخیبوونی ناوخۆیی هەبووە، ئەویش لە لایەن هێزی دەرەکییەوە. لە حاڵەتی سوودان‌دا، زۆر لە دراوسێکانی سوودان هاوکاری و یارمەتیی (بزووتنەوەی میللی بۆ ڕزگار کردنی سوودان)یان داوە، لە عێراقیشدا دەوڵەتانی دراوسێ هاوکاریی کوردیان کردووە، لە نێویاندا ئێران، لە قۆناغی

جیاجیـادا، بـه ڕادەیەکـی زۆر زۆر کەمیـش، بـە ڕادەیەکی سـنوورداریش سـووریا. هەروەک ئاماژەم پێ کرد هەردوو وڵاتەکـە دەسـت تێوەردانیان لـە کاروباری دراوسـێکانیاندا کـردووە. من ناچـار نیم باسـی ڕۆڵی هێزگەلی گـەورە یان هێزگەلی گەورەی هەرێمی بکەم بۆ جەخت کردنەوە لە سـەر هاندانـی ئەو نادڵنیاییە. لە خەرتوومدا هۆتێلێک هەیە، کە ناوە ڕەسـمییەکەی بورجەلفەتـح: «برج الفتح»ـە، ئـەو خەڵکانەی سـوودان کە هەستێکی بەهێزی گاڵتەجاڕییان هەیە پێی دەڵێن نارنجۆکەکـەی قەزافی، لەبەر ئـەوەی لە چەند ڕوویەکەوە لە نارنجۆک دەچێت. ئەمەش جێ دەسـتی دەسـەڵاتدارانی لیبیا. مـن ئەمە بۆ وەسـف کردنی پەیوەندیی سـەیری لیبیا لەگەڵ سـوودان‌دا باس دەکەم، کە هەردووکیـان لە هاوکاری کردنی یاخیبووان و وەبەرهێنانی ئاسایی لە ناوجەرگەی خەرتوومدا تێوە گلاون. هەردوو وڵاتەکە، سـوودان و عێراق هەوڵی دزە کردنی نێو دەوڵەتانی دراوسێیان داوە و بە پێچەوانەوە.

دوایین هێڵی هاوتەریب: کە دەمەوێت جەختی لە سەر بکەمەوە، ئەوەیە لە هەردوو وڵاتەکـەدا ئەزموونی پێدانی ئۆتۆنۆمی بە گەورەتریـن کەمینەی وڵاتەکە هەبووە، بەڵام ئەو ئەزموونەی دابەش کردنی دەسـەڵاتە تەمەن کورت بووە (Those Power-Sharing Experiences Proved Short-Lived)، بەڵام پێم وا نییە پێویسـتە ئەو پرۆژانە بەو شێوەیە لێک بدەینەوە، کە لەم دوو وڵاتـەدا خراپترین نیاز و مەبەسـتی حکوومەتی ناوەندیان لە پشتەوە بوو. ڕێککەوتنی ئاداری ساڵی ١٩٧٠ لە نێوان سەدام حوسێن و مەلا مستەفا بارزانی، لەو کاتەدا وەک چارەسەرێکی سەرکەوتوو بۆ کێشەی کورد لە عێراقدا دەردەکەوت. هەرێمی کوردسـتان دەبوو کە ئاسـتێکی بـاڵای ئۆتۆنۆمیی ناوخۆیی هەبووایـە، کـە خـۆی کولتـوور و زمانـی خـۆی کۆنتـرۆڵ دەکـرد، دواتـر لە ڕێی ڕاپرسـییەوە سـنوور جێگیر دەکرا و

دەخرایە ســەر ناوچەی ئۆتۆنۆمییەوە. کۆتایەکی دیاری کراو لــە وەزیرانی عێــراق بۆ کورد تەرخان دەکــرا، باڵاترین پلەی ســەربازی، ئەفســەرانی کوردی لە خۆ دەگــرت، کورد مافی ئەوەیان هەبوو زمانەکەیان ببێتە زمانێکی ڕەسمی لە عێراقدا، واتــە دەبــووە یەکێک لە دوو زمانە ڕەســمییەکە لــە عێراقدا. ئەمە چارەسەرێک بوو لە چەند ڕوویەکەوە سەرکەوتوو بوو، بەڵام لە ســاڵی ١٩٧٤ و ١٩٧٥دا شکستی هێنا، ئەویش کاتێک ڕوون بوو کە ڕژێمی بەعس ڕێگەی نەدەدا ڕاپرســی لە سەر کەرکووک بکرێت، لەبەر ئەوەی بە پێی داتاکان ئاشــکرا بوو، کەرکووک و ناوچەکانی دیکەی جێ ناکۆکی و کێشە دەچوونە ســەر هەرێمی کوردستانەوە. مەلا مەستەفا بارزانی گەڕایەوە بــۆ یاخیبوون کــە باوەڕێکی هەڵــەی هەبوو لــەوەدا، پێی وا بوو ئەمریکا و ئیســرائیل و ئێران پشتیوانیی دەکەن، بەڵام لە ڕاستیدا ئەوان هەڵوێستی خۆیان گۆڕی و ڕێککەوتنیان لەگەڵ سەدامدا کرد.

لە ڕاســتیدا سەدامیش ڕێککەوتنی لەگەڵ شای ئێراندا کرد، ئەویــش لە جەزائیر لە ســاڵی ١٩٧٥دا، کە ســەری کێشــا بۆ شکســتی تەواوی بزووتنەوەکەی بارزانی. کەواتە ئەزموونی ئۆتۆنۆمیی کوردســتان لە ساڵی ١٩٧٤ تا ساڵی ١٩٧٥ کۆتایی هات، بەڵام سەدام بە یەکجاری دەستی لێ هەڵنەگرت، بەڵکوو تا ســاڵی ١٩٩١ ئۆتۆنۆمییەکی لە کوردســتاندا هێشــتەوە، کە بووکەڵەی دەســتی خۆی بوو. لە ڕاســتیدا بە هیچ شێوەیەکی گرنگ نوێنەرایەتییەکی روون و رەوانی کوردستانی نەدەکرد. ڕاســتەوخۆ دوای شکستی بارزانی، ســەدام بڕیاری گۆڕینی ســنووری ئیداریــی کەرکووکــی دەرکــرد، لــە پرۆســەیەکی لەســەرخۆدا، لە ماوەی بیســت ســاڵدا، نزیکەی نیوەی خاکی پارێزگاکــە دابڕێندرا، قەبارەی پارێزگاکە بە ڕێژەی لە ســەدا ٥٠ کــەم کرایــەوە. ئەو ناوچانــەی زۆرینەی دانیشــتووانیان

کورد بوون، خرانە سەر پارێزگاکانی دیکە، ئەو ناوچانەشی زۆرینەیان عەرەب بوون، خرانە سەر حەویجە کە عەرەبەکان تێیدا باڵادەستن و بەشێکە لە پارێزگای کەرکووک. کورد و تورکمان لە شارەکە دەرکران، عەرەبیش لە باشوورەوە هێندران و پاڵنەریان بۆ دروست کردن بۆ ئەوەی بێن و نیشتەجێ بن. ئەمەش بە ئامانجی گۆڕینی ناسنامەی ئیتنیی شارەکە. ئەوەی لە سووداندا ڕووی دا، بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر هاوشێوەیە، لە ساڵی ١٩٧٢دا ڕێککەوتنێک لە ئەدیس ئەبابا لە نێوان سەرکردەکانی یاخیبووانی باشوور و ڕژێمی نومەیری لە خەرتووم کرا، تێیدا ئۆتۆنۆمیی بە هەرێمی باشووری سوودان بەخشرا. تێیدا هاتبوو کە سنووری هەرێمی باشووری سوودان لە ڕێی ڕاپرسییەوە یەکلایی دەکرێتەوە، یان دەکرێت لە کات و ساتی گونجاودا، لە ڕێی ڕاپرسییەوە یەکلایی بکرێتەوە، بۆ دیاری کردنی سنووری ڕاست و دروستی باشوور، بە گوێرەی کۆتایەکی دیاری کراو، چەند وەزیرێک بەشدارییان لە حکوومەتی خەرتوومدا دەکرد، چەند ئەفسەرێک لە یاخیبووانی باشووری سوودان ئاوێتەی سوپای سوودانی دەکران. لە باشووردا زمانی ڕەسمیی خۆیان ڕاگەیاند، کە زمانی ئینگلیزی بوو، زمانی عەرەبی و ئینگلیزی بوونە زمانی ڕەسمیی سوودانی نوێ. بە هەمان شێوەی عێراق ئەم چارەسەری ئۆتۆنۆمییە لە کۆتاییدا هەرەسی هێنا، بە شێوەیەک کە ئەو قەوارەیەی پێشووتر خاوەنی ئۆتۆنۆمی بوو دابەش کرا. ڕێککەوتنەکەش یەکلایەنە لە لایەن ناوەندەوە پێشێل کرا بە تایبەتی لە پەیوەند بە ڕێککەوتنی بڕیاردانی ئاییندەی ناوچەی جێ ناکۆکی، ڕێککەوتنەکەش هەڵوەشایەوە. لێرەدا من دەقی ڕێککەوتنی ئەدیس ئەبابام لایە. ئەوانەی بە ڕێککەوتنی ئاداری ساڵی ١٩٧٠ لەگەڵ کوردستاندا ئاشنان، ئەوا من جەخت لە سەر چەند پەرەگرافێکی دەکەمەوە، بەڵام تەواو

جێی ســەرنج و سەرسوڕمانە کە ماددەکان چەند لێکچوونیان هەیــە. هەردوو ڕێککەوتنەکەش بە عەرەبی نووســران، لەبەر ئەوە بۆ من جێی سورسوڕمان نابێت ئەگەر ڕێککەوتنی ئەدیس ئەبابا لە سەر مۆدێلی ڕێککەوتنی ئاداری ساڵی ١٩٧٠ داڕێژرا بێت، کە تا ئەو کاتە خەڵکی بە سەرکەوتوویان دەزانی. ئەوەی جێی سەرسوڕمانە، ئەوەی لە باشووری سووداندا ڕووی دا، دوای هــەرەس هێنانی ئۆتۆنۆمییەکــە، زۆر لەگەڵ ئەوەدا کە لــە کەرکووکدا ڕووی دا، هاوشــێوەیە. ناوچــەی ئەبیێ کە لە باکووری باشــووری ســوودانە، بە ڕەسمی ددانی پێدا نراوە، دووچــاری چرە پاکتاوی ئیتنی (نەژاد)ی بووەوە. حکوومەتی سوودان کاری کرد بۆ ئەوەی دڵنیا بێت، کە کۆمپانیای نەوتی هینــدی و مالیزی و چینی، لــەو ناوچەیەدا ئازادانە کار بکەن. کۆششــێکی زۆر کــرا بۆ لێک جیــا کردنەوەی ئــەم ناوچەیە لە خەســڵەتی باشــووریانەی، ئەبیــێ کەرکووکی ســوودانە، کەرکووکیش ئەبییێ عێراقە. من هەوڵم داوە لە میانەی خستنە ڕووی ئەم شەش هێڵە هاوتەریبە دوور و درێژەدا، بۆ ئەوەی قەناعەتتان پێ بهێنم کە پێویســتە ئێوە پێشــبینیی ئەوە بکەن، خەڵکانــی باشــووری ســوودان و کورد بــە تەواوەتی لەگەڵ جیابوونەوەدا بــن لەم ڕژێمانە. هەر جــۆرە جیابوونەوەیەک بێــت، ئەوا دەبێت جیابوونەوە بێت لــەم جۆرە ڕژێمانە، بەڵام ئەمە ڕووی نەدا، کەواتە بۆچی ئەمە ڕووی نەدا؟

بۆ ئەوەی لوغزەکە پتر ئاڵۆز بکەین، ئەوا چەند لێکچوونێکی کــورت مەودا دەخەمە ڕوو، کە لە ســاڵی ٢٠٠٥دا ڕوویان دا، ئەوان بۆیان هەبوو سەر بکێشن بۆ جیابوونەوەی باشووری ســوودان و کوردســتان، بــەڵام ئەمــە ڕووی نــەدا. ئایا ئەو لێکچوونە کــورت مەوادیانە چین؟ هەردوو وڵاتەکە لە ســەر بنەمــای ڕێککەوتنــی نــوێ، دەســتوورێکی نوێیان داڕشــت، کــە لایەنانــی پەیوەندیــداری ناوخۆ گفتوگۆی ڕاســتەقینەیان

لەبــارەوە کرد. ئەوەش ڕاســتە کــە دیپلۆماتکارانی ئەمریکی ڕۆڵێکــی گرنگیــان تێــدا بینی، لە پرۆســەکەدا ئامــادە بوون. ئــەوەی پەیوەندیی بە بەغداوە هەبێت، ئەوا لە لایەن ســوپای ئەمریــکاوە داگیر کرا بــوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشــدا، زەمینەی باش هەبوو بۆ ئەوەی هەردوو ڕێککەوتنەکە لە ســەر ئاستی ناوخۆدا گفتوگۆیان لە ســەر بکرێت و ڕێککەوتنیان لەبارەوە بکرێت. ئەو هاوتەرییبیەی کە هەیە لەبارەی ئەوەی لەسەر چی ڕێککەوتوون، جێی سەرســوڕمانە. لە ڕاستیدا سوودان بووە فیدراڵییەتێــک کــە دابــەش کردنی دەســەڵات و ڕێککەوتنێکی گشتگیری ئاشتیی تێدا هاتە ئاراوە (Power-Sharing Federation and Comprehensive Peace Agreement)، ســەرۆکایەتییەکی ســێ کەسی دامەزرا، ســەرۆک و جێگری یەکەمی سەرۆک و جێگری دووەمی سەرۆک. ئەگەر سەرۆک باکووری بوو، ئەوا جێگری یەکەمی ســەرۆک باشــووری دەبێت، بە پێچەوانەوە ئەگەر جێگری یەکەمی ســەرۆک باکووری بوو، ئەوا سەرۆک باشــووری دەبێــت. هەروەها ڕێککەوتن هەیە لەســەر ئەوەی ڕێســاگەلێک هەبێت، هەر لایەک ڕۆڵێکی دیاری کراوی هەبێت لە پێکهێنانــی دەســەڵاتی یاســادانان‌دا (Proportionality rules in shaping the legislature) هەروەهــا لــە خەرجیی گشــتی لە ناوچەکانــدا. هەروەهــا میکانیزمێــک هەیە بــۆ دابەش کردنی ســەروەت و ســامان (wealth sharing formula) بــۆ دابــەش کردنــی داهاتی نەوت، بێ لەوە چەند حوکمێکی پەیوەســت بە ڕێگاچارەیەکی ئەمنی گیراوەتە بەر، بۆ جیاکردنەوەی سوپای باکــوور لە ســوپای باشــوور، لەگــەڵ هێشــتنەوەی ئەگەری ئاوێتە بوونیان. ئەمە ئەگــەر هاتوو ئەزموونی دابەش کردنی دەســەڵات ســەرکەوتوو بوو. چارەنووســی ناوچەی ئەبیێش لــە ڕێی ڕاپرســییەوە یەکلایی دەبێتەوە، لە هەمان ڕۆژیشــدا دەکرێت باشووری ســوودان بڕیار بدەن سوودان جێ بهێڵن

یاخــود لەگــەڵ باکــووردا بمێننــەوە. ئەمە ڕێککەوتنــی نێوان سوودانییەکان بوو لە ساڵی ٢٠٠٥دا. بە هەمان شێوە ڕێککەوتنی ســاڵی ٢٠٠٥ی عێراق، ئەم وڵاتە دەکاتە وڵاتێکی فیدراڵی، کە دەسەڵات تێیدا دابەش دەکرێت (Power-Sharing Federation)، هەروەها لە سەرەتادا سەرۆکایەتییەکی سێ کەسیی دروست کــرد. ئەم جارەیــان بە دەرەنجامێکی ســەرنج ڕاکێش، کە بۆ یەکەمین جــارە کورد دەبێتە ســەرۆکی عێــراق. ڕێگاچارەی پشکی دیاری کراو لە یاسا یەک لە دوا یەکەکاندا چەسپێندرا، هاوشــان بە ڕێساکانی دابەش کردنی ســەرچاوەکانی نەوت، هەروەهــا میکانیزمێکــی دابەش کردنی ســەروەت و ســامان هەیە، کە هاوشــان کراوە بە چەند سیاســەتێکی تەکنیکی. من خۆشــحاڵم باســیان بکەم، بەڵام بیرۆکە بنەڕەتییەکە ئەوەیە، ناوەنــد کۆنترۆڵی بە ســەر ســەرچاوەکانی نــەوت و دابەش کردنیانــەوە نەمێنێت، بــۆ ئەوەی هەر هەرێــم و پارێزگایەک لە ســامانی نەتەوەیی و ناوخۆیی پشــکی خۆی بەر بکەوێت. هەروەها چەند حوکمێکی پەیوەست بە پرسی ئەمنییەوە هەیە، کە هێزی پێشــمەرگەی کــورد لەگەڵ ســوپای عێراقدا ئاوێتە نەکــراوە، مافی ئەوەیە هەیە وەک هێزێکــی ئەمنی بمێنێتەوە، کە لە ژێر فەرماندەیی ســوپای ڕانەگەیەندراو، بە شــێوەیەکی ڕەسمیی، هەرێمی کوردستاندا بێت. کەرکووکیش دەبێت لە ڕێی ڕاپرســییەوە یەکلایی بکرێتەوە. کەواتە دووبارەی دەکەمەوە، هاوتەریب بوون و لێکچوونی بەرچاو هەیە لە مەودای نزیکدا، بەڵام دەرەنجامی جیاوازیان لێ کەوتووەتەوە.

دواییــن هێڵی هاوتەریب بمەوێت جەختی لە ســەر بکەمەوە بریتییــە لــەوەی، شــەڕێکی ناوخۆیــی لــە هــەردوو بەشــە عەرەبییەکــەی هــەردوو وڵاتــدا هەیە، لە ســوودان شــەڕی دارفــوور کــە ناکۆکییەکی گەورەی نێــوان لایەنانی عەرەبییە یان لایەنانی بەعەرەب کراودا، لە عێراقیشــدا شەڕی ناوخۆیی

لــە نێوان عەرەبی شــیعە و عەرەبی ســوننەدا هەیە. هۆکاری ئەم شــەڕانە هەر چییەک بن، لــەم دوو وڵاتەدا، یاخود ڕاڤەی ئەخلاقیتــان بۆ ئەو شــەڕانەی ناوخۆ هــەر چییەک بێت، ئەوا ئەمانــە دەرفەتگەلێکــن بۆ ئــەوەی جوداخوازانی باشــووری سوودان و کوردستان (لە عێراقدا) لە وڵاتەکە جیا ببنەوە.

کەواتە لێرەدا لوغزەکە قووڵتر دەبێتەوە، بۆچی باشــووری ســوودان جیا بــووەوە لــە کاتێکدا کوردســتان ئــەم کارەی نەکردووە؟ هاوەڵێکم (پیتەر گالبریس) لەگەڵ مندا کاری دەکرد، کاتێــک ڕاوێژمــان بــە حکوومەتی هەرێمی کوردســتان دەدا، کتێبێکی زۆر سەرکەوتووی هەیە بە ناونیشانی کۆتایی هاتنی عێراق «The End of Iraq» بڵاوی کردەوە. من ئیرەیی بە پیتەر دەبەم کە کتێبێکی ئاوا ســەرکەوتووی هەیە و فرۆشی زۆرە، بەڵام ئەو هەڵە بوو. زۆر کەس هەبوون بەهانەی باشــیان بە دەستەوە بوو، تا وا بیر بکەنەوە کە ئەو ڕاستە، چونکە پێشبینی کردنی دابەش بوونی عێراق لە ســاڵی ٢٠٠٦دا پێشــبینییەکی بــاش بوو، بــەڵام ئەوە ڕووی نەدا. لە ســاڵی ٢٠٠٦دا، یاخود بــە لای کەمــەوە لە کۆتایی ســاڵی ٢٠٠٥دا پێش مردنی جۆن گەرەنــگ، دەتوانم ئەوە تۆمار بکەم کە تێڕوانینەکە ئەوە بوو، ســوودان پێکەوە دەمێنێتەوە و ئارمەنجەکانی گەرەنگ بریتی بوون لە هێنانە ئارای ئاڵوگۆڕ لە سووداندا لە بری ئەوەی لێی جیــا ببێتەوە، کەواتە ئەمــە ئەوەیە کە من پێی دەڵێم لوغز. جا با بگەڕێمەوە بۆ وەڵامەکەم. بۆچی کورد کەشتیی گڕگرتووی جێ نەهێشت؟(LEAVE THE BURNING SHIP)؟ ڕەنگە وەڵامەکە بریتی بێت لەوەی دەقە دەســتوورییەکەی ســاڵی ٢٠٠٥ ڕێی بەمــە نەدەدا. ئەمە لە کاتێکدا لە دەســتووری ســاڵی ٢٠٠٥ی سووداندا بڕگەیەکی تێدا بوو، کە ماف بە سوودانیانی باشوور دەدا ڕاپرسی لەسەر ئەوە بکەن، ئایا لەگەڵ سووداندا بمێننەوە یــان جیــا ببنەوە؟ لە کاتێکــدا بڕگەیەکی هاوشــێوەی ئەمە لە

دەســتووری عێراقدا نەبوو. پێم وا نییە ئەو وەڵامە بەس بێت، بەڵکــوو دەبێت پرســیاری ئــەوەش بکەین بۆچی مەســعوود بارزانــی (کــوڕی مەلا مســتەفا) پێداگیریی لە ســەر ئەنجامی ڕاپرســی بــۆ یەکلایی کردنەوەی چارەنووســی کوردســتان نەکرد؟ لە هەمان کاتدا بەربەستێکی دەستوور(Constitutional Obstacles) نەبوو بۆ ڕاپرســی کردن لە هەر کاتێکدا کە کورد بیانویســتایە؟ چونکە ڕاپرســی کردنەکە ناچێتە چوارچێوەی دەســەڵاتی تایبەتمەنــدی حکوومەتی فیدراڵــەوە، واتە بە پێی دەســتووری عێراق کورد ئەگەر بیانەوێت، دەتوانن ڕاپرســی لە ســەر جیابوونەوە بکەن، لەم ڕووەوە هیچ شتێک ڕێگرییان لێ ناکات. لە ڕاســتیدا بەڵگەکە ئەوەیە، ئەگەر لە ڕای گشــتیی کوردســتان بپرســیت: دەتانەوێت لە عێراق جیا ببنەوە؟ ئەوا وەڵامەکــە بەڵــێ دەبێــت. کەواتــە پێــم وا نییە ئــەو وەڵامەی هۆکارەکــە بە دەقەکەی دەســتوور دەبەســتێتەوە بەس بێت. ئایا هۆکارەکە ئەوەیە کوردیش موسڵمانن؟ لە کاتێکدا خەڵکی باشووری سوودان کریستیانن یان غەیرە موسڵمانن؟ کەواتە جیاوازیی کەلتوور یان جیاوازیی ئایین (Cultural differences OR Religious differences) لە نێوان باشــوور و باکووردا (لە سوودان) هێندە قووڵ بوو، لە کاتێکدا ئیسلام بووەتە هەتوانی پــڕ کردنەوەی کەلێنی ناکۆکیی نێوان کورد و عەرەب؟ پێم وا نییــە ئەمە وەڵامێک بێــت مایەی قەناعەت پێهێنان بێت، چونکە کــوردی عێراق دەقــاودەق هەمان ئــەو ئیســلامەی عەرەبی سوننەی باشــوور و ناوەڕاستیان نییە. لە ڕاستیدا ئەوان ئەو تیولۆژیای ئیسلامی عەرەبی سوننە بە ئیسلامێکی نالێبوردە و دوورەپەرێز و تا دوا ڕادە نائیسلامی دەزانن. لە ڕاستیدا ئەمەش هۆکارەکە نییە، چونکە کورد لە کاتی داڕشــتنی دەســتووری عێراقــدا، هاوپەیمانییان لەگەڵ عەرەبی شــیعەدا پێک هێنا، کە بە شێوەیەکی گشــتی هەمان مەزهەبیان نییە، هەندێ کوردی

شــیعە هەن، بەڵام زۆر نین. دانیشــتنێکی دەستوور هەیە، بۆ دارِشتنی دەستووری عێراق، پێش ئەوەی دەستوورەکە واژۆی لە سەر بکرێت، دەبینیت زۆربەی ئەو کەسایەتییانەی لە ڕیزی پێشــەوە دانیشــتوون، یان کوردن یان عەرەبی شیعەن. لەبەر ئــەوە باوەڕم وا نییە ئەوە هۆکارەکــە بێت. هەروەها ئەوەش هۆکارەکە نییە کە کوردستان و باشووری سوودان لە ڕووی خەســڵەتی ناوخۆییــەوە لێک جیــاوازن، لەبەر ئــەوەی ئەوە ئاشکرایە کوردســتان زۆر زیاتر یەکڕەنگترە (لە سەر ئاستی ناوخۆیی) لە چاو باشــووری ســوودان. ڕاســتە کوردســتان لــە ناوخــۆدا هەمەڕەنگیی هەیە، بــەڵام ئــەو جیاوازیانەی لە نێــوان کــورددا هەیە گرنگییەکی کەمتریــان هەیە، بە بەراورد بەو جیاوازیانەی لە نێو خەڵکانی باشــووری سوودان‌دا هەیە، کــە زۆربەیان بە هەمان زمان قســە ناکــەن، زمانی ئینگلیزی زمانی ڕەســمییانە و زۆربەشیان قســەی پێ ناکەن. عەرەبی زمانێکــی دیکەیە بــۆ گەیاندن و پەیوەنــدی کردنی جیاوازییە ئیتنییــەکان لە نێوان دینکــە و نووردا. بە لای کەمەوە هێندەی جیاوازیی نێوان کرمانجی و سۆرانیی نێو کورد قووڵە. کەواتە ناتوانیت بەم شــێوەیە ئەم مەسەلەیە شی بکەیتەوە. هەروەها ناتوانیت بەوەش پاســاوی بدەیتەوە، کــە هێزی بزووتنەوەی یاخیبوونــی باشــووری ســوودان زیاتر بوو بە بــەراورد بە بزووتنــەوەی کــورد. هەندێ کەس پێیان گوتــم بزووتنەوەی جەماوەری بۆ ڕزگار کردنی ســوودان سوپایەکی باشتر بوو، لەبەر ئەوە توانیویەتی ڕێککەوتنێکی بەهێزتر بەدەست بهێنێت، بــەڵام بزووتنەوەی جەماوەری بۆ ڕزگار کردنی ســوودان لە ســاڵانی نەوەتەکاندا، چونکە شەڕی ناوخۆیی هەبوو لە نێوان بزووتنەوەکانی باشووری سووداندا، بە چەشنی ئەوەی شەڕی ناوخۆیــی لە نێــوان بزووتنەوە سیاســی و ســەربازییەکانی کورددا هەبوو، لە ساڵانی نەوەتەکاندا دووچاری دژوارییەکی

راستی بووەوە. کەواتە ناکرێت وەڵامەکە لەوەدا بەدی بکرێت. یەکێک لە وەڵامەکان بریتییە لەوەی، دەستووری عێراق دەرەنجامێکی باشتری لێ کەوتەوە بە بەراورد بە ڕێککەوتنی گشتگیری سوودان، هەروەها باشتر ڕێزی لێ گیرا و ئەنجامی باشتری هەبوو، بەڵام کورد ئەوەیان بەدی کرد کە بەشێکی دەستوورەکە ڕێزی لێ گیراوە، چونکە لە لایەن بودجەی گشتیی عێراقەوە داهاتیان بۆ تەرخان کرا بۆ ئەوەی خەرجی بکەن. بە شێوەیەکی گشتی ڕێز لە دەسەڵاتی خۆ بەڕێوبەرەکە (ئۆتۆنۆمییەکە)یان گیرا، بەڵام نابێت دوور بڕۆین، حکوومەتی عێراق لە پەیوەند بە بڕگەکانی پەیوەست بە نەوت و غازەوە، ڕێزی لە دەستوور نەگرتووە. هەروەها لە پەیوەند بە دیاری کردنی سنووری کوردستانیش، کە ناوچەی جێ ناکۆکین و زۆرینەیەکی هەرە زۆری کوردیان تێدا نیشتەجێیە، لەمەشدا بووەتە هۆی ئەوەی توانای ئەوەیان نەبێت بگەڕێنەوە سەر هەرێمی کوردستان. هەروەها لەم هەڵبژاردنە سیاسیانەی دواییدا مەرکەزیەتی عەرەبی سەری هەڵداوەتەوە و زیندوو بووەتەوە(The Revival of the Arabic Centralism in the recent Political Elections). لە کاتێکدا (لە سوودان) شکستی ڕێککەوتنی گشتگیری ئاشتی ئاشکرا بوو، زۆر لە حوکمەکانی جێبەجێ نەکران، یان درەنگ جێبەجێ کران، کە زۆر کاریگەر بوو بە مردنی (جۆن گەرەنگ) لە هەلومەرجێکی پێشبینی نەکراودا، کە زۆر کەس هێشتا بە گومانێکی زۆرەوە لێی دەڕوانن. پێم وایە جیاوازیی سەرەکی لە پەیوەند بە کار کردنی دەستوورەوە، ئەوەیە کە عێراق بە ڕاستی هەڵبژاردنی ئازاد و دادپەروەرانەی کرد. ڕاستە دژواری و سەختی هەبوون، بەڵام بە ڕاستی ململانێیان تێدا بوو، بە پێچەوانەوە سوودان بەم شێوەیە نەبوو، درەنگ هەڵبژاردنی تێدا کرا، بەڵکوو لە سایەی ڕێککەوتنێکی بێدەنگدا کرا، کە ئەوە

بــوو بزووتنەوەی میللیــی ڕزگاریخوازی ســوودان ململانێی ســەرکەوتن لەگــەڵ پارتی کۆنگرەی نیشــتیمانی بکات، کە لە لایەن ئیسلامیانی باکووری سوودانەوە سەرکردایەتی دەکرا. باکووریــش ململانێی شــەرعیەتی ســەرکەوتنی بزووتنەوەی میللیی ڕزگاریخوازی ســوودان نەکات لە باشــووردا. کەواتە هەڵبژاردنەکە بۆ چەســپاندنی هەردوو بەشەکەی سوودان لە ســایەی پارتگەلی گرنگدا بوو، هەڵبــەت ناڵێم هەڵبژاردنەکەی ســاڵی ٢٠١٠ لە ســوودانــدا بــە تەواوەتی ســاختەکارانە بوو، بــەڵام ســاختەکارییەکی گەورەی تێدا کرا بــە بەراورد لەگەڵ هەڵبژاردنەکانــی عێراق. کەواتە بەشــێکی وەڵامەکــە ئەوەیە، عێراق پرۆسەیەکی ڕاستەقینەی پتر بە دیموکراتی کردنی کرد بە بەراورد لەگەڵ ســوودان، بــەڵام ئەمەش هەموو وەڵامەکە نییە. لە ڕاســتیدا دوو وەڵامی ســەرەکی هەن کە پێم خۆشــە بیانخەمە بەرچاوتان.

یەکەمیــان ئەوەیە دەوڵەتانی دراوســێ جیاوازن. لە حاڵەتی ئەگــەری کوردســتانی گــەورەدا (The Greater Kurdistan)، ئــەوا ئەمە لــە ڕووی مێژووییــەوە لە لایەن تورکیــا و ئێران و سووریاوە بە هەڕەشــەیەکی کوشندە داندراوە، لە ڕاستیدا لــە لایــەن عەرەبی عێراقــەوە، هەرێمــی کوردســتانی عێراق تەنیــا بەشــێکە لــە کوردســتانی گــەورە، بــەڵام باشــووری ســوودانی گــەورە(The Greater South Sudan) لــە ئەجێنــدادا نەبوو هاوشــێوەی (کوردســتانی گــەورە)، لەبــەر ئەوە ڕێی ســەربەخۆیی بەردەم خەڵکی باشــووری ســوودان ئاســانتر بــوو، لە لایەن دەوڵەتانی دراوسێشــەوە کەمتر بەرهەڵســتی کــرا، واتە ڕاســتەوخۆ کاریگەریی نەبوو لە ســەریان (It Did not Directly Affect Them). لە ڕاســتیدا دەوڵەتانی دراوســێ پێکــەوە هاوکاریــی خەڵکــی باشــووری ســوودانیان دەکرد (Consistent Neighborhood Support)، بــە تایبەتــی لــە لایەن

هێزگەلی کریســتیانەوە، ئەســیوپیا و یۆگەندا و کینیا. کەواتە ئاشکرایە لە دارِشتنی دەرەنجامەکەدا، هەندێ جیاوازیی گرنگ هــەن لــە پەیوەند بە دەوڵەتانی دراوســێوە، بــەڵام نابێت بەم ئاراســتەیەدا زۆر دوور برِۆیــن، لەبەر ئــەوەی دوای هەموو شــتێک جوگرافیــا چارەنووس نییە، لــەوەش زیاتر، دەبێت تۆ رِەفتاری سەرکردایەتیی ناوخۆی باشووری سوودان و کورد لەبەر چاو بگریت.

هەنــدێ کــەس پێشــنیاری ئــەوە دەکــەن، کــە هۆکارێکی دیکــەی جیۆپۆلەتیکــی هەیە و بریتییــە لە ئەمریــکا. ئەمریکا بەرهەڵســتیی جیابوونەوەی کوردستانی دەکرد، بەرهەڵستیی ســەربەخۆ بوونی کوردســتانی کرد، لەبەر ئەوەی نەیویست تورکی هاوپەیمانی خۆی توورِە بکات. بە پێچەوانەوە ئەمریکا بێلایــەن بوو(neutral)، رِەنگە بە بێدەنگی لەگەڵ جیابوونەوەی باشــووری سوودانیشــدا بوو بێــت (Quietly in Favor) لەبەر ئــەوەی دوای هەمــوو شــتێک پەیوەندیی ئەمریــکا بە رِژێمی ئیســلامیی ســوودانەوە بــاش نەبــوو. ئەمە ئەگــەر زمانێکی دیپلۆماسی بەکار بهێنین، بەڵام ئەمەش بەشێکی چیرۆکەکەیە، چونکە کورد ناچار نەبوون بەو شێوەیە رِەفتار بکەن، کە لەگەڵ خواســتەکانی ئەمریکادا یەک بگرێتەوە. لە رِاستیدا لە قۆناغی جیاوازدا توانای ئەوەیان پیشــان داوە، کــە کارێکی پێچەوانە بکــەن، وەک لــەوەی ئەمریکا داوای لێ کــردوون. کەواتە پێم وایە دەوڵەتانی دراوسێ و هێزی ئەو دەوڵەتانە گرنگن، بەڵام ئەمــەش هەموو وەڵامەکە نییــە. دەبێت لەوە برِوانین کە چۆن ســەرکردەی قەوارە جوداخــوازەکان رِەفتاریان کــرد. لێرەدا ئەوە رِوونە کە ئەوەی لە نێوان ساڵی ٢٠٠٥ و ساڵی ٢٠١٠دا لە باشــووری ســوودان رِووی دا، تێرِوانینێــک هەبوو، بەڵام لە ســایەی ســەرۆک (کیێ)دا دەســت لەو تێرِوانینــە هەڵگیرا، هۆکارەکــەش ئەوە نەبــوو، کە کیێ لە گەرەنــگ جوداخوازتر

بـــوو، بەڵکـــوو هۆکارەکە ئەوە بوو کە لـــە ڕووی ئامارەوە لە دەرەنجامەکەیـــان ڕوانی، دەرەنجامەکەش ئەوە بوو کە ئەوان تەنیا لە ســـەدا بیســـتی ســـوودان پێک دەهێنن، نـــەک یەک لە سەر سێ، لەبەر ئەوەی ئەگەری کاریگەر بوونیان لە داڕشتنی ڕووداوەکانـــی باکـــووردا بەو شـــێوەیە نەبوو کـــە بیریان لێ دەکردەوە. لەوەش زیاتر، باشـــوور ڕووبـــەڕووی باکوورێک بـــووەوە کـــە ئامـــادەی بچووک کردنـــەوەی قـــەوارەی خۆی بوو(Willing to Downsize)، لەبەر ئەوەی باکوور پێی باشـــتر بـــوو بە وڵاتێکی ئیســـلامی بمێنێتەوە لە بـــری ئەوەی تەواوی فیدراڵییەتەکە بە عەلمانی بکات، تەنیا لەبەر ئەوەی باشوور لە چوارچێوەی وڵاتەکەدا بهێڵێتەوە. کاتێک ئێمە بەشـــێک بووین لـــەو تیمەی کە گفتوگۆی نێوان باشـــوور و باکووری دەکرد، پرســـیاری ئەوەمان لـــێ کرا ئایا چ بیرۆکەیـــەک هەیە بخرێتە بەرنامـــەوە کـــە وا لە باشـــوورییەکان بکات لـــە چوارچێوەی ســـووداندا بمێننـــەوە؟ مـــن گوتـــم وەڵامەکە ڕوونـــە، مۆدێلی نەیجیریـــا پیـــادە بکەن، کە زۆربەی وڵاتەکە موســـڵمانە، بەڵام فیدراڵییەتەکـــە عەلمانییـــە، لە ویلایەکانی باکـــووری نەیجیریا کـــە زۆرینەیان موســـڵمانن، دەتواندرێت شـــەریعەت جێبەجێ بکرێـــت، لە کاتێکدا لە ویلایەتەکانی دیکەدا بەم شـــێوەیە نییە. ئێـــوە دەتوانن ئەم مۆدێلە جێبەجێ بکەن، کە مۆدێلی وڵاتێکی موســـڵمان و وڵاتێکـــی ئەفریقییە، دەتوانـــن ئەمە پیادە بکەن و کاری لـــە ســـەر بکەن و باشـــوور لە چوارچێوەی ســـووداندا بهێڵنـــەوە، بـــەڵام ئەوان بـــە تەواوەتی ئەوەیـــان ڕەت کردەوە کە گفتوگۆ لەبارەی ئەمە پرســـەوە بکەن، گوتیان ئەمە قابیلی ئـــەوە نییە ئاماژەی پێ بکرێت و ئەوان بە نێو خوێن و ئاگردا تێنەپەڕیـــون تا جێبەجێ کردنی شـــەریعەت هەڵبوەشـــێننەوە. کەواتە بژاردەکانی باشوور دووبارە هەڵسەنگاندنەوەیان کرد بۆ ئەگەرەکانی مانەوەی باشـــوور وەک لایەنێکی سەرەکی لە

دووباره دارِشتنەوەی سووداندا، لەگەڵ ئامادە بوونی سەنتەر و باکـوور بـۆ بچووک کردنەوەی قەبـارەی وڵاتەکە، لە بری ئەوەی قوربانی بە دەستکەوتی کەلتوورییان بدەن لە پەیوەند بە ئیســلام کردنەوە. ئەمە بەڵگە و پاســاوی منە بۆ باشوور. ئەی چی دەربارەی کورد؟

کــورد بڕیــاری جیابوونەوەیــان نــەدا، لەبەر ئــەوەی ئەمە ئەزموونــی ئــەوان (دەخاتە مەترســییەوە)، ئــەو ئەزموونەی لە میانەی ســەرەتای ســاڵانی نەوەدەکانەوە تا ســاڵی ٢٠٠٢ بەدەستیان هێنا بوو. هەژاری و ددان پێدانان و نەبوونی ڕێیەک بۆ هەنــاردە کردنــی نەوتەکەیان، بە پێچەوانــەوە دەیانتوانی کار لە ناوخۆی عێراقدا بکەن و ژێرخانی ســەربەخۆیی بنیات بنێــن و جەوهــەری دەوڵەت بوونیان هەبێــت، بە بێ ڕواڵەتی سەروەری و سەربەخۆیی (The Core Statehood Without the Formalities of Sovereign independence)، لە گفتوگۆکاندا ئەو ڕاستییەیان بە ڕوونی خستەوە ڕوو، کە ئەوان سوپای خۆیان دەهێڵنــەوە و داوای ئەوەیان کرد، کە بتوانن ســەرچاوەکانی نەوتی کوردســتان کۆنترۆڵی بکەن، دەسەڵاتێکی تەواویشیان هەبێت کە سیاسەتی ناوخۆی خۆیان دابڕێژن. لە بری ئەوەی بڕیاری جیابوونەوە بدەن، بڕیاری ئەوەیان دا کە من پێی دەڵێم «Western Politic». بەشداری پێ کردنی دیپلۆماسیەتی تورکیا بۆ ڕاگرتن هاوســەنگی لەگــەڵ عەرەبی عێراقدا، ئەمەش وەک دروست کردنی هاوپەیمانێتی بوو لەگەڵ گەورەترین دوژمندا، بەڵام کورد بەم شــێوەیە بیریان نەکردەوە، تورکیا دەوڵەتێکی دراوســێی ئەوانە، تورکیا ڕێــی هەنارده کردنی نەوتی ئەوانە، تورکیــا گەورەترین هێزی ســەربازیی دراوســێیە، هەروەها تورکیــا دیموکراســیەتێک بوو لــە دەرکەوتندا بــوو. کوردی عێراق بڕیاری ئاشــت بوونەوەیەکی ستراتیژییان دا(Strategic Rapprochement) لەگــەڵ تورکــدا، بــە شــێوەیەکی گشــتی

سیاســەتەکەش سەرکەوتوو بوو، بووە هۆی دروست بوونی درەوازیــەک بۆ هەنارده کردنی نەوتی کوردســتان و بوونی لایەنێکی سیاسی بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگی لەگەڵ عەرەبی عێراقدا. هــۆکاری ئەوەی ئەمە بــۆی هەیە ســەرکەوتوو بێت ئەوەیە، دەنگــی کــورد هەم لە عێراق و هەم لە تورکیادا گرنگیی خۆی هەیە. کورد تەنیا یەک لە سەر پێنجی دانیشتووانی عێراق پێک دەهێنن، بە چەشــنی ئەوەی خەڵکی باشووری سوودان بۆیان ئاشکرا بوو، کە ئەوان تەنها یەک لەسەر پێنجی دانیشتووانن، بەڵام لــە عێراقدا کورد دەتوانن ڕۆڵێکی ســەرەکییان هەبێت، لەبەر ئەوەی عەرەب بە زۆری دابەش بوون. هەروەها دەنگی کوردیــش لە تورکیا گرنگیی هەیە، لەبەر ئەوەی لەو ئاڵوگۆڕە دیموکراتییەی لە تورکیادا هەیە، ئیسلامییانی میانڕەو ویستیان لەگەڵ کورددا ڕێک بکەون. ڕاستە نایانەوێت هەموو شتێکیان پێ ببەخشن، بەڵام دەیانەوێت کێشەی کورد چارەسەر بکەن. باشــترین شــەریکێک بۆ ئەوەی (هاوکارییان بکات) لە هێنانە دیی ئەو دەستکەوتەدا بریتییە لە هەرێمی کوردستانی عێراق، چونکــە ئەوە میکانیزمێکە دەکرێت لە ڕێیەوە کۆتایی بە یاخی بوونــی پەکەکــە بهێندرێت. بــۆ ئەوەی کۆتایی پــێ بێنم، ئەوا لوغزێــک ماوە کە چارەســەر بکرێت، ئەویــش ئەوەیە بۆچی عەرەبــی عێراق نایەوێت قەبــارەی وڵاتەکە بچووک بکەنەوە؟ بۆچی دەتەوێت کوردستان وەک بەشێک بهێڵێتەوە کە عەرەب نیــن؟ چونکە دوای هەموو شــتێک کورد حەزتان پێ ناکەن و فیدراڵیەتێکیــان لە دژی ئیرادەی ئێوە دروســت کردووە، ئێوە پێتــان باش بــوو سیســتەمێکی حوکمڕانیی پتــر مەرکەزیتان هەبوایە، ئەوان عەلمانین و پێداگیرییان لە ســەر بە ئیســلامی کردنی دەســتوور نەکرد. کەواتە دەبێــت ڕێیان بدەیت بڕۆن، هەندێــک بەم شــێوەیە بیــر دەکەنەوە، بەڵام ئەوانــەی وا بیر ناکەنەوە، ئاسانە پاساوی ئەوە بهێننەوە، کە بۆچی نایانەوێت

کورد جیا ببێتەوە؟ عەرەبی سوننە لە سەدا بیستی دانیشتووانی عێـراق بێبـەش دەبن، کە زۆربەیان شـیعە نیـن و لە ڕووی مێژووییـەوە ئومێـدی ئەوە هەبووە، بۆ ڕاگرتنی هاوسـەنگی بەرانبەر بە هێزی شـیعە بەکار بهێندرێن. هەروەها شـیعەش لەگەڵ ئەوەدا نین کورد جیا ببنەوە، بەڵام ئەگەری ئەوەیان لێ چـاوەڕوان دەکرێت، لە داهاتوودا حەز بە بچووک کردنەوەی قەبارەی وڵاتەکە بکەن، بەڵام ئێستا نایانەوێت ئەو کارە بکەن. هەروەها نایانەوێت کورد جیا ببێتەوە لەبەر ئەوەی نایانەوێت تەواوی عێراق لەبەریەک هەڵوەشـێتەوە. ئەوان پێیان باشترە عێراق (یەک عێراق بێت) لە سـایەی باڵادەسـتیی شـیعەدا بە گشتی.

ئومێددەکەمئەووێنەیەیمنبۆمگواستنەوە،کەسەرکردەکانی کورد و باشووری سوودان لە ماوەیەکی کورتدا (Short space of Time) توانیبێتیـان لە ڕووی سـتراتیژییەوە خۆیان لەگەڵ دراوسـێکاندا بگونجێنن، بۆ ئەو بژاردەیەی گرتیانە بەر، بەڵام پێشوەختە دیار نەبوو کە ئەوە سەر دەگرێت، چونکە سەرەڕای گوشاری زۆر و پەرۆشیی زۆری خەڵکەکەیان بۆ جیابوونەوە، ئەوا مەرج نەبوو لە باشـووری سوودان ڕوو بدات،خۆ ڕەنگە هێشـتا بکرێت لە کوردسـتاندا ڕوو بدات، بەڵام هێشتا ڕووی نەداوە، لەبەر بڕیاری سـتراتیژی، ڕەنگە هەندێ بڵێن بڕیاری ژیرانەی سـەرکردایەتیی کوردستان. نابێت لە دەرەنجامدا وا تێبگەن، کە پێم وایە سـەربەخۆ بوونی باشـووری سـوودان بـە ئاسـانی و بێ گرفـت بەڕێوە دەچێت، یان زۆر بە باشـی بـەردەوام دەبێـت. ئەگەری ئەوەش هەیە چەندین شـەڕ ڕوو بدەن، بە تایبەتی لە سـەر ناوچەکانـی جێ ناکۆکی. هەروەها نابێت بەو دەرەنجامەش بگەن کە عێراق سەقامگیر دەبێت بەو شێوەیەی پێویستە سەقامگیر بێت، بەڵام پێم وایە ئەو لوغزەی چارەسـەر کرد، کە خستمە بەر دەسـتی ئێوە، ئەگەر ئێوەش

پێتان وایە چارەسەرم نەکردووە، ئەوا بە پەرۆشم بۆ ئەوەی گوێ بۆ بۆچوونی جیاوازتان بگرم.

**پرسیارەکەتان لەبارەی ئەسڵی ئەم سەرکردانەی ئێستا کە لە عێراقدا دەسەڵاتدارن، واتە لە کوێوە هاتوون؟**

سەرکردەکانی ئێستای عێراق لە ڕێی هەڵبژاردنەوە دەسەڵاتیان گرتووەتە دەست، ئەو هەڵبژاردنانەش ڕوویان نەدەدا ئەگەر ئەمریکا دیکتاتۆریەتی بەعسی لە عێراقدا نەڕووخاندایە، بەڵام ئەوان لە ڕێی هەڵبژاردنێکی ئازاد و دادپەروەرانەوە هاتوونەتە سەر دەسەڵات. ئەوەی پەیوەست بێت بە پەیوەندیی نێوان کورد و سەرکردەکانیانەوە، ئەوا ئەو پەیوەندییە ئاساییە، زۆربەی بزووتنەوەگەلی ناسیۆنالیست و ئیتنی، سەرکردەکانیان بە کەسی پیرۆز دادەنێن کە پشتیوانی لە کێشەکەیان دەکەن، یاخود بە کەسانی گەندەڵ و خۆفرۆشی کێشەکانیان دادەنێن. ئەوەی جێی سەرنجە لەو پرسیارەی مندا ئەوەیە، بۆچی کورد پێداگیرییان لە سەر عێراقێکی فیدراڵ کرد، لە بری ئەوەی بڕیاری جیابوونەوە بدەن؟ کە ئەمە خۆزگە و ئومێدێکە لە دڵی زۆربەی خەڵکەکەیدا. من بە کورتی هەوڵ دەدەم ئەوە ڕوون بکەمەوە، کە بۆچی ئەو بژاردەیەیان هەڵبژارد، لە کاتێکدا دڵی زۆربەی خەڵکەکەیان لەگەڵ سەربەخۆییدا بوو، ئەمە پرسیارێکە شایستەی ئەوەیە لە ئاستیدا بوەستین و وەڵامی بدەینەوە.

ئەوەی پەیوەندیی بە ڕێژەی کوشتارەوە هەبێت، لە سوودانداا، ئەوا مشتومڕێکی زۆر هەیە، ئەو مەزەندەیەی زۆر بڵاوە باس لە کوژرانی دوو ملیۆن کەس دەکات. ئەگەرچی من مەزەندەم بینیوە ئەو ڕێژەیە بە چوار ملیۆن کەس دادەنێت. کەواتە زۆر زەحمەتە ژمارەکە بە ڕاستی حسێب بکەیت، بەڵام ڕێژەکە هەر چییەک بێت، ئەوا بە شێوەیەکی بەرزە کە مایەی دڵتەنگی و ترس (Appallingly High). لە پەیوەند بە ناوچەکانی

جێ ناکۆکی، ئەوا من مەبەستم لەو ناوچەیە بوو کە ئێستا بە ڕەسمی بە ناوی باشووری سوودانەوە ناسراوە. دژوارییەکە لە ڕووی یاساییەوە ئەوەیە، ئەگەر تۆ گرێبەستێک بکەیت، کە باشـــوور گرێبەســـتێکی لەگەڵ باکووردا کرد بۆ جیابوونەوە، بـــەڵام هیـــچ گرێبەســـتێکی نەکـــرد بـــۆ بلونایڵ و باشـــووری کۆردوڤـــان، واتە کاتێک باشـــووری ســـوودان جیـــا بووەوە، ئەو ناوچەیە وەک بەشـــێک لە باکووری ســـوودان ددانی پێدا نـــرا، بەڵام ددان بە ئەبییدا نەنرا، لەبـــەر ئەوەی پرۆتۆکۆلێکی تایبـــەت بە ئەبیێ هاوپێچ کرا، کە باکـــوور نەیتوانی جێبەجێی بکات و نەیتوانی ڕێزی لێ بگرێت. کەواتە ســـەختییەک لەوەدا بەدی ناکرێت، کە باشـــووری کێشەی ئەبیێ بکەنە کێشەیەکی نێودەوڵەتـــی، هەڵبەت هێشـــتا ئەم کارەیان نەکـــردووە. ڕەنگە مشـــتومڕ هەبێت لەبارەی ئەوەی چۆن ئەم کێشەیە چارەسەر بکەن؟ کە ئایا دەست تێوەردانی سەربازی ستراتیژێکی ڕاست و دروســـتە و بەم شـــێوەیە؟ بەڵام ئاشکرایە گفتوگۆ لە نێوان باشوور و باکووردا لەبارەی ئەبییەوە ڕوو دەدات. تەنها دوێنێ بـــوو کە پەیگن ئامۆن، ئاماژەی بـــە هێڵەکانی ڕێککەوتنێک دا، کە بوارێکی ماقووڵ دەدەن بە باکوور بۆ دەست ڕاگەیشتن بە نەوت بە نرخێکی ماقووڵ بۆ یارمەتیدانی ڕژێمی خەرتووم، بەو مەرجەی ڕازی بن کە ئەبیێ ببێتە بەشێک لە باشوور. کەواتە پێم وایە هێشتا بواری مانۆر کردن ماوە (Room for Maneuver)، بەڵام ئەگەرێکی زۆر دوورە (Extremely Unlikely) کە ڕژێمی خەرتووم ئەمە قبووڵ بکات و بەشێکی دیکە بداتەوە باشوور، لەبەر ئەوەی بە هۆی جیابوونەوەی باشـــوورەوە، ئەم ڕژێمە دووچـــاری ســـووکایەتی و دۆڕان هات، ئێســـتاش دووچاری دژواری بووەتەوە بە هۆی کێشەی نەوتەوە. ئەگەر ئەم کارە بـــکات، ئەوا ڕژێمەکـــە بۆ ماوەیەکـــی دوور و درێژ بەردەوام نابێت. بـــە دڵنیاییەوە ئەو ئەگەرەش هەیـــە، کە دابەش بوونی

باکوور ببینین و ناکۆکی و دوژمنایەتیی زیاتر بەدی بکەین، بە تایبەتی ئەگەر هەوڵەکانی یەکلایی کردنەوەی کێشەی دارفوور سەرکەوتوو نەبن. ئەگەر من لە ناو حکوومەتی سوودانددا بم و بمەوێت پایەکانی دەوڵەتێکی نوێ بچەسپێنم، ئەوا ئەولەویەتی سەرکردایەتییەکە ئەوە دەبێت، ئەبێ بەدەست بهێننەوە، بەڵام بە شـێوەیەکی ئاشکرا و بە هیچ شێوەیەک وا دەرنەکەون کە هانی جیابوونەوەی بلونایڵ و باشووری کوردوڤان دەدەن.

مـن باسـی بڕیارەکانـی سـەرکردەکانم کـردووە، کـە لە ڕووی عەقڵانییـەوە بڕیارەکانیـان گونجانـدووە (Rational Adaptation)، بەڵام من نەمگوتووە کە سـەرکردەکان دەسـت بۆ هەستی ناسیۆنالیسـتی نابەن. ئەوان بڕیاری زۆر سەخت لە سـایەی گوشـارێکی زۆر گـەورەدا دەدەن، بـەڵام من پێم وایـە پێویسـتە مـەودای دوور لەگەڵ مـەودای نزیکدا تێکەڵ بکەیـن. هێزی مشـتومڕەکە لەوەدایە، بۆچی کورد دەبێت جیا بێتـەوە و بڕوات، بەڵام ئەم کارەیان نەکرد و جیا نەبوونەوە؟ پێم وایە ئەمە لوغزێکی جێی سـەرنجە، کە شایستەی ئەوەیە هەوڵی چارەسـەر کردنی بدرێت. ئایا لەبەر ئەوەی ناعەقڵانی بـوون، نەیانتوانی جیـا ببنەوە؟ نەخێر، من بەم شـێوەیە بیر ناکەمەوە. پرسیاری دووەم پەیوەستە بە چەشنی ڕژێمەکەوە. من بەشێکی ئەم پرسیارەم وەڵام داوەتەوە، من گوتم عێراق پتر دیموکراتییە، بـەڵام نابێت زیادەڕۆیی بکەین لە بە دیموکراتی بوونی ڕژێمی عێراقـدا. هەروەها من ئاگادارت دەکەمەوە، کە زۆربـەی کـورد پێیان وا نییە عەرەب گـۆڕاون، پێیان وا نییە عەرەب بوونەتە دیموکراسـی، پێیـان وا نییە ئەوان لیبراڵن و ڕێز لە مافەکانی مرۆڤ دەگرن. باوەڕیان وا نییە ئاڵوگۆڕێکی تـەواو لە بەغدا دروسـت بووە، بـەڵام ئـەوان ئومێدی ئەمە دەخوازن. ئەگەر کودەتایەک ڕوو بدات و کۆتایی بەم ڕواڵەتە دیموکراسـیانە بهێنێـت، ئەو کاتە دەبێت چـاوەڕێ بکەیت کە

کورد ڕاپرسی بکەن.
جیابوونەوەی باشووری سـوودان یەکەم جیابوونەوە بوو لـە ئەفریقادا، کـە پەیماننامەی یەکێتیی ئەفریقای شـکاند، کە کۆمەڵێـک وڵات ڕێککەوتن لە سـەر ئـەوەی ڕێ بە ڕوودانی دابەش بوون لە کیشوەرەکەیاندا نەدەن. ڕەنگە بڵێین ئەریتیریا پێشـینەیەکە کە پێشـتر هەبـووە، بەڵام پارێزەرانـی یەکێتیی ئەفریقـا و ئەریتیریا و ئەسـیوپیا گوتیان نەخێـر، ئەمە تەنها پرۆسەیەکی ئاسـایی هەڵوەشاندنەوەی کۆلۆنیالییە. ئەریتیریا کۆڵۆنێکـی ئیتالـی بـوو، لە سـاتەوەختی هەڵوەشـاندنەوەی کۆلۆنیالیـدا ڕێککەوتنێـک هەبوو بۆ پێکهێنانـی فیدراڵییەک لە نێوان ئەسیوپیا و ئەریتیریا. ئەسیوپیا ئەو ڕێککەوتنەی شکاند، ئەمـەش گەڕانەوەیـە بۆ دۆخی پێش کۆلۆنیالی. ڕاسـتە ئەمە هیچ مانایەکی نییە، بەڵام ئەوان بەم شـێوەیە مەسـەلەکە وێنا دەکەن، بەم شێوەیە پەردەپۆشی دەکەن، بەڵام ئەمە خانەدانانە بـوو، لەبەر ئەوەی یەکەم جیابوونەوە بوو بە هۆی گفتوگۆی ناوخۆییەوە ڕوو بدات، کە لە ڕێی پرۆسـەیەکی ڕاپرسـییەوە کـرا، ڕێککەوتنی لە سـەر کـرا بوو. ئەو وڵاتانـەی بە دیاری کـراوی دەبێـت نیگەران بن بریتین لـەو وڵاتانەی، کە دابەش بوونێکـی ئیسـلامی و غەیری ئیسـلامیانەیان هەیـە لە نێوان باکوور و باشـووردا. ئەمەش بە سەر پشـتێنەی ناوەڕاستی ئەفریقـادا جێبەجێ دەبێت. ئەگەرچـی هیچ یەکێک لەم وڵاتانە بە پرۆسەیەکی دیموکراتیزە کردنی ئەوەندە قووڵدا ناڕۆن، کە پێشـبینیی ئەوە بکەین ئەم جۆرە لە پرۆسـەی ڕاپرسی ڕوو بدات، بەڵام باشـووری سـوودان بەرهەڵستییەکی زۆری ئەو هێزە گەورانـەی ئەفریقای کرد، کە نەیاندەویسـت ئەمە ڕوو بدات. جا هەر چۆنێک بێت ڕێزیان لەوە گرت، کە ئەمە بڕیارێکی ناوخۆییـە بۆ جیابوونەوە، بەڵام پاشـخانە بێدەنگەکە ئەوەیە، ئەفریقا ڕەش پێسـتەکە پێشـوازیی لە وڵاتێکی نوێی ئەفریقیی

ڕەش پێســت کــرد، لەبەر ئــەوە ئەمە بە مانای ئــەوە دەهات، کــە وڵاتێکی ئەفریقیی ڕەش پێســت لە لایــەن عەرەبەکانەوە ســەرکوت ناکرێت، بەڵام هەمیشە ئەمە بە شێوەیەکی ئاشکرا و بە ڕادەیەکی گەورە گوزارشتی لێ نەکرا.

ئەوەی پەیوەندیی بە پرسیاری ڕۆڵی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە هەبێت، ئەوا کاتێک ئەم دەستەواژەیە دەبیستم، پێم وایە باسەکە پەیوەستە بە ئەمریکا و هاوپەیمانانییەوە. لەبەر ئەوە پێم وایە پرســیارەکەت پەیوەستە بە ڕۆڵی ئەمریکاوە. من باوەڕم وایە ئەمریکا عێراقێکی مەرکەزیی دەویســت، ئەوان لە ساڵی ٢٠٠٤ و ٢٠٠٥دا ئەمەیــان ویســت، بۆچی ئەمە هەڵوێســتی ئەمریکا بــوو؟ ئایــا لەبەر ئــەوەی کۆمارییەکانی ئەمریــکا دەوڵەتێکی تەواو بە مەرکەزی کراویان دەویست؟ یان بە تەواوەتی دژی فیدراڵیەت بوون؟ نەخێر، بەڵکوو لەبەر ئەوە بوو، بەرژەوەندییە بنەڕەتییەکانی ئەمریکا لە دوای ڕووخانی ڕژێمەکەی ســەدام ئەوە بوو، ڕژێمێکی بەهێزیان لە بەغدا هەبێت، بۆ ئەوەی ببێتە پارســەنگێک بۆ ئێران. ترســیان لەوەش هەبــوو کە عێراقێکی نامەرکەزی دەبێتە هۆی ڕەخســاندنی دەرفەتگەلێک بۆ ئێران. کەواتە ئەمریکا لەگەڵ ئەوەدا بوو عێراقێکی بە مەرکەزی کراو هەبێــت، بەڵام نەیانتوانــی ڕێگری لە عەرەبی شــیعە و کورد بکــەن گفتوگۆ لەبــارەی عێراقێکی نامەرکــەزی و فیدراڵییەوە بکــەن. ئــەم عێراقەش لە ڕێــی پرۆســەیەکی دەنگدانەوە پێک بهێنن، کە ســێ لە ســەر چواری دەنگدەرانی عێراق پەسندیان کرد. بەڵێ دەتوانیت پرســیار لەبارەی ئــەوەوە بکەیت، ئایا تا چ ڕادەیــەک ئەوان ئاگایان لە ناوەڕۆکی ئەو دەســتوورە بوو کە پەســند دەکرا؟ هەڵبــەت گومان لەوەدا نییە پرۆســەیەکی ڕاستەقینە لە ئارادا بوو، ئەمریکا ئەو ڕاستییەی هێنایە ئاراوە، کــە ڕژێمێکی نوێ بێتە دامەزراندن، بەڵام خەســڵەتەکانی ئەو ڕژێمــەی نەســەپاند. لە پەیوەنــد بە ســوودانەوە، ئەوا کەمتر


دەست تێوەردانی ڕاستەوخۆی کرد، سیناتۆر جانۆن فوورس و دیپلۆماتکارانــی دیکــەی ئەمریکی ڕۆڵیان هەبــوو لە هێنانە ئارای ڕێککەوتنی گشــتگیری ئاشتی لە ســاڵی ٢٠٠٥دا، بەڵام بــە هەمان شــێوە، زۆر لــە وڵاتانی ئەفریقیی دراوســێش، کە گەلاڵەیەکــی زۆر داهێنەرانەیان هێنایە ئــاراوە، چۆن باکوور کارێــک بــکات کــە یەکبــوون بژاردەیەکــی ســەرنج ڕاکێش بێــت. بەرنامەیەکی دەســتووری بۆ ئەمە هەبــوو. لە کۆتاییدا ڕاپرســییەک لەبــارەی جیابوونــەوەوە دەکرا، پێشــبینییەکی بەربڵاویــش هەبــوو (Widespread Expectation) کــە جــۆن گەرەنــگ و ئەوانی دیکە، کە بەشــێک بوون لــە ڕێککەوتنەکە، کارێــک دەکەن یەکێتــی بژاردەیەکی ســەرنج ڕاکێش بێت بۆ ئەوەی لە کۆتاییدا پرسی جیابوونەوە سەر هەڵنەدات.

ئایا لە ڕێڕەوی بەرفراوانی بەهاری عەرەب و قەیرانی دارایی جیهاندا، پێشــبینیی ئەوە دەکرێت، باشوور پێشێلکاریی زیاتر بەرانبــەر بە خەرتووم بکات، کە مــەرج نییە ببێتە هۆی زیاتر دابەش بوونی ناوخۆیی باکوور، ئایا خەرتووم لەم پێشێلکارییە پارێــزراوە؟ لەبــەر ئەوەی لە لایــەن چینەوە، پشــتیوانییەکی تەواوی ئابووری و سیاســی دەکرێت، چەک و تەقەمەنیشــی لــە لایەن ڕووســیاوە پێ دەدرێت؟ ئەویش بــە ڕەچاو کردنی ئەوەی کێڵگەکانی نەوتی باشــوور زۆر لە سنوورەوە نزیکن؟ لە پەیوەند بە عێراقەوە، ئەگەر بارودۆخەکە بە ڕاســتی خراپ بێــت، ئەوا لەبەر ئەوەی کورد لە ســایەی هیچ هەلومەرجێکدا ئەو پشتیوانییەی چین و ڕووسیایان نییە، ئەوا لە کوردستاندا ڕاپرســی بۆ ســەربەخۆ بوون ناکرێــت، لەبەر ئــەوەی ئەمە ئەگەری کوشت و کوشتاری لێ دەکەوێتەوە؟

ئەمانە پرســیارگەلێکی سەرنج ڕاکێشن، پێم وایە مەسەلەکە لەوە دەرچووە کە خەرتووم سەلامەت دەبێت. ئەوان بەشێکی وڵاتەکەیان لەدەســت داوە و تەواوی نەوتــی وڵاتەکەیان، کە

زیاتر لە سەدا ٩٠ی داهاتی حکوومەتەکەیان پێک دەهێنێت، خستە مەترسییەوە. دانیشتووانی شاری خەرتووم ڕووبەڕووی نرخی بەرز و گرانی بوونەتەوە، کە لە ڕابردوودا هەستیان بە بارگرانیی تەواوی ناکۆکییەکە نەکرد بوو، لەبەر ئەوەی کاریگەریی نەکرد بووە سەر نەوت، بەڵام خەڵکی باکوور هەست بە کاریگەریی گۆڕانی ڕژێمەکە دەکەن، کە بریتییە لە جیابوونەوەی باشوور. لەبەر ئەوە ئەگەر من ئەندامی بژاردەکەی خەرتووم بوومایە، ئەوا ئەوەندە دڵنیا نەدەبووم. چینییەکان لە ڕادەبەدەر کەسانی پراگماتین. من بەرپرسێکی چینیم بینی، لێی پرسیم: ڕات چییە لەبارەی سیاسەتی چینەوە لە ئاست سوودانیدا؟ منیش گوتم: ئێوە دەقاودەق کارێکتان نەکردووە کە بە لای ڕۆژئاواوە سەرنج ڕاکێش بێت، لە ڕووی بایەخدان بە مافەکانی مرۆڤەوە و سیاسەتەکەتان بە تەواوەتی لە سەر بایەخدان بە نەوت داڕێژراوە. ئەو سەری ڕاوەشاند و پێی گوتم: ئەوە وەسف کردنێکی وردە. هەروەها پێم گوت پێم وایە ئێوە پەیوەندیی دیپلۆماسیی باش لەگەڵ حکوومەتی باشووری سوودانیدا دروست دەکەن. وەڵامەکەی ئەوە بوو کە ئەوە نیازی ئێمەیە. کەواتە ئەوان هەڵوێستیان دەگۆڕن و ئەوان بایەخێکی قووڵ، بە چەشنی بایەخی حکوومەتەکانی ڕۆژئاوا، بە پێوەر نادەن، ئەوان پتر لە خەمی دابین کردنی وزەدان. ئەوان نابنە هۆی خێراتر کردنی هەرەس هێنانی ڕژێمی خەرتووم، ئەمە ئەگەر وا دەربکەوێت کە بەرەو هەرەس هێنان دەچێت. لەبەر ئەوە دەبێت چاوەڕێ بکەین و ببینین، من ناتوانم پێشبینیی چارەنووسی ڕژێمی خەرتووم بکەم، بەڵام ئەمە لە ئەگەرەکان بەدەر نییە. کاتێکیش ئەمریکا لە عێراق کشایەوە، پرسیارە جێ سەرنجەکە ئەوە بوو: چی ڕوو دەدات؟ ئایا وەک پێویست هاوسەنگییەکی ناوخۆیی هێز هەیە لە عێراقدا (Sufficient Internal Balance of Power) کە ڕێگری لەوە بکات

دیکتاتۆریکی تاکە کەس سەر هەڵبدات؟ یان دیکتاتۆرێک کە ڕیشەی لە نێو یەکێک لە سێ پێکهاتەکەدا بێت، من پێم وا نییە ئەمە هەبێت. ئەگەر هیچ ئاڵوگۆڕێکی یەکلاییکەرەوە نەبێت لە هاوپەیمانییەکاندا، کە ناتوانم لەم کاتەدا ئەمە یەکلایی بکەمەوە، ئەوا لە عێراقی عەرەبیدا ڕووداوی خوێناوی درێژە دەکێشێت، بەڵام گۆڕانێکی خێرای ڕژێمەکە نابینین. سەرنج ڕاکێشترین پرسیار ئەوەیە، ئایا ئاکامی دوورمەودای ئەگەری هەرەس هێنانی ڕژێمی بەعس لە سووریا، یان ڕووخانی ڕژێم لە ئێراندا، لە سەر عێراق چی دەبێت؟ پێم وایە ئەمانە زیاتر ئەگەری ڕوودانیان هەیە، نەک هەندێ لەو سیناریۆ تاریکانەی هەندێ کەس هەیانە لەبارەی عێراقەوە.



# ڕێچکەی ڕۆشنگەری
# چۆن سوود لە کات وەردەگرین؟

دالای لاما

رۆژانـــی ٢٢- ٢٤ی ئـــاداری ٢٠١٣، رێـــزدار چواردەمین (دالای "لاما")ی "تیبیت" لە نیودەلهی پایتەختی هیندســـتاندا، موحازەرەیەکی ســـێ رۆژیی بە ناونیشانی (چرای رێچکەی رۆشنگەریی ئەتیشا)، لەگەڵ (ئەزموونەکانی جێ چۆنگ کاپا) پێشکەش کرد. ئەمەی دادێ لینکی موحازەرەکەیە لە ماڵپەڕی تایبەتی رێزدار (دالای "لاما") وەرمانگرتووە:

276-the-path-to-enlightenmentdalailama.com/ webcats/ posth

ئامانـــج لـــە وەرگێڕانـــی ئـــەم موحازەرەیـــەی دالای لامـــا ئەوەیە، چۆن بایەخ بەو هەستانەوە و رۆشنگەرییە دەدرێت، کە لە ســـەدەی (٢١)دا لە ئاســـیاوە دەســـت پێ دەکات؟ ئەم هەســـتانەوەیەش بە ئاستێکە، زۆر کەس کە بە رەشبینییەوە ســـەیری داهاتـــووی رۆژئـــاوا دەکەن، بەو جـــۆرە مەزندەی دەکەن، کە هەستانەوەی ئاسیا بە تایبەتی چین و هیندستان، کۆتایی بە هەژموونی دەوڵەتانی رۆژئاوا دەهێنێت و هێز بۆ

ئاسیا دەگوازرێتەوە. ئەوانەشی زۆر بە گەشبینییەوە سەیری ئاییندەی ڕۆژئاوا دەکەن، دیسان جەخت لە سەر ئەوە دەکەن، لە سەدەی (٢١)دا حوکمڕانیی جیهان گۆڕانکاریی گەورە بە خۆیەوە دەبینێت، سیستەمی لیبرال دیموکرات بە تەنیا حوکمڕانیی جیهانی پێ بەڕێوە ناچێت، بۆیە دەبێت حوکمڕانییەکی زیرەک بێتە ئاراوە، کە تێکەڵەیەکی مۆدێلی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات بێت. لەم چوارچێوەیەشدا کە ڕۆشنگەریی ئاسیا بەڕێوە بێت، ئەوا دەبێت جیهان بایەخێکی زۆر بە کەلتوور و ئایین و مێژووی ئاسیا بدات. بێگومان دیارە ئایین ڕۆڵێکی گەورەی هەیە، بۆیە لەم ڕوانگەیەوە بە پێویستمان زانی ئەم موحازەرەیەی دالای لاما بکەین بە کوردی. ئەمەش دەقی موحازەرەکەیە.

ئێوارەتـــان بـــاش، تـــۆ دەناســـم، زۆربەتـــان دەناســـمەوە، خوازیارم ئەوە بزانم لە نێـو ئامادەبوواندا کامەتان یەکەمین جارتانە بۆ ئێرە بێن؟ هەر کەسێک یەکەم جاریەتی با دەستی بەرز بکاتەوە. ئێستاش پرسیارم لەو کەسانە هەیە، کە پێشتر لەگەڵماندا بەشداربییان کردووە، ئێوە هەست بە گۆڕینی روخسارم دەکەن؟ نەگۆڕاوە؟ لە راستیدا پار لە مانگی شوباتدا نەشتەرگەرییەکم بۆ چاوی راستەم کرد. پاش ئەوە لە مانگی تەممووزی هەمان ساڵدا نەشتەرگەریم بۆ چاوی چەپیشم کرد. ئێستا ئاستی دیتنم روون و رۆشن بووەتەوە، ئەوەتا چەند تاڵە موویەک بە سەر تەپڵی سەری ئەو پیاوە کەچەڵەوە دەبینم. ساڵێک تێپەڕیوە و هەمیشە کاتیش بە خێرایی تێدەپەڕێت. بە بەردەوامی تێدەپەڕێت، هیچ هێزێک نییە توانای هەبێت لە بەردەمی کاتدا رێگر بێت. ئەوە شتێکی سروشتییە، ئیدی بۆیە پێویستە ئێمەش پێ بە پێ لەگەڵی رێ بکەین؛ پێویستە لەگەڵ کاتدا هەنگاو بنێین، بەڵام شتێک هەیە

کــە بەردەوام بە خەڵکی دەڵێمەوە، ئەویش بەکار هێنانی کاتە بە شێوازێکی دروست. با کات مەبەستدار بێت، بە شێوازێکی ژییرانــە کات بەکار بهێنن، چونکە بە پێچەوانەوە دەبینە هۆی بــە فیڕۆدانی کات، یــان هەندێک جار کات بۆ کاری بەدکاری بەکار دەهێندرێت.

ئێستا ئامانجی ئەم گردبوونەوەیەمان بۆ ئەوەیە، تا بزانین بە چ شــێوەیەکی دروســت (کات) بەکار بهێنین؟ بە ڕای من پێویســتە ســوود لە خولەک بە خولەکی ســاتەکانی ژیانمان وەربگریــن، کاژێر بــە کاژێر، ڕۆژ بە ڕۆژ، هەفتە بە هەفتە تا دەگاتە ئەوەی مانگ بە مانگ و ساڵ بە ساڵ و دەیە بە دەیە، ســوود لــە کات وەربگرین، بەو شــێوەیە ســاڵانی تەمەنمان دەبێتە ژیانێکی مەبەستدار.

ئەگــەر مــرۆڤ باوەڕی بە ژیانی پاش مــەرگ هەبێت یا نا، تەنانــەت ئەگەر ئەو شــتەیان قبــووڵ بێت یا قبــووڵ نەبێت، ئەو شــتە بایەخێکی ئەوتۆی نییــە، چونکە گرنگە ئەم ژیانەی ئێستامان بە شــێوازێکی مەبەستدار بەسەر بەرین. مەبەستم لە مەبەســتدار، بەکارهێنانی کاتە بۆ شــتێک کــە لە ئەنجامدا مــرۆڤ لە ناخی خۆیەوە هەســت بە قەناعەتێکی راســتەقینە بکات، بەڵام بەکار هێنانی کات بۆ زیان گەیاندن و ساختەکاری و زاڵ بــوون بەســەر خەڵکی دیکــەدا، لەوانەیە ئەو مرۆڤە لە مەودایەکی کورتدا تا رادەیەک هەست بە جۆرێک لە قەناعەت بــکات و لــە خۆی رازی بێــت، بەڵام لــە مەودایەکی دووردا، تەنانەت خۆشــی هەســت بە جۆرە گومانێک دەکات. مرۆڤی بێ باوەڕیش کە ســاختەکاری لە خەڵــک دەکات، درۆی زۆر دەفرۆشــێ، بە ســەر خەڵکەوە زۆردارە و بــۆ بەرژەوەندیی خۆی خەڵکانی تر بەکار دەهێنێت، تەنانەت ئەگەر ئەو کەســە هیچ باوەڕێکی بە خودا و ئەو جۆرە شــتانەش نەبێت، کەچی سەرەڕای ئەوە دەبینین، ئەو کەسە دەبێتە مرۆڤێک و دەگاتە

ساتەوەختێک کە تێیدا هەست بە نائارامی بکات. لەبەر ئەوەیە بۆ مرۆڤ گرنگە لە ژیانیدا شتێک بکات، کە بە هۆیەوە لە ناخیدا هەست بە رازی بوونی راستەقینە بکات. هەمووتان هەوڵ بدەن کاتی خۆتان بەکار بهێنن بۆ بەجێ گەیاندنی ئەو جۆرە چالاکیانەی، کە لە ناخەوە هەستی قەناعەت و رازی بوونتان پێ ببەخشێت. ئەوەیە واتای ژیانی مەبەستدار. پارە قەناعەتی راستەقینە بە مرۆڤ نابەخشێت، چونکە ئەگەر تەنیا بیر لە پارە بکەینەوە، ئەوە بە هۆی پارەوە چاوبرسێتی روو لە هەڵکشان دەکات، لە ئاکامیشدا مرۆڤ هەرگیز ناگاتە قەناعەت. مرۆڤ بەردەوام داوای زیاتر و زیاتر دەکات، بەزەیی لە رەفتار و ئاخاوتنی مرۆڤدا، باوەڕ بە خۆ بوونێکی درێژخایەن و بەردەوامی پێ دەبەخشێت. هەر بۆیە من وەکوو پەرستارێک پێش ئەوەی راوێژ بە ئێوە بکەم، پێویستە لە خۆمەوە دەست پێ بکەم و بزانم چۆن کات بەکار بهێنم. من تەمەنم ٧٨ ساڵە و بانگهێشت کراوم بۆ (کۆمبە مێلا: kumbh mela). (کۆمبە مێلا: kumbh mela) حەجێکی هیندۆسییە لە ماوەی ١٢ ساڵدا ٤ جار دەکرێت.

پێشتر جاران لەوێ بەشدار بووم، ئەم جارە بەشدار بوونم دەبێتە چوارەمین جار، هەر بۆیە بڕیاری خۆم دا و گوتم: هەر دەبێ بڕۆم، ئەو دەمە من لە "لاسا" بووم، بۆیە بڕیار وا بوو بە فڕۆکەیەک لە "لاسا"وە بۆ بەشداری کردن لە (کۆمبە مێلا) گەشت بکەین، بەڵام کەش و هەوا ئەوەندە نالەبار بوو، گەشتەکەم کەوت بووە ژێر دەسەڵاتی خوداوە، بە رادەیەک ١٠ رۆژێک گەشتەکەمان دواخرا. ئەو کاتەی وادەیەکیش بۆ گەشتەکەمان دەست نیشان کرا، دیسانەوە بۆ جاری دووەم کەش و هەوا تێک چووەوە، تەنانەت لە رۆژانی نێوان ئەو دوو بەروارەشدا، لە کاتێکدا ویستمان گەشت بکەین، دیسانەوە رێک لە رۆژانی دەست نیشان کراودا کەش و هەوا تێک

چـوو. خودا ڕێی نەدا ئـەم جارە لە (کۆمبە مێلا)دا بەشـدار بـم. من دڵگران بووم، گوتـم: ئەگەر ئەم جارە ڕێک نەکەوێت بەشداریی لە (کۆمبە مێلا)دا بکەم، ئەوا دەبێت ١٢ ساڵی دیکە چـاوەڕوان بم، ئەو کات تەمەنم دەبێتە ٩٠ سـاڵ، ڕەنگە ئەو کاتەش پێم نەکرێ بە ڕێدا بڕۆم. ئەمە هەسـتێکی خەمۆکی و دڵگرانیی لە لام دروست کرد، زۆر بێزار بووم و پێم ناخۆش بوو، چونکە پێشتر لە هەموو حەجێکی (کۆمبە مێلا) سەردانی ئێرەم کردووە، بەڵام تازە شـتەکە ڕۆیی و گرنگ نییە، گرنگ ئەوەیە مرۆڤ لە ناخیدا هەسـت بـە ئارامی بکات و ژیانێکی مەبەستداری هەبێت.

**ئەمە بابەتی دانیشتنەکەمانە: ئامانجی سەرەکی (چۆنیەتـی بـە ئـاکام گەیاندنـی شـتێکی مەبەسـتدارە لە ژیانماندا)**

زۆر جـار لە سـەرەتای وانەکانمدا پێشـەکییەک لە سـەر (بـوودا دارمـا: Buddha Dharma) پێشـکەش دەکەم، پاشـان دەچمە سەر باسی چۆنیەتی پراکتیک کردنی «بوودا دارما». بۆیە وانەکەمان لە سەر دوو قۆناغ دەبێت.

سـەرەتا بـا پێشـەکییەکە بـاس بکەم، با لە سـەر ئاسـتی مرۆڤەکان بیر بکەینەوە؛ ئێمە مرۆڤین، شـتێک هەیە بەرانبەر بـە هەسـتەکانە، لـە ڕووی هەسـتی ئاسـوودەیی و ئازار و سـۆزدارییەوە، هەمووومان خاوەن ئەزموونین. مشـتومڕێکی زۆریـش هەیە لەوەی گیاش هەسـتی هەیە. بـە پێی باوەڕی ئاییینی دێرینی هیندۆس، دەڵێن ڕووەک هەستی هەیە، تەنانەت لە (بوودیزم)یشـدا دەڵێین: ڕاستە ڕووەک ژیانی هەیە، بەڵام جووڵانـەوە و کاردانـەوەی ڕووەک هەسـت و هـزری نییە و بـۆ هـۆکاری کیمیایـی دەگەڕێتەوە. بۆیە جگە لەو شـێوە ژیانە، سـەرجەم تەرزە ژیانێکی دیکەی زیندەوەران بەرانبەر بە ئازار و ئاسـوودەیی هەسـتیان هەیە. ئێمەش یەکێکین لەو

ژیانە هەستدارانە، ئەمەش پەیوەندیی بە مێشکەوەیە. ئێمەی مرۆڤ خاوەنی مێشکین، جگە لە مرۆڤ هەموو ئاژەڵ و مێرووەکانیش دەگرێتەوە، گەرچی ئەوان هێزی بیرکردنەوەیان نییە، بەڵام ئەوانیش ئەزموونیان لەبارەی هەستی ئاسوودەیی و خەمۆکی و سۆزدارییەوە هەیە. مەبەستم ژیرییە، ئێمەی مرۆڤ خاوەن مێشک و بیرکردنەوەین، هەستی ئاسوودەیی و خەمۆکیمان بەرانبەر بە رووداوەکان هەیە، خاوەن توانای گەورەترین بۆ گەیشتن بە ئاسوودەیی و زیاد کردنی هەستی دڵخۆشی و کەم کردنەوەی خەمۆکی و دڵگرانی. زۆر جار ئەم هزر و هۆشدارییەی مرۆڤ دەبێتە سەرچاوە بۆ کێشە و گرفت، رەنگە زۆر جار کێشە و گرفت فیزیکی بێت، بۆ نموونە نەخۆشی. ئێمە زۆر بیر دەکەینەوە و زۆریش نیگەران دەبین. زۆر جار رەنگە خەڵکی رۆشنبیر زیاتر لە خەڵکی ئاسایی هەست بە نیگەرانی و خەمۆکی بکەن. بیرکردنەوە لە پێشهات و پێشبینی لە لای مرۆڤ زیاترە، تەنانەت ئومێد و مەترسییەکانیان زیاترە. هاوکات توانای بیرکردنەوەمان (Memor ) و نووسین و ئاخاوتنمان زۆر بەهێزە. هەر ئەمەشە وای کردووە توانا و هێزمان بۆ نەوەکانی داهاتوو، چەندین سەدەی داهاتوو تێپەڕێت. نیگەرانی و تووڕەیی و رق و کینە و ئومێد، چەندین هەست کە لە ئێمەدا سەر هەڵدەدەن، شتێکی لۆژیکییە مرۆڤ هۆشیاری بەکار بهێنێت، بەو مەرجەی ببێتە سەرچاوەی ئاسوودەیی و سەرکەوتن نەک بۆ نیگەرانی و خەمۆکی و ستریس. لە رۆژی لەدایک بوونمانەوە، لە سەر بنەمای سۆزداری بەخێو دەکرێین. هەر بۆیە هەستی سۆزی مرۆیی لە ناخماندا چەسپاوە، ئەو سۆزەی کە سەرچاوەیە بۆ ئاسوودەیی و ئارامی و متمانە بەخۆ بوون، تەنانەت یاریدەدەرە بۆ گەشەپێدانی مرۆڤ بە شێوەیەکی دروست و تەندروست لە سەر ئاستی هزر و جەستەدا. بەم شێوەیە

دڵخۆشیی راســتەقینە لە سۆزەوە ســەرچاوە دەگرێت، نەک لــە پــارە و دەســەڵات و خوێنــدەواری و مەعریفــەوە. بــۆ ئــەوەی بزانین بەهــای گرنگی بوونمان چەندە؟ پێویســتمان بە پەرەپێدانی هۆشــداریمان هەیە، هەروەهــا ئەزموونەکانی ژیانمان شــی بکەینەوە، شــیکاری بۆ دڵخۆشــی و خەمۆکی لــە نێوان هــاورێ و دۆســتەکانمان بکەیــن. دوای ئەوەی لە ناخماندا هۆشــداری پەرە پێ دەدەین، ئەو کات بە روونی لە شتەکان دەگەین، سەرنجیان لێ دەدەین، هەست بە ئارامی و سەقامگیریش دەکەین. لێرەشدا باس لەو سێ خاڵە دەکەم کە بە بەردەوامی و هەمیشە بۆ خەڵکیی باسی دەکەم:

یەکــەم: ئەزموونی هاوبــەش کە هەموومان لــە دایکێکەوە لەدایک بووین؛ پاش تێپەڕ بوونی چەند ساڵێک بە سەر تەمەنی لەدایــک بوونــی ئەو منداڵانەی کە ســۆز و خۆشەویســتیان پێ بەخشــراوە، بە شــیری دایک و لە ناو باوەشــی بە نازی دایکدا گەشەیان کردووە، لە ناخیانەوە لە مرۆڤەکانی تر زۆر دڵخۆشــتر دەبن. لەدایک بوون و ســۆزی دایکایەتی لە نێوان هەموو مرۆڤەکاندا هەستێکی هاوبەشە. دایکم زۆر منی خۆش دەویســت، بە هۆی ئەو خۆشەویســتییەوە کەســێکی بوێرم لێ دەرچوو. کاتێک دایکم منی لە ســەر شــانی خۆی دادەنا، هــەردوو گوێچکەکانــی دایکمــم دەگــرت. ئەگەر بمویســتایە بەرەو ئاراستەی راست بڕۆین، گوێچکەی راستیم رادەکێشا، بــۆ لای چەپیش گوێچکــەی چەپیم رادەکێشــا. جووڵانەوەی دایکم لە ژێر کۆنترۆڵی دەستی مندا بوو. مەبەستم بێ ڕێزی نییــە، بەڵکوو ڕێزی زۆرم بــۆی هەبوو. بە هەر حاڵ، ئەوەیە ئەزموونی هاوبەش.

دووەم: بریتییــە لــە هزری گشــتی، هەموومان دۆســت و هاوڕێمان هەیە، لەوانەیە بەشــێک لە هاوڕێکانمان دەوڵەمەند و کەسانی باڵادەست بن، بەڵام گرنگە پەیوەندییەکە دۆستانە

بێت، وەکوو ئەندامانی خێزانێک مامەڵە لەگەڵ یەکدا بکەین، بە بێ فیز و بە دڵسـۆزی و راستگۆییەوە. نابێت وەک نامۆیەک تەماشـای خەڵکانی تر بکەین، هەموومان مرۆڤین، پێویسـتە بەو چاوەوە تەماشـای یەکتر بکەیـن، تەنانەت ئەگەر خاوەن پۆسـت و دەسـەڵاتیش بین. پار لە چین چاوم بە گرووپێکی هاووڵاتیانی چین کەوت، پێنج کەسیان خوێندەوار و نووسەر و خاوەن بڕوانامە بوون، بەڵام یەکێک لەو گرووپەدا کەسێکی هـەژار و کەم دەرامەت بوو، جووتیارێکی بەسـاڵاچوو بوو، جـل و بەرگ و پێڵاوەکانـی کۆن بوون. بە هەر حاڵ، پێکەوە دانیشـتین و گفتوگۆم لەگەڵ رۆشنبیر و نووسەرەکاندا کرد. لە هەمان کاتدا لەگەڵ جووتیارەکەشدا قسەم کرد. هەموویان چینی بوون، بەڵام گرووپە خوێندەوارەکە، کە گوایە لە ژیاندا پێشکەوتوون، هەستم پێ کردن کە بە چاوێکی کەمەوە سەیری جووتیارەکەیـان دەکرد. لە ناخەوە هەسـتم بە دڵگرانی کرد، بۆیە پشتم تێ کردن و بایەخێکی زۆرترم بە جووتیارەکە دا. لەبـارەی ژیان و بارودۆخی گوندەکەیانم پرسـی، پێی گوتم ئەوان لە گوند دەژین، بارودۆخیان سەختە و کەم دەرامەتن، کـەس چاوی لێیان نییە، بەرپرسـەکان بایەخیان پێ نادەن و هیچ شوێنێک شک نابەن سکاڵای بۆ بەرز بکەنەوە..

هەمـوو بەرپرسـان کەوتوونەتە دوای پارە و دەسـەڵات، ئەم جۆرە کۆمەڵگایانەی کە تێیدا هەسـتی مرۆیی نییە، وەک مـرۆڤ سـەیری هەمـووان ناکرێت، هەسـتی راسـتگۆیی و راشکاوی تێیدا لاوازن، ئەم جۆرە کۆمەڵگایانە ئاشتەواییەکی راسـتەقینە بـە خۆیانەوە نابینـن. لە تافی لاوێتیـدا چاوم بە ژمارەیـەک کرێـکار کـەوت، کـە هەموویـان نەخوێنـدەوار بـوون، بـەڵام گلەیی و گازندەیـان لە بەشـێکی "لاما"کان یا کاربەدەسـتان هەبوو، بە بـێ دوودڵی را و بۆچوونی خۆیان دەردەبـڕی. هەمـان ئەو پرسـیارەم کە لـە کرێکارەکە کرد،

ئاراستەی ژمارەیەک لە کاربەدەستانم کردەوە. هەندێک جار وەڵامیـان نەدەدامـەوە و بێدەنگ دەبـوون، هەندێک جاریش دەیانگـوت: باشـە بـاش. لەبەر ئـەوە خەڵکی ئاسـایی زیاتر ڕاستگۆ و ڕاشکاون. لە ڕاستگۆییدا متمانە دروست دەبێت و بناغە بۆ هاوڕێیەتییەکی ڕاستەقینە دادەنێت. ڕەنگە خەڵکانێک لـە ژیانیاندا سـەرکەوتوو بـن، بەڵام خۆیان لـە خەڵکانی تر دوور دەخەنـەوە. دوورەپەرێزی لـە خەڵکی دی، پێچەوانەی سروشـتی مرۆڤە، ڕاستگۆیی و ڕاشـکاویش سەرچاوەن بۆ دروست بوونی متمانە. متمانەش سەرچاوەیە بۆ هاوڕێیەتیی ڕاسـتەقینە، هاوڕێیەتیش لایەنێکی زۆر گرنگە و کۆڵەگەیەکی سەرەکییە لە سروشتی مرۆڤایەتی. پێویستە هزری گشتی بە شێوەیەکی دروست بەکار بهێنین، تا لە ناخەوە بە هەقیقەت و ڕاستگۆیی بگەین. لە ئەنجامیشدا لە ڕەفتارەکانماندا مرۆڤی بە بەزەیی بین. هەر کاتێک دڵ و مێشکمان پاک بێت و بایەخ بە خەڵکی دیکە بدەین و خۆپەرسـت نەبین، لەو کاتەدا دەتوانین ڕاسـتگۆیانە و ڕاشـکاوانە ڕەفتار بکەین، تەنانەت شەفافیش بیـن، بەڵام ئەوەی تەنیا بیر لـە بەرژەوەندیی خۆی بکاتەوە، هەوڵ دەدات خەڵکی دیکە لە گرێژنەوە دەرکێشێت.

پێویسـتە ئـەم لایەنانە شـی بکەینەوە تـا بگەینە قەناعەت و هەسـتی بەزەیی، بایەخدان بـە مرۆڤەکانی دیکەش بخەینە پیشـمان تـا ئارامیی نـاخ و متمانـە بەخۆ بوون وەدەسـت بهێنیـن. لـە ئاکامدا بـە شـێوەیەکی شـەفاف بجووڵێینەوە. ئەمەیە سـەرچاوەی متمانە و هاوڕێیەتی و دروسـت بوونی کۆمەڵگەیەکی بەختەوەر.

گرنگ نییە تاکەکانی کۆمەڵگە خاوەن باوەڕ بن یان بێباوەڕ، سی ساڵ دەبێت بەردەوام گفتوگۆم لەگەڵ زاناکاندا کردووە. ئەمڕۆ ئەوانیش گەیشتوونەتە هەمان ئاکام. لە ڕێی ئەنجامدانی تاقی کردنەوە و تێسـتی پزیشکی و زانستییەوە، جەختیان لە

ســەر راســتییەکان کردووەتەوە. دڵی مرۆڤ سەرچاوەیە بۆ لەش ســاخی و ئارامی. ئێمە هەموومــان خوازیاری ژیانێکی ئاســوودەین، ئەوەش لە ناخی خۆمانەوە سەرچاوە دەگرێت، نەک بە سامان یا دەسەڵات یا ناوبانگ دەرکردن، بەڵکوو دڵ ســەرچاوەی راستەقینەیە. کەس ناتوانێت دڵ کۆنترۆڵ بکات، کەواتە ناخی هەر کەسێک سەرچاوەی سەرەکییە بۆ گەیشتن بــە ژیانێکــی بەختەوەر و ســەرکەوتوو، ئەمــەش لە هەموو شتێکی دیکە گرنگترە. هیندستان بە درێژایی سێ هەزار ساڵی رابردوو، خــاوەن کەلەپوورێکی عەلمانــی و ئیتیکی عەلمانی بووە، تەنانەت بە بێ لەبەر چاو گرتنی هەر باوەڕێکی ئایینی، یا ئەگەر کەســانێک هەبن خوانەناســیش بن، تەنانەت ئەگەر باوەڕیــان بە خودا و ئایینیش نەبێت. ســەرکەوتنی ئەم وڵاتە لەوەدایە کە باوەڕیان بە کەلەپوور و ئیتیکی عەلمانی هەبووە. بــە ڕای من ئەوە گەنجینەیەکی زۆر بەهادارە بۆ هیندســتان. لەبــەر ئــەوە، ئەگــەر بێتوو ڕێز لــە هەموو ئایینانــی جیاواز بگریــن، هــاوکات ڕێــز لە بێباوەڕانیــش بگرین، لــە ئەنجامدا دەگەینە هاوسەنگی و زیان بە کەسیش ناگەیەنین. ڕێز نواندن بەرانبەر بە خەڵکی دیکە، سەرچاوەیە بۆ پێکەوە ژیانی ئایینی. پێویستە بەردەوام هەمبەر بە ژیان و مافی خەڵکانی بەرانبەر ڕێــز بنوێنین. نابێــت هەوڵ بدەیــن زیانیان پــێ بگەیەنین یا کۆنترۆڵیــان بکەین، تەنانەت ئەگەر خۆشــتان لەگەڵ باوەڕ و ڕا و بۆچوونەکانی خەڵکــی بەرانبەر هاوڕاش نەبوون، بەڵام ئەوانیــش وەک ئێوە مرۆڤن، مافیان هەیە گوزارشــت لە را و بۆچوونەکانیان بکەن. ئەمەیە بناغەی پێکەوە گونجانی ئایینی لــە نێو مرۆڤەکانــدا. ئەمەش بــۆ نەریتی دێرینی هیندســتان دەگەڕێتــەوە، تا ئەمــڕۆش لە ژیانی رۆژانەیاندا تا ئاســتێکی بــەرز پیــادەی دەکەن. تکام لەو کەســانە هەیە کــە دەرفەتی ئاڵوگــۆڕی را و بۆچوونیــان بۆ رەخســاوە، لەگەڵ خەڵکانی

دیکە باســی ئــەم نەریتە دێرینەیان بۆ بکــەن. لە وتارەکانمدا بەردەوام ئاماژەم بە نەریتە دێرینەکانی هیندســتان کردووە، خــۆم بــە پەیامنێرێکی ئــەو نەریتانە دەژمێــرم. هەر جارێک چاوم بە پیاوانی ئایینی یا رابەرانی ئایینیی هیندســتان کەوت بێت، هەمیشــە پێم گوتــوون: ئێوە مامۆســتای منن، خۆم بە پەیامبەرێکی نەریتەکانتان دەزانم. کەســی پەیامبەر ئەرکێکی لە سەر شانە بۆ هاوبەشی کردن لەگەڵ خەڵکانی دیکەدا. داوا لە پیاوانی ئایینی دەکەم چالاک بن، ئەرکی ئایین تەنیا ئەوەندە نییە نەریتی ئایینی پەیڕەو بکەن، یان چەند ڕستەیەکی پیرۆز بە زمانی سانسکریتی بڵێنەوە. ئەوە شتێکی ئەوتۆ نییە، بەڵکوو پێویســتە دەربچن و خەریکــی پێکەوەڕۆیی بــن، بە تایبەتی لەگەڵ گەنجان تا ئەو نەریتە دێرینەی تەمەنی هەزاران ساڵە، لە ژیان و کاری رۆژانەماندا پیادە بکرێت. بڕوانن لە هەندێک شــوێندا، جار هەبووە لە ناو هەمان ئاییندا شــەڕ و کوشــتن رووی داوە. لە نێو کریستیاندا خۆبەخۆ شەڕ و پێکدادان روو دەدات، لە نێوانی موسڵماناندا خۆبەخۆ شەڕ و پێکدادان هەیە، لە کاتێکدا هەمووشــیان موسڵمانن و خاوەن هەمان بڕواشن. هەروەها شەڕ و پێکدادان لە بۆرما و شوێنی دیکەش رووی داوە. زۆربــەی هۆکارەکان ئابوورین، بــەڵام ناوی ئایینی بۆ بەکار دەهێنن. لە لایەکی دیکەوە شەڕ و پێکدادانی دیکەش لە نێوان موســڵمان و بوودیدا هەیە. لە (ســری لانکا)دا شەڕ لە نێوان بوودی و هیندۆس هەیە. تەمەنی نەریتەکانی هیندستان بۆ هەزاران ساڵ پێش ئێستا دەگەڕێتەوە. ئەمڕۆ پێویستی بە بڵاو کردنەوەی زیاترە تا خەڵکی لێی بە ئاگا بنەوە. ئێســتاش دەڕۆین بۆ لای خەڵکانی خاوەن باوەڕ.

به گشتی لە سەر ئاستی ئایینی ئیمانی و ئایینی ئیلحادی، بۆ نموونە لەم وڵاتەدا نزیکەی ســێ تا چوار هەزار ســاڵ لەمەو بــەر، چەندیــن ئایینی جیاواز دەســتیان پێ کــردووە. بە پێی

وەرگێڕانی دەقێکی دێرین، لە هیندستاندا فەلسەفەی "سانگیا" کۆنترین نەریتە، کە ڕەگی ســەرەکیی فەلسەفەکانە و لقی لێ دروست بووە. لەو فەلسەفەیەدا ژمارەیەک کەسایەتیی مەزنی عەلمانی وەک (ئاڤاڤیڤێکا) و (شانداریک شیدا) لەگەڵ (دیناک) و (دارماگیتی). ئەمانە مامۆستای مەزن بوون، نووسینی گرنگیان لە پاش خۆیان بەجێ هێشــتووە. لە دەقەکانیاندا ئاماژەیان بە ناوی فەیلەســووفانی ئەو سەردەمەی هیندستان کردووە. لە فەلســەفەی "ســانگیا"دا پۆلێن هەیە، پۆلینی یەکەم خولقێنەر لەبــەر چاو ناگرێت. پۆلێنی دووەم (ســانگیا)، ددان بە بوونی خولقێنەردا دەنێت. دواتر زۆرێک ددانیان بە بوونی خولقێنەردا ناوە، بەڵام (جێنیزم) ددانیان بە بوونی خولقێنەردا نەناوە. لەو ســەردەمەدا بوودا هات، جیاوازیی نێوان مامۆستا (ماڤێرا) و (بوودا) نزیکەی چل ســاڵێک دەبێت. تا ڕادەیەک هەردووکیان کوڕی یەک سەردەمن، هەردوو مامۆستا مەزنەکە ددانیان بە بوونی خولقێنەردا نەناوە. لەو سەردەمەدا سێ ئایین هەبوون (ســانگیا، جێنیزم، بوودیزم)، هەر سێکیان ئایینی ئیلحادین. لە ســەر ئاســتی جیهاندا ژمارەیەک ئایینی دیکەی وەک ئیسلام و کریســتیان و جــوو، ددانیان بــە بوونی خولقێنــەردا ناوە. بــە بڕوای من ســێ ئایینە دێرینەکەی پێــش ئەمان ئیلحادین، سێ ئایینی دێرینی هیندستانن. ئەگەر سەیری فەلسەفەی ئەو ســێ ئایینە بکەین، جیاوازیی گەورە لە نێوانیاندا هەیە، وەک چۆن لە نێو باوەڕدارانی ئایینانی ئیمانداریش جیاوازی هەیە. موسڵمانان تەنیا ددان بە (خودا: ئەڵڵا)دا دەنێن، کە خوداوەندی تاق و تەنیایە. لە کاتێکدا کریستیان بڕوایان بە سێیینەی پیرۆز هەیە (باوک، کوڕ، ڕۆحی پیرۆز). باوک خودایە؛ کوڕ عیسایە؛ ڕۆحی پیــرۆز ڕۆحی خوداییە، بەڵام کریســتیانەکانیش هەر هەمــان خودا دەپەرســتن، بە تەواوەتی نازاندرێت، ئایا ســێ خودایــان هەیە یا هەمان خودا دەپەرســتن، بەڵام دەزاندرێت

که سـێیینه دەپەرستن. پاشان باوەڕی (سیکیزم: سیخ) هات، ئەم باوەڕەش تا ئاستێکی زۆر قووڵ ڕۆچووەتە نێو هزرەوە، دەکەوێتــە نێو پۆلێنی ئاییانی ئیلحادەوە. ســەڕەرای ئەمەش مامۆســتا (نانــاک) بــەرەو (مەککــە) حەجی کرد. لــە کاتێکدا "سیخ" ئایینێکی ئیلحادیشە، بەڵام بەرانبەر بە هەموو باوەڕ و ئایینەکانی دی ڕێز دەنوێنن.

به راســتی مایەی سەرسام بوونە، وێڕای جیاوازیی گەورە و زەقــی نێــوان فەلســەفە و ئایینــەکان، کەچــی هەموویــان هەڵگــری پەیامی هاوبەشــن، ســەبارەت بــەوەی مرۆڤایەتی فێری خۆشەویستی و بەزەیی و لێبوردەیی و قەناعەت بەخۆ بوونــی تاک لە ناخــەوە بکەن. پێم وایە پاپای نوێ کەســێکی سادە و بێ فیزە، لەگەڵ هاووڵاتیان دەدوێت و خۆی دوور لە خەڵک رانەگرتووە، بە پێی هەواڵی (بی بی ســی)، بە دەســتی خــۆی پێیەکانی خۆی دەشــوات، زۆر لە من باشــترە، چونکە هەرگیــز چاوم بە پێیەکانی خۆم نەکەوتووە، ناشــزانم چا لێ بنێم، ناشــزانم چەند شــەکری تێ بکەم؟ هەر کاتێک سەردانی خوشــک و برایانی کریستیانم کردووە، لە کڵێسەکاندا ژیانێکی ســادە بەســەر دەبــەن، ئەمە ســادەیی و بێفیزییە و شــتێکی نایابــە. هەندێک جار خۆم لە نێو پەرســتارەکانمدا هەســت بە خۆشنوودیی زۆر دەکەم، بەڵام پەرستارانی کڵێسە کەسانێکی بێ وێنەن. زۆرێک لە پیاوانی ئایین لە ئیسلام و کریستیان بە تەواوەتــی ژیانیان بۆ خزمەت کردنــی خەڵکانی هەژار و کەم دەرامــەت تەرخان کردووە. ئەمڕۆ لە هیندســتاندا ژمارەیەک پەرســتگا دامەزراوە، زۆربەیان لە ناوچەی دووری خێڵەکین،، ئەرک و کارەکانیان تا ئاســتێک ئەستەمە. هاوکات لەو ناوچە دوورانەشــدا ژمارەیەک پەرستاری کریســتیانم بینیوە، لەوێ وەک مامۆستا و وانەبێژ یان لە بواری چاودێریی تەندروستیدا کاریان دەکرد. ئەمە فەلســەفەیەکی بێ وێنەیە، چونکە ژیانیان

بــۆ خزمەت کردنی مرۆڤایەتی تەرخــان کردووە، وەک دایکە تێرێــزا، وێــڕای هەبوونی ژمارەیــەک فەلســەفەی جیاواز لە یەکتــر، کە بەشــێکیان ددان بە خوڵقێنەردا دەنێن و بەشــێکی تریــان ددانی پێدا نانێن. گرنگ پراکتیکی راســتەقینە لە ئاییندا هەبێــت. هەموو ئایینەکان ئامانجیان دروســت کردنی مرۆڤی بــاش و بە بەزەییە، لە ســەر بناغەی ڕێــزی دوو لایەنە، هەر کاتێک دەســت بە بنیاتنانی ڕێــزی دوولایەنە بکەین، ئەو کاتە دەتوانین لە نەریت و باوەڕ و بۆچوونی فەلســەفیی کەســانی بەرانبەر تێبگەین، تا لێک تێگەیشــتنی دوولایەنە دروست بێت. ئەمــە بناغەی بنیاتی گونجاوی راســتەقینەیە لە نێوان هەموو نەریتانی جیاوازی ئایینەکاندا. گشت ئایینێک خاوەن نەریتێکی دەگمەنە، کە تایبەتە بە کۆمەڵێک خەڵکی دیاری کراو، بە هۆی شــێوازی بیرکردنــەوە و هزری ئــەو کۆمەڵــە خەڵکە دیاری کــراوەوە، کــە ئایینەکە لەگەڵیــان دەگونجێت. بــوودا چەندین هزری جیاوازیی فەلسەفیی بۆ بوودیزمەکان شی کردووەتەوە. لەوانەیە فەلسەفەکان بەرانبەر بە یەکتر دژ بە یەک بن. بوودا ئەو شتەی کرد، چونکە هەر فەلسەفەیەکی دیاری کراو سوود بەخشــە بۆ کۆمەڵە خەڵکێکی دیاری کراو. لەبەر ئەوە خەڵکی جیاواز لە دنیادا هەن بە هزر و بیرکردنەوەی جیاوازەوە، بۆیە گرنگە فەلســەفەی جیاواز هەبێت. لە نێو خودی بوودیســتاندا هــزر و بیرکردنەوەی جیاواز هەیە، بۆیە بوودا پێی باش بوو لە ســەر فەلســەفەی لێکتر جیاواز پەروەردەیان بکات. لە نێو دانیشتووانی گۆی زەویدا کە ژمارەیان ٧ ملیار مرۆڤە، دەبینین هــەر گرووپێک کە لە شــوێنێکی جیاواز نیشــتەجێن، خاوەنی خەســڵەت و تایبەتمەندی و بیرکردنەوە و بارودۆخی جیاواز لە یەکترین، بۆیە پێویســتە فەلســەفە و ئایینــی هەمەجۆر بە گوێرەی بارودۆخی هەر کۆمەڵگەیەکی جیاواز هەبێت، لە پێناو چاندنی خۆشەویستی و لێبوردەیی و ئەو جۆرە بەهایانە.

هەر کاتێک توانیمان ئەم فاکتەرانە بنیات بنێینەوە، ئەو کات دەتوانین ڕێزی دوو لایەنانە بخوڵقێنین لەگەڵ تێگەیشتنی دوو لایەنانەدا. جارێکیان لە کڵێسـەیەکی کریسـتیانەکان لە ڤیەننا دانیشتنێکی دوو ڕۆژەیان ساز دا، دووەمین ڕۆژیان بە هۆی کۆبوونەوەیەکەوە لە کڵێسەکە دەرچوو بوومە دەرەوە. پێش ئەوەی لە کڵێسـە دەربچم، ویسـتم ڕێز بنوێنم و نەریتەکانم پراکتیک بکەم، چووم و لەبەر پەیکەرەکەی عیسـای مەسـیح سـەری ڕێزم بۆی دانەواند، لەو سـاتەدا ملیۆنان کریستیانم هێنایـە پێش چاوی خۆم، کە باوەڕیان بە عیسـای پێغەمبەر هەیە، کاتێک بیرم لەو ملیۆنان مرۆڤە دەکردەوە، فرمێسک بە چاوەکانمدا هاتنە خوار، هەسـتێکی سەیر و ئاسوودە بەخش بـوو، بەڵام ئەمە مانای ئەوە ناگەیەنێـت، کە لەمەو دوا ددان بە بوونی خوڵقێنـەردا بنێم، چونکە ملیۆنان هۆکارم هەیە کە بـاوەڕ بە خوڵقێنەر نەکـەم، لەو بارەیەوە دەتوانم مشـتومڕ بکـەم. بـۆ نموونـە (دیناک) بـە تایبەتـی (دارماگیتـی) زۆر نووسینیان هەبووە لەسەر بوونی خوڵقێنەر. ئەگەر خوڵقێنەر قبووڵ بکەین، کێشە ڕووبەڕوومان دەبێتەوە. کێ خوڵقێنەری دروست کردووە؟ کە خوڵقێنەر سەرەتای نەبێت و بێ کۆتاش بێت، بە واتای هەمیشەییە. خۆبەخۆ سەرچاوەی هەمیشەییە، کەواتـە خوڵقێنەر یان ئەوەتـا لە بنەڕەتەوە نەبـووە، یانیش ئەوەیە هەمیشەییە. ئەمە یەکێکە لەو پرسیارانەی (دارماگیتی) مشتومڕی زۆری لەسەر کردووە، جارێکیان لە دانیشتنەکانمدا ئایینپەروەرێکم بینی لێی پرسـیم و گوتـی: هەموو مرۆڤ و بوونەوەران لە لایەن خوداوەندەوە خوڵقێنراون، خوداوەندیش خاوەنـی ڕەحم و خۆشەویسـتییە، بەڵام لە نێـو بەندەکانیدا گیانداری سـەیر و نامۆ هەن. باشـە بۆچی خوداوەند خەڵکی نامۆ و بەدکاری خوڵقاندووە؟ منیش وەک نوکتەیەک هەر بۆ خۆشـی وەڵامم دایەوە و گوتم: چونکـە خوداوەند دۆزەخی

دروســـت کردووە، خــۆ نابێت دۆزەخ بەتاڵ بێــت، ئەگەرنا چ مەبەستێکی تر هەیە لە دروست کردنی دۆزەخ؟ بە هەر حاڵ بەردەوام پێویســـتە ڕێز لە ئایینەکانی تر بگرین. لە ئیسلام و کریستیان و باوەڕەکانی دیکەش، تێگەیشتنی هەڵەیان لەسەر دروســـت نەکەیــن، بۆ نموونە ئایینی ئیســـلام نــاوی لێنراوە ئایینی عەسکەرتاری، ئەم تێگەیشتنە زۆر هەڵەیە، هەر لە ناو خۆیاندا بە هەڵە لە وشـــەی جیهاد تێگەیشتوون. زۆر دۆستی موســـڵمانم هەیــە کە پلەی پرۆفیســـۆرییان لە موســـڵمانێتیدا هێناوە، هاوڕێ موسڵمانەکانم دەڵێن واتای سەرەکیی وشەی جیهــاد بریتییە لە بەگژدا چوونـــەوەی رەفتاری خراپی ناخی خۆمان. ئەم چەمکە لە هەموو ئایینەکاندا هەیە، هەموو ئایینێک پەروەردەمان دەکات بۆ بەگژدا چوونەوەی خەسڵەتی نەرێنیی خۆمان تا هەستەکانمان بەرەو ئەرێنی پەرە پێ بدەین. بە پێی نەریتەکانـــم کــە بەردەوام حەج بۆ شـــوێنانی پیرۆزی جیهان دەکەم، جارێکیان دەرفەتم بۆ رەخســـا بەرەو پەیکەری فاتیما لـــە پورتوگال حەج بکەم. فاتیمـــا پەیکەرێکی بچووکی مریەمە لەو وڵاتەدا، قەبارەکەی نزیکەی نیو مەتر درێژە، لەوێ لەگەڵ ژمارەیـــەک لە برا و خوشـــکانی کریســـتیان پێکـــەوە چووینە خەڵوەتـــی بێدەنگییەوە، کە لـــە خەڵوەت تەواو بووین خەریک بـــوو دەربچین، لەو ســـاتەدا رووم وەرســـووڕاند بۆ ئەوەی ســـەیری پەیکەرەکەی مریەم بکەم، بینیم لێو بە خەندەیە. پێم وایـــە ئەو هیچ جیاکارییەک لە نێوانی بوودیزم و کریســـتیان و موســـڵماندا ناکات. لەبەر ئەوە هەمیشـــە سەرسامم و زێدە ڕێـــزی لێ دەگـــرم، ڕێزم بـــۆ ئایینەکانی تریش هەیـــە. لەبەر ئەوەیـــە مریەم لێـــوی بە خەندەیە. ئەویش رێزی لە هەســـتی دڵسۆزانە و راستەقینانەی من گرتووە، پێویستە پەرە بە ڕێزی دوولایەنانەی راستەقینەی بەرانبەر بدرێت، هەموو ئایینەکان هاوکات نەریتەکانی خۆتان بپارێزن، ئەو راستییەش بزانن کە

باوەڕ و ڕێز دوو شتی جیاوازن، ڕێز لە هەموو ئایینەکانی تر بگرن، باوەڕی خۆشـتان بپارێزن، بێ ئەوەی تێکەڵی یەکتری بکەن.

ئاسـتی دووەم بریتی بوو لە پۆلێن، ئایینی ئیمانی و ئایینی ئیلحادی. ئایینی ئیلحادی بریتییە لە سێ فەلسەفەی سەرەکی لەوانە: فەلسـەفەی "سانگیا" هەموو لقەکانی قوتابخانەی هزر لەوێوە سـەرچاوەیان گرتووە، شـان بە شـانی فەلسـەفەی جێنیزم کە باوەڕیان بە (ئاتمان)ە، جگە لە بوودیزم کە ئاتمان قبووڵ ناکات. هەر لە سـەرەتاوە بوودا گوتی: ئاناتمان. چوار چەمکی فێرکردین (ناخودی، نا بۆ خۆپەرستی، نا بۆ من، بەتاڵ کردنەوەی ناخ). بوودا سەرەتا (دارماویل)ی شی کردەوە، ئەو چوار خاڵەی شـی کردەوە، کە بنەماکانی پیردۆزی ئاناتمانن. ئەم بیردۆزە بناغەی هەموو قوتابخانەکانی بوودیزمە، کە ئەو چوار چەمکەی لە باوەش گرتووە. بوودا سـەرەتا پێناسـەی ئاتمانـی کـرد، پاشـان کردی بـە چەند ئاسـتێکی جیاواز بۆ کۆمەڵـگای جیاواز. خودی بـوودا کەوتـە فێرکردنی هەموو جۆرەکانی (سوودترا)، کە بناغەیە بۆ فەلسەفەی (جیتا ماترا)، هەموو ئەم چەمکانەی شـی کردەوە، بەڵام بە چەندین واتای جیاواز بـۆ رووتەڵکاری. ئەمانە هەموویـان رەگی پیردۆزی ئاتمانـن، بۆیە ئەمڕۆ جیاوازیی هەیە لە ناو بوودا دارما، واتە ڕۆشنگەریی بوودا. سەرەتا بوودا دەستی بە دانانی دارماویل کرد و چوار بنەماکەی شـی کردنـەوە. دواتر پاش ماوەیەک (بریـا بارامیتـرا)، سـووترای شـی کـردەوە، پاشـان بوودا دارماویلێکی دیکەی شـی کردەوە، دواتر چـوار بنەماکان بە زمانی "پالی" دیسـان نووسرانەوە، دیسانەوە (بریا بارامیترا سوترا)ی شی کردەوە. ئەم فێرکردنانە بۆ دەستەبژێر بوون، بوودا سـەرەتا کۆمەڵێک کەسـی هەڵبژارد، وانەی پێشکەش کـردن تـا ئـەو بنەمایانـە پەسـند بکـەن، هاوشـێوە لەگەڵ

پەرســتارەکانی (ناکاڵجونا) ئەمەی کرد، پەرستارەکانی جونا لە بوودا ژییرترن، ئەگەر تێکستەکانی بوودا بە زمانی "پالی" بخوێننــەوە، لەگــەڵ نووســینەکانی (ناگار جونــا) بەراوردی بکەیــن، بۆتــان دەردەکەوێــت تا چەنــد ئاســتی بیرکردنەوە و تێگەیشــتنیان بــەرزە. مــن هەمیشــە ئاماژەم بە زانســتیی بۆچوونەکانیان کردووە، هیندستان چەندین کەسایەتیی وەک (ناگارجونا)ی هەبووە، بۆیە پێویستە قوتابییەکانی ناگار جونا لە عەلمانیەتەکانی رۆژئاوا باشتر بناسین. مێژوویان بۆ ٣٠٠ تا ٤٠٠ ســاڵ پاش هاتنی بوودا دەگەڕێتەوە. ئەوان لە بوودا نزیکتر بوون، نەک بەشــێک لە عەلمانییەکانی رۆژئاوایی، کە پاش ٢٥٠٠ ســاڵ هاتوون، ناگار جونا مێشــکی فراوان بووە، بــە ئاســانی قەناعەتــی بە قســەکانی خەڵکی دیکــە نەدەبوو، لەســەر بنەمای بەڵێ گــەورەم رەفتاری نەدەکــرد، بینیومانە لــە پەیڕەوکەرانــی پیاوانــی ئایینی کە بە رێــزەوە لە بەردەم مامۆســتا وەســتاون، مامۆســتاکانیان هەرچــی بڵێــن ئەوان سەری رێزیان بۆ دادەگرن و دەڵێن بەڵێ. بەڵێ. بەڵێ. بەمەدا دەردەکەوێت، ئەو کەســانە ملکەچن کە بەردەوام دەڵێن بەڵێ گەورەم. ناگار جونا لەو جۆرە کەســانە نەبوو، هەموو وتە و قســەکانی بوودای شرۆڤە کردووە و پێی وایە، نابێت هەموو وتــەکان پیت بە پیت وەربگرێن، پێویســتە پێناســەی جیاواز وەربگریــن و وتەکان دەقاودەق پەســند نەکەین. ناگار جونا بەو شــێوەیە بیری دەکردەوە، کە پێویســتە بــە بەردەوام لە شتەکان بکۆڵینەوە تا بە ئەزموونی خۆمان بگەینە راستییەکان. ئــەوان ئەزموونیــان هەبووە و لە ئەنجامــی ئەزموونەکانیان راســتییەکانیان پیشانی ئێمە داوە. لە نێو هاوتەمەنانی خۆمدا کەســانێک هەن، خاوەن ئەزموونی زۆر سەیر و سەمەرەن . خــۆم ئەزموونێکی بەرچاوم نەبووە، کەســانێکی وەک ناگار جونا و کەســانی دی، باوەشــیان بــە نەریتی سانســکریتیدا

کـرد، کە ڕەگەکـەی لە بووداوە سـەرچاوەی گرتـووە. ئەو کات دوو جـۆر نەریت هەبووە: «پالی» و «سانسـکریتی»، بەڵام (نالاندا) هەردوو نەریتەکەی پەیڕەو دەکرد، هەریەک لە وڵاتانی بۆرما و تایلەند و سـری لانکا نەریتی (ڤینێیا) پەیڕەو دەکەن. سـێ ساڵێک لەمەو بەر لە سـیمینارەکانی پەرلەمانی ئایینەکانـی جیهانـدا بەشـدار بـووم، کە لە شـیکاگۆ بەڕێوە چوون، پاشان لە باشووری ئەفریقا و دواتر لە چەندین وڵاتی دیکـەدا، دوایەمین دیداریش لە (مێلبۆرن)دا سـاز درا، لە نێو شـاندەکاندا گرووپێکی بۆرمایی ئامادە بوو، نامەیەکیان بۆم نـارد و داوایان کـرد چاویان بە من بکەوێـت. خۆم ڕێزێکی گەورە لە پەرسـتاران و نەریتی بوودیسـت لـە وڵاتی بۆرما دەگرم، نەریتـی (گوین گانجیز) لە بۆرما پەیڕەو دەکرێت، بە نەریتەکەیان سەرسـامم، هەر کە بیستم دوان لە پەرستارانی بۆرما دەیانەوێت چاویان پێم بکەوێت، زۆر خۆشـحاڵ بووم. هەر بەم ڕۆبە زەردەشمەوە لە ژوورەکەی خۆیان پێشوازیم لێیـان کرد و پێکەوە دانیشـتین و گوتیـان: ئێمەش لایەنگری بوودایـن، بـەڵام هەندێک جیاوازی لە نێوانمانـدا هەیە. زانیم ئەوان زانیارییەکانیان هەڵەیە، چونکە نووسەرانی ڕۆژئاوایی بە وشـەی "لاما"ییزم وەسـفی بوودیزم دەکـەن. لە لایەکی دیکـەوە خـودی "لاما"کانی "تیبیت" بەڵگەن لە سـەر ئەوەی کـە ئێمە سـەر بـە ئایینی نالانـدەر نین، بەڵکـوو ئێمە لەوان ئازادترین لە ڕووی لەبەر کردنی ڕۆبی پەرستار و ژن هێنان و خواردنەوەدا. ڤینێیا هەرگیز ڕێگا بەو شتانە نادات، هەندێک جار کەسـانێک لە نێو خۆماندا بە ناشـیرینی باسمان دەکەن، ئەمەیە وای کردووە بەشـێک لە نووسـەرانی ڕۆژئاوایی کە لە سـەرمان دەنووسن، بە وشەی نامابییزم وەسفمان دەکەن، نەک بە ناوە ڕاسـتەقینەکەی خۆمان، کە بریتییە لە بوودیزم. ئەوکات زانیم ئەو دوو پەرستارەی بۆرما چەندە بە هەڵە لەم

بابەتە تێگەیشـــتوون. بە گشتی ڕێزم لە بۆچوونەکەیان گرت و خۆشـــحاڵ بووم بە بینینیان، وەڵامـــم دانەوە و گوتم: بەڵێ هەندێـــک جیاوازی لـــە نێوانماندا هەیە، بە هـــەر حاڵ نەریتی ڤینێیـــا بناغەی (بوودا دارما)یە، ئێمە ڤینێیاین و ڕەگەکەمان لە "موله"وە ســـەرچاوەی گرتووە، لـــە کاتێکدا نەریتی "پالی" لە (تاراباتی)یەوە سەرچاوەی گرتووە، تەنانەت جیاوازیی دیکەش لە ڕووی (پۆرتی مۆکشا)شەوە هەیە، لە نێوان هەردوو زمانی "پالی" و سانســـکریتی، پۆرتی مۆکشـــای ئێمە سەرچاوەکەی سانســـکریتییە و بریتییە لە ٢٥٣ ڕێســـا، لە کاتێکدا لە"پالی"دا بریتییە لە ٢٢٧ ڕێســـا. ئێمە بەردەوام شـــرۆڤەیان دەکەین و جیاوازییەکانیان دەســـت نیشان دەکەین. بە هەر حاڵ هەموو نەریتەکانی ڤینێیام بۆ دوو پەرستارەکە ڕوون کردەوە، ئەوان بە سەیرەوە تەماشای منیان کرد و لێمیان پرسی: ئێوەش ئەو جـۆرە نەریتانە پەیڕەو دەکەن؟ هەر هەمـــان نەریتن بەڵکوو بنەماکانی (بوودا دارمان نالاندا) و (ناگار جونا) هاوشـــێوەن. هەموویان نەریتی مەزن و کەســـایەتیی مـــەزن بوون، ڕەگی نەریتەکانیان بۆ هەمان ڕەگەکەی ئێمە دەگەڕێتەوە، لە هەمان ڕەگەوە ســـەرچاوەمان گرتووە. ڕەگی ئێمـــە کۆنترین ڕەگە، سەرەتا بوودا هات، دواتر (ڕاهوول)ی کوڕەکەی، پاشان دوای چەند نەوەیەک ناگارجونا هات، دواتر (شـــاداریک شیدا) هات. شـــایانی باســـە ئیمپراتۆری "تیبیت" لە سەدەی هەشتەمدا بە فەرمی بانگهێشتی شاداریک شیدای کرد و نازناوی کەهنووتی پێ بەخشی، سەرچاوەکەی ئێمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە.

هەروەک ئاماژەم پێ کرد، دوو جۆر نەریت هەن سانسکریتی و بالـــی، بـــەڵام لانانـــدا تێکەڵـــەی هەردووکیانـــە لە ســـەدەی هەشتەمدا، بوودا دارما لە چین گەشەی بە خۆیەوە بینیوە، لە سەدەی حەوتەمدا لە ڕێی هاوسەرییەوە، ئیمپراتۆری "تیبیت" سۆنگسان گامبۆ، کاتێک ژیانی هاوسەریی لەگەڵ شازادەیەکی

چین پێکەوە نا، شـــازادەکەی چین گەیشتە "لاسا" پەیکەرێکی زۆر گرنگی بـــوودای لەگەڵ خۆی هێنـــا، هەروەها ئیمپراتۆر دووبارە ژیانی هاوســـەریی لەگەڵ شازادەیەکی نیپاڵ پێکەوە نا، ئەو شـــازادەیەش پەیکەرێکی تری بـــوودای لەگەڵ خۆیدا هێنا. ئەو دوو پەیکەرەی بوودا لە "لاسا" بە پیرۆزییەوە سەیر دەکرێن. کەواتە هاوسەرگیری و پەیوەندیی خێزانداری ڕۆڵی گرنگی گێڕاوە. پاشـــان لە سەدەی هەشـــتەمدا ئیمپراتۆریەتی "تیبیت"، شـــانداریک شـــیدای تەمەن ٧٠-٧٥ساڵی بانگهێشت کرد، کە مامۆســـتای هەرە گەورەی دامەزرێنەری نالاندا بوو، ئەویـــش کەوتـــە وەرگێـــڕان و فێرکردن، دواتریش ســـوێندی خوارد. هەر لەو ســـەردەمەدا (سۆنگسا گامبۆ)ی ئیمپراتۆری "تیبیت" (ســـکریپتی "تیبیت")ی بە زمانی هیندی بڵاو کردەوە (ســـکریپتی دێڤێنەری). من بەشێکم لە نووسینەکانی (ئاشۆکا پیلا) خوێندووەتەوە، ئێمە نازانین چی نووسراوە، بەڵام دەزانین بیخوێنینەوە، چونکە پیتەکان و چۆنیەتی خوێندنەوەی زمانی سانسکریتی هاوشێوەیە لەگەڵ سکریپتی "تیبیت"، بۆیە دوای تێپەڕ بوونی هەزاران ساڵ من خۆشم وەکوو قوتابییەکی پیر و تەمبەڵ، هێشـــتا زمانی سانســـکریتی دەخوێنم و بەردەوام خەریکـــم بۆ فێربوونی و مامۆستاشـــم هەیە فێرم دەکەن. بۆ یەکەم جار کە دەســـتم بە خوێندن کرد، مامۆستاکەم تێکستی (کالابا)ی پێم دا تا بیخوێنم، مامۆستایەکی وانەبێژی تێکستی کالابا بوو. مامۆستاکەم ژیير و هزر تیژ و بەهێز بوو، پێی وتم، پاش ئەوەی فێری ئەو تێکستە بووم، ماوەی ٣٠ ساڵ دەبێت دەســـتم لێی نەداوە، من زۆر بە مامۆستاکەم سەرسام بووم، کە پاش تێپەڕبوونی ٣٠ ســـاڵ، کەچـــی زمانەکە بە تەواوەتی دەزانێت و تێکســـتەکەی ئەزبەرە، منیش لە مامۆســـتاکەمەوە فێری بووم. مەبەســـتم ئەوەیە، ئەمە بەشێکە لە دیراسەتمان، زمانی چینی نا بەڵکوو زمانی سانســـکریتی. لە ســـەدەکانی ٧

و ٨دا، لەگــەڵ نەریتــی نالاندا زۆر لە نزیکــەوە پەیوەندیمان دروســت کرد، دەیان ســاڵ پێش ئێستا دەســتم بە ناساندنی بوودیزمــی "تیبیــت" وەکــوو کرۆکی نەریتی نالانــدا کرد. لە سەدەی نۆیەمدا (تریدا تسوکسان) ئیمپراتۆری "تیبیت" کوژرا و ئیمپراتۆرییەتەکەی هەڵوەشایەوە. چوار سەدە بارودۆخەکە هەر بەو شێوەیە مایەوە، تا لە کۆتاییدا شانشینێکی بچووکی "تیبیــت" لە رۆژئاوای "تیبیت" لــە (تولی)ی پایتەخت بڕیاری دا نەریتەکانــی باووباپیرانی پیادە بکەن. ســەرەتا بە ناردنی باشــترین مامۆستاکانی بوودیســت بۆ هیندستان دەستی پێ کــرد، تا لەوێ بخوێنــن، (دیمۆنگۆرا)ی بەنــەژاد بەنگالی، کە باشــترین مامۆســتاکانی ئەو ســەردەمە بوو، وانەبێژێکی بە توانا بوو بۆ پەرســتارانی بوودیســت لە هیندستاندا، بۆیە بۆ تولیی پایتەخت لە رۆژئاوای "تیبیت"بانگهێشت کرا. دیمۆنگۆرا کەوتە نووســینی ئەو تێکســتەی کە لەبەر دەستماندایە، هەر بۆیــە هەموو نەوەکانی دواتــری "تیبیت" لە دیمۆنگۆراوە فێر بــوون. بــۆ نموونــە نیما و گاگیو و ســاگا، کە لە ســەر ئەم تێکســتەی دیمۆنگۆرا دەڕۆیشــتن. نیما کــە خاوەنی چەندین نووســینی گرنگە، هەموو نووســینەکانی لە سەر بنەمای ئەم تێکســتە نووســیوە، دواتر گاگیۆ و ساگاش، بە هەمان شێوە، تەنانەت پەرستارانی دیکەی وەکوو گاتامبا و "لاما" زۆمگۆبا و گیلــۆش، هەموویان لە ســەر ئەم تێکســتە رۆیشــتوون و نووسینەکانیان کرد. جا بۆیە ئەم تێکستە بە درێژایی ١١ سەدە بریتییە لە تێکستی رەگ بۆ هەموو بنجە جیاوازەکانی "تیبیت". منیش لە مامۆســتای پەرستگاکەمان فێری ئەم تێکستە بووم، نــاوی "لاما" (کانگ زیتەما) بــوو، "لاما"یەکی زۆر باش بوو. لە ســاڵی ١٩٤٧دا کۆنفرانســێک رێک خرا، کە مەهاتما گاندی لەوێ بوو، شــاندێکی «تیبیت»یش بەشدار بوون. پێشتریش گفتوگۆیەک هەبوو کە پێویســتە کۆنفرانســەکە ژمارەیەک لە

(ســكولار: عەلمانیســت)ی "تیبیت " لەخــۆ بگرێت، کە یەکێک لەو بەشــداربووانە "لاما" «گانگا زیتەما» بوو، ســکولارێکی زۆر نایــاب بوو، بە نــەژاد خەڵکی کینۆ بوو، بۆیە بە باشــی زمانی هیندیی دەزانی، هەر ئەویش شــاندەکەی "تیبیت"ی لە کۆنفرانســەکەدا بەشــدار کرد. ئەو بوو بە مامۆستام و زۆر شتی لێ فێر بووم. ڕۆژێکیان پێی ڕاگەیاندم کە ئەو ئەندامێک بووە لە شاندەکەی تیبیت، لە کۆنفرانسەکەی دەلهیدا مەهاتما گاندی داوای لێ کرد بوو چاوی پێی بکەوێت، پاشان چاویان بە یەکتر کەوت بوو. مەهاتما گاندی لە بارەی هەندێ تێکستەوە کە خەڵکانی تیبیت دەیخوێنن، چەند پرســیارێکی ئاراستە کرد بوو، ئەویش ئاماژەی دا بوو بە تێکســتەکەی دیمۆنگۆرا، لەو بارەیەشــەوە مامۆســتاکەم بە منی وت (بــە گاندیم گوتووە ئێمە تێکســتەکەی دیمۆنگۆرا بە هەند وەردەگرین و بە هەرە گرنگتریــن تێکستیشــی دەژمێریــن). منیش هەمــوو خوێندن و زانیاریــم لــەو مامۆســتایەمەوە وەرگرت، مامۆســتایەکی دیکەشــم هەبوو ناوی لاما گانگ زیتەمایە، لە ســەر دەســتی (ۆنــگ گونــگ مانگ)یش وانەم پــێ دراوە. جارێکیان بە چای تیبیتی ئەو مامۆستایەم بانگهێشتی خواردنەوەی بەرچاییەکی کــردم. لــە دوای خواردنەوەی چایەکە، ڕوخســاری خۆی بە ڕۆنی نۆیشک چەور کرد، ئەو مامۆستایەکی زۆر بلیمەت بوو، زۆر شــتی لێــوە فێر بووم، کتێبی زۆرم بــۆ خوێندنەوە لێیم وەردەگرت، کتێبەکانی هەموویان بە قەبارە ئەســتوور بوون، بــە قەبارەی گەورە و لاپەڕەی زۆر بوون. کتێبەکانی هەموو دەگمەن و دانســقە بوون، تەنانەت مامۆستاکانی دیکەشم لەم جۆرە کتێبانەیان نەبوو..

ئێســتاش سەبارەت بەم تێکســتەی دیمۆنگۆرا، لامای تولی لە شانشــینی ڕۆژئاوای تیبیت داوای کرد بوو، مامۆستایەک بانگهێشــت بکرێت تا تێکســتێکی کورت و پوخت بە زمانێکی

ســادە بنووســێتەوە، زیاتر جەخــت بکاتە ســەر پراکتیکاڵی نەریتەکان، ئەوەش بە پێچەوانەی کامارا شیلا کە قوتابییەکی شانداریک شیدا بوو، شانداریک شیدا هاتە تیبیت، هەر لەوێش کۆچی دوایی کرد و پاش خۆی باشــترین قوتابییەکانی هاتنە دنیــاوە، لە ســەدەی نۆیەمەوە بانگهێشــتی تیبیــت کرا بوو. لەو بارەیەوە کامارا شــیلا سێ تێکســتی نووسیوە، بێگومان پێشتریش لە هیندستاندا دوو تێکستی نووسی بوو، یەکێکیان فەلسەفەی مۆدیگۆما و ئەوەی دووەمیان لۆژیک. تێکستەکانی ئاڵــۆز و پڕ لە گرێچن بوون، لە خانەی تێکســتی کلاســیکیدا بــوون، بۆیە پاش بانگهێشــت کردنی و گەیشــتنی بە تیبیت، ســێ تێکستی تری نووسییەوە، کە پاشان هۆکارێک بوون بۆ مشــتومڕ و دیالــۆگ لە بارەیانەوە. ئەوانە بە ســتایلی نالاندا نووسرا بوونەوە، هەموو پەرستاران و مامۆستایانی نالاندا لە نووسینەکانیاندا بە پێی ستایلی نووسینیان، هەمیشە گفتوگۆ و پرسیار دەخەنە ڕوو، پاشان وەڵامەکان دەست نیشان دەکەن و مشــتومڕ و تیۆرێزەی لە ســەر دەخولقێنن، بەڵام مامۆستا دیمۆنگۆرا لە سەر ڕێچکەی ئەو ستایلە نەدەڕۆیشت، بەڵکوو بە ســادەیی دەینووسی، زۆر بە ئاســانی قوتابیانی لە بوودا دارما تێدەگەیشتن. هەموو بیر و بۆچوونانی جیاوازی لە سەر بوودا دارما لە نێو قوتابییەکانیدا کۆ دەکردەوە، پاشــان شیی دەکردنــەوە، بۆیە بە بەردەوامی لــە گفتوگۆدا بوو. هەروەها پرســیاری لــە بــارەی زۆر شتیشــەوە دەکرد، لە شــێوازی هەڤپەیڤین و دیدار، لەگەڵ قوتابییەکانیدا دەئاخاوت. دیمۆنگۆرا لــە ســەرەتادا قوتابییەکانی پۆلێن دەکرد بۆ ســێ قۆناغی لە یەکتــر جــودا، یەکەمین (بیــن) واتە ســەرەتایی، دووەمینیان مامناوەند و ســێیەمینیان باڵا. دەست نیشان کردنی ئەو سێ قۆناغانــە پەیوەســت نەبوون بە ئەتەکێتی فەیلەســووفانی لە یەکــدی جیــاوازەوە، کــە قوتابییەکان پێــوەی خەریک بوون

یـــان هەر شـــتێکی دیکەی لەو بابەتانـــە، بەڵکوو زیاتر جەخت کردنەوەکانی بۆ ســـەر توانا و ئاستیان بوو، کەسانێکیان تێدا بوو بایەخیان بەم ژیانە دەدا، لە ســـەر ئاســـتی بینین لە ڕێی چاویانەوە سەیری جیهانیان دەکرد. ئەمەش بەربەستێک بوو، پێداویستی وای دەخواست کە بنبڕ بکرێت، گرنگ ئەوەیە ئەم جۆرە هەســـتانە نەمێنن. لەبەر ئەوە نابێت هێندە بایەخ بدەین بەو شتانەی لە سەر ئاستی بینین، بە چاو دەیانبینین، بەڵکوو لەوە گرنگتر بایەخدانە بە ئاســـتی هزری و ناخەکی، بێگومان هەمـــوو ئەو شـــتانەی دێنە بـــەر چاومان، لەوانـــە باڵەخانە و شـــتەکانی دیکەی ســـتاتیکی، هەموویان تەنیـــا بۆ ئەم ژیانەن و پـــاش مردن هیچ ســـوودێکیان نامێنێت، بـــەڵام پەرەدان بە چەندین لایەنی هەســـتەکی و هزرەکی، بـــۆ خۆی کاریگەریی لەســـەر ژیانی داهاتوومـــان دادەنێت، بۆیە لە قۆناغی یەکەمدا پێویســـتە هەوڵ بدەن بۆ کەم کردنەوەی ئاستی بایەخدان بە بەهای کەرەسەکانی ئەم ژیانە، هەوڵ بدرێت تا ئاستێکی زۆر بەرز گرنگی بە بەهای شـــتان نەدرێت... (تێبینی: لێرەدا دالای لامـــا بە زمانی چینـــی ئایەتەکە دەخوێنێتەوە و وەرگێڕەکە بە ئینگلیزی دەیخوێنێتەوە...) لە ئایەتی ژمارە ســـێ لە تێکســـتی دیمۆنگـــۆرا نووســـراوە: ئـــەو کەســـانەی بە هەر شـــێوازێک لـــە گەڕاندان بە شـــوێن خۆشـــییەکانی ژیـــان و بایەخ بە هیچ شتێکی تر نادەن، ئەو کەسانەن کە خاوەنی هێزێکی کەمترن، مامۆســـتا مانجوشـــری قســـەی بۆ یەکێـــک لـــە قوتابییەکانی کـــرد بـــوو، پێی گوت بـــوو (ئەگەر تـــۆ بیر لە خۆشـــییەکانی ئـــەم ژیانـــە بکەیتەوە، ئەوا ئەو کات تۆ بـــە قوتابییەکی بوودا دارمـــا دانادرێیت، ئەگەر بایەخ بـــە بازنەی خولانەوەی ژیان نەدەیت و بە شـــێوازێکی خۆپەرســـتانە بیر بکەیتەوە و هەوڵ بـــۆ ئامانجی هەلپەرســـتانە بدەیـــت، ئەو کات تۆ بە بەشـــێک لـــە ڕێبازی بوودایی ناژمێردرێیت، ئەگەر خۆت ببەســـتیتەوە

به بەهای شــتەکان، ئەو کات ئەو شــتە وا دەگەیەنێت کە تۆ هێشــتا تێنەگەیشــتووی لە واتای پاکانە و فەزا). ئەو ئایەتەی خوێندرایــەوە بــاس لــەوە دەکات، کە پێویســتە جیاوازی لە نێــوان دوو جۆر مرۆڤدا بکەین، کەســانێک هــەن تەنیا هۆگر و گیــرۆدەی خۆشــییەکانی ئــەم ژیانەن، بایەخ بە شــتی تر نادەن. ئەو جۆرە کەســانەش بە قوتابیانــی بوودا دانادرێن. ئــەم ئایەتەش زیاتر ئاماژەدەرە بەوەی، ئەو کەســانە خۆیان بە خۆشییەکانی ئەم ژیانە نابەستنەوە، خوازیارن لە ئاستێکی بەرزتردا دووبارە بژیێنەوە. لە ژیانی داهاتووشــیاندا پێوستە خۆیان لە بــەدکاری و ڕەفتاری خراپ دوور بخەنەوە، زیاتر هەوڵ بدەن بۆ بەجێ گەیاندنی ڕەفتاری چاکە و کاری باشە. ئەو جۆرە کەســانە بە قوتابیانی بــوودا دەژمێردرێن، کەواتە ئەو کەســانەی لــە گەڕاندان بۆ وەدەســت کەوتنــی ژیانێکی باش، ئەوا هەموو ئاســانکارییەک لەبەر دەستیانە، لە ئاکامدا لە توانایاندایە ژیانی ئارام و بێ کێشە ببنە سەر.

لەبەر ئەوە لە ڕێی تێگەیشتن لە ئەزموونەکانی ئەم ژیانەمان و کاری باش و ڕەفتاری ئەرێنییەوە، ئەوا لە زیندوو بوونەوەمان بۆ ژیانی داهاتوو ئاســتێکی ئەرێنی و ئاست بەرزمان دەبێت. دەبینیــن ئــەم ژیانەمــان تا ڕادەیــەک مەینەتــدارە، ئەگەرچی چەندیــن فاکتــەری کاریگەرییان هەیە، بــەڵام هەرە گرنگترین فاکتــەر (کارما)ی پێشــووە، واتە ڕەفتاری پێشــووی خۆمان. لەبەر ئەوە ئەو کەســانەی لــە ژیانی ڕابردوویانــدا ڕەفتاری نەرێنیانەیان کــردووە، زیانیان بە خەڵکی دیکە گەیاندووە، بۆ نموونە لە کوشــتن و دزی و دەستدرێژی و درۆدا باڵادەست بــوون، بەو ڕەفتارانە لە ژیانی داهاتوویاندا دووچاری کێشــە و گرفت دەبنەوە و ژیانێکی ناخۆشــیان تووش دێت، تەنانەت ئەگــەر دیســانەوە ببنــەوە بــە مرۆڤ و لــە نــاو مرۆڤایەتی بژیێنەوە. بۆیە لە پێناو ئەوەی ژیانی داهاتوومان ئارامتر بێت،

بــێ کێشــە و گرفت ببین بە مرۆڤی بــاش و ڕێک و پێک و لە کۆمەڵگەیەکی ڕێک و دروســت لە دایک ببینەوە، پێویستە ئەو هۆکارانە نەهێڵین کە بە هۆیانەوە ئێســتا ژیانێکی ناخۆشــمان هەیە، کە بە هۆیانەوە ڕەوشــی ژیانمــان نالەبارە. لەبەر ئەوە پێویســتە کار بۆ چاندنی پرەنســیپی باش و ئەنجام دانی کار و ڕەفتــاری ئەرێنیانە بکەین، تا ئەو هەڵە و ڕەفتارە خراپانەی پێشــوو، کە کردوومانن و بە هۆیانەوە ئەم ژیانەمان ناخۆش و نالەبارە، ئەگەر نا، ئەوا بە پێچەوانەوە بۆ ژیانی داهاتوومان دیســانەوە ژیانی ناخۆش بەرۆکمان دەگرێتەوە، بە ڕەوش و بارودۆخی ناخۆشــەوە بەردەوام لــە دایک دەبینەوە، تەنانەت ئەگەر زیندوو بوونەوەمان لە جەســتەی مرۆڤیشدا بێ. لەبەر ئەوەیە کە پێویســتە جەخت بکەینە ســەر کردنی کاری باشە، لەگــەڵ قەناعەت هێنان بە ژیانی ســۆفییانەی ئێســتامان. ئەو کات ئۆتۆماتیکیانە ساتەوەختەکانی ژیانی داهاتوومان هەموو ئــارام دەبن. دوور کەوتنەوە لە کاری خراپ، بە واتای کردنی کاری باش دەگەیەنێــت. بە واتایەکی دی، خووگرتن بە دوور کەوتنــەوە لە کاری خراپ، هەمان واتاکەی کردنی کاری باش دەگەیەنێــت. بە واتایەکــی دی خووگرتن بە کاری ئەرێنییەوە، خۆی لە خۆیدا ڕەفتارێکی کاری ئەرێنییە. لە قۆناغی دووەمدا پێویستە بزانین، گەر مێشک و دەروونمان بە ئاسانی دەکەوێتە ژێــر کاریگەریــی نەزانیــن یــان نەخێــرەوە، تەنانــەت ئەگەر مەبەســتمان بوو، ببینە کەسانێکی ڕەفتار باش، بەڵام هەمیشە ئەگەرێک هەیە بۆ دروست بوونی تووڕەیی و گومان لە ناخی مرۆڤەکاندا. لەو کاتەدا ئەگەری ئەوەش هەیە، بیر و مێشــکی مرۆڤ بە بارێکی تردا وەربگەڕێت. دوژمنە هەرە سەختەکەی مرۆڤایەتی نەزانییە، بۆیە هەرگیز مرۆڤ نابێت ڕێ بە نەزانی بدات بە سەریدا زاڵ بێت. ژیانی مەینەتداری و ناگوزووری لە ژێــر کۆنترۆڵی خۆماندا نییــە، ڕەنگە هۆکارەکەی بۆ ڕەفتاری

خراپمــان بگەڕێتەوە. هــەر ڕەفتارێکی نەرێنیانــە لە ئەنجامی هەســتێکی نەرێنیانــەوە دروســت دەبێت، تەنیا ســەرچاوەی نەرێنیش نەزانییە، پێویســتە کار بۆ بنبڕ کردنی نەزانی بکرێت بە هەموو ئاستەکانییەوە. سەرەتا پێویستە بەرەنگاری هەموو ئەو هۆکارانە ببینەوە، کە ســەر لەنوێ لە ژیانەوەدا وامان لێ دەکات، لە بازنەیەکی مەینەتباریدا لەدایک ببینەوە. پاش ئەوەی کار بــۆ نەهێشــتنی نەزانی دەکەین، پاشــتر هەرچی هەســتی ڕووخێنــەر هەیــە ئۆتۆماتیکیانە نامێنن. ئەمــە پێی دەگوترێت مۆکشا، بە واتای ئازاد بوون، واتە خۆ ڕزگار کردن لە نەزانی. ســەرەتا پێویستە بزانین هۆکارەکانی پشت هەستی نەرێنی و ڕووخێنــەر لە ناخماندا چین؟ بۆ ئەوەی بتوانین لە مێشــک و هزرماندا نەزانین لەناو بەرین. لەم بارەیەوە باشترین دەرمان بــەکار بهێنین کە بریتییە لە دانایــی، تەنانەت بوودیزم لەگەڵ چەمکــی (ئاتمــا) هاوڕا نییــە، ئاتما بە واتای خــود (من) دێت. زۆربەمان لە ســەر بنەمای ئاتما نەریتەکان پیادەی دەکەین و بۆیان دەچینە خەڵوەتەوە. ئاساییە و ئەمە نەریتی تایبەتمەندە بە خۆیان، منیش ڕێزی لێ دەگرم، بەڵام لە دیدی پەرستارانی بوودیزمــەوە، مرۆڤ هەمیشــە هەســتێکی سروشــتیی هەیە کــە بە (من) ناو دەبرێت. بۆ نموونە ئێســتا لەم جەســتەیەمدا تاڵە مووەکانی ســەر و جەســتەم ســپی هەڵگەڕاون، بەڵام لە تەمەنی منداڵیمدا هەستم بەم جەستەیەم نەدەکرد. ئێمە دەڵێین جەســتەی بەساڵاچوو یان جەستەی گەنج و جەستەی منداڵ، هــەر ســێکیان جەســتەی منن، گوزارشــتی من لە هەر ســێ جەســتەدا بەکار دێتەوە، چەندین من نییە هەمیشــە یەک منە. دوو لایەنیش هەن (فیزیکی و دەروونی). هەمیشــە هەســتێک لە دەروونی مرۆڤدا هەیە بۆ خاوەندارێتی بە ســەر جەستەدا، خاوەنی جەستەی من کاتێک گەنج بووم جەستەیەکی گەنجانەم هەبوو، کاتێ منداڵ بووم جەســتەیەکی منداڵانەم هەبوو، پاش

قۆناغــی منداڵێتی پێگەیشــتم و بیرکردنەوەکانم گۆڕان، بەڵام هەمــان (من) هەر ماوەتەوە. جەســتە و مێشــک لە گۆڕاندان، من هەمیشــەیی و بەردەوامە، ئەمەش هەســتێکی سروشتییە، هەمیشە هەستی من لە ناخمدایە، وەک جۆرە ڕابەرێک جەستە و مێشــکمان بەڕێوە دەبــات، تەنانەت بوودیــزم کە نکۆڵی لە ســەربەخۆیی مــن دەکات، بــەڵام لــە تێکســتەکانی دێرینــدا مشــتومڕێکی زۆر هەیــە، کە دەڵێــت پەیوەندییەکــە هۆکاری گرێدانەوەی مرۆڤە لە ڕابردووەوە بۆ ئێســتا، لە ئێستاشــەوە بۆ داهاتوو. سەردەمانی پێشین وا لێک دەدرایەوە، کە جەستە کاتییــە و بــەردەوام بوونــی نییە، تەنانەت مێشــکی مرۆڤیش کە بەشــێکە لە جەســتە، ئەویش کاتییە و ئەگەری وەستاندنی هەیە. کەواتە هەرچی ئەو خاڵانەی پەیوەندیی مرۆڤ بە ژیانی دواترەوە دەبەســتنەوە، پێویســتە تێگەیشــتنی زیاترت بنیات بنێن ســەبارەت بە دیاردەی خولانەوەی ژیان لە سەر بنەمای جەســتە و مێشــک. تاکوو لە ســەر ئــەم لایەنانــە مەعریفە و تێگەیشتن دروست نەکەین، زەحمەتە بتوانین خاڵی گرێدانەوە لە نێوان ژیانی ئێستا و ڕابردوو بدۆزینەوە، تەنانەت لە نێوان ئەم ژیانە و داهاتووشدا. هەر بۆیە ئایینەکانی تریش، بە تایبەتی ئەوانەی ژیانی ڕابردوو، هەروەها ژیانی ئاییندەشــیان قبووڵ کردووە، ئەوانە ئاتمان، بە لایانەوە گرنگ نییە چۆن جەستە و مێشک دەگۆڕدرێن؟ لە لای ئەوان ئاتما هەمیشەییە و هەرگیز ناگۆڕدرێــت. لە کۆتاییشــدا ئاتما لە جەســتە و مێشــک جودا دەبێتەوە، ناشزانین ڕەگەزەکەی ئاتما چییە، نێرە یان مێ؟ ئاتما ســەربەخۆ بووە، ڕەگەزی نێر و مێ لە ســەر بنەمای فیزیک دەســت نیشان دەکرێت. ناتوانین بڵێین ئاتمای نێر یان ئاتمای مێ، ئاتمای پیر یان ئاتمای گەنج، یان ئاتمای منداڵ یان ئاتمای نەخۆش یان ئاتمای ڕۆشــنبیر، چونکە لەو حاڵەتانەدا ئاتما بە تەواوەتی لە جەســتە و مێشــک جیا بووەتەوە. پەیوەندییەکی

پتەو لە نێوان (ئاتما/ خود: من) لەگەڵ جەستە و مێشکدا هەیە. قوتابخانەی هزریی (چیتاماترا) کە خاوەنی هەشت هەستەکانە و پێی دەگوترێت ئالایا فیجانا، ئەو هەشت هەستەن بنەماکانی هۆشــداری، مرۆڤ شــەش هەســتی لە خۆیدا هەیە، کەچی لە (چیتاماترا)دا هەشــت هەســت هەیە. هۆکارەکەشی ئەوەیە کە ئــەوان ئامانجیان بەجێ گەیاندنی شــتێکی گرنگــە، کە لەگەڵ خۆیان لە ژیانی ڕابردووەوە بۆ ژیانی ئێســتایان بیگوازنەوە، هەروەها لە ژیانی ئێســتایانەوە بــۆ ژیانی داهاتوو. مرۆڤ بە تەنیــا وەک مۆرک دەمێنێتەوە، ئیتر جەســتە و مێشــک کاتین و پــاش مردن نامێنن. لە کۆتاییشــدا تەنیا مۆرک دەمێنێتەوە، هزر لە چەند ئاستێکی جیاواز پێک دێت، ئاستی بەرز و نزم و نزمتر. کاتێک ســووڕانی خوێن دەوەستێت، مێشک دەمرێت و لە ئاکامی ئەوەدا ئەو عەقڵەی بە مێشــک کار دەکات، چی دی نامێنێــت، پاش مردن عەقڵ و هەمــوو ئەندامانی تری زیندوو لــە کار دەوەســتن و دەمــرن. بۆیە لــە کاتی مردندا هەشــت ئاســتەکانی هزر دەســت بە لێــک هەڵوەشــانەوە دەکەن. ئەو ئاســتانە بریتین لە (پتەو/ شــلە/ گەرمی/ هــەوا/ فەزا/ فەزای هــۆش/ فــەزای دەرەکی/ فــەزای ناوخۆیی /هــۆش). هەموو ئاســتەکانی هۆش بــە تەواوەتی دەوەســتن، جگە لە ئاســتی هــزری قووڵ نەبێــت. ئەمەیە ڕێچکەی گەیشــتن بە قەناعەت، تواندنەوەی هەســتەکان پراکتیک دەکرێت تا بە ئاستی قووڵی خوارەوە دەگەن. زۆر کەس دەناســم کــە هاوڕێیانی تەمەنی خۆمن، ماوەی سی تا چل ساڵێک تواندنەوەی ئەو ئاستانەیان پراکتیزە کردووە. کەواتە پێویستمان بە تێگەیشتن لە ناوەرۆک و بنەماکانــی مۆرک و بەردەوام بوون هەیە، لەگەڵ خاڵەکانی گرێــدان لە نێوانی جەســتە و عەقڵدا، تەنانــەت ڕەنگە نکووڵی لە بوونی ئاتماش بکرێت. وێڕای ئەوە پێویســتە بگەنە ئاستی تێگەیشــتن لــە ئاســتەکانی عەقڵ، کە لــەو پرۆســەیەدا ڕوو

دەدات، لە کاتی هەڵوەشــانەوەی مێشک و گەیشتن بە ئاستی خوارەوە، هەروەها پێویستە خاڵەکانی گرێدان لە نێوان ژیانی ڕابردوومانەوە بۆ ئەم ژیانەمان، لەم ژیانەشــمانەوە بۆ ژیانی دواتر بدۆزرێنەوە..

● *پایــەدار (دالای لامــا) لە بارەی ئــەو بڵاوکراوەیەی بەردەستمان کە لە سەر ڕێچکەی ڕۆشنگەرییە، هەندێ پرسیارمان هەیە. حەز دەکەین لە چۆنیەتی گەیشتنمان بە ڕۆشنگەری شتێکمان پێ بڵێیت، لێرەدا نووسراوە: لە پێناو گەیشتن بە ڕۆشنگەریدا، پێویستە خۆم لە هەستی زیان بەخشانە بەتاڵ بکەمەوە. مەبەست لە هەستەکانی توورەیــی و ڕق و کیــن، دژایەتییە. بــە پێی ئەزموونی خــۆم، هەرچــی جارێک ڕەفتارێکــی ناعادیلانــە ببینم، هەست بە توورەیی دەکەم. ئەگەر توورەیی باش نەبێت، کەواتە چۆن ڕەفتار بکەم؟ زۆر جار توورەیی سوودی بــۆم هەبووە، چونکــە ڕەفتاری پێویســتم کردووە، کە بە لامەوە بــاش و گونجاو بووە، لە بەرانبەر ئەو کارە نەشیاوانەی دەیانبینم. لەم ڕووەوە پێم وایە تا ڕادەیەک ســەرکەوتنم بەدەســت هێناوە، هەروەها لێرەدا ئاماژە دەکات بــە ڕەفتــاری پاک و پراکتیــک کردنی ئایینی بە نهێنی. پرســیارەکەم ئەوەیە مەبەســت لە نهێنی چییە؟ یان پێناســەی ســوێندی (بودیســاتڤاس) چییــە، کە لە نامیلکەکەدا هاتووە؟*

ئەو سوێندە کۆمەڵێک پرەنسیپی لە خۆ گرتووە، یەکێک لەو پرەنســیپانە ئەوەیە پێویســتە گوشــارێکی زۆر بخەیتە سەر خــۆت تا ڕێگــری لە خۆت بکەیت و کاری ناپەســند نەکەیت. ئەگــەر نەتوانن ئەمە بکەن، ئەوا دەبێتە ســەرپێچییەک لە ناو سوێندەکەدا، ئەوەش کارێکی هەڵەیە. بۆیە پێویستە بە توندی

گوشـــار بـــۆ خۆتان بهێنـــن، بۆ ئەوەی ڕێ بـــە خۆتان نەدەن کاری خراپە بکەن. بۆیە هاندەر بنەمایە بۆ هەموو ڕەفتارێک، بۆ نموونە هاندانی دایک و باوکی باش لەو کاتەدا کە دەبینن منداڵەکەیـــان ڕوو لـــە شـــوێنێکی مەترســـیدار دەکات ئەوەیە: هـــاواری لە ســـەر بکەن و پێـــی بڵێن بوەســـتە، چونکە ئەوان دڵیـــان لای منداڵەکەیانـــە، چاودێریی ڕاســـتەقینەی دەکەن و خۆشیان دەوێت.

هەر بۆیە گوشـــار خســـتنە ســـەر خـــۆت، واتـــای ڕەفتاری ناتونـــد و تیـــژی دەگەیەنێت، بێگومان هەمـــووان ئەزموونیان هەیە ســـەبارەت بەو کەســـانەی لـــە هەوڵدان ســـاختە و فێڵ بەرانبەرتان بکەن. بینیوتانە کە ئەو کەسانەی بە وشەی جوان دەتاندوێنـــن، بە ڕووتانـــەوە پێدەکەنن، ڕێزتان بـــۆ دەنوێنن، هەندێ جاریش دیدارتان پێ دەبەخشن. ڕاستە ڕەفتارەکەیان ناتونـــد و تیژە، بەڵام هاندەریـــان نەرێنیانەیە، بە نیازن فێڵتان لـــێ بکەن. ئەوەش لـــە کرۆکدا بە ڕەفتاری تونـــد و تیژانە لە قەڵەم دەدرێت. جارێکیان مامۆستایەکم ئاگاداری کردمەوە کە ئەگەر بەو شـــێوازە لە خوێندن بەردەوام بم و موتاڵا کردنی وانەکانـــم فەرامۆش بکـــەم، ئیتر بۆ تاقی کردنـــەوەی کۆتایی چـــی بکەم و چۆن بتوانم دەربچم؟ ڕوخســـاری مامۆســـتاکە نەرێنیانە هەڵگەڕا بوو، بە وشەی توندەوە قسەی دەکرد. ئەو کاردانەوەیە هەمووی لە ئاکامی خەمخۆری و خۆشەویستییەوە بوو، کەواتـــە کاردانەوەکەی ڕەفتـــاری ئەرێنیانەی دەگەیاند، چونکە ئامانجەکەی ئەرێنییە. تووڕەیی لەسەر بنەمای هاندان: هاندەر دروســـت دەبێت. ئەو جـــۆرە تووڕەییەی ئاماژەت پێ کـــرد، لە ئەنجامی خەمخۆری و بەزەیی و هزری ئەرێنیانەوە ســـەری هەڵـــداوە. ئەوەش تـــووڕە بوونـــی ئەرێنیانەیە، بەڵام ئەگەر تووڕەیی لە ئەنجامی ڕق و کینەوە سەر هەڵبدات، ئەو کات ئـــەو جۆرە تووڕەییـــە نەرێنیانەیە، بـــڕوای ڤینێیا لەگەڵ

بەرژەوەندیــی تایبەتیانە ویــک نایەتەوە. لــەو بڕوایەدا ٢٥٣ پرەنســیپ هەیە، کە لە زۆربەیاندا ڕەفتاری نەرێنیانە قەدەغە دەکــەن، جەخــت دەکرێتە ســەر بایەخدان بــە بەرژەوەندیی گشــتی. ڕەنگە لە پێناو بەرژەوەندیی گشتیدا درۆ بکرێت یان ڕەفتــاری توند بگیرێتە بەر، یان لە هەندێ کەیســی تایبەتیدا ناچار بیت تاوانێک بکەیت بۆ پاراستنی بەرژەوەندیی زۆرینەی خەڵک و زامن کردنی ســوودی درێژخایــەن بۆ کۆمەڵگە. بە نموونە لە ژیانی پێشووی بوودادا، ئەوە دەزاندرێت کە بوودا ســەرەتا بازرگانێکی گــەورە بووە، ســەرۆکی ٥٠٠ بازرگان بووە، یەکێک لە بازرگانەکان پلانی داڕشــت بوو بۆ کوشتنی ٤٩٩ بازرگانەکــەی دی، تا دەســت بە ســەر هەموو ســامان و موڵکیانــدا بگرێــت. لەبــەر ئەوە بۆ چەندین جار ســەرۆک ئاگاداری کردەوە ئەو کارە نەکات، بەڵام ئەو پیاوە پێداگیریی دەکرد لە سەر بەجێ گەیاندنی پیلانەکەی. لە سەر ئەو پیلانە بــەردەوام بوو، لەو کاتەدا ئیتر بــوودا بیری لەوە کردەوە و گوتی: (ئەگەر ئەم پیاوە نەکوژم ئەوا بە کوشــتنی ٤٩٩ کەس گوناهبار دەبێت). لە ئاکامیشدا بوودا دووچاری گوناهی تاوان دەبێتــەوە، چونکە ڕێگر نەبووە لە ڕوودانی. بەو شــێوەیەش بوودا دەبێتە هاوبەشی کوشتنی ٤٩٩ مرۆڤ، هەر بۆیە بوودا بــۆ خۆی ئەو پیاوەی کوشــت. واتە بــوودا تاوانێکی کرد، لە پێناو ڕێ گرتــن لە تاوانێکی گەورەتر و ڕزگار کردنی گیانی ٤٩٩ پیــاوی دی. لەبەر ئەوە ڕەفتارێکی نەرێنیانەی گرتە بەر و بڕیــاری دا ئەو پیاوە بکوژێت، بەڵام ئەنجامێکی دروســت لەو ڕەفتــارە نەرێنییە کەوتەوە. لەبەر ئــەوە زۆر ڕێگر هەن لە پرەنسیپەکانی ڤینێیا کە گوشار دەخەنە سەرمان ڕەفتاری نەرێنیانە بکەین. نموونەیەکی تر ســەبارەت بە پرەنســیپێکی ڤینێیا ســوترا. ئەویش نابێ دەســت لە زێڕ بدەیت، بەڵام ئەو حاڵەتەش هەیە کە ئەگەر تۆ بە پێی پرەنسیپەکانی ڤینێیا سوترا

کەسـێک زێڕت پێشکەش بکات و تۆ دەستی لێ نەدەیت و لە ئاکامدا ئەو کەسـە بشکێتەوە و دڵگرانی دایبگرێت، لە حاڵەتی وەهـادا و لـە پێناو ڕێزگرتن لە هەسـتی بەرانبەر، پێویسـتە دەستی لێ بدەیت و لێی وەربگریت. لەبەر ئەوە هەموو ڕەفتار و پراکتیـزەکان پەیوەسـتن بە سروشـتی بارودۆخەکانەوە، پێویسـتە بیر لە بارودۆخ و سروشتی ڕووداوەکان بکەینەوە و بەراوردکاریـی بۆ بکەین. سـەبارەت بە پرسـیارەکەت لە بـارەی کرداری بـە نهێنی کردنـی ئایین، وشـەی (دانتایانا) هەیـە، هاوواتای (کوهی)یە واتـە نهێنی. ئەمەش بەو واتایەی هەندێک نەریت هەن کە مرۆڤ ناتوانێت لە بەردەم کەسـانی تر بیانکات، باشـتر وایە بە نهێنی بیانـکات. لە دێر زەماندا و بە پێی نەریتی نالاندای هیندسـتان، مامۆسـتایانی گەورە بە تەنیـا بە نهێنی پراکتیـزەی نەریتەکانیان تاقی دەکردەوە. ئەم بابەتەش دوو لایەنی لە خۆ گرتووە، لە لایەکەوە قوتابییەکان تەماشای خۆیان دەکرد و تەماشای مامۆستاکەشیان دەکرد، تا بزانن نەریتەکان بە تەواوی پراکتیزە دەکرێن یان نا؟ هاوکات مامۆسـتاکانیش لە لای خۆیانەوە بەدواداچوونیان هەبوو بۆ قوتابییەکان، چاودێریی پراکتیزە و ڕەفتارەکانیان دەکردن، تا دڵنیا بن لەوەی بە شـێوەیەکی ڕێک و پێک دەیکەن. زۆربەی جار ئەو چاودێری کردنە بە نهێنی دەکرا، بێ ئەوەی کەسـی بەرانبەر هەسـتی پێ بکات. ئەگەر پێویسـت بوایە مامۆسـتا دەچوو بۆ لای قوتابییەکەی و بە تەنیا قسەی بۆ دەکرد، بەڵام ئێمەی تیبیتی حەزمان لە وانە گوتنەوەیە بۆ هەزاران قوتابی لە یەک کاتدا. لە بیرمە لە زانکۆی پاتێرا مامۆسـتایەک هەبوو بە ناوی پرۆفیسۆر جووشی، ئێستا لە ژیاندا نەماوە، کتێبێکی نووسی بوو شەخسی خۆی هات و کتێبەکەی پێشکەشم کرد. لە کتێبەکەیدا باسـی لە سـێ نەوەی بوودا دارمایی کردووە لـەم وڵاتـەدا. بە هەر حـاڵ، دەمەوێت ئاماژە بـدەم بە چەند

خاڵێکـــی گرنگ، خاڵی یەکەم: ئەگەر بێتوو پەرســـتار بایەخ بە بەهـــای مادده بدات و کاری بزنس بکات، ئەو کاتە ئەو جۆرە پەرستارە لە ناو کۆمەڵگەدا ڕێز لەدەست دەدات، ئەگەر هاتوو پەرستار لە پاش مردنی خۆی زێڕ و موڵکی لێ بەجێما، ئەوا لـــە ناو خەڵکیدا ڕێز لە دەســـت دەدات. خاڵـــی دووەم: بە پێی نەریتـــی (دانتک) پێویســـتە مرۆڤ بۆ پراکتیـــزە کردنی چەند لایەنێکی دیاری کراو، بۆ نموونە سێکس، شیاو بێت. پێویستە لـــە کاتی پراکتیزە کردنی سێکســـدا کۆنترۆڵی تەواوی هەبێت بەسەر وزەی ناخ و جووڵانەوەی تۆو لە جەستەدا، بۆ ئەوەی بتوانین ئەو وزە و جووڵانەوەیە کۆنترۆڵ بکەین. لە پراکتیک کردنی ئەو حاڵەتەدا نموونەیەکتان بۆ دێنمەوە. مامۆستایەکم هەبـــوو ئەویـــش ئێســـتا مـــردووە، زۆر نایاب بـــوو، هاوکات پەرســـتارێکی باشـــیش بوو، نزیکەی ٣٠ ســـاڵ بەر لە ئێستا پێکەوە دانیشـــتین و گفتوگۆمان کرد. مامۆستاکەم گوتی شیر بخەرە ناو مەنجەڵێکەوە، بزانە تا چەند دەتوانیت بە کۆئەندامی نێرینەت شیر بمژیت بۆ ناو هەناوت. کەواتە تاقی کردنەوەکە بەو شێوەیە دەکرێت، تا چەند لە تواناتاندا هەیە؟ جووڵانەوەی تۆو لـــە هەناودا کۆنتـــرۆڵ بکەن؟ ئەگەر بتوانیـــت کۆنترۆڵی بکەیـــت، ئەو کاتە وزە و تۆو دێنە خوارێ، بەڵام دەگەڕێنەوە بۆ سەرەوە و لە جەستە دەرناچنە دەرەوە، بەڵکوو هەر دێن و دەگەڕێنـــەوە، دێن و دەگەڕێنەوە، ئەمـــەش بە بەردەوامی. ئەمەیـــە پراکتیزەی ڕاســـتەقینە، لە ئەنجامی ئەم پرۆســـەیەدا ئاســـتەکانی مێشـــک دەســـت بە تواندنەوە دەکەن و ناچالاک دەبن، چونکە لەو ســـاتەدا لـــە ئەنجامی ئەو هاتن و گەڕانەوە و جووڵانەوەیەی تۆودا، ئارامی دەگاتە جەستە و ئاستەکانی مێشـــک دەتوێنەوە و چڕ دەبنەوە تا دەگەنە قووڵترین ئاستی خۆیان. جارێکیان لە کەســـێکی ئاســـاییم پرســـی کە پەرستار نەبوو، بەڵکوو کەسێکی ئاسایی ناو خەڵکانێکی ئاستی گشتی

بوو، دەشمزانی ئەو کەسە هاوسەری هەبوو، پێم گوت چەند منداڵتان هەیە؟ ئەویش وەڵامی دامەوە و گوتی: شتی وا نییە منداڵمان نییە، چونکە هەرگیز ڕێ بە دەرچوونی وزە و تۆو لە جەستەمەوە نادەم، بە بەردەوامی ڕێی لێ دەگرم و دەگەڕێتەوە، هەر بۆیە مەحاڵە منداڵمان ببێت..

ئەمەیە پراکتیزەی دروست، گەرچی ژمارەیەک لە لاماکان خاوەنی منداڵن، ڕێزم هەیە بۆیان، بە هەر حاڵ لە سەردەمانی دێرینەوە بێ ئەوەی لە تواناکان و هەناویان بکۆڵنەوە، ئەم تێستە لە لایەن خەڵکانێکی زۆری تێبیتەوە دەکرا، بەڵام ئەتیشا ئەمەی ڕەت کردەوە. لە ڕاستیدا بەشێک لە نەریتەکانی دانتیک هەندێک لایەن لە خۆ دەگرن، بە نموونە: کۆنترۆڵ کردنی هەناسەکێشان لەگەڵ جووڵانەوەی وزە و تۆو. ئەم جۆرە نەریتانە لە ناو هەردوو ئایینی بوودی و هیندۆسیدا پراکتیزە دەکرێن، نەریتی هاوبەشن. جیاوازیی نێوان نەریتەکان دەبێتە مایەی تێگەیشتن لە ئاناتما، ئایینی هیندۆ لە سەر بنەمای ئاتما نەریتەکان پراکتیزە دەکات. لە لایەکی دیکەوە وەرزشی یۆگا هەر هەمان شتە و هیچ جیاوازییەکی نییە. پراکتیزەیەکی دیکە، هەر بەڕێوە مرۆڤ دەکەوێتە دەرهێنانی عەقڵ و جیاکردنەوەی لە جەستە بە هۆی خەڵوەتەوە، چونکە مرۆڤ بە خەڵوەت دەتوانێت عەقڵ لە جەستە جودا بکاتەوە. لە ڕاستیدا چەند حاڵەتێکی دەگمەن لە تیبیت ڕوویان دا، کە جارێکیان ژمارەیەک لاما لە لایەن سوپای ئازادی چینەوە دەسگیر کرا بوون، مەبەستم پۆلیسی چینە. پۆلیس لاماکانی دەسگیر کرد بوو، بۆ لێکۆڵینەوە و ئەشکەنجەدان و دادگایی کردنیان. لە ڕێدا لاماکان پشوویان دا و لە شوێنێکدا دانیشتن، لە ناکاو هەنسکیان دا و گیانیان لە دەست دا. ئەو شتە ڕووی داوە و ئەگەری ڕوودانیشی هەیە. کاتی خۆی لامایەکی مەزن هەبوو، تۆمەتێکی ئاراستە کرا بوو، گوایە تاوانێکی کردووە،

دەسـگیر کـرا تا بیگەیەننـە دادگا و حوکمی لە سـێدارەدانی بۆ دەربچێت. لە ڕێگا داوای لە پاسـەوانەکان کرد پشوویەک بدەن. لاما چوو لە سـەر بەردێک دانیشت بۆ خەڵوەت گرتن، کەوتـە پراکتیزە کردنی جیا کردنەوەی عەقڵ لە جەسـتە، لە ئاکامدا گیانی لەدەسـت دا. هەر بۆیە مەبەستم لەوەیە کە ئەو جۆرە پراکتیزەیە هاوبەشـە لە نێوان نەریتەکاندا، تەنانەت لە نـاو نەریتـی بوودیزم و هیندۆسـی و زۆر نەریتـی تردا. لە دوایەمین بەشـدار بوونم لە ڕێوڕەسمی حەجی کۆمبا مێلادا، پەیامێکـم نـارد تا چاوم بەو کەسـانە بکەوێت کـە خەڵوەت پراکتیـزە دەکەن. زۆر پەرۆشـی بینینیانم و ئەو کەسـانە بە مانگ و سـاڵ بە سـەر چیاکانـەوە ژیان بەسـەر دەبەن، بە تەواوەتـی ڕووتـن و هیـچ جـل و بەرگێک ناپۆشـن. دڵنیام لـەوەی ئەو کەسـانە لە پراکتیزە کردنی سـەنتەری هەناو و گەرمایـی ناخـدا ئەزموونیـان هەیە، ئەگەر نا چـۆن نامرن؟ ئەوانـە بـە تەواوەتی لە سـەر شـاخەکاندا ڕووت و قووتن. کۆئەندامـی زاوزێیـان بـە دەرەوەیە. جارێکیان لـە یادمە لە دەلهی مامۆستایەکی (جەیل) بە ناوی (سوشێل کۆمار) گیانی سـپارد. لە پەرستگایەک ڕێوڕەسـمی ناشتنیان بۆ ساز کرد. لەوێدا پەرسـتارێکی جەیل ئامادە بوو، بـە تەواوەتی ڕووت بوو. منیش چووم لە تەنیشتی دانیشتم، بە ڕاستی منیش پێی سەرسام بووم، چونکە بە لایەوە گرنگ نەبوو کە جەستەی بە دەرەوەیە، بەڵکوو پیادە کردنی نەریتەکانی بە لاوە گرنگ بوو، بە تەواوەتی ڕووت و قووت بوو، وەک ڕێزێک بۆ ئەو پیاوە، سـەرم داگرت و نێوچەوانم لە ئەژنۆدا، بـەڵام بیر و خەیاڵم لای کۆئەندامی نێرینەی نەبوو، پاشـان یەکێک لە پەرستارانم هات، کە بەردەوام حەزی لە نوکتە و قسـەی نەستەقە. زانیم بۆچـی هاتووە، بۆیە لێمی پرسـی: کۆئەندامـی نێرینەی ئەو پیاوەت بینی؟ منیش وتم بێگومان بینیم. ئەو پیاوە بە راستی

نەریتەکــەی پراکتیک دەکــرد و ڕەفتارەکانی نواندن نەبوون، بەڵکوو ڕاست و دروست بوون، بۆیە پەیامێکم بۆ ڕێکخەری حەجــی کۆمبا مێلا نارد، داوام کــرد چاوم بە ژمارەیەک لەو پەرستارانە بکەوێت، بەڵام ڕێک نەکەوت، چونکە وەک پێشتر ئامــاژەم پــێ کرد، گەشــتەکەم دوا خــرا و نەمتوانی لە کاتی کۆمبا مێلا بگەمە دەلهی. بۆیە من زۆر بە پەرۆشم بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەو جۆرە پەرســتارانە دابنیشــم، گفتوگۆ و ئەزموون ئاڵوگۆڕ بکەین، ئەمەش کارێکی یاریدەدەر و باشە.

تکاکارم ئەگەر هەر کەسێکتان، هەر پەرستارێکی لەو جۆرە بناســن، ئاگادارم بکەنەوە، خۆشــحاڵم بە دانیشــتن لەگەڵیان و ئاڵوگــۆڕی ئەزموونەکانمــان. لە لایەنێکی دیکەشــەوە، ئەم بەیانییە لەگەڵ ژمارەیەک کەس قســەم کرد، باســم لەوە کرد کــە زۆر گرنگە بە لامەوە زاناکان لەگەڵمان بەشــداری بکەن بۆ بەجێ گەیاندنی هەندێ تێســت و تاقی کردنەوەی تایبەت، چونکــە هەنــدێ کەیــس هەیە کە تێیدا جەســتەی پەرســتار پــاش مردنــی ناشــێوێ و بە فرێــش دەمێنێتــەوە. یەکێک لە مامۆستایانی گەورە ئەو کەیسەی بەسەر هات، تەنانەت پاش گیان لەدەســت دانی بە ١٣ ڕۆژ، بەڵام جەستەی نەشێوا بوو هەر بە فرێش مابووەوە. بە درێژایی ٥٠ ســاڵی ڕابردوو، بە نزیکەی ٣٠ کەیس لە تیبیت لەو چەشنە ڕووی داوە، کە پاش گیان لەدەست دان جەستەیان بە فرێش ماوەتەوە، هەندێکیان تــا چوار هەفتە بــەردەوام بوون. زۆر بە لامــەوە گرنگە ئەم جۆرە کەیسانە لەگەڵ زاناکان تاووتوێ بکەم، چونکە بەشێک لە زانایــان بایەخێکی زۆری پــێ دەدەن، تەنانەت هەندێکیان توێژینــەوە و پرۆژەیان هەیە بۆ لێکۆڵینــەوە لە هۆکارەکانی پشت ڕوودانی ئەم دیاردەیە. «لاما»یەکی زۆر گرنگ هەبوو کە سەرۆکی گرووپێکی پەرستاری بوو، لاشەکەی بۆ ماوەی ١٨ ڕۆژ بە فرێشــی مایەوە، قوتابییەکی هەبوو کە بە ڕەگەز

ئەمریکی بوو، رۆژ بە رۆژ لە سەر ئەو دیاردەیەی دەنووسی، دواتر پزیشـــکەکانیش پشـــکنینیان بۆ تەرمەکـــە کرد، ئێمەش هەندێـــک ئامێـــری تایبەتیمان بەو جۆرە پشـــکنینانە هێنا بوو. ئـــەو «لاما»یە هەناســـەی نەبوو، هەروەها ســـووڕانی خوێن لە جەســـتەی وەســـتا بوو، ئـــەو لە رووی پزیشـــکییەوە مرد بوو، کەچـــی جووڵەیەکی بچووک لە لەرینـــەوەی ئامێرەکەدا هەبوو..

ئەمڕۆ ئەمە کێشەیە، چونکە کاتی خۆی ئەو جۆرە ئامێرانە نەبـــوون، ئەمڕۆ ئامێر و خەڵکی شـــارەزامان هەیە، بەڵام لەو جۆرە کەیســـانە روو نادەن، کەس بەو چەشنە گیان لەدەست نـــادات. هاوکات ناتوانم بە کەس بڵێم بمرە تا لێکۆڵینەوەت لە ســـەر بکەین، چونکە دەترســـم داوای لێ بکەم بمرێت و گیان لەدەســـت بدات و دیاردەکە روو نەدات. هەر بۆیە ئێســـتا بە بەردەوامی ئەو جۆرە ئامێرانەمان هەیە و لە ئامادەباشیداین، لـــە هەفتەی رابردوو پەرســـتارێکی بەســـاڵاچووی تەمەن ٨٠ ســـاڵ، کە جەســـتەیەکی لاوازی هەبوو، گیانی لەدەســـت دا و بـــۆ مـــاوەی ٥ رۆژ بە «فریـــش»ی مایەوە. دڵنیاشـــم لەوەی ئـــەم دیاردەیـــە لە ناو پەرســـتارانی هینـــدۆس رووی دا بێت، بەڵام کێشـــەکە لەوەدایـــە زۆربەی جار هەســـت بە روودانی ئـــەم دیاردەیە ناکەین و بایەخی پێ نادەین. دیاردەی دیکەش هەیە کـــە بیرەوەرییەکانی ژیانی رابردوومـــان بگێڕینەوە، لە ســـاڵانی ١٩٧٠ چاوم کەوت بە ٢ کچی تەمەن ٦ و ٤ ســـاڵان، کـــە بە ڕوونی بیرەوەرییەکانیان بۆم گێڕایەوە. لە نێو خەڵکی «تیبیت»یش زۆربەی جار ئەو دیاردانە هەیە، بە شـــێوەیەکی گشـــتی ئەم جـــۆرە دیاردانـــە لای زانـــاکان زۆر گرنگن و بە بابەتییانـــە ســـەیری دەکـــەن، هـــەر بۆیە لێکۆڵینـــەوەی چڕ و زیاتری لەبارەوە دەکەن.

کێ پرسیاری دیکەی هەیە:

● *تـا چەنـد دەتوانیـن لـە سـەر بنەمـای رۆحانیەت پەرەپێدانی ناخ بەدی بهێنین؟*

دالای لاما: ئەو کەسـەی دەیەوێت ئەم مەسـەلەیە پراکتیک بکات، کارەکە بە خۆیەوە پەیوەسـتە، پێویسـتە بە ئاسـتێکی راسـت و دروسـت پراکتیکی بکات. (میلەر یابا) پەرستارێکی زۆر بەناوبانگ بوو، جارێکیان ویسـتی وزەی ناخ بۆ خەڵکی بسەلمێنێت، ئەوە بوو تەرکیزی لە سەر بەردێک دانا و دەرەنجام بەردەکـە لەت بـوو، منیش چەند هاوڕێیەکـم هەیە تەرکیزی تەواو لە سـەر شـتەکان دەکەن. ئامانج لەم تاقی کردنەوەی «شاماتا»، بۆ چڕ کردنەوەی وزەی مێشکە، کە زۆربەی جار پـەرت و بڵاوە، وەکوو ئاو وایـە و هێزێکی ئەوتۆی نییە. بۆ دروست کردنەوەی وزە پێویستە ئاو لە کەناڵێکی تەسک چڕ بکرێتەوە و هێزی پاڵنەر دروسـت دەبێت و وزەکە گەورەتر دەبێت. مێشکی ئێمەش بە هەمان شێوە، کە لە رێی تەرکیزی شـاماتاوە وزەکە چڕ بکەینەوە، بە تەواوەتیش تەرکیز بکەینە سەر ماددەیەکی دیاری کراو، کاریگەریی لە سەر دەبێت. من گەرچی خۆزگەم خواسـتووە ئەو جـۆرە ئەزموونەم هەبێت، بەڵام نیمە. وەک وەڵامێک بۆ پرسـیارەکەت پێویستە سەرەتا کەسـەکە ئەزموونی تایبەتی هەبێـت، روون و رەوان نەریت پراکتیـک بـکات و دواتـر کاریگەریی دەبێت، بـەڵام تەنیا بە خوێندنەوەی تێکسـت ئەو جۆرە کاریگەرییەی نابێت، چونکە کاریگەریی راسـتەقینە لە ناخەوە سـەر هەڵدەدات. هەر بۆیە پرسیارەکەت دوو لایەنی بەڵێ و نەخێر لە خۆ دەگرێت. بەڵێ بۆ مرۆڤی شـیاو و بە ئەزموون کە دەتوانێت ئەو شتە بەدی بهێنێـت. نەخێریش بۆ ئەوەیە کە هەندێک جار مرۆڤ وەکوو کولتـوور یا وەک داب و نەریت نـەک وەک ئەرکێکی پیرۆز، نەریت پیادە دەکات.

● *ڕێزدار "دالای لاما" بە وردی گوێم لێتان گرت، بەڵام لە لێدوانەکەتدا لەبارەی ئاتما و ئاناتما من تێنەگەیشتم، پاش ئەوەی مرۆڤ بمرێت و پاش نەمانی ئاتما چیی دەمێنێتەوە؟ چی لە پاش مردن بەردەوامیی هەیە؟*

دالای لاما: بە پێی بوودیزم، گوزارشتی من ئاماژە بە تێکەڵەی جەستە و مێشک پێکەوە دەکات، کە لە چەند ئاستی سەریّ و خواریّ و زۆر خوارووتر پێک هاتوون. هەر بۆیە ئاستی قووڵی خواری خوارەوە سەقامگیرە، جەستە و مێشکیش لێرەدا یەک پارچەن و تێکەڵن. ئیدی لەو ئاستەیدا جەستەی سەقامگیرە و مێشکیشی سەقامگیرە، نە سەرەتای هەیە و نە کۆتایی، ئەگەر گوزارشتی من بۆ ئەو تێکەڵەیە تەرخان بکەین، واتە نە سەرەتای هەیە و نە کۆتاییش. مرۆڤ لە کاتی گیان لەدەست دانی ئاستەکانی سەرەوەی هەستەکانی دەمرن و ئاستەکانی خوارەوەشی هەڵدەوەشێنەوە، بەڵام ئاستەکانی خواری خوارەوەی دەمێنین، تەنانەت لە دوای مردنیشی. جا بۆیە جەستەی مرۆڤ پاش مردنیشی بە «فریش» دەمێنێتەوە، چونکە لە رووی مێشک و جەستەوە سەقامگیرن. هەڵبەت پاش گیان لەدەست دان، هەر کە جەستە و مێشکی سەقامگیر لە جەستەمان جیا بوونەوە، ئەو کات جەستەمان یەکسەر بۆگەن دەبێت. زۆربەمان باوەڕمان بە هەندێک دیاردەی سەیر و سەمەرە هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا کە گوێمان لێ دەبێت، بە سەرسوڕمان و بە دیقەتەوە گوێی لێ دەگرین. خۆشم چەندین جار کە چوومەتە خەڵوەتەوە «یۆگا»، ئەو شتە بە سەر خۆشمدا هاتووە، پێم وایە ٥ جار لە میانەی خەڵوەتەکانم زانیومە مەرگ لە ڕێگەدایە بۆ جەستەم، بەڵام نازانم بۆچی تاکوو ئێستا نەهاتووە. تاقی کردنەوە دەری خستووە، مرۆڤ لە کاتی خەوتندا دەکەوێتە ئەزموونەوە، لە پرۆسەی هەڵوەشاندنەوەی ئاستەکاندا

دەمێنێتەوە. لە کاتی نووستندا تۆ مێشکت ئاگادار دەکەیتەوە، بۆ ئەوەی بزانی قۆناغەکانی پرۆسەی هەڵوەشاندنەوە چین و لێیان تێبگەیت. مرۆڤی ئاسایی دەتوانێت لە قۆناغەکانی یەکەم و دووەم هۆشـیار بێت و ئاگای لە پرۆسـەکە هەبێت، بەڵام لە قۆناغەکانی سـێیەم و چوارەم و پێنجەمدا هەسـتی لە لای خۆی نامێنێت، جگە لەو کەسـانەی کە ئەزموونی جیا جیایان هەیە، کە دەتوانن تەرکیز بکەن و بزانن لە ناو خەودا ئەوەی دەیبینـن خەونە. تـا نەریـت و پراکتیزەی ژیانـی واقیعی لە بیرتان بمێنێت و پەیڕەوی بکەن، هەر شتێک لە ناخ و هەناودا سـەرچاوە بگرێت، توانای بە سـەردا زاڵ دەبێت تا پرۆسەی هەڵوەشاندنەوەی ئاستەکانی تا خواری خوارەوەی لێ وەدی بێت، ئەمە لەو کاتەدایە کە ئێوە هێشـتا خەوتوون، ئەویش لە ئەنجامـی بیرتیژی و خۆ ئازاد کردندا روو دەدات. بەڕای من ئەمە باشـترین میتۆدە بۆ تێگەیشـتن لە قۆناغە جیاوازەکانی هەڵوەشـاندنەوە. هەنگاوی یەکەم ئەوەیە ئاگاتان لای خۆتان بێـت، بزانـن خەوتوون یا لـە ناو خەودا دەژیـن، کە زانیتان ئەوەی دەیبینن خەونە، بە خۆتان بڵێن من لە ناو خەونم. ئەگەر توانیتان بگەنە ئەو راسـتییە، ئـەو کات دەتوانن خەونەکانتان کۆنترۆڵ بکەن. کاتی خۆی پەرسـتارێکی بەساڵاچووم ناسی لە ساڵی ١٩٥٠دا گوتی: (دایکم پێمی گوت من دەڕۆم دەخەوم و خەوێکـی درێژ دەکەم، لە کاتی خەوتنمدا ڕام نەچڵەکێنی و دەسـتم لێ نـەدەی). دوای ئەوەی دایکی خـەوت، پاش یەک هەفتە پەرستارەکە گەڕایەوە و سەیری کرد هێشتا خەوتووە، پاش یەک هەفتەی دیکە لە خەو هەڵسـا و بە کوڕەکەی گوت بوو، کە لە کاتی خەوتنیدا ئاستی قووڵی خوارەوەی جیا کرد بووەوە لە جەسـتە و مێشـکی، چوو بوو سـەردانی چەندین شـوێنی جیاوازی لە سەرتاسـەری دنیادا کرد بوو. تەنانەت بۆ کوڕەکەشـی بـاس کرد بوو، چی لەو شـوێنانەدا روویان

دابــوو. ئەو ڕووداوانەش بە ڕاســتی ڕوویــان دابوو، دایکی پەرســتارەکە لە کاتی خەوتنیدا لە ناو خەونەکە توانی بووی خۆی لە جەســتەی جیا بکاتەوە و ســەردانی چەندین شوێنی جیاواز بکات.

- *ئاماژەتــان کرد بە ٨ قۆناغەکانی هەڵوەشــاندنەوە، ئەوانیش پاش گیان لەدەست دان، بە دەگمەن کەسانێک هەن بەو ئەزموونە تێپەڕن، ئەوەی بەو هەشت قۆناغەدا تێدەپەڕێــت ڕازی نییــە لە ســەری بدوێــت، ئیتر چۆن بزانین ئەو پرۆسەیە هەیە؟*
- *بۆچی لە بوودیزمی تیبێتدا بایەخێکی زۆر بە خەڵوەتی گیان لەدەســت دان دەدرێــت و ڕوانین بۆ (یامان تاکا) گرنگە؟*

دالای لامــا: وەک پێشــتر ئاماژەم پێ کرد، لەم کەیســانەدا تەنانەت پزیشک هەســت دەکات جۆرە هۆشێک لە دەروونی بەشــێک لە نەخۆشــەکاندا مــاوە، هەســت دەکات مرۆڤ بە ئەزموونــی جــۆرە خەونێکدا تێدەپەڕێت. ئەو شــتە زۆر جار ئەگەری ڕوودانی هەیە، هاوڕێیەکم هەیە تا ئەمڕۆ لە پراکتیزە کردنی خەڵوەت بەردەوامــە، کاتێک دەکەوێتە خەڵوەتەوە، لە ماوەی سێ کاژێردا بە قۆناغە جیاوازەکاندا تێدەپەڕێت. وەک گوتمان ئاســتەکان بریتین لە ٨ قۆناغ لە سەرێ تاکو خوارێ. ئەو هاوڕێیەم لە سەرەوە دەست پێ دەکات تا قۆناغی ٤ و ٥ دەڕوات، هیچ ناچار نییە درۆم بۆ بکات، پیاوێکی ڕاســتگۆیە و خاوەن کەســایەتییەکی بەرز و ڕۆشــنبیرە، منیش باوەڕم بە قســەکانی هەیە. پەرستارێکی تری هاوڕێم هەبوو لە کاتی تێپەڕاندنی قۆناغەکانی هەڵوەشــاندنەوەدا، سەرەتا جەستەی سیس و ناکارا دەبوو، پاشان دەگەیشتە ئاستەکانی خواروتر و ژیانی پێشووی خۆی بە ڕوونی دەبینی.

● *کەواتە ئەو کەسانەی بەو ئەزموونەی ٨ قۆناغدا تێپەڕیون، دەتوانن باسی ئەو ئەزموونەیان بکەن، واتە بۆ خەڵکی دیکەی باسی بکەن؟*

دالای لاما: ئەو ئەزموونە لە تێکستەکەی ناگار جونادا نووسراوە، کە باوەڕ پێ کراوە، لە بەدمەستێک وەرم نەگرتووە و سەرچاوەکەی بۆ فێڵباز و ساختەکارێک ناگەڕێتەوە، وەکوو هەندێک لە پەرستارانی وڵاتی چین. ئەمڕۆ باوەڕی بوودیزم لە وڵاتی چین گەشەی کردووە، بەشێک لە «لاما»کانی تیبیت ئەو دەرفەتەیان قۆزتووەتەوە و ئامانجیان بۆ پارە یا سێکسە، خاوەن هیچ ئەزموونێکی تر نین، خۆیان بانگەشە بۆ خۆیان دەکەن کە مەزنن. هاووڵاتیانی چین لە ئاست ئەم (لاما) یانەدا شەرمەزارن، چونکە بازرگانی بە ئایینی بوودییەوە دەکەن. بە تێپەڕ بوونی کات خەڵکی بۆیان دەرکەوتووە، کە ئەوانە بوودیزمی راستەقینە نین، لەبەر ئەوە ناگار جونا و ئاریا داوا و پێشنیازەکانی خۆشیان، هەموویان زۆر بە روونی لەبارەی ئەزموونەکەیان نووسیوەتەوە، تەنانەت لە تیبیت پەرستارەکانی وەک گاکیو کیلۆ ساگا هەموویان بە روونی باسی ئەم ئەزموونەیان کردووە، لە نووسینەکانیاندا رەنگی داوەتەوە، بۆ نموونە نووسیویانە فلان و فیسار وایان گوت. دواتر لە قۆناغەکانی دیکەی ژیانیاندا بە زمانی خۆیان شتەکان دەگێڕنەوە، دەتوانین وەک سەرچاوەی باوەڕ پێ کراو پشت بە شتەکانیان ببەستین. ئێمە لە بوودیزم کاتێک باسی ئەزموون و دیاردەکان دەکەین سێ پۆلێنمان هەیە، یەک: دیاردەی بیندراو ئەو دیاردانە لەخۆ دەگرێت کە مرۆڤی ئاسایی بە چاو دەیانبینێت، دوو: دیاردەی نەبیندراو، سێ: دیاردەی شاراوە. زاناکان لە سەر پۆلێنی دیاردەی بیندراو لێکۆڵینەوە دەکەن، ئەو دیاردانەی بە چاو دەبیندرێن. لە ئاکامدا نەبیندراوەکانیان بۆ دەردەکەوێت، پێویستە دیاردە

شـــاراوەکان لە لایەن کەسێکی ســێیەمەوە، شی بکرێتەوە بۆ ئەوەی دڵنیا بین لەوەی کە باوەڕ پێ کراون. پێویستە لێدوان و زانیاری و ئەزموون و مەعریفەی کەسی سێیەم بە ڕێژەی ١٠٠٪ دروســت بێــت. ئەو کات دەگەینــە دەرەنجامی ئەوەی چەند باوەڕ پێ کراوە، بە پێی ئەزموونی خۆیان راســتییەکان باس دەکەن. ئەمە پرۆســەیەکی دوور و درێژە لە زانیاری و راســتی و مەعریفە، کە لە قوتابخانەی نالاند و مامۆســتایانی نالانــد و نەریتی هیندییەوە ســەرچاوەی گرتووە. لەوێوە بۆ تیبیت هاوردە کراوە. هیندییەکان هەموو شــتێکیان هەناردەی دەرەوەی کــردووە، هیچیــان لای خۆیــان نەهێشــتووەتەوە. زاراوەی (ئەهیمسا) واتە هەناردە کردن. ئەو زاراوەیەم لەگەڵ گاندی و نیلسۆن ماندێلا و تەنانەت یاسیر عەرەفاتیش بەکار هێنــا، کە هەموویان پیادەی ئەهیمســایان دەکرد. لەبەر ئەوە پێویستە بەردەوام بن لە بەرهەم هێنان لە سەر ئاستی لۆکاڵ لــە ناو وڵاتدا. پێم وایە ئەو میتــۆدەی ئێوە پیادەتان کردووە پێی دەگوترێت میتۆدی ناخۆپەرســتی، چونکە هەموو شتێک بــۆ دەرەوە دەبەخشــن، هیچ بۆ خۆتان ناگێڕنــەوە، دەتوانن توێــژی گەنجان فێری ئــەم بەها پیــرۆز و میتۆدانە بکەن لە ســەر دوو ئاســتدا، ئاســتی نەریتی دێرین و ئاستی زانستی خســتنە رووی دەرەنجامــەکان، بە تێکەڵەی ئەو دوو ئاســتە دەتوانن گەنجان پەروەردە بکەن.

● *بواری ڕۆحانیەت زۆر فراوانە، زەحمەتە بۆ مرۆڤ لە یەک ژیاندا بتوانێت هەموو لایەنەکانی تاقی بکاتەوە، بەڵام بیســتوومانە کەســانێک هەبوون لە یــەک ژیاندا توانیویانــە لە خەڵکانی دیکە زیاتــر زۆربەی لایەنەکان تاقــی بکەنــەوە، بە ڕای تــۆ چۆن ئــەم ئامانجە وەدی دەهێندرێت؟*

دالای لامـــا: له ڕوانگەی بوودیزمـــەوە ژیان تەنیا یەک جار نییە، بەڵکوو پرۆســـەیەکی بەردەوامـــە وەکوو بازنە دووبارە ژیانـــەوەی تێدایە و هەمیشـــە لە خولانەوەدایـــە. جارێکیان لە خەونمـــدا بیرەوەریـــی ژیانی ڕابـــردووم بینییـــەوە، پێم وایە قوتابی بووم یان مامۆســـتا لە هیندســـتان، لەبـــەر ئەوە ئێمە چەندیـــن ژیان دەبینین، لـــە هەر ژیانێکـــدا مۆرکێکی بچووک لەگەڵ خۆمان هەڵدەگرین، دەزانم ئەمە زەحمەتە تێگەیشتنی، بەڵام بە بێ هەوڵدان ناتوانین لێی تێبگەین. سیکۆلارەکان باش لەم بابەتە تێدەگەن چونکە ئەوان پێوەی ماندوو بوون و خۆم بە بێ هەوڵدان تێگەیشتووم، تێگەیشتنی من لەگەڵ تێگەیشتنی ســـیکۆلارەکان هاوتەریبە. من خۆم پاش ئەوەی ئەم بابەتەم خوێندەوە گوتم: ڕەنگە ڕاست بێت چونکە هەندێک بیرەوەریی دێتـــەوە یادم، کە هی ئەم ژیانەم نییە، لەوانەیە هی ژیانەکانی پێشـــووم بێت، بۆیە گەیشـــتمە ئەو قەناعەتەی چەندین ژیانم بینیـــوە، بێگومان ئەم ژیانەمان بـــە لای پەیڕەوکەرانی ئایینی ئیمانی پێی دەڵێن (هەموو شـــتێک لە لایەنی خوداوە دروست کـــراوە، بۆیە تەنیا خودا دەزانێت ئەم شـــتە ڕاســـت بێت یا نا ئێمەی مرۆڤ نایزانین). لە نێو هاوڕێکانیشـــمدا هەندێک هەیە کە هەر وشەیەک بڵێم، تێم دەگەن، بەڵام بەشێکی تریان هەیە چەندین جار قسەکانم دووبارە دەکەمەوە، کەچی وێڕای ئەوە هێشـــتا تێنەگەیشـــتوون. ئەگەر بـــە وردی بگەڕێین، هەندێک مـــۆرک و بیرەوەریی بچووکمان لە ژیانی ڕابردوو، لە ژیانی ئێســـتامان دەدۆزینـــەوە، بـــە قوتابییەکانم دەگوت (کەســـتان پێشـــبینیی ئـــەوە نەکەن لە ماوەی ٣ ســـاڵدا ببنـــە بوودیزم و بگەنە ڕۆشنایی، ئەوە پڕوپاگەندەی کۆمۆنیستانە). گەیشتن بە هەقیقەت چەندین (ئیونس) دەخایەنێت، لەوانەیە سەدان هەزار ژیـــان یان یـــەک ملیۆن ژیان بخایەنێت تـــا دەگەینە هەقیقەت، بەڵام کە ئاراســـتەی مێشـــکمان لە سەر ڕێچکەی بیرکردنەوە

دانـــا، وەکوو ســـندووقێک بیکەینەوە، ئـــەو کات ئێمە ژیان لە دوای ژیـــان بەردەوام لە ســـەر ئەو ڕێبـــازە دەڕۆین، لە هەر ژیانێکدا جۆرە پێشـــکەوتنێک لە ڕێچکەکەمان وەدی دەهێنین. بـــوودا بۆ خـــۆی ئامـــاژەی داوە بە ٣ کۆمپڵێـــس ئیونس، کە جۆرە پێداگیرییەک لە ناخماندا دروست دەکات، ئەگەر قوتابی لە ماوەی سێ ساڵدا بگاتە ڕۆشنگەری، ئەو قوتابییە دوو جار هیوابـــڕاو دەبێت و باوەڕی بە ئایینەکەی نامێنێت. باشـــترین شـــت ئەوەیە بیر بکەنەوە و جەخت بکەنەوە لە ســـەر ئیونس ئیونس ئیونس. زۆربەتان دەزانن بایەخ و ســـوودەکانی نوێژ چەندە، چونکە تا فەزا و خاک مابێت منیش هەم، بۆیە پێویستە لە خزمەت بەردەوام بین، ئەمە ئامانجێکمان پێ دەبەخشـــێت، ژیانمان مەبەســـتدار دەکات و لە ئاکامدا ئەو فاکتەرانە بۆمان دەبنە ســـەرچاوەیەک بۆ دروســـت بوونـــی قەناعەتی ناخ. لە ناخـــەوە بەهێـــز دەبین، هەروەهـــا دەبێتە ســـەرچاوەیەک بۆ پێداگیریمان.





● *دوایین پرسیار: پایەدار "دالای لاما" پرسیارەکەم لە ســـەر تێکستی ئەتیشـــایە لە دێڕی ژمارە ٥٥ کە باسی چەمک دەکات و چۆنیەتی بوونی بە بنەمایەک بۆ لەش ســـاخی، کەمێک ئەو دێڕەم بۆ شـــی بکـــەرەوە، چونکە زۆر چڕ و ئاڵۆزە؟*

دالای لاما: بۆ بەیانی، ئێســـتا دەمەوێـــت پێداچوونەوەیەکی تێکستەکە بکەم و بە وردی وەڵامت بۆ بدۆزمەوە؛ سەبارەت بە خۆم وەکوو پەرستارێک پشوو دەدەم و چا دەخۆمەوە و بسکویت دەخۆم، پاشان درووود بۆ بوودا دەنێرم، دواتر ٨ تا ٩ کاژێر دەخەوم بەیانی وەڵامت دەدەمەوە، سوپاس.



# ئاستەنگ و دەرفەت
# لە دنیای جیهانگیریدا

## دە وانە بۆ حوکمڕانی لە سەدەی (٢١)دا

تۆنی بلێر

ئـــەم موحازەرەیە لە ٢٠١١/٣/٣١دا، واتـــە تەنیا دوای تیپەڕ بوونـــی نزیکەی چوار مانگ بە ســـەر خۆپیشـــاندانی وڵاتانی عەرەب پێشکەش کراوە.

-ئەم موحازەرەیە لە ئامۆژگای (لی کوان یوو) بۆ سیاسەتی گشـــتی لە سەنگافوورا پێشـــکەش بەو قوتابیانە کراوە، کە بۆ بەدەســـت هێنانی پســـپۆری لە حوکمڕانیدا، لـــەو ئامۆژگایەدا دەخوێنن.

-تۆنی بلێر لەم موحازەرەیەدا باســـی ئەزموونی ١٠ ســـاڵی ســـەرۆک وەزیرانیـــی خۆی و چـــوار جار دۆڕاندنـــی پارتی کرێکارانـــی بەریتانیا دەکات، لە ماوەی ئەزموونی ١٨ ســـاڵی ئۆپۆزســـیۆن و ١٠ ســـاڵی حوکمڕانیـــدا، دەیەوێـــت ١٠ وانـــە سەبارەت بە حوکمڕانی باس بکات.

**١٠ وانە بۆ حکومرانی لەسەدەی بیست و یەک**

لــە ڕاســتیدا خاڵێکی دەســتپێک کە مــن بە باشــی دەزانم بۆ قســە کــردن لەبــارەی حکوومەتــەوە، ئەوەیە ئێمە ســێ جــار هەڵبژاردنمان لەســەر یەک بردەوە، لەبــەر ئەوەی من گفتوگۆیەکــم لــە یادە لەگــەڵ ئەندامانــی پارتەکەمــدا، دوای ئەوەی وەک پارتێکی سیاســی، وەک پارتی کرێکاران، تاڵاوی چوارەم شکستی هەڵبژاردنی یەک لە دوای یەکمان چەشت، کە ئێمە بۆ ماوەی ١٨ ســاڵ لە بەرەی ئۆپۆزســیۆندا بووین، پێش ئەوەی ببمە سەرۆک وەزیران. ئەمەش کاتێکی دوور و درێژە. من ئەو گفتوگۆیەم لە بیرە لەگەڵ یەکێک لە چالاکوانانی پارتەکەدا، کە ئافرەتێک بوو (ئەمە دوای چوارەمین شکستمان لــە هەڵبژاردنەکاندا) پێی گوتم:. ئــەوە بۆ چوارەمین جارە لە ســەر یــەک خەڵکی بەریتانیــا ئێمە ڕەت دەکەنــەوە، ئایا ئەم خەڵکە چ کێشــەیەکیان هەیە؟ ئەمەش خاڵێکی دەسپێکی باشە بۆ ئەوەی لێیەوە باس لە سیاســەت لە ڕۆژگاری ئێســتادا و

حکوومەت لە ڕۆژگاری ئێستادا بکەین. پێم وایە لە سەدەی بیست و یەکدا، زۆر زۆر جیاوازە وەک لە سەدەی بیستەم، ئەویش لەبەر ئەو هۆکارانەی دواتر شییان دەکەمەوە. من پێم وایە ئێمە لە ڕۆژگارێکدا دەژین، کە من پێی دەڵێم حکوومەتی ڕۆژگاری دوای ئایدیۆلۆژیا (post-ideological era). لەوەدا مەبەستی من ئەوە نییە کە ئایدیاڵەکان بایەخ و گرنگییان نییە. ئومێدەکە ئەوەیە هەمیشە ئایدیاڵەکان بایەخیان هەبێت، ئەمەش هۆکاری ئەوەیە بچینە سیاسەتەوە و بچینە نێو بواری خزمەتگوزاریی گشتییەوە، بەڵام پێم وایە ئەو دابەش بوونە بنەڕەتییەی لە نێوان چەپ و ڕاستدا لەسەدەی (٢١) دا هەیە، هەمان ئەو دیاردەیە نییە کە لە سەدەی بیستدا هەبوو. بە هەر حاڵ، ئەوە بە مانای ئەوە نایەت کە تۆ پارتی کرێکاران و پارتی نەریتپارێزانت نابێت لە ژیانی سیاسیی بەریتانیادا، هەروەها پارتی دیموکرات و پارتی کۆماریت لە ئەمریکادا نابێت. هەمەڕەنگییەکی جیاوازی چەپ و ڕاست هەیە، بەڵام ئەگەر بیر لە سەدەی بیست بکەیتەوە، ئەو دابەش بوونە بنەڕەتییەی کە هەبوو، لە بوونی کۆمۆنیزم و فاشیزم و لە بوونی سەرمایەداری بەرانبەر بە سۆشیالیزمدا، ئەوا من پێشنیاری ئەوە دەکەم کاتێک سەدەی بیست کۆتایی هات، خەڵکێکی زۆر، کەم تا زۆر هەستی ئەوەیان بۆ دروست بوو، کە دەبێت هاوسەنگییەک لە نێوان دەوڵەت و بازاڕدا هەبێت، لە نێوان کەرتی گشتی و کەرتی تایبەتدا. کەواتە هێشتا ئەو دابەش بوونانە بەردەوامییان دەبێت، بەڵام لە بوارێکی تەسکتردا. پێم وایە لە دابەش بوونی سیاسەت لە نێوانی چەپ و ڕاستدا، ئەوە گرنگە کە من پێی دەڵێم کرانەوە لە بەرانبەر داخراندا (OPEN V. CLOSED). بە زمانێکی دی، کاتێک لەم ڕۆژگاری جیهانگیرییە دەڕوانیت، کە جیهان لێک نزیک بووەتەوە، ئایا تۆ لە ئاستیدا کراوەیت؟ کراوە بە

ماناى تێڕوانینت لە ئاست ئەوانى دیکەدا، تێڕوانینت لە ئاست ئابووریدا، کرانەوە بە ماناى ئامادە بوونت بۆ فێربوونى ئایدیا و بۆچوونەکان لە هەر کوێیەکەوە بێن، یان دەتەوێت بە سەر خۆتدا دابخرێیت لە بەرانبەر ئەم هێزى جیهانگیرییەدا؟ ئایا لە ڕووى ئابوورییەوە دەتەوێت پارێزبەند بیت (protectionist)؟ لە ڕووى کەلتوورییەوە دژ بە کۆچبەران بیت (Anti-Immigrant)؟ لە ڕووى ئەوەى چۆن لە جیهان دەڕوانیت، پارێزگارى لەوە بکەیت کە هەتە؟ واتە بە سەر ئەگەرى گۆڕاندا نەکرێیتەوە. پێم وایە ئەوەى لەم کاتەدا گرنگە، بریتییە لە کرانەوە بەرانبەر بە داخران، وەک چەپ بەرانبەر بە ڕاست. من دەڵێم ئەگەر سەدەى بیست و یەک لەبارەى هەر بنەچەخوازییەک (fundamentalism) بێت، ئەوا بنەچەخوازیى ئایینى یان کەلتوورى دەبێت، نەک بنەچەخوازیى سیاسى، ئەوەش بە ماناى نەریتیانەى دەستەواژەکە. خاڵێکى دیکە لەبارەى سیاسەت و حکوومەتەوە، کە من دە ساڵ سەرۆک وەزیران بووم، لە ڕوانگەى ئەزموونەوە قسە دەکەم، هەندێ جار ئەزموونى شیرین و هەندێ جار ئەزموونى تاڵ بوون، ئەوەیە دەست نیشان کردنى ئەوەى پێویستە چى بکەیت؟ زۆر ئاسانترە لە ئەنجامدانى، ڕەنگە ئێوە لە ژیانى خۆتاندا ئەمەتان بە زۆرى بۆ دەرکەوت بێت، بەڵام کاتێک لە وڵاتانى جیاوازى جیهان دەڕوانم، کە من کار لەبارەى حوکمڕانییەوە دەکەم لە جیهاندا، ئەوەى بە ڕاستى ئاسانە ئەوەیە، کە تێڕوانینێکى مەزنت هەبێت لەبارەى ئەوەى پێویستە وڵاتەکەت بیکات و ئەنجامى بدات، ئەوا بە ڕاستى قورسە، ئەوەیە بیکەیت و جێبەجێى بکەیت. خوێندنى ئێوەش هەر لەبارەى ئەمەوەیە، لەبەر ئەوەى کردنى پەیوەستە بە بەرژەوەندى و سیستەم و میکانیزمەکانى جێبەجێ کردنییەوە. ئەو شتانەى ڕەنگە سادە دەربکەون، بەڵام بە ڕاستى زۆر دژوار و زۆر ئاڵۆزن. لە

ڕووی ڕۆشـــنبیری و سیاســـی و تەنانەت کۆمەڵایەتیشـــەوە. کەواتـــە کاتێـــک ئێســـتا لـــە حکوومەت و سیاســـەتی گشـــتی دەڕوانین، ئەوا ئەم کارە لە ڕۆژگاری دوای ئایدیۆلۆژیا و لە ڕۆژگارێکدا دەکەین، کە ئاســـتەنگی سەرەکی جێبەجێ کردنی کردارەکییە، کە بە زۆری ڕووبەڕووی داڕێژەرانی سیاسەتی گشـــتی دەبێتەوە. ئێستاش دێمە ســـەر تەرکیز کردن لە سەر ئـــەو وانانەی وەک ســـەرۆک وەزیران فێریـــان بووم. من دە وانەم بۆتان هەڵبژاردووە.

**وانەی یەکەم:**

خەسڵەتی ســـەرەکیی جیهانی ئەمڕۆ بریتییە لە ڕەوتی ئەو گۆڕانکارییـــەی ڕوو دەدات، واتە بە چ خێراییەک ڕوو دەدات و چـــۆن نەتـــەوە و کۆمپانیاکان، تاکە کـــەس و کۆمپانیاکان، ناچارن خۆیانی لەگەڵدا بگونجێنن؟ تاقە شتێک کە لە هەمووی دژوارترە، گۆڕان لە فۆرمـــی جیاوازدا دێت، وەک تەکنەلۆجیا، چونکـــە من بە بیرم دێت، ڕاســـتەوخۆ دوای ئەوەی پۆســـتی ســـەرۆک وەزیرانـــم جێ هێشـــت، چونکـــە کاتێک ســـەرۆک وەزیرانیت، هەمیشە بە دەورتەوەن، ڕێکاری ئەمنی و هەموو ئەو پرۆسانەی دیکە بە تایبەتی، ڕێگەیان نەدا مۆبایلم هەبێت. من هەرگیز خاوەنی مۆبایل نەبووم کاتێک سەرۆک وەزیران بووم، لەبەر ئەوە لەگەڵ یەکەمین ڕۆژی جێ هێشتنی پۆستی ســـەرۆک وەزیراندا، بوومە خاوەنی یەکەم مۆبایلی خۆم. من زۆر پێـــی خۆشـــحاڵ بووم، لەبـــەر ئەوەی ئەمـــە هەنگاوێکی گـــەورە بـــوو لە ژیانمدا، لەبـــەر ئەوە بڕیـــارم دا نامەیەک بۆ هاوڕێیەکم بنێرم، بۆم نووســـی ســـڵاو، چۆنـــی؟ بەڵام لەبەر ئـــەوەی نەمدەزانـــی نـــاوم لـــە ســـەر نامەکە دەرناچـــێ، ئەوا هاوڕێکـــەم بۆی نووســـیمەوە، ببورە بەڵام تـــۆ کێیت؟ منیش گوتم ئەوە تەنیا بیســـت و چوار سەعات تێپەڕیوە، سیاسەت پیشـــەیەکی قورسە. ئێستاش دێمە سەر ئای پاد (IPad)، ئەمە

جیاوازیی نەوەکانە، من کوڕێکی دە ساڵانم هەیە، سێ منداڵی گەورەتریشم هەیە، لەگەڵ کوڕێکی دە ساڵانەدا، چەند مانگێک دواتر من (ئای پاد)م بەدەســت گەیشــت و تەلەفۆنم بۆ کوڕە دە ساڵانەکەم کرد. پێم گوت: پێم وایە هەواڵێکی زۆر خۆشم پێیــە بۆت، شــتێکم بۆت پێیە ناوی (ئای پــاد)ە. گوتی دەزانم ئای پادە چییە، بەڵام چەند ئەپلیکەیشــن (Applications)ی هەیە؟ ئەمە ئەو جیهانەیە کە ئێســتا هەیە. کەواتە تەکنەلۆجیا ئاڵوگۆڕ بە سەر ژیاندا دەهێنێت، هێزیش لە ڕۆژئاواوە بەرەو ڕۆژهــەڵات دەگوازرێتــەوە. ئەمە زۆر ڕوونە، نــەک تەنیا بە هۆی هەڵکشانی چین و هیندستانەوە، بەڵکوو بە هۆی تەواوی نەتەوەکانــی ئــەم ناوچەیەشــەوە. لەبەر ئــەوە کاتێک دێیتە ئێرە، لەم قوتابخانەی سیاســەتی گشــتییەدا، ئەوا لە ڕاستیدا دێیتە یەکێک لە ســەنتەرەکانی سیاســەتی گشتی لە جیهاندا. ســەنگافوورە کە وڵاتێکی بچووکە، بەڵام ئەمە نیشانەیەکە بۆ ئەو ڕاستییەی کە خەڵکی لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا، بە دوای بیرۆکەکاندا دەگەڕێن. ئەمەش قورسە، بە تایبەتی بۆ ئەوانەی لە ڕۆژئاوان، لەبەر ئەوەی ئێمە ڕانەهاتووین لە سەر گۆڕانی پەیوەندیی هێز. مەسەلەیەکی دیکە بریتییە لەوەی جیهان زۆر پێکــەوە بەســتراوە. کەواتە ئەم گۆڕانکارییــە زۆر خێرا ڕوو دەدات. جیهانیــش پێکەوە کۆ دەکاتەوە، لە ڕێی تەکنەلۆجیاوە دەیگۆڕێــت، هێزیــش پتر بــەرەو ڕۆژهــەڵات دەڕوات، نەک ڕۆژئاوا. هەموو ئەمانە ئاســتەنگی گەورە بۆ خەڵک دروســت دەکەن.

**وانەی دووەم:**

وانــەی دووەم ئەوەیە کە ئەو خەڵکانەی لە پێگەی ئێوەدان، لــە پۆســتی پەیوەندیــدار بــە خزمەتگوزاریــی گشــتی یــان حکوومەتــدان، کــە بایەخ بە شــتانی دەدەن. ئــەو خەڵکانەش دەگۆڕێــن، لە وڵاتێکی وەک وڵاتەکەی من و لە وڵاتێکی وەک

ئێــرەش دەگۆڕێــن، بەڵام بە شــێوەیەکی گشــتیتر، دەگۆڕێن لەبــەر ئەوەی هەڵکشــانێک هەیە لــەوەی دەتوانن چی بکەن؟ هەڵکشــانێک هەیــە لــە چاوەڕوانــی و خەونەکانیانــدا، کە بە ڕەوتێکــی خێراش هەڵدەکشــێت. ئەو شۆڕشــەی حاڵی حازر لــە ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســتدا ڕوو دەدات، چەندیــن هۆکاری جیــاوازی هەیە، بەڵام یەکێک لەو هۆکارانەی جێی ســەرنجە ئەو ڕاستییەیە، کە ئێستا خەڵکی بە سایەی سۆشیال میدیاوە پتر هۆشــیارن، بەوەی چی لە جیهاندا دەگوزەرێت و خەڵکی چۆن لە جیهاندا دەژین؟ هەروەها بەوەی دەتوانن چۆن بژین، کــە ئەگەر خەونەکانیــان بهێندرێنە دی؟ خەونەکانیشــیان بە ڕەوتێکــی خێرادا هەڵدەکشــێن. کەواتە ئەوەی پێشــتر قابیلی قبــووڵ بــوو، کاتێک بڕیــارت بدایە پێیان ببەخشــیت، دەبوو ئەوانیــش قبووڵی بکەن، ئێســتا چــی دی خەڵکی ئەوە قبووڵ ناکەن. ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە لە حکوومەتیشی قبووڵ ناکەن. کەواتە ئێســتا خەڵکی چاوەڕوانــی ئەوەن حکوومەت وەڵامیان بداتەوە، چاوەڕوانن حکوومەت ئامادە بێت بۆ هێنانە دیی ئەو خەونانە. ئەگەر حکوومەتیش ئامادە نەبێت بۆ هێنانە دیی ئەو خەونانە، ئەوا ئەوان ئامادەن بە خێرایی گوزارشــت لە هەســتی خۆیان بکەن، هەندێ جاریش بە شــێوەیەک ئەم کارە دەکەن، کە تەواوی پرۆســە سیاســییەکە ناســەقامگیر دەکەن، ئەمەش دەمباتە سەر وانەی سێیەم.

**وانەی سێیەم:**

کەواتــە گۆڕانکارییەکــە بــە ڕەوتێکی خێــرا ڕوو دەدات و چاوەڕوانیی خەڵکیش لە هەڵکشــاندایە. کەواتە ئەمە سێیەمین ئاستەنگی بەردەمی حکوومەتە، ئەمەش بابەتی وانەی سێیەمە. لــەم جیهانــی گۆڕانکارییــەدا بۆ هێنانــە دیی ئــەو خەونانە، پێویســتە حکوومەتەکانیش گەشە بکەن. ئەگەر حکوومەت لە جێــی خۆیدا بمێنێتەوە و ئەگەر خزمەتگوزاریی گشــتی وەک

پێشـــووتر بێت، ئەوا لە بری ئـــەوەی گۆڕانێک بێتە ئاراوە کە پەرەســـەندن لە خۆ بگرێت (EVOLUTIONARY CHANGE)، کە گۆڕانکارییەکی ئەرێنی و سوودبەخشـــە، دەبینین گۆڕانکاریی شۆڕشگێڕانە (REVOLUTIONARY CHANGE)دروست دەبێت. ئەوەش زیاتر مایەی نادڵنیایی و گومانە، لەبەر ئەوەی هەمیشە کێشەی شۆڕشەکان، کە من بە هەموو ئەو خەڵکانە دەڵێم کە چاودێریی ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکەن، گرنگ ئـــەوە نییە (شۆڕشـــەکان) چۆن دەســـت پێ دەکـــەن، بەڵکوو چۆن کۆتاییان دێت؟ بەڵام یەکێک لە ڕواڵەتەکانی بێ ئەندازە گرنـــگ لـــە ڕووی خۆ لادان لە شـــۆڕش و بـــاوەش گرتنەوە بـــۆ پەرەســـەندن، ئەوەیە حکوومەت خۆی پەرە بســـتێنێت و بەرەو پێشـــەوە بچێت، ئەگـــەر حکوومەت ئـــەم کارە نەکات، ئەوا دووچاری گیروگرفت دەبێت. ئەمەش بۆ خاڵی چوارەمم دەبات.

**وانەی چوارەم:**

وانـــەی چـــوارەم ئەوەیە، بـــە تێڕوانینی من ئێســـتا چەمکی حکوومەتیش لە پەرەسەندندایە، کە بە هەمان شێوەی کەرتی تایبـــەت پـــەرە دەســـتێنێت، وەک ئـــەوەی ئێســـتا کار دەکات. هەڵبەت دەبێت کەرتی گشـــتی پەرە بســـتێنێت، بە بێ ئەوەی دیسپلینەکانی بازاڕ ناچاری بکەن ئەم کارە بکات. ئەگەر ئێستا لە کەرتی تایبەت بڕوانیت، ئەگەر لەوەش بڕوانیت کە خەڵکی چـــۆن دەژین؟ ئێـــوە چۆن دەژین؟ یان ئـــەوەی چۆن خەڵکی لە وڵاتەکەی مندا پشـــوو بەســـەر دەبەن، یان دەچنە دەرەوە بۆ شـــوێنان، یاخود تیکیتی سینەما یان شانۆ دەبڕن، ئەوا بە شـــێوەیەک دەیکەن کە کۆنتاکتێکی ڕاستەوخۆ دروست بێت، یـــان بژاردەگەلی جیاوازیان لە بەردەمدا بێت لەبارەی ئەوەی چـــۆن ئەو کارە دەکەن؟ ئاخۆ چاوەڕێ دەکەن پرۆســـەکە بە شـــێوەیەک لە کەرتی تایبەتەوە بێت، کە وەڵامی خواستەکانی

تاکە کــەس بداتەوە. حاڵی حازر کەرتی گشــتیش دووچاری هەمان ئاســتەنگ بووەتەوە، ئایا دەبێت کەرتێک کە کۆنترۆڵ کــردن و ســەرکردایەتی کردنــی تێدا بێــت: (Command and Control Sector)، کە خەڵکی ئەوەی پێیان دەدرێت بە دەستیان بگات، هەروەها لە بری ئەوەی حکوومەت لە باشترین حاڵەتدا بە شێوەی باوکایەتی: پاترنالیستک (paternalistic) کار بکات، کە شتەکان بدات بە خەڵک، لە بری ئەوە پێویستە حکوومەت ببێتــە ســتراتیژێک، کــە تێیــدا ئامانجەکە کۆنتــرۆڵ کردن و سەرکردایەتی کردن (Command and Control) نەبێت، بەڵکوو توانااداری و تواناسازی (Enable and Empower) بێت، چونکە ئەوەی خەڵک بە ڕاســتی لــە حکوومەتی دەوێــت، ئەوە نییە حکوومەت پێیان بڵێیت چی بکەن؟ واتە حکوومەت لە سەرووی ئەوانەوە نەبێت، بەڵکوو ئەوان دەیانەوێت حکوومەت لە خوار ئەوانــەوە بێــت، کار بکات بــۆ توانادار کردن و تواناســازیی ئــەوان، بۆ ئەوەی بتوانن ئەو بڕیارانــەی خۆیان دەیانەوێت، لە ژیانی خۆیاندا بیدەن. هەندێ کەس دەڵێن ئەمە بۆ وڵاتانی دەوڵەمەند ڕاستە، بەڵام ئەمە تەنانەت بۆ هەژارترین وڵاتیش ڕاستە. ئەوەی ئێستا لە حکوومەتەکانیان چاوەڕوانی دەکەن، بریتییــە لــە پێدانی دەرفەت پێیــان، ئەوەیە لــە ژیاندا هەل و دەســپێکێکیان پێ بدات. جێ هێشتنی ئەو ئایدیایەی لەبارەی حکوومەتــەوە هەیە، کە بریتییە لە بیرۆکراســییەکی گەورە و قــورس و زەبەلاح و توند، بــۆ حکوومەتێک کە کار بکات بۆ توانادار کردن و تواناســازی، کارێکی قورسە. ئەمە پێویستی بە چاکسازی و گۆڕانکاری هەیە.

سەرجەم حکوومەتەکان لە ڕۆژگاری ئێستادا، ڕووبەڕووی هەمان ئاســتەنگ بوونەتەوە. ئاخۆ دەتوانێت ئەو چاکسازییە بە چ ڕەوتێکی خێرا بکات؟ ئایا ئەو چاکسازییە تا چ ڕادەیەک چاکســازییەکی قــووڵ دەبێت؟ ئەمــە کێشــەکەیە، لێرەدا من

لە گۆشـــەنیگای ئەزموونەوە قســـان دەکـــەم. بەجێ گەیاندنی گۆڕانکاری قورســـە، خەڵکیش حەز بـــە گۆڕانکاری ناکەن. بە پێـی ئەزموونـی خۆم، هەمیشـــە خەڵکی لەگـــەڵ گۆڕانکاریی گشـــتیدان، لە بنەڕەتدا ئەوان لەگـــەڵ گۆڕانگاریدان بۆ ئەوانی دی، بەڵام کاتێک مەسەلەکە دێتە سەر گۆڕانکاری لە خۆیاندا، ئـــەوا هەندێ نیگەران دەبن. ئەگەر بە ڕاشـــکاوی بدوێم، ئەوا هەنـــدێ جار بەرهەڵســـتی دەکـــەن. کەواتە من ئـــەوەم بەدی کرد، کە شێوازێک هەیە بۆ هەر گۆڕانگارییەک کە تۆ بتەوێت بکەیـــت، پێم وایـــە لە هەموو ڕێکخراوێکدا ئەمە دروســـتە. تۆ پێشـــنیاری گۆڕانـــکاری دەکەیت، خەڵکی پێـــت دەڵێن ئەمە بە ڕاســـتی بیرۆکەیەکی زۆر خراپە. کاتێک گۆڕانگاری دەکەیت، ئەوە دۆزەخێکە بۆ خۆی، هەڵبەت کاتێک گۆڕانکاری دەکەیت، خۆزگـــە دەخوازیت زیاترت بکردایە، ئەمە ئەزموونی منە. من هەوڵی گۆڕینی سیســـتەمی چاودێریی تەندروســـتی خۆمانم دا، لـــە بەریتانیـــا. هەنـــدێ گۆڕانکاریـــی دیاری کـــراوم کرد، بـــەڵام ســـەرلەبەری گۆڕانکارییەکـــە ئازاربەخش بـــوو، ئێمە ڕاهـــات بووین کە ڕووبـــەڕووی بەرهەڵســـتیی زۆر ببینەوە، بـــە تایبەتی لـــە لایەن ناوەندەکانی پزیشـــکییەوە، هەمبەر بەو گۆڕانکاریانەی من هەوڵی بەجێ گەیاندنم دەدان. لە ڕاســـتیدا ئێمە لە ناوەڕاســـتی پرۆسەی چاکسازی کردن لە سیستەمی چاودێریـــی تەندروســـتیدا بووین، کە بە داخـــەوە ناچارم بۆ نەشتەرگەرییەکی بچووک بچمە نەخۆشخانەیەکەوە. چوومە نەخۆشخانەکە و لە سەر جێیەک لە نەخۆشخانەکەدا ڕاکشام. پزیشـــکی سڕکەر هات سرنجێکی گەورەی پێ بوو، یان وەک ســـرنجێکی گەورە دەردەکـــەوت و خۆی بە ســـەر جێیەکەدا چەمانـــدەوە و پێی گوتم: ســـەرۆک وەزیران، ڕەنگە ئەمە دوا دەرفـــەت بێت کە پێت بگـــەم، ئەمە دەســـپێکێکی باش نەبوو. ئنجـــا گوتی: من بـــە تەواوەتی دژی چاکســـازییەکانی تۆم لە

سیستەمی چاودێریی تەندروستیدا. کەواتە ئەمە تەواو قورسە، خۆشگوزەرانی و خزمەتگوزاریی گشتی، ئێوە دەبینن ئێستا چی لە ئەورووپادا ڕوو دەدات؟ هەموویان بە ئاستەنگی چاکسازییەوە پەیوەستن، بە توانای حکوومەتەوە، لەوەی بتوانێت بە خێراییەکی پێویست، بەدەم پێویستییەکانی خەڵکەوە بچێت، لە ڕێی گەیاندنی چاکسازییەوە، ئەگەرچی چاکسازیش ڕووبەڕووی چەندین بەرهەڵستی دەبێتەوە. کەواتە وانەی چوارەم لە تێڕوانینی مندا بە تەواوی ڕوونە. لەم ڕۆژگارەدا، حکوومەت دەبێت کار بۆ توانادار کردن و تواناسازیی خەڵک بکات و هێز بە خەڵک بدات، کە سوود و دەسکەوت بە سەر خەڵکدا دابەش بکات.

**وانەی پێنجەم:**

وانەی پێنجەم، کە لە ڕوویەکەوە بەشێکە لەوەی، کە لێرەدا سەنگافوورە نموونەیەکی جێی سەرنج و بایەخە. بە ڕاستی لەم ڕۆژگارەدا حکوومەت پەیوەستە بە کاراییەوە، پەیوەستە بە دابین کردن و بە ئەداوە. ڕەنگە ئەمە وا دەربکەوێت کە شتێکی سەیرمان گوت بێت، لەبەر ئەوەی کارەکانی فەرمانگەکانی حکوومی لە وڵاتانی وەک بەریتانیا، هەروەها زۆر لەو فەرمانگە حکوومیانەی لە جیهاندا بۆمان دەمێننەوە، بە زۆری پەیوەست بوون بە ئیدارەدانی شتەکانەوە. کاتێک من لە (downing street): داونینگ ستریت: بارەگای سەرۆکایەتیی وەزیرانی بەریتانیا) بووم، پێم دەگوتن ئێوە دەتوانن هەزار هۆکارم بۆ بهێننەوە بۆ نەکردنی کارێک، وەرن هۆکارێکم بدەنێ بۆ کردنی کارێک. هەمیشە ئەوانەی لە پارتی کرێکاراندا بوون، وا ڕاهات بوون بڵێن: فەرمانگەکانی حکوومی لە بنەڕەتدا پیلانگێڕییەکی پارتی نەریتپارێزان. منیش دەمگوت: ئەگەر وا بوایە شتێکی زۆر باش دەبوو، چونکە بە لای کەمەوە هەوڵی کردنی شتێک دەدەین، بەڵام لە ڕاستیدا زۆر جار کە هەوڵی

کردنی شـــتێکمان دەدا، هیچمان نەدەکـــرد. لە پەیوەند بەوەی لەم رۆژگارەدا حکوومەت دەیکات، سیستەم گرنگە، میکانیزمی دابین کردنیـــش گرنگە، ئـــەدای ئیدارەدانیـــش (Performance Management) گرنگە، سیاسەتیش گرنگە، بوونی سیاسەتێکی دروست گرنگە. شتێک لەبارەی سەنگافوورەوە جێی سەرنجە و هـــۆکاری ئەوەیـــە، کە بۆچـــی حکوومەتێکـــی کارای هەیە؟ ئەمەش بـــە ئایدیای جیهانـــی دوای ئایدۆلۆژیاوە گرێ بدەن. هەڵبـــەت ئەو پرســـیارەی لە ســـەنگافوورە دەکرێـــت ئەوەیە، ئایا ئەمە ســـەرکەوتوو دەبێـــت و ئایا ئەمە کارا دەبێت؟ ئەوە ڕاستە هەندێ جار هەوڵ دەدەن کارێک بکەن کە سەرکەوتوو نابێت؟ باشە پاشەکشە بکە و ڕێیەکی جیاواز بگرە بەر، بەڵام پرسی جەوهەری لە پەیوەند بە کاری حکوومەت ئەوەیە، ئەم کارە بـــە کارایی بـــکات و کاری دابین کـــردن بکات؟ ئەمەش ڕاماندەکێشێت بۆ وانەی شەشەم.

**وانەی شەشەم:**

وانـــەی شەشـــەم بریتییـــە لـــەوەی زۆر لـــەم تەکنیکانە لە بنەڕەتـــدا تەکنیکی کەرتی گشـــتین، کە دەبێت بۆ سیســـتەمی دابین کردنی کەرتی گشـــتی هاوردە بکرێـــن (Public Service Delivery)، ئەمـــەش هەندێ جار زۆر قورســـە، لەبەر ئەوەی بـــە دڵنیاییەوە خەڵکانێکی زۆر هەن دەڵێن: لە سیســـتەمەکانی وەک سیســـتەمی ئێمە، کە کەرتی تایبەت پەیوەستە بە قازانج و کەرتی گشـــتی پەیوەستە بە خزمەتگوزارییەوە، کەواتە لەم لایەنەوە خەڵکانێک هەن خەریکی بەدەســـت هێنانی قازانجن، لـــەو لایەشـــەوە خەڵکانێک هەن کـــە خزمەتگوزاریی گشـــتی دابیـــن دەکەن. هـــۆکاری ئەوەی ئەم جیاکردنەوەیەی ئێســـتا جیاکردنەوەیەکی لە خشـــتەبەرە، ئەوەیە لە ڕاستیدا زۆر لەو تەکنیکانەی لە کەرتی تایبەتدا نووســـراون بۆ هەڵسووڕاندنی ئەدایـــان، دەکرێت لـــە کەرتی گشتیشـــدا بۆ هەڵســـووڕاندنی

ئەدایان بەکار بهێندرێن. کەواتە ئەگەر تۆ فەرمانبەری کەرتی گشتی بیت، یان لێکۆڵینەوە لەبارەی حکوومەتەوە بکەیت، ئەوا لە ڕاستیدا گرنگە کە لێکۆڵینەوە لە تەکنیکی ئەدای ئیدارەدانی دابین کردن بکەیت (techniques of performance management to delivery) لە ڕاستیدا ئەمە یەکێک بوو لەو گۆڕانکاریانەی مـن لە بەریتانیادا کردم، بۆ ئەوەی کارلێکێکی زیاتر لە نێوان کەرتی گشـتی و کەرتی تایبەتدا دروست بێت. کەواتە دەستم بـەم تازەگەرییە کرد، خەڵکم لە کەرتی گشـتییەوە هێنایە ناو کەرتـی تایبەت. هەروەهـا خەڵکم لە کەرتی گشـتییەوە نارد بـۆ کەرتـی تایبەت ... نموونەیەکی سـادە وەربگـرە، کە من سـاڵ دوای سـاڵ خەباتم کرد بۆ هێنانە دیـی گۆڕانکاری لە بەریتانیـادا، ئەویـش بریتییە لە بەدەسـت هێنان. مەبەسـتم ئەوەیە هەر بەشێکی حکوومەت پێویستی بە بەدەست هێنانی کەلوپـەل هەیە. ڕەنگە کۆمپیووتـەر بێت و ڕەنگە مێز بێت و هـەر چییەک بێت. ئەمە جیاواز نییە لە دابین کردنی کەلوپەل بـۆ کەرتی تایبەت، چونکە ڕەنگە دابین کردنی کەلوپەلەکە بۆ خزمەتگوزاریی گشـتی بێت، بەڵام تەکنیکی بەدەسـت هێنانی باشـترین بەها و باشـترین مامەڵە، تەکنیکێکە دەبێت کەرتی تایبـەت جێبەجێی بکات. ئیـدی لە کاتی بەدی هێنانی ئاڵوگۆڕ بە سـەر ئەم چەمکەی حکوومەتـدا، ئاڵوگۆڕ لەوەی خەریکی کۆنتـرۆڵ کردن و سـەرکردایەتی کردن بێـت، کار بکات بۆ توانادار کردن و تواناسـازیی خەڵـک. کاتێک حکوومەت ئەم پێگە ستراتیژییەی دەبێت، ئەوا لە جێی خۆیدایە کە پەیوەندی و هاوبەشـایەتییەک لە نێوان کەرتی گشتی و کەرتی تایبەتدا هەبێت. هیچ شتێک لەمانە پەیوەندییان بە پرسەکانی شەفافیەت و گەندەڵی و هەموو ئەو پرسانەوە نییە، بە دڵنیاییەوە دەبێت جیـا کردنەوەکـە زۆر زۆر ڕوون بێـت، بەڵام لـە پەیوند بە تەکنیکی ئەداوە. جا ئەوەی من دەمەوێت بە هەر کەسێکی بڵێم

کــە دەیەوێت ژیانی خۆی لە کەرتی خزمەتگوزاریی گشــتیدا بەسەر ببات، لە ڕاستیدا ئەوە کەرتی خزمەتگوزاریی گشتییە کــە خزمەتگوزاری دابین دەکەیــت بۆ خەڵک، بەڵام ئەزموون و شــارەزایی لــە کەرتی تایبــەت و لە چۆنیەتــی کار کردنی وەربگــرە، لەبەر ئەوەی هێنــدەی ئەوان هەندێ جار لە ئیتیک و دیسپلین و بەهای خزمەتگوزاریی گشتی فێری دەبن، تۆش دەتوانیــت لە تەکنیــک و میکانیزمی ئیدارەدانی ئەدا لە کەرتی تایبەتدا فێر بیت.

**وانەی حەوتەم:**

ئەمەش، کە ئەمە وانەی حەوتەمیشە، بە سەر ئەوەدا جێبەجێ دەبێت، کە پێم وایە گرنگترین شــتێکە و پێویســتە حکوومەت دابینــی بکات. ئەویش بریتییە لە پەروەردەیەکی ئاســت بەرز (High quality Education). بــە دڵنیاییــەوە پــەروەردە کلیلی داهاتــووە، کلیلی داهاتووە بۆ وڵاتانــی دەوڵەمەند و وڵاتانی هەژاریــش، بــۆ ئەو وڵاتانــەش کە داهاتیان مــام ناوەندە، بۆ هەموو کەســێک. جیهانی ئەمڕۆ بەم شێوەیە بەڕێوە دەچێت، ئەگەر خەڵکی پــەروەردە بکەیت ئەوا دەرفەتیان پێ دەدەیت. ئەگەر پەروەردەیان نەکەیت، ئەوا جێیان دەهێڵیت بۆ ململانێی: مانــەوە بــۆ باشــترینە (Survival for the fittest)، کە زۆریان ئەوەنــدە باش نیــن بۆ ئــەوەی بمێننەوە، مەســەلەکە ئا بەم ســادەییە. کاتێک هاتمە نێو حکوومەتەوە، پەروەردە کارێکی گەورەی لە پێشــینە بوو بۆ من، بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە، لــە ڕەوتــی کار کردنمدا وەک ســەرۆک وەزیــران، هەروەها پێش ئەوەی ببمە ســەرۆک وەزیرانیش، پرســیاری ئەوەیان لێ کردم: ئایا ســێ پێشینەی ســەرەکیی تۆ چین؟ ئەوە پێش ئــەوەی هەڵبژێردرێم، وەڵامەکــەی من ئەوە بوو: پەروەردە، پەروەردە، پــەروەردە. ئەوەی جێی بایەخ بوو، ئەوە بوو من بەو پابەند بوونە سەنتەراڵەوە (central commitment) دەستم

پـێ کرد، بەڵام لــە ڕەوتی جێبەجێ کردندا، شــتگەلێکی جێی سـەرنجم لەبارەی پرۆسـەی حوکمڕانییەوە بۆ ئاشکرا بوو. بۆم ئاشـکرا بوو کە پێویستە بونیاتی سیستەمی پەروەردەی ئێمـە بگۆڕدرێت. بۆم ئاشـکرا بوو کە پێویسـتە چاکسـازی لە چۆنیەتی ڕێکخسـتنی پەروەردەدا بکەیـن. بۆم دەرکەوت هەندێ جار یەکێتییەکانی فێرکاریی کەرتی گشتی، لە پێشەنگی مۆدێرنترین و گرنگترین تازەگەرییەکان نەبوون. بۆم دەرکەوت شتێک کە هەرگیز و هیچ کاتێک نابێت قبووڵی بکەیت، بریتییە لە شکسـت هێنان لە سیسـتەمی پەروەردەدا، چونکە هەموو شکستێکی ستەمێکە دەرهەق بە منداڵان یان قوتابیان دەکرێت. هەروەها بۆم دەرکەوت، ئەوەی سەرکەوتوو بووە، ئەوە بوو کە ئێمە قوتابخانەیەکمان تێیدا دروسـت کرد، لەوێدا هەسـت بـە خاوەندارێتیی خۆیان و چارەنووسـی خۆیان لە ئاییندەدا دەکـەن. هەروەهـا کە بەشـێکن لـە سیسـتەمێکی گەورەتر. هەڵبەت زۆر لەو وانانەی ئاماژەم پێ کردن و فێریان بووم، لە ڕاسـتیدا لە میانی چاکسازی کردن لە سیستەمی پەروەردەدا فێریـان بووم، بـەڵام پەروەردەش لەمڕۆدا هـەر تەنیا بریتی نییە لە وەرگرتنی قوتابی، بەڵکوو بریتییە لە ناوەڕۆکی ئەوەی فێـر دەکرێن. هەروەها بریتییـە لە بەکار هێنانی تەکنەلۆژیای نوێ، هەروەها پەیوەستە بە چاندنی بیرۆکە نەک تەنیا لە نێو هەژدە ساڵان یان شـازدە ساڵان یان بیست ساڵاندا، بەڵکوو چاندنی بیرۆکە بێت لە سەرلەبەری ژیاندا، بەڵام بە دڵنیاییەوە پەروەردە کلیلە بۆ هەر شتێکی دیکە کە دەیکەین، لەبەر ئەوەی تەوەری ئەو کۆششانەیە کە ئێمە دەیکەین بۆ دروست کردنی کۆمەڵگەیەک، کە دەرفەتی یەکسـانی تێدا بێت. مشـتومڕێکی زۆر لـە نێو تیۆرییـە کۆمەڵایەتییەکاندا هەبـووە، لە نێویاندا یەکسـانیی دەرفەت و یەکسـانیی داهات(Equal opportunity and Equal outcome). هەنـدێ کەس با دەرفەتی یەکسـانیان

هەبێت، بەڵام تا داهاتی یەکسانت نەبێت، ئەوا کۆمەڵگەیەکی یەکسانت نییە. لە ڕاستیدا شتێک کە ئێمە فێری بووین، ئێمە بۆ وانەی هەشتەم دەبات.

**وانەی هەشتەم:**

وانەی هەشتەم ئەوەیە کە یەکەم: تۆ هەرگیز داهاتی یەکسان ناهێنیتە دی. دووەم: شتێکی گرنگە ئەگەر تۆ کۆمەڵگەیەکت هەبێت دەرفەتی یەکسان بخوڵقێنێت. ئەمە هەنگاوێکی گەورەیە بۆ پێشەوە. ئێمەش ڕێگایەکی درێژمان لە پێشە، بەڵام بە دڵنیاییەوە پەروەردە کلیلە بۆ ئەم ئامانجە. ئەمەش پەلکێشمان دەکات بۆ خاڵی هەشتەم، کە دەبێت لە ڕۆژگاری مۆدێرندا بکرێت، ئەوەیە کە من پێم وایە ئەو وڵاتانەی لە ئاستێکی نزمی گەشە کردنیشدان، ئەوا دەبێت گەشە کردنیان لە مەودای دووردا، گەشە کردنێکی بەردەوام بێت. پێم وایە لەم ڕۆژگارەدا زۆر بە خێرایی و لە سەرەتای پرۆسەی گەشە کردنەوە، خەڵکی بایەخ بەو ژینگەیە دەدەن کە تێیدا دەژین. دەربارەی ئەو ڕاستییەی کە دەبێت گەشە کردن بایەخ بە پێداویستەکان بدات، نەک تەنیا لە ڕووی پێکهاتەی لۆکاڵییەوە، لە پەیوەند بە کۆمەڵگەوە، هەروەها لە پەیوەند بە بەردەوامییەوە. بە لای منەوە ئەمە زۆر زۆر ڕوونە، ئەو جیهانەی ئێستا ئێمە تێیدا دەژین و خزمەتگوزاریی گشتیی حکوومەت، کە تۆ دەتەوێت گەشە بکات، ئەوەیە ئەو ژینگەیە بپارێزیت کە تۆ تێیدا دەژیت، خێزانەکەت تێیدا دەژی. ئەمە بەشێکی گرنگە لە هەر بەرنامەیەکی حکوومەتی مۆدێرن. خاڵی نۆیەم، کە ڕەنگە بە لاتانەوە سەیر بێت، من پێم وایە ناتوانیت لە جیهانی مۆدێرن تێبگەیت، تەنیا ئەو کاتە نەبێت کە لە ئایین تێبگەیت. کاتێک من لە پرۆسەی ئاشتیی ئیرلەندای باکووردا بووم، شتێک کە خەڵکی بە زۆری پێیان دەگوتم، هەروەها لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش پێیان دەگوتم، کاتێک

وەک نوێنـــەری چـــوار لایەنەکە بۆ پرۆســـەی ئاشـــتیی نێوان ئیســـرائیل و فەلەستینی ڕۆڵی نوێم بینی، کاتێک باسی ئایینت لەگەڵ دەکردن، دەیانگوت لە ڕاستیدا مەسەلەکە پەیوەندیی بە ئایینەوە نییە. لە ئیرلەندای باکووریش پێیان گوتم: لە ڕاستیدا کێشەکە پەیوەست نییە بە ئایینەوە. پێم گوتن: ئەوە بۆچوونێکە، لەبەر ئەوەی خەڵکانی پەیوەندیدار هەن پێیان وایە پەیوەندیی پێوە هەیە. کەواتە ڕەنگە بتەوێت ئایین فەرامۆش بکەیت، بەڵام ناتوانیت، ناتوانین بڵێین پرۆتســـتانت و کاتوولیک بەشێک نین لە مەســـەلەکە، چونکە بەشێکن لێی. ئەگەر سەیری پرۆسەی ئاشـــتی بکەیت، ئەوا ئیســـرائیل وڵاتێکە زۆرینەیان جوون، لە کاتێکدا فەلەســـتنی موســـڵمانن، کەواتە ڕەنگـــە بتەوێت، بەڵام ناتوانیت. هەڵبەت لە ڕاستیدا ئەگەر ئێستا لە جیهان بڕوانیت، ئەوا ئەگەر ڕاســـت بم لە گوتنی ئەمەدا، پرسگەلی کەلتووری توانایەکـــی زیاتریان هەیە لە دروســـت کردنی دابەش بووندا، وەک لە دابەش بوونی کۆنی چەپ و ڕاســـتەکان. ئەمەش بۆ وانەی نۆیەمان دەبات.

**وانەی نۆیەم:**

وانـــەی نۆیـــەم ئەوەیە دەبێت بزانین ئاییـــن گرنگە، تەنانەت ئەگەر تۆ کەســـێکیش بیت بە هیچ شـــێوەیەک ئاییندار نەبیت، چونکـــە ئەمە پەیوەندیی بەوەوە نییە، ئایا تۆ باوەڕداریت یان نـــا؟ بەڵکوو مەســـەلەکە ئەوەیە ئایا گرنگـــە، کەلتوور گرنگە. ئەگەر تۆ پۆســـتی بەرپرســـیارێتی لە حکوومەتدا وەربگریت، ئیدی وەک سیاسییەک، وەک سەرکردەیەکی سیاسی، یاخود وەک ئەندامێـــک لە بـــواری حکوومی یاخـــود خزمەتگوزاریی گشـــتیدا، دەبێت لـــە ڕووی کەلتوورییەوە خـــۆت بگونجێنێت، دەبێت لەم پرســـانە تێبگەیت و دەبێت لەوە تێبگەیت، کە چۆن ئەم مەســـەلانە پاڵنەر و هانـــدەر بۆ خەڵکی دەخولقێنن؟ چۆن دەبنە سەرچاوەی سروش بۆیان و چۆن دەبنە مایەی دابەش

کردنیان؟ شتێکی سەیر بە لای منەوە، کە من ئەوە لە ماوەی زیاتر لە سێ مانگدا، وا بزانم ئەمە یازدەمین جارمە سەردانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکەم. کەواتە من بە زۆری لەوێم، من بە خەڵکانی ڕۆژئاوا دەڵێم، ئێستا من ئەم قسەیە زیاتر دەکەم وەک لەو کاتەی سەرۆک وەزیران بووم، کە ئێوە ناتوانن لەم ناوچەیـە تێبگەن، لـەوە تێبگەن کە ئەم ناوچەیە چییە و چۆن بـۆی هەیە بگۆڕێت؟ چـی بۆی هەیە بگۆڕێت؟ تەنیا ئەو کاتە نەبێت کە لەوە تێبگەن ئایین لەو ناوچەیەدا گرنگی و بایەخی هەیە، هەر شی کردنەوە و وەسف کردنێکی ئەم ڕەهەندەی تێدا نەبێت، سـنووردارە، چونکە ناچێتە سەر پرسەکانی کەلتوور. ئەگـەر ئەوروپای ئەمڕۆ بە نموونە وەربگریت، ئەوا ناتوانیت لـە گۆڕانکاریی سیاسـی لـە ئەوروپـای ئەمـڕۆدا تێبگەیت، ئەگەر لەوە تێنەگەیت، کە لەمڕۆدا مەسـەلەگەلێکی کەلتووری هـەن و لە ئارادان، لە بۆچوونی ڕای گشـتیی ئەوروپادا، لەم سـاتەوەختەدا، لەمـڕۆدا دەتوانیت کەیسـێکی باشـت هەبێت و لـە هەر شـوێنێکی ئەوروپادا هەڵبـژاردن ببەیتەوە. ئەگەر جەخت لە سـەر پرسـی کەلتووری بکەیتەوە، نەک ئابووری یان کۆمەڵایەتی، ڕەنگە ئەمە جێی سەرسوڕمان بێت بۆ ئێوە، بـەڵام ئەگەر لە ئەنجامـی هەڵبژاردنـەکان بڕوانیت، تەنانەت لـە وڵاتێکـی وەک سویدیشـدا، کـە ناوجەرگەی سۆشـیال دیموکراتییە، بۆ یەکەم جار بەم دواییە پارتێکی ئیسلامۆفۆبیک بـۆ پەرلەمان هەڵبژێردرا. کەواتە ئەمە دۆخێکە، کە بۆ یەکەم جارە ئەگەر تۆ ئەو بەشـە کەلتوورییەی وێنەکە بە ڕاسـت و دروسـتی تێنەگەیت، ئەوا زۆر زەحمەتە وا بکەیت شـتەکانی دیکە سەرکەوتوو بن. ڕەنگە هەندێ کەس بڵێن وڵاتەکەی من جیاوازە، بەڵام پێم وایە پێش ئەوەی ئەمە بڵێیت، وردتر بڕوانە و ئینجـا ئەوە یەکلایی بکەرەوە، ئایا بە ڕاسـتی جیاوازە یان جیاواز نییە؟ کەواتە ئەوانەی ئێسـتا بە سیاسـەتی گشتییەوە

سەرقاڵن، ئەگەر لە پرسەکانی کەلتوور و ئایین تێنەگەن، ئەوا بەشێکی گەورەی وێنەکە تێناگەن.

**وانەی دەیەم:**

دوایەمین و دەیەمین وانە بریتییە لەوەی، کە شتێکی سەیر لەو ماوەیەدا کە سەرۆک وەزیر بووم فێری بووم، وەک سەرکردەی ئۆپۆزسیۆن هەروەها پێم وایە لە ژیانیشدا فێری دەبین، ئەوەیە کە هەمیشە سەرکردایەتی هەمان شتە، ئاستەنگەکانی بەردەم سەرکردایەتی، هونەری سەرکردایەتی و چۆنیەتی ڕەفتار کردنی سەرکردەکان هەمیشە یەک شتن لە ڕوانگەی ئەزموونی منەوە. خەڵکی پرسیاریان لێم دەکرد: لە کۆبوونەوەی گرووپی هەشت G8))دا چۆن خۆت بینیوە؟ کە سەرۆک و سەرۆک وەزیرانی دەوڵەتانی بەهێزی لێیە، یاخود گرووپی ٢٠ (G20) کە هەموویان لەوێدان. پرسیاریان دەکرد: چۆن بوو؟ وەڵامی منیش ئەوە بوو کە لە باکووری ئێرلەندا و لە نێو بازنەی دەنگدەرانمدا، لە سەر ئاستی لۆکاڵدا ئەوە هەبوو کە پێی دەگوترا (WORKING MEN>S CLUBS). ئێستا ئەمە لە ڕووی سیاسییەوە هەڵەیە و پێی دەگوترێت (LABOUR CLUB) یان شتێکی هاوشێوە. هەر چۆنێک بێت، کە دە کەس لە لیژنەکەدا هەبوون و لیژنەیەکی لۆکاڵ بوو، یەکێکیان یانەکەی بەڕێوە دەبرد.. هتد. پرسیاریان لەبارەی گرووپی ٢٠ـەوە لێ کردم، پێم گوتن: دەقاودەق بەو شێوەیەیە، کە لە لای ئێوە هەیە، ڕاستە ئەوان خەڵکانێکی جیاوازن و ڕاگەیاندنی لێیە، بەڵام هەمان شتە، چونکە خەڵکانێک هەن کە سەرقاڵی قسە کردنن. کەسێکت هەیە کێشەی لەگەڵ کەسێکی دیکەدا هەیە و پێکەوە ناگونجێن، کەسێکت هەیە بێدەنگ دانیشتووە. هەروەها سەرکردە و ناسەرکردەت هەیە، ئەوەی ناسەرکردە دەیکات بریتییە لەوەی، با لە هەر شوێنێکەوە بێت ئەو شوێنی دەکەوێت، بەڵام سەرکردە دەڵێت: من ئەوەتان

پێ دەڵێم کە بیری لێ دەکەمەوە. کەواتە لە هەموو شــوێنێکدا ســەرکردایەتی هەمــان شــتە. مــن ئەمەم لە کەرتی گشــتیی خزمەتگــوزاری و کەرتــی کار کردنــی خۆبەخــش و کەرتی تایبەتــدا بــەدی کــردووە. هاوڕێیەکم هەیە، ســەرکردەیەکی مەزنە، ئەویش (ئەلیکس فێرگســۆن)ە، کە یانەی (مانچســتەر یۆنایتیــد) بــۆ تۆپــی پــێ بەڕێوە دەبــات، ڕەنگــە هەندێکتان ناویتان بیست بێت. ئەو ســەرکردەیەکی مەزنە، کەواتە ئەمە هەمان خەســڵەتە کــە لە هەر پێگەیەکی ســەرکردایەتیدا بیت پیشــانی دەدەیــت، بــەڵام ئایا ئەمە بــە چییەوە پەیوەســتە؟ پەیوەســتە بە لە ئەستۆ گرتنی بەرپرســیارێتییەوە، ئەمە ئەو شــتەیە کە سەرکردە دەیکات. مەســەلەکە ئەوەیە لە بنەڕەتدا بەرپرســیارێتی زۆر قورســە، لەبەر ئەوەی لــە کۆتاییدا ئەو کەســەی بڕیار دەردەکات سەرکردەیە. من گوتوومە شتێکی زۆر مەزنە ئەو هەموو خەڵکە ڕاوێژت بدەنێ، بەڵام شــتێکی مــەزن لەبارەی جێ هێشــتنی دەســەڵاتەوە ئەوەیە، ڕاوێژ بە خەڵک دەدەیت. ئەمە زۆر ئاسانە و ئەمە زۆر باشە، کە پێیان دەڵێین بەم شێوەیە یان بەو شێوەیە، کە زۆر سەرسام دەبن و زۆر سوپاســگوزار دەبن. هەڵبەت کاتێک دەبیتە سەرکردە، ئەوا مەسەلەکە بەم شــێوەیە یان بەو شێوەیە نابێت، بەڵکوو دەبێــت کارێــک بکەیــت. هەروەها ســەرکردایەتیی شکســت خواردووش سەرکردەیە، بەڵام سەرکردەیەکی خراپە، کەواتە سەرکردایەتی بریتییە لەوەی تۆ بەرپرسیارێتی بە بەردەمتدا تێدەپەڕێت، بە زۆری کەسێکیش دەستی بۆ دەبات و دەیخاتە ئەســتۆی خۆتەوە. مەسەلەکە بەم شــێوەیەیە، لەبەر ئەوەی زۆربەی خەڵک ئەم کارە ناکەن، لەبەر ئەوەی زۆربەی خەڵک پێیان باشترە سەرکردایەتی بکرێن، وەک لەوەی سەرکردایەتی بکەن. شــتێکی دیکە لەبارەی سەرکردەوە ئەوەیە، لە کۆتاییدا باشترین سەرکردە ئەوەیە کە ئەو بڕیارەی دەیدات پێی وایە

ڕاســـته، بەڵام ڕەنگە ڕاســـتیش نەبێت، ئەمەش مەســـەلەیەکی دیکەیە، بەڵام تاقە گەورەترین ئاســـتەنگی کە هەمیشـــە وەک ســـەرکردە ڕووبـــەڕووی دەبیتەوە بریتییە لـــە هەڵبژاردن لە نێوان بڕیارێک کە پشتیوانیی جەماوەری هەبێت، بڕیارێک کە پێت وایە ڕاســـتە. لەو هەلومەرجانەدا پێویســـتە هەمیشە ئەو کارە بکەیت کە پێت وایە ڕاستە. لەبەر ئەوەی ئەگەر هەر تەنیا بـــە دوای بۆچوونی ڕای گشـــتی بکەویت، ئەوا ســـەرکەوتوو نابیـــت. پێـــم گوتن من ماوەی هەژدە ســـاڵ لە ئۆپۆزســـیۆندا بووم، ئەو کاتەی ســـەرکردایەتیم گرتە ئەستۆ، زۆر پەرۆشم بووم بۆ بەجێ گەیاندنی ئەو کارانەی پشتیوانیی جەماوەریان هەیە. دەســـەڵاتم گرتە دەســـت و هەوڵم دا هەمیشـــە هەموو خەڵـــک لە خـــۆم ڕازی بکەم، بەڵام کاتێک جێم هێشـــت، دڵنیا نەبـــووم لەوەی لـــە هەر کاتێکـــدا هەر کەســـێک ڕازی بکەم، هەڵبەت ئەوە مەســـەلەیەکی جیـــاوازە، کەچی بە تێپەڕ بوونی کات بۆم دەرکەوت، کە کاتێک هەمیشە ئەوە بە سیاسیەتوانان دەگوترێت گوێ بـــۆ خەڵکی بگرن، بەڵام دەرفەت بدەن پێتان بڵێم کێشەی ئەم قسەیە چییە، بریتییە لەوەی بە زۆری خەڵکی هاوڕانین. یەکێکیان شـــتێک دەڵێت و ئەوی دیکەشیان شتێکی دیکـــە. کەواتە لـــە کۆتاییدا دەبێـــت قیبلەنمایەکـــت هەبێت لەم ڕەوشـــەدا ڕێنوێنیت بکات. قیبلەنمای سەرکەوتووش ئەوەیە، تۆ هەســـت دەکەیت و باوەڕت وایە کە ڕاســـتە. هەر چۆنێک بێت ئەوە بکەیت، بەڵام نەک بە شێوەیەکی لووتبەرزانە بڵێیت من ئەم کارە دەکەم و گوێ بۆ کەسیش ناگرم. هەندێ کەس پرســـیاری ئەوەم لێ دەکردن: ســـەرکردایەتی کـــردن چییە؟ وەڵامـــی مـــن ئەوەیە بریتییە لە ســـەرکردایەتی کردن و گوێ گرتـــن: (Leadership is about leading and listening) دەبێـــت گوێ بگریت و زۆر گرنگ گوێ لە بۆچوونەکان بگریت.گرنگە خودگومانییەکت هەبێت لە ســـەرکردایەتییەکەتدا. هەندێ جار

خەڵکـی پێـم دەڵێن: دوای ئەوەی ئەو هەمـوو کارەت کرد و ئـەو هەموو بڕیـارەت دا، ئەوا تۆ چەنـد بۆچوونێکی دیاری کراوت بۆ دروسـت بووە دەربارەی ئەوەی کە چی ڕاسـتە؟ منیش دەڵێم: ئەوە بە هیچ شـێوەیەک ڕاست نییە. لە کۆتاییدا مـن دەبێت بڕیار بـدەم، بەڵام من بڕیارێک نـادەم کە پێم وا بێت هیچ کەسێک لەگەڵمدا هاوڕا نییە یان بۆچوونی بەرانبەر نەبینـم. کەواتە سـەرکردایەتی بریتییە لە هاوسـەنگیی نێوان سـەرکردایەتی کردن و گوێ گرتن. هەر چۆنێک بێت، دەبێت بڕیار بدەیت، بـەڵام کاتێک بڕیار دەدەیت، ئەوا دەبێت ئامادە بیـت ڕەخنەت لـێ بگیرێت. جێی سـەرنجە من لـە بەریتانیا ویسـتم چاکسـازی لـە سیاسـەتی خانەنشـینیدا بکـەم، من سـێ هەوڵی چاکسـازیم دا، دوانیان سـەرکەوتوو نەبوون و سـێیەمیان ئێسـتا بووەتە بناغەی چاکسـازی لە سیستەمی خانەنشینی لە بەریتانیا، لە سایەی حکوومەتێکی دیکەدا. جێی سـەرنجە کە مـن ئەو پرسـیارەم دەکرد ئایـا یەکەمین دوو هەوڵ سـەرکەوتوو نەبوون؟ لەبەر ئەوەی کەس ڕەخنەی لێ نەگرتـن. کاتێکیش کەس ڕەخنەی لێ نەگرت درکم بەوە کرد، کە لە ڕاسـتیدا من هیچ کارێک ناکەم، کاتێک شـی کردنەوەم بـۆ کرد، بـۆم دەرکەوت کە من بڕیاری سـەختم داوە، بەڵام جێبەجێم نەکردوون. هەڵبەت لە هەوڵی سـێیەمدا قەرەبووی ئەمەم کردەوە، بەڵام ئەوە گرنگە کە درک بەمەش بکەین.

لـە کۆتاییـدا هەمیشـە سـەرکردایەتی کـردن لـە ڕووی کاراکتـەرەوە هەمان شـتە، لە سـەری سـەرەوە بۆ خواری خوارەوە، لە کەرتی گشتی و لە کەرتی تایبەتدا، لەسەر ئاستی کار کردنی خۆبەخش و لەسەر ئاستی دەوڵەتمەداریدا. کەواتە ئەمە ١٠ وانەکەی من بوون لە بارەی حکوومەتەوە.

## دەرەنجام

خاڵــی دەرەنجــام ئەوەیــە، هەندێ جار کە لەگــەڵ خەڵکدا باسی ئەمە دەکەم، کاتێک باسی ئەوە دەکەم ئێمە لە ڕۆژگاری دوای ئایدیۆلۆژیادا دەژین، من لە سەرەتاوە گوتم مەسەلەکە پەیوەست نییە بە پێکدادانی مەزن و بنەڕەتیانەی نێوان ڕاست و چەپەوە. هەندێ جار خەڵکی پێم دەڵێن: ئەوە پتر مەسەلەیەکی تەکنۆکراتییە، مەســەلەکە ئەو وانانەی تۆ لە ژیانی سیاسیتدا فێریان بوویت، ئەوا لە کۆتاییدا مەســەلەیەکە تەنیا پەیوەستە بە کاراییەوە، بە تەکنۆکراسییەوە، بە ئەنجامدانی شتەکانەوە. وەڵامەکــەی من ئەوەیە لە ئایدیۆلۆژیادا من دەبێت بەدگومان بم بەرانبەر بە کەســێک، بەڵام بەهــا و ئایدیاکان گرنگییەکی بنەڕەتییــان هەیە. بەهــا و ئایدیاکان لەگــەڵ ئایدیۆلۆژیا یان عەقیدەدا هەمان شت نین. ئەو شتەی لەبارەی سەنگافوورەوە گرنگــە و کاتێــک ئێوە دێنــە نێو ئەم قوتابخانەی سیاســەتی گشــتییەوە، دەقاودەق بۆ ئەوەیە لەبارەی سەنگافوورەوە فێر بــن. مــن بە زۆری ئــەم گفتوگۆیەم لەگەڵ (لی کــوان یوو)دا کــردووە. ئەو شــتەی بــە لای منەوە جێی ســەرنجە، ئەوەیە سەنگافوورە سەرکەوتوو بووە، بەڵێ سەرکەتوو بوو، لەبەر ئەوەی حکوومەتێکی کارای هەبووە، بەڵام لە ڕاســتیدا خاڵی نەبووە لە پرەنســیپ و بەهــاکان، بەڵکوو لە ناوجەرگەی ئەم پرۆســەیەدا، پرەنســیپ و بەهای بەهێزی هەیە و پەیوەستن بــەو شــتانەی کــە سیاســەتی نەریتی پێــک ناهێنــن. ئەگەر لە ئەوروپادا باســی سیاســەت بکەیت، ئەوا کاتێک کەســێک باوەڕێکی بەهێزی دەبێت، ئەوا ڕاســتەوخۆ بیر لە ڕاســت و چــەپ دەکاتەوە. بیرکردنەوەی من لەبارەی ســەنگافوورەوە ئەوەیــە بەهاکان زۆر ڕونن، بەڵام بە زۆری بەهای سیاســی نەریتی نین، بەها وەک ئەوەی لە کۆمەڵگەدا ئەگەر کۆششــی ســەخت بکەیت، ئەوا بە پێی شایســتەیی خۆت دەســتکەوتت

دەبێــت. ئەمــە بەهایەکی مەزنە بــۆ خەڵک. ئەگــەر بیری لێ بکەیتــەوە ئــەوا ئەمە زۆر هەســتیارە، بیر لــەو کۆمەڵگەیانە بکەنەوە کە لە وڵاتاندا دروستیان دەکەن. مەسەلەی سەرەکی، ئەویش هۆکاری ئەو شۆڕشەی کە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لــە ئارادایە، لەبەر ئــەوەی ئەمەیان نییــە، ئەوەیە، ئەگەر من کۆششــی سەخت بکەم و ئەگەر ئەدایەکی باشم هەبێت، ئەوا بە پێی تێکۆشان و شایستەیی خۆم ژیانێک پێک دەهێنم. ئەمە بۆ زۆر لە وڵاتان ڕاست نییە، بەڵام ئەمە بەهایەکی زۆر زۆر گرنگــە. بەهایەکی دیکە بریتییە لەوەی ڕەگەز و ڕوخســار و ڕەنگ گرنگ نین، ئەوەی گرنگە کەسایەتیی تۆیە. بە تێڕوانینی من ئەمە بەهایەکی زۆر بەهێزە لەم وڵاتەدا، هەر دەبێت واش بێــت، چونکە لــە ڕووی ئیتنی و ڕەگەزییــەوە کۆمەڵگەیەکی تێکەڵــی هەیە، دەبێت ئەم کارە بکەن، بەڵام ئەمە چ بەهایەکی گرنگە؟ بە چەشنی ئەوەی ئێستا خەڵکی بەریتانیا کە لەبارەی کۆچبەرانــەوە نیگەرانــن، بەڵام من دەڵێم نیگــەران بن ئەگەر ڕێساکانی ئێمە بە ســەر ئەوانیشدا حوکمڕانی ناکەن، چونکە دەبێت ڕێسا هەبێت و پێویستە سیستەم هەبێت، بەڵام کاتێک ئێمــە ئەو دەرفەتــە لەدەســت دەدەین کە خەڵکــی دیکە بێنە وڵاتەکەمانەوە، ئەوا دەســتبەرداری بەشــێکی زۆر بنەڕەتیی داهاتــووی خۆمان دەبین، لەبەر ئــەوەی ئەو خەڵکانە وزە و بیرۆکــە دەهێننە وڵاتەکەمانەوە. لە ڕاســتیدا ئەم فرەییە هێزە بۆ ئێمە. کەواتە ئەمەش کۆمەڵگەیەکە لە سەر بناغەی کرانەوە دامەزراوە. دوایین شــتێک کە لە ســەر بنەمای ئەو بنیات نرا بێــت بریتییە لــەو خاڵە بنەڕەتییەی، کە پــەروەردە ئاییندەیە. لەبــەر ئــەوەی خواســتەکە ئەوەیــە کــە ســەرجەم خەڵکــی پــەروەردە بکرێن، نەک تەنیا ئەو کەســانەی ســەرکردایەتی دەکــەن، ئــەوەش بەهایەکی بەهێــز و ئاماژەیەکی بەهێزە بۆ کۆمەڵگەیەکی باشتر.

## پرسیاری ئامادەبووان و وەڵامەکانی تۆنی بلێر

● *ئێوە لەبارەی حوکمڕانییەوە باسی دە وانەتان کرد، ئەمەش ئەوە لە خۆ دەگرێت توانای خۆ هەڵبژاردنەوە و چوونە نێو حکوومەتت هەبێت، ئێوەش یەکێکن لەو کەسە کەمانەی تۆمارێکی زۆر باشتان لە بردنەوەی هەڵبژاردنەکاندا هەیە. ئایا دەتوانیت بە قوتابیانی (قوتابخانەی سیاسەتی گشتیی لی کوان یوو) بڵێیت، کاتێک دەگەڕێنەوە بۆ کازاخستان و مەنگۆلیا و چین و هیندستان و هەر وڵاتێک دی، ئەگەر تۆ پارتێکی سیاسیت هەبێت و بەشداری لە هەڵبژاردنەکاندا بکەیت، ئاخۆ چی دەکەیت؟*

وەڵام: بۆ ئەوەی لە سیاسەتدا سەرکەوتوو بیت، ئەوا سەرەتا، ئیتر لە هەر سیستەمێکدا بێت، ئەوەیە کە ئەگەر خەڵکت خۆش بوێت، ئەوا ئەمە هاوکارییەکی زۆرت دەکات. هەندێ جار من تووشی سیاسەتوانان بووم کە خەڵکیان خۆش ناوێت. کەواتە لە ڕاستیدا گرنگە خەڵکت خۆش بوێت. مەسەلەیەکی دیکە لە پەیوەند بە چوونە نێو سیاسەتەوە، من تیۆرییەکم هەیە لەبارەی ئەمەوە، من هەرگیز بیرم لەوە نەکردەوە کە ببمە سەرۆک وەزیران و ببمە سەرکردەی پارتی کرێکاران. ئەوەیە ئەگەر لێکدانەوەیەکی زۆر بکەیت، ئەوا لە لێکدانەوەکەت بە هەڵەدا دەچێت (if you calculate too much you miscalculate)، چونکە ئەگەر تۆ خۆشحاڵ بیت و ئەو کارە بکەیت کە باوەڕت پێیەتی، ئەوا بیکە و دوودڵ مەبە. من ناڵێم خەڵکی بەم شێوەیە ناگەنە لووتکە، بەڵام ئەو کەسانە بە زۆری بەم شێوەیە سەرکەوتوو نابن. کەواتە خۆشحاڵ بە بەوەی بڕیار بدەیت لە بەجێ گەیاندنی ئەوەی دەتەوێت بیکەیت. مەسەلەیەکی دیکە لەبارەی سیاسەتی پەسند کراوەوە. دوای ئەوەی ئێمە چوارەم هەڵبژاردنمان

دۆڕاند و منیش باسی ئەو کەسەم کرد کە چی پێ گوتم، من بەرگی گۆڤاری (ئیکۆنۆمیست)م لە یادە، کە نووسی بووی: پارتی کرێکاران ناتوانن لە هەڵبژاردندا سەرکەوتوو بن. ئێمە ڕاهات بووین مشتومڕێکی زۆر بکرێت، کە پارتی کرێکاران ناتوانن هەڵبژاردنەکان ببەنەوە. ئەمە شتێکی بێ مانایە، هەموو کەس دەتوانێ لە هەڵبژاردندا سەرکەوتوو بێت. یەکەم ڕێسای سیاسەت ئەوەیە کە هیچ ڕێسایەک لە ئارادا نییە (first rule of politics: there are no rules)، شتێک نییە بڵێت کە ناتوانیت لە هەڵبژاردنەکاندا سەرکەوتوو بیت، چونکە دەتوانیت ڕێگاچارەیەک بدۆزیتەوە، چونکە ئەگەر سیاسەتی ڕاست و ستراتیژیەتی ڕاستت هەبێت، ئەوا دەتوانیت سەرکەوتوو بیت، ئەگەر ئەمەشت نەبێت ئەوا دەدۆڕێیت. هەر کاتێک رەوشێک هەیە، کە لایەنێک هەڵبژاردنی دۆڕاند بێت و پێشبینیی سەرکەوتن دەکاتەوە، یاخود سەرکەوتوو بووە و پێشبینیی دۆڕان دەکات. باوەڕم پێ بکەن ئەگەر شی کردنەوەی بۆ بکەیت، ئەوا هۆکاری زۆر باش دەدۆزیتەوە بۆ ئەوەی ڕووی داوە. دوایین شت ئەوەیە متمانە بە خەڵک بکەیت، سیاسەتوان لە پێگەیەکی سەختدایە، لەبەر ئەوەی هەندێ جار تووڕە دەکرێیت، کاتێک من لە ڕاگەیاندنی بەریتانیا، کە تا ڕادەیەک ڕاگەیاندنێکی ڕەقە، هێرشم دەکرایە سەر و لە کۆبوونەوەکاندا خەڵک هاواری بە ڕوومدا دەکرد، منیش دادەنیشتم و بیرم دەکردەوە کە ئەمە زۆر ناڕەوایە، ئنجا من گەڕامەوە بۆ (داونینگ ستریت: downing street) و دەرگاکەم داخست، سکاڵام لای هاوسەرەکەم کرد، ئەویش پێی گوتم بەسە سکاڵا کردن، چونکە ئەمە کارێکی خۆبەخشانەیە تۆ دەیکەیت، کەس تۆی ناچار نەکردووە ئەم کارە بکەیت.

● *ئێـوە گوتتـان کە هەمیشـە ئاسـتەنگەکانی بەردەم سـەرکردایەتی هەمـان شـتن، بەڵام لە ڕێـڕەوی باس کـردن لە بارەی حکوومـەت و حوکمڕانییەوە، باسـی گەشـە کردنت کرد، ئایا بیرۆکەی ئێوە لەبارەی گەشە کردنی سەرکردایەتی لە دنیایەکی جیهانگیردا چییە؟ کە ئێمە لەم قوتابخانەیە حەسـرەت بۆ ئەوە هەڵدەکێشین، بەوەی ئێمە سـەرکردەیەکی کاریزمایی ڕاستەقینەمان لە جیهاندا نییە؟*

وەڵام: کاتێـک گەنجتـر بووم، لەگەڵ گرووپـی (ڕۆک باند) دا (rock band) کارم دەکـرد. شـتێک کە بۆ من مایەی خۆش بەختییـە لە جیهانی ئـەو کاتەدا ئەوەیە، ئـەو تەکنەلۆژیایەی ئێسـتا هەیە لەو کاتەدا نەبوو، خۆ ئەگەر ئەو تەکنەلۆژیایەی ئێستا، ئەوکات هەبوایە، ئەوا لەو کاتەدا وێنە و تۆمارم دەبوو، هەرگیز نەدەبوومە سـەرۆک وەزیران. دژیەکی لە قسـەکانی من لەبارەی سەرکردایەتییەوە نەبووە، هەمیشە سەرکردایەتی هەمان شتە، پەیوەستە بە دەرکردنی بڕیار و ڕۆیشتن لە سەر ئەو بڕیـارە (taking decision and standing by them). ئەوەی گەشـە دەکات ئەو ڕێڕەوانەیە کە پێویستە بڕیارەکانیان تێدا دەربکرێن. هەندێ جار خەسڵەتی بڕیارەکانیش ڕەنگە بگۆڕێن، بـەڵام هونەری ڕاسـتەقینە یـان کوالیتیی سـەرکردایەتی بە تێڕوانین ناگۆڕێت، هەمیشـە لە نێو هەمو ڕۆژگارەکاندا وەک خۆی دەمێنێتەوە، کە کەسـانێک هـەن دەتوانن بڕیار بدەن و کەسانێکیش هەن ناتوانن بڕیار بدەن.

● *پرسـیارەکەی من پەیوەستە بە سیاسەتی گشتییەوە لە ئاسـت کۆچبەراندا، پێشـتر ئێوە باسی ئەوەتان کرد کـە ئێمە لە قۆناغـی دوای ئایدیۆلۆژیادایین، کە زیاتر و زیاتر دابەش بوونی بە سـەر ڕاست و چەپدا بەسەردا*

*دەچەسپێنێت. ئێستاش لە نێو مەسەلەکانی دیکەدا، وڵاتان بە سەر ئەوانەی کراوەن لە ئاست کۆچبەران و ئەوانەی داخراون لە ئاستیاندا دابەش بوون، دواتر ئێوە گوتتان ئایین گرنگە تەنانەت ئەگەر کەسەکە، کەسێکی ئایین پەروەریش نەبێت، کە بۆ تێگەیشتن لە ناکۆکییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەبێت لەوە تێبگەین کە چۆن ئایین دەبێتە پاڵنەریان، من سەرنجی ئەوەم داوە، ئەوروپا لە ئاست کۆچبەراندا زۆر کراوەیە، لە کاتێکدا ژاپۆن ڕێگاچارەیەکی پێچەوانەی هەڵبژاردووە، سیاسەتی گشتیی ئەوان ئەوەیە، هێندەی دەکرێت دانیشتووانەکە یەکرەنگ بمێنێتەوە. ئێستاش سەرنجی ئەوەم داوە کە دەیڤید کامیرۆن، سەرۆک وەزیرانی ئێوە و ئەنجێلا مێرکل و سارکوزی، هەموویان گوتویانە فرەکولتووری شکستی هێناوە، ئایا پێت وا نییە ڕەنگە ژاپۆن لە سەر ڕاست بێت؟ ئەوان لەوە تێگەیشتن کە کولتوور و ئایین دەبنە مایەی دابەش کردنی خەڵک و ناکۆکی دەخوڵقێنن و باشترە بونیاتی وڵاتەکە نەگۆڕێت؟*

وەڵام: ئەوە پرسیارێکی زۆر باشە، من دەزانم بۆچی ئەو تێڕوانینەیان هەیە، بەڵام لە ڕاستیدا من باوەڕم وا نییە جیهانی ئەمڕۆ، ناتوانێت ببێتە جیهانێک کە خەڵکی تێیدا لێک دابڕاو بن، کە خاوەنی کولتوور و باوەڕی جیاواز بن، جیهان بەم شێوەیە نییە. ئەوەی جیهانگیری دەیکات بریتییە لە بچووک کردنەوەی جیهان و کۆ کردنەوەی خەڵک پێکەوە. لە کۆتاییدا ئەگەر وڵاتێکی جیاواز وەربگریت، بۆ نموونە ئەمریکا، ئەوا هێزی مەزنی ئەمریکا لە شەپۆلی کۆچبەرانەوە هاتووە، ئەوان وزە و تازەگەرییان لەگەڵ خۆیاندا هێناوە. من دوو سێ هەفتە پێش ئێستا لە کالیفۆڕنیا بووم، لەگەڵ

ئـــەو کەســـە بەهرەمەندانەدا قســـەم دەکرد کە لە ســـتانفۆرد بـــوون، ئەوانـــەی (گـــوگڵ) و (ئەپڵ) و هەموو ئەو شـــتانەیان دروست کردووە، هیچیان ئەمریکییەکی ڕاستەقینە نەبوون کە بنەچەیان بچێتەوە سەر ئەو کەسانەی لە ڕابردوودا هاتبوونە ئـــەو وڵاتەوە، هیچیان، بەڵکـــوو تێکەڵەیەک بوون لە کولتوور و ڕەگـــەزی جیاواز کە هاتبوون، بـــەڵام ئەوەی لەوێدا دۆزی بوویانەوە بریتی بوو لە داهێنان لە سەر بنەمای بۆچوونێکی زۆر کـــراوە بۆ جیهان. بۆچوونی من لەبارەی ئەم پرســـەوە لە ئەوروپا، کە دەبێت زۆر وریا بین لەبارەی دەســـت نیشان کردنـــی کێشـــەکەوە. ئەمـــە زۆر دژوار و زۆر ئاڵۆزە، چونکە ئەگـــەر وڵاتێکـــی وەک بەریتانیا وەربگریت، ئەوا ڕاســـت نییە کە ئەو کەســـانەی کۆچیان کردووە بۆ وڵاتەکەی ئێمە، ئاوێتە نەبوون، بە شـــێوەیەکی گشتی ئەمە ڕاست نییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشـــدا، بە داخەوە ڕاســـتە بۆ بەشـــێک و تەنیا بەشێک لە دانیشتووانی موسڵمان، بە بۆچوونی من باشترە ڕاستگۆ بین لەبارەیـــەوە، بۆ ئـــەوەی بتوانیت مامەڵـــەی لەگەڵدا بکەیت، لە بری ئەوەی بە شـــێوەیەکی گشـــتی وای بخەیتە ڕوو، کە ئەو کەســـانەی هاتوونەتە بەریتانیاوە ئاوێتە نەبوون، ئەوە ڕاست نییە. لە پەیوەند بە دانیشتووانی موسڵمانەوە، ئەوا هەندێکیان کە هاتوون، واتە بەشێکیان زۆر بە باشی ئاوێتە بوون. کەواتە بۆچوونی من لەبارەی ئەوروپاوە، ئەمەش لە هەموو ئەوروپادا وەک یەکـــە، کە دەبێت بچیتە ســـەر بنەچەی کێشـــەکە، بەڵام ئەگەر ئەوروپا دژ بە کۆچبەران (Anti-Immigrant) بێت، ئەوا هەڵەیەکـــی زۆر گەورە دەبێت بۆ ئاییندەی ئەوروپا. هەروەک چۆن هەڵەیەکی گەورە بوو بۆ ئەوروپا، کاتێک من ســـەرۆکی ئەوروپـــا بـــووم و ئێمە گفتوگـــۆی ئەندامێتیـــی تورکیامان لە یەکێتیـــی ئەوروپادا ڕەت کـــردەوە، هەڵەیەکی گەورە بوو کە جارێکی دیکە پاشەکشەمان بە تورکیا کردەوە، ڕەنگە ئێمە لە

ئاییندەدا باجێکی قورسی ئەوە بدەین. کەواتە من تەواو لەگەڵ لایەنە کراوەکەی ئەم پرســەدام، ڕێزی تەواوم بۆ کۆمەڵگە و کولتووری ژاپۆن هەیە، بە دڵنیاییەوە کۆچبەران بۆ وڵاتەکەی من تەواو لە بەرژەوەندی و سوودی ئێمە بووە نەک لە زیان و پەککەوتنی ئێمە.

- *لە دە وانەکەدا باسی ئەوەت کرد کە سەرکردایەتی هەمیشە وەک خۆی دەمێنێتەوە، واتە دەرکردنی بڕیار و گرتنە ئەستۆی بەرپرسیارێتی گرنگن، ئایا ئێوە چ جۆرە ســەرکردەیەکتان بە لاوە پەسندە؟ لەبەر ئەوەی چەند جۆرێک ســەرکردە هەن، وەک سەرکردەی خزمەتکار، ئایــا ئێوە چ جۆرە ســەرکردەیەک لــە جیهانی ئەمڕۆدا پەسند دەکەن؟*

وەڵام: دووبارە ئەمەش پرســیارێکی زۆر باشە. من لەگەڵ ســەرکردەی خزمەتــکاردام (servant leadership)، بــەڵام من پشــتیوانیی ســەرکردەیەک ناکەم کــە ملکــەچ (sub servant) بێــت. پێــم وایە کاری ســەرکردە ئەوەیە، ئەو ئاراســتەیە بۆ خەڵک دیاری بکات کە خۆی پێی وایە ڕاســتە و متمانەش بە خەڵــک بکات. من باوەڕم وایە ئەگەر ســەرکردەیەک ڕێیەکی بەهێــزی بــەرەو پێش چوونی داڕشــت، کە ڕەنگە ئەو شــتە نەبێت خەڵکی بە تەواوەتی بیانەوێت، ئەوا بە باوەڕی من زۆر جار خەڵکی شــوێن ئەو ڕێیە دەکەون. یەکێک لە هۆکارەکانی ســەرکەوتنی من لە دوایین هەڵبژاردندا، کە زۆر زۆر سەخت بوو، لەبەر ئەوەی لە دوای شــەڕی عێراق و ئەفغانســتانەوە بــوو، کــە زۆر زۆر زەحمەت بــوو بۆ من، چونکــە تەنانەت ئەو خەڵکانەشــی کە لەگەڵ مندا هاوڕا نەبوون، پێیان وا بوو ڕێیەکــی ڕوون داڕێــژراوە و ئەو ئاراســتەیەش دەگرنە بەر. باوەڕم وایە کە پێویســتە سەرکردە لە خزمەتی خەڵکدا بێت.

پێم وایە ئەگەر خزمەتکاری ڕاستەقینەی خەڵک بیت، ئەوا ئەمە بە مانای ئەوە نییە لەگەڵ هەر شتێکدا هاوڕا بیت کە هەر کەسێک پێت دەڵێت. سەختترین شت ئەوەیە خەڵکانێک بەدی دەکەیت کە لەگەڵتدا هاوڕا نین. لە پەیوەند بە فلیپینەوە، ئەوەی پرسیار دەکات خەڵکی فلیپینە، ئەوا ئەم وڵاتە توانا و داراییەکی زۆر هەیە، پێویستی بە سیستەم و سەرکردایەتی هەیە بۆ بەرەو پێش بردنی وڵاتەکە و بۆ گەشەپێدانی، چونکە توانایەکی گەورەی هەیە. پێم وایە یەکێک لە ئاماژەکان کە پێویستە مایەی تووڕە کردنێکی قووڵ بێت لە هەر وڵاتێکدا، ئەوەیە، کاتێک دەچینە دەرەوەی وڵاتەکە، وەک فلیپینییەکان و بەشە جیاوازەکانی جیهان لەم کاتەدا، دەیانبینیت کارێکی مەزن دەکەن و بە ڕاستی خەڵکانێکی زیرەکن، کە لە بەشێکی دیکەی جیهاندا ڕۆڵێکی جیاواز دەبینن. ئەوەش بەشێکی بۆ چۆنیەتی پەرەسەندنی سیستەمی سیاسیی ئەوێ دەگەڕێتەوە، کەواتە خزمەتکاریی خەڵک (servant of the people) بەڵێ، بەڵام ملکەچی (sub servant) نەخێر.





- *دەمەوێت پرسیارتان لێ بکەم کە کاتێک ئێوە هاتن بۆ ئێرە و لیژنەی ئۆلۆمپی کۆبووەوە، چۆن مامەڵەتان لەگەڵ پرسی لۆبی: (lobby)دا کرد؟ واتە هەوڵ بدەن بەسەر بڕیارەکەدا کاریگەر بن، کە بووە هۆی ئەوەی بەریتانیا لە پێشوازی کردنی یارییەکانی ئۆڵەمپیادی ساڵی ٢٠١٢دا سەرکەوتوو بێت. لەم ڕووەوە بە سەر فەڕەنسادا سەرکەوت، ئایا لە پەیوەند بە بڕیاری بەڕێوە چوونی یارییەکانی ئۆلۆمپیادەوە چۆن ئەم کارەتان کرد؟ ئایا چۆن توانیتان گەمەکە بگۆڕن؟*

وەڵام: ئەوە پرسیارێکە جێی سەرنجە، لەبەر ئەوەی خەڵکانێکی زۆر ئەو ستایشە بە من دەدەن. لە ڕاستیدا بە

زۆری ستایشـــی هاوسەرەکەم دەکەن، لەبەر ئەوەی ئەو لەم پرسە بەرپرسیار بوو. ئەگەرچی من خۆشحاڵم بەم ستایشە، بەڵام ئەمە شـــتێکی ســـەرنج ڕاکێشـــە لەبارەی سیاســـەتەوە. لەبەر ئەوەی ئەوە هاوســـەرەکەم بوو کە چارەســـەرێکی بۆ دۆزییـــەوە، بۆ کۆمیتەی ئۆڵەمپی، کـــە نزیکەی لە ١٢٠ کەس پێکهات بـــوو، هەمـــووان دەنگیان هەبوو. ئەمـــەش وانەیەکی گرنگە بۆ هەر کەســـێک لـــە ئێوە بیەوێت ببێتە سیاســـەتوان، لەبەر ئەوەی وەک هەر شتێکی دیکە وایە. کەواتە لە کۆمیتەی ئۆڵەمپیدا، خەڵکانی پایەبەرزی تێدایە، وەک خێزانی شاهانە و لەو شـــێوەیە. ئینجا کەسێکی لێیە کە هەموو کەس دەیناسێت، کاتێک لـــە ژوورەکەدا دەبیـــت، کە کۆکتێل پارتـــی: (cocktail party) بـــۆ ئۆڵەمپیاد ســـاز دەکرێت، هەمو کـــەس لە دەوری ئەو کەسانە کۆبوونەتەوە. ئەوەی هاوسەرەکەم پەی پێ برد ئەمـــە بوو، کە ١٢٠ کـــەس لەوێدا بوون، نزیکـــەی ٢٠ بۆ ٣٠ نـــاوی گەورە و خەڵکی مـــەزن هەبوون، بـــەڵام ئەوانی دیکە هێنـــدە گرنگ نەبـــوون، واتە پایەیەکی بەرزیـــان نەبوو، بەڵام هەموویان یەک دەنگیان هەبوو، کەواتە ئەوەی هاوسەرەکەم کـــردی بریتی بوو لـــە پێدانی ژمارە بەو کەســـانە، لە کاتێکدا کەسی دیکە خۆی بێزار نەدەکرد بۆ ئەوەی ئەم ئەرکە بگرێتە ئەســـتۆ. لەبەر ئەوە کاتێک هاتینە ئێرە، کەســـانێکمان بینی کە نەمدەناسین و هەرگیز هیچم لەبارەیانەوە نەبیست بوو، بەڵام لیســـتێکی دوور و درێژ لە دۆســـت و هاوڕێیان پێک دەهێنا. کاتێکیش مەسەلەکە هاتە سەر دەنگدان، ئەوا خەڵکانی گەورە زۆربەیـــان بایەخیان بەوە نەدەدا کە دەنگەکە تەرخان کراوە، بەڵام کەسانی بچووک کاتێک هەڵسوکەوتێکی باشیان لەگەڵدا دەکەیت، ئەوا بە لای خۆتیاندا ڕادەکێشیت. ئەمە لە سیاسەتدا وانەیەکی گرنگە. لە سیاسەتدا پێی دەگوترێت (little old lady syndrome)، ئەو ئافرەتە بە ساڵاچووەی لە دواوە دادەنیشێت

و هیچ نالێت و ســەرقاڵی چنینە، بەڵام دەنگێکی هەیە، کەواتە بایەخی پێ بدە.

- *پرســیارەکەی مــن پەیوەســتە بــە پرســی ڕەگەزپەرســتییەوە، لە نێو کەســانی دیکــەدا (ئەنتۆنی گیدنز) و (خاتوو بارۆن سەیمنس) گوتوویانە: سەرۆک وەزیــران ئۆبامــا هەرگیز لــە بەریتانیــا ڕووی نەدەدا، لەبــەر ئــەوەی وڵاتێکــە لــە ڕووی دامەزراوەییــەوە ڕەگەزپەرســتیی تێدایە، ئایا لە بنەڕەتدا پێشنیاری ئێوە چییــە بۆ ئەوەی کەمینەکانی وەک (چو کا مۆنا) و (ئێچ وانــا کین) بــۆ ئەوەی ڕۆژێک لە ڕۆژان ببنە ســەرۆک وەزیران؟*

وەڵام: هیوادارم وەڵامەکە ئەوە بێت کە مومکین بێت ئۆباما لە بەریتانیا ڕوو بدات، بەڵام پێم وایە ئەمە پرسیارێکە شەرعییە بپرسین. پێم وایە لەم ڕووەوە بەریتانیا بەراورد بە ڕابردوو زۆر باشــترە، بەڵام هێشــتا ڕێگای لە پێشــە. ئەو کاتەی من لە پارتی کرێکاران بووم، ئەو مشــتومڕەمان گۆڕی لەبارەی یەکەم سەرۆک وەزیرانی ڕەش پێستەوە یان یەکەم سەرۆک وەزیرانی موســڵمان. باوەڕم وایە بەریتانیا لە گۆڕاندایە، من بــۆ خۆم پێــم وایە ئەمە بۆی هەیە لەم ڕۆژگارەدا ڕوو بدات. پێم وایە ئێســتا شــتێکی باش لەبارەی سیاسەتی بەریتانیاوە هەیە، کە لە ڕاســتیدا (دەیڤید کامیــرۆن) پارتی نەریتپارێزانی لە هەندێ لەو هەڵوێستە کۆنانە دوور خستووەتەوە، ئەمەش گرنگە و پێم وایە تا کەمتر نەریتپارێز بین باشترە. تێڕوانینی من لە ســەر ئەم مەسەلەیە زۆر ســادەیە، کە نەک هەر تەنیا ڕەگەزپەرســتی هەڵەیــە، بەڵکــوو لە ڕۆژگاری ئێســتادا هیچ وڵاتێــک بەرگەی ئەوە ناگرێــت ڕەگەزپەرســت بێت، چونکە ئەمە بە هەدەردانی بەهرە و لێهاتووییەکانە، واتە لە ڕاســتیدا

ئەوەندەی کارێکی هەڵەیە، هێندەش کارێکی گەمژانەیە. یەکێک لــە خاڵەکانی هێـزی ئەمریکا، پێـش هەڵبژاردنەکانی ئەمریکا خەڵکانێکـی زۆر لــە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاســت پێیــان گوتم کە هەرگیــز ئۆباما هەڵنابژێرن، هەرگیز کەسـێکی ڕەش پێســت هەڵنابژێــرن. منیش پێم گوتن: ئەوان ئەو کەســە هەڵدەبژێرن کــە دەیانەوێــت هەڵیبژێرن. من باوکم لە ســاڵی ١٩٧٩دا پێی گوتم، واتە ســاڵێک پێش هەڵبژاردنەکــەی ١٩٨٠ لە بەریتانیا، کە هەرگیز خەڵکی بەریتانیا ئافرەتێک وەک سەرۆک وەزیران هەڵنابژێرن، بەڵام ئەوان ئەم کارە دەکەن. هەر ئەمەش هۆکاری ئەوە بوو کە لە کۆتاییدا پێم وایە متمانە بە خەڵک بکەن، لەبەر ئەوەی وا باوە ئەوان لەوە زیرەکترن کە سیاسەتوانان وێنای دەکەن. کەواتە هیوادارم وەڵامەکە بەڵێ بێت.

● *چەند جارێک باســی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاســتت کرد، پێم باشــە پرســیارێکتان لــێ بکەم کە پەیوەســتە بە سیاســەتی دەرەوەتان لە ئاســت عەقیــد موعەممەر قەزافیدا، کاتێک ئێوە لە دەســەلاتدا بــوون، پێش کۆتایی هاتنــی خولی کابینەکەت، ئەو تەقەمەنیی بۆ سوپای سووری ئێرلەندا دەنارد، هەروەها کوژراوێکــی زۆریــش لە تەقاندنەوەی فڕۆکــەی (پان ئێم) لە لۆکەربــی هەبوو. هەموو دەســتدرێژییەکانی دژ بە بەریتانیا، کاتێک لە دەســەلاتدا بوویــت، قەزافی تونــد و تیژانە خەڵکی خۆی ســەرکوت کرد، دوای ئەوەی لە دەسەلاتیشدا نەمایت، ئەوا دڵڕەقییەکانی بۆ جیهان دەرکەوتوون، ئەمەش وەک ئەو پەندە وایە کە دەڵێت ئەگەر وەک مراوی بڕوات و دەنگیشــی وەک مراوی وا بێت، ئیدی پێویســتە مــراوی بێت. دەمەوێت بۆچوونی تۆ بزانم کە ئایا بە مراویی دەزانیت و ئایا پاڵنەری تۆ چی بوو کاتێک لە ساڵی ٢٠٠٧دا لە ژێر خێوەتەکەدا لەگەڵی دانیشتی بۆ ئەوەی گفتوگۆ لەبارەی هەوڵەکانی بنیاتنانەوەی*

*پێگەی نێودەوڵەتی بکەیت؟*

وەڵام: لــە بنەڕەتدا من نازانم ئــەو مراوییە یان نا! پێم وایە گرنگە پشــتیوانیی لــێ بکەیت کاتێک کارێکی ڕاســت دەکات و ئیدانــەی بکەیــت کاتێــک هەڵە دەکات. کاتێــک من بە چڕی لەگەڵ ســەرۆک کلینتۆن و نێلســۆن ماندێلا بەشــدار بووم، کە دەســتی لە پاڵپشــتی کردنی تیرۆر هەڵگــرت و هاوکاریی نوانــد لــە دژی تیرۆر، لە ســاڵی ٢٠٠٣شــدا دەســتبەرداری بەرنامــەی چەکی کیمیایــی و ئەتۆمی بوو، ئەمانە زۆر گرنگ بوون، لەبــەر ئەوەی بۆ ئێمە مایــەی نیگەرانی دەبوو ئەگەر ئێســتا ئەو بەرنامانەی بمایە. پێم وایە گرنگە کە پشــتیوانیی بکەیت کاتێک کارێکی باش دەکات، ئێســتاش کە گەڕاوەتەوە بۆ ســەر کاری هەڵە، ئەوا ئیدانەی دەکەیت. هەمیشە ئومێدی من ئــەوە بوو کــە گۆڕانکارییەکەی لە سیاســەتی دەرەوەدا هاوشان بووایە لەگەڵ گۆڕانکاری لە سیاسەتی ناوەوەدا. من نیگەرانــم لەوەی ئەمە هەرگیز ڕوو نەدات. لە ڕاســتیدا ئەمە وەک وانەیــەک وایــە کە بــە داخەوە، ئەوانەی بــۆ ماوەیەکی زۆر دوور و درێژ لە دەســەڵاتدا دەمێننەوە، پەیوەندی لەگەڵ هەر شتێکدا لەدەست دەدەن، ئیتر هەر چییەک بێت. ئێستاش ڕێگاچــارە نییە و دەبێــت مامەڵەی لەگەڵــدا بکەین و کاریش دژی ئــەو گیراوەتــە بەر. هەندێ جار خەڵکــی پێم دەڵێن ئەو کارانەی ئێســتا دەیانکات، وات لێ ناکەن پەشــیمان ببیتەوە، مــن دەڵێــم نەخێر من پەشــیمان نیــم، لەبەر ئــەوەی ئێمە لە پێگەیەکی باشــتردایین بە هۆی گۆڕانی هەڵوێســتەکەیەوە، کە ئەگەر ئەم گۆڕانکارییە بە ســەر هەڵوێستیدا نەهاتایە، ئەوا لە پێگەیەکــی خراپتردا دەبووین. بەریتانیــا پارەیەکی زۆری بە خەرج دا لە چاودێری کردن و شی کردنەوەی لیبیا، بە هۆی توانای تیرۆریستییەوە، بۆ ساڵانێک دەتوانین تەرکیز لە سەر بەشێکی دیکەی جیهان بکەینەوە، لەبەر ئەوەی چی تر ناچار

نین ئەم کارە بکەین، بەڵام ئەو کارەی ئێستا دەیکات هەڵەیە و قابیلی قبووڵ نییە و هەوڵ دەدەین بیوەستێنین.

- *بەم دواییە گوێم لە کەسێک بوو کە دەیگوت بەریتانیا ئیمپراتۆریەتێکە لە داکشانێکی قەشەنگدایە (Empire in graceful decline)، ئایا باوەڕت وا نییە ململانێی هێز گەمەیەکی سفری بێت و مەسەلەکە ئەوەندە سادە بێت، تەنیا گواستنەوەی هێز نەبێت لە ڕۆژئاواوە بۆ ڕۆژهەڵات، لەبەر ئەوەی لە ئابووریدا ئەو دەستەواژەیەمان هەیە کە هیچ شتێک بە نایاب بەراورد ناکرێت. باوەڕم وا نییە ئێوەش ئەوەندە سادەییانە بڕوانن، ئایا ڕۆڵی بەریتانیا لە دنیای جیهانگیریدا چییە؟ چۆن ئێمە خۆمان لەم جیهانەدا جیا دەکەینەوە؟ ئایا بەهاکانی ئێمە چین؟*

وەڵام: ئەوە خاڵێکی باشە. سەرەتا بۆچوونی من لەبارەی ئەوەی ئێمە ئیمپراتۆریەتێکین لە داکشانێکی جوانداین، ئەوەیە کە ئێمە دەستبەرداری بیرۆکەی ئیمپراتۆریەت بووین.

- *ئایا خەونی گەڕاندنەوەیتان نییە؟*

وەڵام: ئەوە خەونێکی نائومێدانە دەبێت. ئەمە مەبەستی منە کاتێک دەڵێم دەبێت هەموو وڵاتان، هەروەها خەڵکەکەش بگۆڕێن. بە تێڕوانینی من بەریتانیا لە ڕۆژگاری ئێستادا دەتوانێت پێگەیەکی تایبەتی هەبێت، ئەویش بە سایەی ڕابردوویییەوە، بەڵام بە مەرجێک ئەمە بخاتە خزمەتی ئاییندەوە. بەریتانیا لە پێگەیەکی زۆر باشدایە، دوو هاوپەیمانی گەورەی هەیە، ئەمریکا و ئەورووپا کە هەردووکیان زۆر بە بەهێزی دەهێڵێتەوە، هاوپەیمانی تاکە سوپەری پاوەر (زلهێز)ی جیهانە، هاوپەیمانێکی نزیکیشیەتی. لە نێو یەکێتیی ئەورووپاشدایە کە

گەورەترین یەکێتیی ئابووری و بازرگانییە لە جیهاندا، پێی دەگوترێت: ئنیگلیزی زمان: English language، تاکوو ئێمە لە بەریتانیا شانازی بە ڕابردووەوە بکەین و تێیدا نەژین، ئەوا کارێکی باش دەکەین، بەڵام دەبێت لە سەر بنەمای لێهاتوویی خۆمان بچینە دەرەوە. ئەوەی من ئێستا بە خەڵکی دەڵێم ئەوەیە، تێڕوانینی من بۆ وڵاتەکە زەحمەتە، لەبەر ئەوەی ڕاگەیاندن لە بەریتانیا زۆر جەمسەرگیرە لە نێوان چەپێکی زۆر نەریتی و ڕاستێکی زۆر نەریتی، ئەمەش کێشەیەکی گەورەیە بۆ وڵاتەکە، لەبەر ئەوەی هیچیان تێڕوانینان بۆ ئایندە نییە. کاتێک بە جیهاندا دەگەڕێم، ئەو تێڕوانینە لە لای بەریتانییەکان بەدی دەکەم، بە ڕاستی بێزارم دەکات کاتێک خۆیان هەڵدەکێشن و دەڵێن ئێمە بەریتانین، بەڵام لە ڕاستیدا ئەوە گرنگ نییە، چونکە ئەوەی گرنگە ئەوەیە شتێکت هەبێت بۆ گوتن و توانای ئەوەت هەبێت بیڵێیت. بە لای منەوە پێویستە بەریتانیا بکەوێتە بەکار هێنانی هەموو ئەو ڕایەڵە مێژووییانە، لەبەر ئەوەی هێشتا بەهادارن، بەڵام بیانخاتە نێو جیهانی مۆدێرنەوە. یەکێک لە هۆکارەکانی ئەوەی ڕێسای ئەوە داندرا کە ژمارەیەکی زیاتری قوتابی بێن بۆ بەریتانیا، دەقاودەق بە هۆی ئەو ڕاستییەوە بوو، کە من حەز دەکەم خەڵکی بێنە نێو بەریتانیاوە، لە ئاییندەدا بۆ ئێمە شتێکی مەزن دەبێت. کەواتە دەبێت بە ڕاستی بەو خاڵی هێزانەدا بچینەوە و لە ئاییندەدا بەکاریان بهێنین، بەڵام دەبێت ئابووریی ئێمە کراوە بێت، کۆمەڵگەی ئێمە کراوە بێت، وەک بەهای بەشداریی کۆچبەران و هاوپەیمانانمان، بە بەهێزی بمێننەوە، درک بەو ڕاستییەش بکەین کە چی دی جیهان بایەخ بەوە نادات ئێمە پێشتر ئیمپراتۆریەتمان هەبووە، بەڵام ڕەنگە بایەخ بەوە بدەن کە دەتوانین چی بۆ ئاییندە بکەین.

*● مـن پرسـیارێکم هەیـە لـە بـارەی سـەرکردایەتی کردنەوە، من خەڵکی ئەمریـکام، ئێمە حاکمێکمان هەیە لە ویسـت کانسـۆن، هەوڵـی تێپەڕاندنی یاسـایەک لە (ویسـت کانسۆن) دەدا، کە بە زۆری جەماوەر دژین و ڕای گشـتی بە تەواوەتی دژی ئەوەن و ناچارە پۆلیس بـەکار بهێنێـت بـۆ کردنـە دەرەوەی خەڵک لـە بینای پایتەخت لە ویسـت کانسـۆن. کەواتە لـە کاتێکدا ڕای گشـتی بە تەواوەتـی دژی ئەون، ئایا ئەوە مەبەسـتی تـۆ بوو لە متمانە کردن بە خەڵک؟ ئایا ئەوە نیشـانەی سەرکردایەتییە کە بەردەوام بیت لە بەرەو پێش بردنی کارەکەی خۆت؟ یان نیشـانەی لاوازییـە، کە ئێوە لەو دۆخـەدا بـوون؟ ئایـا پێویسـتە چی بـکات و ئایا ئەو کەسـێکی لاوازە ئەگەر پاشەکشە بکات و پابەند نەبێت پێیـەوە؟ یان پێویسـتە کار لە پێناویدا بـکات، تەنانەت ئەگەر ڕای گشتی زۆر بە توندی دژیشی بن؟*

وەڵام: سەرەتا، من ناڵێم ئەو ڕاستە، ئەگەر پێی وایە کارێکی ڕاست دەکات ئەوا دەبێت پێوەی پابەند بێت. با من دوو شت بڵێـم، یەکەمیان ئەوەیە نابێت سـەرکردایەتی کردن ئەرکێکی خۆکـوژی بێـت (KAMIKAZE MISSION)، ڕەنگـە هەنـدێ سازشی تاکتیکی بکەیت، بەڵام ئەگەر ئامانجە ستراتیژییەکەت بریتـی بـوو لە کـەم کردنەوەی کـورت هێنان، ئـەوا تۆ ئەم کارەت دەوێت. من ڕاهاتووم بە خەڵکی بڵێم، ئەویش لە کاتی بەرنامـەی چاکسـازییەکەمدا، کاتێک چاکسـازیم لە زانکۆ و پەروەردە و تەندروسـتی و یاسـا و سیسـتەمدا دەکرد، من زۆر هۆگری ئەم پۆسـتەم نیم کـە ئەوەندە پێیەوە پابەند بم، تاکوو ئەو چاکسـازیانە نەکەم کە دەمەوێـت بیانکەم. ئەگەر دەتانەوێـت لە سـەر ئەو بنەمایـە دەنگ لە دژم بـدەن، ئەوا فەرمـوون، ئەوەی تەواو سـەیرە، ئەوەیە من زیاتر لە سـەر

چاکسازی کردن لە زانکۆکاندا، نەک لە سەر جەنگ، نزیک بوو پۆستی سەرۆکایەتیی وەزیران لەدەست بدەم. کەواتە تێڕوانینی من ئەوەیە هەندێ سازشی تاکتیکی دەکەم، بەڵام لە ڕووی ستراتیژەوە ئەوە هەڵوێستی منە، ئەگەر پێت خۆش نییە، ئەوا من دەچم لە ژیانی خۆمدا کارێکی دیکە دەکەم. پێم وایە دەبێت لەو پێگەیەدا بیت. شتێکی دیکە کە دەمەوێت بیڵێم ئەوەیە، وانەی ڕاستەقینە، ئەمەش یەکێکە لە بیرکردنەوە جێ سەرنجەکان لە سیاسەت و لەوەدا کە ڕوو دەدات، تۆ دەڵێیت ڕای گشتی بە تەواوەتی دژین، تاکە تاقی کردنەوە لەبارەی ئەوەوە بریتییە لە هەڵبژاردنی داهاتوو. پێم وایە ئەوەش زۆر گرنگە، خەڵکی ڕاهاتوون هەندێ جار پێم بڵێن، مەبەستم تەنیا ئاماژە کردن نییە بۆ عێراق و ئەفغانستان و ئەو مەسەلانە، بەڵکوو لە پەیوەند بە خۆپیشاندانی سەر شەقامەکانەوە، کە دەڵێن بڕوانن هەمیشە خەڵکی لە سەر شەقامە، منیش دەڵێم باشە، بەڵام من هەڵبژاردنم بردووەتەوە. لە دیموکراسیدا، لە کۆتاییدا هەڵبژاردن سەنگی مەحەکە. من خۆم لە کۆتایی ماوەی سیاسیی خۆمدام، ئەمەش مەبەستی منە لە متمانە کردن بە خەڵک، باوەڕم وایە لە کۆتاییدا خەڵکی سەرکردایەتییەک پەسند دەکەن، کە لێرەدا من نموونەیەکی جێی سەرنجتان بۆ دەهێنمەوە، ئەگەر ڕاپرسییەکان وەک نموونە وەربگریت بۆ وەرگرتنی ڕای خەڵکی بەریتانیا، ئەوا وا بیر دەکەیتەوە کە بە تەواوەتی دژی ئەورووپان، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوە ڕاستییە، کە «لێرەدا قوتابیانی سیاسەت دانیشتوون»، هیچ پارتێکی سیاسی لە سیاسەتی بەریتانیادا زۆرینەیەکی زۆری بەدەست نەهێناوە، بە سایەی بەرنامەی گومان کردن لە ئەورووپا، خەڵکی بە زۆری دەڵێن ئەوە ڕاست نییە، چونکە (مارگرێت تاچەر) هەڵبژاردنی بردەوە، لە یەکەم دوو هەڵبژاردندا لە سەر بنەمای بەرنامەیەکی پشتیوان بە

ئەوروپا ســەرکەوتوو بــوو، بەڵام لە دوایین هەڵبژاردندا لە بنەڕەتدا ئەوە هەر مەسەلەیەک نەبوو. لەبەر ئەم هۆکارە، ئەوا بیرکردنەوەیەکی جێی سەرنج هەیە لە سەر سیاسەت، چونکە ئەگەر لە ڕاپرســییەکاندا پرســیار لە خەڵک بکەیت ئەوا دژی ئەوروپان، بەڵام لە پرســی پەیوەندیی خەڵک و ســەرکردەدا، مەســەلەکە ئەوەیــە خەڵکی مافی ئەوەیــان هەیە بۆچوونێکی لایەنگرانەیــان هەبێــت و بۆچوونێکــی بابەتیانەیان لە ســەر مەسەلەیەک یان دۆخێک نەبێت، بەڵام بە پێی ئەو ئەزموونەی من هەمە، ئەوا زۆر ترسیان لێ دەنیشێت ئەگەر سەرکردەکان لەگەڵیاندا هاوڕا بن. بۆ نموونە دەڵێن ئەوروپا شوێنێکی زۆر خراپە و برۆکســل شــوێنێکی زۆر خراپە و پێویســت ناکات بچین بۆ ئەوێ، بەڵام کاتێک ســەرکردە دەڵێت من هاوڕام و ئەوروپاش شــوێنێکی خراپە، پێت دەڵێن ڕاوەستە، بڕیار بوو تۆ ســەرکردە بیت، کەواتە ئەمە دوو شــتی جیاوازە. کەواتە پێم وایە بەشــێکی ئەرکی ســەرکردە ئەوە نییە، دابنیشــێت و لەگــەڵ هەر بۆچوونێکــی لایەنگیرانــە و نابابەتیانەی خەڵکدا هــاوڕا بێت. کەواتە لە نێو هەموو ئەو کارانەی لە وڵاتەکەتان و وڵاتەکەی من و ئەوروپاشــدا دەگوزەرێت، زۆربەی خەڵک دەیانەوێت ئەمە چارەســەر ببێت و سەرکردایەتییان دەوێت. شــتێکی مەزنی دیموکراسی ئەوەیە، لە کۆتاییدا خەڵک دەنگ دەدەن، بــەڵام هــەروەک من ڕاهاتووم بڵێــم، لێرەدا ئەمە دوا لێدوانــی منە لەبــارەی ســەرکردایەتییەوە، ئەوەیە کە من بە خەڵکــی دەڵێــم ئەمــە مامەڵەکەیە لە نێوان مــن و تۆدا، وەک خەڵــک و ســەرکردە، ئەگــەر دەتەوێــت دوورم بخەیتــەوە، دەتوانیــت دوورم بخەیتەوە، بەڵام منیــش مافی ئەوەم هەیە ئەوە بڵێم کە باوەڕم پێیەتی. کەواتە لەو ڕووەوە قەرزاری تۆ نیم، ئەمە پەیوەندییە و پێم وایە دەبێت سەرکردایەتیی ڕاست و دروست بەم شێوەیە کار بکات.



# چۆن پارتی سیاسی دیموکراسی
# بنیات دەنێت؟

ئینگرید ڤان بەیزن

*پرۆفیسۆر ئینگرید ڤان بیزن پرۆفیسۆری زانستی بەراوردکارییە لە زانکۆی لیدن لە هۆڵەندا، کە یەکەمین و کۆنترین زانکۆی ئەو وڵاتەیە، ماوەیەکیش وەک میوان پرۆفیسۆر بووە لە زانکۆی جۆنس هۆبکنز لە ئەمریکا، توێژینەوەکانی ئەم خانمە تایبەتن بواری سیاسەتی بەراوردکاری، پارتی سیاسی و سیستەمی پارتایەتی و دیموکراتی، هەورەها پەرەپێدانی دامەزراوەکان، توێژینەوە تازەکانیشی تایبەتن لە سەر ئەزموونی جۆراوجۆری رێکخستنی پارتایەتی و کاریگەریی لە سەر دیموکراتیەتی هاوچەرخ، ئەم باسەشی کە لەم کتێبە کراوە بەکوردی یەکێکە لە توێژینەوەکانی تایبەت بەوەی چۆن (پارتی سیاسی دیموکراتی بونیات دەنێت؟*

*How Political Parties shape Democracy?.*

ئـەم باســە پەیوەندیی نێوان خەسـڵەتی پارتی سیاســی و جۆرەکانــی دیموکراســی هەڵدەســەنگێنێت. ئـەوەش دەخاتە بــەر باس و لێکۆڵینەوە، کە رۆڵــی گۆڕاوی پارتەکان دەکرێ بە گۆڕانی فیکرییەوە ببەســترێتەوە. ئیدی لێــرەدا، پارتەکان وەکوو دامەزراوەگەلی پێویســت بۆ دیموکراســی دەبیندرێن. هەروەها ئەمەش بەشدار دەبێت لە چەمکی گۆڕاوی پارتەکان، لە کۆمەڵەی تایبەت و خۆبەخشــەوە بەرەو پارتی سیاســی، کە «سوودی گشــتی» بە کۆمەڵگا بگەیەنێت. واتە، پارتەکان وەکوو سوودی گشتی بۆ دیموکراسی پێویستن. حاڵەتی نوێی دیموکراســاندن (بە دیموکراســی کردن)، کە تێیــدا پارتەکان پایەیەکی بەرچاوی باشــیان لــە چوارچێوەی دامەزراوەکانی دیموکراســیدا هەیە، بەڵگەی حاشــا هەڵنەگریش دەخەنە بەر دەســت بۆ چەمکی پەیوەندیی نێوان پارتەکان و دیموکراسی، بەڵام لە هەمان کاتدا مشتومڕ و ناکۆکیی سەرەکی لە بارەی مانای دیموکراسی و رۆڵی راستەقینەی پارتی سیاسی لە نێو

دیموکراسیدا هێشتا هەر هەیە. هەڵبەت، بە داخەوە ئەدەبیاتی پارتەکان و تیۆریی دیموکراسی تا ئەندازەیەکی زۆر، بە جیا لە یەکتری پەرەیان سەندووە. ئەم باسە هەوڵێکی سەرەتایی دەخاتە بەر دەست بۆ ئەوەی ئەو بۆچوونە باوە بگۆڕێت، کە پێی وایە دیموکراسیی هاوچەرخ بە بێ پارتەکان نابێت، بە لەبەر چاو گرتنی هەمەچەشنیی پارت و چەمکە جیاوازەکانی دیموکراسی.

**لەبارەی هاودژی پارتەوە:**

بیرمەندی سیاسی (شاچنایدەر) زیاتر لە نیو سەدە بەر لە ئێستا پێی وا بووە، کە «پارتەیلی سیاسی دیموکراسییان دروست کردووە، دیموکراسیی مۆدێرنیش بە بێ پارتەیلی سیاسی نابێت.» ئەم جەخت کردنەوەیە لە سەر گرنگیی پارتەیلی سیاسی بە شێوەیەکی گشتی لە لایەن لێکۆڵەرانی نوێ و سیاسەتمەدارانەوە دێت، کە بەرپرسیارن لە برەودان بە گەشە کردنی دیموکراسیی نوێ، یان باشتر کردنی جۆرایەتیی دیموکراسی لە وڵاتانی خاوەن دیموکراسیی جێگیر و پەسند کراو. هەرچەندە پارتەکان شتێکی حەتمی نین، با وازیش لە پێویست بوونیان بێنین. دامەزراوەی سیاسی کە بۆ یەکەم جار دەرکەوت، لەم رۆژگارەدا بە تەواوی رەگی لە دامەزراوەگەلی دیموکراسیدا داکوتاوە، بە خێرایی گرنگیی ئەو لە سیستەمە دیموکراسییە تازە دامەزراوەکان لە رۆژهەڵاتی ئەورووپا و چەندین شوێنی دیکەی جیهاندا دەرکەوت، بە رادەیەک کە بە شێوەیەکی بەربڵاو وەک پێشمەرج دەبیندرێت بۆ سیستەمی مۆدێرنی دەوڵەتی دیموکراتی، گوزارشتە لە پلورالیزمی سیاسی.

هەرچەندە وا دەردەکەوێت، کە کۆدەنگییەک سەبارەت بە پێویستیی دیموکراسی و گرنگیی پارتەیلی سیاسی لە پرۆسەی دیموکراساندندا هەبێت، هاوکات ناکۆکییەکی بەرچاویش

هەیە. لە پێش هەمووشـیانەوە ناکۆکی سـەبارەت بە ئەرکی ئـەم پارتانە هەیە. زۆربـەی رەخنەی دژ بە پارتەکان لەوەوە هاتووە، کە سـەبارەت بەو رێیانەی پارتەکان ئیشـی لە سەر دەکەن، نائومێدن. هەروەک لە لایەن (سکمیتەر)ەوە گوتراوە: پارتەیلی سیاسـی وەک جاران نەماون. بە شێوەیەکی وردتر دەتوانیـن بڵێیـن شکسـتەکانیان بووەتە هۆی سـەرهەڵدانی مشتومڕێکی زۆر لە سەر کەم بوونەوەی رۆڵیان، ئەویش بە لەدەستدانی گرنگییان وەک رێگەیەک بۆ نوێنەرایەتی کردن و ئامرازێک بۆ بڵاو بوونەوە و کەناڵی قازانج بەخش و یەکانگیر بوون، بەڵام لە هەمان کاتدا دەسەڵاتی تایبەتی خۆیان بەدەست هێناوە، سەبارەت بە دانانی پاڵێوراوان و دەزگای حکوومەت و پەرلەمان. جیاوازی کردن لە نێوان ئەو دوو ئەرکەی پارتەکان، واتە ئەرکی نوێنەرایەتی کردن و ئەرکی دامەزراوەیی، بە پێی بۆچوونـی (باترۆلینی) و (مایـەر) ئەوەیە، هەر کاتێک ئەرکی نوێنەرایەتـی کەمی کـرد، ئەوا رۆڵـی دامەزراوەییان وەکوو خـۆی دەمێنێتەوە، بگرە هەندێ جار بەرەو پێشـیش دەچێت. کەواتـە بە شـێوەیەکی سـەیر پارتـەکان وەک دامەزراوەی سـەرەکی بۆ دیموکراسـیی نوێنەرایەتی دەبیندرێن، بەڵام لە هەمان کاتدا ناشتوانن ئەرکە سەرەکییەکانی دیموکراسییەکی تەندروست پیادە بکەن. ئەم جیاوازییە رووکەشەی نێوان ئەم دوو گریمانەیە، لە هەمان کاتدا ئەوە دەخاتە روو، کە پارتەکان دامەزراوەگەلی پێویستن بۆ دیموکراسیی نوێنەرایەتی، بەڵام بـە لاوازی ئەرکـی نوێنەرایەتییەکەیـان رادەپەڕێنن. ئەمەش رۆڵی گۆڕاوی پارتەکان لە دیموکراسـیی مۆدێرندا، هەروەها چەمکی گۆڕاوی پارتەیلی سیاسـی دەردەخـات، بە تایبەتی، رەگەزەکانـی مۆدێرنـی هـزر، دەرخـەری گۆڕانـی هزریی پارتەیلـی سیاسـین، لە کۆمەڵـەی خۆبەخشـی تایبەتەوە بۆ چەمکی پارتایەتی وەک بەرژەوەندی گشتی بۆ دیموکراسی.

حاڵەتــی نوێــی دیموکراســاندن (بــە دیموکراســی کردن) لــە باشــوور و ناوەڕاســت و ڕۆژهەڵاتی ئەورووپــا، کە تێیدا پارتەکان پێگەی باشــی خۆیان هەیە لە بوارەیلی یاســایی و دەســتووریدا، دەوڵەتیش ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت لە پاڵپشتی کردنــی دارایی پارتــەکان، هەروەها کە دەوڵــەت تا رادەیەک چالاکیــی پارتەکان کۆنترۆڵ دەکات (ئەمەش لە کۆنتێکســتی دیموکراسیی لیبرالدا بێ وێنە بووە)، باشترین بەڵگەشمان بۆ چەمکی پەیوەندیی نێوان پارتەیلی سیاســی و دیموکراســی، دەخاتە بەر دەست.

گرنگیــی ئــەم گفتوگۆیانە لە بارەی ئەرکــی نوێی پارتەکان و سیســتەمەکەیان ئەوەیــە، کە ناکۆکیی ســەرەکی لە بارەی مانای دیموکراســی و ڕۆڵی راســتەقینەی پارتەیلی سیاســی لــە نێو دیموکراســیدا هەیە. گلەیی لە بــارەی کەم بوونەوەی ڕۆڵی پارتەکان، پاشەکشــەی سیاسی، زیاد بوونی ناڕەزایی و نەبوونــی متمانــە بە پارتــەکان و سیاســەتمەداران، لاواز بوونی ڕۆڵی حکوومــەت و نوێنەرەکانیان، یاخود گرفتەکانی بەرپرســیارێتی و وەڵامدانەوە، هەروەها شــەرعیەت. هەموو ئەمانە پشــت دەبەســتن بەو گریمانە پێوەریانــەی لە بارەی بەهای دیموکراســی و چۆنیەتی کاری دیموکراسییەوە هەن. لە راســتیدا، هەر مشــتومڕێک ســەبارەت بە ڕۆڵی پارتەکان لــە دیموکراســیی مۆدێــرن، ئــەو مانــا شــاراوە و گریمانە پێشــینانە لەخۆ دەگرێت، بە دەگمەن دەخوێندرێنەوە و روون دەکرێنەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشــدا چەند شــتێک لە دەرەوەی ئەمانەش هــەن. هەرچەندی ئەم گریمانانــە روون بکرێنەوە، بەڵام هەر بە شــێوەی راســتی بەڵگەدار گوتراون، نەک وەک بــژاردەی مشــتومڕ هەڵگر. لە هەمان کاتدا، ئەوە ســەیرە کە ئەدەبیاتی تیۆریی دیموکراســی لەبارەی پارتی سیاســییەوە کەمــی گوتــووە، یاخود زۆر بە روونی ئەوەی نیشــان داوە،

که پارتەکان ڕێگری بەردەم دیموکراسین. بە مانایەکی دی، هەرچەندە گرنگییان بە سەر یەکتری هەیە، وێڕای ئەوە، ئەدەبیاتی پارتەکان و تیۆریی دیموکراسی بە جیا لە یەکتر پەرەیان سەندووە. هەروەک (برویس) دەڵێت: کەس نەیتوانیوە چۆنیەتی حکوومەتی نوێنەرایەتی بە بێ پارتەکان نیشان بدات. ئەگەر ئەمە ڕاست بێت، دیموکراسیی نوێنەرایەتی پێویستی بە پارتی سیاسی هەیە، ئەو پارتانەش بە شێوەیەک گۆڕاون کە توانای خۆیان بۆ ڕۆڵ بینین وەک ئامرازی نوێنەرایەتی کردن لەدەست داوە. ئەمەش بە روونی مانایەکی زۆری بۆ خەسڵەتی دیموکراسی هەیە.

ئەوە تەنیا بە ئاماژەدان بە تیۆرییەکانی دیموکراسییە، کە دەتوانین گرژیی نێوان گرنگیی پارتەکان و پەراوێزخستنیان لە پێگەی جەوهەریی هەر دیموکراسییەکی مۆدێرندا بگەین، هەروەها دەشتوانین مانای شوێنی پارتەکان لە دیموکراسیی نوێدا بە شێوەیەکی فراوانتر ببینین. بە تایبەتی کاتێک ڕووبەڕووی پرسی چەسپاندنی دیموکراسیی دامەزراوە دەبینەوە، چونکە چارەسەری گرفتەکان لە خەسڵەتی گۆڕاوی پارتەکان لە دیموکراسییە دامەزراوەکاندا سەر هەڵدەدات. هەروەها خوێندنەوەی کەموکوڕیی دیموکراسی لە یەکێتیی ئەوروپادا، لە ئەنجامی نەبوونی کەناڵی پێویست بۆ نوێنەرایەتی کردن، دەبێتە شتێکی پێویست کە ئەدەبیاتی پارتەیلی سیاسی و تیۆریی دیموکراسی بایەخی پێ دەدەن. لەبەر ئەم هۆیە، گرنگە کەلەپووری ئەوروپا سەبارەت بە هزری دیموکراسی هەڵسەنگێنین، بایەخ بدەین بەوەی چۆن چەمکەکانی تایبەتی دیموکراسیی پارتەیلی سیاسی، پەیوەندیدارن بە یەکترەوە. ئەم باسە لەم پرسە دەکۆڵێتەوە، بە تایبەتیش جەخت دەکاتە سەر ئەدەبیاتی سەدەی بیستەم لەبارەی پارتەیلی سیاسی و تیۆریی سیاسی.

## سەرەتای سەدەی بیستەم:

لــە ســـەرەتادا گرنگە ئەوە بــاس بکەین، کە پــارت وەکوو دامەزراوەیەکی سیاســی دیاردەیەکــی نوێیە. ئامادەبوونی لە کاتی ســـەرهەڵدانییەوە شــتێکی حەتمی و پێویســت نەبووە. کاتێک بۆ یەکەم جار پارتەکان دەرکەوتن، بە شێوەیەکی گشتی وەک هەڕەشەیەک بۆ ســەر بەرژەوەندیی گشتی دەبیندران، یاخود وەک شــتێک دژ بە بەرژەوەندییەکانی تاک. لە راستیدا هەبوونــی پــارت لەگــەڵ ترادیســیۆنی لیبرال دیموکراســیدا ناکۆکــە، کە لە فەلســەفەی سیاســیی (لۆک) و ترادیســیۆنی دیموکرات رادیکالی (رۆســۆ)دا هەن. شــتێکی قورسە کە ئەم دووانــە لەگــەڵ دامەزراوگەلی لایەنداردا گــرێ بدەین، کە لە خۆڕا لە ســەرووی بەرژەوەندیی تاکەوەن، ئیرادەی گشتیش رەت دەکەنەوە. ئەوە سەرهەڵدانی دیموکراسیی گشتگیرە، کە پەیوەندیی راســتەوخۆی لە نێوان دەوڵەت و تاکدا دروســت کــرد، شەرعیەتیشــی بەخشــییە هەبوونــی پارتــەکان وەک دامەزراوەی نێوەند لەنێوان هاونیشتیمانی و دەوڵەتدا.

لە کاتێکدا تیۆریی دیموکراسیی کۆن، پارتەکان وەک رێگر لــە بەردەم دیموکراســیدا دەبینێــت، کاردانــەوەکان لەبارەی ســـەرهەڵدانی پارتەیلی سیاسی لە سەدەی نۆزدەدا، خۆی لە خۆیدا نکووڵی لە شــەرعیەتی دیموکراسیانەی پارتی سیاسی ناکــەن، بــە پێچەوانــەوە هەروەک نووســینەکانی (ئۆســترۆ گۆرســکی) و (میشــێلس) و (ڤێبەر) دەری دەخەن، نیگەرانیی ئــەوان لە ســەر نەبوونی دیموکراســی ناوەندییە لــە پارتدا، هەروەها مەیلگەلی نادیموکراســی و ئۆلیگارشیانەی پارتەیلی بیرۆکرات بە شێوەیەکی تایبەتی.

هــەردوو کتێبە گەورەکەی (ئۆســترۆ گۆرســکی) لەبارەی پارتەیلــی ئینگلیزی و ئەمریکی لە کۆتایی ســەدەی نۆزدەدا، بە گشــتی دوو ئەنجــام نیشــان دەدەن: پارتەیلی رێکخراوی

سیاســی بۆ خزمەتی پێویســتییەکانی دیموکراسیانەی خەڵک ســەریان هەڵداوە، ڕێکخراوی پارتیش خــۆی لە خۆیدا زیان بەخشە. بە مانایەک، دەتواندرێت وەک بیرکردنەوەی هزرێکی باو لەبارەی پارتەیلی سیاســی و دیموکراســی لە سەرەتای ســەدەی بیســتەمدا ببیندرێت. هەرچەندە ئۆسترۆ گۆرسکی پێــی وا بــوو، کە پارتــەکان تا ڕادەیــەک ســەرکەوتوون لە ڕاپەڕاندنــی کاروبــاری ڕۆژانــەی میکانیزمەکانی حکوومەت لە کۆمەڵگای دیموکراســیدا و توانایەکی خێراشــیان هەبووە، بــەڵام پێشــی وا بووە کە لــە پابەند بوون بە دەســەڵاتی بێ هاوتای هاونیشــتیمانیان، بە تەواوەتی شکســتیان هێناوە. بە مانایەکــی دی، بــە زمانــی پارتایەتی، کاتێک پارتــەکان لە بە ئەنجام گەیاندنــی ئەرکی دامەزراوەییدا ســەرکەوتوو دەبن، ئەوا لە ئەرکی نوێنەرایەتییاندا شکست دەهێنن. ئەمەش لەبەر ئەوەی ئۆســترۆ گۆرسکی پێی وایە، ڕێکخراوی پارت دەبێتە هۆی کەم کردنەوەی تاکایەتی و پاشەکشەش بە سەربەخۆیی تاکایەتی دەکات. واتە، تاکێتی لە ناو دەبات، لە ڕێی دروســت کردنی دڵســۆزی بۆ پارت و بیر و باوەڕە فەرمییەکەی. بەم شێوەیە، بیرکردنەوەی سەربەستانە و ویژدانی سیاسی لەناو دەبات. مەکینەی پارت کە پڕە لە سیاسەتوانی پرۆفیشنال، بۆ دەنگدەرانــی ســۆز و ڕق و نەریتەکانی خــۆی دابین دەکات، بــۆ ئــەوەی بژاردە و ڕەوشــتی سیاســیانەی خۆی پیشــان بــدات. دواجار، ئەمــە حکوومەتێکی مەکینە ئاســا دروســت دەکات، نــەک حکوومەتێکی بەرپرســیار بەرانبەر بە مرۆڤ. چارەســەری ئۆســترۆ گۆرســکی بۆ ئەو شــتەی ناوی ناوە خنکانی دیســپلینی ناوخۆیی پــارت، ئەوەیە حکوومەتێک پێک بێــت بە بــێ پارتی نەگۆڕ. واتە، پارتــەکان لەناو ببردرێن، لە جێیانــدا کۆمەڵــە و پارتی مۆدێرن دابندرێــن، کە لەگەڵ یەک کێشە و مەسەلەدا مامەڵە بکەن. ڕێکخستنی سەر بە پارتەکان

هەڵبوەشــێندرێتەوە، ئەندامانیان ئازاد بن کــە ئامانجەکانیان هاتە دی. لەم سیناریۆیەدا، هەر دڵسۆزییەک بۆ پارت دیاری بکرێــت، بــە لەبەر چــاو گرتنــی خەســڵەتی ڕێکخراوەکە. بە دڵنیاییەوە، گومان هەیە لە پیادە بوونی تیۆرییەکەی ئۆسترۆ گۆرســکی، نەک لەبەر ئەوەی داواکاریی زۆر لە سەر توانای ڕێکخراوەیی سیاسەتمەدارانی هاوپەیمانانیان دروست دەکات، بەڵکوو لەبەر ئەوەی دەبێتە هۆی بەهێز بوونی دەسەڵاتدارانی کارگێــڕی، وەکوو لایەنی جێبەجێکەر لــە ڕێکخراوەکەدا. ئەم پێشنیارە ئەوە دەردەخات، کە چۆن ئۆسترۆ گۆرسکی هەوڵی داوە لیبرالیزم و بیرۆکەی ســەروەرێتیی باو ئاشت بکاتەوە. ئەو بەم شێوەیە هەوڵی داوە ئەو نیگەرانییە بنەڕەتییانە باس بکات، کە لە ســەدەی نــۆزدەدا هەبوون. بیر و بۆچوونەکانی ئۆسترۆ گۆرســکی لە لایەن (ڕۆبێرت میشێلس)ـەوە جارێکی تر گوتراونەتەوە. بیر و بۆچوونی سیاســیی میشــێلس، وەک هــەر قوتابییەکی سۆشیالیســتی (ئیتالی و ئەڵمانــی)، لە ژێر کاریگەریی پارتی سۆشــیال دیموکراتی ئەڵمانیدا بووە، کە لە ســەرەتای ســەدەی بیســتەمدا، کاریگەرترین پارتی سیاسی بووە.

هاوشێوەی بۆچوونەکانی (مۆســکا)، تیۆریی دەستەبژێری سیاسیی میشــێلس پێی وایە، دەسەڵاتی دەستەبژێر پشت بە تواناکانی ڕێکخراوەیی دەبەستێت. لە ڕاستیدا، مشتومڕەکەی لــە ســەر ئەوەیە، کە هــەر ڕێکخراوێک دەســتەبژێری خۆی بەرهەم دەهێنێت، ئەمەش بە تەنیا ڕێکخستنێکی یاسا ئاسا و ئەزموونی نییە، بەڵکوو، بە مانا ئیپیســتمۆلۆژییەکەی، یاسای سروشــتییە کە میشــێلس بە (یاســای ئاســنینی ئۆلیگارشی) ناوی بردووە. ئــەوە ڕێکخراوە وای کردووە، هەڵبژێردراوان بــە ســەر هەڵبژێــرەردا، فەرمانــدار بــە ســەر فەرمانبەردا، نێردراو بە سەر نێرەردا زاڵ بن. ئەوەی باوەڕی بە ڕێکخراو

هەبێــت، باوەڕی بە ئۆلیگارشــییە. بە مانایەکــی دی، لە هەر ڕێکخراوێکــی گــەورەدا ســەرکردایەتی شــتێکی حەتمییــە. سروشــتی هەر ڕێکخراوێک بە شــێوەیەکە، کە چالاکییەکانی ســەرکردایەتیی ئــەو، ناخرێنــە ژێــر کۆنترۆڵــەوە، هەرگیز بەرپرسیارەتییان لە لایەن ئەو کەسانەی کە پێگەی لاوەکییان هەیــە لە ڕێکخراوەکەدا، هەڵناگیرێت. ئیدی لێرەوە، لە کاتێکدا ڕێکخــراوەکان لــە کۆمەڵــگای ئاڵــۆز و دیموکراتدا شــتێکی حەتمین، هەر ڕێکخراوێک کە گەیشتە قەبارەیەکی دیاری کراو و نزیــک بوونەوە لە پلەیەکی دیاری کراو لە ئاڵۆزی، ئەوا بە شێوەیەکی حەتمی هەلومەرجی خۆسەپاندنی سەرکردەکانیان بە ســەر شــوێنکەوتووانیان بەرهەم دەهێنێت، بە ئۆلیگارشی کردنییــش دەبێتــە ئەنجامێکی نەویســتراو. لەو دوو دەســتە میکانیزمیانەی ئۆلیگارشــاندن (بە ئۆلیگارشی کردن) بەرهەم دەهێنن (واتە تەکنیکی و سایکۆلۆژی)، یەکەمیان (واتە دابەش بوونی کار و تایبەتمەندیەتی و پێویســتیی ســەرکردایەتی لە ڕووی تەکنیکییەوە) زۆر گرنگە.

میشێلس، حاڵەتەکەی خۆی لە ڕێی شی کردنەوەی پارتەیلی سۆشیالیســت و کۆمەڵەی بازرگانی و پارتی سۆشیالیســتی ئەڵمانی بە تایبەتی، دروســت کــردووە، کە لە یەکەمین نیگادا وا دەردەکەوێت دژی یاســای ئاســنینی ئۆلیگارشــی بێت. بە مانایەکــی تــر، لە ڕێی ئــەوەی کە بەراوردکەرانــی نوێ پێی دەڵێن (شــرۆڤەی دیاردەی هەنووکەیی) ئەوەی خســتووەتە ڕوو، کە تەنانەت ئەو ڕێکخراوە پارتیانەی کە بە پێی مۆدێلی دیموکراســیی ناوەندی ڕێکخراون، لــە دوایین جاردا ناتوانن خۆیان لە کۆنترۆڵ و هەژموونی دەستەبژێریی نابەرپرسیار لا بدەن. ئاکامەکەش ئەوەیە، یاســای ئاســنینی ئۆلیگارشــی دەبێت ژێیرانە بە ســەر پارتەیلی سیاســیدا جێبەجێ بکرێت، بە بێ لەبەر چاو گرتنی دیموکراســیی ناوەندی لە پارتەکاندا.

به گشــتی، یاســاکه تەنیا بۆ ئــەوە دانەندراوە، کــە لە لایەن پارتەیلی سیاسییەوە جێبەجێ بکرێت، بەڵکوو ئەمە بۆ هەموو رێکخراوە ئاڵۆز و گەورەکانیشــە. پرسیاری ئەوەی کە ئاخۆ میشێلس خۆی هەرگیز دیموکراتێکی پابەند بووە؟ لە باشترین حاڵەتدا، جێی مشتومڕە. هەرچەندە تیۆریی دەستەبژێرییەکەی پاڵپشــتیی ئایدیۆلۆژیا نادیموکراتەکانی وەک فاشیزم ناکات، بــەڵام بۆ بەشــەرعی کردنی پرەنســیپی نادیموکراتانە بەکار دێت. لە راســتیدا، بیر و بۆچوون و بەهای تایبەتی و کەسیی ئەو، لێرەدا مەبەستی ئێمە نییە. گرنگتر لەوە زانینی پەیوەندیی تیۆرییەکەیەتی بە مەســەلەکەوە، بە شــێوەیەک کە پارتەیلی سیاســی وەک رێگــر دەبیندرێــن لە بــەردەم دیموکراســیدا. تێگەیشتنی ئەو بۆ دیموکراسی تا رادەیەک وەک بۆچوونەکەی لە ســەر مەســەلەکە، تەمومژاوییــە. لەگەڵ ئەوەشــدا ئەگەر دیموکراســی لە ناو پارتدا پێشمەرج بێت بۆ دیموکراسی، یان ئەگەر یاسای ئاسنینی ئۆلیگارشی بەسەر رێکخراوی دەوڵەتدا جێبەجێ بکرێت، ئەوا لای میشێلس سەبارەت بە دەرفەتەکانی تێگەیشــتن لە دیموکراســی لە دوایین جاردا، دەبێت رەشبین بین.

هەروەک ئۆرســترۆ گۆرسکی و میشێلس پێشتر ئاماژەیان پێ داوە، (دوڤێرجەر)یش دەیان ساڵ دوای ئەوان بە دوور و درێژی باســی کردووە، (ڤێبەر)یش لە کتێبی (سیاسەت وەک پیشــە)دا دەڵێت: دیموکراسی سەرەتا جۆرێکی نوێی لە پارت بەرهــەم هێنا، کە رێکخراوی بەهێز و هەمیشــەییان هەبووە. ئــەم (مەکینانــە) شــێوەی ریفراندۆمیــان وەرگــرت بە هۆی ســایکۆلۆژیای شــوێنکەوتووان و کاریزمای دەسەڵاتدارانی پارتەکانــەوە، کە لە لایەن دەســتەبژێری سیاســی یان تەنیا ســەرکردەیەکەوە کۆنتــرۆڵ کــراون. بــە لەبەر چــاو گرتنی گەشــەی مێژوویی پارتەیلی سیاسی لە وڵاتی ئینگلیز وەکوو

خاڵــی لێک دابــڕان، ڤێبەر پێی وایــە پارتەکان لە ســەرەتادا شوێنکەوتووانی ئەرستۆکراسی بوون، یاخود پارتی کەسانی گرنگ بــوون، بە پێی بەرژەوەندیی چینایەتی و ترادیســۆنی خێزانی و هــۆکاری ئایدیۆلۆژییەوە پێکهاتــوون. لە بنەچەدا، پارتەکان وەک کۆمەڵەی ڕێکخراوی هەمیشەیی لە ناو خەڵکیدا نەبوون و تەنیا لە ماوەی هەڵبژاردنەکاندا کارا بوون. پێکەوە بوون تەنیا لە ســەر ئاســتی نێردراوی پەرلەمانیدا دروســت بووە، ئەندام پەرلەمانێکی ســەر بە پارتێک، لە نێو پەرلەماندا وەکوو بەرپرســی مەکتەبی ناوەندیی پارتەکە هەڵســوکەوت دەکات، پەیوەنــدی لەگــەڵ ڕێکخراوگەلی لــۆکاڵ دەپارێزێت. سیاســەتمەدارانی پرۆفیشنال و گرنگ لە دەرەوەی مەکتەبی ناوەندیــی پارتەکــە ئامادەییان نییە، هــەر وەک ڤێبەر دەڵێت: سیاسەت لە ڕابردووەوە تا ئێستا پیشە بووە.

شــێوەکانی مۆدێرنــی ڕێکخســتنی پــارت، کــە لــە لە ڕێی دیموکراســاندنی مافی دەنگدانەوە هاتوونەتە ئاراوە، بوونەتە پاڵنەری گەشــەی سیســتەمگەلی بــە ڕووکــەش دیموکرات، لەگــەڵ جۆرەکانــی کۆنی پارتــدا زۆر لە یەکتــری جیاوازن. ئەم شــێوە مۆدێرنانە زادەی دیموکراســی و مافی دەنگدانی خەڵــک و پێویســتیی شــوێنکەوتن و ڕێکخســتنی خەڵــک و گەشــەی یەکبوونی ئاراســتەکان و دیســپلینی توندن، کاتێک سیاسەتمەدارانی پرۆفیشنال لە دەرەوەی پەرلەمان دەست بە سەر ڕێکخستنی پارتدا دەگرن، کاتێک دەسەڵات دەچێتە دەست ئەوانــەی بــەردەوام بۆ پارتەکە کار دەکــەن، کاتێک ئەوانەی هەموو سیســتەمەکە ئاراســتە دەکەن و بەردەوام چاودێریی ئەندامانی پەرلەمان دەکەن. لە ناوەرۆکی دەقە ئینگلیزییەکەدا، لە گەشــەی قەوارەی سیاسیی بێرمینگهام لە نیوەی دووەمی ســەدەی نۆزدەدا، بــە تایبەتــی ئەنجامەکە ســەنتەراندن (بە ســەنتەر کردن)ی دەســەڵات بوو لە دەســتی چەند کەسێکی

کەمـــدا، دوا جاریش بۆ یەک کەس لە دەرەوەی پارتەکەدا، کە مەکینەی پارتەکە بە تەواوی چووە ژێر رکێفی کەسـێتییەکی کاریزمایی و ســـەرکردەوە. لەم شێوانەی رێکخستنی پارتدا، ســـەرکردەی پـــارت پێگەیەکی تایبەتی دیـــاری دەکات، لەبەر ئەوەی ئەو سەرکردەیەیە کە ئێستا مەکینەکە شوێنی دەکەوێت. بە مانایەکی دی، ڤێبەر پێی وایە دروســـت کردنی ئەو جۆرە مەکینانە دەرخەری پێشـــکەوتن و ســـەرهەڵدانی ریفراندۆمی دیموکراســـییە. ئەمەش بە شـــێوەیەکی گشتی پەرلەمان وەک لاســـتیکی مـــۆر لێ دەکات، کـــە ئەندامانی دەبنـــە هیچ و تەنیا دەڵێـــن (بەڵێ). ڤێبـــەر بەردەوام دەبێـــت و دەڵێت: دیکتاتۆری ریفراندۆم هەمیشە لە سەرەوەی پەرلەمانیشە. زیاتر لەوەش، بـــە بردنی خەڵک بۆ پشـــتی ســـەرکردەوە لە رێـــی مەکینەی پارتەکەوە، هەلومەرجێک دروســـت دەبێت کە دەتوانین ناوی بنێین (دیکتاتۆریەتێکی پشـــت بەستوو بە بەکارهێنانی سۆزی خەڵک)، بە تایبەتی لە ئەمریکا رێکخســـتنی پارتەکان لە ســـەر بنەمـــای پرەنســـیپی ریفرانـــدۆم بـــە پوختترین شـــێوە بنیات نراون.

هەرچەنـــدە ڤێبـــەر گومانـــی کەمی بەجێ هێشـــت لە ســـەر ماناکانی ئەو گەشـــەیە بۆ سیســـتەمی سیاســـی، بەڵام دەبێت ئەوەش بگوترێت کە راڤە کردنەکەی ئەو بۆ پەیوەندیی نێوان ســـەرکردایەتی و دیموکراســـی، تا رادەیەک باشـــترە لەوەی کـــە لـــە یەکەم جـــاردا دەردەکەوێت. لە کاتێکدا بۆ ئۆرســـترۆ گۆرســـکی و میشێلس، ئامادە نەبوونی دیموکراسیی ناوەندی لە پارتدا، بە گشتی لە سیستەمی دیموکراسی کەم دەکاتەوە. شـــی کردنەوەکەی ڤێبەر ســـەبارەت بە چەمکی دیموکراسی نزیکـــە لەوەی کە پاشـــان لە لایەن (جۆزێف شـــەمپیتەر)ەوە پەیڕەو کرا. ئەوەش دەخاتە روو کە سەرکردایەتیی سیاسیی بەهێـــز و لێپرســـراو لە راســـتیدا دەبێتە پێویســـتی بۆ ئەرکی

دیموکراسییەکی تەندروست. ئەمەش لەبەر ئەوەی ئەگەر لە لایەن سەرکردایەتییەکی سیاسیی بەهێزەوە کۆنترۆل نەکرێت، ئەوا بیرۆکراسی بە هۆی کەموکوڕیی ڕێکخستنەکەیەوە، بە ئاسانی پێگەی سیاسیی بە هەژموون بەدەست دەهێنێت و دەبێتە دیفاکتۆی بەڕێوە بردنی گرووپ، بە بێ ئەوەی بەرانبەر بە خەڵک هەست بە بەرپرسیاریەتی بکات. کەواتە سەرکردەی سیاسیی بەرپرسیار و باش، پێویستە بۆ هێشتنەوەی دەسەڵاتدارانی بیرۆکراس لە ژێر چاودێریدا و دڵنیایی بدەن بەوەی، کە دەتوانن بایەخ بە (دامەزراوەی بێلایەن) بدەن و لە سیاسەتەوە نەگلێن.

بە کورتی ئەم کورتەیە سەبارەت بە گرنگترین چەمکەکانی سەرەتاکانی سەرهەڵدانی پارتگەلی سیاسی لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا، بە شێوەیەکی گشتی بایەخی کاری ناوخۆیی پارتەکان و نەبوونی دیموکراسیی ناوەندی و بەرپرسیارییەکانیان بە تایبەتی دەردەخات، هەرچەندە راڤە کردنەکان سەبارەت بەو مانایانەی کە هەیانە لەبارەی دیموکراسییەوە جیاوازن. ئۆرسترۆ گۆرسکی پێی وایە پارتەیلی هەمیشەیی سیاسی هێندە زیانبەخشن، کە دەبێت وازیان لێ بێنین. هەروەها زۆربەی هاوچەرخانی ئۆرسترۆ گۆرسکی باوەڕیان وایە، کە وەکوو دامەزراوەی سیاسی لە کۆنتێکستی دیموکراسیی خەڵکیدا هەبوون. لە راستیدا کە پارتەیلی سیاسی یەکەم جار کە دەرکەوتن، وەکوو شتێکی حەتمی سەیر نەدەکران، هەرچەندە گرنگ بوون. ئەوە لەگەڵ سەرهەڵدانی دیموکراسیی خەڵکیدا بوو، کە بیرۆکەی پێویستی پارت وەکوو ناوەند لە نێوان تاکی هاونیشتیمانی و دەوڵەتدا بە شێوەیەکی بەربڵاو باوەڕی پێ هێندرا.

هەندێک جار ستایش کردنی ئەو بەشدارییەی پارتەکان لە دیموکراسیدا کردوویانە، ئەو توانایەی هەیان بووە

بۆ ڕێکخستنی دامەزراوەگەلی گرنگی دیموکراسیی نەگرتووەتەوە. ئەوە تەنیا دەیان ساڵێکە دەلالەتێکی روون و باش بە رۆڵی پارتەکان لە دیموکراسیی نوێنەرایەتیدا دراوە. سەلماندنی ئەم جۆرە بۆچوونە پەسندەی پارتەیلی سیاسی و چەمکی دیموکراسی کە پارتەکان تێیدا نەک هەر دامەزراوەی گرنگن، بەڵکوو لە راستیدا حاڵەتی باش و پێویستن بۆ دیموکراسیی مۆدێرن، بووە ڕێکخستنی سیاسی و دەستوورییان، لە سەرەتای گەڕانەوە بۆ دیموکراسی لە ئیتالیا و کۆماری ئەڵمانیای فیدرال پاش دووەمین جیهانە جەنگ. ئەم پرۆسەیە لەو کاتە بە دواوە لە لایەن زۆر کیانی سیاسیی دیکەوە لە پێداچوونەوەی دەستوورییاندا پەیڕەو و رەچاو کراوە، لەوانەش یەکێتیی ئەوروپا. ئەوە بە تایبەتی لە وڵاتانی تازە دیموکراسیی باشوور و رۆژهەڵاتی ئەوروپادایە، کە دامەزراندنی رێی دیموکراسی زۆر جار بە هەبوونی کێبڕکێی ئازاد لە نێوان پارتەکاندا دەناسرێتەوە. چەمکی باوی دیموکراسی شتێکە کە پارتەکان تێیدا جەوهەری سەرەکیی سیستەمی سیاسیی دیموکراسین. لە کاتێکدا پارتەیلی سیاسی ماوەیەکی زۆر لە دەستووری وڵاتانی لیبرال دیموکراتی رۆژئاوادا پشتگوێ خرا بوون. لە پاش دووەمین جیهانە جەنگەوە پەیوەندییان بە دیموکراسییەوە زۆر باش لە دەستوورەکاندا پەسند کرا، بە رادەیەک پلورالیزم و بەشداریی سیاسی و کێبەرکێ لە زۆربەی دەستوورە دیموکراسییە هاوچەرخەکاندا داندران. لە راستیدا سەرەڕای دەرکەوتنی ڕێژەییان لە سەر شانۆی سیاسی، پارتەکان لە وڵاتانی دیموکراسیی هاوچەرخدا جەختێکی زۆریان لە سەر کرایەوە، بە ڕادەیەک کە دیموکراسیی سەدەی بیستەم دەتوانین ناو بنێین (دیموکراسیی پارتێتی).

**پارتەکان و دیموکراسیی پاش جەنگ:**

لـــە زۆربـــەی راڤـــە کردنەکانی پـــاش جیهانە جەنگـــدا، ئەو پارتانەی کە لە دوا دواییەکانی سەدەی نۆزدە و سەرەتاکانی ســـەدەی بیســـتەمدا دەرکەوتن، وەک جوولێنەری سەرەکیی بێبـــەش کردنی خەڵک لە دەنگدان، رۆڵێکی زۆر خراپیان گێڕا. هەروەهـــا، بە جووڵاندن و پوختـــە کردنی دەنگی دەنگدەرانی نوێ بەشـــدارییان کرد لە هەیکەل و ســـەقامگیریی سیستەمی پارتایەتیی ئەوروپای رۆژئاوا، بە رادەیەک کە دواجار بوونە (بەستەڵەک).

فاکتەری ســـەرەکی کە بووە هۆی چەســـپاندنی سیستەمی پارتایەتیـــی ئەوروپـــای رۆژئـــاوا، دەرکەوتنـــی پارتی خەڵک (mass party) بـــوو. لـــە رووی مێژووییـــەوە، پارتی خەڵک، لە دوای ئەوەی کە پێـــی دەگوترێت (پارتی کادیران) دەرکەوت، کە لە ژێر یاســـا توند و تیژەکانی مافی دەنگدان لە ســـەدەی نۆزدەدا بە گشـــتی (هیچ نەبوو جگە لە یەکگرتنی قەوارەگەلی سیاســـی). بە پێچەوانەی قەوارەگەلی داخراو و سنووردراوی سیاسییە، کە تێیدا قبووڵ کردن و چوونە ناوەوە تەنیا لە رێی هاوڕایی و پاڵاوتنی رەسمییەوە دەبوو. پارتەیلی جەماوەریی ســـەرەتایی لە دەســـپێکی ســـەرهەڵدانی دیموکراساندنەوە لە دوا دواییەکانی ســـەدەی نۆزدەدا، پرەنسیپگەلی رێکخراوەیی لقگەلی کراوە و بونیاتی پارتیان ناساند، کە تێیدا لقی خۆماڵی (هەروەها خانەکان) لە ڕووی ئۆرگانییەوە وەکوو تەنیا بەش لە گشت وەرگیرا بوو. هەر وەک (دوڤێرگەر) دەڵێت: قەوارەی سیاســـیی کۆن واقیعی ســـەربەخۆی دەجووڵانـــد و دەیتوانی خـــۆی، خۆی بژیەنێـــت. بوونی لقگەلی جیاجیا شـــتێکە باوەڕ ناکرێت، ســـەرەڕای ئەوە، پارتگەلی خەڵکی ئاستێکی بەرز لە گوزارشتی ستوونی پیشـــان دەدەن، هەروەها پەیوەندییەکی بەهێزی ئاستگەلی جیاوازی رێکخراوەیی لە رێی نوێنەرایەتی

کردن لە سەرەوە بۆ خوارەوەی پێگە نزمەکان لەسەر ئاستی بەرزتردا، دەنوێنــن. ئۆرگانەیلی کارگێری لە لایەن کۆنگرەی پارتەکانــەوە، کــە زۆر جــار بــە شــێوەیەکی ســەرەکی لەو نوێنەرانەی پێک دێن، کە لە ئاســتی خوارەوە هەڵبژێردراون، هەروەهــا وەکــوو ئۆرگانــی هەڵبژێــردراوی رێکخراوەکــە هەڵدەبژێردرێن و دەبنە بەرزترین دەســەڵاتی دروست کرنی بڕیار لە ناو پارتەکەدا.

(دوڤێجــەر) پێشــبینیی دەکرد، کە پارتــی خەڵکی لە رووی هەڵبژاردنەوە، ببێتە سەرکەوتووترین جۆری پارت. هەروەها مشتومڕی ئەوەی دەکرد، کە پارتی خەڵکی شەرعیترین جۆری رێکخراوی پارتییە. لە لایەکی ترەوە، لەوەی کە دەڵێن کۆپیی بەرزی گەشەی پارت، پارتەیلی خەڵکی لە پرۆسەی دیالیکتیکی پارتی گۆڕانخواز و راگواســتەدا، تەنیا قۆناغی گواستنەوەن. هــەروەک (کیرچیمــەر) لە ناوەڕاســتی شەســتەکاندا دەڵێت، پارتــەکان گۆڕاون بە پارتی فرەدەنــگ و رەنگ، کە هەیکەلی رۆشــنبیری و مۆراڵی خەڵک بووەتە شــتێکی ناپەیوەندیدار. کەرەســتەی ئایدیۆلۆژییان کەم کردووەتەوە و ســتراتیژێکی خراپیان هێناوە، هەوڵیان داوە داواکارییەکانیان فراوان بکەن لە رێی ئاڵوگۆڕ کردنی کاریگەریەتیی قووڵ بۆ خەڵکانێکی زۆر و سەرکەوتنی دەستبەجێ لە هەڵبژاردندا. سەرەڕای ئەو کەم کردنــەوە بە بەرنامەیەی پارێزگارانــی پارتەکان، ڕێکخراوی پارتــەکان ڕۆڵی بەهێــز بوونی زیاتری گرووپی ســەرەوەی سەرکردایەتی و هاتنە خوارەوەی رۆڵی ئەندامانی پارتەکانی بینی. ســەرەنجام، سیاسەت بووە شــتێک لەبارەی کێبەرکێی هەڵبژاردن لە نێوان دەســتەبژێرانی لێزانەوە، نەک جووڵاندن و نوێنەرایەتی کردنی گرووپەیلی جیاوازی کۆمەڵایەتی.

(کاتــز) و (مایەر) پێیان وایە، ئــەو گۆڕانکارییە رێکخراوانە دەرخــەری بزووتنەوەیەکن دوور لە پەیوەندیی بەهێزی کۆن

لــە نێوان پارتەکان و کۆمەڵگا، رووەو زیاد کردنی پەیوەندی لە نێوان پارتەکان و دەوڵەتدا. ئەوان مشتومڕی ئەوە دەکەن، کە ئێســتا ســەرهەڵدانی مۆدێلێکی نوێــی پارتایەتی بە خۆوە دیوە، ئەویش پارتی (کارتێلی)یە (واتە پارتێک سەرچاوەکانی دەوڵــەت بەکار دەهێنێت بۆ هێشــتنەوەی پێگەی خۆی لە ناو سیســتەمی سیاسیدا)، کە تێیدا پارتگەلی رکابەر دەخزێنە ناو دەوڵەتەوە و سەرچاوەکانی دەوڵەت بەکار دەهێنن، بۆ نموونە وەکوو پارەی گشتی و راگەیاندنی دەوڵەت بۆ ئەوەی مانەوەی خۆیــان گەرەنتی بکەن. ئەو پارتانە چیتر لە نێوان کۆمەڵگا و دەوڵەتدا جێگەیەکیان نابێتەوە، بە شێوەیەکی کاریگەر دەچنە نــاو بونیاتگەلــی دامەزراوەیــی دەوڵەتەوە و دەبنــە وەکیلی حکوومەت، لە بــری ئەوەی ببنە ئامرازی کۆمەڵگای مەدەنی. ئەو مشتومڕە نوێیەی لە لایەن (کاتز) و (مایەر)ەوە خراوەتە روو، زیاتــر خۆی لە پێشــنیاری مۆدێلێکــی نوێی رێکخراوی پارتدا دەخاتە روو. لە راستیدا، چونکە ئەو ئەدەبیاتەی لە سەر پارتی سیاسی هەیە، بە ڕێکی گەشەی کردووە. لە هەمان کاتدا چەندیــن مۆدێلی پارتایەتی بڵاو بوونەتــەوە. ئیدی بەهاکانی کە بــۆ جۆرێکی تر لە پــارت زیادیش کراون، ســنووردارن. یەکێــک لە بەهێزترین مشــتومڕەکانیان شــی کردنەوەکانیانە سەبارەت بەوەی چۆن مۆدێلە جیاوازەکانی پارت دادەندرێن لە رووی پەیوەندییان لە نێوان کۆمەڵگای مەدەنی و دەوڵەتدا؟ هەروەهــا چۆن ئەو مۆدێلە جیاوازانە بە چەمکە جیاوازەکانی دیموکراتییــەوە دەبەســترێنەوە؟ ســەردەمی پارتــی پیاوانی گرنگ، واتە ئەو ســەردەمەی تەنیا چەند کەسـێک دەیانتوانی دەنگ بدەن، لە کۆتایی ســەدەی نۆزدەم و سەرەتای سەدەی بیســتەم بە چەمکی باوی سیاســەت، کە بانگەشــەی ئەوەی دەکــرد تەنیا یەک بەرژەوەندیی نەتــەوە هەیە، ئەویش رۆڵی حکوومەتە لە پێشکەوتن، دەناسرێتەوە. لەم ناوەرۆکەدا بوو،

که (برووک) له وەڵامی بۆ ترسەکانی (مادیسۆنان)، که پێیان وا بوو پارت و لایەنان به مەترسی و هەڕەشه دەبیندرێن بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی هەمیشەیی کۆمەڵگا، دەڵێت پارتگەلی سیاسی (لەشی خەڵکن)، له پێناو پاراستن و پشتگیری کردنی بەرژەوەندیی نیشتیمانی یەکیان گرتووه. هەڵبژاردن له بنەمادا ئامرازێک بووه بۆ دەنگدان بەوانەی که باوەڕت پێیانه، نەک نوێنەران، هەروەها پارتگەلی سیاسی خۆی له راستیدا لیژنەی ئەوانه بوون که پێکەوه دەوڵەت و کۆمەڵگای مەدەنییان کۆ کردووەتەوه. پارتی کلاسیکی سیاسی، به پێچەوانەوه، یەکەم لایەن بووه ڕاشکاوانه بانگەشەی خستنه رووی بەرژەوەندیی تەنیا یەک بەش له کۆمەڵگای کردووه. لەم چەمکەی دیموکراسیدا سیاسەت به شێوەیەکی سەرەکی بریتییه له کێبەرکێی گرووپ یان چینەیلی کۆمەڵایەتیی تەواو پێناسه کراو. لەم گۆشەنیگایەوه، رۆڵی پارت ئەوەیه که ببێته وەکیلی بەشێکی کۆمەڵگا، ئامانجەکەشی نوێنەرایەتی کردنی بەرژەوەندییەکانی چینێکە، نەک بەدواداچوونی بەرژەوەندیی نیشتیمانی. لێرەوه یەکخستنی خەڵک له سەر بنەمای (بەرژەوەندی و سۆزی هاوبەش)، وەکوو ئەوەی که (مادیسۆن) لێی دەترسا، دەبێته باشه نەک خراپه. هەڵبژاردنەکان بوونه بژاردەی نوێنەران نەک باوەڕ پێ هێندراوان و ئەو ئامرازانەی که له ڕێیانەوه دەنگدەران ئەوه قبووڵ دەکەن، که له لایەن ئەوانەی هەڵبژێردراون حوکم بکرێن، لێرەشەوه ئیتر پارتەکان دەبنه ئەو ئامرازانەی له ڕێیانەوه حکوومەت بەرانبەر به خەڵک دەبێته بەرپرسیار. بەپێی ئەوه، زۆربوونی ئەندامی رێکخراوەکان تەنیا دەبێته پێویستییەکی خۆیان بۆ بەشانی مافخوراوی کۆمەڵگا، بۆ ئەوەی دەنگی سیاسی بەدەست بهێنن، بەڵام له هەمان کاتیشدا به چەمکی تایبەتی دیموکراسییەوه پەیوەندیداره، که تێیدا

شەرعیەتی پارت بە شێوەیەکی سەرەکی پشت بە تێوەگلانی ڕاستەوخۆ لە بڕیاری پارت و پێکهێنانی سیاسەتی پارتەکەدا دەبەستێت. لەسەر ئاستی سیستەمیش، مۆدێلی پارتی خەڵک پاڵپشتی لە هەژموونی چاوەڕوان کراوی باو بە سەر سیاسەت و دەوڵەتدا دەکات، لە ڕێی بژاردەوە (هەرچەندە بە لە چوارچێوە گرتنی دەنگدەران لە ناو گرووپی کولتووریی دیکەدا سنووردار کراوە، کە پارتەکە نوێنەرایەتیی دەکات) لە نێو پارتەیلی یەکگرتووی سیاسییەوە.

پارتی فرە دەنگ و ڕەنگ، بیرۆکەی پارتی وەکوو نوێنەری بەشی دەست و پێ بەستراوی کۆمەڵگا ڕەت کردەوە. جووڵاندنی دەنگدەران لە بەشی چارەنووس دیاری کراوی کۆمەڵگادا، چی دی بایەخی پێ نەدرا، بەڵکوو دەنگدەران بوونە کەسانی سەربەخۆ و ناپەیوەست. لە بنەمادا بۆ هەر پارتێک ڕکابەرێک داندرا. لە ڕاستیدا ئیتر بیرۆکەی باوی سەروەری، وەکوو شتێکی ناپێویست و تەمومژاوی بیندرا. سیاسەت خۆی لە بنەمادا ململانێی کێبڕکێکارانەیە لە نێوانی دەستەبژێراندا، لە پێناو بەدەست هێنانی دەنگی خەڵکدا. هەڵبژاردن لەم ڕۆژگارەدا بە شێوەیەکی سەرەکی بژاردەی سەرکردەکانە نەک بژاردەی سیاسەت و پرۆگرامەکان. بەرپرسیاریەتی لە سەر بنەمای بەدەست هێنان و ئەزموون هاتە کایەوە. تێوەگلانی باوی ئەندامێتیی پارت لە پێکهێنانی بەرنامە و سیاسەتی پارتدا، چی دی شتێکی پێویست نییە، ئەمەش بووە مافێکی باشی سەرکردایەتیی پارت. لێرەشەوە بە کەم سەیر کردن و هێنانە خوارەوەکەی (کیرچیمەر) بۆ ئەندامانی پارت و زیاد بوونی گرنگیی سەرکردەکانی پارت، ڕوون دەبێتەوە. چەمکی پەیوەندیداری دیموکراسیی پلورالیست (فرەیی)، کە دیموکراسی بە شێوەیەکی سەرەکی دەبێتە مامەڵە و لە جێی بەرژەوەندیی پارت و ڕێکخراوەکان، هاوپەیمانیی گۆڕاو لە

ناو بەرژەوەندییەکاندا دروست دەکات.

بەم دواییانە، لە زەمەنی پارتی کارتێل، ئامانجی سیاسەت بووە شتێکی خۆبەخۆ و خۆمانە، سیاسەتیش بۆ خۆی بووە پیشەیەکی توانادار. کێبڕکێی هەڵبژاردن سنووردار و کۆنترۆڵ کرا، ئەمەش لە بانگەشەی کێبڕکێکەراندا بۆ بەڕێوە بردنی کارا و کاریگەر رووی دا، نەک توانای نوێنەرایەتی یان کاریگەر بوونی سیاسی. ئەم ماوەیە پاشخانێکی خستە بەر دەست بۆ قۆناغێکی دی لە پرۆسەی گواستنەوەی هزر سەبارەت بە پەیوەندیی پارتەکان، کە لەوێوە ئێستا وەکوو دامەزراوەی گرنگ و پێویست بۆ دیموکراسی دەبیندرێن. لە راستیدا، ئەم چەمکە رۆڵی زۆر دیاری دەوڵەتی لە کاروباری ناوخۆی پارتدا بەشەرعی کرد. ئەمەش بە تایبەتی لە زیاد بوونی پاڵپشتیی دارایی پارتەکان و زیاد بوونی بەرچاوی توند و تۆڵیی چالاکیی پارت لە رێی یاسای گشتییەوە دیارە. ئەمەش چەمکی دیموکراسی و پارتی سیاسی پیشان دەدات، کە لەوێدا پارتەکان وەکوو سوودێکی گشتیی سەرەکی بۆ دیموکراسی دەبیندرێن و کەمتر وەکوو کۆمەڵەی تایبەتی خۆبەخش، کە ئامرازی کۆمەڵگای مەدەنین. پارتی سیاسی وەکوو دامەزراوەی گشتی نەک تایبەتی دەبیندرێن، بە رادەیەک کە چەمکی سوودی گشتی دەبێتە شتێکی باو. هەروەک (ئیپیستین) لە پێکهاتەی ئەمریکادا سەرنجی داوە. واتە دەزگایەک خزمەتگوزارییەک پێشکەش دەکات کە لە خزمەت بەرژەوەندیی خەڵکدایە، ئەمەش بەسە بۆ پاساو دان بە کۆنترۆڵ و توند و تۆڵیی حکوومی و بەرفراوان کردنی دەسکەوتی سیاسی، بەڵام بەس نییە بۆ بەڕێوە بردنی حکوومیانەی هەموو چالاکییەکانی دەزگاکە. لەم گۆشەنیگایەوە، کە تێیدا دیموکراسی بە شێوەیەکی بنەڕەتی وەکوو قەوارەیەک دەبیندرێت، کە بەردەوام هەڵبژاردنی تێدا

دەکرێت، پلورالیزم (فرەیی)ی هەیە. پارتەکان وەکوو بەشێکی گرنگی دەزگای دیموکراسی دەبیندرێن، دیموکراسیش وەکوو خزمەتگوزارییەک کە لە لایەن حکوومەتەوە بۆ کۆمەڵگا دابین کــراوە، دەبیندرێت. ڕۆڵی پارت لە دیموکراســیی مۆدێرندا بە ڕادەیەکی بەرچاو لە ماوەی دەیان ســاڵی ڕابردوودا گۆڕانی زۆری بــە خۆوە دیوە، بە تایبەتی توانای نوێنەرایەتی کردنی لاواز بووە. لە راستیدا هەرچەندە پاڵپشتی کردنی دیموکراسی بــۆ خۆی لە بەرز بوونەوەدایە، بەڵام بە شــێوەیەکی گشــتی خەڵکــی باوەڕیان بــە دەزگاکانی دیموکراســیی نوێنەرایەتی نەماوە. لێکۆڵینەوەکان پیشانی دەدەن، لە وڵاتانی پیشەسازیی پێشــکەوتووی دیموکراسیدا، بە هەر پێوانەیەک بێت باوەڕ و پاڵپشتی بە سیاسەتمەداران، پارتەیلی سیاسی و پەرلەمانەکان، بــە ڕادەیەکی بەرچاو لە نێــو نەوەکانی رابردوودا نەماوە. لە هەمــان کاتدا، لە وڵاتانی دیموکراســیی هاوچەرخدا، دەبینین ریفرانــدۆم و دەســت پێشــخەرییەکانی تــری دیموکراســی راســتەوخۆ زیادیان کردووە، هەروەها چالاکی و کاریگەریی گرووپەکانــی گوشــار بــە شــێوەیەکی فــراوان ڕوو لە زیاد بوونــە. ئەم گۆڕانە لە کاراکتەرانی سیاســیی ســەرەتایی نێو دیموکراسیی مۆدێرندا، لە پارتەکانەوە بۆ تاکی هاونیشتیمانی و گرووپەکانی گوشــار، زیانی بە توانای نوێنەرایەتی کردنی پارتەکان گەیاندووە.

باڵادەســتیی ژمارەیەکی بێشــومار لە گرووپەکانی گوشار، ڕۆڵــی پارتەکانی وەکــوو ئامرازی ســەرەکیی بەرژەوەندیی کەڵەکەبــووی کەم کردووەتەوە. دەتوانین بڵێین، ئێســتا ئێمە گۆڕانێکــی زۆر لــە دیموکراســیدا دەبینین، یاخــود دەتوانین بڵێین پێشــکەوتنەکانی ئێســتا پێمــان دەڵێن، کە شــێوازێکی نوێ لە دیموکراســی هاتووەتە کایەوە، ئەویش دیموکراسیی گوشــارە، کــە هاونیشــتیمانیان راســتەوخۆ لــە پرۆســەی

دروســت کردنی سیاســەتدا لە ڕێی کەناڵەکانی دیموکراسیی ڕاستەوخۆوە بەشــدار دەبن، یان لە ڕێی هاوشیوەکانیانەوە، وەکــوو گرووپــی گوشــار و بزووتنــەوەی کۆمەڵایەتییەوە، نــەک کەناڵەیلــی نوێنەرایەتیــی نەریتیی پارتی سیاســییەوە. گرووپەیلی هەڵنەبژێردراوی گوشار، پێگەی خۆیان بەدەست هێناوە، وەک دروستکەری سیاسەت و دیموکراسیی گوشار، هەروەها پرســیاری گرنگیان لەبــارەی نوێنەرایەتی کردن و لێپرسراوەتییەوە خولقاندووە.

ئەوەی لە پەرەگرافی پێشــوودا خرایە ڕوو، شی کردنەوەی پارتــەکان، زۆر بــە زەحمــەت ئــەو بیرکردنەوانــە لەخــۆ دەگرێت، کە ســەبارەت بە بوون و ســەرهەڵدانی مۆدێلەکانی دیموکراسییەوە هەن. تیۆریی دیموکراسی بایەخی زۆر کەمی بــە ڕۆڵ و ئــەرک و جۆرەکانی پارتی سیاســی داوە. وەکوو لێرەدا باســی دەکەین، توێــژەران هەمەجۆری لە چەمکەکانی دیموکراســیدا پشــتگوێ دەخەن، بیرمەندانی دیموکراســیش بە گشــتی چەشــنەکانی مۆدێلی پارتایەتی قبــووڵ ناکەن. لە تیۆریی دیموکراســیدا، پارتەکان بــە زۆری وەکوو کیانی بێ شێوە یان وەکوو بلاک بۆکسی تەمومژاوی مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت، لە باشــترین حاڵەتدا، زۆر جار وەکوو سەرکردە و شــوێنکەوتووانی دەبینرێن. هەروەها وەکــوو دامەزراوەی ناوەند، کە لە نێوان هاونیشتیمانی و دەوڵەتدا داندراون، وەکوو ڕێگر لە بەردەم دەســکەوتەکانی دیموکراســیی ڕاستەقینەش مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت.

### تیۆریی دیموکراسیی هاوچەرخ

لــە کاتیکــدا بە پێــی تیۆرییەکانــی ســەروەری، جەوهەری دیموکراسی بریتییە لە حوکمی گەل بە مانای ئیرادەی خەڵک، بەڵام بە پێی تیۆرییەکانی لیبرال دیموکراســی، دیموکراســی میتۆدێکــی سیاســییە. لای (شــومپیتەر) دیموکراســی واتــە

ڕێکخستنی دامەزراوەیی بۆ گەیشتن بە بڕیاری سیاسی، کە تێیدا تاکەکان دەسەڵاتی بڕیاردان بەدەست دەهێنن لە ڕێی ململانێ و کێبڕکێ بۆ بەدەست هێنانی دەنگی خەڵک. لە لای دیموکراتێکی لیبراڵ، دیموکراسی خۆی لە خۆیدا ئامانج نییە، بەڵکوو پاڵپشتی بۆ دیموکراسی بەندە بەوەی تا چەند ئازادی دەپارێزرێت باشتر لە هەر میتۆدێکی دیکەی سیاسی. لە زۆربەی ڤێرژنەکانی تیۆریی لیبراڵ دیموکراسیی هاوچەرخدا، ڕۆڵی سەرکردایەتیی سیاسی گرنگە، لە کاتێکدا ڕۆڵی سەرەکی کە هاونیشتیمانیان بەجێی دەگەیەنن، ئەوەیە کە لە ڕێی هەڵبژاردنەوە سەرکردەکانیان ڕەت بکەنەوە یان قبووڵیان بکەن. لە ڤێرژنی پلورالیزماندا، گرووپەیلی سەربەخۆی ناوەند، دەرفەتی گرنگ بۆ بەشداری کردنی سیاسی دابین دەکەن، کێبەرکێش لە نێوان فرەیی ئەو گرووپانەی کە پەناگەن بۆ ئازادی، دەستەبەر دەکەن.

هەروەها، لێرەشدا ئەم مشتومڕە بایەخی بە سروشتی پارتەکان وەکوو ناوەندی گرنگ لە نێوان سەرکردایەتی و تاکی هاونیشتیمانی نەداوە. بۆ نموونە، لای (شومپیتەر) پارت بە شێوەیەکی سادە بریتییە لە گرووپێک کە ئەندامانی تێکڕا خەبات دەکەن، هەوڵ بۆ دەسەڵاتی سیاسی دەدەن. لە باشترین حاڵەتدا پارتەکان دەبێت ڕێک بخرێن بۆ ئەوەی ئاسانکاری بکەن بۆ وەرگرتنی ئەندامانی پارت، کە لەو ڕێیەوە پابەند بوونی بەردەوامی دیموکراسیی دەستەبژێران زامن دەکرێت، واش لە سەرکردەکان دەکات کە کاریگەرانە حوکم بکەن. چەمکی (پۆلیئارکالی پلورالیزم) لە لایەن (داهل)ەوە پێش خراوە، کە کەمێک بایەخی زیاتری بە بنەماکانی کۆمەڵایەتیی پارتەکان داوە، بە تایبەتی پارتەکان دەبێت دابەش بوونە سەرەکییەکانی کۆمەڵایەتی و ئایدیۆلۆژیی کۆمەڵگا تێپەڕێنن، بۆ ئەوەی خۆیان لە زاڵ بوونی هەر بەرژەوەندییەک لا بدەن،

هەروەها بـۆ ئەوەی کاریگەییەکانی سیسـتەمی فرە بڕیاری پووچـەڵ بکەنەوە. بە شـێوەیەکی زۆر گشـتیتر، پرسـیاری ئەوەی کە چۆن پارتـەکان لە ناوەوەدا خۆیان ڕێک دەخەن؟ چۆن پەیوەندی بە ژینگەی دەرەوەیانەوە دەکەن؟ یان دەبێت چ ئەرکێـک بەجـێ بهێنن؟ هیچ جێگەیەکی لـە تیۆریی لیبرال دیموکراتدا نییە.

ڕەخنەگرانی تیۆریی دیموکراسـیی لیبـرال پێیان وایە، ئەو ڕێگایانەی کە گیراونەتە بەر بۆ پێناسە کردنەوەی دیموکراسی بە شێوەیەکە، کە دەتوانین بڵێین جێیان بۆ دەستەبژێر خۆش کردووە. هەرچەندە بۆ دەستەبژێری پلورالیست و دیموکرات، بەشداریی تاکە کەس لە سیاسەتدا خۆی لە خۆیدا بیرۆکەیەکی نموونەیـی نییە، بـەڵام لای دیموکراتانی بەشـدار ڕێژەیەکی بـەرز لـە بەشـداریی سیاسـی و مانـای بەرپرسـیاریەتیی مەدەنـی، پێویسـتن بـۆ سیسـتەمی سیاسـی بـۆ ئـەوەی دیموکراسـی زامن بکەن. لەم گۆشـەنیگایەوە، دیموکراسـی میتۆدێکی سیاسـی نییە، بەڵکوو پرۆسەیەکە بڕیارەکانی تێدا دەدرێـن. مرۆڤ بە سروشـتی خۆی گیانداریکی سیاسـییە، نامۆیی سیاسـییش بەرەنجامـی ئەو ڕێگـرە بونیاتیانەیە کە خراونەتە ناو سیسـتەمەکەوە. بەشدارانی دیموکرات پاڵپشتی لـە تێـوەگلان و بەشـداریی راسـتەوخۆی هاونیشـتیمانیی ئاسـایی لە دروسـت کردنی بڕیاری ڕۆژانەدا دەکەن، لەبەر ئەوەی بەشـداریی ڕاسـتەوخۆ متمانەی خەڵک بە سیاسەت بـەرەو پێـش دەبات، لێرەشـەوە شـەرعیەتی دیموکراسـی بەهێز دەکات. سـەرەڕای ئەمانە، پێشـیان وایە کە بەشداریی پۆزەتیڤانـە دەکات لە پەرەپێدانی ڕۆشـنبیری و کەسـێتی و فەزیلەتی هاونیشـتیمانی. لەبەر ئەوەی ژمارەیەکی زۆر کەم لە کۆمەڵگاکان باشـترین دەرفەتیان خسـتووەتە بەردەسـت بۆ بەشـداری کردنی راسـتەوخۆی خەڵک لـە بڕیارداندا، کە

کاریگەریی لە سـەر خۆیان هەیە، لەبـەر ئەوەی خۆ بەڕێوە بردنی راسـتەقینە لەسەر ئاسـتی دەوڵەتی نەتەوە لە ڕووی پراکتیکییـەوە قبووڵ نییە، ئەوا دەسـەڵات پێویسـتە چەندی دەکرێت لە سـەر ئاسـتی حکوومەتی لۆکاڵ و شوێنی کاردا دەستاودەسـت بکات، بـەڵام لە کۆمەڵگای گـەورە و ئاڵۆزدا دەبێت هەندێک دامەزراوەی دەوڵەتی ناوەندی و نوێنەرایەتی هەبن، وەکوو ئامرازی پێویسـت بۆ دانانی یاسـا و پاراستنی مافـەکان و پـەرەدان بـە لێپرسـراوەتییەکان و جێبەجـێ کردنـی سیاسـەت و ئیدارەدانـی قەیـران و ململانێیەکان لە نێـوان بەرژەوەندیی تایبەت و لۆکاڵـدا. بۆیە دامەزراوەگەلی نوێنەرایەتـی، لەوانـە پەرلەمانی هەڵبژێردراو و سیسـتەمی کێبڕکێی پارتـەکان، ناتواندرێن لەبەر چاو نەگیرێن بۆ بەهێز کـردن و رێکخسـتنی ئـەو چالاکییانە. هەروەهـا بە جەخت کردنەوە لەسەر بەشـداری کردنی راستەوخۆ، دیموکراسیی بەشـدار، ئامـرازی زۆر کەمی لەبەر دەسـتە بـۆ رووبەڕوو بوونەوەی پرۆسـەکانی حوکمداری لە سەر ئاستی دەوڵەتی نەتـەوەدا، هەروەها بە گشـتی لە بیرکردنـەوە لەوەی چۆن هەڵبژاردنی نوێنەران رێک بخات؟ شکستی هێناوە، یان چۆن لـۆکاڵ و نیشـتیمانی پێکـەوە گرێ بدات؟ بـەر رووکەش وا دەردەکەوێت، کە زۆر گرنگ بێت ئەو پرەنسیپە رێکخراوانە و ئـەو میکانیزمە پەیوەندیدارانەی پێکەوە لە ناو تیۆرییەکدا کۆ بکەینەوە، هەروەها وا دەردەکەوێت ئاشـکرا بێت، کە تەنیا لە رێی دەزگای پارتەوە دەوڵەت و کۆمەڵگا پێکەوە گرێ بدرێن، بەڵام تەنیا لە چەند حاڵەتێکدا نەبێت، پارتی سیاسـی زۆر بە ئاشکرا لە ڕێی پەراوێز خستنەوە و تەواو ئامادە نەبوونی لە فیگەرەکانی دیموکراتیی بەشداردا.

هەروەهـا، مۆدێلەکانـی وەکوو دیموکراسـیی کۆمەڵایەتی (associative democracy)، کـە دیموکراسـی لە سـەرەوە بۆ

خـــوارەوە بنیـــات دەندرێت، لـــە ڕێی کۆمەڵـــەی کولتووری و پەروەردەیـــی و هـــەرەوەزی کرێکارییـــەوە، زۆر کەمی هەیە لەبـــارەی ڕۆڵـــی پارتـــی سیاســـی لە بـــە دیموکراتـــی کردنی کۆمەڵـــگای مەدەنی و دەوڵەتدا بیڵێت. بـــەم دواییانە، تیۆریی دیموکراسی شێوەی دەستاودەستی وەرگرتووە. دیموکراسیی دەستاودەست (deliberative democracy) بە چەمکی کۆمەڵگای دادپـــەروەر، کە لـــە لایـــەن (ڕاولس)ـەوە جووڵێنـــدراوە و بە زۆری بە ســـەر بیرۆکـــەی (ئازادیی ڕادەربڕینـــی نموونەیی) کێشـــراوە، لـــە لایـــەن (هابرماس)یشـــەوە پەرەی پـــێ دراوە. ئەم دیموکراســـییە باوەڕی بە گفتوگۆی یەکســـان و ئازاد (بە شـــێوەیەکی نموونەیـــی بە بێ ڕەچاو کردنـــی کات) لە نێوانی بەشداربووواندا هەیە، ئەوانەی حەزیان بە تێگەیشتنی دوولایەنە هەیە، نەک لە لایەن بەرژەوەندییەوە ئاراستە بکرێن، کە تێیدا لە ڕێی (هێزی باشـــترین ئارگیومێنت)ـەوە دەگەنە سازان. لە گۆشەنیگای دیموکراســـیی دەستاودەستەوە، دیموکراسی بە شێوەیەکی ســـەرەکی پێکهێنان و گواستنەوەیە نەک داڕشتن و کـــۆ کردنـــەوەی پەســـندەکان. بـــژاردەی شـــەرعی دواجار بەرهەمـــی دەستاودەســـتی نێـــوان هاونیشـــتیمانیانی ئازاد و یەکسان و هۆشـــمەندە. کەم و کوڕییەکانی دیموکراسی زۆر جـــار وەکوو کەم و کوڕیی دەستاودەســـت ســـەیر دەکرێت. دیموکراســـیی دەستاودەســـت بە خێرایی لە کۆتایی یەکەمین دە ســـاڵی ئـــەو هەزارەیـــەدا بەردەوامیـــی بەدەســـت هێنا، بە ڕادەیـــەک کـــە (دیرزێـــک) دەڵێت جەوهـــەری دیموکراســـیی ڕاســـتەقینە ئێســـتا دەستاودەســـتییە نـــەک دەنگـــدان و کـــۆ کردنـــەوەی بەرژەوەندییەکان و مافەیلی دەســـتووری و خۆ بەڕێوە بردن. ڕەخنەگرانی دیموکراسیی دەستاودەست پێیان وایـــە، سیاســـەت ڕێگە خـــۆش کردن و بڕیارە نـــەک لابردنی ململانـــێ و ناکۆکیی ئاکاریانە. هەر چۆنێک بێت، وەکوو زۆر

لە مۆدێلەکانی بەشــداری کردن، دیموکراسیی دەستاودەست لەبــارەی ئەگــەری پراکتیکییــەوە، پرســیاری زۆری هێنایــە ئــاراوە، تــا رادەیەک ئــەوەی روون کردەوە کە بــە تیۆریزە کردنــی دیموکراســی دوورە لە واقیعی سیاســی و پراکتیکی ڕاستەقینە.

هەرچەندە تیۆرییەکانی دیموکراسی رۆڵی پارتی سیاسییان ناسیوە، بەڵام ئەو وانانەی لە ئەنجامی توێژینەوەی ئەزموونی و بەراوردکارییەوە بەدەســت هاتوون، لەبەر چاو نەگیراون. بــۆ نموونــە ئــەو بۆچوونەی (کۆهــن) کە دەڵێت ئــەو پارتە سیاســیانەی لە لایــەن دارایی گشــتییەوە پاڵپشــتی دەکرێن لــە دروســت کردنــی دیموکراســیی دەستاودەســتدا رۆڵــی گرنگ دەبینن. لە راســتیدا، مشــتومڕی ئەوە دەکات کە ئەوە قورســە بزاندرێت چۆن بە چەمکی دەستاودەســت دەگەین؟ لــە حاڵەتــی ئامادە نەبوونی پارتی بەهێــزدا، کە بە دەرامەتی گشــتی پاڵپشــتی کراوە. ئەمەش وایە لەبەر ئەوەی پارتەکان بە شــێوەیەکی گریمانەیی لە ســەروو بەرژەوەندیی لۆکاڵانە و تەســک و بەش بــەش و دیاری کــراوەوەن، دەتوانن بوار بۆ گوتنی چەمکەکانی ســوودی گشتی برەخسێنن. پاڵپشتیی دارایی گشــتی کە پێویستە، چونکە یارمەتیدەرە بۆ زاڵ بوون بە سەر نایەکســانییەکان لە بوارەکانی دەستاودەستدا، کە لە ئەنجامی نایەکسانی ماددییەوە دێنە ئاراوە. هەروەها بەشدار دەبن لە سەربەخۆیی پارتەیلی سیاسی، لەبەر ئەوەی ئازادیان دەکات لــە (هەژموونی دەرامەتگەلی تایبــەت). ئەم بۆچوونە هەرچەنــدە وا دەردەکەوێت قەناعەت پێکــەرە، بە تایبەتی بۆ ئەوانــەی کە باوەڕ بــە کاریگەریی گەورەی پــارەی تایبەتی لە ســەر سیستەمی سیاســی ناکەن، بە تایبەتی لە سیاسەتی ئەمریــکادا، شکســتی هێنا لە قبــووڵ کردنی ئــەو ئەزموونە زۆرەی پاڵپشــتیی دارایی لە وڵاتانی دیموکراسیی ئەوروپادا،

هــەم لەوانەی کە دیموکراســی تەواو لە نێویاندا چەســپیوە، هــەم لەوانەش کە بەم دواییانە دیموکراســی تێیاندا ســەری هەڵــدا. لێرەدا ئــەو هەموو کتێب و نووســراوانەی هەن ئەوە دەردەخەن، کە دەبێت ئێمە لەبارەی پاڵپشتیی دارایی پارتەکان وریا بین، وەکوو دەرمانی چارەســەر بۆ کەم و کورتییەکان و لایەنانی نەویستراوی دارایی سیاسی.

لــە راســتیدا رێکخســتنی دەوڵــەت و هاوکاریــی حکوومی یارمەتیــدەری تێوەگلانــی پارتــەکان لــە نێــو حکوومەتدا و پەیوەندییەکانیــان لەگــەڵ کۆمەڵگا، هاوتەریــب لاواز دەکات. هەروەهــا بەربەســتی گــەورەش لــە بــەردەم ئەوانــەی کە دەیانەوێت بەشــداری بکەن لە سیستەمی سیاسیدا، دروست دەکات. لێرەشــەوە خزمەتی هێشــتنەوەی رەوشی هەنووکە دەکات. هەموو ئەمانە دەبێت خەمی دەســتبەجێی بیرمەندانی دیموکراتی و دەستاودەســت و ئەوانی تر بێت. (شاپیرۆ) پێی وایە دوورخستنەوەی تیۆریی سیاسی لە پراکتیکی ئەزموونی، بۆ لێکۆلینەوەی سیاســەت بە شــێوەیەکی گشتی راستە. ئەو دەڵێت کە پرۆســەی بەردەوامی پرۆفیشنالاندن و تایبەتاندن، فەلســەفەی سیاســیی لە زانستی سیاســی جیا کردووەتەوە، تیۆریــی پێوانەیــی و ئەزموونیشــی لێک جیــا کردووەتەوە. فەیلەســووفانی سیاسی بانگەشــەی مۆنۆپۆڵ کردنی دەکەن بە ســەر زانایانی سیاســی، لە کاتێکدا کە چالاکیی پۆزەتیڤی تیۆریی سیاسیی جێ هێشتووە بۆ زانایانی دیکەی سیاسی. لە ئەنجامدا تیۆریی پێوانەیی، چی دی ناگوترێت بەو شــێوەیەی کــە بیرمەندانی گەورەی پێشــوو دەیانگــوت: دەبێت تیۆریی سیاســی بگوترێــت لە لایــەن حاڵەتــی مەعریفەیــی تیۆریی سیاسەتەوە. ئەم جیاکردنەوەیە هەر بە تەنیا نەبووە هۆی زیاد بوونی مەیلی تیۆریی سیاسیی پێوانەیی، بۆ ئەوەی بایەخێکی کەم بە ســەر ئەگەری پراکتیکی نادیدە بگیرێت، بەڵکوو بووە

هـۆی زیاد بوونی مەیل بۆ تیۆریی سیاســیی ئەزموونی، بۆ ئەوەی ببێتە شــتێکی بێبایەخ و میتۆددار، دوور لە پرســیارە گەورەکانــی ڕۆژ، لــە جیاتی ئەوەش بایەخ بــدات بەوەی کە لــە ڕووی میتــۆدەوە گرنــگ دەربکەوێــت. ئــەم بۆچوونانە راســتەقینە دەردەکەون، بە تایبەتی لەوەدا کە پەیوەندیی بەو بۆشــاییەوە هەیە، کە لە نێوان تیۆریی دیموکراسیی پێوانەیی و لێکۆڵینەوەی ئەزموونیی پارتەیلی سیاسیدا دروست بووە.

**دەرەنجام**

پارتەیلــی سیاســی پێگەیەکــی تەمومژاوییــان لــە وڵاتانی دیموکراســیی مۆدێرندا داگیر کردووە، ئەمــەش تا رادەیەک بەرهەمی گرژییە لە نێوان ناوەندێتیی پارتەیلی سیاسی وەکوو دامــەزراوەی گرنــگ بۆ دیموکراســیی مۆدێــرن و ناتوانایی زۆریــان بۆ بەجێ گەیاندنــی زۆر لەو ئەرکانەی کە بە گرنگ دەبیندرێــن بۆ پیــادە کردنی دیموکراســییەکی تەندروســت. ناوەندێتیــی پارتەیلــی سیاســی بــە شــێوەیەکی ئەزموونی لــە ڕێی ئەو راســتییەوە، کە بە تەواوی رەگــی داکوتاوە، لە دیموکراســیی وڵاتانی ڕۆژئاواییدا پیشان دراوە، هەروەها بە خێرایی لەو وڵاتانەی بەم دواییانە بە دیموکراسی بوون، بڵاو بووەتەوە، ئەوەی کە (هنتینگتۆن) ناوی ناوە شەپۆلی سێیەم، ئــەوە قورســە قەوارەی سیاســی بە بــێ پارت، لــەم کاتەدا سیاسەتوانی هەبێت.

هەروەها شکســت هێنان لە هەڵهێنجانی پرسیار لە تیۆریی دیموکراســی بۆ ناســاندنی پەیوەندی لە نێــوان ڕێنماییگەلی پێوانەیــی و دامەزراوەییدا، هەرچەندە قورســە هەردوو ئەم پارادایمــە بە یەکــەوە کۆ بکەینەوە، تا رادەیەک کێشــەیە، بە تایبەتــی بە لەبــەر چاو گرتنی ئــەو بەرەنگارییــە گرنگانەی ڕووبــەڕووی دیموکراســیی مۆدێــرن دەبنــەوە. یەکێک لەو پرسیارانەش ئەوەیە، کە پارتەکان لەوانەیە ڕۆڵێکی گرنگ بگێڕن

له پرۆســەی چەسپاندنی ئەوانەی بەم دواییانە لە ڕۆژهەڵاتی ئەورووپا و شوێنەکانی تر، بە دیموکراسی بوون، بەڵام هاوکێشە ئاساییەکەی دیموکراسی بە سادەیی هەڵبژاردنی ڕێکوپێکە لە لایەن فرە پارتی سیاسییەوە تووشی بەرەنگاری دەبێتەوە، لە کاتێکدا لەبەر چاو نەگرتنی جیاوازییەکان لە نێوان جۆرەکانی پــارت و تایبەتمەندییەکانــی مێژوو و کولتــوور و کۆمەڵگای لۆکاڵەوە، بەرچاو روونییەکی کەم دەخاتە بەردەم کاراکتەرانی سیاســی یان ئاژانسەیلی نێودەوڵەتی و پرۆژەی دیموکراسی هەمووی دەخاتە ژێر مەترسییەوە. پرسیاری دووەم گونجانە لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی دیموکراسیگەلی چەسپاو، بە تایبەتی، گرنگــە بیر لــە و ئەرکانــە بکەینەوە کــە زۆر جــار دەنرێنە پــاڵ پارتەکانــەوە لە چێوەی ئەرکی دیموکراســیدا، هەروەها پرســیاری ئەوەش بکەین کە چۆن هاتنــە خوارەوەی توانای پارتــەکان بۆ بە ئەنجــام گەیاندنی ئەو ئەرکانــە دەتواندرێت پێچەوانە بکرێتــەوە، یان لە جیاتی ئەوە چۆن هەم پارتەکان، هەم سیستەمەیلی دیموکراسی دەتوانن خۆیان لەگەڵ گۆڕانی ئەو ئەرکانە بۆ شوێنانی تر بگونجێنن. لە کۆتاییدا، پرسیاری ئەوەی چۆن لەگەڵ پرۆسەی یەکگرتنی ئەورووپادا بگونجێین، بە گەڕان بە شــوێن کەناڵی پێویســت بۆ نوێنەرایەتی کردن، هەستیارترینیان فراوان بوونی بەردەوامیی یەکێتیی ئەورووپایە. لێرەش بە دواوە، پێگەی پەراوێزخراوی پارتەیلی سیاســی لە گۆڕەپانی سیاسەتی یەکێتیی ئەورووپادا، تەنیا بەشدار بووە لە بەردەوامیی کەم و کورپییەکانی دیموکراسیی ئەورووپادا.

لــە دیموکراســییەکانی ســەردەمی مۆدێرنــدا، پرەنســیپی نوێنەرایەتــی کــردن وەکــوو چارەســەر بــۆ گواســتنەوەی دیموکراسی لە سیاســەتێکەوە، کە تەنیا بۆ دەوڵەتی بچووک بگونجێــت بۆ دەوڵەتی گەورە، بە شــێوەیەکی بەربڵاو قبووڵ کراوە، بەڵام وەک (داهل) دەڵێت زۆربەی دەوڵەتانی مۆدێرن

ململانێیەکیان دروســت کردووە لە نێوان تیۆری و پراکتیکی دیموکراســیی نوێنەرایەتــی و چەمکــە کۆنەکانی حکوومەتی دیموکراســی و کۆماریــدا، کــە بە تــەواوی لەنــاو نەچوون. ئەمــەش لەبــەر ئــەوەی نەمانتوانیوە بــە تــەواوی زیاتر لە دەوڵەتە شاری گریک بەو لاتر بڕۆین، بەردەوامیش کێشەمان هەیــە لە پەرەپێدانــی تیۆرییەکی یەکگرتوو بۆ دیموکراســی، کــە لەگــەڵ جۆنتێکســتی کۆمەڵــگای مۆدێرنــدا بگونجێــت. ئەمــەش لەو راســتییەوە کە تیۆریی دیموکراســی هەرگیز لە واقیعــی دیموکراســیی نوێنەرایەتــی نزیــک نەبووەتەوە، کە زۆر لە ناڕەزاییەکانی ئێســتا لە پارتەکان و لە دیموکراسییە، سەرچاوەی گرتووە.




# ئافرەتان چۆن دەبن بە سیاسەتمەدار؟

گلۆریا ستاینم
ئەلیزابێت وارن
ئایانا پرێسلی
کێری هیڵی
سوانی هەنت

*لــە ٧ی ئوکتۆبــەری ٢٠١٣دا لــە هۆڵــی «جــۆن هانکــۆک» لــە (کۆلێــژی ســمنس) لــە شــاری «بۆســتن»ی ویلایەتــی «ماســاچوتس» کۆڕێک بۆ یاد کردنەوەی ١٧٥ـەمین ساڵیادی وتــارە مێژووییەکەی خاتــوو «ئەنجەلینا گرمکــی» رێک خرا، کە لە ســاڵی ١٨٣٨دا لــە ویلایەتی «ماســاچوتس» لە بەردەم دەســەڵاتی یاســادانانددا خوێندییــەوە. ئــەو یەکەم وتــاری لەم چەشــنە بوو لە مێژووی ویلایەتــە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا، کــە لە لایەن ئافرەتێــک بخوێندرێتەوە. لەم کۆڕەدا بە ســەدان کــەس لە چالاکوانانی ئافــرەت و پیاوان ئامادە بوون، هەروەها ژمارەیەک خانمی ســەرکردەش وتوێژییان لە سەر ئەم پرسە گرنگە کرد کە بریتی بوون لە:*

١. *گلۆریا ستاینم: فێمێنیست و چالاکوان و نووسەر.*

٢. *ئەلیزابێت وارن: سیناتۆری ویلایەتی ماساچوتس لە واشنتن.*

٣. *ئایانا پرێسلی: ئەندامی ئەنجومەنی شاری بۆستن.*

٤. *کێری هیڵی: سەرۆکی کۆلێژی بابسن و جێگری پێشووی حاکمی ماساچوتس.*

٥. *باڵیۆز سوانی هەنت: سەرۆکی رێکخراوی (Political Parity).*

*ئەمەش دەقی ئەو کۆبوونەوەیە سەبارەت بە (ئافرەتان چۆن دەبنە سیاسەتمەدار؟)*

کاڵی کرۆسلی میدیاکاری تەلەفزیۆن، کە کۆڕەکەی بەڕێوە دەبرد بەم وتەیە کۆڕەکەی دەست پێ کرد:

هەمووتـــان بەخێر بێن، ئەم شـــەو لێرەین بۆ ئەوەی بزانین ئافرەتـــان چۆن دەبن بە سیاســـەتمەدار؟ ئاوڕێک لە رابردوو دەدەینـــەوە و ســـەیری ئێســـتامان دەکەیـــن، هەروەها بیر لە ئایندەیـــش دەکەینـــەوە. چەندیـــن لایەنی گرنگ لـــە کۆڕەکەدا دەخرێتە روو. بە داخەوە سیناتۆر «ئەلیزابێت وارن» نەیتوانی ئەم شـــەو لەگەڵمان ئامادە بێت، چونکە ناچار بوو بە کارێک بڕوات بۆ «واشنتن»، بەڵام بڕگەیەکی ڤیدیۆیی بۆمان ئامادە کـــردووە، تێیدا را و ســـەرنجی خۆی بـــۆ کۆڕەکەمان تۆمار کـــردووە. ئەم کۆڕە لە ئەنجامی هەوڵ و کۆششـــی کۆمەڵێک خەڵکی مەزن و رێکخراوی گەورە، رێک خراوە. چەندین لایەن رێکخـــەری بەرنامەکەی ئەم شـــەوی ئێمەن، بـــەڵام دەمەوێ باسی سێ لایەنی هەرە گرنگترینیان بکەم.

یەکـــەم: لێژنەی رووداوی گرمکـــی: لێژنەیەکە کە بریتییە لە

کۆمەڵێک ئافرەتی چالاک و خاوەن دەستکەوت، کە هاندەری سەرەکی بوون لە سازدانی ئەم کۆڕەدا. ئەم لیژنەیە مایەی سرووش بووە بۆ کچان و ئافرەتانی خاوەن باکگراوندی جیاواز، بۆ تێکەڵ بوون بە سیاسەت، کە وەک ژیانێکی تایبەت بە خۆیان لێی بڕوانن.

دووەم: باڵیۆز «سوانی هەنت» لەگەڵ دوو رێکخراوی کە لە سەر دەستی ئەو دامەزراون: «Hunt Alternatives Fund» و «Political Parity». دیدی «سوانی هەنت» بۆ ئافرەتان لە سیاسەتدا بووە هۆی وەرچەرخانێک لە بوارەکەدا. ئەم شەو ئەویش لە کۆڕەکەدا بەشدار دەبێت.

سێیەم: کۆلیژی سمنس، خاتوو «هێڵین دراینان» سەرۆکی کۆلێژی سمنسە. کۆلێژی سمنس پاڵپشتیی لەم کۆڕە کردووە، لە رووی مەعنەوی و دارایی و پراکتیکی و لۆژستیشەوە. «هێڵین جی دراینان» هەشتەمین سەرۆکی کۆلێژی سمنس، تاکە کۆلێژی ئافرەتانە لە «بۆستن»، کار و ئەزموونەکانی لە سەرکردایەتی بەکار هێنا، توانیی کۆلێژەکە بگەیەنێتە ئاستێکی رکابەر لە رووی دارایی و پراکتیکی و ئەکادیمییەوە. بەردەوام پشتگیریی لەو بیرۆکەیە کردووە کە دەڵێت: «پەروەردەی ئافرەتان رێڕەوێکە بۆ هەنگاونان بەرەو سەرکەوتن». هەروەها پۆستەکەی خۆی وەک سەرۆکی کۆلێژ بەکار هێناوە بۆ خستنە روو و جەخت کردنەوە لە سەر بایەخی هەبوونی ئافرەتان لە پۆستی سەرکردایەتیدا. ئێستاش وتەیەکتان پێشکەش دەکات:

■ *هێلین جی درایناں سەرۆکی کۆلێژی سمنس:*

***ئەو شوێنەی ئەنگیلا گرمکی وتارەکەی تێدا خوێندەوە یەک میل لە کۆلێژی سمنس دوورە***

ئێوارەتان باش و هەمووتان بەخێر بێن بۆ کۆلێژی سمنس. شەرەفمەندین کە ئێمە یەکێکین لە سپۆنسەرانی سەرەکیی ئەم کۆڕە.

کاتێک «گلۆریا ستاینم» پار بەهاریٚ سەردانی کۆلێژی کرد، بۆمانی روون کردەوە: (هەر کەسێک باوەڕی بە مافی یەکسان هەبێت بۆ پیاوان و ئافرەتان، ئەو کەسە فێمێنیستە). هەڵبەت ئەو ئافرەتەی ئەم شەو هەموومان بۆ یاد کردنەوەی کۆبووینەتەوە، «ئەنجەلینا گرمکی»، تەنیا چالاکوانێکی دژە کۆیلایەتی نەبوو، بەڵکوو هاوکات فێمێنیستیش بوو. لێرەشدا حەز دەکەم ئاماژە بە دامەزرێنەری کۆلێژی سمنس بکەم، «جۆن سمنس»، کە لە سەردەمی خۆیدا هاوپەیمانێکی راستەقینەی ئافرەتان بوو، «جۆن سمنس»یش فێمێنیست بوو.

لە ساڵی ١٨٣٨دا، «ئەنجەلینا گرمکی» وتارێکی لە دژی کۆیلایەتی لە بەردەم دەسەڵاتی یاسادانانی ویلایەتی ماساچوتسدا خوێندەوە، هەروەها بۆ داکۆکی کردن لە مافی دەنگدانی ئافرەت.

تەنیا بە یەک میل لێرەوە دوور، بەرەو ئاراستەی باکووری شار، «جۆن سمنس» لە بواری پۆشاکدا کاری دەکرد، کارەکەی رووی لە گەشە دەکرد، ئافرەتانی لێرە لە شاری بۆستن و لە گوندەکانی دەوروبەری شاردا، دەخستە کارەوە. لە نیوەی ساڵانی شەستی سەدەی نۆزدەمدا، لە کۆتاییەکانی شەڕی ناوخۆدا، «جۆن سمنس» بووە خاوەن گەورەترین کارگەی پۆشاک لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا. پاش

مەرگی «جۆن سمنس» لە ساڵی ١٨٧٠دا، لە وەسیەتنامەکەیدا خواستی خۆی دەربڕی بوو بۆ دامەزراندن و پارەدار کردنی دامەزراوەیەک، کە ناوی لێ بندرێت «کۆلێژی سمنسی ئافرەتان» تایبەت بە فێرکردن لە بواری هونەر و زانست و پیشەسازی، بۆ ئەوەی ئافرەتان بتوانن سەربەخۆیانە بژێوی ژیان بەدەست بێنن. «جۆن سمنس» یاریدەدەر بوو بۆ چەندین نەوە لە ئافرەتان، بۆ ئەوەی بتوانن پشت بە خۆیان ببەستن، بەهێز بن و ببنە خاوەن سەرچاوەی دارایی تایبەت بە خۆیان. زۆربەشمان کە تاکوو ئەمڕۆ لە دەستکەوتەکانی «جۆن سمنس» سوودمەند بووین، خۆشحاڵین کە لەم ئێوارەیەدا لەگەڵ هەمووتان لێرەدا، بۆ یاد کردنەوە و ڕێزلێنان لە کارە مەزنەکانی دامەزرێنەری ئافرەتانی هاوچەرخ «ئەنجەلینا گرمکی» کۆبووینەتەوە، بە هیوای کاتێکی شاد و سوپاس بۆ ئامادە بوونتان.





■ *کاڵی کرۆسلی (کۆرگێڕ) :*

ئەم شەو، جگە لە کۆرگێڕانی سەر شانۆ، ژمارەیەکی دیکە لە ئافرەتانی مەزن و خاوەن دەستکەوتی گەورە لەگەڵماندا ئامادەن، هەروەها لەگەڵ ژمارەیەک لە هاوپشتانی ئافرەتان لە ڕەگەزی نێر. شەرەفمەندین کە ئەم شەو ژمارەیەک ئافرەت لەگەڵماندا ئامادەن، کە خاوەن پلە و پۆستی بەرزن و لە وەرگرتنی پۆستدا پێشەنگن: «ئێڤیلین مۆرفی» یەکەم ئافرەتە کە بۆ جێگری حاکم هەڵدەبژێردرێت. «شانۆن ئۆبرایان» یەکەم ئافرەتە بۆ گەنجینەی ویلایەت هەڵدەبژێردرێت. «جەین سویفت» یەکەم ئافرەتە وەک حاکم هەڵدەبژێردرێت. «مارتا کۆپلی» یەکەم ئافرەتە وەک داواکاری گشتیی ویلایەت هەڵدەبژێردرێت. «سوزان بەم» یەکەم ئافرەتە وەک وردبینی ویلایەت هەڵدەبژێردرێت. لەگەڵ «ئەلیزابێت وارن»، کە ئەم

شــەو نەیتوانی لەگەڵمــان ئامادە بێت، ئــەو یەکەمین ئافرەتە پۆســتی ســیناتۆر بۆ ویلایەتی ماســاچوتس لــە ئەنجومەنی ســیناتۆرانی ویلایەتە یەکگرتووەکانــی ئەمریکا وەردەگرێت. هەروەها ئەم شەو شەرەفمەندین بە ئامادەبوونی ژمارەیەک ئافرەتی ســەرکەوتوو، کە پۆســتی فەرمییــان وەرگرتووە و زەمینەشــیان بۆ ئافرەتانی ویلایەت خۆش کردووە بۆ بەرەو پێشــەوە چوون، بەشێک لە ئافرەتان لە نێو ئامادەبووانی ئەم شــەو حاکمی دادگای گشتین، بەشێکی دیکەشیان پارێزگارن «شــارەدارن»، لەگەڵ چەندین ئافرەتی دیکە کە لێپرســراون و پۆســتی حکوومییــان هەیــە. هەروەهــا شــەرەفمەندین بە ئامادە بوونی «ســتیڤ برۆســلن» بەڕێوەبــەری گەنجینەی «کۆمۆنوێڵس»، وێڕای چەندین کەســی خــاوەن پلە بەرز و لێپرســراوی دیکەی حکوومی لە رەگەزی نێر، کە ئەم شــەو لەگەڵمان ئامادە بوون بۆ پاڵپشــتی کــردن لە رۆڵی ئافرەتان لە سیاسەتدا.

١٧٥ ســاڵ بــەر لــە ئێســتا، لێرە لە شــاری «بۆســتن»دا، «ئەنجەلینــا گرمکــی»، خانمێکی بە نەژاد باشــووریی ســپی پێســت لــە شــاری «چارلســتن»ی ویلایەتــی «کارۆلاینای باشــوور»دا، بوو بە یەکەم ئافرەتــی ئەمریکی کە لە بەردەم دەســتەیەکی یاسادانان بوەســتێت و وتارێک ئاراستە بکات. ئەم شــەو هەموومان شەرەفمەندین بە ئامادە بوونی «مارک مەیسن»، کە دەکاتە نەوەی «ئەنجەلینا گرمکی».

ئامانجــی «ئەنجەلینــا گرمکــی» لە وەســتانی لــە بەردەم دەســەڵاتی یاســادانان بۆ نوێنەرایەتی کردنــی داخوازییەک «ســکالانامەیەک» بوو، کە لە لایەن بیســت هــەزار ئافرەتی «ماســاچوتس»ەوە واژۆ کرا بوو، بە رەش پێســت و سپی پێســتەوە، «گرمکی» دەیزانی ئەرکەکەی ســەر شــانی زۆر قورســە، چونکــە ئەو ئافرەت بــوو، دەیویســت داخوازییەکە

پێشکەشــی لێپرسراوانی حکوومی لە رەگەزی نێر بکات. ئەو کردارەش لە ســاڵی ١٨٣٨دا بە کردارێکی رادیکال و نەشیاو دەژمێردرا، نەک تەنیا لەبەر ئەوەی ئافرەتان مافی دەنگدانیان نەبوو یان مافی خۆ کاندید کردنیان نەبوو بۆ ســەرۆکایەتی، بەڵکــوو هەروەهــا بە ســایەی هزرێکــی کۆمەڵایەتییەوە، کە پێــی وا بــوو ئافرەت لە «فەزای گشــتی»دا جێگەی نییە. لەو ســەردەمەدا هەر ئافرەتێک لە بەردەم جەماوەرێکی تێکەڵ لە پیاوان و ئافرەتان قسەی بکردایە، بۆ هەر مەبەستێکیش بوایە، کاتێک خەڵکی کۆ دەبوونەوە بۆ تاوتوێ کردنی مەســەلەکان، ئەو ئافرەتە بە کەسێکی بەدڕەوشت دادەندرا، چونکە پێیان وا بوو جەستەی خستووەتە نێو جامێکەوە و پێشکەشی پیاوانی دەکات. ئەو داخوازییەی مەبەســتیان بوو پێشکەشــی بکەن، داخوازییــەک بوو بــۆ بەکۆتا هێنانی کۆیلایەتــی و بازرگانی کــردن بە مرۆڤــەوە. بۆیە پێش ئــەوەی «ئەنجەلینا گرمکی» دەســت بە پێشــکەش کردنی داواکارییە واژۆ کراوەکە بکات، هەروەها بەرهەڵستکاریی خۆی دژ بە کۆیلایەتی لە «واشنتن» بخاتــە روو(*). «ئەنجەلینا گرمکی» ئەو راســتییانەی لە بەر چاو گرت بوو، بۆیە سەرەتا دەستی بە گوتنەوەی چیرۆکێکی کتێبــی پیــرۆز «ئینجیل» کرد، کە باســی «ئیســتر» دەکات، شــاژنی وڵاتی فــارس. لە نێــو ئامادەبووانی دانیشــتنەکەدا، ئەوانــەی «ئینجیل»یان دەخوێندەوە، پێــش وەختە چیرۆکی «شاژنە ئیستر»یان دەزانی، لەوەش بە ئاگا بوون کە «شاژنە ئیســتر» یەکێک بوو لە ئافرەتانی «حەرەمی پادشا»(**) کە لە باری سێکســەوە خزمەتی شــای دەکرد. «ئیســتر» بۆی نەبوو داوای هیچ لە شــا بکات، بەڵام رۆژێکیان ژیانی خۆی خســتە ژێر هەڕەشــەوە و لە شــا پاڕایەوە بۆ رزگار کردنی نەتەوەکەی، بابلی و جووەکان.

ئێستاش خانمی ئەکتەر «ئان گۆتلیب» وتارە مێژووییەکەی «ئەنجەلینا گرمکی» دەخوێنێتەوە:

دەقی وتارەکەی «ئەنجەلینا گرمکی»

کە لایەن خانمی ئەکتەر ئان گۆتلیب خوێنرایەوە

بەروار: ٢١ی شوبات ١٨٣٨.

*بەڕێز سەرۆکی دەستە، زیاتر لە دوو هەزار ساڵ تێپەڕیوە بە سەر ساتێکی تاریک و خوێناوی، کە تێیدا خوێن بە کەناڵێکی بەردیندا وەکوو رووبار دەڕۆیی، هەوا پاڵی بە شەپۆلانییەوە دەنا و بەرەو ئۆقیانووسی هەمیشەیی دەیبرد. لەو ساتە وەختەدا دەنگی ئافرەت لە کۆشکی پادشایەکی رۆژهەڵات بیسترا، داخوازییەکەی توانیی ملیۆنان کەس لە نەتەوەکەی لە دەمی شمشێر رزگار بکات. شاژنی فارس، ئەویش ئەگەر بتوانین بە ناوی «شاژن» ناوی بێنین، چونکە ئەو تەنیا سۆزانییەک بوو بۆ خاوەنەکەی، کە حەزی سێکسیی خۆی پێ دادەمرکاندەوە. ئەو تێکەڵ بە ئافرەتانی دیکەی «حەریمی شا» کرا بوو، زۆر بە قوولی کارەکتەری «ئەحشوێروش» شای دیراسەت کرد بوو، دەیزانی کە «ئەحشوێروش» شا، هیچ رێیەک نییە دڵی نەرم بکاتەوە، تەنیا لە رێی هەست و رەمەکی سێکسییەوە نەبێت. هەر بۆیە دەبینین شا لە جڤاتی شاهانەیدا لە نێو کۆشکی شاهانەدا وەستاوە، «ئیستر»یش بەو هیوایە رۆیشتە لای، کە بە جوانییەکەی بتوانێت سۆزی شاکەی بەدەست بێنێت. پاش ئەوەی گەیشتە بەردەمی شا و داوای مۆڵەتی قسەی کرد، شا لێی پرسی: (بۆ وا خەمۆک دیاری شاژن ئیستر، داواکاریت چییە؟ تۆ شایستەی داوای نیوەی مەملەکەت بکەیت و پێت ببەخشرێت). تەنانەت لەو ساتەشدا نەیتوانی لە شا بپاڕێتەوە، نە بۆ رزگار کردنی ژیانی خۆی و نەش بۆ رزگار کردنی نەتەوەکەی. «ئیستر» دەیزانی کە بۆ ئەوەی لە ئەرکەکەی سەر شانی سەرکەوتوو بێت، پێویستە لە کاتێکدا داواکارییەکەی*

پێشکەشی شا بکات، کاتێک شا لە نێو حەزی ئاژەڵی و سێکسیدایە، بۆ ئەوەی لە سەری زاڵ بێت و بتوانێت قسەی لەگەڵدا بکات، ئەویش پێش ئەوەی ئاهەنگ دەستی پێ کرد بێت و شەراب دابەش کرا بێت، ئەوکات ساتێکی گونجاو بقۆزێتەوە و دڵی شا نەرم بکات، بۆ ئەوەی بتوانێت لێی بپاڕێتەوە و داخوازییەکەی پێ جێبەجێ بکات. شاژن «ئیستر» قسەی کرد، گوتی: «پادشام، ئەگەر لە چاوەکانت تیشکێکی بەزەیی ببینم، داواتان لێ دەکەم ژیانم بکەنە قوربانی لە پێناو جێبەجێ کردنی داخوازییەکەم و نەتەوەکەم رزگار بکەن.» ئیتر بەو شێوەیە بوو، لە ڕێی جوانیی خۆی و دامرکاندنەوەی هەست و رەمەکی سێکسیی ئەو و کاریگەریی کەسایەتیی خۆیەوە، شاژنە «ئیستر» توانیی داخوازییەکی زۆر مەزن جێبەجێ بکات، لە ڕێی بەخت کردنی ژیانی خۆییەوە، لە ئاکامیشدا لە رزگار کردنی نەتەوەکەی و دۆست و خۆشەویستانیدا سەرکەوتوو بوو.

بەڕێز سەرۆکی دەستە، زۆر شەرەفمەندم کە ئەمڕۆ لە بەردەمتان وەستام بۆ ئەرکێکی هاوشێوە، کە پەیوەستە بە ژیان و خۆشەویستی، هاوکات سوپاسی خودا دەکەم کە ئێمە ئەمڕۆ لە سەردەمێکدا دەژین، جیهان تێیدا زۆر رۆشنگەرە، زۆریش باش رەوشتە بۆ سەلماندنی هەوڵەکانم بۆ لە ئامێز گرتنی ئەرکێکی هاوشێوە و ئەو ڕێگەچارەیەی گرتوومەتە بەر، بۆ پێشکەش کردنی داخوازییەکی پیرۆز. هەست دەکەم ئەوە دەبێتە مایەی سووکایەتی بۆ ئەم لێژنەیە، ئەگەر هەوڵ بدەم بە پۆشینی جەستەم بە زێڕ و زیو و پۆشاکی شاهانە سۆزتان بەدەست بهێنم، یاخود بانگهێشتتان بکەم بۆ ئاهەنگ و خواردنی زۆر یانیش بۆ مەی. من لەم سەردەمە باش تێدەگەم، لەو راستییەش بە ئاگام کە مەحاڵە هەست و رەمەکی سێکس بە سەرتاندا زاڵ بێت یاخود بە پێی ئەو بجوولێنەوە، مەحاڵە کەرامەتی مرۆیی بگاتە ئەو ئاستە نزمە. بەڵێ، من دەزانم

گەیشتن بە دڵی ئێوە هۆکارەکەی من نیم، بەڵکوو بە هۆی هەوڵەکانمە بۆ خستنە رووی راستییەکان لە بەردەمی ئێوە بۆ تێگەیشتن و دڵی ئێوە. دڵی ستەمکارێکی رۆژهەڵاتی لە بەردەم نزمترین هەست و حەزی سێکسیی ئاژەڵیانەدا نەرم بوو، بەڵام سەبارەت بە ئێوە، دڵنیام، کە گەیشتن بە دڵی ئێوە تەنیا لە رێی هەستی مرۆیی و هزری ئەخلاقییەوە دەبێت. ئێستاش من وەکوو هاووڵاتییەک لە بەردەمتاندا وەستاوم، بە ناوی بیست هەزار ئافرەتی «ماساچوتس»ەوە قسان دەکەم، کە ناویان نووسراوە و داواکارییەکەشیان واژۆ کردووە و ئاراستەی دەسەڵاتی یاسادانان کراوە، ئێوەیش ئۆرگانی ئەو دەسەڵاتەن. داواکارییەکە پەیوەندیی بە کۆیلایەتی لە ئەمریکادا هەیە، بابەتێکی پەیوەندیدارە بە بەرژەوەندییەکانی کۆمارەوە، تەنانەت گەر بیری لێ بکەینەوە، لە رووی سیاسی و ئەخلاقی و ئایینیشەوە. ئێستاش لەبەر ئەوەی ئەمە مەسەلەیەکی سیاسییە، زۆر جار گوتراوە کە ئافرەتان هیچ پەیوەندییەکیان بەم مەسەلەیەوە نییە. ئێمە ئافرەتین، ئایا مانای ئەوەیە ئێمە لە ئەستێرەیەکی دیکەوە هاتووینەتە سەر زەوی؟ ئایا مافی وڵاتایەتیمان (هاووڵاتی بوونمان) زەوت دەکرێت، چونکە ئێمە دایک و هاوسەر و کچانی خەڵکی مەزنین؟ ئایا ئافرەتان بێ وڵاتن؟ لە ژیانی گشتیدا بەرژەوەندییان نییە؟ بەرپرسایەتییان نییە لە هاوبەش بوون لە تاوان و شەرمەزارییەکانی نەتەوە؟ با مێژوو وڵامی ئەم پرسیارانە بداتەوە. بخوێننەوە خودا چۆن نارازی بووە لە بەرانبەر هەڵە و تاوانی کچانی ئیسرائیل. بڕوانن چۆن ئافرەت تاکوو ئەمڕۆ، وەک سۆزانی و لەشفرۆش لە چارەنووسی نەتەوەکاندا سەیر کراوە و هەژماردوویانە، لە رابردوو و لە سەردەمی مۆدێرنیشدا، هەمیشە کاریگەریی ئافرەتان بەوە داندراوە، کە ئامانجەکەی بۆ کاولکاری و وێرانییە، بۆ بەرز راگرتنی ئاشتی و رزگار کردنی مرۆڤایەتی بەکار نەهێندراوە. هەمیشە ئەو قسەیە

دەگوترێتـەوە کـە ئافرەتان حوکمی جیهـان دەکەن لە ڕێی زاڵ بـوون و کاریگەرییان بە سـەر پیاوانەوە. ئەگـەر وایە، کەواتە برۆیـن خۆمـان لە ژێر زەوی بشـارینەوە و جەستەشـمان بە گڵ و خۆڵەمێش داپۆشـین! مەسـەلەکە هەرگیـز پەیوەندیی بە دەسـەڵاتی ئەخلاقی و هزرییەوە نەبووە، بەڵکوو پەیوەندیی بە هەستەکانی قێزەوەنی پیاوانەوە هەیە. پێویستە ئەم هەژموونەی ئافرەتان بگاتە بارێکی سەقامگیر، چەندیش زووتر بێت ئەوەندە باشـترە. لەو سەردەمەی کە بەڕێوەیە، پێویسـتە ئافرەت ببێتە شـتێکی دیکە، پێویسـتە ببێت بە هاووڵاتی. ئـەم نازناوەش، کە پێویسـتی بە زیاد بوونی مەعریفە و ڕەنگدانەوە هەیە، دەرگای مەملەکەتێکی نوێ لە بەردەم ئافرەتدا واڵا دەکات!

بەڕێز سـەرۆکی دەسـتە، ئافرەتانی ئەمریکا پەیوەندییان بەم مەسـەلەیەوە هەیە، نەک تەنیا لەبەر ئەوەی مەسەلەکە ئەخلاقی و ئایینییە، بەڵکوو لەبەر ئەوەی سیاسییە، ئێمەش لەبەر ئەوەی لـەم کۆمارەدا هاووڵاتین، بۆیە شـەرەف و خۆشـگوزەرانی و ژیانمان بە سیاسـەت و حکوومەت و یاساکانەوە بەندە. وەکوو باشـوورییەک لـە بەردەمتـان وەسـتاوم، دووروڵات لە زێدی باوباپیرانـم، لە دەنگـی قامچی و گریانی کۆیلـەکان هەڵاتووم. وەکـوو دەرەبەگێکی تۆبەکار لە بەردەمتاندا وەسـتاوم. وەکوو مرۆڤێکـی بە ڕەوشـت لە بەردەمتاندا وەسـتاوم و دەپاڕێمەوە بـۆ گەڕاندنەوەی مافی زەوت کراو، کـە پەیوەندیی بە ئەرک و بەرپرسـایەتیی فەرمییەوە هەیە، ئێسـتاش وەکوو مرۆڤێکی بە ڕەوشـت، پێم وایە ئەرکی منە مەینەتییەکانی کۆیلە و غرووری دەرەبەگ ئاشکرا بکەم بۆ وڵاتەکەم، هەروەها بۆ جیهان، ئەوەی لە توانامدا بێت دەیکەم بۆ سەراوژێر کردنی سیستەمێکی ئاڵۆز، کە لە سـەر دڵی شـکاو و جەستەی شەکەتی کۆیلەی دەست بە زنجیر، بنیات نراوە، لێوانلێویشە بە خوێن و ئارەقە و فرمێسکی خوشکەکانم.

■ *کاڵی کرۆسلی(کۆرگێر):*

کار و ڕەفتارەکانــی «ئەنجەلینا گرمکــی» بناغەیەکی بنیات نــا بــۆ ئەو ئافرەتانەی لــە پاش ئەو بوون بە سیاســەتمەدار. ئێســتاش با گوێ لەو ســێ ئافرەت بگرین، کــە هەر یەکەیان چیرۆکێکــی لەبارەی ئەزموون و رابردووی ژیانی سیاســیی خۆیەوە هەیە و با باســی بکەن. «گلۆریا ســتاینم» نووســەر و وانەبێژ و چالاکوانێکی فێمێنیســتە، بــەڵام من پێم وایە ئەو لەوەش گەورەترە.

■ *گلۆریا ستاینم (نووسەر و وانەبێژ و فێمێنیست):*

«ئەنجەلینا گرمکی» و پاشان «فرێدریک دۆگلاس» و «بێلا ئابزێک» و «شێرلی چیزم» و «پاتسی مینک» لەگەڵ هەموو ســەرکردەکانمان، کە هەمیشــە تێدەگەیشــتن لەوەی هەردوو سیستەمی «ڕەگەز» و «سێکس» پێکڤە گرێچنن، کە پێویستە ئەو دوو سیستەمە هەمیشە پێکەوە مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت. «لوسی نایف» داوای لێم کرد بێم بۆ ئێرە، تا باسی چیرۆکەکەم بکــەم، بــەوەی کــە چۆن بــووم بــە سیاســەتمەدار. ئیدی بە دەرفەتی دەزانم ســەرەتا باس لەوە بکــەم، کە من هەلێکم بۆ ڕەخســا و کاتی خۆی بۆ «ئەنجەلینا گرمکی» نەڕەخسا بوو. ئــەو هەلەش بریتییە لە دایکــم، ئەگەر ناوی «ڕۆزەفلت»ی لە بەردەمدا بێنین، یەکســەر فرمێســک بە چاوانیدا دێتە خوارێ، چونکە دایکم هەمیشــە باوەڕی بە «ئەلینۆرا فرانکلن» هەبوو، دەیزانــی ئەو لێمــان تێگەیشــتووە، وێــڕای ئــەوەی فرانکلن لــە توێژێکی لە ئێمــە بەرزتر و گەورەتر بوو. لە ســەردەمی خــراپ بوونی باری ئابووریدا، ئەو چــاوی لێمان بوو، ژیانی ئێمــەی ڕزگار کرد، خواردنی بۆمــان ئامادە دەکرد و بەتانیی بۆ خوشــکەکەم هێنا. بە درێژایی ســاڵانی منداڵیم، چیرۆکێکم لەبــارەی ژیانێکەوە بیســت، کە تێیدا ئێمە سیاســەت لە ئامێز

دەگرین. سیاسـەت کارێکە هەموو ڕۆژێک دەیکەین. بێگومان سیاسـەت پیشـە نییـە، هەروەها شـتێکی ناجێگیریـش نییە. سیاسەت بەشـێکی ئۆرگانییە لە ژیانمان، پێویستیمان پێیەتی تێدا بژین. پاش دەرچوونم لە کۆلێژ چووم بۆ هیندسـتان، بۆ ماوەی دوو ساڵ لەوێ ژیانم بەسەر برد. لە هیندستاندا بینیم خەڵکی بۆ چەندین ڕۆژ بوو سەرەیان گرت بوو، دوو یان سێ تەنانەت بۆ چوار ڕۆژیش، سـەرەیان بـۆ دەنگدان گرت بوو، چونکە سـەربەخۆیی فێری کردن کە دەسـەڵات چەند گرنگە. زۆر بـە ڕوونـی لەو ڕاسـتییە بە ئـاگا بوون، کە سـندووقی دەنگدان بەهێزترین شوێن و دەسەڵاتە لە سەر ڕووی زەویدا. لـە هیندسـتاندا گەنـج و هـەزاران بە ڕێژەی زیاتـر لە پیر و دەوڵەمەندان لە دەنگداندا بەشـدار بوون. ئەوەش شتێکی زۆر گرنگە و بە پێچەوانەی دەنگدانی ئێرەیە، کە بە چاوی خۆمان دەبینین چۆنە. بە هەر حاڵ، کاتێک بۆ یەکەم جار هەوڵم دا لە هەڵمەتەکانـی هەڵبژاردندا کار بکەم، من و ژمارەیەک ئافرەتی دیکـەی گەنج لە نێو ژوورێکـی بانەوەدا شـاردرا بووینەوە، چونکـە لەوە دەترسـان پەیوەندی لەگەڵ کاندیداندا دروسـت بکەیـن. ئەمە بوو ڕۆڵـی ئافرەت لە هەڵمەتەکانـی هەڵبژاردن لـەو سـەردەمەدا، بەڵام کەمپیـن و هەڵمەتەکانـی هەڵبژاردن هەسـتێکی گەورەیان پێم دەبەخشی، هەستم بە دڵخۆشییەکی زۆر دەکرد، چونکە چاوم بە خەڵکی جیاواز دەکەوت. دەمبینی چۆن دەهاتن و خۆبەخشـانە کاریان دەکرد، ڕا و بۆچوونیان دەردەبـڕی. ئیـدی بۆیە هێندەی نەبرد هۆگـری هەڵمەتەکانی هەڵبـژاردن بووم، ئـەو چالاکییە بوو بە سـەراپای ژیانم. بۆ ماوەیەکی درێژ وەک خۆبەخشێک لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا کارم دەکرد، سـەرەتا لە هەڵمەتەکەی «کەنەدی»یەوە دەستم پێ کرد. لە بیرمە ئەوکات، لە هەڵمەتەکەی «کەنەدی»دا منیان بـۆ کڕینی «پیتزا» دەنـارد، بەڵام لە سـاتێک من و زۆربەی

ئافرەتانی دیکە بیرمان لەو راســتییە کردەوە، کە ئێمە هەرگیز لە رووی سیاســییەوە چالاک نابین، هەتا هێزێک لە دەرەوەی هەر یەک لە پارتەیلی سیاسی دروست نەکەین. ئێمە ئەو هێزە لە سەر ئەرکی خۆمان دروست بکەین و پرس و کێشەکانیش بخەینە روو. لێرەشــدا دەمەوێ راســتییەک لەبارەی پارتەیلی سیاســییەوە بڵێــم، ئەویش ئەوەیــە کە پارتــی کۆمارخوازان لەبارەی پرســی یەکســانیی ئافرەتانەوە، بە درێژایی مێژووی خــۆی لــە پارتــی دیموکراتخوازان باشــتر بووە، ئــەوان پتر پاڵپشتییان لە مافی یەکسانی دەکرد، بەڵام پارتی کۆمارخوازان بوو کە پشتی لە ئافرەتان کرد، نەک بە پێچەوانەوە. بۆ خستنە رووی کێشە و گرفتەکانمان، لە کەمپینەکەی «ماک گەڤرن»دا کارمــان کــرد. تەنیا جارێک کە خۆم کاندید کرد بێت، ئەوە بۆ پۆســتی جێگری «شێرلی چیزم» بوو. لە کۆنگرێسدا لەبارەی مافــی یەکســانییەوە، گوتاری خۆمم پێشــکەش کــرد، چونکە کەســێک داوای لێــم کرد ئــەو کارە بکەم. چەندیــن هەفتە بە ئامادە کردنی ئەو گوتار راپۆرتەوە ســەرقاڵ بووم. بە لامەوە گرنــگ نەبوو چەند ماندوو دەبم، یاخود کارەکەم چەند درێژە دەکێشێت. مەبەستم ئەوەیە، زۆر گرنگە لە دەرەوەی کەمپین و هەیکەلی پارتەیلی سیاسیدا خۆمان رێک بخەین و کارەکانمان جێبەجــێ بکەین. ئــەوە بوو ئەو رێچکەیەی کە لە ســەرەتای ژیانی سیاســیمدا لە ســەری دەڕۆیشتم. ئێمە دەتوانین کاندید و خەڵکانی دیکەی نێو پارتەیلی سیاسی بە کێشە و گرفتەکان ئاشنا بکەین، هەوڵ بدەین بناغەیەکی پتەو بۆ کێشە و گرفتەکان دابمەزێنیــن، ئەوکاتیــش دەبینیــن چەند دەســەڵاتمان هەیە و تــا چەندیش ســەرکەوتوو دەبین؟ هەمان رێچکــە بۆ ئێوەش پێشــنیاری دەکــەم. من کەســێکی خۆبەخــش و چالاکوانێکی کلاســیکیم، چونکە بەرانبەر بەو کارانــەی کردوومن، هەرگیز پــارەم وەرنەگرتووە. وتارم دەنووســی و بــڵاوم دەکردەوە

و لــه کەمپینەکاندا بەشــدار دەبووم، بــەڵام هەرگیز پارەم لە بەرانبــەردا وەرنەگرتووە، چونکە من لەو بڕوایەدام کە ئەگەر بێتوو مووچەخۆر بم، ئەوە ئەوکات ناتوانم را و بۆچوونەکانم دەرببڕم، یاخود پێشــنیار بکەم بۆ وەدەست هێنانی پاڵپشتیی دەنگدەران، شــتەکان چۆن بەڕێوە بچن؟ بــەردەوام دایکم لە بیرە کە هەمیشــە دەیگوت: «دیموکراســی شــتێکە کە هەموو رۆژێک دەیکەین.» دیموکراسی وەک خاوێن کردنەوەی ددانە. هەڵبــەت هەر یــەک لە ئێمە بێگومان شــتێکی هەیە کە هەموو رۆژێــک بیــکات، ئەگەرنا، ئــەوە بە پێچەوانەوە دەســەڵاتمان لێ دەســتێندرێتەوە. پــاش هەڵبژاردنەکەی ســاڵی ٢٠٠٠ ئەم بیرۆکەیــەم بۆ هات، کاتێک لــە رۆژی دوای هەڵبژاردنەکە، لە کۆلیــژی کۆمەڵگەی «پاڵم بیچ»دا قســەم بۆ کۆمەڵێک خەڵکی دەکرد، نزیکەی ٧٠٠ کەس لەو رۆژەدا ئامادە بوون. بە درێژایی چەند ســەعاتی دواتریش هێشتا دیار نەبوو ئەنجامەکان چین و نەماندەزانــی کێ دەردەچێت؟ «بوش» یاخود «ئاڵ گۆر»؟ بەڵام بەشێکی زۆری ئامادەبووان هەڵستان و گلەیی ئەوەیان کــرد، کە چــۆن دەنگیان لــێ زەوت کرا؟ گوتیــان ئوتومبیلی پۆلیــس رێگەی لــێ گرتــن، نەیانهێشــت بگەنــە ناوەندەکانی دەنگدان، یان بەشــێکیان پاس بــۆ ماڵ هات بوو بە دوایاندا و بۆ شــوێنی هەڵەیان برد بوون. ژمارەی ئامادەبووان نزیکەی ٧٢٠ کــەس دەبوون، نزیکەی ١٠٠ کەس نەیانتوانی بوو دەنگ بــدەن. منیــش ناو و ناونیشــانیانم لە لای خــۆم تۆمارکرد و رادەســتی پارێزەرم کرد. یەکێک لە پیاوەکان هەڵستا و داوای کــرد لــە دژی ئەو هەڵبژاردنە نایاســاییە رێپێوانێک بکەین. لە بیرمــە لە «میزۆری»، ســی ســاڵ بەر لە ئێســتا، کەمتر یان زیاتــر، لە کەمپینی «کارییەت وودز»دا کارم دەکرد، کە خۆی بۆ ئەنجومەنی ســیناتۆرانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کاندید کرد بوو، بەڵام پارەی نەما و ریکلامەکانی لە کەناڵەکان

به پێی پێویست نەبوو، بۆیە بەرانبەر بە «جۆن دانفۆرت» بە ڕێــژە دەنگێکی دڵشــکێن دۆڕا، بەم جۆرە «جــۆن دانفۆرت» بوو بە ســیناتۆری «میزۆری» لە «واشنتن»دا. تەنیا بە دوو هەزار دەنگ جیاوازییان هەبوو، بەڵام مەســەلەکە پەیوەســت بوو بە پارە و پارەدارییەوە، ســەبارەت بە پاڵپشــتی کردن لە کەمپینەکەی، ئەگەرنا بێگومان ســی ســاڵ بەر لە ئێســتا، لەو هەڵبژاردنــەدا «وودز» دەیبــردەوە، بەڵام ئــەو دۆڕا و «دان فۆرت» ڕۆیی و لە نووســینگەی داواکاری گشــتیدا کاری بۆ گەنجێــک کرد بە نــاوی «کلارەنس تۆمــاس». «دان فۆرت» پلــەی بەرز بووەوە بۆ ئاســتی ســیناتۆرانی ئەمریکا، بوو بە پاڵەوانێک لە دەســەڵاتی یاســادانان و لە هەموو هەنگاوێکیدا ســەرکەوتوو بوو. «تۆماس» بوو بە سەرۆکی (کۆمیسیۆنی هەلی یەکســان لە کاردا)، لەوێشــدا کەیســێکی لەبارەی چینی مام ناوەندەوە بەرز کردەوە.. هتد. لە دادگای تێهەڵچوونەوەی پایتەختــدا کاری کــرد.. هتــد. پاشــان هەمووومــان دەزانیــن کۆتاییەکەی چییە و گەیشتە کوێ؟ بۆیە، مەبەستم لەم قسانەم ئەوەیە، ئەگەر بیر لە دەنگەکانمان، بیر لە کار و چالاکییەکانمان بکەینەوە، پێویســتە هەموومان واز لــەو بیرکردنەوەیە بێنین کــە دەڵێــت: دەنگمان گرنــگ نییە. ئەگــەر لــەو هەڵبژاردنەدا «کاریێــت وودز» لە بەرانبەر «دان فــۆرت»دا بیبردایەتەوە، ئــەوە «دان فــۆرت» نەدەبوو بــە ســیناتۆر. ئەگەریش «دان فــۆرت» نەیبردایەتــەوە، ئەوە «کلارەنــس تۆماس»ی لەگەڵ خۆی نەدەبرد بۆ «واشــنتن» و «کلارەنس تۆماس»یش هەر لە پیشەکەی خۆی دەمایەوە، کە لە «سانت لویس»دا پارێزەر بوو، لە لایەن سەرۆک «بوش»ی یەکەمیشەوە دەست نیشان نەدەکرا بــۆ (EOC) و دادگای تێهەڵچوونەوە، ئەگەر ئەمەش نەبوایە ئەوە دەســت نیشــان نەدەکرا بۆ دادگای باڵا لە لایەن هەمــان ســەرۆکەوە، «بــوش»ی یەکــەم. ئەگەر لــە دادگای

بــالآش نەبوایە، ئەوا لــە دووبارە ژماردنــەوەی دەنگەکان لە دادگای «فلۆریــدا» کاریگەریی نەدەبــوو، هەورەها گەیاندنی سەرۆک «بوش»ی دووەم بۆ کۆشکی سپی. پاشان سەرۆک «بوش»ی دووەمیش شــەڕێکی دیکــەی لە ئەگەر و مەگەردا، لە عێراقدا هەڵنەدەگیرساند.

■*کالی کرۆسلی(کۆرگێڕ): ئێستاش «ئایانا پرێسلی» ئەندامی ئەنجومەنی شــاری «بۆســتن» دێتە ســەر تەختەی شــانۆ و قسەمان بۆ دەکات.*

■*ئایانا پرێسلی ئەندامی ئەنجوومەنی شاری بۆستن:*

ئێوارەتــان بــاش، ئەمــڕۆ وتــارە مێژووییەکەی خوشــکی رابەرمــان «ئەنجەلینــا گرمکــی» یــاد دەکەینــەوە، کــە زۆر بوێرانە لە بەردەم دادگای گشــتی لە ســاڵی ١٨٣٨دا وەســتا و گوتی: «من وەک هاووڵاتییەک لە بەردەمتاندا وەســتاوم.» ئەمــڕۆ هەمووومان کۆبووینەتەوە بــۆ رێزگرتن لە «گرمکی» و ســەلماندنی دەستکەوتەکانی، سوپاسی خوداش دەکەین بۆ ئەم ســاتە کە تێیدا دەژین. من وەک ئافرەتێکی رەش پێســت، لــەوە دڵنیام کە هەموومان لــە کار و رەفتارەکانی «ئەنجەلینا گرمکی» سوودمەندین، بەڵام هاوکات لەو راستییەش بە ئاگام، کە ئەو ئافرەتەی ئەمڕۆ بۆ رێزلێنانی کۆبووینەتەوە، دەســتی بە پرۆســەیەکی درێژخایەن کرد بوو تا گەیشتینە ئەمڕۆمان. ئەو لە دوو ئاســتدا پەرەپێدانی کرد. یەکەم لە ســەر ئاســتی کەســی و بەرەو پێش چوونی خــودی «ئەنجەلینا گرمکی»دا، وەک چالاکــوان و فێمێنیســت و دژە کۆیلایەتییەک، هەروەها لە سەر ئاستی وڵاتمان. پێش ئەوەی «ئەنجەلینا گرمکی» ژن بێــت، ئەو کچ بــوو، بۆیە پێش ئەوەی بیــر لەبارەی چۆنیەتی بوونی ئافرەت بە سیاســەتوان بکەینەوە، سەرەتا پێویستە لە

ژیانی هەموو کچێک بکۆڵینەوە، بە گەشتی راگواستنی بەرەو قۆناغی ژنایەتی ئاشنا بین. ئەو کچانەی هەموو رۆژێک دەیانبینم و مامەڵەیان لەگەڵدا دەکەم، ئەو کچەی کە لە ناخی هەموومانـدا هەیە. ئەو کچەی رێی لێ گیراوە و ناهێڵن پێش بکەوێت و بەهێز بێت، چونکە لە جیهانێک دەژیت کە تێیدا کەس رازی نییە سەرنجی بدات و بیبینێت. جا بۆیە دەڵێم: گوێ لە کچان بگرن. کچی تەمەن ١٨ساڵان کە قوتابیی زانکۆیە، ئاواتی ئەوەیە خۆی بۆ سەرۆکایەتی کاندید بکات، بەڵام لە بری ئەوە دەیکەن بە سکرتێر. کچی ١٧ ساڵانیش کە ناوێرێت لە ناو پۆلدا دەستی بەرز بکاتەوە. کچی ١٥ ساڵان کە لە نێو کۆمەڵگەکەی و لە قوتابخانەشدا هەست بە حەوانەوە و ئارامی ناکات. کچی تەمەن ١٤ ساڵانیش کە لە یەکەم پەیوەندیی خۆشەویستیدا تووشی شکست بووە. لەگەڵ کچی ١٢ ساڵان کە تەنانەت متمانەی بە خۆی نییە بتوانێت وانەی بیرکاری یان زانست شی بکاتەوە. کچانی شەکەت و تێک شکاو، گەورە دەبن و ئافرەتی تێک شکاویان لێ دەردەچێت. ئەو شتەش بۆ کۆمەڵگەکەمان باش نییە. رۆژانە لە هەوڵ و کۆششی بەردەوامدام بۆ نەهێشتنی کێشە و گرفتەکان، وەک کەم دەرامەتی و توند و تیژی، کە فاکتەری دەست پێشخەرن لە قووڵ بوونەوەی دۆخی تێک شکانی کچانمان، بەڵام کێشەی هەرە گەورە لەوەدایە، کچان نازانن تا چەند کاریگەرییان هەیە و نازانن هێزیان چەندە؟ من لەو بارەیەوە شارەزام، چونکە بۆ چەندین ساڵ و لەبەر چەندین هۆکار، توانیم دەسەڵاتەکانم بە تەواوەتی بپارێزم. هەروەها رێگەم بۆ ئافرەتانی دیکەش خۆش کرد، کە بڕیار بدەن کەی و چۆن شتەکان دەکەن؟ کاتێک پێگەیشتم و گەیشتمە تەمەنێکی گونجاو، بیرم لە رابردووم کردەوە، هێنامە بەر چاوم کە چ باگراوندێکی سەخت و ناخۆشم هەبووە. بۆیە بڕیارم دا چی

دی نەبمە بارمتەی رابردووم. لە ئاکامیشدا توانیم هەموو هێز و تواناکانم بپارێزم، لەو ساتەشـدا خـۆم ئازاد کرد. هاوکات پێم لە پێگەیەکی جێگیر قایم کرد بۆ ئەوەی سـوپایەکی کچان و ئافرەتان ئازاد بکەم، کە دووچاری مەینەتی و ئەشکەنجەی هاوشـێوە بووبـوون. ئەگەر بمـەوێ پێتان بڵێـم چۆن بووم بـە سیاســەتوان؟ وا بزانـم دەتوانم باس دایکمتــان بۆ بکەم، کــە چۆن بۆم بــوو بە ســرووش و چــۆن وەک چالاکوانێک کاری دەکــرد؟ دەتوانــم بۆشــتان باس بکەم کــە چۆن دایکم ژیانــی خۆی بۆ من تەرخان کــرد بۆ ئەوەی چی دی نکووڵی لــە دەنگــم نەکرێــت و مافــم زەوت نەکرێت. دایکم باشــترین لایەنەکانی پەیوەســت بە سیاســەتی فێر کــردم، ئەوەش بۆم بــوو بە بناغەیەکی پتەو بۆ ئەوەی پێداگریی لە ســەر بکەم و لە ســەری بەردەوام بم. دایکم پاڵپشــتێکی گەورە بوو بۆ من. هەروەها دەتوانم بۆتان باس بکەم کە چۆن لە کۆلێژ خۆم بۆ پۆســتەکانی ســەرۆکایەتی کاندید دەکرد، چونکە پێش وەختە خاوەن زەمینەیەکی سیاســیی پتەو بووم. دەتوانم بۆتان باس بکــەم کاتێک خــەڵات کرام لە لایەن کۆنگرێســمان «جۆزێف پــی کەنەدیی دووەم»ـەوە، لەگەڵ ســیناتۆری ئەمریکا «جۆن کێری». دەتوانم بیهێنمە یادتان کە من دوو جار مێژووم تۆمار کرد، چونکە خەڵکی ئەم شــارە مەزنە متمانەیان پێم بەخشی، بەرپرســیار و شەرەفمەندیان کردم، بۆ ئەوەی نوێنەرایەتییان بکەم. دەتوانم باســی هەموو ئەو شــتانەتان بــۆ بکەم، یاخود راستییەکەتان بۆ باس بکەم، راستییەکەی ئەوەیە کە ئەو شتە دەکرێ بڵێین رووی نەداوە. «شــێرلی چیزم»ی مەزن، کاتێک لێیان پرســی، گوتیان: چــۆن دەیەوێت خەڵکی یادی بکەنەوە؟ «شــێرلی چیزم» گوتی، ئەو نایــەوێ وەک یەکەمین ئافرەتی رەش پێســت کــە بۆ کۆنگرێســی ئەمریکا هەڵبژێــردرا، یادی بکەنەوە، نەش وەک یەکەمین ئافرەتی رەش پێســت کە خۆی

بۆ ســەرۆکایەتیی ئەمریکا کاندید بکات، بەڵکوو لە بری ئەوە، داوای کــردووە تەنیا وەک ئافرەتێکی ڕەش پێســت کە وێڕای ئەوەی گوزارشــت لە ناخی خۆی بکات، یادی بکرێتەوە. هەر بۆیەش خوشــکانم، ئەمە بەرەنگاریی ئێمەیە، هەروەها ئەرکی سەر شانمانە، کە پێویستە جەخت بکەینە سەر ئەوەی، هەموو کچێک هەســت بە بەهێز بوون بکات بۆ ئەوەی توانای هەبێت گوزارشــت لە سروشت و ناخی خۆی بکات، چونکە تەنیا لەو کاتەدا کچان دەوێرن ببن بە سیاسەتوان.

■ *کاڵی کرۆســلی کۆرگێــڕ: «ئەلیزابێت وارن» ســیناتۆری «ماساچوتس»ـە لە «واشنتن»، زۆر خەمباریی خۆی دەربڕی کــە ئەمشــەو نەیتوانی لەگەڵمان ئامادە بێــت، بۆیەش لە بری ئەوە ڤیدیۆی تۆمار کردووە و بۆمانی ناردووە.*

■ ئەلیزابێت وارن سیناتۆری ماساچوتس:

ئێوارەتان باش، ســوپاس بۆ «لێژنــەی ڕووداوی گرمکی» کــە بۆ کۆڕەکەتان بانگهێشــتی کردم. ئــەوە ڕووداوێکی زۆر گەورەیە، هیوام دەخواســت منیش ئێســتا لەگەڵتان بام لەوێ. بەڵام نەمتوانی ئامادە بم، ئیدی بۆیە ئەم ڤیدیۆیەم بۆتان ئامادە کرد. خۆشــحاڵم بە ئامادەبوونم لە یــاد کردنەوەی ١٧٥ـەمین ساڵیادی وتارە مێژووییەکەی «ئەنجەلینا گرمکی» لە بەردەم پەرلەمانی ماســاچوتس، کاتێک ٢٠ هەزار ئافرەت چوونە پاڵی و داخوازییەکیان واژۆ کرد بۆ بەکۆتا هێنانی کۆیلایەتی. ئەمڕۆ ساتەوەختێکی گرنگە بۆ یاد کردنەوەی وەچەی ئافرەتێکی ئازا و بوێر لە بزاڤی نەهێشــتنی کۆیلایەتیــدا. ئەنجامی وتارەکەی گەشــەی بە خۆیەوە بینی، گەیشتە ئاســتی بەرگری کردن لە چەوســاوەکان و وەدی هێنانی مافی یەکسانی. یاد کردنەوەی ئەم ســاڵیادە هاوکات ئەو ڕاســتییەمان بە بیر دێنێتەوە، کە تا چەند ئێمە خاوەن هێزی کاریگەرین، تا چەند دەنگمان بیستراوە و پێداگری لە سەر بیر و باوەڕەکانمان بکەین؟ من هەرگیز لە

پلانمدا نەبوو ببمە سیاسـەتوان، هەمیشە حەزم لە پیشەکەی خـۆم دەکرد، کـە وانەبێژ بووم، وەک پرۆفیسـۆرێکی یاسـا بەردەوام کارم لە سـەر ئیفلاس بوونـی کۆمپانیاکان دەکرد. لە توێژینەوەکانمدا جەختم دەکردە سەر گوشاری قەیرانەیلی ئابووری و کاریگەری و رەنگدانەوەی بە سەر خێزانانی چینی ناوەند. رۆژێکیان کۆنگرێسمانێک تەلەفونی بۆم کرد، داوای لێم کرد ببمە راوێژکار بۆ کۆمسیۆنێکی فیدرالّی، کە بۆ لێکۆلّینەوە لەبارەی یاسـای ئیفـلاس بوونەوە پێک هێندرا بوو. سـەرەتا ئـەو داوایەم رەت کردەوە، گوتم من حەزم لە سیاسـەت نییە و نامـەوێ تێکەلّی بم، بـەلّام وازی نەهێنا و قەناعی پێم هێنا، گوتی: دەتوانم یارمەتیی خێزانی کرێکاران بدەم. ئەوەش یەکەم گەشـتم بوو بۆ «واشنتن». سـەبارەت بە من، ئەو هەولّدانەم بۆ دارشـتنەوەی ئەو پلان و بەرنامانـەی کە کاریگەرییان لە سـەر ژیانـی زۆر لە هاوولّاتیان هەیە، کـە لە ئاکامدا لە ناخم بـوو بـە باوەڕێکی قوول، بـاوەڕ بەوەی کـە دەتوانین هەولّ بدەین و کۆشـش بکەین، هەمووشـمان پێکـەوە کار بکەین و دەتوانیـن گۆڕانکاری بکەین. کاتێک بۆ یەکەم جار پێشـنیارم کرد، کە لەبارەی ئاژانسێکی بەکاربردن کە بە فێلّ و ساختە، لە رێـی (کرێدیت کارت)ـەوە پارەیەکی زۆریان لە خەلّکی زەوت دەکرد، بە منیان گوت کە ئەو شتە هەرگیز روو نادات چونکە لۆبییەکانی «واشنتن» هەموو هەولّێک دەخەنە گەڕ، بۆ ئەوەی لە بەردەممماندا رێگر بن و کارەکانمان تێک بدەن. بەو شێوەیە بـوو، لە هەر هەنگاوێکماندا رێگرییان لێمان دەکرد، بەلّام ئێمە خۆمـان رێک خسـت و هاوپەیمانییەکی فراوانمـان پێک هێنا، لە کۆتاییشـدا بردمانەوە. ئەمڕۆش، ئاژانسـەکانی بەکاربردن پـلان و بەرنامەیـان گۆڕیـوە، لە رووی بەرپرسـیاریی بانک و گەڕاندنـەوەی پێـش وەختـەی زیاتر لـە ٨٠٠ ملیۆن دۆلار بۆ هاوولّاتیـان، کە لە (کرێدیت کارت)ـەکانیان سـاختەیان لە

بەرانبەردا کراوە. ئەم ئەنجامە هەستێکی خۆشی پێم بەخشی. سوپاسی هەموو ئەو کەسانەش دەکەم کە هانیان دام تێکەڵی ژیانی سیاسی بم، کە لە ئاکامدا بگەمە ئەنجومەنی سیناتۆرانی ئەمریکا. سوپاس و پێزانینی خۆم دەردەبڕم، چونکە هەلێکی گەورەم لە بەردەمدا ڕەخسا، توانیم گۆڕانکارییەکی ڕاستەقینە بە سەر گوزەرانی خێزانی کرێکاراندا بەدی بهێنم. شەرەفمەندم کە ئەمڕۆ خزمەت دەکەم وەک یەکەمین ئافرەتی هەڵبژێردراو بە ناوی «ماساچوتس» بۆ سیناتۆرانی ئەمریکا. هەروەها شەرفمەندم بەوەی کە بەردەوام لە جەنگدام بۆ داکۆکی کردن لە مافی هەموو هاووڵاتیان لە سەرتاسەری «کۆمۆنوێڵس»دا. دووبارە سوپاستان دەکەم بۆ بانگهێشت کردنم بۆ ئەو ڕووداوە گەورەیە. ئێمە پێویستیمان بە ئافرەتانی زیاتر هەیە لە بواری سیاسەتدا، پێویستە خۆتان کاندید بکەن بۆ پۆستەکان، کار بکەن بۆ ئەوەی دەنگتان بیستراو بێت، داکۆکی لە بیر و باوەڕەکانتان بکەن. هاوشێوەی ئەوەی «ئەنجەلینا گرمکی» ١٧٥ ساڵ بەر لە ئێستا کردی، لێرە لە «ماساچوتس»، پێویستە هەموومان لە سەر ئەو ڕێچکەیە بەردەوام بین، هەمیشە هەر لە هەوڵدان و کۆششدا بین.

**■ وتوێژ لەبارەی پرسی: ئافرەت چۆن دەبنە سیاسەتمەدار؟**

***کاڵی کرۆسلی کۆرگێر:*** *دوای ئەوەی خاتوو «ستاینم» و خاتوو «پرێسلی» لەگەڵ سیناتۆر «وارن»، بە ڤیدیۆ وتارەکانیان پێشکەش کرد، ئێستاش مێزی گفتوگۆ ئامادە دەکەین. بە خۆشحاڵییەوە داواکارم لە هەردوو بەڕێزان باڵیۆز «سوانی هەنت» سەرۆکی «هەنت ئەڵتێرناتیڤس فەند» و سەرۆکی «پۆلیتیکاڵ پاریتی»، لەگەڵ «کێری هیلی» سەرۆکی کۆلێژی «بابسن» و جێگری پێشووی حاکمی ماساچوتس*

*و یاریدەدەری سەرۆکی «پۆلیتیکاڵ پاریتی»، بفەرموون بۆ سەر تەختەی کۆڕ.*

*باڵیۆز «هەنت» و سەرۆک «هیڵی»، ئێوە هەردووکتان ڕێکخراوی «پۆلیتیکاڵ پاریتی» بەڕێوە دەبەن، کە ڕێکخراوێکی ناحزبییە، کار دەکات بۆ زیاد کردنی ژمارەی ئافرەتان لە پۆستە باڵاکانی حکوومەتدا. بەم دواییانەش ڕاپۆرتێکتان ئامادە کرد بوو، کە بەدواداچوونێکی وردتان کرد بوو، لەبارەی ئەو ویلایەتانەی ئافرەتیان بۆ پۆستی بەرز هەڵبژاردووە، لەگەڵ ئەو ویلایەتانەی ئافرەتیان هەڵنەبژاردووە. لە ڕاپۆرتەکەتاندا خەسڵەتی سیاسی و دیموگرافیتان خستبووە ڕوو، لە پاڵ جیاوازیی نێوان ویلایەتەکان. پێش ئەوەی کۆڕەکەمان دەست پێ بکات، حەز دەکەم بە کورتی باسی پرۆژەکەتان بۆ بکەن.*





**سوانی هەنت:** بۆمان دەرکەوت کە هۆکاری خۆ کاندید کردن یان نەکردنی ئافرەتان جیاوازە، لە پۆستێکەوە بۆ پۆستێکی دیکەش جیاوازە. بۆیە کاتێک بڕۆینە سەر باسی ئەو ئافرەتانەی کە خۆیان بۆ کۆنگرێس یان بۆ حاکمی ویلایەتەکان کاندید دەکەن، من و «کێری» زیاتر لە سەر ئەم لایەنە کار دەکەین، کاتێک ئافرەت دەگاتە ئەو ئاستە، بەو مەبەستە دەڕوات کە هەیکەلی سیستەمەکە بگۆڕێت، کاتێکیش لە ئاستی نزمتردا کار دەکەن، ئەوە لەبەر هەندێ پرسی تایبەتە، بەڵام بێگومان کاتێک ئافرەت دەگاتە پۆستەکانی سەرەوە، ئامانجەکەی بۆ چاکسازییە. بۆیە هۆکار و بارودۆخ لە پۆستێکەوە بۆ پۆستێکی دی، لە ئافرەتێکەوە بۆ ئافرەتێکی دیکە جیاوازە. هەروەها شتێکی دیکەشمان بۆ دەرکەوت، ئەویش ئەوەیە کە ئافرەتان پێویستە بەردەوام و بۆ چەندین جار لە سەر یەک، داوایان لێ بکرێت، ئەوجا تێکەڵی سیاسەت دەبن. بۆ نموونە «گلۆریا» داوا دەکات خۆی هەڵبژێرێت، «ئایانا»ش داوای لێ

دەکات، هەروەهـــا منیـــش داوای لێ دەکەم خۆی کاندید بکات، کەواتـــە پێویســـتە چوار جـــار داوا لە ئافرەتێـــک بکەین. ئیدی بۆیە پاش ئەوەی چوار جار داوای لێ دەکەین، ئەوکات رازی دەبێت خۆی هەڵبژێرێت.

**کێری هیلی:** «سوانی»، دەتەوێ کەمێک باسی توێژینەوەکەمان بکەیت لەبارەی ویلایەتە جمکەکانەوە؟

**ســوانی هەنــت:** نزیکەی (٤ تـــا ٥) توێژینەوەمـــان کردووە، دەتوانن لە ماڵپەڕەکەماندا بیدۆزنەوە، بەڵام ئەو توێژینەوەیەی کە زۆر بە لامەوە پەسندە ئەوەیان بوو، کە لەبارەی ویلایەتە جمکەکانـــەوە کردمـــان. ئەگـــەر ســـەیری نەخشـــەی ویلایەتە یەکگرتووەکانـــی ئەمریـــکا بکەین و ســـەرنج بدەینـــە ژمارەی ســـیناتۆرانی ئافرەت بە جووت، لە کالیفۆرنیا یان لە واشـــنتن یانیش لە هەر شـــوێنێکی دیکە، پاشـــان، ئەگەر سەرنج بدەینە ژمـــارەی ئـــەو ویلایەتانەی یەک ســـیناتۆری ئافـــرەت لەگەڵ یەک حاکمی ئافرەتیان هەیە، بۆمان ئاشـــکرا دەبێت کە شتەکە رەمەکی نییە. پێشتر ئەو تێگەیشتنەمان هەبوو، کە ئەگەر بێتوو ئافرەتێک بۆ پۆستێکی باڵا لە هەر ویلایەتێک هەڵبژێردرێت، ئەوە مەحاڵە ئافرەتی دیکە خۆی کاندید بکات یاخود دەنگ بەدەست بێنێت، بەڵام بۆمـــان دەرکەوت کە ئافرەتی دووەم هاندەرێکی هەیە بۆ خۆ کاندید کردن، ناشزانین بۆ؟ لەوانەیە هۆکارەکەی بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئافرەتی یەکەم سەرچاوەی سروش و هانـــدەر بێت بۆ ئافرەتی دووەم، یاخود ئەوەیە ئافرەتی یەکەم دەبێت بە نموونەیەکی بەرز بۆ ئافرەتی دووەم و هانی دەدات ئەویش ببێت بە سیاسەتوان. هەر بۆیە ئافرەتی یەکەم ئافرەتی دووەم رادەکێشـــێت، ئەمەش شـــتێکی زۆر گرنگ و ســـەرنج راکێشە، پێویستە هەوڵ بدەین بۆ ئەوەی ئەو ژمارەیە روو لە زیـــاد بوون بکات. ئەگەر هاتوو بینیمان ئافرەتێک لە یەکێک لە ویلایەتەکان ســـیناتۆرە، ئەوە پێویستە هەوڵ بدەین حاکمێکی

ئافرەتیش هەڵبژێرین. هاوکات ئەگەر ژمارەی ئافرەتان لە هەر ویلایەتێکدا بوو بە دوو، ئەوە ئەگەرێکی بەهێز هەیە کە ببن بە سێ، بۆ نموونە لە «نیو هامپشایەر».

**کێری هیڵی:** ئەمەش شتێکی زۆر باشە و بوار لە بەردەم ئافرەتاندا دەستەبەر دەکات. پرۆژەی «پۆلیتیکاڵ پارتی» پرۆژەیەکی زۆر نائاساییە، چونکە هەمووتان دەزانن کە من و «سوانی» سەر بە دوو پارتی جیاوازی سیاسین، لە هەڵبژاردنەکاندا لە دژی یەکتر دەوەستین، «سوانی» دوو جار کاری کرد بۆ پارەدار کردنی رکابەرەکەم بۆ پۆستی حاکم، بۆیە تا رادەیەک دیار نییە کە چۆن ئێمە پێکەوە کار دەکەین و بۆچی هەوڵ دەدەین بۆ قەناعەت هێنان بە ئافرەتانی زیاتر تا روو بکەنە سیاسەت؟ ئەوەی راستی بێت تۆ هاندەری من بووی و چاودێریشم بووی، بە هۆی تۆوە بوو بڕیارم دا بێمە نێو ژیانی سیاسییەوە. ئێمە بۆمان دەرکەوت کە هەموو هەوڵەکان لە سەر ئاستی پارتەیلی سیاسی ناگەنە هیچ ئەنجامێک. هەردوو پارتی کۆمارخوازان و دیموکراتخوازان بەردەوام هەوڵیان داوە بۆ بەرەو پێشەوە بردنی ئافرەتان لە سیاسەتدا، بەڵام هەوڵەکانیان سەرکەوتوو نەبوون. جا بۆیە بارەکە وا پێویستی کرد کە ددان بەو لایەنەدا بنێین و دەست نیشانی بکەین. ئیدی من و «سوانی»یش کەوتینە کۆ کردنەوەی ژمارەیەک ئافرەتی باش و چالاک لە هەردوو پارتەکە. «سوانی» لە پارتی دیموکراتخوازان و منیش لە پارتی کۆمارخوازان. جا لەبارەی ئەو لایەنەوە دەستمان بە کار کرد، لێکۆڵینەوەشمان لەبارەیەوە کرد. ئەو کارەشمان لە سەر ئاستی نیشتیماندا بەجێ گەیاند. یەکەم لایەن کە کارمان لە سەری کرد مەسەلەی جیاکاری بوو لە سەر بنەمای رەگەز لەگەڵ تەشقەڵەی سێکسی لە دژی ئافرەتانی کاندید. منیش بە پێی ئەزموونی خۆم ئەم راستییەتان بۆ ئاشکرا

دەکەم، چونکە من پێشتر کاندید بووم بۆ پۆستەکان، دڵنیاشم زۆربـەی ئافرەتانـی دیکـەی کاندیـد بـە هەمـان ئەزموونەدا تێپەڕیـون. بـەردەوام ئامۆژگاریـی ئەوە دەکـرام، کە ئەگەر هاتوو هەر کەسێک ڕەفتارێکی نێگەتیڤی بەرانبەرم کرد یاخود جیاکاریـی دەرهەقم کرد لە سـەر بنەمای ڕەگـەز، ئەوە نابێ بۆ کەسـی باس بکەم، هیچ نەکەم و وازی لێ بێنم، بەڵام ئەو ئامۆژگارییـە هەڵەیە، چونکە ئەگەر بێتـوو بەرگری بکەین لە دژی تەشـقەڵەی سێکسی، دەرکەوتووە ئەو هەڵوێستە پێگەی ئافرەت لە هەڵبژاردندا بەهێزتر دەکات. لە هەمان کاتیشدا هەر کەسـێک گوێی لەو شـتە بێت، ئەوە بیرۆکەی باشـتری لە لا دروسـت دەبێت لەبارەی کەسـایەتیی تۆوە. هـەر بۆیە زۆر گرنگە ئافرەت لە ڕووی سیاسی و پتەو کردنی پێگەی خۆیەوە بەرگـری لە خۆی بـکات، هەروەهـا بەرانبەر بە تەشـقەڵەی سێکسـی بوەسـتێتەوە و ڕەتی بکاتەوە. لە توێژینەوەکانماندا ڕاسـتیی دیکەشـمان بـۆ دەرکـەوت، بۆمان ئاشـکرا بوو کە ئافرەتان تێکەڵی سیاسەت دەبن، چونکە ئەوان بایەخ بە شتێک دەدەن، دەیانەوێ شـتێک بکەن، دەیانەوێ شـتێک بگۆڕن. لە کاتێکـدا تێکـەڵ بوونی پیاوان بـە سیاسـەت، لەوانەیە لەبەر هەندێ هۆکاری کەسەکی بێت، یاخود هۆکارەکانیان نادیارن، نازانیـن هـۆکارەکان چین؟ بەڵام ئافرەتان بە گشـتی وەڵامی پرسـیارەکە دەزانن، ئـەوان دەزانن بۆچی لە سیاسـەتدا کار دەکەن؟ دەشـزانن بۆچی گەیشتوونەتە ئەو شوێنە؟ ئافرەتان ئامانجی دیاری کراویان هەیە لە تێکەڵ بوونیان بە سیاسەت. هەروەها بۆمان ئاشکرا بوو، کە ڕۆڵی «سەرپەرشتیار» چەند گرنگە. سەرپەرشـتیار ڕۆڵێکی زۆر گرنگی هەیە بۆ ئافرەتان، بەردەوام پێویسـتمان بە سەرپەرشتیار هەیە، کە پۆستیان لە ئێمە بەرزتر بێت. مەسـەلەی سەرپەرشتیاریش تەنیا ئەوەندە نییە کە ئافرەتێکی باڵادەست ببینین یان قسەی لەگەڵدا بکەین،

بەڵکوو پێویستە زۆر لەگەڵیان تێکەڵ بین و لە نزیکەوە بە ژیانیان ئاشنا بین. لێرەوە داوا لە ئافرەتانی سیاسەتوان دەکەم، کە بزانن سەرپەرشتیی کێ بکەن و چۆن پاڵپشتیی بکەن؟ مەسەلەکە تەنیا ئەوەندە نییە داوا لە ئافرەتانی دیکە بکەن خۆیان بۆ پۆستەکان کاندید بکەن، بەڵکوو پێویستە هاریکاریان بن و ڕێیان پیشان بدەن، بۆ ئەوەی بتوانن خۆیان کاندید بکەن. هەروەها بەدواداچوون بۆ کار و ڕەفتاریشیان بکەن. دوایین بەشی توێژینەوەکەمان پەیوەستە بە گەڕان بە دوای هۆکارەکانی پشت شکست خواردنی پارتی کۆمارخوازان لە کاندید کردنی ئافرەتان بۆ پۆستەکان. ئەمڕۆ پارتی دیموکراتخوازان دوو هێندەی پارتی کۆمارخوازان ئافرەت کاندید دەکات، ساڵ دوای ساڵیش ڕێژەکە روو لە زیاد بوون دەکات. ئێستا کارمان لەبارەی دۆزینەوەی ئەو هۆکارەیە و پێویستە کۆتایی پێ بێنین.

**سوانی هەنت:** تا ڕادەیەک ئافرەتانی پارتی کۆمارخوازان بە هەمان ڕێژەی ئافرەتانی پارتی دیموکراتخوازان خۆیان کاندید دەکەن، بەڵام دەرکەوت ئافرەتانی کاندیدی پارتی کۆمارخوازان ناگەنە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی. ئەو شتەش زۆر جیاوازە لە چاو ئەزموونەکەی پارتی دیموکراتخوازان. من لە شەست وڵاتدا کارم کردووە، پەرلەمانی وڵاتانم لە سەرتاسەری جیهاندا بینیوە. ئەگەر ڕێژەی ئافرەتان بە ڕێژەیەکی بەس بێت، بۆ نموونە ٢٠-٤٠٪ لەم پارتی سیاسی و لەو پارتی سیاسی، ئەوکات ئافرەتان دەتوانن فراکسیۆنی ئافرەتان پێک بهێنن، ئەمەش هیوا و ئاواتمانە بۆ شکاندنی «سستی»یەکە. من خۆم زۆر باوەڕم بەو ئاراستەیە هەیە.

***کاڵی کرۆسلی کۆرکێر:*** *ئێستاش دەست بە کۆڕەکە دەکەین، ئەگەر ڕێم پێ بدەن لە خستنە رووی پرسیار و لایەنەکان پاش و پێش دەکەم. «مالالا» کچێکی ئەفغانیی تەمەن ١٦ ساڵانە،*

*هەموومان ئەو چیرۆکەمان بیست، کە گوللەیان لە سەری دا، بەڵام خۆش بەختانە رزگاری بوو. کاتێک بۆ یەکەمین جاری بە قسە هاتەوە و باسی بەسەرهاتەکەی خۆی کرد، گوتی: «دەمەوێ ببم بە مامۆستا، چونکە یەک مامۆستا بە یەک کتێب و یەک پێنووس توانای هەیە جیهان بگۆڕێت»، کەچی لە هەفتەی رابردوو، پاش ئەوەی لە «هارڤەرد» خەڵاتی مرۆیی «پیتەر جەی گەم»ی وەرگرت، گوتی: «رام گۆڕی، راستە مامۆستا رۆڵێکی زۆر زۆر گرنگی هەیە، بەڵام من دەمەوێ ببم بە سیاسەتوان، چونکە ئەوکات توانام دەبێت کۆمەڵگەیەک بگۆڕم». ئێستاش پرسیارێکم بۆ هەردووکتان هەیە بە حوکمی ئەوەی ئێوە سیاسەتوانن: بە رای ئێوە تا چەند ئافرەتان دەتوانن گۆڕانکاری لە بواری سیاسیدا وەدی بهێنن؟*

**سوانی هەنت:** لە سەرتاسەری جیهاندا توێژینەوەمان کردووە، هەزاران چاوپێکەوتن و دیمانەمان ساز داوە، زانیاریی زۆرمان کۆ کردووەتەوە. بۆمان دەرکەوت کە ئافرەتان لە کار و کردار و رەفتاریاندا زیاتر هاریکارن و زیاتر کردارەکین. ئافرەتێک لە «لایبیریا» بە منی گوت: «من نرخی تەلیسێک برنج دەزانم، پیاوەکان نرخەکەی نازانن». ئافرەتانی «دارفوور» لە گفتوگۆکانی ئاشتیدا بەشدار بوون، مشتومڕیش لە سەر ئەوە هەبوو کە رووبارەکە بۆ کێ بێت؟ ئافرەتێک لەوێ دانیشت بوو، هەر گوێی دەگرت و بۆ چەندین سەعات سەرنجی دەدایە مشتومڕەکان، گوێی لە را و بۆچوونەکان راگرت بوو، لە کۆتاییدا ئافرەتەکە هەڵستا و گوتی: «چەندین ساڵە رووبارەکە وشک بووە.»

**کێری هیلی:** توێژینەوەی دیکە ئەو راستییەیان سەلماندووە، کە لە ناو حکوومەتدا ئافرەتان لە پیاوان زیاتر بەرهەمهێنەرن، چونکە ئافرەتان پرۆژە یاسای گرنگ دادەنێن، هەوڵ و

کۆششـی زۆریـش دەخەنە گەڕ بۆ ئـەریٚ کردنی ئەو پرۆژە یاسـایانە. زۆریـش بە قوولـی بایەخ بە ناوەڕۆکی یاسـاکان دەدەن. هەڵبـەت ئەوەشـە هۆکارەکانـی ئەوەی کـە ئافرەتان تێکەڵی کاری سیاسی و حکوومەت دەبن، چونکە پاپەند دەبن بە پرس و مەسـەلەکانەوە. ئەو سۆزە کەسەکییەش لە بواری سیاسـەت داناندا زۆر گرنگـە، چونکە ئافرەتان تا ئاسـتێکی دەگمەن ئەو شتە لە حکوومەت پیادە دەکەن.

**گلۆریـا سـتاینم:** ئێمـە مەبەسـتمان ئـەوە نییە کـە ئێمەی ئافرەت لە ڕەگەزی پیاوان باشـترین، ئێمە ماسوولکەمان نییە و ناتوانین بیسـەلمێنین کە ئێمە باشـترین. هیـوادارم پیاوان بتوانـن خۆیان لە زیندانی ماسـوولکە ئـازاد بکەن، بۆ ئەوەی بتوانیـن هەمووومان پێکەوە وەک مرۆڤ ژیان بەسـەر بەرین. گفتوگۆی ئەمڕۆمان لە سەر ئاستی ڕێژەییە نەک ڕەها، کاتێک باسـی کار و چالاکی و دەسـتکەوتەکانی ئافرەتـان دەکەین، بە شـێوەیەکی ڕێژەیی قسـە دەکەین، چونکە ئەم مەسـەلەیە پەیوەسـت نییە بە لایەنی بایۆلۆژییەوە، بەڵکوو پەیوەسـتە بە لایەنی هۆش و هەسـتەوە. هەروەک هەمووتان ئاماژەتان پیٚ کرد، هۆش و هەست لە ئەنجامی ئەزموونەوە دروست دەبێت. ئیـدی بۆیە، ئێمەی ئافرەتان بە گشـتی زیاتر دەنگ بۆ لایەنی چاودێریی تەندروستی و پەروەردە و خۆشگوزەرانی دەدەین، لە دژی هەر پرسـێکیش دەوەسـتین کـە پەیوەندیدار بێت بە توند و تیژی و بۆشایی ڕەگەزی و جیاکاری لە سەر بنەمای ڕەگەز. لێرەشـدا تێبینییەکم هەیە، پاش پەسـند کردنی یاسای مەدەنیـی سـاڵی ١٩٦٤، ئاراسـتەیەک هاتە ئـاراوە، کە گوایە پارتـی دیموکراتخوازان بوو بە پارتی سـەراپاگیر و ڕەگەزە جیاوازەکان لەخۆ دەگرێت. ئەوە بوو بە تێپەڕ بوونی کات، لە سـەردەمی «جێسی هێلمز»دا، پارتی دیموکراتخوازان توانیی پارتی کۆمارخوازان ببەزێنێت. بەڵام ئەمڕۆ، هەروەک ئێوەیش

ئاماژەتــان پێ کــرد، تەنانەت ناتوانێت بگاتــە هەڵبژاردنەکانی ســەرۆکایەتی، ناگاتە هەڵبژاردنی گشتی. ئەمەش شتێکی زۆر ترســناکە کە یەکێــک لە پارتــە ســەرەکییەکان کەوتبێتە ژێر کۆنترۆڵــی توندڕەوانــەوە، چونکــە بارەکە دەگاتــە ئەوەی لە پارتی دیموکراتخوازان تووڕە بین. من هەموو ساتێک لە پارتی دیموکراتخــوازان تــووڕەم، بەڵام لە کۆتاییــدا کاتێک دەڕۆین بۆ ســندووقی دەنگــدان، دەبینیــن دەنگ بەو پارتــە دەدەین. دەبینین لە ماوەی ٤ ساڵدا پارتی کۆماریخوازان کۆنگرەیەکی گێرەشــێوێن و پەشێو ســاز دەکات، بەڵام لە ماوەی ٨ ساڵدا کۆنگرەیەکی سەرکەوتوو ساز دەکەن.

**ئایانــا پرێسلی:** ســەرەتا دەمــەوێ سوپاســتان بکــەم بۆ هەڵبژاردنی ناونیشانی کۆڕەکە، کە بریتییە لە «ئافرەتان چۆن دەبــن بە سیاســەتمەدار؟» نــەک «ئافرەتان چــۆن خۆیان لە هەڵبژاردنەکاندا کاندید بکەن؟» هەموومان باش لەوە بە ئاگاین، کە ئافرەتان توانایان هەیە دید و بۆچوون و ئەگەر و بژاردەی جیاواز بخەنە روو، کە مایەی بەهێز کردنی هەموو چارەسەر و سیاســەتێکن، ئــەوەی ئێمە لە هەوڵداین بــۆ بەدی هێنانیان. ئەگەرنا ئەوە بە پێچەوانەوە، دەبێتە قۆرخکاری و هەژموونی رەگەزی نێر خۆی دەســەپێنێت. هەموو لایەک دەتوانن سوود لــە بیــر و را و ئەگــەر و بژاردەی جیاواز وەرگــرن. ئێمە کە ئافرەتان بۆ پۆســتەکان هەڵدەبژێریــن، ئەگەرێکی بەهێز هەیە کــە ئەوان ئافرەتانی دیکــە لەگەڵ خۆیاندا بخەنە کارەوە. هەر بۆیە، لە کاتی هەڵبژاردندا مەسەلەکە تەنیا ئەوەندە نییە کە ئەو کاندیدە کێیە کە خۆی هەڵبژاردووە؟ بەڵکوو زیاتر پەیوەســتە بەوەی کێ لێپرســراوی ســتافەکەیە، کێ بەڕێوەبەری پلان و بەرنامەیــە، کێ بەڕێوەبەری هەڵمەتەکانە و کێش ســکرتێری راگەیاندنــە؟ زۆر گرنگــە کاندیــد کۆمەڵێک کەســانی خاوەن هۆشیاری و دیدی بێلایەنانە و بونیاتنەر لە چواردەوری خۆی

کۆ بکاتەوە، بێگومان ئەمەش بەرەنگارییەکی سەختە و شتێکی ئاسان نییە. جا بۆیە مەسەلەکە تەنیا ئەوەندە نییە کە ئافرەتان بێن و خۆیان بۆ پۆست کاندید بکەن، بەڵکوو زۆر گرنگە لە پاڵ خۆ کاندید کردندا، کۆمەڵێک کەسانی هۆشیار و بە توانا و خاوەن دیدی بێلایەن هەبن، کە را و بۆچوونەکانیان لە هەموو هەنگاوێکی پرۆسەکەدا بە کاندیدەکە ببەخشن. سەبارەت بە خۆم، کاتێک بۆ یەکەم جار خۆم هەڵبژارد، ستافەکە و شیکاران و چالاکوانەکان، دەیانگوت: ئافرەت خاوەن بەرپرسیارەتی نییە و بۆ ئەم بوارە نابێت. بۆیە، جگە لە ئافرەتانی دیکە، کێ شایستەی ئەوەیە متمانەی پێ بکەیت و دید و بۆچوونەکانتی بۆ دەربڕی و یارمەتیت بدات بۆ وەدی هێنانی ئامانجەکانت؟ بێگومان تەنیا ئافرەتی دیکە دەتوانێت پاڵپشتیمان بکات. ئیدی بۆیە، مەسەلەکە تەنیا ئەوەندە نییە هانی ئافرەتان بدەین بۆ خۆ کاندید کردن، بەڵکوو پێویستە سەرەتا کار بکەین بۆ شیاندنی ئافرەتانی چالاک و بە توانا بە ئاستێک، کە بزانن چۆن خۆیان کاندید بکەن و لە هەڵمەتەکاندا بیبەنەوە.

***کاڵی کرۆسلی کۆرگێز:*** *لێرەدا بیرم بۆ ئەندامی کۆنگرێس «باربارا لی» دەڕوات، «باربارا لی» بە درێژایی تەمەنی دەنگی نەدا بوو، کاتێک چاوی بە «شێرلی چیزم» کەوت، دەگێڕنەوە گوایە «باربارا لی» چوو بوو بۆ لای «شێرلی چیزم» و پێی گوت بوو: (من زۆر سەرسامی تۆم و هاتووم بۆ ئەوەی لە کەمپینەکەتدا کار بکەم و پاڵپشتیت بکەم). «شێرلی چیزم» پێی گوت: (ئاساییە و سوپاست دەکەم، بەڵام سەرەتا پێویستە دەنگ بدەیت، جارێ بڕۆ ناوت تۆمار بکە). ئیتر بەو شێوەیە بوو، «باربارا لی» بەو شێوەیە دەستی پێ کرد، ئەمڕۆش سەرۆکی فراکسیۆنی رەش پێستانە لە کۆنگرێس. پرسیارەکەم ئاراستەی تۆ دەکەم «کێری هیڵی»، رات چییە لە سەر بوونی ئافرەتان بە نموونە بۆ ئافرەتانی دیکە؟*

**کێـری هیڵـی:** بـه رای من نـەوەی ئافرەتانی سـەرکردە و نەوەی خواروەوتر، پێویستە هەموومان زۆر وریا بین لەبارەی ئـەو راسـتییەی، کە ئێمـە توانامـان هەیە شـتەکان بگۆڕین، ئەمـەش ئەرکی ئێمەیە. بۆیە هیـوادارم هەمووتان، لە دەرەوە لـە نێـو ئامادەبووانی ئەم کـۆڕەدا، کار بۆ پتـەو کردنی ئەو پەیوەندییـە بکـەن، یارمەتیی ئەو ئافرەتانـەش بدەن کە بە ١ یان بە ٢ هەنگاو لە پاشـمانن. هەروەها پێویستە بزانین چۆن سەرپەرشـتیی ئافرەتان بکەین و بزانین چۆن هانیان بدەین؟ زۆربەی توێژینەوەکان پێیان وایە، نیگەرانییەکانی ئافرەتان لە رووی تێکەڵ بوونیان بە سیاسەت لە یەک خاڵی سەرەکیدا چڕ دەبێتەوە، ئەویش ئەوەیە کە ئافرەتان هەست بە شیاوی ناکەن و پێویسـتیان بە شیاندنی زیاتر هەیە، بۆ ئەوەی لە کاندیدانی پیاو شیاوتر بن. من لەو بڕوایەدام کە لە ڕێی هاوکاریی ئێمە و چەندین ئافرەتانی دیکەی وەک ئێمەوە، دەتوانین ئەو متمانە بەخۆ بوونە بە ئافرەتان ببەخشین.

***کاڵـی کرۆسـلی کورگێر:** ئەزموونەکەی تـۆ چۆن بوو؟ لەم رووەوە چۆن سەرکەوتوو بووی؟*

**کێـری هیڵی:** بەختەوەر بـووم کە سەرپەرشـتیاری مەزنم هەبـوو، دڵنیام زۆربەتـان لێرە بە ئاگان کـە «میک رۆمنی» هەرە گرنگترین سەرپەرشتیارم بوو، ئەو پاڵپشتیی لێم کرد و بەرپرسیاریی زۆری پێم بەخشی وەکوو جێگری حاکم. پۆستی جێگـری حاکم پۆسـتێکی بەتاڵە و ئەرکەکانـی تەنیا ئەوەندە بـوون، هەفتانە بـۆ یەک جار سـەرۆکایەتیی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی حاکم بکات. لە راستیدا لە دەستوور تەنیا ئەوەندە دەسـەڵات بۆ جێگری حاکم تەرخان کـراوە، بەڵام بەختەوەر بـووم کە حاکم ئەرک و بەرپرسـیاریی زۆری پێم بەخشـی، بایەخـی بـە کارەکانـم دەدا، تەنانەت هەندێ دەسـەڵاتی پێم بەخشـی کە خۆشـم رازی نەبووم لە ئەسـتۆیان بگرم، بەڵام

فێربووم چۆن ئەرک و بەرپرسیاریی لە ئامێز بگرم و خۆشم بویَ، بە رای من گەشەپێدانی مرۆڤ بەم شێوەیەیە.

**سوانی هەنت:** سەرەتای دەست پیَ کردنم لە سیاسەت و بوونم بە باڵیۆز بە سایەی «پات شرۆیدەر»ەوە بوو. «پات شرۆیدەر» ئەندامی کۆنگریَس بوو لە «دنڤەر»، لەو سەردەمەدا من لە «دنڤەر»دا نیشتەجیَ بووم. هات بۆ لام، منیش زۆر دڵخۆش بووم و گوتم: (دەڕۆم بۆ واشنتن و کار لەبارەی چاکسازیی باری خۆشگوزەرانییەوە دەکەم). «پات شرۆیدەر» بە منی گوت: (مەڕۆ بۆ واشنتن، ئەویَ ژمارەیەکی زۆر لە دیموکراتەکانی لیَ دەبێت و زۆربەیان کار لەبارەی چاکسازیی خۆشگوزەرانییەوە دەکەن، پێویستە تۆ ببی بە باڵیۆز). منیش گوتم ناتوانم. ئیتر مشتومڕێکی زۆرمان لە سەر ئەم مەسەلەیە کرد. لە کۆتاییدا پێم گوت: (گویَ بگرە «پات»، من زۆر دەوڵەمەندم). بۆ زانیاریتان من دەوڵەمەندترین کەس بووم لە کەرتی «پات شرۆیدەر» و قەت داوای دەست پێشخەریی لێم نەکرد بۆ پارەداری و پاڵپشتی، هەمیشە دەیگوت کە پارەکەم بە خەڵکی دیکە ببەخشم و یارمەتیی خەڵکی دیکە بدەم. بە هەر حاڵ، پێم گوت: من دەوڵەمەندم، نامەویَ خەڵکی وا بیر بکەنەوە کە من بە پارەکەم توانیومە خۆم پیَ بگەیەنم و تەنیا بە پارە بوومەتە باڵیۆز. «پات» سەیری کردم و گوتی: (خەڵکی پێش وەختە ئەو بیرۆکەیەیان لە سەر تۆ هەیە، چاکتر وایە هەر بیری لیَ نەکەیتەوە و واز لەو قسانە بێنە، وەرگرتنی پۆستی باڵیۆز شتێکە پێویستە بیکەیت).

**گلۆریا ستاینم:** لە زۆربەی ئەو کەمپینانەی کە تێیاندا بەشدار دەبووم، دەمبینی «پات شرۆیدەر» لە دژی پارتی دیموکراتخوازان کاری دەکرد، چونکە پارت داینەنا بوو ئەو لە هەڵبژاردن دەرچێت. «پات» توانیی هەڵبژاردن بباتەوە لە ریَی خولڤاندنی هێزێکی تایبەت بە خۆی لە نێو گەڕەکەکاندا،

دەرگا بە دەرگا سەردانی ماڵەکانی دەکرد و بانگەشەی دەکرد، تەنانــەت پاش ئەوەش کە «پات» لە خولی یەکەم بردییەوە و بەشــدار بوو، تەنانەت لەو کاتەشــدا پارت ڕێگریی لێ دەکرد، کەســانێکی تەرخان دەکرد دژایەتیی بکەن. هەر بۆیە، بە رای من هەندێک جار پێویستە لە ناو خەڵک و لە ناو گەڕەکەکاندا، گرووپ و هێزی تایبەت بە خۆمان بخولقێنین، مەرج نییە تەنیا لە نێو پارتی سیاسیماندا کار بکەین.

***کاڵی کرۆسلی کۆرگێر:*** *جارێکیان پێشکەشکاری کۆڕێکی «ئان ریچاردز» حاکمی پێشــووی «تەکســاس» بووم، گفتوگۆمان لەبــارەی ئافرەتان لە سیاســەتدا بوو. «ئان ریچاردز» گوتی: ئەوەی زیاتر ڕێگرە لە بەردەم ئافرەتاندا ئەوەیە، ئەوان ناتوانن باوەش بە هەردوو دەسەڵاتی کەسەکی و دەسەڵاتی سیاسیدا بگرن. رای تۆ چییە «ئایانا»؟*

**ئایانا پرێسلی:** پێم وایە بۆچوونەکەی بە تەواوەتی دروستە. هــەروەک پێشــتریش ئامــاژەم پێ کــرد، ئافــرەت دووچاری بەرەنگارییەکی ئەســتەم دەبێتەوە، ئەویش ئەوەیە کە بتوانێت هێز و دەسەڵاتی خۆی بپارێزێت. هەرچەندە وشەی «شایستە» زۆر جــار ئاکامی نێگەتیڤی لــێ دەکەوێتەوە، بەڵام ئامانجمان ئەوەیــە کچان و ئافرەتان بە هەســتێکی بەرزتر لە شایســتە بوون بجووڵێنەوە و بۆ خۆیان بڵێن (من شایســتەی دەرفەتم چونکە ئێســتا ئامادەم و کەسێکی لێهاتوو و بەتوانام). بە پێی زانیــاری دەرکەوتووە، کە بە لایەنی کەمەوە پێویســتە حەوت کــەس هــەوڵ بدەن تاکــوو ئافرەتێــک قەناعەت پــێ بێنن، بۆ ئەوەی خۆی کاندید بکات، بەڵام پرســیارەکە ئەوەیە، پیاوێک بۆ خۆ کاندید کردن، بە چەند کەس قەناعەتی پێ دەهێندرێت؟ تەنیــا بە خــۆی. ئەمەش نوکتە نییە بەڵکوو شــتەکە بە داتا و بەڵگەیــە. چونکــە بە خۆشــم بەو شــێوەیە داوام لێ کرا خۆم کاندیــد بکەم، ئەمەش شــتێکە کــە هەموو ئافرەتێکــی کاندید

کـراو ئەزموونــی لەبارەیەوە هەیە. من پێشــتر بۆ ماوەی ١١ ســاڵ یاریدەدەری ســیناتۆر «جۆن کێری» بووم، پێشتریش بۆ کۆنگرێســمان «جۆزێف پی کەنەدیــی دووەم» کارم کرد بوو، یاریدەدەری کەسانی مەزن بووم، لە ئاکامیشدا گەیشتمە پاداشتی خزمەتەکانم.

***کاڵی کرۆسـلی کۆرگێز:*** *چەند کەس داوایان لێت کرد تاکوو بڕیارت دا خۆت کاندید بکەیت؟*

**ئایانا پرێســلی:** زیاتر لە حــەوت کەس. هەروەک هەموومان دەزانین کە «بۆستن» شارێکی خێڵەکی و تا رادەیەک داخراوە. منیش بە نەژاد خەڵکی «بۆستن» نیم، لە زانکۆی «بۆستن»دا خوێندنــم تەواو کرد، کاریشــم بــۆ «کەنــەدی» هەروەها بۆ «کێری»یــش کرد، بــەڵام وێڕای ئەوە، وەک کەســێکی بیانی ســەیر کرام. ماندوو بوونێکی زۆرم چێشــت تــا توانیم خۆم تێکەڵی شارەکە بکەم. هەروەها دەمەوێ ئەوەش بە راشکاوی بڵێــم، کە مەســەلەی رەگەزی لە ئارادا هەبــوو، بۆیە ئەوەندە ماوەیــەی خایانــد، تاکوو توانیــم خۆم کاندید بکــەم و دەنگ بەدەست بێنم، چونکە تا ئەمڕۆش کەسانێک هەن دەپرسن کە (ئایا چۆن دەبێ ئافرەتێکی رەش پێست نوێنەرایەتیی تەواوی شاری «بۆستن» بکات؟)

**گلۆریــا ســتاینم:** نابــێ لۆمــەی کــەس بکەین، بــە رای من پێویســتە ئێمە بۆ خۆمــان دەرچین و بۆ خۆمــان یارمەتی و پاڵپشــتیی یەکتری بکەین، هەر وەک سایکۆلۆژیســتان ناویان لــەم دیاردەیە نــاوە «خەمۆکیی ناخی مــرۆڤ». ئەگەر ئێمە هەموومان باوەڕمان بە یەکسانیی رەگەز هەبوایە، ئەوە بەرەی مرۆڤایەتی نەدەگەیشتە ئەو بارەی کە ئەمڕۆ تێیدایە. هەر بۆیە دەڵێم: ئێمەی ئافرەتان پێویستمان بە یەکتری هەیە بۆ ئەوەی پشتگیریی یەکتری بکەین و بتوانین خۆمان لەو رەوشە رزگار بکەین. پرســەکەش ئــەوە نییە کە ئافــرەت متمانەی بە خۆی

نییە، نەخێر، هەوڵێکی زۆر لە دژمان دەدرێت بۆ ئەوەی متمانە بە خۆمان لەدەست بدەین.

**سـوانی هەنت:** سـەردانی نزیکەی سـی وڵاتم کـردووە لە سەرتاسـەری جیهانـدا. لـەو هەموو سـی وڵاتـەدا دیمانە و چاوپێکەوتنـم کردووە، لە زۆربەی شـوێنەکان کە پرسـیومە بۆچـی ڕێـژەی ئافرەتان لـە پەرلەمانتان کەمە؟ تـا ڕادەیەک زۆربەیـان بـە هەمان شـێوە وەڵامیان داوەتـەوە، زۆربەیان دەیانگـوت: (لە ڕاسـتیدا، لە کولتوورەکەمـان ...). لە زۆربەی ئەو وڵاتانەی سەردانم کردن هەمان وەڵامم بەدەست گەیشت. کولتـوور بـە دوای کولتـوور هـەر هەمان شـتیان کرد بوو بە پاسـاو. بە شـێوەیەکی قوولتر سـەیری کۆمەڵگەکانی ئەو وڵاتانـەم کرد، بینیم ئافرەتـان ژمارەیەکی زۆر لە ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنییان هەیە، زیاتر ڕێکخراوی قازانج نەویستن، بـەڵام ویـڕای ئەوە، بە ڕێـژەی ۸۰ تا ۹۵٪ لـەو وڵاتانەدا، بە ڕێژەیەکی زۆر کەم ئافرەتان لە دەسـەڵاتی یاسادانانددا بوون. ئافرەتانـی ئەو وڵاتانە زیاتر بەو شـێوەیە بیـر دەکەنەوە کە سیاسـەت تەنیـا بۆ پیاوانـە. جارێکیـان چاوم بـە ئافرەتێک کەوت گوتی: لە هەڵبژاردندا لیستێکیان هەبووە، شایانی باسە پارتەیلی سیاسـی لە زۆربەی وڵاتاندا بە لیسـت بەشـداریی هەڵبـژاردن دەکـەن، دەنگدەران دەنگ بە لیسـتی پارتەکانیان دەدەن، ڕێژەی سـەدییش دەست نیشـان کراوە کە بۆ لیستی پارتەکە دەڕوات، ئەو ئافرەتەی چاوم پێی کەوت لە «بۆسنە» بوو، گوتی (کاتێک لە ماڵ دەرچووم ژمارە ۷ بووم لە لیستی پارتەکەم، بەڵام تا گەیشـتمە «سەراییڤۆ»، پاش یەک سەعات و نیو، بووبووم بە ژمارە ۱۷، بەڵام تەنیا ۱۵ کەس کورسییان بەدەست هێنا).

**گلۆریـا سـتاینم:** بـە ڕای مـن پێویسـتە بەرەنـگاری ئـەو مەسـەلانەش ببینـەوە، چونکـە هـزری گشـتی بـەرەو ئەو

ئاراســتەیەیە، کە بووەتە واقیعی ئەمڕۆمان دەڵێت: (ئەوەی بە ســەر پیاواندا دێت سیاســەتە، ئەوەی بە سەر ئافرەتاندا دێت کولتــوورە). ئەمەش ئاراســتەیەکە لە دژمان پیادە دەکرێت بۆ ئەوەی رێگریمان لێ بکەن و نەهێڵن گۆڕانکاری وەدی بێنین.

*کاڵی کرۆسلی کۆرگێر: لایەنێکی هەرە گرنگ کە لە زۆربەی گفتوگۆ و کۆڕەکان دەخرێتە روو، لەبارەی ئەو ئافرەتانەی بۆ پۆستەکان هەڵبژێردراون، ئەو لایەنەش هێرشی جەندەرە، کە هێرشــی زۆر توند دەکرێت و شتەکە بەردەوامە. لێرەدا چەند رســتەیەک لە وتارێکی «نانسی پۆلۆســی» دەخوێنمەوە، کە نووســیویەتی: (وا دیارە من ناحەزترین ئافرەتم لە ئەمریکادا، ئەویــش بە هۆی ئەو دژایەتییە سیاســییەی کە لە کەناڵەکانی میدیادا دەبینم هێرشم دەکرێتە سەر، بەڵام من ئەو دژایەتییەم قبووڵە، چونکە بۆ خۆم دەزانم بۆ لێرەم و دەزانم ئامانجەکانم چین؟ ئێمە هەمیشــە گوتوومانە کە ئەگەر بێتوو تۆ کەســێکی چــالاک و بە توانــا بیت، ئەوە بــەردەوام دەکەونــە دوات بۆ ئــەوەی بتڕووخێنــن. ئــەوان ناکەونــە دوای ئەو کەســانەی ناچالاک و ناکاریگەرن، ئەگەریش ئەم ئافرەتانە پێیان وایە بەو رەفتارەیان دەتوانن بێنە پێشــەوە و پاڵپشتی بەدەست بێنن و بگەنە پۆســتی بەرز و دەسەڵات بگرنە دەست و کار لەبارەی پرس و کێشــەکانەوە بکەن، ئەوە ئێمە پێشنیاریان بۆ دەکەین ئەو کارە بکەن، بەڵام ئەو شتە تەنیا لە سیاسەتدا نییە، بەڵکوو لــە هەموو لایەنەکانی ژیانــدا پیادە دەکرێت). ئێوە راتان چییە لە سەر مەسەلەی هێرشی جەندەر؟ بەو حوکمەی ئێوە لەوێ بوون و خۆتان کاندید کــردووە و یارمەتیی ئافرەتانتان داوە بۆ خۆ کاندید کردن.*

**کێری هیلی:** دەمەوێ زۆر بە کورتی باســی ئەم مەســەلەیە بکەم، بە رای من ئەمە مەسەلەیەکی زۆر گرنگە و هەموومان لە ســەری کۆکین. بــە رای من ئەگەر بێتوو هــەر ئافرەتێکی

سیاســی لە پارتــی کۆمارخوازان هەر جۆرە هێرشــێک بکاتە ســەر ئافرەتانی سیاســەتوانی پارتی دیموکراتخوازان، یانیش ئافرەتانی سیاســەتوانی پارتی دیموکراتخــوازان، هەر جۆرە هێرشێک لە دژی ئافرەتانی سیاسەتوانی پارتی کۆمارخوازان بکــەن، نموونــەش زۆرن وەک «ســارا پالّیــن» و «هیــلاری کلنتن» و «نانسی پۆلۆسی». بە رای من ئەگەر ئێمە لەو جۆرە هێرشانەدا بەردەوام بین، لە لایەن هەر پارتێکەوە بۆ سەر هەر پارتێکــی بەرانبــەر، ئەوە هەرگیز ناگەینە هیچ شــوێنێک. هەر لەبەر ئەوەشە ئەمڕۆ من لەگەڵ «سوانی» کار دەکەم، هەوڵی ئێمــە بۆ ئەوەیە کۆتایی بەو جۆرە رەفتارانە بێنین، پێویســتە بگەینــە خاڵێکی مــام ناوەند لــە رەخنەکانمــان، تەنانەت گەر رەخنەکانمان لە سەر بنەمای رەگەزیش بوو، یانیش لە رووی ئــەو بەربەســتانەی کە ئێمەی ئافرەتان دووچــاری دەبینەوە، لــە هەنگاونانمــان بۆ تێکەڵ بوون بە پرۆســەی سیاســی، بە تایبەتی سەبارەت بەو جۆرە رەفتارانە لە کاتی هێرش کردنی ئافرەتانی سیاســەتوان کە لە دژی یەکتردا دەیکەن. پێویســتە ئێمەی ئافرەتان دەست لە ناو دەست و کۆک بین، ئەو شتەش رەت بکەینــەوە و هەرگیــز قبووڵــی نەکەیــن و کۆتایــی بەو ســەردەمە بێنیــن. ئەگەر ئێمەی ئافرەتان یەک دەســت بین و بەو شــێوەیە بیــر بکەینەوە و رەفتار بکەیــن، ئەوا ئەو جۆرە بیرکردنەوەیــە بەکۆتا دێت. ئەو جــۆرە هزرەش لە ئاکامدا لە رووی سیاســییەوە بە شتێکی ناپەسند دادەندرێت، بەڵام هەتا بە یەکتری پێبکەنین و دژایەتیی یەکتر بکەین، ئەوە هەمووومان دەدۆڕێین، زیان بە هەمووومان دەگات، چونکە زیان بە یەکتری دەگەیەنیــن. بۆیە حــەز دەکەم ئەمە بکەم بــە پەیامێک و لەم کۆڕەدا ئاراســتەی هەموو ئافرەتانی بکەم. پەیامەکەم ئەوەیە کە پێویستە خۆڕاگر و یەک دەست بین، هەرگیز هێرش نەکەینە سەر هیچ ئافرەتێک کە لە بواری سیاسیدا کار دەکات.

***کاڵی کرۆسلی کۆرگێپ:*** *هەفتەی رابردوو ئەمە لەبارەی «هیلاری کلنتن»ەوە بڵاو کرایەوە، نووسراوە «هیلاری کلنتن» حەزی لە خواردنی «کەی ئێف سی»یە، ئەو ژەمەی کە زۆر بە لایەوە پەسندە بریتییە لە ٢ پارچە رانی گەورە و ٢ پارچە سینگی بچووک، لەگەڵ باڵێکی مریشک. ئەمەیە کە ئێستا لێرە باسی دەکەین، بە راستی شتێکی قێزەوەنە. ئەمە لە هەموو شتێکی تێپەڕاندووە و بە راستی شتێکی بێ مانایە. ئێوە راتان چییە لەم بارەیەوە؟*

**گلۆریا ستاینم:** گەلێک رێکخراوی ئافرەتان هەن کە لەم بوارەدا کار دەکەن، یەکێک لەو رێکخراوانە «سەنتەری میدیای ئافرەتان»ە، ماڵپەڕێکیان هەیە. دەمەوێ ئەوە بڵێم کە شوێنمان هەیە رووی تێ بکەین بۆ ئەوەی جەخت بکەینە سەر کار و توێژینەوەکانی یەکتر، بۆ نموونە گریمان تۆ توێژینەوەیەکی گرنگت هەیە، کە وەڵامی دۆزیوەتەوە بۆ پرسی هێرشەکان، لەوانەیە ئەو توێژینەوەیەت هاوتەریپ بێت لەگەڵ توێژینەوەیەکی دیکەی هاوشێوە و گرنگ. ئەم مەسەلەیە پەیوەستە بە رەفتارەکانی مرۆڤەوە.

**ئایانا پرێسلی:** هێرشی جەندەر دیاردەیەکی زۆر مەترسیدارە. من لە بوارێکدا کار دەکەم کە رۆژانە لەگەڵ زۆر پرسی کۆمەڵایەتیی زۆر ئاڵۆزدا مامەڵە دەکەم: بازرگانی کردن بە مرۆڤەوە، توند و تیژیی سێکسی و چەندین مەسەلەی دیکەی هاوشێوە. خەڵکیش زۆر جار پێم دەڵێن: (کەمێک زیاتر پێبکەنە). ئەوە کاری من نییە بەردەوام لێو بە خەندە و بە پێکەنین بم، چونکە رۆژانە مامەڵە لەگەڵ چەندین کەیسی ئاڵۆزدا دەکەم. هەندێک جار کەیسی زۆر ئاڵۆز دێتە پێشمان، کە تەنانەت ناتوانین پێبکەنین و خۆمان بەو شێوەیە پیشان بدەین، کە بارەکە ئاساییە و هیچ شتێک رووی نەداوە. کاتێک پرسەکە بگاتە یەکسانیی سیاسی، (پۆلیتیکاڵ پاریتی) و

حکوومەت، کارێکی زۆر لە سەر شانمانە بیکەین. بە رای من هەر ئافرەتێک کە ئەو زەمینەیە یان میچەکە بشکێنێت، ئەوە ئاراستەیەکی بەهێز هەیە بۆ مامەڵە کردن لەگەڵ ئەو ئافرەتە وەک سەرکەوتنێکی ناسازی فێمێنیزم، وەک کیانێکی نامۆ سەیری دەکەن. ئەم مەسەلەیەش تەنیا پەیوەست بەوەندە نییە، کە خەڵکی نایانەوێ ئافرەت هەڵبژێرن، بەڵکوو پەیوەستە بەوەی کە ئەو ئافرەتە کەسێکی خاوەن پەیامێکی بەهێزە و کەمپینێک بەڕێوە دەبات؟ بە رای من هەر لەبەر ئەوەشە کە خەڵکی زوو سەرکەوتنەکانی ئافرەتان لە سیاسەتدا فەرامۆش دەکەن و بایەخێکی ئەوتۆی پێ نادەن. لە بری ئەوەی سەرکەوتنەکانی ئافرەتان بکەن بە بناغەیەک و لە سەری ئەوەوە، دەست بە بونیاتنانی شتان بکەن، دەبینین وا سەیری سەرکەوتنەکانی ئافرەتان لە سیاسەتدا دەکەن، وەک شتێکی ناساز یاخود توندڕەو و نامۆ.

***کالی کرۆسلی کۆرگێر:*** *تۆ چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو لایەنە دەکەیت؟ لە کۆتەیشنێکی گرنگدا سیناتۆر «بلانچ لنکۆڵن» دەڵێت: (دەتوانم باسی هەموو پرس و کێشەیەک بکەم و هەر چیم بوێ، دەتوانم قسەی لە سەر بکەم، بەڵام کاتێک لە نێو بانێوکەم بم، چونکە کەس گوێی لێم نییە چی دەڵێم). ئەمەش بەرەنگارییەکی سەختە. دەمەوێ لە «ئایانا» بپرسم، کێ لە نێو «پایپلاین»ـە؟ چۆن خەڵکی لە نێو «پایپلاین»دا دەهێڵنەوە؟*

**سوانی هەنت:** ببوورە دەمەوێ شتێک بڵێم، کەستان بیستووتانە پیاوان هەوڵیان دابێت پایپلاینێک پڕ بکەنەوە؟ مەبەستم لەوە نییە کە باوەڕم پێی نییە، بێگومان پایپلاین هەیە، بەڵام ئەمە وەک پرسیارێکە دەیکەم، وەک بیرۆکەیەکە دەیخەمە روو. بۆ نموونە وەک کولتوور، کولتوور چییە؟ کولتوور پەیوەستە بە کار و رەفتارمانەوە، بەردەوام لە گۆڕیندایە، بەڵام سەبارەت بە بزنسی «پایپلاین»، ئایا ئێمە

زێدەڕۆییمـــان تێـدا کردووە؟ بـە رای من، ئێمە پێویســـتیمان بــە بەرنامەی مەشــق و راهێنانی زۆر هەیــە، بۆ ئەوەی ببێتە یاریــدەدەری خەڵکی تا بتوانن خۆیان کاندید بکەن. مەبەســـتم ئــەو جــۆرە «پایپلاین»ـەیـە. ئایا خۆیــان کاندیـد دەکەن بۆ بۆردی کۆلێژ؟ دواتر پاش چەند ساڵێک خۆیان کاندید دەکەن بۆ ئەنجومەنی شــار؟ ئیتر پلە بە پلە ســەردەکەون و بە تێپەڕ بوونی کات، دەگەنە ئەنجومەنی ســیناتۆران. پێویستە مەشق و راهێنان بە ئافرەتان بکەین، بۆ ئەوەی بە ئاستێکی فراوانتر بیــر بکەنـــەوە و دیدێکی دووربینانەیان هەبێت. زۆر ئاســاییە هەر ئافرەتێک بیەوێ خۆی بۆ کۆنگرێس کاندید بکات، بێت لە ئافرەتانی دێرینی سیاسەتوان بپرسێت، لە ئەزموونی ئەوانەوە فێــر بێت، بۆ ئـــەوەی بزانێت چی بکات و چــۆن خۆی کاندید بکات؟

***کاڵی کرۆسلی کۆرگێر:** گریمان ئەو پێشنیارەی ئاماژەت پێ کــرد شــتێکی پراکتیکییە، بەڵام ئەم مەســەلەیە لایەنێکی دیکە لەخــۆ دەگرێت، بە تایبەتی لەبارەی ئافرەتی گەنجەوە، چونکە ئەوان بڕیاری دیکە مێشکیان سەرقاڵ دەکات، زۆر جار پێیان وایە کە پێش ئەوەی تێکەڵی سیاســەت بن، سەرەتا خوازیارن ببنە خاوەن خێزان و هەندێک شتی دیکە بکەن، پاشان تێکەڵی سیاسەت دەبن.*

**گلۆریا ســتاینم:** لەبەر ئەوەیە لە «پایپلاین»دا پێویستمان بە پیاوان هەیە، بۆ ئەوەی ببنە باوک.

**کێری هیلی:** بە رای من ئەو شتە ئاساییە، بە رای من ئافرەتان بــە درێژایی ژیانیان دەتوانن زۆر شــتی جیاواز لە یەک کاتدا بکەن. مەرجیش نییە لە تەمەنێکی بچووکەوە دەست بە کاری سیاسی بکەن. لە ساڵی ١٩٧٣دا بوو، یەکەمین چالاکیی سیاسیم کرد و تەمەنم ١٣ ساڵ بوو. دایک و باوکم زۆریان پێ خۆش نەبــوو، بــەڵام لە تەمەنی نێوان ٢٠ و ٣٨ ســاڵیدا، تا رادەیەک

تێکەڵی کاری سیاسی بووم. تەنانەت لەو کاتەشدا تەنیا لە هەڵبژاردنەکاندا دەنگم دەدا، بەڵام بە هیچ شێوەیەک تێکەڵی سیاسەت نەبووم، تەنیا چالاکوان بووم. خوێندنم تەواو کرد و دامەزرام، ئنجا لە کاری قازانج نەویستدا کارم کرد. زۆر کاری جۆراوجۆرم کرد، هەڵبەت لە رووی سیاسییەوە کارم نەکرد بوو، تا گەیشتمە تەمەنی ٣٨ساڵی، کاتێک بینیم منداڵەکانم گەورە بوون و منیش ئامادەم. لەو دەمەدا، لەو پۆستەی کارم لێی دەکرد، زۆر بە گوڕ و تین بووم بۆ خستنە رووی کێشە و گرفتەکانی پەیوەندیدار بە تاوانی دادوەری، کەسێکی چالاک و بە توانا بووم. ئەوکات لە وەزارەتی دادی ئەمریکادا راوێژکار بووم، راپۆرتم ئامادە دەکرد، وتارم لەبارەی پرسی توند و تیژیی ناوخۆیی و منداڵپارێزی و ماددەی هۆشبەر و دەستەکانی تاوان دەنووسی و بڵاوم دەکردەوە، بەڵام هەموو هەوڵ و کارێکم بێ سوود بوو، چونکە کەس گوێی لێم نەدەگرت. بۆیە لەو ساتەدا بیرم کردەوە و لەگەڵ خۆم بڕیارم دا، کە ئێستا گەیشتوومەتە تەمەنێکی گونجاو و منداڵەکانیشم گەورە بوون، تێگەیشتنیشم گەیشتووەتە ئاستێکی وا کە بتوانم گۆڕانکاری وەدی بێنم. بۆیە ئێستا گونجاوترین ساتە بۆ تێکەڵ بوونم بە سیاسەت. جا بۆیە بە رای من، مەرج نییە ئێمە بە شتێک دەست پێ بکەین و ئیتر هەر لە سەر ئەو شتە بەردەوام بین و لە سەری بڕۆین، بەڵکوو بە رای من ژیان چەند قۆناغێکە، دەتوانین چەندین شتی جیاواز لە ژیانمان وەدی بێنین.

**گلۆریا ستاینم:** دەتوانین دروست وەک تۆ بکەین، یانیش ئەوەیە وەک «پات شرۆیدەر» بکەین، «پات شرۆیدەر» یەکەمین ئافرەتە کە لە نێو کۆنگرێسی ئەمریکادا دووگیان بێت. «پات شرۆیدەر» لە نێو کۆنگرێسدا هەڵستا و گوتی: (من ئافرەتم و مێشکم هەیە، دەشتوانم هەردووکی بەکار بێنم). مەبەستم ئەوەیە ئێمە دەتوانین بە هەر شێوەیەک بیکەین، کە

خۆمان دەمانەوێ.

**ئایانا پریسلی:** دەمەوێ خاڵێک بخەمە روو، ئەو ئافرەتانەی خۆیان کاندید دەکەن، بە تایبەتی ئەو ئافرەتانەی، کە وەک من سەڵتن و شوویان نەکردووە، یەکسەر خەڵکی بیریان بۆ ئەوە دەڕوات، کە ئەم جۆرە ئافرەتە لە نێوان پێک هێنانی ژیانی هاوسەری و وەدەست هێنانی دەنگی هاووڵاتیاندا دابەش بوون. منیش لێرەدا بەرەو رووی خۆمان دەبمەوە. ئێمە وەک دەنگدەر و وەک ئافرەت، بە حوکمی ئەزموونی ژیانمان وەک ئافرەت، دەتوانین لە لایەنانی جیاوازی خێزان تێبگەین. ئێوە لە دایکێک کەمتر نین ئەگەر زڕدایکیش بن، هەروەها ئێوە لە ئافرەتێک کەمتر نین، ئەگەر دایک نەبن. کاتێک بۆ یەکەمین جار خۆم کاندید کرد، بەردەوام خەڵکی لێمیان دەپرسی، کە تا چەند بە سیستەمی قوتابخانەی گشتی بۆ منداڵانەوە پابەند دەبم؟ ئەو پرسیارەیان ئاراستەم دەکرد، چونکە دەیانزانی من لە سیستەمی قوتابخانەی گشتیدا منداڵم نەبوو، ئیدی کە من دایکی بایۆلۆژیانەی ئەو منداڵانە نیم، مانای ئەوە نییە هەست بە هیچ بەرپرسیارییەک لە بەرانبەریان ناکەم. لە یەکەمین خۆ کاندید کردنمدا، لە کۆی ١٥ کاندید، لە نێویاندا من تاکە ئافرەت بووم، تەنیا روویان لە من دەکرد و دەیانپرسی: هاوسەرت هەیە یان نا؟ لە کۆتاییدا و پاش ئەوەی ئەو پرسیارەم زۆر لێ دەکرا، بیرم کردەوە و گەیشتمە وەڵامێک، هەر کەسێک ئەو پرسیارەی لێم بکردایە پێم دەگوت: (من شووم بە پیشەکەم کردووە، تۆش دەتوانی ببی بە منداڵەکەم). بە راستیمە، دەنگدەران زۆر پشوو تەنگن، کاتێک دەگەنە ئافرەتانی کاندید، بەردەوام ئەو بیرۆکەیە و ئەو جۆرە پرسیارانە لە مێشکیاندا دەخوولێنەوە. هەر بۆیەیش پێشنیار دەکەم هەوڵ بدەین رووبەڕووی خۆمان ببینەوە، بۆ ئەوەی بتوانین کاری باشتر بکەین.

***کالّی کرۆسلی کۆرگێر:*** *«سارا پالّین»م هاتە بیر، کاتێک بۆ یەکەمین جار دەرچوو، کە ناوی وەک حاکم (پارێزگار: دەسەلاتداری ویلایەت- گوڵان) راگەیەندرا. یەکێک لە پرسیارەکان کە ئاراستەی کرا، ئەوە بوو لێیان پرسی: «کێ چاوی لە منداڵەکانت دەبێت؟» ناوەڕۆکی کورەکەمان بریتییە لە «ئافرەتان چۆن دەبن بە سیاسەتمەدار؟» هەر یەک لە ئێوە باستان لە ئەزموونی کەسەکیی خۆتان کرد، باسی ئەوەتان کرد چۆن بوون بە سیاسەتوان؟ بەڵام حەز دەکەم بزانم، ئایا هیچ ساتێک لە ژیانی سیاسیتان هەبووە، کە تێیدا دەستکەوتێکتان هەبوو بێت، یان شتێکی گرنگتان کرد بێت و لە ئەنجامیدا هەستتان بە دڵخۆشی و شانازی کرد بێت؟ زۆر باستان لە لایەنانی نەرێنی کرد، بۆیە ئێستا حەز دەکەم باسی لایەنانی ئەرێنی بکەن، بەوەی ئاخۆ ئافرەت کە دەبێتە سیاسەتوان، لایەنانی ئەرێنیی ئەم کارە چین؟*

**سوانی هەنت:** هەستێکی زۆر ناخۆشە کە زۆر جار کاری یەکجار زۆر دەکەین، زۆریش ماندوو دەبین، بەڵام لە ئاکامدا هەندێ دەستکەوتی بچووکمان بەدەست بگات. لەگەڵ ئەوەشدا، گرنگ ئەوەیە توانیبێتمان گۆڕانکارییەکمان وەدی هێنا بێت. «تیم وۆرت» جێگری وەزیری دەرەوە بۆ کاروباری جیهانی، برووسکەیەکی بۆ هەموو باڵیۆزەکان نارد بوو، تێیدا هات بوو: (راتان چییە؟ رەوشی ئافرەتان بخەینە چوارچێوەی راپۆرتی مافەکانی مرۆڤەوە، کە کۆنگرێس ئەم داوایەی لە وەزارەتی دەرەوە کردووە. ئاخۆ لەم بارەیەوە راپۆرت لە سەر وڵاتانی جیهان ئامادە بکرێت یان نا؟) تەماشای ئەو وەڵامانەم کرد کە باڵیۆزەکان بۆ «تیم»یان نارد بوو. لە یەکێک لە وەڵامەکاندا نووسرا بوو: (باڵیۆزخانەکەمان بە مەسەلەی گرنگترەوە سەرقاڵە). لە وەڵامێکی دیکەدا نووسرا بوو: (ئافرەت لە مەدرید تا دوای نیوە شەویش دەتوانێت لە

شــەقامەدا پیاسە بکات، لێرەدا هیچ کێشــەیەکمان نییە)، بەڵام ئەوەی کە زۆر پەســتی کردم، وەڵامــی یەکێک لە باڵیۆزەکان بوو کە نووســیبووی: (دانانی رەوشــی ئافرەتــان لە راپۆرتی مافەکانــی مرۆڤــدا وەک ئەوەیە، راپۆرتی مافــی مرۆڤ هیچ واتایەک نەگەیەنێــت). منیش بەوە زۆر تووڕە بووم، داوام لە یاریدەدەرەکــەم کرد کۆبوونەوەکانی ئــەو رۆژەم دوا بخات. سێ کۆبوونەوەم هەبوو، دەبوایە تێیاندا ئامادە بوومایە. چووم لە ئۆفیســەکەم بە تەنیا دانیشــتم و زۆر بە تووڕەییەوە تایپم دەکرد، برووسکەیەکی زۆر توندم بۆ جێگری وەزیری دەرەوە نارد. «تیم» وەڵامی دامەوە و گوتی: هەموو باڵیۆزەکان پێش وەختــە بڕیاریــان داوە، رەوشــی ئافرەتــان لــە چوارچێوەی راپۆرتــی مافەکانی مرۆڤدا دانەندرێت. «تیم» برووســکەکەی بــە دەنگی بــەرزەوە بۆ هەمووان خوێنــدەوە. لەو رۆژەوەش رەوشی ئافرەتان لە چوارچێوەی هەموو راپۆرتەکانی مافەکانی مرۆڤدا دادەندرێت.

**کێــری هیلــی:** یەکێــک لــە دەســتکەوتە هــەرە گــەورەکان یاســای «مێلانی» بوو. چەند کەس لە ئێوە ئاگای لە یاســای «مێلانی»یە؟ یاســای «مێلانی» ئــەو گۆڕانکارییە بوو، کە لە یاسای لێخوڕینی ئۆتومبیل لە ژێر کاریگەریی ماددەی کهوول (واتــە بە سەرخۆشــی) پەســند کــرا. ئێمە لــە وەدی هێنانیدا ســەرکەوتوو بوویــن، پێم وایــە ئەمە لە ســاڵی ٢٠٠٥دا بوو. بە درێژایی چەندین ســاڵ، ســاڵانە ســەدان ســکاڵا لەبارەی حاڵەتەکانــی هاژووتــن لە ژێــر کاریگەریی مــاددەی کهوول، دژ بە یاســاکان پێشکەش بە دەســەڵاتی یاسادانانی ویلایەتی ماســاچوتس دەکــرا. رێــژەی ٣٠٪ لــە ئەندامانی دەســەڵاتی یاســادانان پارێزەری زیانی جەستەیی بوون، بۆیەش رەتیان دەکــردەوە هیــچ گۆڕانکارییەک بە ســەر یاســاکەدا بکەن. لە ئاکامیشــدا خەڵکێکــی زۆر مــاددەی کهوولیــان دەخواردەوە

و ئوتومبیلیان لێدەخوڕی و دەستگیر دەکران، پاشان ئازاد دەکران. زۆر هەبوون بۆ ١٠ یان ١٢ جار لە سەر لێخوڕینی ئوتومبیل لە ژێر کاریگەریی ماددەی کهوول دەستگیر کرا بوون. ساڵانە زیاتر لە ٢٠٠ کەس لە شەقامەکاندا، لە ئاکامی رووداوی هاتوچۆ گیانیان لەدەست دەدا، لەو رووداوانەدا شۆفێر ماددەی کهوولی خوارد بووەوە.، وێڕای بریندارارن و زیان پێ گەیشتووان. بیری لێ بکەنەوە، تا چەند ئەم دیاردەیە لە سەرتاسەری «کۆمۆنوێڵس»دا، کارەساتی بە سەر هەزاران هاووڵاتیدا هێنا بوو؟ بەڵام هەموو هەوڵەکانمان بێ سوود بوون، نەمانتوانی یاساکان لەم بارەیەوە توندتر بکەین. لە کۆتاییدا چاوم بە خێزانێکی زۆر مەزن کەوت، کە کچەکەیان، تەمەنی ١٣ ساڵان و ناوی «مێلانی» بوو، بە رۆژی نیوەڕۆ لە لایەن شۆفێرێکی سەرخۆشەوە کوژرا. «مێلانی» لە ئاهەنگێکی یاد کردنەوەی لەدایک بوون دەرچوو بوو، بۆ ماڵ دەگەڕایەوە. ئەو کچێکی ئێسک سووک و جوان بوو، لە پۆلەکەیدا پێشەنگ بوو، هەروەها کچی تاقانەی دایک و باوکی بوو. ئافرەتێکیش لەو لاوە بە ئوتومبیلەکەی هات بوو، پاش ئەوەی لەگەڵ ژەمی نیوەڕۆدا ماددەی زۆری کهوولی خوارد بووەوە، لە سەر شەقام لە «مێلانی»ی دا و یەکسەر کوشتی، بەڵام دایک و باوکی لە بری ئەوەی دانیشن و خەم بۆ کچەکەیان بخۆن، دەرگایان لە سەر خۆیان داخست، بڕیاریان دا شتێک بکەن و ئامادە بوون هەموو شتێک بکەن بۆ گۆڕینی یاساکانی «ماساچوتس». منیش پشتم بە هەڵوێستی ئەو خێزانە ئەستوور بوو. ئۆفیسەکەم، بە خۆم و هەموو هاوپیشەکانمەوە، بڕیارمان دا سەردانی هەموو ئەندامانی دەسەڵاتی یاسادانانی «ماساچوتس» بکەین، بۆ ئەوەی قەناعەتیان پێ بهێنین، کە ئەو یاسایە بگۆڕین و پێداگریمان لە سەر هەڵوێستەکەمان کرد، بەردەوام لەم رووەوە گوشارمان

دەخســـتە ســـەریان، بـــەڵام دووچـــاری بەرهەڵســـتکارییەکی زۆر بووینەوە، دەســـەڵاتی یاســـادانان دژایەتیـــی دەکردین و بەربەســـتیان لە بەردەم هەوڵەکانمان دادەنا. پاش هەوڵدانێکی زۆر، پرۆژە یاسایەکیان بۆمان نارد بە ناوی «یاسای مێلانی»، بەڵام شتێکی ئەوتۆ نەبوو، هیچ گۆڕانکارییەکی لێ نەکەوتەوە. بۆیە ناچار بووین دیســـان هەوڵ بدەین، ئەوە بوو لە کۆتاییدا توانیمان رایەکی گشـــتیی کاریگەر بخوڵقێنین، بارەکە گەیشتە ئەوەی پرسەکە سەرنجی زۆربەی رۆژنامەکانی راکێشا. میدیا ســـەبارەت بەم کەیسە و ئەو ئەندامانەی دەسەڵاتی یاسادانان کە ئەرکیان پەســـند کردنی ئەم یاســـایە بـــوو، بەدواداچوونی بـــۆ کار و چالاکییەکانی دەســـەڵاتی یاســـادانان دەکرد. میدیا هێرشی توندی کرد لە دژی دەسەڵاتی یاسادانان، هەواڵیشیان بڵاو دەکردەوە کە لە پشـــووی هـــەر هەفتەیەکدا خەڵکی گەنج و جوان، بە ســـایەی شـــۆفێری سەرخۆشـــەوە، بـــەردەوام لە شـــەقامەکاندا گیـــان لەدەســـت دەدەن. لە کۆتاییشـــدا و پاش جەنگێکی زۆر ســـەخت، ئەو یاســـایە لە دەســـەڵاتی یاسادانان پەســـند کرا. پێم وایە ئـــەوە دەســـتکەوتێکی زۆر گەورەیە کە توانیمان وەدیی بێنین.

**گلۆریا ســـتاینم:** نازانم بیر لە کام بەســـەرهات بکەمەوە؟ لە نێـــو ئێـــوەدا تەنیا من چالاکوانێکی خۆبەخشـــم، تا ئەمڕۆ هیچ پۆســـتێکم وەرنەگرتووە. لە نێو ئێوەدا تەنیا من لە پاش ماوم، چونکە تا ئەمڕۆش هەر وەک چالاکوانێکی خۆبەخش و قازانج نەویســـت کارم کـــردووە و نەگەیشـــتوومەتە هیچ پۆســـتێک، بـــەڵام دەزانم ئـــەرک و کاری سیاســـەتوانان چەند قورســـە. لـــە بیرمە جارێکیان چووم بۆ ســـەردانی «ئـــان ریچاردز» لە ئۆفیســـی حاکم (حاکمی ویلایەت)، بینیم لە پشت مێزەکەیەوە بە ماندوویی دانیشـــت بوو، پـــاش رۆژێکی درێژ و پڕ لە کار. هەروەهـــا جارێکیان لەگـــەڵ «بێڵا ئابزێک» بە شـــەقامەکانی

«نیویۆرک»دا دەسـوورِاینەوە، هەر کەسـێک ئێمـەی ببینایە دەسـتیان لە ئوتومبیلەکانیانەوە دەردەهێنا و هاواریان دەکرد (بێـڵا بیانبەزێنە)، بەڵام لە سـەر ئاسـتی کەسـەکی، پێم وایە یەکێک لەو دەسـتکەوتانەی کـە توانیوومە وەدیـی بێنم، لەو کاتەدا بوو کە «شـێرلی چیزم» خۆی بۆ سەرۆکایەتی کاندید کـرد بـوو. تەنیا یـەک رۆژی مابوو بۆ مێزگردی سـەرەکیی کاندیدانی سەرۆکایەتی، ئەو دەبوایە وتارێکی ئامادە بکردایە، ئـەو مێزگردەش لە تەلەفزیۆنی نیشـتیمانییەوە پەخش دەکرا. من وتارەکەم بۆی نووسـی، خۆشـییەکەی ئەوەیە لەماڵەوە دانیشت بووم و لە تەلەفزیۆن گوێم لە وتارەکەی دەگرت!

ئایانا پرێسـلی: بە رای من یەکێک لە دەستکەوتە گەورەکان کە توانیومە لە ژیانمدا هەردەم وەدەسـتی بێنم، ئەوە بوو کە پاش ٣ سـاڵ هەوڵدان و جۆشـدانی رای گشتی و هاووڵاتیان لە سەر ئاستی شارەوانی، لە کۆتاییدا توانیمان وانەی سێکس لـە پرۆگرامی خوێندنی قوتابخانە گشـتییەکانی «بۆسـتن»دا دابنێیـن. بـەم چالاکییەمـان من هەسـت بە شـانازی دەکەم، بـە تایبەتـی چونکـە زۆر لە خەڵکـی لە دیدێکی سیاسـییەوە بە شـتێکی ناساز سـەیری ئەم پرسـە دەکەن، چونکە کاتێک مەسـەلەکە بگاتە لایەنی سێکس و بەکارهێنانی کەرەستەکانی پاراسـتن (کۆنـدۆم)، کەس ناوێـرێ ئەو بابەتـە بکاتەوە. من هەسـت بە شـانازی دەکەم کە بۆ پۆسـتەکەم هەڵبژێردراوم، هـاوکات بێ فیـزم و سوپاسـی دەنگدەرانیش دەکـەم، بەڵام وێـرِای سـەرکەوتنم لە هەڵبژاردندا، هەمیشـە حەزم کردووە سەرکەوتنی دیکە وەدی بێنم. بۆیە من بە سەرکەوتنی دەزانم کـە توانیمان ئـەو وانەیە بۆ قوتابخانەکانمـان بەرین، کە ئەو جۆرە زانیارییە بخەینە بەردەم قوتابیانمان. ئەمرِۆیش خەریکە بۆشایی جیاوازییەکان بەکۆتا دێت، رێچکەشمان بۆ گەنجەکان خۆش کردووە بۆ ئەوەی زانیاریی تەواویان هەبێت، بۆ ئەوەی

بزانن لە ژیانیاندا چۆن بژاردەی تەندروست هەڵبژێرن. منیش زۆر شانازی بەم دەستکەوتەمەوە دەکەم.

***کاڵـی کرۆسـلی کۆرگێـر:** ئێسـتاش ئامادەبووان پرسـیار ئاراستەی کۆڕەکە دەکەن.*

- *پرسیارەکەم دوو بەشە، بەشی یەکەمی پرسیارەکەم ئاراسـتەی تـۆی دەکـەم «ئایانـا»: تکایـە، خـۆت بۆ سـەرۆکایەتیی ئەمریـکا کاندیـد بکە. بەشـی دووەمی پرسیارەکەشـم: چۆن دەتوانین گوشـار بخەینە سـەر سیاسەتوانان بۆ ئەوەی پلان و بەرنامە کارا بکەن؟*

**گلۆریا سـتاینم:** بە رای من پێویسـتە بۆ هەر مەسـەلەیەک بـە جیـا بەدواداچوون بکەین. شـتێکی دیکە، چەنـد کەس لە «دێـت» خوێندنیان تەواو کردووە؟ بۆ؟ هۆکاری سـەرەکیی پشـت ئەوەی کە زۆربەی منداڵانمان لە «دێت» دەرچوون و خوێندنیـان تەواو کردووە، ئەوەیە کە یاسـادانەرانی ویلایەت پارەدارییـان لە زانکـۆکان بڕی، بەو پارەیـەش بەندیخانەیان دروسـت کرد. ئەمـەش کاریگەریی لە سـەر هەموو لایەنێک هەبووە.

**ئایانا پرێسلی:** منیش لەگەڵت هاوڕام، بۆیە پێم وایە زۆر گرنگە پەروەردەی مەدەنیمـان هەبێت. نابێ چی تر قوتابخانەکانمان هەر جەخت بکەنە سـەر پەروەردە کردنی قوتابیان لە سـەر سیستەمێکی توند و ئامادەسازییان بکەن بۆ ئەوەی پاش تەواو کردنـی زانکۆ ببنە کرێـکار. ئەمڕۆ کەس بایـەخ بە چۆنیەتی دروسـت کردنی «هاووڵاتیی باش» نادات، ئیتر چۆن بتوانین بۆ دروست بوونی هاووڵاتیی باش تۆو بچێنین؟

- پرسـیارەکەم بـۆ «گلۆریا»یـە، مـن خـۆم خەڵکـی «تێکسـاس»م، ویلایەتی «تێکسـاس» یەکەم ویلایەت بـوو هەمـوار کردنـی یاسـای مافی یەکسـان پەسـند

بکات و لە باوەشــی بگرێت، بــەڵام ئەوە بوو لە ئاکامدا هاوپەیمانییەکــی ئافرەتان ســەری هەڵدا، کــە دژایەتیی ئافرەتانیان دەکرد، هەر لەبەر ئەوەش بوو سەرکەوتوو نەبوو. هەروەها دەمەوێ ئەوە بڵێم، کە «ئان ریچاردز» لــە ســاڵانی ١٩٩٠ـەکاندا حاکمی تێکســاس بوو، ئەمڕۆ «وێنــدی دەیڤز» خــۆی کاندید کردووە. پرســیارەکەم ئەوەیــە، ئایا بۆچی هەندێک جار ئافرەت ســەرکەوتوو دەبێــت لە هەڵبژاردنــەکان و پۆســتی حاکمی ویلایەت دەباتەوە؟ بۆ نموونە لە «تێکســاس»دا، بەڵام پاش ٢٠ ســاڵی دیکە ئەوجا ئافرەتێکی دیکە کاندید دەکرێتەوە و دەگاتە سندووقەکانی دەنگدان؟

**گلۆریــا ســتاینم:** ئەمــە پرۆســەیەکە کــە هەردەم لەســەر هێڵێکــی راســت و جێگیر نــاڕوات، بەڵکوو پێشــکەوتنی هەیە و پاشەکشــەش. پێویستە ئەو راســتییەش لەبەر چاو بگرین، کــە ئەگەر ئێمە پێشــکەوتنمان نەبوایە، ئەوە پاشەکشەشــمان نەدەبوو. ســەبارەت بە پرسیارەکەت لەبارەی هەموار کردنی یاسای مافی یەکسان. ئەوە ئافرەتان نەبوون کە شکستیان پێی هێنا، بەڵکوو ئاژانسەکانی دەستەبەری (بیمە) بوو. ئەوان رازی نەبوون ئەو یەکســانییە پەســند بکەن، چونکە لە ئەنجامی ئەو هەمــوارە، پارەیەکی زۆریان لە کیس دەچوو. بۆیە ژمارەیەک ئافرەتیــان هێنا وەک دیکۆر بۆ ئــەوەی کەمپین بکەن. لایەنی پەیوەندیدار بەو یاســایەش رەهەندێکی دارایی هەبوو، چونکە ئاژانســی دەستەبەری (بیمە) تاکوو ئەمڕۆش تەنیا کۆمپانیا و گەورەترین کۆمپانیایە لە سەرتاسەری ئەمریکادا کار دەکات، هەڵبــەت لە ســەر بنەمای ویلایەت بۆ ویلایەت نەک لە ســەر ئاستێکی فیدراڵی. هەر بۆیە، ئەوە بوو کە شکستی بە هەموار کردنی مافی یەکسانی هێنا.

**سوانی هەنت:** باسی «تێکساس» هاتە ئاراوە. دەمەوێ شتێک

لەبارەیـــەوە بڵێم. لە بیرتانە پێشـــتر ئاماژەم بـــە پرۆژەکەمان کرد، «ویلایەتـــە جمکەکان»، کە تیمی «پۆڵیتیکاڵ پاریتی» بە ســـەر ویلایەتەکانی ئەمریکادا پیادەی کرد بوو. سەرەتا حاکم «ئان ریچاردز»، پاشـــان ســـیناتۆر «کەی بەیلی هەتچسن»، هەردووکیان لە «تێکســـاس». ئەوەشـــتان لە یـــاد نەچێت، کە ئەو دوو ئافرەتە خاوەن پۆســـتی بەرز بوون. ئەگەر ســـەیری توێژینەوەکەمـــان بکـــەن، کە بەجێمـــان گەیاند بـــوو، دەبینین شـــتێکی زۆر سەرســـوڕهێنەری تێدا دۆزراوەتەوە، چونکە لە میانـــی توێژینەوەکەمانـــدا کاتێک پرســـیارمان لـــە هاووڵاتیان دەکـــرد، کە ئایا پێیان باشـــە ئافرەتی زیاتـــر بگەنە کۆنگرێس و ئەو شـــتە بـــە لایانەوە گرنگە؟ ڕێژەیەکـــی زۆر بەرز لە نێو خەڵکانی لاتین نەژاد و ڕەش پێستان، لە کۆمەڵگەکانی کەمینەدا، بـــە پیـــاو و ئافرەتانەوە، گوتیـــان ئەو شـــتە زۆر زۆر گرنگە. بۆیـــە من لەو بڕوایەدام کە ڕێژەیەکی زۆر لە نێو کەمینەکاندا دەنـــگ بـــە «وێنـــدی دەیڤز» دەدەن، دڵنیاشـــم لـــە هەڵبژاردن دەردەچێـــت، چونکە بە پێی زانیاریمـــان، ڕێژەیەکی زۆر بەرز لە نێو خەڵکانی لاتین نەژاد و ڕەش پێســـتەکان، بۆ وەرگرتنی پۆست پشتگیریی ئافرەتان دەکەن. بە رای من بە شێوەیەک لە شـــێوەکان، خەڵکی نامۆ (هی وڵاتی دیکە) هەمیشە پشتگیریی کەسانی نامۆ دەکەن.

■ *بـــە پێـــی زانیارییەکانـــم، ســـیناتۆر «بـــۆب کرۆکەر» لـــە «تێنیســـی» کـــە لـــە پارتـــی کۆمارخوازانـــە، ئـــەو سەرپەرشـــتیاری ســـیناتۆر «ئەلیزابێـــت وارن» بووە، بۆیە پرسیارەکەم ئەوەیە، ئایا دەتوانین بڵێین ئەوە ڕۆڵ و هەوڵی پیاوانە لە بوونی ئافرەت بە سیاسەتوان؟*

**کێری هیلی:** پێشـــتر باسی ئەو خاڵەم کرد، بەڵام وا بزانم بە جوانی شیم نەکردەوە. زۆر گرنگە پیاوانیش سەرپەرشتیاریی ئافرەتان بکەن، لەم ڕووەوەش ڕۆڵی پیاوان زۆر زۆر گرنگە،

چونکە لە هەندێک لە حاڵەتەکاندا ئافرەتانی هەڵبژێردراو، هیچ ئافرەتێکــی دیکە نادۆزنەوە لەو پۆســتانەی کە وەریدەگرن و بۆی دەڕۆن، پێش ئەوان ئافرەتی دیکە نەبووە بۆ ئەوەی وەک نموونەیــەک لە بەر چاوی بگرن. بۆیــە زۆر جار هەڵکەوتەی بارودۆخــەکان وا ڕێــک دەکــەوێ، ئێمــە بڕۆین بــۆ هەندێک شــوێن یان پۆست کە پێشــتر ئافرەتی لێ نەبووە. لەو کاتەدا پێویســتیمان بە سەرپەرشــتیاران لە ڕەگــەزی نێر دەبێت، بۆ ئــەوەی هاریکارمان بن. ئەمڕۆش کە قســەمان کرد لەبارەی گرنگیی بوونی ئافرەتان بە سەرپەرشــتیار بۆ ئافرەتانی دیکە، ئەوەش دەخەینە پاڵ قســەکانمان کە ئاساییە ئەگەر ئافرەتان داوا لە پیاوانیش بکەن ببن بە سەرپەرشتیاریان.

■ *ئەگــەر ئێوە تــا ئەمڕۆش قوتابیی زانکــۆ بوونایە، بۆ وەدی هێنانی کرێی یەکسان بۆ ئافرەتان چیتان دەکرد؟ ئێوە وەک قوتابیی زانکۆ لەم ســەردەمەدا چیتان دەکرد بۆ ئەو مەبەستە؟*

**گلۆریــا ســتاینم:** پێداگــری بکە. مــن لەو راســتییە بە ئاگام کــە ئێمەی ئافرەتــان زۆر جار پیشــەی گونجاومان دەســت ناکەوێــت، کە لە بەرانبەریدا کرێی گونجاو وەرگرین. تەنانەت گەر ئەو پیشــەیە لە هاوین بێت یاخود بەشــەکی، بە گوێرەی گونجاندنــی لەگــەڵ کاتــی خوێندنمان لە کۆلێــژ. بۆیە بە رای من پێویســتە داوای بکەین. زۆر گرنگە بایەخەکانی ئەم لایەنە بخەینــە روو، چونکــە ئەگەر بێتوو هەمان کــرێ بە ئافرەتان بدرێت بۆ هەمان ئەو جۆرە کارانەی پیاوان دەیکەن، هاوشێوە لەگەڵ کرێی پیاوان بۆ پیشــەی هاوشــێوە، ئــەوە لە ئەنجامدا ســاڵانە ٢٠٠ ملیــار دۆلار لە کەرتی ئابــووری زیادی دەکرد. ئــەوەش گەورەترین ســوودی بە ئابووریــی وڵات دەگەیاند، باشتریش دەبوو لەوەی پارەکە بنێرن بۆ بانکەکان و بۆ «وۆڵ ســتریت». ئێمەی ئافرەتان پارە نانێریــن بۆ کردنەوەی بانکە

حیســاب لە بانکەکانی سویســرادا، بەڵکوو هەر لێرە لە وڵاتی خۆمــان خەرجی دەکەین. بۆیە یەکســانی لە کرێ ســوود بە ئابووری دەگەیەنێت، لە هەردوو ئاســتی: (ئابووریی مایکرۆ) و (ئابووریی ماکرۆ)دا.

***کاڵــی کرۆســلی کۆرکێــر:*** *دەمــەوێ خاڵێــک بخەمــە روو. جێگری حاکم «ئێڤیلین مۆرفی» ئەمڕۆ لەگەڵماندا بوو، لە نێو ئامادەبوواندا دانیشت بوو. کتێبێکی نووسیوە لە سەر «کرێی یەکســان بــۆ ئافرەتــان». لە یەکێک لە بەشــەکان رۆشــنایی خســتووەتە ســەر خاڵێکی زۆر گرنگ، کە دەڵێــت: (ئافرەتان (ســەودا) مشــومڕ ناکەن، هەرچەنــد بێت بــڕی پارەکەی کە پێشکەشیان دەکرێت، ئافرەتان وەریدەگرن و هیچ ناڵێن، بۆیە پێویستە ئەو واقیعە بگۆڕدرێت).*

- *ئەم پرسیارە بۆ هەمووتانە، راوێژتان چییە بۆ کچانی گەنج، ئایا ئێوە چۆن هاریکاریی کچان دەکەن بۆ ئەوەی کچان بتوانن بۆ جیهان دەســت پێشــخەر و یارمەتیدەر بن؟*

**سوانی هەنت:** من وەڵامت دەدەمەوە. بنکەی دیدەوانیی کچان لێرەیە. بە پێی زانیاریی من، نزیکەی ٤٨ هەزار کچی دیدەوان هــەن، نزیکــەی ١٠ تا ١٢ هــەزار کچی دیکەش خۆبەخشــانە کاریان لەگەڵ دەکەن. کۆی ژمارەکەیان دەگاتە ٦٠ هەزار کچ. ئەمــەش هێزێکی زۆر گەورە و بە تینــە. بۆیە ئامۆژکاریم بۆ هەموو کچێکی «ماساچوتس»: (بڕۆنە ریزی ئەو هێزەوە).

- *بــە پێی ئەزموونم و بە درێژایی تەمەنی پێگەیشــتنم، بــەردەوام هەوڵم دەدا هەڵوێســتی یەکلاییکەرەوە بدەم و پێداگــری لە ســەر بیر و باوەڕەکانم بکــەم، بەڵام لە کۆلێــژ وانەیەکمــان خوێنــد کە زۆنی خۆڵەمێشــییە لە نێوانی دروســت و هەڵە، رەش و سپی، راست و چەپ. بە قوولــی لەو وانەیەم کۆڵییەوە، چونکە من کەســێکی*

*«باسکیلسوار»م، ئاواتم ئەوە بوو ببم بە سیاسەتوان، بەڵام هەندێک جار بە تایبەتی لە حاڵەتەکانی کەسانی وەک من نازانین لە کوێ بوەستین، راست یان چەپ، دروست یان هەڵە، پیاو یان ئافرەت. بۆ زانیاریتان من خۆم وەک کەسێکی «بێلایەن» تۆمار کردووە. دەمەوێ رای جیاواز کۆ بکەمەوە و لە چەندین گۆشەوە سەیری مەسەلەکان بکەم پێش ئەوەی هەر بڕیارێک بدەم. بۆیە پرسیارەکەم بۆ ئێوە ئەوەیە کە ئایا ئێمە وەک ئافرەت دەتوانین بڕیار بدەین؟ کام لایەن بگرین و چۆن تێکەڵی ژیانی سیاسی بین؟*

**ئایانا پریسلی:** ئێمە زۆر باسی ئەرک و بەرپرسیاریی ئافرەتانمان کرد، بەڵام ئەو خاڵەی تۆ ئاماژەت پێی کرد پەیوەندیی بە ئەرک و بەرپرسیارییەوە نییە، بەڵکوو پەیوەستە بە خەسڵەت و کارەکتەرەی ئافرەتەوە، چونکە ئێمەی ئافرەت لەبارەی هەر رووداوێکی دیاری کراوەوە، بە قوولی بیر دەکەینەوە و دیراسەتی دەکەین و لایەنەکانی رووداوەکەش لەبەر چاو دەگرین. سەبارەت بە پرسیارەکەت لەبارەی چۆنیەتی هەڵبژاردن لە نێوانی دروست و هەڵەدا، بە رای من خۆت وەک کەس باوەڕت بە هەر چی بێت، ئەوە ئەو شتە دروستە. پێشتر ئاماژەم کرد کە چۆن هەوڵم بۆ سەرکەوتنی بەردەوام دا، پاش سەرکەوتنم لە هەڵبژاردن و چۆن توانیم وانەی سێکس بخەمە ناو پرۆگرامی خوێندنەوە، لەگەڵ ورووژاندنی مەسەلەی بەکارهێنانی «کۆندۆم». دڵنیام گەلێک لە خەڵکی ئەو رەفتارەم بە شتێکی بەدڕەوشتی لە قەڵەم دەدەن. پێویستە هەر یەک لە ئێمە بەردەوام پێداگر بین لە سەر بیر و باوەڕەکانمان، لە ئەنجامدا دەبینین خەڵکێکی زۆری دیکەش دێنە پاڵمان و پاڵپشتی لە هەڵوێستەکانمان دەکەن. هەروەها پێویستە بەرەنگاری واقیعی کۆمەڵگە ببینەوە

و ئەو راســتییەش بســەلمێنین، کە کولتوورەکە کولتوورێکی پیاوســالارە، بۆیە پێویســتە هەموو هەوڵێک بدەین بۆ ئەوەی نەکەوینــە ژێــر گوشــار و کاریگەریی پیاوانــەوە، لە هەوڵ و کارمانــدا بە هەمان ئــەو رێچکەیەدا نەڕوێن کــە پیاوان پێیدا رۆیشــتوون. پێویستە شــێوازی بەڕێوە بردنی پیاوان هەرس نەکەین. ئەمەیە جیاوازیی نێوانمان.

**کێری هیڵی:** دەمەوێ شــتێک بڵێم، ئەگەر ســەرنجێک بدەینە دیمەنــی ئەمڕۆی سیاســیمان، دەبینیــن خەڵکانێک هەن کە بە ئاستێکی رەها پاڵپشــتی لە لایەنێک دەکەن، لەگەڵ خەڵکانێکی دیکە کە بە ئاستێکی رەها پاڵپشتی لە لایەنی بەرانبەر دەکەن. بە رای من کەسانێکی وەکوو تۆ سوودێکی زۆر بە پرۆسەی سیاســیمان دەبەخشێت و بەرەو پێشەوەی دەبات، چونکە تۆ دەتوانــی بەشــێک لە راســتییەکانی لایەنێک ببینــی، لە هەمان کاتدا بەشێک لە راستییەکانی لایەنی بەرانبەریش ببینی. دڵنیام نموونــەی وەک تۆ دەتوانن لەو ناوەندەدا ئەو پردە دروســت بکەن کە ئێمە پێویستمانە.

■ *پرسیارەکەم ئاراستەی «گلۆریا» دەکەم. تۆ ئاماژەت کــرد بە بەگەڕ خســتنی کەرتــی ئابووری لــە هەردوو ئاســتی ئابووریــی مایکرۆ و ئابووریــی ماکرۆ لە یەک کاتدا. لە ســەر ئاستی کەسدا قسە دەکەم، هەندێک جار هەســت دەکەم بارەکە ئاڵۆز و ســەختە کاتێک بیر لەو گۆڕانکارییانــە دەکەمەوە، کە خوازیارم لە جیهاندا روو بدەن، لەگەڵ چۆنیەتــی دۆزینەوەی پێگەیەک کە لێیەوە کار بکەم بــۆ وەدی هێنانی ئەو گۆڕانکارییانە. هەندێک جــار بەدواداچوونــی مایکــرۆ دەکەم بۆ ماکــرۆ، بەڵام ناتوانم خاڵی گرێدان لە نێوانیاندا بدۆزمەوە.*

**گلۆریا ستاینم:** زۆر لە فەیلەسووفان شکستیان هێنا، چونکە پێیان وا بوو (مەبەســت پاســاوە بۆ ئامراز)، بەڵام لە راستیدا

ئــەو جۆرە ڕێگەچارانەی دەیگرینە بەر، ئەو ئەنجامە دەســت نیشــان دەکات کە هەڵمان بژاردووە. بە ڕای من پێویســتە بۆ ئەمڕۆمان بە شێوەیەک بژین کە قەناعەتمان بە بایەخی هەموو کار و ڕەفتارەکانمان هەبێت، ئەو کار ورەفتارانەی دەیانکەین، بەهای ئەو شتانەش بپارێزین کە بەجێیان دەگەیەنین، پێم وایە بەو شێوەیە دەگەینە ماکرۆ.

**سوانی هەنت:** خۆزگە مەرجێک هەبوایە لە سەر هەر کەسێک کــە لە پێگەی داڕشــتنی پلان و بەرنامەکانــدا کار دەکات، کە پێش وەختە لە ســەر ئاســتی جەماوەریــدا ئەزموونی هەبێت و لــە نێــو خەڵکــەوە دەرچوو بێــت، چونکە کــەس مافی نییە سیاســەت داڕێژێت، کە کاریگەریی بە ســەر کەسانی دیکەوە هەبێت، ئەگەر ئەو کەسە کاری لەگەڵدا نەکرد بن و لەگەڵیاندا نەژیا بێت.

■ *ئەم پرســیارەم ئاراســتەی «ئایانا پرێســلی» دەکەم، منیش وەک تۆ بە نەژاد خەڵکی شاری «بۆستن» نیم و دوورم لە کەش و هەوای سیاســیی شارەکەوە. بە ڕای تۆ چۆن دەتوانین ژینگەی سیاســیی شاری «بۆستن» بگۆڕین بــۆ ئەوەی ئافرەتانی زیاتر و کەمینەکانی دیکە لەخۆ بگرێت؟*

**ئایانا پرێسلی:** پرسیارێکی گەورەیە، بەڵام وەڵامێکی سادەم هەیــە. وەســتانی تۆ لێــرە و ئاراســتە کردنی ئەو پرســیارە بــە متمانەیــی و بە شــانازییەوە، ئەوە بۆ خــۆی وەڵامێکە بۆ پرسیارەکەت. ئەم وەستانەت ئەوە دەسەلمێنێت کە تۆ بڕیارت داوە تێکەڵی کاری سیاســی بیت، دڵنیاشم کاریگەریت لە سەر ئافرەتانــی دیکــەش دەبێت و بۆیان دەبی بە مایەی ســروش. دەمــەوێ بەم شــێوەیە وەڵامــت بدەمەوە، تا مێشــکی خەڵک نەگــۆڕی، هەرگیــز ناتوانی هیچ لە جیهانــدا بگۆڕی. هەروەها پێویســتە شــێوازی وتار نووسین و قســەکانمان لە شێوازی

نەریتییـــەوە بگۆڕین و بـــەرزی رابگرین. پێویســـتە خۆمان لا بدەین لە شـــتی دووبـــارە و نەریتی. کاتێک بـــۆ یەکەمین جار خـــۆم کاندید کرد، بینیم ئەو کەســـانەی کارم لەگەڵیان دەکرد، کۆپییان لە «سی ڤی»یەکەم بڵاو دەکردەوە. باوەڕ ناکەم کەس قبووڵی بێت باســـی خۆی بکات، ئەو کەســـەی دوور لە دایکی گەورە بووە، باوکیشـــی کێشـــەی لەگەڵ ماددەی هۆشـــبەردا هەبـــووە و ماوەیەکـــە لە زینـــدان دەرچـــووە. هەروەها کەس قبووڵی نییە باســـی خۆی بکات، کە رزگار بووی دەستی توند و تیژیی سێکســـییە. ئەوان ئەو راستییەیان لەبەر چاو نەگرت، کە چیرۆکەکەی من وەک هەر چیرۆکێکی دیکەی ئاســـاییە لە ژیانی زۆر لە خێزانەکان. هەر بۆیە، بە رای من ئێمە توانامان هەیە یاســـاکان بگۆڕین، هەروەها دەشـــتوانین بیرکردنەوە و بیرۆکەکانیش بگۆڕین، ئیدی کاتێک بیرکردنەوەکانمان گۆڕی، ئەوکات دەبینە خاوەن بیر و بۆچوونی جیاواز و فرەجۆر.

**کاڵی کرۆســـلی کۆڕگێڕ:** کۆڕێکی پڕ بابـــەت بوو، گفتوگۆی گرنگ کرا، بۆیە وتاری کۆتایی لە لایەنی ئافرەتێکەوە پێشکەش دەکرێـــت، کـــە نموونەیەکی بەرچـــاوە لە سیاســـەتدا، «تێرێزا مورای» سەرۆکی ســـیناتۆرانی «ماساچوتس»، کە یەکەمین ئافرەتە ئەو پۆستە وەرگرێت.

### ■ وتاری کۆتایی کۆڕەکە

تێرێز مورای سەرۆکی سیناتۆرانی ماساچوتس:

شــەرەفمەندم کە ئەم شــەو لێرە لەم کـۆڕەدا ئامادە بووم، گوێــم لە قســە گرنگەکانــی هەمووتان بــوو. «گلۆریــا»، تۆ نموونەی بەرزی منی، بە درێژایی ژیانی پیشەییم سەیری تۆم کردووە. کۆڕەکەی ئەم شــەو زۆر بایەخــدار بوو، گفتوگۆی زۆر گرنگــی تێدا کرا بە ئامادە بوونی ژمارەیەک لە ئافرەتانی ســەرکردەی ســروش بەخش. کۆڕەکەی ئەم شــەو لەســەر ئافرەت و سیاسەت بوو، بۆیە من زۆر خۆشحاڵم کە لەگەڵتان ئامادە بووم و ئێســتاش قســەتان بۆ دەکەم. بە رای من ئەو کەسەی لە سەر مێز دادەنیشێ و گفتوگۆ دەکات کەسێکی زۆر گرنگە، چونکە بە درێژایی ژیانی پیشەییم، کاتێک خەڵکی لێرە کۆ دەبوونەوە و دادەنیشــتن، زۆر جار لە ســەر مێز تەنیا من ئافرەت بووم لە نێویاندا، بەڵام ئەمڕۆ من سەرۆکی مێزەکەم، کاریشــم کرد بۆ هێنانی ئافرەتانی دیکە بۆ ســەر مێز. کاتێک بۆ یەکەمین جار، چەندین ساڵ بەر لە ئێستا، بڕیارم دا بڕۆمە نێو ژیانی سیاســییەوە، قورســترین بڕیار بــوو کە لە ژیانمدا دابووم. بەرهەڵستییەکی زۆر لە سەر ڕێگەم هەبوو، تازە تەڵاقم وەرگرت بوو. منداڵێکی تەمەن ١٦ ساڵانیشم هەبوو. چەندین جــار داوام لــێ کرا خۆم کاندیــد بکەم، بەڵام ڕەتــم کردەوە، چونکــە پارەم نەبوو، نەمدەتوانی بەرگەی خەرجییەکان بگرم. هەروەهــا نەمدەتوانی لە کچەکــەم دوور بکەومەوە. تەنانەت تــا ئەمڕۆش ئافرەتان ڕووبەڕووی ئەو جۆرە بەرهەڵســتیانە دەبنــەوە. خەڵکێکــی زۆر وا بیر لــە ئافرەتــان دەکەنەوە، کە ئافرەت هەســتی ناســکە و کاندیدێکی شــیاو نییە بۆ پۆستی گشــتی. من بۆ خۆم بە لامەوە ئاساییە لە بەردەم ڕووداوێکی دڵتەزێن فرمێســک بە چاوەکانمدا بێتە خوارێ. دەڵێن ئافرەت

زۆر لاوازە و ناتوانێــت بڕیاری قورس بدات، با بێن ســەیری هەنـدێ لــەو بڕیارانە بکەن کە مــن داومن. ئەمڕۆ لە ســاڵی ٢٠١٣داین، تا ئەمڕۆش ئەو جۆرە جیاکارییە لە نێوانی ئافرەت و پیاودا دەکرێت، ئەوەش شتێکی ناپەسندە. بە درێژایی ژیانی پیشــەییم، لە دژی ئەو ئاراســتەیە هەوڵ و کۆششم کردووە. بــاش دەزانم هەســتی مرۆڤ چۆنــە کاتێک ببینێــت، کە تەنیا خــۆی ئافرەتە لە ســەر ئەو مێزە، هەســتێکی زۆر ناخۆشــە. ددان بەو راستییەشــدا دەنێم کە من زۆر دوودڵ بووم لە خۆ کاندیــد کردن تا خــۆم بڕیارم دا، بەوەی کاتــی ئەوە هاتووە گۆڕانــکاری وەدی بێــت. کاتێک بۆ یەکەمین جــار لە بەردەم ئەنجومەنی ســیناتۆراندا لە ســاڵی ١٩٩٣دا ســوێندم خوارد، لە ســاڵی ١٧٩٠ـەوە شــازدەمین ئافرەت بووم لــە ریزبەندی ئافرەتانی هەڵبژێردراو بۆ پۆستی سیناتۆری «ماساچوتس». کاتێکیش هەڵبژێردرام وەک ســەرۆکی ســیناتۆران لە ســاڵی ٢٠٠٧دا، یەکــەم ئافرەتیش بووم کە بۆ ســەرکردایەتی کردنی دەستەیەکی یاسادانان لە «ماساچوتس» هەڵبژێردرێت. ئەمڕۆ تەنیا نزیکەی ٢٥٪ لە دەســتەی یاسادانانمان لە ئافرەتان پێک هاتــووە، رێژەکــەش لە زیــاد بوونە و خەریکــە دەگاتە ٣٠٪. ئەم کێشــەیەش تەنیا لە «ماســاچوتس» نییە، چونکە لە کۆی ٥٣٥ کورســی لە کۆنگرێس، تەنیا رێــژەی ١٨٪ی لە ئافرەتان پێــک هاتووە. بەرەو پێشــەوە چوونی پێگــەی ئافرەت بە پێی پێویســت نییە، بۆیــە گرنگە ئەوەی لە تواناماندا بێت بیکەین بــۆ هاندان و پاڵپشــتی کردن لە ئافرەتان، بــۆ ئەوەی خۆیان کاندیــد بکەن. پەیامێکیشــم بــۆ هەموو ئافرەتانــی کارکەر لە دەســەڵاتی یاســادانانەدا هەیە، ئەمەش هەمووومان دەگرێتەوە، پێویســتە ببین بە نموونە بــۆ نەوەکانی داهاتووی ئافرەتان و هانیان بدەن و پاڵپشتییان بکەن و پیشانیان بدەن، کە دەتوانن ســەرکەون. قســەیەکم هەیــە پێشــتر گوتوومــە و ئێســتاش

دەیڵێمــەوە: (کە لە دەرگایــەک تێپەڕین و چوونە ژوورەوە بۆ شــوێنێک «پۆســتێک»، دەرگاکە بە کراوەیــی جێ بهێڵن و لە دوای خۆتان داینەخەن). بە کورتی، ئافرەتان شایستەن بگەنە دەسەڵات، نەک لە سەر بنەمای ئەو واقیعەی کە ئەوان ئافرەتن، بەڵکوو چونکە ئافرەتان بە قەد پیاوان شیاو و بە توانان. زۆر ئافرەتانــی گەنج توانــای ماددییان نییە بۆ خــۆ کاندید کردن، ئەم شەو بۆ خۆتان گوێتان لەو راستییە بوو، ئیدی بۆیە زۆر جار دەکەوینە پاشــەوە و لە پشــتەوەی پیاواندا دەوەســتین. ژمارەیەک لەو ئافرەتانەش کە توانیویانە بگەنە پۆستی گشتیی بەرز، لە ســاتێکی دڕەنگ وەختدا بووە یــان تەمەنی چووەتە ناو ســاڵەوە و درەنگتر بووە لەو ســەردەمەی کە خواســتی هەبووە بگاتە ئەو پۆســتە. زۆر لە ئافرەتان دەســت پێشخەر نابــن و خۆیان کاندید ناکەن و دوودڵی دەکەن، تا بۆ چەندین جار (داوایان لێ دەکرێت). بۆیە هیوادارم ئەم قســەیەم لەبەر چاو بگرن، داواکارییەکی کەســیم لێتان هەیە، پێویســتیمان بە ئێــوە هەیــە تێکەڵی سیاســەت بن، کار بۆ کاندیــدەکان بکەن، پاڵپشــتی لــە کاندیدانی ئافرەت بکەن، ببن بــە ئافرەتی کاندید کــراو، خۆتان بۆ ئەنجومەنــی کۆلێــژەکان هەڵبژێرن، خۆتان بۆ شــارەدار (سەرۆک شــارەوانی) هەڵبژێرن. لە سەر ئاستی لۆکاڵدا کار بکەن، لە سەر ئاستی نیشتیمانیدا کار بکەن. گفتوگۆ لەگەڵ نوێنەرانتان بکەن، لەگەڵ سیناتۆرەکەتان یانیش لەگەڵ ئەندامانی کۆنگرێســی ئەمریــکا. پرس و مەســەلە گرنگەکان بورووژێنــن، چونکــە هەموو مەســەلەیەک پەیوەندیــدارە بە ئافرەتەوە. بڕیاردانیش بۆ تێکەڵ بوون بە سیاسەت لە ماوەی چەند مانگ یان چەند ســاڵێک ناکرێت، بەڵکوو ئێستایە، ئێستا ئــەو بڕیــارە بدەن. ڕێــژەی ئافرەتان لە نێو کۆمەڵــدا بریتییە ٥٢٪، بۆیە نۆرەی ئێمە هاتووە شــار و شارۆچکەکان بەڕێوە بەرین، نۆرەی ئێمەیە رابەرایەتیی ئەمریکا و نەتەوە بکەین. بە

واتایەکی دیکە نۆرەی ئێوەیە. بۆیە هەر ئێستا بڕیار بدەن و یەکسەر دەست پێ بکەن. ئافرەتی خاوەن ڕەفتاری دروست، مێژوو دروست دەکات.

---

(*)تێبینی: «تێرێز» لە میانی وتارەکەیدا سترێسی خستووەتە سەر ڕستەی (داوایان لێ دەکرێت) و مەبەستی ئەو ئافرەتە سیاسییانەیە کە لە کۆڕەکەدا دانیشتوون و چۆن شانازییان بەوە دەکرد، کە زۆر تەکلیفیان لێ کرا ئەوجا ڕازی بوون خۆیان کاندید بکەن.

(*) پێشتر: کەرتی کۆڵۆمبیا: District of Columbia بوو، کە دەکاتە «واشنتن»ی پایتەخت (ئەمڕۆ).

(**) لە ئینگلیزیشدا هەمان وشە بەکار دەهێندرێت، سەرچاوەکەشی عەرەبییە: حەریم: حريم: Harem.




# سەرکردایەتی و بەرپرسیاریەتی لە ئاسایشی ئینتەرنێت و کۆمپیووتەردا

## سایبەر سیکیورتی: (CYBERSECURITY)

ملیسیا ئیچ هاتەوەی

*ملیسـیا هاتەوەی لیسانسی لە زانکۆی ئەمریکا لە واشنتۆن وەرگرتـووە و خوێندنی باڵاشـی لە زانکـۆی ئەرکانی هێزی چەکـداری ئەمریکا تـەواو کردووە و بڕوانامـەی تایبەتی لە ئۆپەراسیۆنی زانیاری کۆکردنەوە پێ بەخشراوە، لە سەرەتاوە لەناو حکوومەتی ئەمریکا کاری لەسەر کۆکردنەوەی زانیاری و ئاشکرا کردنی مادەی هۆشبەر کردووە، لە ساڵانی ١٩٩٣-٢٠٠٧ کاری راویـژکار بـۆ کۆمپانیـای بـوز ئەلـن هاملتۆن کردووە، لەم کۆمپانیایەشـدا راوێژکاری پرۆسەی پاراستنی زانیاری و سـتراتیژیەتی دوورمهودای لە بواری سیاسـەتی بازرگانی کردووە. لەسالی ٢٠٠٨ بووەتە راوێژکاری سەرەکیی مایک ماکونێڵ بەڕێوەبەری ئاژانسـی هەواڵگریی نیشتیمانیی ئەمریـکا، هەروەهـا جیبەجیکاری هەماهەنگـی کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت (CYBER)دەزگای هەوڵگری ئەمریکا بووە، لە هەمان کاتدا سـەرۆکی گرووپی دیراسـاتی ئاسایشـی ئینتەرنێت و کۆمپیووتەر بووە (cybe security)، لە مانگی شـوباتی ٢٠٠٩*

هاتــەوەی پۆســتی بەڕێوەبەری بــاڵای فەزای ســایبەری لە ئاژانسی هەوڵگری و ئاسایشی نیشتیمانی پێ دراوە و ماوەی ٦ مانــگ لــە ئیــدارەی ئۆباما ئەم پۆســتەی هەبــووە، دواتر گەڕاوەتەوە بۆ کەرتی تایبەت، ئێســتاش خۆی کۆمپانیایەکی بە ناوی (هاتەوای گلۆباڵ ســتراتیژ) دامەزراندووە، هەروەها راوێــژکاری چەنــد کۆمپانیایەکــی دیکەشــە و راوێــژکاری پرۆژەی پارســتنی ئاسایشــی ئینتەرنێت و کۆمپیوتەیشــە لە زانکۆی هارڤارد. خاتوو هاتەوای ئەم بابەتەی بە ناونیشــانی (سەرکردایەتی و بەرپرســیاریەتی بۆ ئاسایشی ئینتەرنێت و کۆمپیووتەر نووســیوە) بۆ ئەوەی خوینەران زیاتر ئاشنا بن بە مەترســی ئاسایشــی ئەنتەرێت و کۆمپیووتەر کردوومانە بــە کوردی، لە هەمان کاتدا خوینەر ئــاگادار دەکەینەوە، ئەو زارەوە تازانەی لەم باســەدا هاتوون و نەمانتوانی بە کوردی هاوتاکانیــان بدۆزینەوە، بۆیە ناچار بووین وەک زاراوەیەکی تازەی جیهانی وەک خۆیان بیاننووسینەوە.

لــە لای داروین «ئەوانــە زیرەکترین توخم و چەشــن نین کــە دەمێننەوە؛ ئەوانە بەهێزترین نیــن کە دەمێننەوە؛ بەڵکوو ئەوانە دەمێننەوە کە دەتوانن بە باشــترین شــێوە لەگەڵ ئەو ژینگــە گۆڕاوەی کە خۆیانی تێدا دەبیننەوە، بگونجێنن و هەڵ بکەن.»

بــە دڵنیاییــەوە ئێمــە خۆمــان لەگــەڵ ئینتەرنێــت و ئــەو تەکنۆلۆژیایــەی پاڵپشــتیی دەکات، گونجاندووە. لە راســتیدا ئینتەرنێتمان کردووەتە بەشێکی دانەبڕاو لە هەموو شتەکانی ژیانمــان، لــە زۆر رووەوە پێمان وایە دەبێت بیســت و چوار سەعات و هەر حەوت رۆژەکەی هەفتە، ئینتەرنێتمان هەبێت. ئێســتا نزیکەی دوو ملیار و نیو بەکارهێنــەری ئینتەرنێت لە جیهانــدا هەن، لە نێویاندا نیوەیان لە خوار تەمەنی بیســت و پێنج ســاڵەوەن، لەگەڵ ئەوەشدا چەندین کەسی دی هەن، کە بە شێوەیەکی زۆر سەرکەوتووانە خۆیان گونجاندووە، وەک تاوانبار و سیخوڕ و هەندێ خەڵکی دیکەی زیرەک. مانشێتی

میدیاکان ڕۆژانە رایدەگەیەنن، حیســابە بانکمان دزراوە، یان سامانی رۆشــنبیریمان بە شێوەیەکی نایاسایی کۆپی کراوە، یاخود ژێرخانگەلی گرنگمان بەزێندراوە، لە هەر ساتێکدا بێت لە کار دەکەون. هەمان ئەو پێکهاتەیەی کە لە نزیکەی ٤٠٪ی گەشەی بەرهەمی ئابووریی جیهاندا بەشدارە، لە هەمان کاتدا رێ بۆ ئابوورییەکی بەهێزی شاراوە خۆش دەکات.

ئــەم پەیامانــە وا دەردەکەوێت کە بە گوێــی کەڕدا بچن، لە کاتێکدا دامەزراوە و سەرکردەکانی سیاسیمان لە قسە کردن ســەبارەت بــە ژینگەی گرفتار بەردەوامــن، بەڵام زۆر کەمن ئەوانەی بۆ چارەســەر کردنی گرفتەکە خــۆ دەگونجێنن یان بەرپرســیاری پیشــان دەدەن. لە بری ئەوە، وا دەردەکەوێت، ســەرکردەکانمان بــە بووژاندنــەوەی ئابووریــی دریــژە پێ دراو، ئیفلیــج کرا بن، نکوڵییش لە پێویســتییەکانی ئاسایشــی ژێرخــان و کۆمپانیاکانــی بازرگانیمان دەکەن. ئەمە بۆ وایە؟ لەبــەر ســەختیی راگرتنی هاوســەنگی لــە رووی داواکاریی لەیەکچــووەوە: گەشــە و بووژاندنەوەی ئابــووری بەرانبەر بە ئاسایشــی نەتەوەیی و پاراســتنی ژێرخان. ئەم تەنگژەیە، لە رێی کێبڕکێی ســەر ســەرچاوەکان و دواکەوتنی جێبەجێ کردنی سیاسی و ناڕوونیی نەخشەڕێی تەکنۆلۆژی بۆ مامەڵە کــردن لەگەڵ کــەم و کوڕیی ئەمنییــەوە، خراپتر کــراوە، لە کاتێکدا کە خەریکی هەڵبــژاردن و دامەزراندنی تەکنۆلۆژیای نەوەی داهاتووین لە نێو ژێرخان و کۆمپانیاکانماندا.

داڕێژەرانی سیاسەت و یاسادانەران و بزنسمانان، پێویستە کەلێنــی نێــوان بۆچوونی ئێســتای بەرگریمان و پێویســتیی بەرگریــی هێڵەکانــی پێشــەوەمان بەرانبەر بــە زنجیرەیەکی بێشــومار لــە کاراکتــەری پێشــکەوتوو هەڵبســەنگێنن. ئەم توێژینەوەیــە زنجیرەیــەک خوێندنــەوەی دۆخ: رەوش (case studies) بــاس دەکات، کــە جەخــت دەکاتــە ســەر نەبوونی

بایەخدان بەم کێشە ترسناکە و چارەسەری دواتری سیاسی و تەکنەلۆژیانـــەی، کــە دەهێندرێن و بۆ نەهێشــتنی کەلێنەکە بەکار دەهێندرێن.

**ئۆپەراسیۆنی (بەکشۆت یانکی)**

لــە پاییــزی ٢٠١٠دا جێگــری وەزیــری بەرگریــی ئەمریکا (ویلیەم لین) گوتی، کە وەزارەتی بەرگری سەبارەت بە تۆڕە کۆمپیووتەرە سەربازییە نهێنییەکەی، دووچاری مەترسییەکی گــەورە بووەتەوە. ئەم ســنوور بەزاندنە لــە ٢٠٠٨دا رووی دا، کــە لە رێــی فەرمانبەرانــی نیزامی ســەربازیی باوەڕ پێ کــراوەوە گەیەنــدرا بوو. ئەوان بــۆ گواســتنەوەی زانیاریی گرنگی سەربازی لە نێوان سیستەمەکانی نهێنی و نانهێنیدا، بۆ پاڵپشتی کردن لە ئۆپەراســیۆنەکانی ناوەندیی سەربازیانەی ســەرکردایەتیی ئەمریــکا، (یو ئێس بی)یان بــەکار هێنا بوو. (یــو ئێس بی)یەکان کۆدی کۆمپیووتەری زیانبەخشــیان تێدا بــوو، کــە دەیتوانی نەبینــدراو لە تۆڕێکەوە بــۆ تۆڕێکی دی بــڵاو بکاتەوە. کۆدەکە وا دیزاین کرا بوو، کە بە شــێوەیەکی نایاســایی زانیاری کۆپی بکات و بیگوازێتەوە بۆ ســێرڤەری بیانی.

کۆدەکــەی وەزارەتــی بەرگــری ناونرا: دۆزینــەوە و چاک بوونــەوە لــەو رووداوە: (ئۆپەراســیۆنی بەنکشــۆت یانکی). ســەرکردەکانی حکوومی ویســتیان، رادەی ئــەو بەزاندنە و رادەی باوەڕ بەو تۆڕانە بزانن. هەزاران کاژێر بۆ دەســتگیر کردن و پەراوێز خستنی ئەو نەخۆشییانە کار کرا. وەزارەتی بەرگــری پەرەی بە تەکنۆلۆژیایەک دا بۆ بینین و داخســتنی کەناڵەکانــی پەیوەنــدی و لەنــاو بردنــی نەخۆشــییەکان. تێکرای تێچووی ســەرمایە و کارەکە، هێشــتا بۆ ڕای گشتی رانەگەیەندراوە.

لە گۆشەنیگای سیاسییەوە، وەزیری بەرگری و بەڕێوبەری

دەزگای هاوبەشـــی ئەرکان، بە شـــێوەیەکی کاتی رایانگەیاند: لـــە بـــەکار هێنانی ئامێری ســـێڤی جـــوولاو، دوور بکەونەوە. ئەمەش کاریگەریی کردە ســـەر ئـــەدای وەزارەت و هەڵمەتی چالاکییەکان و بۆ هەندێکیش توانای راپەڕاندنی کارەکانیان.

لـــە گۆشـــەنیگای تەکنەلۆژییەوە، لـــە رووی ئەندازیارییەوە پێویستی بە گۆڕان بوو. پێش ئەو رووداوە، وەزارەت هەوڵی بەرگریی خۆی خستبووە سەر ستراتیژی بەرگری لە دەرەوە بۆ ناوەوە و بەرگری بە قووڵی لە ناوەوە. هەرچەندە لە ساڵی ٢٠٠٧دا، دەزگای (نەتەوەیی گشـــتگیری دەســـت پێشـــخەریی ســـایبەر ســـیکیورتی): (CNCI) پرۆگرامەکانـــی بەرگریـــی لە چـــوار رێگای هێرش کردنـــەوە دانا، هەروەها داراییشـــی بۆ تەرخان کرد، ئەمەش چوار رێگاکە بوون: (گەیشتنی ئاگادار)، (گەیشـــتنی نزیکی)، (گەیشـــتنی دوور)، (گەیشـــتنی زنجیرەی پێدان). وەزارەتی بەرگری هێشتا تەکنەلۆژیایەکی نەخستبووە گـــەڕ بۆ بینین و نکووڵی کـــردن لەو تەکنەلۆژیا لەک کراوەی کـــە بـــۆ کۆمپانیاکـــە هێندرا بـــوو، بە هۆی کەســـی باوەڕ پێ کراوەوە. ئۆپەراسیۆنی (بەنکشۆت یانکی) پێویستی بەوە بوو، وەزارەتی بەرگری دەســـت بە رێکخستنەوەی سێنسەرەکانی (sensors) بکات، بۆ ســـەیر کردن و ئاگادار کردنەوە لەبارەی ڕەفتاری نامۆ لە نێو تۆڕەکانیدا، هەروەها پێویســـتی بەوەش بوو، وەزارەت بەرنامەیەکی بەرگریی (ون بوونی داتا) بخاتە گەڕ، بۆ بلۆک کردنی ون بوونی داتای نایاسایی.

وەزارەتی بەرگری هێشـــتا لە ڕۆژێکدا بە زیاتر لە ٦ ملیۆن پـــرۆب (probe) تووش بووە، لەگەڵ ژمارەیەکی بێشـــومار لە بەزاندنـــی دژ بـــە تۆڕگەلـــی نانهێنی. کێ لە باری ســـایبەری وەزارەتی بەرگرییەوە بەرپرســـیارە؟ ئایا گەورە ئەفســـەری زانیاریـــی وەزارەتـــی بەرگری، یـــان بەڕێوەبەری ئاژانســـی خزمەتگـــوزاری و بەرگریـــی زانیـــاری، یاخـــود بەرپرســـی

سەرۆکایەتیی سایبەری ویلایەتە یەکگرتووەکان؟ لە راستیدا، هەمــوو ئەمانە و کەســانی دیکــەش. دواجــار، هەموو باری بەرگریی وەزارەتی بەرگری چووە نێو دەســت و سەر شانی بەرپرســیاریی وەزیــری بەرگرییــەوە. هەرچەنــدە وەزیری بەرگــری تووشــی ناڕەحەتییــەک بووبوو، بــەوەی وڵاتێکی بیانــی توانیویەتی قەڵغانی تۆڕگەلی نهێنی ببەزێنێت، بەڵام نە وەزارەتی بەرگری و نە هیچ یەک لە ســەرکردەکانی تووشی ســزا نەبوونەوە. ئەگەر ئێمــە بمانەوێت خۆمــان بگونجێنین و چــاک بکەین، دەبێــت بەرپرســیارێتیی زیاترمــان هەبێت، سەرکردەکانیشــمان بەرپرســیاریی هەڵبگرن، نەک بکشــێنە دواوە و تەنها لە کاتی پێویستدا کاردانەوەیان هەبێت.

## سێرتیفیکەت ئۆسۆریتی
## (Certificate Authorities)



لە ٢٠١١دا، حکوومەتەکان و دام و دەزگاکانی هاوشێوەیان هەســتیان بە تەوژمێکی نوێ کرد، کە هەڕەشە لە تواناکانیان دەکات بــۆ متمانە کردن بــە مامەڵەی ســەر ئینتەرنێت: واتە کردنــە ئامانــج و بەزاندن و ســازانی ئــەو کۆمپانیایانەی کە ئاسایش بەرهەم دەهێنن. بە تایبەتی، باری ئاسایشی لاوازی (سێرتیفیکەت ئۆسۆریتی)یەکان، لەوانەش (کۆمۆدۆ) و (دیجی نۆتــار) و (ئارٍ ئێس ئەی) کە بەکارهێندرا بوون و شــەپۆلێک لــە تاوان و دەرەنجامیان دروســت کرد بوو. (ســێرتیفیکەتی دیجیتاڵی) شێوەی دووەمی ناسنامە دەنوێنن، بۆ ئەوەی برەو بــە متمانــە بدەن ســەبارەت بە مامەڵەی دارایی و هی ســەر ئینتەرنێت، بە جەخت کردنەوە لەوەی کە ئاخۆ کەســێک یان شتێک راستەقینەیە یان نا؟ ئەم سێرتیفیکەتانە بوونە دیفاکتۆی بەڵگەنامــەکان، کــە بۆ پەیوەندیــی (ئۆن لاینی مســۆگەر) و

(مامەڵــەی هەســتیار)ی وەک (بانکە حیســابی ئۆن لاین) یان گەیشتن بە (پۆســتەی ئەلیکترۆنیی کۆمپانیایەک) بەکار دێن، ئەویش بە بەکار هێنانی کۆمپیووتەرێک لە ماڵەوەدا.

لــە مانگی ئــاداری ٢٠١١دا، (ئــارِ ئێس ئەی) بــە کڕیارانی ڕاگەیاند: بەزاندنێک لــە تۆڕی کۆمپانیاکەیدا بەدی کراوە، کە لەوانەیــە کاریگەریــی: (SecurID two-factor authentication token) کەم بکاتەوە. سیســتەمی (ئارِ ئێس ئەی) سیستەمێکی زۆر بەکار هێندراوی دیجیتاڵە بۆ چوونە نێو تۆڕەکانی کۆمپانیا لــە دوورەوە، لە ڕێی تۆڕی تایبەتــەوە، کە زۆر دامەزراوەی دارایــی بەکاری دەهێنن، لە نێویاندا (بانکی یەدەگی فیدراڵ)ی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.

لــە مانگــی ٥ی ٢٠١١دا، بەڵێنــدەری پێشــەنگی بەرگریــی ئەمریــکا (لۆکهید مارتن) تۆڕەکانــی بەزێندران. ئەنجامدەران کۆپی کردنی هێمــای (ئارِ ئێس ئەی) SecurIDیان بەکار هێنا بوو بۆ بەدەست هێنان و گەیشتن بە تۆڕی ناوخۆیی لۆکهید. لــە دوای ئەم بەزاندنە و چەندینی دی بە هۆی SecurIDیەوە، ســەرکردایەتیی (ئارِ ئێس ئەی) ڕایگەیاند، لەبەر داواکاری و خواستی بەشداربووانی، هێماکان دەگۆڕێت، بەڵام بە خۆڕایی نا.

ســێرتیفیکەت ئۆســۆریتی، دابینکەرێکــی دیکــەی لە مانگی حوزەیرانی ٢٠١١دا بەزێندرا. سێرڤەرەکانی تۆڕی کۆمپانیای (دیجــی نۆتار) بە شــێوەیەکی ســەرکەوتووانە بەزێندران و هاککەران مافی بەڕێوە بردنی سیستەمەکەیان بەدەست هێنا. پشــکنینێک لە لایەن کۆمپانیای (ڤێسکۆی دایک)ەوە لە مانگی تەمــووزی ٢٠١١دا داوا کرا، پشــکنەران بۆیان دەرکەوت، کە شــفرە کلیلەکان دەرخــراون و بەڵگەنامەی خراپ دەرچوون. حکوومەتــی هۆڵەندا لە نێو هاوبەشــانی (دیجی نۆتار)دا بوو. ئەم مەترســییانە هەڕەشــەن بۆ ســەر یەکێک لــە گرنگترین

بوارەکانی تەکنەلۆژیا، کە بۆ دروست کردنی پەیوەندیی (ئۆن لاینی مسۆگەر) و (مامەڵەی هەستیار) بەکار دێت. کاریگەریی ئەم ڕووداوانە فرە لایەنە:

یەکەم، شەرعیەتیtwo-factor authentication ی خستە ژێر پرسیارەوە. شفرە کلیلەکان زۆر بە ئاسانی دەبنە سەرچاوەی مەترسی، بەم شێوەیەش هەر کەسێک کلیلی ئەو مەملەکەتەی دەست بکەوێت، دەتوانێت خۆی بکاتە کەسێک یان شتێکی دی و مەترسی بخاتە سەر ڕاست و دروستی ئەو مامەڵە دوورانەی لە ڕێی ئینتەرنێتەوە دەکرێن.

دووەم، ئەو کۆمپانیایانەی ئاسایش دەفرۆشن مارکەیان هەیە، بەڵام ئەگەر کۆمپانیایەکی ئاسایش نەیویست لە هی خۆیدا بەگەڕخستن بکات، کەواتە بۆچی کەسانی دی لە هی ئەودا بیکەن؟ لە کۆتاییدا، ڕووداوەکان بوونە مایەی زیان و (دیجی نۆتار) پاش ئەوەی ئیفلاس بوو، دەرگاکانی داخست. (ئارِ ئێس ئەی) تووشی زیانێکی ٦٦ ملیون دۆلاری بوو، هەروەها ئابڕووشی لەکەدار بوو. لەوانەیە دەرنەخستنی تەواوی (ئارِ ئێس ئەی) بۆ ڕادەی بەزاندنەکان و مەترسییەکانی و ڕاستیی بەرهەمەکانی، ببێتە هۆی ئەوەی داوایان لە دژ بەرز بکرێتەوە، جا یان لە لایەن بەشداربووانیانەوە یان لە لایەن پشکنەرانی حکوومییەوە. زەمان ڕاستیی تێچووی ئەو بەزاندنانە بۆ سەر سێرتیفیکەت ئۆسۆریتییەکان و بەشداربووانیان ئاشکرا دەکات.

لە گۆشەنیگای سیاسییەوە، سێرتیفیکەت ئۆسۆریتییەکان بە تایبەتی و کڕیارانی ئاسایش بە گشتی، پێویستیان بەوەیە بگەڕێنەوە بۆ بنەماکانی ئاسایش. هەمان ئەو کۆمپانیایانەی کە قازانج لە نائاسایشی بەشداربووانیان دەکەن، خۆیان نائاسایشن (نائەمینن)، لە ڕێی نموونە و دروست نەکردنی بەگەڕ خستنی سەرەکییەوە شکستیان هێناوە، کە پێویستە

بـۆ زامن کردنی ژێرخان و کۆمپانیاکانیان پێشـڕەوی بکەن. تەنانـەت بچووکتریـن ڕێـکاری ئەمنی زانیـاری و کۆنترۆڵ جێبەجـێ ناکەن، کـە لـە (Consensus Audit Guidelines) یان (NIST) پەیمانگای نەتەوەیی سـتاندارد و تەکنەلۆژی (٨٠٠-٥٣) داندراوە، کۆنترۆڵی ئەمنیی داوا کراو بۆ سیسـتەمەکانی زانیاریـی فیدرالـی و دامـەزراوەکان. کڕیارانـی ئاسـایش پێویستە ئەم کەرەستە بەردەستانە بەکار بهێنن و سیاسەتێک پەیـڕەو بکەن، کە هەموو جۆرە داتایەک لە ڕێی بەکارهێنانی ئینتەرنێتـەوە نەگەیەندرێت، هەروەها ڕاشـکاوانە پێویسـتی و جێبەجـێ کردنـی کۆنترۆڵـی زانیاریی ئاسایشـی باشـتر رابگەیەنن.

لـە گۆشـەنیگای تەکنەلۆژییـەوە، ئـەم کۆمپانیایانە بۆیان دەرکەوت کە پێویسـتە تەکنەلۆژیای نوێ دابنێن و پرۆسەی وریاتـر لـە کۆمپانیاکانیاندا بەگەڕ بخەن بۆ دەسـت نیشـان کردنـی رەفتاری گومانـاوی. هەروەها بـەردەوام چاودێری کردنـی کۆمپانیاکانیان بۆ چالاکیی باش و خراپ. سـەرەڕای ئـەوە، بـە لەبەر چـاو گرتنـی ئـەوەی کلیلـی تەکنەلۆژیای ئۆسێنتیکەیشـن کە ئەمڕۆ بەکار دێت و لە ژێر مەترسـیدایە، وا پێویسـت دەکات کە بەرەو توێژینـەوە و دیزاین و بەگەڕ خسـتنی زنجیرەیەکی زۆری متمانە بۆ ئامێر و بەکارهێنەر و سـەرچاوەی داتا بۆ هەموو مامەڵەکان بچین. زیاتر لەوەش، نەبوونی سـەرکردایەتییەکی هاوبەش و بەرپرسـیار بۆ ئەم ڕووداوانـە ئەوە دەردەخات، کە کۆنترۆڵ کردنی بازاڕی دی، پێویسـتە بۆ سەرنج ڕاکێشـان و بەڕێوەبەر و فەرمانبەرانی جێبەجێـکاری گرنـگ. لە مانگی تشـرینی یەکەمـی ٢٠١١دا، کۆمیسـیۆنی ئاسـایش و ئاڵوگـۆڕ (SEC) ڕاگەیەندراوێکـی بـڵاو کـردەوە بـۆ پیشەسـازیی پەیوەندیـدار بـە سـایبەر سیکیورتییەوە. ئەو راگەیاندراوە جەختی کردەوە کە مەترسی

و بەزاندنی ســـایبەر دەبێت بـــە (SEC) ڕابگەیەندرێت، وەکوو مەترســـییەکیش بە رای گشـــتی بگەیەندرێت. ئەگەر (SEC) و (RSA) بەرپرسیار نەکرێن، ئایا بەشداربووانیان دەیکەن؟ ئەوە کرداری لەم جۆرەیە کە سەرنجی سەرکردایەتی ڕادەکێشێت، لێرەشـــەوە بایەخیان بە هەڵکردن لەگەڵ مامەڵە کردن لەگەڵ مەترسییەکانی سایبەر دا.

**ئەندازەی تۆڕی کۆمپیووتەر**

بە پێی (NIST) (کلاود کۆمپیوتین) مۆدێلێکە بۆ گەیشتن بە تۆری ئینتەرنێت بە ئاسانی و بە پێی داواکاری، بۆ کۆمەڵێکی هاوبەش لە سەرچاوەی کۆمپیووتەری ڕێکخراو (بۆ نموونە: تۆڕەکان، سێرڤەرەکان، هەڵگرتن، ئەپلیکەیشنەکان، هەروەها خزمەتگوزارییـــەکان)، کە بە شـــێوەیەکی خێـــرا دەتواندرێت بـــە کەمترین هـــەوڵ دابین بکرێـــن و بگەیەندرێـــن. ژینگەی تۆڕەکانی ئینتەرنێت بە یەکێ لەم ســـێ ســـیفەتە دەپێورێت: توانایـــی بۆ گەیانـــدن و دابین کردنی زانیاریی بەردەســـت، توانایی بۆ پاراســـتنی نهێنی. هەروەها توانایی بۆ پاراســـتنی ســـاغی و دروســـتی. کلاود کۆمپیوتین، جێگەی ســـەرنج و بایەخـــی زۆر لە ئیش و کار و حکوومەتەکانە، لەبەر ئەوەی بەڵێنی داوە زانیاری بخاتە بەردەست بەکارهێنەرانی لە هەر شوێن و کاتێکدا بێت، بەڵام دوو بناغەکەی دیکەی زانیاریی ئەمنی، واتە راســـتی و دروســـتی و نهێنی پاراســـتن لە ڕێی (کلاود)ەوە فەرمـــان وەرناگـــرن. لە راپۆرتێکی (فۆرێســـتەر ریســـێرچ) کە دەزگایەکی توێژینەوە و ڕاوێژکارییە لە ساڵی ٢٠١٠دا ســـەبارەت بە ئاسایشی کلاود هاتووە، کە ئاسایش تاکە گەورەترین ڕێگرە لە بەردەم (برۆد کلاود ئەدۆپشـــن): (broad cloud adoption).

لـــە سەرتاســـەری جیهانـــدا خەڵکـــی تووشـــی هەندێک لەو گرفتانەی خزمەتگوزارییەکانی (کلاود بەیسد) بوون. لە مانگی

تشــرینی یەکەمی ٢٠١١دا، (ئارِ ئای ئێم) خزمەتگوزارییەکانی (بلاک بێری) بە هۆی هەڵەیەکەوە ســێ رۆژ برِا. لە ئەنجامدا، بەکارهێنەرانــی بــلاک بێــری لــە ئەوروپــا و رۆژهەڵاتــی ناوەڕاســت و ئەفریقــا و هیندســتان و بەرازیــل و چیلــی و ئەرجەنتیــن، نەیاندەتوانی بگەن بە ئیمەیــل و ماڵپەرەکان، لە هەندێک حاڵەتیشدا خزمەتگوزاریی دەنگ. ئەم کێشەیە بە پێی بۆچوونی هاوســەرۆکی جێبەجێکار (مایک لازاردیس) کاتێک رووی دا، کە (باک ئەپ) بە پێی پێویست ئیشی نەدەکرد. ئەمە بۆ کۆمپانیایەک، کە متمانەی بەردەوام بنەمایەکی زۆر باشی لای کرِیارانی بۆ پاراســت بوو، بۆیە کرِیارانی تووشی شۆک کــرد. (ئارِ ئای ئێــم) وەک بەڵێنی دا بوو، نەیتوانی پەیوەندیی راستەقینە و باوەرِ پێ کراو لە سەرتاسەی جیهاندا بە تەواوی دابیــن بکات، بۆیــە کرِیارانی متمانە و باوەرِیان بە بەرهەم و خزمەتگوزارییەکانی نەما. ئــەم برِینی خزمەتەش دەرگای بە رووی (ئای فۆن) و (ئەندرۆید) و (گالاکســی) و ئەوانی تردا کــردەوە، کە بازارِ بگــرن و کرِیارانی نارِازی بە لای خۆیاندا راکێشــن. لــە گۆشــەنیگای سیاســییەوە، گرنگیــی هەبوونی میکانیزمەکانــی چــاک بوونەوە لە کارەســات، هاتە جێی. بۆ کرِیارێکــی (ئــارِ ئای ئێــم)، لەکەیەک هەبوو لــە بەردەوامیی کردارگەلی بازرگانیدا، لە راستیشدا (ئارِ ئای ئێم) نەیتوانی بە پێی ئەوەی بەڵێنی دا بــوو، خزمەتگوزارییەکانی دابین بکات، بۆیــە تێچووی بەردەســت و نابەردەســتی لە ژمــارە نایەن. لــە گۆشــەنیگای تەکنەلۆژیاوە ئەوەی پیشــان دا، کە (کلاود) زوو دەشــکێت و پێویســتە تەکنەلۆژیــاکان تاقــی بکرێنەوە، پێــش ئەوەی بخرێنــە باری جێبەجێ کردنــەوە. هەروەها بۆ ئەوانەی کە بەڵێنی ٢٤ ســەعاتە و ٧ رۆژ لە هەفتەدا دەدەن، ئەندازیارییەکی باش پێویســتە تا کرِیاران تووشی نەبوونیی کوالێتی و نابەردەوامیی خزمەتگوزاری نەبن.

(ئـار ئـای ئێم) تەنیـا کۆمپانیـا نەبوو کە گرفتـاری بڕینی خزمەتەکانـی بـووەوە، لـەم دواییانـەدا (لینکـد ئیـن) و (ئی هارمۆنـی) و (یاهوو) و تۆڕگەلی دیکەی کۆمەڵایەتی دەریان خسـت، کـە سیسـتەمەکانیان بەزێنـدراون و پاسـوۆردی کڕیارانیـان و زانیاریـی کەسـییان دزراوە. بەزاندنـی داتـا بەرەنجامی مەترسـیداری لێ دەکەوێتەوە. بە پێی راپۆرتێکی نـوێ، قوربانییەکانـی بەزاندنـی داتا نۆ جار و نیـو لەوانەیە ببنـە قوربانیی ناسـنامەی سـاختە بـۆ کڕیارانیـان، کە ئەم نامەی بەزاندنی داتایەیان پێ نەگەیشتووە. لە ساڵی ١٩٩٤دا، (سیتی بانک) یەک بۆ سێی زانیارییەکانی بەزێندران، کە بووە هـۆی ون بوونی پارەی، لەگەڵ ئەوەشـدا بووە هۆی ئەوەی پێگەیەکی نوێ بۆ خۆی دانێت و بەڕێوەبەری ئەمنیی زانیاری (CISO) دیـاری بـکات. زۆربـەی کۆمپانیـاکان بـە تایبەتی ئەوانـەی خزمەتگوزاریی زانیاری دەفرۆشـن، فەرمانبەریان هەیە بەرپرسـە لە پاراسـتنی ئاسایشـی ژێرخـان و پێدانی خزمەتگـوزاری. (لینکد ئین) کە لە مانگی حوزەیرانی ٢٠١٢دا تووشـی بەزاندنی داتا بوو، کاریگەریی کردە سـەر ٦ ملیۆن و نیـو لـە کڕیارانی، نـە فەرمانبەری باڵای زانیـاری هەبوو نـە (CISO) . لـە لێکۆڵینەوەیەکدا بۆ ئەو کەلێنـە، کۆمپانیاکە رایگەیاند کە کەسـێکیان هەیە لە کارەکانی (CISO)بەرپرسە، بەڵام لینکد ئین رێکاری پێویسـتی نەگرتە بەر بۆ پاراسـتنی ئاسایشـی زانیاریـی کڕیارانی هەتـا دوای بەزاندنەکە، کە بە پێی بلۆگی کۆمپانیاکەیان، ئینجا رێکاری ئەمنیی زیاتریان دانا بە دانانی چینێک لە پاراسـتنی تەکنیکی، بەڵام هێشـتا روون نەبووەتەوە ئاخۆ بەڕێوەبەرێک دادەنێن کە ئیشـی پاراستنی ژێرخانی کۆمپانیاکە و داتای کڕیارانی بێت.

زیاتـر لـەوەش، بـۆ لینکد ئیـن و ئەوانـی دیکـەش، تەنیا داوای لێبـوردن بـەس نییە بۆ کڕیارانی یـان بۆ حکوومەت.

کۆمیسیۆنی بازرگانیی فیدراڵ (FTC) کە لە سەر ئەوەی نەیانتوانی زانیاریی کەسەکیی کڕیارانیان بپارێزن، لە رابردوودا سکاڵای نووسی بوو، خەریکی دروست کردنی دەزگایەکە بۆ پاراستنی بەکارهێنەران تا دڵنیا بێتەوە لەوەی کۆمپانیاکان بە بەڵێنەکانیانەوە پابەند دەبن، کە لە بارەی تایبەتمەندێتی و ئاسایشی داتاوە داویانە. ئەمڕۆ لینکد ئین بە لایەنی کەمەوە داوایەکی لە سەرە، لە سەر ئەوەی بە شێوەیەکی ڕێک و پێک زانیاریی دیجیتاڵانەی سێڤ کراوی بەکارهێنەرانی بپارێزێت، شکستی هێناوە. دووبارە، جا چ لە حکوومەت یان ئەوانی تردا، کاردانەوەکانی شکستمان لە سەرکردایەتیدا بینی. دواجار، پێویستمان بە سەرکردەی کارا هەیە بۆ ئەوەی گۆڕانکاری ئاراستە بکات و بە زوویی مامەڵە لەگەڵ مەترسییەکانی سایبەر بکات.



## چەک و ئینتەرنێت

ژێرخانی گرنگ، خزمەتگوزاریی سەرەکیی وەک: ئاو، کارەبا، غاز، نەوت و ئاوەڕۆ دابین دەکات. ئەمەش پێویستی بە پێکهاتەی دیاری کراو هەیە بۆ ئەوەی بتوانێت بەرهەمەکانی بگەیەنێت (بۆ نموونە کارەبا) بۆ کڕیارانی (بۆ نموونە بزنس یان ماڵان). ئەم ژێرخانە لە ژمارەیەکی زۆر کۆمپیووتەر و کۆنترۆلەر و تۆڕی پەیوەندیی ئینتەرنێتی پێک هاتووە. کۆنترۆڵی چاودێری کردن و سیستەمی داتا ئاکیوزشن (SCADA) یان سیستەمی کۆنترۆڵی پیشەسازیی (ICS) ناوکی کارەکانی ئەو (ئیکۆ) سیستەمەیە، لەبەر ئەوەی پرۆسە و زانیاری کۆنترۆڵ دەکات و چاودێریی دەکات.

لە ماوەی دە ساڵی رابردوودا، پیشەسازی پەرەی بە پەیوەندیی نێوان تەکنەلۆژیای زانیاری و سیستەمی کۆنترۆڵی تۆڕەکان دا، بۆ ئەوەی تێچوو کەم بکاتەوە و سیستەم بەرەو پێش بەرێت. بەڕێوەبەران ددانیان بەوەدا نا، کە ئەو جۆرە

پەیوەندییانە مەسەلەی ئەمنییان دروست کردووە، بۆ ئەوەی چالاکییەکانیان بگۆڕن لە سیستەمێکی گۆشەگیرەوە بۆ پرۆتۆکۆلی کراوە، کە تێیدا تاک و کۆمپیووتەرەکان دەتوانن لە ڕێی بەکار هێنانی (مۆدێم) و (وایەرلێس) و (تۆڕی گشتی و تایبەت)ەوە، بە پێکە دوورەکان بگەن. واتە هەموو ئەمانە لە ڕێی ئینتەرنێتەوە ئاسان بوون. (ستەکسنێت وۆرم) (Stuxnet worm) زیاتر لە ٦٠ هەزار کۆمپیووتەری لە جیهاندا تووش کرد. ئەم (وۆرمە) وا دیزاین کرا بوو کە بچێتە ناو کۆمپیووتەرەوە و کۆنترۆڵێک لە سەر سیستەمگەلی دوور بە شێوەیەکی نیمچە سەربەخۆ دابنێت. بەکار هێنانی بووە هۆی خراپ کردن و داخستنی دامەزراوەی ئەتۆمیی ئێران لە ناتانزە. سەرچاوەی کۆدەکەش لە سەرتاسەری جیهاندا شی کرایەوە و لەبەری گیرایەوە و (بۆ نموونە: فلەیم و دوکو) بڵاو کرایەوە، هەروەها لە بازاڕی ڕەشدا بازرگانیی پێوە کرا.

لە ڕاستیدا، بەرپرسانی ئەمنی نیگەران بوون لەوەی، ئەم وۆرمە جارێکی تر بەکار بێتەوە بۆ هێرش کردنە سەر ژێرخانی دیکەی گرنگ، کە پشت بە کۆمپیووتەر دەبەستێت و هەمان کەم و کوڕیی ئەمنیی هەبێت. دۆزینەوەی خاڵە لاوازەکانی (ئای سی ئێس) پێویستی بە بنەمایەکی پیشەسازیی بەهێز یان بوونی دارایی باش نییە، تەنانەت منداڵێکیش دەتوانێت بیکات. هەرزەکارێکی پرۆگرامسازی کۆمپیووتەر، کە تازە دەستی بە بەکار هێنانی ئینتەرنێت کرد بوو، ناویشی (جۆن مازەرلی) بوو، ئامرازێکی وێنە نەخشەی ئینتەرنێتی پەرە پێ دا بە ناوی (شۆدان). بە پێکەوە بەستنی سێرچ ئینجن و نەخشەکانی گووگل و تێگەیشتنی خۆی لە ئینتەرنێت، توانیی هەزاران ئامێری گرێدراو بە ئینتەرنێتەوە لە سەر بنەمای شار و وڵات و هێڵەکانی درێژی و پانی و هۆست نەیم و

ئۆپەریتین سیستەم و ئای پی بدۆزێتەوە و دەست نیشان بکات. ئەم ئامرازەی دا بە هاوڕێکانی، ئەوانیش بە خێرایی بۆیان دەرکەوت کە دەتوانن بگەن بە ژمارەیەکی بێشومار لە کۆمپیووتەری کۆنترۆڵ کراوی پیشەسازی، کە تەواو لە سەر پشت بوون بۆ دەستکاری کردن و خراپ بەکارهێنان و وێران کردنی دیجیتاڵی.

لە گۆشەنیگای سیاسییەوە، ئەو کۆمپانیایانەی پشتیان بە کۆنترۆڵ سیستەم بەستووە، ناچار بوون هەڵسەنگاندن بۆ خاڵە لاوازەکانیان بکەن و بە سەر کۆنترۆڵی بەڕێوە بردنی مەترسییەکانیاندا بچنەوە، (بۆ نموونە تۆماری مەترسییەکان) بە هۆی ئەو کێشە پێشبینی کراوانەی کە بە وۆرمەکانی وەک (فلەیم) و (ستەکس نێت)ـەوە پەیوەندیدارن. نیگەرانییەکە ئەوەیە، بەرنامەی زیان بەخش بێ مەبەستانە یان بە ئەنقەست ژێرخان یان کردارەکان دابخەن. هەمان ئەو کۆمپانیایانە دەبێت بە سەر پلانەکانی دەرباز بوون لە کارەساتەکاندا بچنەوە و نوێی بکەنەوە و دروستی بکەن. لە ڕووی ئەندازیارییەوە، تەکنەلۆژیای نوێ پێویستە بخرێتە ناو کۆمپانیاکانەوە بۆ بینینی هەر گۆڕانێک لە باری سیستەمەکەدا. بۆ نموونە، کۆمپانیای کارەبایی و فەرمانبەری تۆڕەکان دەتوانن ئامرازی توێژینەوەی خۆ هەڵسەنگاندنی (سایبەر سیکیورتی) کە لە لایەن وەزارەتی وزەی ویلایەتە یەکگرتووەکانەوە پەرەی پێ دراوە، بەکار بهێنن بۆ دیاری کردنی دەرفەتەکان تا زیاتر توانای (سایبەر سیکیورتی)یان پەرە پێ بدەن. ئەمەش بە لەبەر چاو گرتنی زنجیرەیەک پرسیار کە تیشک دەخەنە سەر بوارەکانی وەک هۆشیاریی بارودۆخ و هەڕەشەکان و بەڕێوە بردنی خاڵە لاوازەکان.

بڵاو بوونەوەی (ستەکس نێت) زنجیرەیەک پرسیاری نوێی هێنایە ئاراوە و بۆ زۆر کەسیش نیگەرانیی زیاتری

لــە بــارەی داهاتــووی ئینتەرنێــت و ژێرخانگەلــی پشــت بە ئینتەرنێت بەستوو، دروست کرد. ئایا بڕیارسازانی، بڕیاریان دا ســتەکس نێــت بــەکار بهێنــن؟ ئەنجامــە خراپەکانی بڵاو بوونــەوە و توانــای ئەگەری دووبــارە بــەکار هێنانەوە یان بــڵاو کردنەوەی هەمان چەک بۆ تۆڵە ســەندنەوە لەبەر چاو گرتووە؟ یاخود فریویــان خواردووە بە تەکنەلۆژیا و توانای گەیاندن بە شــێوەیەکی نهێنییانە لە ئینتەرنێتدا؟ ئایا بە ســەر خاڵە لاوازەکانی ژێرخانەکانی خۆیاندا چوونەتەوە و زانیویانە کــە پەنا بۆ هێرش بردن، مەترســی و ئەنجامەکانی بەزاندنی ژێرخانــی خۆماڵیی زۆر لە ســەریان دەکەوێت؟ ئایا تەنانەت مشتومڕێکی بەرپرسیارانە هەیە لەو بارەیەوە؟

**دەرەنجامەکان**

سەرکردەی هەم حکوومەت و هەم بزنس، پێشبینی دەکرێت بەرپرســیار بن و مامەڵە لەگەڵ گرفتی ســەرەکیدا بکەن. ئەو دەرەنجامانــەی لــە نموونەکانی ئەم باســەوە خراونەتە روو ئەوەن، کە سەرکردەکانمان لە ئەرکەکانیاندا شکستیان هێناوە، لەبــەر ئەوەی تەواو خێرا نەجووڵاونەتــەوە، لە بری ئەوەش بــەکار هێنــدراون و لە لایــەن ئەوانەی کە ویســتی زیان پێ گەیاندنیــان هەبووە، فێڵیان لێ کراوە. نموونەکانی ئەم باســە ڕێگایەکــی کارامــان پیشــان دەدات بۆ گۆڕانــکاری، جا چ لە وەزارەتی بەرگریدا لە دوای ئۆپەراســیۆنی بەنکشۆت یانکی، یان لە ئاستی (ئاڕ ئێس ئەی) و (سێرتیفیکەت ئۆسۆریتی) کە تووشی بەزاندنی خراپ بوون، وەک وەستانی خزمەتگوزاریی (ئاڕ ئای ئێم) و (ۆرمی ســتەکس نێت) کە کاریان کردە سەر ژێرخانــە گرنگەکان لە سەرتاســەری جیهاندا. نکووڵی کردن و داوای لێبوردن و کاردانەوەکان گرفتەکە چارەسەر ناکەن. هەروەها پشــکنینی بەردەوام و مشتومڕ لە سەر ئەگەرەکانی گۆڕان لە یاســادانان و سەرپەرشتی کردنی حکوومیش، هیچ

له مەسەلەکە ناگۆڕێت.

داروین پێی گوتین، کە مانەوەمان بەندە بە خۆ گونجاندنمان لەگەڵ ژینگەی گۆڕاودا. لە کاتێکدا جیهان لە ڕووی تەکنەلۆژیای دیجیتاڵەوە بەرەو پێش دەچێت، سەرکردایەتیی راستەقینە پێویستی بەوەیە، کە چارەسەری ئەمنی، هەندێک جار بە تێچووی زۆریشەوە، بگرێتە بەر لە ناو ژێرخان و کۆمپانیاکانی جەوهەریمان، خۆمان لە بەجێ هێشتنی ئاسایشی کۆمپانیا و حکوومەت و تاکەکانمان بە چانس دوور بخەینەوە. سەرکردەی حکوومەت و بزنس دەبێت چالاکانە کار بکەن، تا ئەو کاتەی هەنگاوەکانمان بەرەو خۆ گونجاندن و ڕێکخستنی ئەوەی لە هەر شوێنێک ئینتەرنێت و کۆمپیووتەری لێ بێت، هەڵدەهێندرێت، ئەگەر ئەمە نەکەن، ئەوا دەبێت بەرپرسیارییەکەی لە ئەستۆ بگرن.

cybersecurity expert best known for her work as the Director of The Joint Interagency Cyber Task Force in the at the Office of the Director of National Intelligence during the George W. Bush administration and her six-month role at the National Security Council under the Barack Obama administration. We will learn through her research, in this book, how vast this threat is.

This presentation of this book's contents aims to link and intertwine the topics we included here as well as the title we chose for it, (The End of Sykes–Picot Agreement). In another word; we intend to present to our readers that; if Sykes–Picot Map was considered thus far as the greatest obstruction before our nation, then; after this map is no longer exists, where its termination rises in the horizon, another phase starts before our nation, which is The Nation Building Process. Meaning; introduce our nations will to the world as a successful nation, to make the world observe it as worthy to establish an independent state.

Ferhad Mohammed
March 23rd, 2014
Erbil

enjoys high rate of women participation in the political process and policy development in their country, such as the Scandinavian countries in north Europe, are the pioneers amongst those countries that enforce good governance. And; in this respect, we have translated into Kurdish a panel held by Simmons College in Boston, Massachusetts under the title (How Women Become Political?), where number of female leaders and politicians express their experiences for the audience.

Despite all the above mentioned aspects, governance worldwide is moving towards electronic governance and government, and such electronic governance creates challenges before all of the world's governments, which is the threat of internet and computer securities danger, where one single person with a single memory stick can endanger the security of a particular government. Encountering this threat for developed countries may be surprisingly a source of concerns, while they have a well-equipped army of IT technicians, but for us; the Kurds in Kurdistan; where we are moving ahead towards an electronic government, and still don't have such engineering IT force to engage in this massive internet and computer war and are unable to defend our national security, thus; this aspect shall be taken into consideration as priorities in the KRG agenda, to work for the creation of such engineering IT forces to be able protect our national security in the cyberspace. High rates of technicians must be engaged in this new army, not in university stage alone, but in higher education degrees as well, with high skills and potentials, in order to build protective defenses in this modern environment and protect the security of Kurdistan. For further discussions about this topic, we have translated into Kurdish a research by professor Melissa Hathaway, a

chosen a research written by Ingrid van Biezen, professor of Comparative Politics at Leiden University in Holland, under the title (how can you build democratic political party in a contemporary world?). This research emphasizes on a fact that; it is impossible to build democracy without political parties. But the problem of the political parties in the 21st century is that; they are unable to preserve the democracy they created in the first place. Therefore; it is crucial at this point to take this aspect of political parties into consideration and acknowledge that it is threatening democracy.

In addition to this; another factor for the success of democracy would be through the fully utilize of women's capabilities as a resource for 50% revenues in every nation. That's why it is impossible to move along those changes that the world is witnessing in the 21st century by using half of the society only, since these changes are (enormous, rapid and continuous). And; these enormous, rapid and continuous changes create such obstacles in the 21st century where no discriminations exist anymore between men and women or males and females. Therefore; of any nation intends to step along with the changes happening in this era and face the challenges it shall take advantages from all of its human resources fully, and shape policies and strategic plans by using 100% of its own human resources.

Accordingly; the participation of women in the 21st century as a requirement for guarantee the future of the nation, and also; normal participation of women in governance, goes beyond non-governmental activities and parliament. Urges us to develop female politicians and encourage women to engage in decision making, national security, providing peace and social security processes. We learn from this case that any country that

be successful in this important process? More clearly; and as Adonis says: how does the Kurds can present a governance model on the world's civilization stage, in such a way be able play its role on stage? In this particular perspective, Adonis highlights the disability of the Arab nation to present that model. It has nothing to present on world's civilization stage, and has nothing to grant the world, thus; its existence and non-existence are the same. Nation building phase for the Kurdish people in this era in all four parts generally, and particularly in South Kurdistan, is more crucial than the next phase which is the phase of establishing Kurdistan State.

And; in order to rectify this perspective, it seems that Kurdistan Region's experience, despite our notions and notices, is nowadays worldwide and comparing to post-communism and American-Latin countries, even African States as well, seen as one of the successful models in nation building process in post-war countries. But this look of the world towards Kurdistan Region can't be enough for our satisfaction; to stop, don't step further ahead, and don't read today's reality of governance in Kurdistan Region through strong and subjective critics. Moreover; we have to step forward, and prove to the world that Kurdistan Region's culture and history through the interaction with technology and internet revolution and through the usage of human resources in Kurdistan, with males and females, can provide a better model for the world, and on the bases of this process can step towards the establishment of an independent state.

In nation building process, means the democratization process of state institutions, political parties play a very influential role. And for this discussion, we have

This trend of Mr. Blair raises a question: does the enlightenment phase of today – similar to the enlightenment phase in the 18th century in Europe – has started from Asia? Also; as Max Weber links Europe's renaissance and capitalism prosperity with Christian Protestant doctrine, we may ask: does the religious aspect in East Asia have connection with this renaissance happening in Asia today?

To answer these questions, we have translated into Kurdish a lecture by His Holiness the 14th Dalai Lama of Tibet and the spiritual leader of Buddhists, since Buddhism is the oldest Asian non-theistic religion; even the other non-theistic religions in East Asia have originated from Buddhism. His Holiness the 14th Dalai Lama describes the embracement of Buddhism as the commencement of enlightenment in Asia. Furthermore; we learn from His Holiness in his lecture that Buddhism and other non-theistic religions in Hindustan and other Asian countries are tolerant with the theistic religions such as; Islam, Judaism and Christianity, and that they can get along and work side by side, on the other hand; to behave according to Buddhism and other religions can create practical grounds for the commencement of enlightenment. In this case; the return to Asian history considers as a complimentary along European history, and these two enlightenment models can together determine the middle path to governance in the 21st century.

In the middle of all these ongoing changes, the Kurds are going through a special stage, which is a nation building stage. How the interaction between culture and history of Kurdistan population, along the usage of all knowledge flowing from every direction worldwide determining world's governance features, could

That's to say; the notion about the end of Sykes-Picot Map is the beginning of Kurdistan State rising. And; the international policy in this respect – despite the fact that it is unclear and uncertain – it was noted that; within these changes, the world can't reject the rise of a contemporary democratic state. And the first step to build this democratic state will start in South Kurdistan, provided that this region has witnessed statehood experience over the last two decades, and proved the success of a democratic state in this contemporary world.

Accordingly; this book raises a question: how governance and statehood should be in the 21st century? And; to answer this question, we have translated into Kurdish a lecture by Tony Blair, the former prime minister of Great Britain and Northern Ireland, under the title (Opportunities and Obstacles before Governance in the 21st Century). Tony Blair, who was Leader of The UK Labour Party from 1994 to 2007, his party lost elections for four consecutive times, and won for four consecutive times in the elections, meaning; The UK Labour Party has an extensive and important experiences in losing and winning governance in the 21st century. Blair has summarized his experiences in 10 lectures, and; in these 10 lectures, Blair emphasizes that; liberal democracy system is no longer the only successful model of governance in the world, since Singapore is one of the successful governance models worldwide. This day is the era of technology and internet revolution, where governance knowledge flows from everywhere and it is unstoppable and unavoidable. Thus; the form of governance in the 21st century shall be a reflection of world's governance knowledge as a whole, and not western knowledge alone.

less, it is time to return back and review the map which was presented by Lawrence of Arabia to The Peace Treaty of Versailles in 1919.

Accordingly; Ambassador Ross's speech indicates an approach to the end of Sykes–Picot Map, and on the other hand; it holds pleasant tidings about the oncoming rise of Kurdistan State which was mentioned in The Peace Treaty of Versailles.

Of course; another aspect of this book highlights the current reality of Kurdistan Region in the midst of an unclear and uncertain international policy, in other words; the international policy at this point isn't clear or explicit.

And; so as to analyze this aspect, we have translated a lecture by Dr. Sherzad Najjar into Kurdish, presented last year in a scientific seminar held in The University of Salahaddin – Erbil, and the seminar was hosted by The PDK Foreign Relations Office. The importance of Dr. Najjar's lecture is that; "The Kurds shall be able find their way in the midst of the unclear and uncertain international policy of today" as Dr. Najjar noted.

Furthermore; this direction in its essence urges an important question: how long do the Kurds will continue to accept federalism? The answer to this question lies within a lecture by the professor Brendan O'Leary held in London University, and he asks: "Why South Sudan hardly struggled for independency, while the Kurds still content with federalism?" The professor O'Leary presents in his lecture a comparison between The Iraqi Kurdistan Region and South Sudan, and also describes several features in common between Kurdistan Region and South Sudan. Meaning; the Kurds can abandon federalism and move ahead towards an independent state of Kurdistan.

# *Preface*



(The End of Sykes–Picot Agreement) is the second book in (The Thought of Building) books series published by Weekly Gulan Magazine. And; the selection of this title, The End of Sykes–Picot Agreement, concerns the content of one of the topics published in this book under the title (Diplomacy and Diplomacy Related to the Middle East), a lecture by Ambassador Dennis B. Ross to International Relations students at The University of Chicago.

In his lecture, Ambassador Ross emphasizes on the enormous changes occurred in diplomacy and international policy during the years 2011 – 2013, he believes that; maybe the international community would reject the termination of Sykes–Picot Map before 2008, but today; changes, complications and concerns have reached a point in which even if there could be any talks about the termination of Sykes–Picot Agreement, then it wouldn't be without logical reasons. Neverthe-

# The End of Sykes–Picot Agreement

The Thought of Bulding

Second Book

Gulan Magazine Publication

KURDISTAN 2014